# فەرهەنگی ناتوندوتیژی

جان–ماری موللێر
لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

**رووەکەی تری راستی ناڕاستی نییە، بگرە توندوتیژییە.**

**ئیریك ڤایل**

# ناوەرۆك

ناتوندوتیژی چوار بەڵێ-یە
پێشدەست
ئەو وشانەی "ناتوندوتیژی"یان پێ دەگوترێ
خۆ بەڕێوەبەری
رێزگرتن
ئەخلاق
تیرۆر
ستراتیج
چەکی ناوکی
دەست بەسەرداگرتنی مەدەنی
ئوسوڵیەت (فەندەمێنتالیزم)
مانگرتن
مانگرتنی گشتی
مانگرتن لە خواردن
مانگرتنی سنووردار لە خواردن
مانگرتنی کراوە لە خواردن
بەرهەڵستیی ویژدان
پەناگیری بە دانیشتن
ناچارکردن
ئاسایشی هاوبەش
ئاگەدارکردنەوە
ئایدیۆلۆجیا
ژینگەناسی (ئیکۆلۆجیا)
بەرنامەی بنیاتنەر
فرۆشتنی چەك
مێژوو
دەستوەردانی مەدەنی
گۆڕین
تێکدان
داشکاندنی خۆیی
پەروەردە
لێبوردەیی

قوربانیدان

ئەشکەنجەدان

تاکتیك

ڕێکخستن

چوونەنێو

کولتووری ناتوندوتیژی

لادان

خۆشەویستی

جەنگ

حەقیقەت

دیالۆگ

ئاژەڵ

ترس

بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە

دەوڵەت

دیموکراسی

رای گشتی

سڵەمێنی مەدەنی

باج نەدان

رۆحانیەت

بەندیخانە

نهێنیبوون

دەستەی پاراستنی سیستم

دەسەڵاتداری

دەسەڵات

ئاشتی

ئاشتیخوازی

سیاسەت

ئازایەتی

پۆلیس

ململانە

ململانەی کۆمەڵایەتی

پێویست

گوێڕایەڵی

منداڵێتی

باشکاری

جیهانیی

چەکگۆڕی

دادپەروەری

دوژمنکاری

لەمپەر

حاڵنامە

یاخیبوونی مەدەنی

لێبوردن

سزا ئابووریەکان

سزای لەداردان

پێوەندی

کاری راستەوخۆ

توندوتیژی

جیهانگەرایی

کارایی

قسەخۆشی

ئاژاوەگەرایی

فەلسەفە

سەرکردە

هێز

سەرکوتکردن

قسە

هاوکاری نەکردن

ناسەربازگەرایی

ناتوندوتیژی

رۆڵ بینین

قوتابخانە

یاوەریکردن

ئافرەت

شانۆی- کراوە

رێپێوان

ئاشتەوایی

دانوستاندن

بایکۆت

بەرەنگاری

مردن

**کێشە**

**چەك داماڵین**

**ئامانج**

**ئامراز**

**میانگیری**

**وەستانی ناڕەزایی**

**پەراوێز**

## ناتوندوتیژی چوار بەڵێ-یە

"لەکاتێکدا دەشێ هەریەك لە ناتوندوتیژی و توندوتیژی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ملهوڕیی ئەوانی تر بەکار بێن، بەڵام تەنیا ناتوندوتیژی لەتوانایدایە رووبەڕووی ملهوڕیی خود بکا"

**وەلید سڵەیبی (★)**

ناتوندوتیژی دوو (نا)یە

نا بۆ توندوتیژیی خود و

نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر

(نا)ی یەکەم، واتە "نا بۆ توندوتیژیی خود" بەشێوەیەکی تۆباوی دێتە پێش چاو ئەگەر بەو شێوەیە تەماشای بکەین وەك ئەوەی هەوڵ بدا توندوتیژییەکی گریمانەکراو لە جەرگەی سروشتی مرۆڤدا، کە دەکاتە توندوتیژییەکی حەتمی، لغاو بکا. بەم شێوەیەش بێ دژایەتیکردنی سروشتی ئادەمیزاد بە شتێکی مەحاڵ دێتە پێش چاو، بەڵام بابەتەکە بەم شێوەیە نییە، بگرە ئەوە شتێکی ناواقیعی و تەنانەت لەگەڵ "غەریزەکان"یشدا ناسازە. ئەمەیش بەپێی دواین ئەو ئەنجامانەی ژمارەیەکی زۆر لە گرینگترین زانایانی دەروونشیکاری و زانایانی رەفتاری ئاژەڵ (ئیتۆلۆجیەکان) و زانایانی پەرەسەندن و زانایانی جینەکان و زانایانی دەمار پێی گەیشتوون.

ژمارەیەك لە زانایانی دەروونشیکاری کە بیردۆزەکەی فرۆیدیان لەبارەی غەریزەی مردنەوە پوچاندەوە، لەو بڕوایەدان هیچ شتێکی جێگیر نییە بەناوی غەریزەی مردن کە مرۆڤ بەرەو مەرگ یان خۆکوژی یان تێکشاکاندنی خود ببا. هەروەها دەڵێن ئەو غەریزەی مردنەی فرۆید باسی لێوە کردووە خۆی هیچ بوونێکی نییە، هەروەها مەیلی توندوتیژخوازیی لای مرۆڤ هیچ نییە جگە لە شکستهێنانی غەریزەی ژیان لای مرۆڤ کاتێ بەهۆی لەمپەر و بێئومێدبوونە کۆمەڵایەتیەکانی ژیانی هەر تاکێکەوە، نەیتوانیوە دەردەدڵی خۆی بکا و زاتی خۆی بەرجەستە بکا. دیارە ئەرێك فرۆم زانایەکی سەرەکییە لەوانە.

ژمارەیەك لە گرنگترین زانایانی رەفتاری ئاژەڵ بە هەمان ئەو ئەنجامگیرییەی زانایانی دەروونشیکاری گەیشتوون، چونکە گەیشتوونەتە ئەو بەرەنجامەی کە توندوتیژی لای ئاژەڵ (واتە وێرانکردن بۆ وێرانکردن و کوشتن بۆ کوشتن)یش هیچ نییە جگە لە شکستی شەڕخوازیی ئاژەڵ لە بەرجەستەکردنی ئەرکی سروشتیی خۆی، واتە پارێزگاریکردن لە رەگەزی ئاژەڵ و مانەوەی. بگرە زیاد لەوەیش، ئەو زانایانە لە ئەنجامی ساڵانێك لە توێژینەوە و چاودێریکردنی راستەوخۆ، سەلماندویانە ئاژەڵ دەتوانێ شەڕەنگێزییەکەی بۆ پێوەندیی تایبەتی خۆشەویستی و دۆستایەتی بگۆڕێ، کە زۆر لە پێوەندیی خۆشەویستی و دۆستایەتیی مرۆڤ دەچێ. دیارە کونراد لۆرێنز لە کتێبی "لەبارەی شەڕخوازییەوە On Aggression" لە هەمووان باشتر لەو بابەتە دواوە.

هەروەها ئەمانەو ئەو زانایانە لەگەڵ ژمارەیەك لە گرنگترین توێژەرانی بواری پەرەسەندن، بەتایبەت ئەوانەی پاش داروین هاتن، یەك دەگرنەوە. لێرەدا وێستگەی سەرەکیی بیردۆزەکەی داروین یاد دەخەینەوە، کە پێی وابوو ژیانی ئاژەڵی هیچ نییە جگە لە ململانە لەپێناو مانەوە و رکابەرییەکی بەردەوام، سەرەنجام ئەوانەی باشتر لەگەڵ هەلومەرجەکانی سروشتدا گونجاون (The Fittest) دەمێننەوە، بەڵام ئەم تیۆرە دەستکاری کراوە و وای لێکراوە گوایە ئەوەی دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێ "بەهێزترین"یانە. ئەمەیش لە بنچینەدا هەڵەیەکە لە تێگەیشتنی وشەی Fittest. کەواتە زانایانی (پەرەسەندن)ی پاش داروین جەختیان لەوە کردووە کە لەپاڵ ململانە لەپێناو ژیان و رکابەریدا، هاوکاری و رەفتاری ئەوخوازی (الغیریە)ش رۆڵێکی زۆر گەورە و سەرەکییان هەیە. زیاد لەوەیش، ئەو رەگەزە ئاژەڵییانەی هاوکاری و رەفتاری ئەوخوازییان تێدایە دەمێننەوە و بەردەوام دەبن. لەو زانایانە ئاماژە بەناوی هاملتۆن و تریفرز و ویلسۆن و ئەکزلرود دەکەین.

له هەمان چوارچێوەدا ژمارەیەك لە گەورە زانایانی جینەکان، لەوانە بۆك، گود، ترامبلاو.. هی تریش، گەیشتنە بەرەنجامێکی جەوهەری کە پێی وایە هیچ جینێك نییە بەشێوەیەکی تایبەت و دیاریکراو بەرپرس بێ لە توندوتیژی لای مرۆڤ، بگرە توندوتیژی بەرەنجامی کارلێکی نێوان پێکهاتە جینییەکە و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ژیانی تایبەتی هەر کەسێکە.

وەك تەواوکارییەك بۆ ئەم ئەنجاگیریە زانستییانە ژمارەیەك لە گەورە زانایانی دەماریش، لەوانە نیلسۆن و ترینۆر و فرۆم، جەختیان کردووە لەوەی لە مێشکی مرۆڤ یان کۆئەندامی دەماردا هیچ شوێنێکی دیاریکراو نییە کە توندوتیژی بەرهەم بێنێ، بگرە مێشك یان کۆئەندامی دەمار تەنیا گوێزەرەوەی وروژانەکانن نەك بەرهەمهێنەریان. هەروەها جەختیان لەوە کردووە رەفتاری توندوتیژی بەرەنجامی کارلێکی نێوان تۆڕی دەمارەکان و مێشك و ژینگەی دەوروبەرە.

مەبەستمان لەوەی پێشوو ئەوەیە کاتێ دەڵێین "نا بۆ توندوتیژیی خود"، بەو کارە بەزۆر گژبەریی سروشتی حەتمیی مرۆڤ ناکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەگەڕێینەوە بۆ دەستگرتن بە سروشتی راستەقینەی مرۆڤەوە، هەروەها بە کردەوە کاتێ دەڵێین "نا بۆ توندوتیژیی خود"، ئەوا بە زمانی حاڵ دەڵێین: بەڵێ بۆ ژیان بەڵێ بۆ خۆشەویستی.

(نا)ی دووەم، واتە "نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر"، نا–ی کۆمەڵگەییە. مەبەستیش ئەوەیە نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر بە واتا فراوانەکەی، واتە بە هەموو شێوەکانیەوە: لە کوشتن و ستەمی کۆمەڵایەتی و هەژارکردن و داگیرکردن و سەرکوتکردن و بەلاڕێدابردنی ئەقڵەکان و گەندەڵی و رەگەزپەرستی و تایفەگەرایی و زۆرلێکردنی ئاینی..

لێرەدا ناتوندوتیژی ئەم دەستێوەردانە راستەوخۆیەیە لە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەو (نا) لەخۆبوردەییە کە هندستانی لە سەرسەختترین داگیرکەری ئەوکاتە رزگار کرد و بەسەر ملهوڕی و گاڵتەجاڕیی چەرچڵدا سەرکەوت کە دەیوت "تا دواین هندی دەجەنگین"... ئەو نا "هێزی خۆشەویستی" (بە دەربڕینی مارتن لوسەر کرینگ Martin Luther King)یەیە کە لە خەباتێکی ناتوندوتیژانەی نموونەییدا سەرکەتنی بەدەست هێنا و پاش چەندین سەدە لە کۆیلایەتی و رەگەزپەرستی، توانی هەموو یاسا و مادە دەستوورییە رەگەزپەرستانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵبوەشێنێتەوە. ئەو (نا)یەیە کە بەڕووی داگیرکاریی نازیدا وەستا لە ئەوروپا و بەرەنگاریکردنی مەدەنی چەندین سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لەوانە کاتێ سوپای ئەڵمانی "بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی دەستەبژێرە پێشڕەوەکان" (هیتلەر) هەموو قوتابخانەکانی پۆلۆنیای داخست، مامۆستایان فێرکردنی نهێنییان رێك خست کە زیاتر لە سەد هەزار قوتابی شوێنی کەوتن و هەژدە هەزار قوتابی بڕوانامەی بەکالۆریایان تێدا وەرگرت. هەروەها چۆن چۆنی حکوومەتی نەرویجی، لە سایەی داگیرکردنی سەربازیدا، یاسادانانی ئەڵمانیای رەت کردەوە. هەر ئەو (نا)یەیە کە بێدەنگی شکاند و کۆتایی بە رێژیمی تاکڕەویی پۆلۆنیا هێنا (سەندیکای هاوهەڵوێستی). ئەو (نا)یەی لەڕێیەوە گەل توانی کۆتایی بە دەسەڵاتی (مارکۆس)ی دیکتاتۆری فیلیپین بێنێ. ئەوە ئەو (نا) داهێنەرانە فەلەستینییەیە کە توانی سوپای ئیسرائیلی لە بەزێنەری سوپا عەرەبییەکانەوە بگۆڕێ بۆ راونەری منداڵان و ژنان لە کۆڵان و گەڕەکەکان لە راپەڕینی بەرددا.

هەروەها هەر ئەو (نا)یەیە کە رێساگەلێکی بۆ ستراتیجیەتێکی بەرگریکردنی ناتوندوتیژانە پێشکەش کردووە، ئەویش لەبری ستراتیجیەتە بەپێچ و پەناکان کە بوونە مایەی سەربازاندنی روو لە زیاد و پێشبڕکیی گەرمی خۆ پڕچەککردن و هزری مرۆڤایەتیی لە یەك تاکانە شێوازی بەرەنگاری یان بەرگریکردندا قەتیس کردووە، ئەویش لەڕێی توندوتیژی و چەکەوە.

دیسان، ئەوە بریتییە لە (نا) بۆ یەکەم توندوتیژی لە ژیانی مرۆڤدا لەڕێی پەروەردەوە، چونکە بزاڤی ناتوندوتیژی چەندین چەمك و سیستم و تەنانەت دامەزراوەگەلی پەروەردەیی و فێرکاریی نادەسەڵاتگەرا و ناتوندوتیژی پەرە پێداوە، کە ئامانجی سەرەکییان گەشەپێدانی کەسایەتیی منداڵ و کرانەوەی داهێنان و تواناکانیەتی بە ئاراستەی خۆشەویستی و داهێنان و هاوکاری. هەروەها خەرمانێکی پڕ لە بەرهەمی رۆشنبیری داهێناوە لە کتێب و ئامراز و تەنانەت گەمەی ناپکابەرانە، کە

بەشداری کردووە لە پتەوکردنی کولتوری ناتوندوتیژی و خۆڕاهێنان هەر لە منداڵیەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەی ناتوندوتیژانە.

بە واتایەکی تر، "نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر"، واتە نا بۆ ستەم، بە کردەوە یەکسانە بە: بەڵێ بۆ دادپەروری و ئاشتی.

بەکورتی، (نا)ی یەکەم جەختکردنەوەیە لەسەر ئەخلاقیەتی تاکەکەس، (نا)ی دووەمیش جەختکردنەوەیە لەسەر کاراییەکی کۆمەڵایەتیی سیاسی. لەم روانگەوە ناتوندوتیژی چوار (بەڵێ)یە:

بەڵێ بۆ خۆشەویستی،

بەڵێ بۆ دادپەروەری،

بەڵێ بۆ ئەخلاق،

بەڵێ بۆ کارایی.

بەڵام بۆچی پێ لەسەر وشەی (نا) دادەگرین لەکاتێکدا دەبێتە مایەی مشتومڕێك کە ناتوندوتیژی بە زاراوەیەکی نەرێنی دادەنێ؟ مەبەست لەو کارە ئەوەیە بەبێ هیچ پەردە و تەمومژێك، پێداگری لەسەر دابڕانی رەها لەگەڵ توندوتیژی بکەین، چونکە ئەو چەمکانەی بۆ گوزارشتکردن لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەکار دێن وەك ئامرازە دیموکراسیەکان یان شەرعیەت یان ئاشتی، زۆربەیان ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێ توندوتیژییان تێدا بەکار بێ، بۆ نموونە زۆرجار دەبیستین دەگوترێ: "لەپێناو ئاشتیدا دەجەنگین"، یان "سوپامان ناردووە بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەت"، یان کاتێ باس لە ئامرازە شەرعیەکان بۆ چارەسەری کێشەکان دەکرێ، کە توندوتیژیش یەکێکە لەوانە..

ئەوانە چوار بەڵێ–ن کە تێهەڵکێشن لەگەڵ دنیایەکی فراوان لە رۆشنبیری لە بوارەکانی دەروونشیکاری و فەلسەفە و زانستی سیاسەت و کۆمەڵناسی و زۆربەی زانستە مرۆییەکان. هەربۆیە لە بارێکی وادا ناتوندوتیژی زۆر پێویستی بە بوونی فەرهەنگێك هەیە کە بیگۆڕێ بۆ زاراوەگەلێکی ورد و کولتورێك کە ریشەی خۆی لە خەباتی مرۆڤ و گەلان و هەزاران توێژینەوەی ئەو ژن و پیاوانەی تامەزرۆی ئاشتی و خۆشەویستی و دادپەروەرین، وەردەگرێ.

جا دەپرسین، ئاخۆ توندوتیژی پێویستی بە فەرهەنگ (قاموس) هەیە؟ بێگومان نەخێر، چونکە توندوتیژی رۆژانە بە چەمکەکانی خوێن و وێرانکاری و زەلیلکردن دەنووسرێتەوە... بگرە لە چەندین یاسای جیهانی و دەقی یاسایی و مافناسانەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا (ius ad bellum: le droit de faire la guerre) (واتە مافی ئەنجامدانی جەنگ)، جێی کراوتەوە. هەروەها لەنێو چەندین یاسای نیشتمانیی ناوخۆیی لە شێوەی سزاداندا –کە لەداردان لەسەروویانەوە– جێی کراوەتەوە. تا ئەو رادەیەی سیستمگەلی دادوەریی تێر و تەواو و دامەزراوەگەلی ئەمنی و سەربازیی زەبەلاح و توند بۆ جێبەجێکردنی دامەزراوە، چەندین قوتابخانە دەیڵێنەوە و چەند نموونەیەکی لە چوارچێوەی هەندێ دامەزراوەی فێرکاریی سەر بە دەسەڵاتدا پیادە دەکرێن و چەندین دەزگای راگەیاندنیش رەواجی پێدەدەن و...هتد.

لەبەرامبەردا، مرۆڤ هەزاران خەباتی ناتوندوتیژیی سەرکەوتوو و کاریگەری هەبووە، بەڵام بە نەزانراوی ماونەتەوە و بەکەمی رەواجیان پێدراوە. هەروەها سەدان هەزار پرۆژەی هاوکاریی زۆر کاریگەر هەبوون بەڵام نەناسراون یان پەراوێز خراون. بە بڕوای ئێمە ئەمە و ئەوە پێویستیان بە کەلتورێکی ناتوندوتیژی هەیە پشتگیریان بکا، کولتورێك کە پایە و کۆڵەکەی مێژوویی و فیکری و زانستیی خۆی و هەروەها بەدڵنیاییەوە، فەرهەنگی خۆیشی هەیە.

لەم روانگەیەوە، (فەرهەنگی ناتوندوتیژی)ی هاوڕێمان بیرمەندی ناتوندوتیژخواز جان–ماری موللەر، کە پوختەی ژیاننامەیەکی فەلسەفی و خەباتگێرانەی دەوڵەمەندە، بە قووڵی و بەخششێکی رۆشنکەرەوەوە جێی خۆی دەگرێ. ئەوە فەرهەنگێکی حەرفیی کۆمەڵێ دەستەواژەی زمانەوانی نییە –ئەگەرچی هیچ فەرهەنگێکی زمانەوانی نییە کە پێناسەکردنی

هەندێ چەمکی فیکریی دیاریکراو نەبێ– بگرە لەڕێی ئەم فەرهەنگە و راڤەکانیەوە بە فەلسەفەیەك و هەڵوێستێکی لایەنگرانە و ناوەرۆکێکی سیاسیی مرۆیی ئاشنا دەبین.

ئەم فەرهەنگە بەکردەوە کۆمەڵێ ئەرکی بنچینەیی لەئەستۆ دەگرێ، کە لە حەوت ناونیشاندا کورتیان دەکەینەوە: جارێکی تر رواڵەت و خاڵەکانی بەڵگەبەندی بۆ تێگەیشتن لە واتاکان دەستنیشان دەکا، بیرۆکە پێشوەختەکان روون دەکاتەوە و پەردە لەسەر رووی کۆمەڵێ تێکەڵ و پێکەڵی گشتاندنی هەڵە هەڵدەماڵێ، وردبینی لەو زاراوە و زمانەی بەکاریان دێنین دەکا، کاریگەریی کاری ناتوندوتیژانە لەپێناو پرسە رەواکاندا روون دەکاتەوە، ئەرێنیی ناتوندوتیژی روون دەکاتەوە لەو رووەوە پشت بە چەمکی بەرنامەی بنیاتنەر دەبەستێ (وێرای ئەو نەرێنییەی بەهۆی ئەوەی یەکەم شت پێ لەسەر (نا) دادەگرێ، یەخەی ئەو زاراوەیەی گرتووە)، هەڵوێستی ناتوندوتیژخوازەکان لە هەندێ پرسی سەرەکی دیاری دەکا وەك دادپەروەری و رەگەزپەرستی و ئوسوڵیەت (فەندەمێنتاڵیزم) و تۆتالیتاریزم و تیرۆر، بە تیرۆری دەوڵەتیشەوە. هەروەك "شەرعیەت" و "راستگۆیی" لە زاراوەکانی توندوتیژی و لۆژیکی توندوتیژی دادەماڵێ.

ئەم فەرهەنگەی ناتوندوتیژی مادەیەکە، بۆ کولتوری ناتوندوتیژی لە پێویست پێویستترە و تاکە چەمکە لەنێو چەمکە سیاسیەکاندا کە بە بڕوای ئێمە شایستەی ئەوەیە تا کۆتایی پێوەی پابەند بین و تاکە چەمکیشە لەگەڵ وتایەکی راستەقینە نەك پوچگەرایانەی ژیاندا هاوئاهەنگە، یان بە گوتەکەی گاندی کە دەڵێ "رەنگە پرسێك هەبێ کە ئامادە بم لەپێناویدا بمرم، بەڵام هیچ پرسێك نییە ئامادەم لەپێناویدا بکوژم".

دەشێ کولتوری ناتوندوتیژی لەکۆتاییدا بتوانێ ئەو تەومژە چڕ و تاریکە رابماڵێ کە لە زیندانی دڵەڕاوکێ و توندوتیژی و بێهوودەییدا بەندی کردووین، تا بتوانین چاومان بەچاوی هەتاو بکەوێتەوە، کە نائومێد نابێ لەوەی هەموو بەرەبەیانێك بانگمان بکا.

**دەستەی لبنانی بۆ مافە مەدەنیەکان**

**بەیروت کانوونی یەکەم/دێسەمبەری ٢٠٠٧**

پێشدەست

## ئەو وشانەی "ناتوندوتیژی"یان پێ دەگوترێ

لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨ کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دا "ماوەی نێوان ٢٠٠١-٢٠١٠ی بکا بە دەیەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پەرەدان بە کولتوری ناتوندوتیژی و ئاشتی لە بەرژەوەندیی منداڵانی جیهان"، لە باسکردنی هۆکارەکانی ئەم بڕیارەیشدا ئاماژەی بەوە داوە "کولتوری ناتوندوتیژی و ئاشتی ڕێگە خۆش دەکا بۆ ڕێزگرتنی ژیان و کەرامەتی هەموو مرۆڤێك بەبێ بڕیاردانی پێشوەخت و بەبێ هیچ جۆرە جیاکارییەك".

زیاد لەوەیش، کۆمەڵەی گشتی داوای لە ئەندامانی کرد "ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ فێرکردنی پێڕەوکردنی ناتوندوتیژی و ئاشتی لەسەر هەموو ئاستەکان لە کۆمەڵگەکانیاندا، بە دامەزراوە فێرکارییەکانیشیانەوە". بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە نوێنەرانی دەوڵەتان کە لە نیویۆرك کۆبووبوونەوە بڕیارێکی لەم جۆرەیان خستە دەنگدانەوە، ئەویش بەهۆی نامۆیی ناتوندوتیژی لەو کەلتوورەی ئێمە بۆمان ماوەتەوە. ئەو وێنایانەی هزرمان بەدەوریدا دەخولێتەوە و گەڵاڵەی دەکا، بوارێکی ئەوتۆ بۆ چەمکی ناتوندوتیژی ناهێڵێتەوە لەکاتێکدا توندوتیژی بەشێکی دانەبڕاو لە جیهانی وێناکردنمان پێك دێنێ. ناتوندوتیژی دێ بۆ ئاوەژووکردنەوەی ئەو ئادگارانەی ئێمە داماننناون، لێرەوە خودی چەمکی ناتوندوتیژی لە زەینماندا ئاستەنگی ئەوتۆی دێنە پێش وامان لێدەکەن جار لەدوای جار تانە لە دروستیی ئەو چەمکە بدەین.

خەڵك بەگشتی لەبارەی ناتوندوتیژییەوە تەنیا (ڕا)یان هەیە، واتە "بڕیارێکی پێشوەخت"، تایبەتمەندیی (ڕا)یش ئەوەیە کە هەرگیز زادەی کارکردنی ئەقڵ نییە، بگرە بیروباوەڕە. ڕا بیرۆکەیەکی کوێری لەقاڵبدراوی لە جەماوەرەوە وەرگیراوە، بیرۆکەیەکە خاوەنەکەی کاتی پێویستی بۆ لێ وردبوونەوەی تەرخان نەکردووە، ڕا هیچ نییە جگە لە جوینەوەی "فلان لە فلانەوە وتی" و تەنیا چەنەچەن برەو پێدەدا. جا لەو ڕووەوە کە نەڕسکاو و رووکەش و ڕووپۆشە، بۆیە فریودەریشە. ئەوە نییە لە "ڕای گشتی"ەوە دەبیستین کە ناتوندوتیژی هیچ نییە جگە لە خەیاڵبازییەك کە کەسی نییە جێبەجێی بکا؟ ئاخۆ ناگوترێ ئەم خەیاڵبازییە ریشەی لە قەناعەتێکی ئەخلاقیدایە، بەڵام ناتوانێ بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی دروست بکا. کەواتە ئیتر چ کەڵکێکی هەیە؟!، بەم شێوەیە زۆر خەڵك ئامادەن ڕایەك لەبارەی ناتوندوتیژییەوە بڵێن، لەکاتێکدا هیچی لەبارەوە نازانن.

لەگەڵ ئەوەیشدا ناوی گاندی و مارتن لۆسەر کینگ دوو ناوی بەناوبانگن و ڕێزی زۆریان لێدەگیرێ ئەگەرچی بەزۆری وەك دوو کەسی دوور باس دەکرێن. ئەزموونێك کە بە کولەمەرگی لە جۆرێکی نوێ لە ململانەدا بەدەست هاتووە، کاریگەریی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانەی بۆ دنیا ئاشکرا کرد لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ خەڵك و گەلان بۆ سستکردنی توانای هێزە توندوتیژکان و بەرگریکردن لە ئازادیی خۆیان و گێڕانەوەی کەرامەتیان. بەڵام نابێ دیسان بەمە فریو بخۆین، دەبێ بزانین ئەم کاریگەرییەیش هەردەم ڕێژەییە و شکستهێنانیش هەمیشە لەسەر ڕێیە. هێندە هەیە کاری ناتوندوتیژانە بە بەخشینەوەی واتا بە ململانەکانی نێوان مرۆڤەکان، دەرفەت بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێکی بەرپرسانە لەبەرامبەر توندوتیژیی بەهێزەکان دەڕەخسێنێ.

لەوانەیە لە پەخشنامەی هەواڵەکانی ڕۆژدا لەنێو ڕووداوەکاندا باسی ناتوندوتیژیش بکرێ، بەڵام ئەوە تەنیا تروسکاییەکە بە کوژانەوەی ئەو حەدەسەی هەندێ جار گوێمان دەزرنگێنێتەوە، ئەویش دەکوژێتەوە، کە دەپرسی: چی دەبێ ئەگەر ناتوندوتیژی بتوانێ ئاسۆیەکی نوێ بۆ بینین و کارکردن بکاتەوە؟ بەڵام زۆر نابا نەریتی دەقگرتووی بیرکردنەوەمان جڵەوەکە وەرەگرێتەوە و درێژە بە سەیرکردنی توندوتیژی وەك تاکە وەڵام بۆ توندوتیژی، دەدەینەوە. لە دەرەنجامیشدا، ناتوندوتیژی سادەتر دیارە لەوەی ڕاست بێ. بەڵام لە واقیعدا توندوتیژی سادەیە و ناتوندوتیژی ئاڵۆزە.

بەڵام ناتوندوتیژی بە کردنەوەی کەلەبەرێك لە بارستەی ساردی ڕێبازی باڵادەستی "گومان"دا، وا بەشێنەیی دەبێتە جێسەرنج و لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو گرووپە خەباتکارانەی بۆ ماوەیەکی درێژ ئەو چەمکە لەنێویاندا قەتیس بووبوو، حسابی بۆ دەکرێ و وای لێدێ "قابیل بە تاوتوێکردن" و شایستەی تاوتوێکردن بێ. مەبەستم لە نووسینی ئەم فەرهەنگەیش ئاسان و بەهێزکردنی ئەو گفتوگۆیەیە. وشەی فەرهەنگ بە فرەنسایی پێی دەوترێ dictionnaire (کە لە وشەی dicere لاتینیەوە هاتووە بەواتای: گوتی) بریتییە لە وشەکان lexique، لە lexisی یۆنانیەوە بەواتای "وشە"، واتە "کۆمەڵێ وشە"ن بەهۆیانەوە دەتوانین ئەوەی دەمانەوێ دەربیبڕین.

بۆ ڕزگارکردنی ناتوندوتیژی لە تەمومژ و بەدحاڵیبوون و لێ تێکەڵبوون پێویستمان بە زمانێکی تۆکمە هەیە کە بتوانێ هزرێکی ڕۆشن و پتەو دابڕێژێ، هەر بۆیە دەستم کرد بە گەڕان بەدوای ئەو وشانەی ئەو جۆرە زمانە پێك دێنن.

زمان تەنیا ئامرازی دەربڕین و گوستنەوەی هزر نییە، بگرە پێش هەموو شتێ تەنانەت کرۆك و بنچینەی هزرە، چونکە پێش لەوەی بیری خۆمان بە وشە دابڕێژین ئەو هزرە هیچ بوونێکی نییە. بیرکردنەوە واتە قسەکردن، واتە وتە. بیرکردنەوە، پێش هەموو شتێ، قسە و گفتوگۆیە لەگەڵ ناخ. زۆر لە داهێنەرانی وشە —لە نووسەران و شاعیران و فەیلەسوفان— خەونیان بە زمانێکەوە بینیوە لە جەوهەردا لەگەڵ ئەو ڕۆحەی تێیدا نیشتەجێیە بەشدار بێ، بە زمانێکی نەمرەوە کە بتوانێ بەبێ تەپەدوکەڵ و بە شەفافی، حەقیقەتە ڕۆحییە دەرککراوەکە، دەربڕێ. بەڵام خەون بینین بە زمانێکی ڕەسەنەوە کە ببێتە جەوهەری حەقیقەت، شتێکە قەت بەردەستی ئێمە نابێ.

لەڕاستیدا زمان تۆمارێکی ڕەق و تەق نییە کە ڕەگەزەکانی بەهایەکی سەرمەدییان هەبێ، بەڵکو بابەتێکی زۆر خۆشدەست و ملکەچی گۆڕانکاریی قووڵ و ساز و ئامادەیە بۆ هەمەجۆرییەکی بێکۆتا. زمان، بەیەك وشە، زیندووە بە هەموو واتاکانی زیندوێتی و ژیان لە ئەگەرەکانی کەوتن و چورتمدان و شکست. وشەکان مێژوویەکیان هەیە، ئەو مێژووە بەدرێژایی ڕۆژگار سەرقاڵی داڕشتن و هەموارکردنی ناواخنەکەیەتی. هەربۆیە وشەکان چەندین واتایان هەیە، لێرەوەیە زمانناسان باس لە "فرەواتایی" polysemie دەکەن، واتە هەر وشەیەك (دال) چەندین واتا (مدلول)ی هەیە.

لێك تێگەیشتن کارێکی ئاسان نییە: دەگمەن نییە گوێگر بە واتایەکی جیاواز لەوەی قسەکەر مەبەستیەتی لە وشەکان تێبگا. کاتێ هەڵە تێگەیشتنیش لە وشەکان روو بدا لێك تێنەگەیشتن لەنێوان قسەکەراندا ریشە دادەکوتێ. تێگەیشتنمان لە وشەکان تا ڕادەیەکی زۆر تێگەیشتنێکی خۆیی (زاتی)ە، چونکە هەر وشەیەك هەستێکی وامان لەلا دەبزوێنێ کە بەشێوەیەکی دیاریکراو لێی تێبگەین و بەپێی ئاوێزەی مێژوو و ئەزموون و هەستەوەریی خۆمان لێکی دەدەینەوە. ئەو سەنگە وێژدانیەی چواردەوری وشەکانی داوە، پەراوێزی نادیاری لە هەندێ وێنا و پیرۆزکردنی هەندێ چەمك، هەموو ئەمانە کۆسپن لەبەردەم لێك تێگەیشتندا. هەربۆیە لەو کاتەی وشەکانی ئەم فەرهەنگەم دەنووسی، ویستم هەندێ وشەی پەتکراو بهێنمە گۆ و هەندێ وشەیتریش سەرکۆنە بکەم کە لە هەمان کاتدا واتایەك و دژەکەی دەگەیەنن.

زمان دەربڕی کولتووری هەر کۆمەڵگەیەکە. جا لەبەرئەوەی زمانەکەمان تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆجیای باڵادەستی توندوتیژییەوە ڕەنگڕێژ و دیاری دەکرێ، لەبەرئەوە فێر نەبووین بە زمانی ناتوندوتیژی بدوێین. وشەمان نییە بۆ بیرکردنەوە و قسەکردن بە ناتوندوتیژی، چونکە تێگەیشتنمان لە وشەکان لەڕێی ئاوێزەی شێواوی ئایدیۆلۆجیای ناتوندوتیژییەوە دەبێ. بەڵام کاتێ سەرلەنوێ لەبەردەم ئاوێنەی فەلسەفەی ناتوندوتیژیدا ڕایان دەگرین دەبینین واتایەکی تر وەردەگرن. دەبێ ئەو وشە ساختانە ڕاوەدو بنێین کە بەبێ ئاگاداریی ئێمە خزاونەتە نێو زمانەکەمان و لە حەشارگەکانیان وەدەریان بنێین، چونکە ئەوانەن وایان کردووە گوتارمان هاوساز نەبێ. دەبێ هەوڵ بدەین بۆ ریسواکردنی ئەو بەڵگەنەویستە فەلسەفییە شاراوانەی نێو ئەو وشانەی بەکاریان دێنین، کە بەبێ ویستی خۆمان هزرمان دادەڕێژن. پێویستە لەسەرمان

ڕەوایی لەو وشانە بسەنینەوە و لەبەریەکیان هەڵوەشێنین کە پاساو دەدەنە توندوتیژی، هاوکات داهێنانی ئەو وشانەی ڕێز و شکۆ بە ناتوندوتیژی دەبەخشن.

دۆزینەوەی وشەی دروست و شیاو بۆ ناونانی توندوتیژی، پێشوەخت واتای خۆ دەربازکردنە لە چنگی. بەهەمان شێوە دۆزینەوەی وشەی شیاو بۆ ناونانی ناتوندوتیژی، پێشوەخت واتای کردنەوەی بوارێکە کە تێیدا بتوانیٚ ببیٚ. لەم کارە دووسەرەی ناوناندا دەستم دایە ئامادەکردنی ئەم فەرهەنگە، بەئومێدی دۆزینەوەی ئەو وشە کلیلانەی کە دەروازە بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ لە ناتوندوتیژی دەکەنەوە.

وشەکان کۆمەڵیٚ نیشانەی جێگیر نین کە تێدا نەچن، هەروەک کۆمەڵیٚ ئاماژەی هەڕەمەکی نین کە هیچ نەبن جگە لە بەهایەکی کەرەستەیی بۆ ئاماژەدان بە شتەکان. پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان هێما (دال) و ناوەرۆک (مدلول)دا هەیە، هەربۆیە زۆرجاران ئاوڕ لە بنەچەی وشەکان دەدەینەوە، چونکە داتاشین زانستی واتا یەکەمەکانی وشەکانە و لە ریشەی رەسەنی وشەکان دەکۆڵێتەوە، کە دەرفەت دەڕەخسێنیٚ بۆ وردبینیکردن لەو رەگەزانەی هەر وشەیەك پێك دێنن. وشەکان تەنیا ئاماژە بۆ شتەکان ناکەن بگرە واتاکانیشیان ئاشکرا دەکەن، چونکە شتەکان بەبیٚ ئەو خودەی دەیانزانیٚ و وێنایان دەکا و ناویان دەنیٚ، بوونیان نییە. ناونانی شتەکان بەدیهێنانی ئەو شتانەیە، چونکە وشەکان شتەکان بەدی دێنن.

بۆ نووسینی ناتوندوتیژی تەنیا دانانی وشە و زاراوە بۆی بەس نییە، بەڵکو پێویستە کۆمەڵیٚ رێسای زمانەوانیی تایبەت بە ناتوندوتیژی دیاری بکرێن (وشەی grammaire (رێزمان) لە فەرمانی یۆنانی graphein واتە "نووسی"ەوە هاتووە، ئەم رێسایانە فێرمان دەکەن چۆن چۆنی وشەکان بەیەکەوە ببەستینەوە و پێکەوەیان بگونجێنین و رێکیان بخەین تا بتوانین واتای ناتوندوتیژی نمایان بکەین.

کولتوری توندوتیژی لەسەر دوو پایە وەستاوە: یەکەمیان ئایدیۆلۆجی و دووەمیان ستراتیجییە. ئایدیۆلۆجیا بە زمانی لوس پێمان دەڵیٚ توندوتیژی لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا هاوڕێکە. ستراتیجیش فێرمان دەکا توندوتیژی بۆ کاری بەکار "پێویستە".

بە هەمان شێوە دەبیٚ کولتوری ناتوندوتیژیش لەسەر فەلسەفە و ستراتیجیەتێك دابمەزریٚ، دەبیٚ ئایدیۆلۆجیای توندوتیژی لەبەریەك هەڵوەشێنریٚ و راستگۆیی لە ستراتیجیەتی کاری توندوتیژانە دابڕنریٚ و لە هەمان کاتدا فەلسەفەیەکی ناتوندوتیژی بنیات بنریٚ و ستراتیجیەتێك بۆ کاری ناتوندوتیژی بێتە داهێنان. ئەگەر پێویست بیٚ ئەم دوو بوارە —فەلسەفە و ستراتیج— بەڕوونی لێك جیاواز بن، ئەوا نابیٚ لێك جویٚ بکرێنەوە، چونکە وابەستەیی لەنێوان هەردووکیاندا هەیە.

فەلسەفە داواکردنی داناییەکی پراکتیکییە کە مرۆڤ بۆ کارکردن ئامادە و بانگهێشت دەکا. بیرکردنەوە واتە ئیرادە، ئیرادەیش واتە کارکردن، بە وردییەککی زیاتر: بیرکردنەوە لە دادپەروەری واتای ویستنی دادپەروەرییە. ویستنی دادپەروەریش واتای کارکردنە لەپێناو دادپەروەریدا. فەیلەسوف لە ناخەوە خوازیارە ژیانێکی ئارامی هەبیٚ، کە سەرتاپای تەرخان بیٚ بۆ بیرکردنەوە و رامان و تێڕوانینی ئەقڵی، بەڵام دەبیٚ دەستبەرداری ئەم خەونە بیٚ، چونکە لەوەدا مافی هەڵبژاردنی نییە: دەبیٚ کار بکا. پۆڵ ریکور پیٚ لەسەر ئەوە دادەگریٚ —لەوەیشدا لەسەر هەقە— کە کارکردن پێوەری راستگۆیی ئیرادەیە و دەنووسیٚ "ئیرادەیەك نەبێتە مایەی بزواندنی جەستە و بەوەیش گۆڕینی شتێك لە دنیا، زۆر نێزیکە لە هیواخواستنی نەزۆك و خەونەکاندا لەنێو بچیٚ، ئەوەی ماف بەدی نەهێنیٚ هێشتا مافی نەویستووە، نیەتێکی دابڕاو لە کارکردن هەر لە بنچینەوە جێی گومانە" (١).

بۆ فەیلەسوف رەوا نییە ئەقڵکاریی خۆی تەنیا بۆ دانانی وێناگەلی ئەقڵی تەرخان بکا، چونکە لە داواکردنی راستیدا، ویژدانی لێی دەخوازیٚ جەخت لە هەندیٚ بەهای ئەخلاقی بکا، ئەوەیش پێویستە لە بۆتەی جیهاندا ئەزموون بکریٚ. ریکور سەرنج دەدا "هەر ئەوەندەی ویژدان لە ناوەکیبوونێکی دوورەپەرێزدا پەنای گرت، ئیدی بەها تووشی نەزۆکییەك دەبیٚ، کە بەقووڵی تێکی دەدا".

پەیوەندییەکی جەوهەری لەنێوان وشەی دروست و بیرۆکەی دروست لەلایەك و کارکردنی دروست لەلایەکیترەوە هەیە.
کارکردن دوا مەنزڵی فەلسەفە و بەرجەستەبوونیەتی، هەڵوێستێکە لەڕێیەوە مرۆڤی–فەیلەسوف حزوری خۆی بۆ ئەوانی تر دووپات دەکاتەوە. بە کارنەکردنیشی، رەنگە بابای بیرمەند هیچ شتێك پێشکێش بەوانی تر نەکا جگە لە بۆشایی غایبیبوونەکەی. لە قوتابخانەی فەلسەفەدا ناکرێ پابەندبوون لە خەباتکردن لەپێناو مافەکانی مرۆڤدا وەك وانەیەکی بژارەیی سەیر بکرێ، بگرە ئەوە وانەیەکی زۆرەملێیە کە ریشەی لەنێو حیکمەتی کرداریدایە و دەرنەچوون لەو بابەتەدا کەوتنی تەواوەتییە. ئاخۆ هۆنینەوەی جوانترین گوتاری فەلەسەفی بە باڵای کەرامەتی باڵای مرۆڤدا چ نرخێکی هەیە ئەگەر بێتو تەنیا مژدەدان نەبێ بە کەرامەت، بگرە هەڵگری کەرامەتیش بێ بۆ هەموو مرۆڤێك و بۆ مرۆڤایەتی؟
مرۆڤی فەیلەسوف، وەك ئەوەی بە ناویستی خۆیشی بێ بەڵام نەك بەزۆر، داواکراوە بۆ بوون بە سەرباز: ئەو تێوەگلاوە... ئەگەر خۆی بشارێتەوە وەك هەڵاتنی لێ دێ. لەسەر فەیلەسوف پێویستە پاش مەشقکردنی لە ژوورەکەیدا لەسەر لاپەڕەی سپی (یان لەسەر شاشەی خۆڵەمێشی) بچێ واتای وشەکانی لە گۆڕەپانی گشتیدا تاقی بکاتەوە و بە جەستەی بەرامبەر خەڵك بوەستێ و بچێتە نێو جەرگەی رووداوەکان. هیچ چاری نییە دەبێ وشەکانی بخاتە کارەوە وەك چۆن شاعیری مۆسیقار ئاواز بۆ شیعرەکەی دادەنێ تا گۆرانییەکەی بنووسێ. دەبێ وشەکانی رستەکەی رووبەڕووی مەترسییەکانی ململانە بکاتەوە، دەبێ وشەکانی نێو کتێبەکانی لە ناوەندی مەترسییەکانی کارکردندا بڵێ.
بەم شێوەیە تانوپۆی فەلسەفەی ناتوندوتیژی لەڕێی بزاوتێکی مەکوکیی بەردەوامدا لەنێوان تێڕوانین و کرداردا دێتە چنین و هەریەکەیان بەبەردەوام خۆراك بەوی تر دەدا. هەربۆیە مەبەستم بوو رەگەزەکانی وتارێکی فەلسەفی و کورتەیەکی کرداری لە کۆمەڵەیەکدا جێ بکەمەوە. ویستم هەمان بایەخ بە دانانی ئەو چەمکانەی دەرفەت بۆ تیۆریزەکردن لە ناتوندوتیژی و دیاریکردنی دەرەخسێنن و هەروەها بە دانانی ئەو میتۆدانەیش دەرفەت بۆ رێکخستنی کارێکی ناتوندوتیژانە و روونکردنەوەی ساز دەکەن، بدەم. بەم شێوەیەش ویستم لە زاراوەکانی ئەم فەرهەنگەدا –ئەگەرچی واتاکانیشیان لە دوو چوارچێوەی جیاوازدان– لەپێناو گەڵاڵەکردنی گشتێکی هاوئاهەنگ و تۆکمەدا زاراوە فەلسەفی و تەکنیکیەکان ئامێتە بکەم.
لە توێکانی ئەم لاپەڕانەدا هەوڵ دەدەم پوختەیەکی ئەزموونی خۆم لە ماوەی سی و پێنج ساڵ و شتێك لە بیرکردنەوە لە هەلومەرج و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ناتوندوتیژی بخەمە روو. ئەز نە "ناتوندوتیژ" و نە "ناتوندوتیژگەرا"م، نە لە "شوێنکەوتە"کانی ناتوندوتیژی نە لە و "بانگخواز"انیم. تەنیا خوازیارم بڵێم من لە "دۆستانی ناتوندوتیژی"م وەك چۆن فەیلەسوفەکان پێیان خۆشە بە خۆیان بڵێن "دۆستانی دانایی/حیکمەت". لە دەرەنجامیشدا من ناتوندوتیژی بە دەروازەی دانایی دادەنێم. هەروەها بەدرێژایی بیرکردنەوەم لەو چەند ساڵەدا، هاوکات هەوڵم داوە بەپێی ئەو توانایەی پێم دراوە کاریش بکەم، کەواتە من "خەباتکار"م لەپێناو ناتوندوتیژیدا. مرۆڤی خەباتکار هەندێ جار ناوبانگێکی خراپی هەیە وەك کەسێکی چالاك کە ناتوانێ دوورایییەك بخاتە نێوان خۆی و کارەکەی، چونکە گومان دەکرێ هێندە زێدەڕۆیی لە پەسەندکردنی هزرەکانیدا بکا کە وای لێبکا نەتوانێ بەبێ قەناعەتێکی پێشوەخت فیکری بخاتە کار، لێرەوە بانگەشە بۆ ئەو بیرۆکە دژیەکە دەکرێ کە پێی وایە خەباتکاری ناتوندوتیژی لە دۆخێکدا نییە بتوانێ لەبارەی ناتوندوتیژییەوە تیۆریزە بکا. بەپێچەوانەی ئەمە، من بروام وایە پێویستە تیۆریزەکار ناتوندوتیژی تاقی بکاتەوە، واتە بە کردەوە ئەزموونکردنی کاری ناتوندوتیژانە، تا بتوانێ لە بیرکردنەوەیدا لە چەمکی ناتوندوتیژی بە باشترین ئاکام بگا، چونکە ئەو کەسەی لە دەرەوەی بازنەی کاری ناتوندوتیژانەوە بێ تەنیا سنوورەکانی دەبینێ و لە توانایدا نابێ لە دینامییەتە ناوەکییەکەی کە سەرچاوەی هێزیەتی تێبگا. لێرەوە لافی ئەوە لێدەدەم کە تیۆریزەکردنم لە ناتوندوتیژیدا زادەی ئەزموونی خۆمە وەك خەباتکارێکی ناتوندوتیژخواز.

لەم بابەتەدا ئاماژە بە هیچ سەرچاوە و کتێبێك نادەم، بەڵام هەرگیز لە هەموو ئەوانەی نووسین و پابەندییەکانیان رۆڵیان لەم تیۆریزەکارییەدا هەبووە، لە نووسەران و بیرمەندان و فەیلەسوفان و گەورە چالاکان لە تێکۆشانی ناتوندوتیژی یان خەباتکاری سادە و ئاسایی، بێدەنگ نابم، چونکە بەتەواوی دەرك بەوە دەکەم من میراتگری ئەوانم، هەر لەو کەلەپوورەی ئەوانەوە باشترین ئەو شتانەم وەرگرتووە کە ئەمڕۆ دەتوانم لەبارەی واتای سەرکێشییە ئینسانییە هاوبەشەکانمانەوە بیاننووسم. لە کتێبەکانی رابردوومدا راشکاوانە درود و سڵاوی رێز و شکۆم پێشکێش کردوون و وتەکانیانم بەزۆر و زەبەندی گواستۆتەوە. بەڵام ئەم جارەیان —ئەگەرچی هیچم لێیانەوە وەرنەگرتووە— پەرۆشم بۆ ئەوەی بە دەنگی دلێر بڵێم "ئای چەندە قەرزاریانم" و پێزانینی قووڵی خۆمیان بۆ دەربڕم. دەرەنجام، زۆر لە تێڕوانینەکانم بەڕوونی ئەم یان ئەو کاریگەرییان پێوە دیارە کە بەئاسانی دەتوانرێ سەرچاوەکەیان دیاری بکرێ.

هەروەها وام بە چاك زانیوە خۆم لابدەم لە "نموونە هێنانەوە" بۆ روونکردنەوەی وەسفکردنی تایبەتی رێگەکانی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە. رەنگە ئاماژە نەکردن بۆ نموونەی بەرهەست هەندێ جار تا رادەیەك خوێندنەوەکە وشك بکا، بەڵام پێشکێشکردنی ئەزموونەکانی کاری ناتوندوتیژانە کە دەتوانم بەبەردەوامی بۆیان بگەڕێمەوە و شییان بکەمەوە، لەباریدا هەبووە دەقی هەر مادەیەك زیاد لە پێویست فراوان بکا، بە پابەندبوونیشم بە نەهێنانەوەی نموونە توانیومە بابەتەکە هێندە کورت بێ کە لەگەڵ سنووردارییی فەرهەنگەکاندا بگونجێ. زیاد لەوەش، ئەم رێگەیە ناچار بە سەختگیریی زیاتری کردم لە بیرکردنەوەدا، چونکە نموونەهێنانەوە ئاسانکارییەکە توێژەر لە وردبینیکردنی زیاتری چەمکەکان و شۆڕبوونەوە بە قووڵاییەکانیاندا رزگار دەکا. گومان لەوەدا نییە هچ تێڕوانینێکی ئەقڵی نییە کە بکرێ لەسەر چاودێریکردنی ئەزموونە مێژووییەکان و شرۆڤەکردنیان دانەمەزێ، هەر بۆیە هەمیشە گەڕانەوە بۆ رووداوەکان، بەزۆریش گەڕانەوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەدرێژایی ئەم لاپەڕانە ئامادەیە.

تێکڕای مادەکانی ئەم فەرهەنگی زاراوانەم بەشێوەیەك ئامادە کردووە بەشێوەیەك هەموو مادەیەکی وەك بابەتێکی سەربەخۆ بێ، بەوەیش هەریەکەیان دەتوانرێ بەجیا لەوانی تر بخوێنرێتەوە. ئەمەیش بەرەو ئەوەی بردم هەندێ جار — ئەگەر بە رستەیەکیش بێ— ئەوەی پێشتر لە هەندێ کتێبیتردا وتراوە یاد بخەمەوە، ئامانج لەم یادخستنەوانەیش دروستکردنی پردگەلێکە لەنێوان چەمکە جیاوازەکاندا بەمەبەستی ئاسانکردنی رێچکەبەستنی دینامییانەی هزرەکان.

ئومێدەوارم روونکردنەوەی واتای وشەکانی نێو ئەم فەرهەنگە، دوور لەو تێکەڵکارییەی ئایدیۆلۆجیای توندوتیژیی باڵادەست بەسەر کولتورەکەکەماندا، رەواجی پێدەدا، دەرفەت بۆ وردبوونەوە لە ناتوندوتیژی و گوتنی برەخسێ، بەوەیش لە کەشوهەوایەکی پر لە رێزگرتنی دووسەرە لە قەناعەتەکانی هەر کەسێك، دیالۆگێك دەست پێبکا، تا بە هەمووەمان بتوانین بەشداری لە داهێنانی کولتور و رۆشنبیریی ناتوندوتیژیدا بکەین.

## خۆ بەڕێوەبەری

دەبێ هەر هەڵمەتێکی کارکردنی ناتوندوتیژانە ئامانجێکی روون و ورد و سنووردار و لەتوانادابوو، دەستنیشان بکا، بەشێوەیەك بکرێ لە مەودای کورتدا بێتە دی، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە ستەمە ریسوا و بەرەنگاریکراوەکە لە جێبەند (سیاق)ە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی نەیەتە دابڕین، بەڵکو –بەپێچەوانەوە– بخرێتە چوارچێوەی شیکردنەوەیەکی هەمەگیری کۆمەڵگەوە، بەشێوەیەك ئەو ئامانجەیش دیاری کراوە لای خۆیەوە بخرێتە نێو پرۆژەیەکی سیاسیی هەمەگیرەوە. لەو کاتەدا کاری ناتوندوتیژانە شوێنی خۆی لە چوارچێوەی ستراتیجیەتێکدا دەگرێ کە ئامانجی، لە مەودای دووردا، جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی سیاسییە بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانەتر و ئازادتر.

نابێ سیاسەتێك کە ئیلهام لە فەلسەفەی ناتوندوتیژی وەربگرێ لە دەربڕینی چەپکێك بەرهەڵستی و ناڕەزایی دژ بە ستەمکارییەکانی ئەو پشێوییەی لەئارادایە کورت بکرێتەوە، بگرە پێویستە لەسەر بناغەی پرۆژەیەك دابمەزرێ کە پێوەندی هەبێ بەو سیستمە کۆمەڵایەتییەی دەویسترێ بەدی بهێنرێ و بڕیار وایە –ئەو سیاسەتە– بەڕێوەی ببا. خەباتە ناتوندوتیژانەکان لە زۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا، لە روانگەی دینامییەتی بەرەنگاریکردنەوە پەرەیان سەندووە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو بەرەنگارییە ئامانجەکانی خۆی بپێکێ، پێویستە وابەستە بێ بە بوونی پرۆگرامێکی بنیاتنەرانەوە، کە پێشنیازی بکا و پلەبەپلە کار بۆ جێبەجێکردنی بکا.

فەلسەفەی ناتوندوتیژی بەحوکمی دینامییەتە تایبەتەکەی، هەڵگری پرۆژەیەکی سیاسییە بۆ دامەزراندنی دیموکراسیەتێکی راستەقینە، کە لە هەمان کاتدا ئابووری وسیاسی و کولتووریش بێ. پرۆژەیەکی لەم جۆرە پێویستە یەکسانیی دەرفەت بۆ هەمووان لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا بخاتە کارنامەی خۆی و بەوە پاشەکشەی پلەبەپلەی پێوەندییەکانی توندوتیژی لە رێکخستنی کۆمەڵگەدا ئاسان بکا. بەمەش پرۆژەی ناتوندوتیژی لەگەڵ پرۆژەی "ئیشتراکیەتی خۆ بەڕێوەبەری" یەك دەگرێتەوە کە ئامانجی ئەوەیە رێگە بە هەموو ئافرەت و هەموو پیاوێك بدا بۆ بەدەستهێنانی توانایەك کە دەسەڵاتی ئەوە بۆ هەریەکەیان دەستەبەر بکا، تا ببێتە سەرداری چارەنووسی خۆی لە گرتنەئەستۆی بەرپرسیاریەتی لە "کاروباری گشتی" (واتە کۆماری)دا بەهاوبەشی لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگەدا.

خۆبەڕێوەبەریی سیاسی بریتییە لەوەی هاووڵاتیان خۆیان کۆمارەکە بەڕێوە ببەن. ئەمەیش دەخوازێ بەشداریی –چەندە بکرێ– راستەوخۆیان لە دەسەڵاتەکانی بڕیارداندا هەبێ کە بەسەر ئاستە جیاوازەکانی سیستمی کۆمەڵایەتیدا دابەش بووە. وردتر بڵێین، ئامانجی خۆبەڕێوەبەری ئەوەیە توانا ببەخشێتە تاکەکان بۆ بەشداریکردنی راستەوخۆ لە وەرگرتنی بڕیاری پێوەندار بەو بوارانەی راستەوخۆ پێوەندییان بەوانەوە هەیە. کەواتە خۆبەڕێوەبەری بریتییە لەوەی جەماوەری هاووڵاتیان بەڕاستەوخۆ مومارەسەی دەسەڵات بکەن، لێرەشەوە دەبێتە گوزارشتکردنێکی کردەیی لە دیموکراسی (دەوڵەتی گەل).

دیموکراسیەتی راستەقینە لەسەر بنچینەی راسپاردن و نوێنەرانەیەتیکردن دانامەزرێ، بەڵکو لەسەر بەشداریکردن دادەمەزرێ. لەبەرئەوە خۆبەڕێوەبەری بەدەر لە وشە باوەکان، بە وەسفکردنی ئەم بەڕێوەبردنە بەوەی گەڕانە بەدوای دیموکراسێتیەکی بەشداریکارانەی کرداری و ئەزموونکردنیدا، بەبەردەوامی لە کارنامەی مشتومڕی سیاسیدا ئامادە دەبێ.

لەسەر هەر پرۆژەیەکی خۆبەڕێوەبەری پێویستە ئەو بنیات و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییانە دەستنیشان بکا کە یارمەتیی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەدا کە بەحەتمی لە هەر گردبوونەوەیەکی بەشەریدا سەرهەڵدەدەن، بەبێ ئەوەی ئەویش سەرلەنوێ بکەوێتەوە نێو دژیەکیەکانی باڵادەستبوونی بیرۆکراسی کە بووەتە تایبەتمەندیی بەڕێوەبەرایەتیەکانی زۆر لە دەوڵەتە نوێکان، واتە بەبێ ئەوەی جارێکی تر ببێتەوە دیلی گێژاوی توندوتیژی. خۆبەڕێوەبەری دەیەوێ بەپێی توانا لە بەڕێوەبردنێکی ناتوندوتیژانەی کۆمەڵگەی سیاسی نێزیك ببێتەوە.

خۆبەڕێوەبەری چاری ناچارە خۆی لە بەردەم مومارەسەکردنی دەسەڵاتی سیاسیدا دەبینێتەوە. هەروەك چۆن خەباتی ناتوندوتیژانە بەزەرورەت دەخوازێ پەنا بۆ هەندێ ئامرازی زۆرلێکردن ببرێ، بەهەمان شێوە بەڕێوەبردنی ناتوندوتیژانەی کۆمەڵگە بەبێ بەکارهێنانی هەندێ جۆری زۆرلێکردن بەمەبەستی چەسپاندنی سیستمی کۆمەڵایەتی، مەحاڵە. خۆبەڕێوەبەری لەتوانایدا نییە ئەو پێکەوەژیانە هاوئاهەنگەی هەموو هاووڵاتیان کە رێزگرتن و متمانەی دووسەرە کۆیان بکاتەوە، بێنێتە کایە. لافلێدانی هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە ناچارکردنێك لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا لەوانەیە سەر بکێشێ بۆ سەرگەردانبوون لەنێو یۆتۆپیا و خۆ دەستەپاچەکردندا، بەڵام ئەمە بەواتای ئەوە نییە جارێکی تر بکەوێتەوە نێو لۆجیکی توندوتیژی، بگرە بەواتای خۆناچارکردنە بە گەڕان بەدوای ئامرازگەلێکی ناتوندوتیژانە بۆ جێبەجێکردنی ئەم جۆرە زۆرلێکردنە.

*** دەوڵەت**

*** دیموکراسی**

*** دەسەڵات**

*** سیاسەت**

# ڕێزگرتن

ئاخۆ لە سەرەتای دیدارێکی گوماناوی لەگەڵ مرۆڤێکی تردا، هەستکردنمان بە ترس لەوەی بەخراپی لەگەڵمان بجولێتەوە زیاتر نییە لە هەستکردنمان بە ئومێد بەوەی لەگەڵمان باش دەبێ؟ هەموو مرۆڤێك سەرەتا لە توندوتیژیی بەرامبەرەکەی دەترسێ زیاتر لەوەی چاوەڕوانی چاکیی لێ بکا. یەکەم شت لە مرۆڤەکەی تری چاوەڕوان دەکەین ئەوەیە بەڕێزەوە سەیرمان بکا. ڕێزگیرانی مرۆڤ ئەوەیە تەماشا بکرێ (ڕەگی فەرمانی respecter ی فرەنسایی بەواتاوای (ڕێز بگرە) بریتییە لە فەرمانی لاتینی spectare بەوتای (سەیری کرد). بە وردییەکی زیاتریش لە فەرمانی erspicere ەوە داتاشراوە کە واتا حەرفیەکەی بریتییە لە "سەیری دواوەی کرد" و لەویشەوە "وەستا تا سەیر بکا" و "بەسۆزەوە تەماشای کرد".

"تەماشانەکردن"ی کەسێك واتای ڕێزنەگرتن و حسێب بۆ نەکردنیەتی، واتە پێشوەخت نیشاندانی بێڕێزییە بەرامبەری.

ڕێزگرتن، هەروەك ناتوندوتیژی، بەپلەی یەکەم هەڵوێستێکی نەرێنییە و بریتییە لە گتکردن (الامتناع) لە شکاندنی کەرامەتی کەسانی تر. ڕێزگرتنی مرۆڤەکەی تر بەر لە هەموو شتێك گتکردنە لە توندوتیژی نواندن بەرامبەری. ئەوە خۆشەویستی نییە بناغەی ژیانێکی هاوبەش بۆ خەڵك دادەمەزرێنێ، بەڵکو دادپەروەرییە، واتە تەنیا ڕێزگرتنی مافەکانی هەموو تاکێك. ڕێزگرتن بە سرووشتی خۆی بوونی دوورایی (مسافە)یەك دەخوازێ. "پارێزگاریکردنی ئادەمیزاد لە دوورایییەکەی خۆی" واتای پەرۆشییە بۆ دەستدرێژینەکردنە سەر زەویی ئەوی تر و نەشێلانی باخچەکەی و نەبەزاندنی ئاسمانەکەی. لەوانەیە ئەوی تر پاش کەمێك بانگهێشتمان بکا بۆ نێزیکبوونەوە و چوونە ماڵەکەی و میوانداریمان بکا. بەڵام پێویستە، لە چاوەڕوانی ئەم بانگهێشتەدا، ڕێز لە "خاوەنداریەتیی تایبەت"ی ئەو بگرین کە ژیانی تایبەتی ئەو لەخۆ دەگرێ. ڕێزگرتنی مرۆڤ بۆ خۆی واتای دۆزینەوەی ئەو دوورایییەیە کە ئەو بوارەی هەر کەسێك پێویستیەتی بۆ ئەوەی کەسێکی سەربەست و سەربەخۆ بێ، بۆی دەرەخسێنێ.

ڕێزگرتنی ئەوانی تر واتای پەرۆشییە بۆ دۆزینەوەی دوورایی دروست لەگەڵیاندا، دوورایییەك کە دەرفەتیان بداتێ یەکتر ببینن و بناسن بەبێ توانەوە fusion و شپرزکردن confusion، دوورایییەك بە باشترین شێوە ڕەچاوی خواست و خەونەکانی هەر تاکێك بکا.

یەکەمین مافی مرۆڤ کە بە تێەڕبوونی کات لەبەین ناچێ، بریتییە لە مافی ڕێزگرتن، چونکە مرۆڤایەتیی مرۆڤ –هەموو مرۆڤێك– شایانی ڕێزگرتنە. لێرەشەوە یەکەمین ئەرکی مرۆڤ ڕێزگرتنیەتی لە مرۆڤایەتیی مرۆڤەکەی تر. چەمکی ڕێزگرتن پێکهێنەری ناتوندوتیژییە و لەو ڕوانگەیەشەوە دەتوانین ئەم پێناسەیە بۆ ناتوندوتیژی پێشنیاز بکەین: ڕێزگرتنی مرۆڤایەتیی مرۆڤە لە کەسی خۆی و هەروەها لە کەسی مرۆڤەکەی تریشدا.

ئەو ڕێزەی پێویستە لە مرۆڤەکەی تری بنێین، دەخوازێ سووکایەتی پێ نەکەین تەنانەت ئەگەر ئەو بێڕێزیشی بەرامبەر کەسانی تر کرد. بەدڵنیاییەوە ڕاست نییە کە هەموو بیرەکان و هەموو هەڵوێستەکان و هەموو کردەوەکان بەڕێز بن و "شایستەی ڕێزگرتن" بن. بەڵام تەنانەت ئەو کەسەیش خراپە دەکا لە ناخیدا بەشێك لە مرۆڤایەتی تێدایە کە شایستەی ئەوەیە ڕێزی بگیرێ، چونکە تاوان مرۆڤایەتیی کەسی تاوانبار بەتەواوی تێك ناشکێنێ. دەبێ بێڕەحمانە بەگژ خراپەدا بچینەوە بەڵام –بەپێی توانا– بەبێ ئەزیەتدانی ئەو کەسەی خراپە ئەنجام دەدا. ئەوەی تێکۆشانی ناتوندوتیژانە بە وردی جوێ دەکاتەوە هەوڵدانیەتی بۆ جێبەجێکردنی هەندێ ڕێگەی کارکردنی ئەوتۆ کە دەرفەت بۆ ڕێزگرتنی دژبەر (الخصم) بڕەخسێنن. ئەو کەسەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ دەیەوێ گرەو لەسەر ئەوە بکا کە مرۆڤی توندوتیژ سەرەنجام دەتوانێ لە سروشتی توندوتیژییەکەی تێبگا و دەستی لێ هەڵبگرێ. باشترین ڕێگە بۆ ئەوەی مرۆڤ مرۆڤایەتیی خۆی بدۆزێتەوە، ئەوەیە ڕێزی ئەو مرۆڤایەتییە بگرێ. بۆیە پێویستە ئەو ئامرازانەی زۆرلێکردن کە بۆ ڕاگرتنی خراپەکانی بەکار دێن، دەرفەتێکی بدەنێ.

بەم شێوەیە ڕێزگرتن مافی هەر مرۆڤێکە وەك بوونەوەرێکی ئینسانی، بەڵام هەندێ کەس هەن هەست بە ڕێزێکی تایبەت دەکەین بەرامبەریان و ڕێزێکی زۆریان بۆ نیشان دەدەین، نەك تەنیا لەبەرئەوەی مرۆڤن، بگرە لەبەر خەسڵەتە مرۆییە تایبەتیەکانیشیان. لێرەدا ڕێزگرتن نابێتە ئەرکێك، بگرە دەبێتە هەستێك کە بنچینەکەی هاوسۆزی و پێزانینە. لێرەدا جیاوازیی جەوهەریی نێوان ڕێزگرتن و لێبوردەیی ڕوون دەبێتەوە: ڕێزگرتن هەستی پێدەکەین، بەڵام لێبوردەیی بەئارامی ناڕەحەتیەکانی دەچێژین و کۆششکردنی لێمان دەوێ. لێبوردەیی هەستی پێناکرێ.

لەسەر ئاستێکی تر، قسە لەبارەی ئەو ڕێزگرتنەوە دەکرێ کە دەبێ بۆ دەسەڵاتی نیشان بدەین authorite. سروشتی دەسەڵات یاخۆ سوڵتان وایە دەبێ ڕێزی بگیرێ، بەڵام سەرەتا دەبێ خۆی بەڕێز بێ. بۆیە دەبێ ڕێزگرتنی دەسەڵات لەسەر بناغەی لێوەشاوەییەکەی، نەك دەسەڵاتەکەی pouvoir دامەزرابێ، چونکە ڕێزگرتنی ڕاستەقینە بەتۆپزی بەدەست نایە. ئەگەر دەسەڵات ناچار بوو "ڕێزی خۆی بسەپێنێ"، ئەوە بەوردی لەبەرئەوەیە بەخراپی ڕێزی دەگیرێ. زۆرلێکردن دەتوانێ گوێڕایەڵی و ملکەچی بسەپێنێ، بەڵام "ڕێزگرتن ناسەپێنێ".

* لێبوردەیی
* دەسەڵات Autorite
* پێوەندی

## ئەخلاق

مرۆڤ لە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا، دەرك بەوە دەکا کە توندوتیژی —نەك تەنیا ئەو توندوتیژییەی بەدەستیەوە گیرۆدەیە و ئازار دەچێژێ، بگرە ئەو توندوتیژییەیش کە خۆی ئەنجامی دەدا و خەڵکی پێ ئەشکەنجە دەدا— لەوانەیە لە هەر ساتێکدا لەپڕ سەرهەڵبدا. لەو کاتەدا ئەو تاقیکردنەوە مەرگەساتە ئەزموون دەکا کە مرۆڤایەتیەکەی لەلایەن توندوتیژییەوە —کە سیفەتێکی نامرۆڤانەیە— لەبەردەم هەڕەشەدایە. لەو کاتەدا فەریزەی "ئەخلاقی قەناعەت" (٢) خۆی بەسەریدا دەسەپێنێ کە بریتییە لەوەی: ناتوانێ واتایەك بە بوونی خۆی بدا بە رەتکردنەوەی هەر جۆرە سازشێك نەبێ لەگەڵ نائینسانیەتی توندوتیژیدا.

لە هەموو دەقە حیکمەتەکاندا، یاسای ئەخلاقی کە پێویستە هەر مرۆڤێکی ژێر پێڕەوی بکا، لەسەر "رێسا زێڕین"ەکە دادەمەزرێ، کە ئەو رێسایە لە هەمان کاتدا بە هەردوو رووی ئەرێنی و نەرێنی دێتە دەربڕین. لە شێوە نەرێنییەکەیدا دەگوترێ "ئەو شتەی حەز ناکەی کەسانی تر بە تۆی بکەن، تۆیش بە کەسی مەکە". چییە ئەوەی حەز ناکەم کەسی تر پێم بکا؟ دیارە نامەوێ پێمدا هەڵشاخێ. بە رێگە ئەرێنیەکەیش دەگوترێ "ئەوەی حەز دەکەی کەسانی تر بۆت بکەن، تۆیش بۆ ئەوانی بکە". من دەمەوێ کەسانی تر چیم بۆ بکەن؟ ئەوەیە یەکەم جار چاکە بکەن و رێزم بگرن. بەم شێوەیە رێسا زێڕینەکە داوای ناتوندوتیژیمان لێدەکا، ئەویش بە دوورخستنەوەمان لە نیازخراپی و ئامۆژگاری کردنمان بە کاری چاکە.

مرۆڤی بەڕەوشت هەر جۆرە شەرعیەتدانێك بە توندوتیژی رەت دەکاتەوە، چونکە دەرك دەکا بەوەی بە رەتنەکردنەوەی ئەوە، دەستبەرداری ئینسانیەتی خۆی دەبێ. حوکمدانی ئەخلاقی لەکاتێکدا مافی داخوازیی بنچینەیی رۆح بەرز رادەگرێ، تانە لەو هەموو پینەوپەڕۆ عەقڵانییانە دەدا کە دەیانەوێ توندوتیژی لە کایەتی ئینسانیدا جێ بکەنەوە. بەم شێوەیە قەناعەتی ئەخلاقی، لە دەقە فەلسەفی و رۆحییە رەسەنترینەکاندا، لە مرۆڤ دەخوازن لەو توندوتیژییەوە نەگلێ.

بەڵام ئایدیۆلۆجیستەکان پێچیان بە دەوری ئەم فەریزە بنچینەییەی فەلسەفە و رۆحانیەتدا لێ دا، بە جەختکردنەوە لە مەحاڵی هاوڕێکی کردن لەنێوان "ئەخلاقی قەناعەت" و "ئەخلاقی بەرپرسیاریەتی"دا. لەو روانگەوە —بە بۆچوون ئەوانە— ئەو کەسەی بیەوێ بە قەناعەتی ئەخلاقیی خۆیەوە پابەند بێ، دەبێ دەست لە کارکردن لە دنیادا بشوا، چونکە ئەوە ناچاری دەکا پەنا بۆ ئامرازی توندوتیژیی سیاسی ببا. لە بەرامبەردا ئەو کەسەی بیەوێ بە باشترین شێوە شان بداتە ژێر بەرپرسیاریەتیەکانی لە مێژوودا، لەوانەیە ناچار بێ سەرپێچی لە ئەرکە ئەخلاقیەکەی بکا تا بتوانێ لە توندوتیژیەوە بگلێ. بەڵام لەڕاستیدا چەسپاندنی ناکۆکیەکی لەم جۆرە لەنێوان قەناعەتی ئەخلاقی —کە داوا لە مرۆڤ دەکا ناتوندوتیژ بێ— و بەرپرسیاریەتیی سیاسی —کە ناچاری دەکا توندوتیژ بێ— لەوانەیە هەردوو ئەخلاق و سیاسەت خراپ بکا. پشتکردنە ئەرکی ئەخلاقی لەکاتی ئەنجامدانی کاری سیاسیدا، تەنیا نکولی لێکردنی نییە، بگرە زۆر بەسادەیی رەتکردنەوەیەتی، چونکە بەرپرسیاریەتیی ئەخلاقیی مرۆڤ رێکوڕاست بەوەفابوونیەتی بۆ قەناعەتەکانی لەکاتی کارکردنیدا لە دنیا. هەروەها نابێ پابەندیی سیاسی خۆی لە ئەرکە ئەخلاقیەکەی بدزێتەوە چونکە ئەرکی ئەمەی دوایی، بەوردی ئەوەیە واتای کاری مرۆڤ لەنێو کەسانی تردا دیاری بکا.

ئەرکی ئەخلاقی یەکێکە لەو پێوەرانەی پێویستە لە روانگەیەوە شێوەی کارکردنی سیاسی دیاری بکرێ. رەتکردنەوەی ئەرکی ئەخلاقی لەلایەن کارێکەوە بەزیان بەسەر کارایی ئەو کارەدا دەشکێتەوە. هەروەها ئەوەی دەگوترێ مرۆڤ لە کاری سیاسیدا چاری ناچارە دەبێ یەکێك لەم دوو رێگەیە هەڵبژێرێ، کە بریتین لە: بەکارهێنانی ئامرازگەلێکی ئەخلاقی بەڵام بەگشتی بێکەڵك، لەگەڵ ئامرازگەلێکی بێکەڵك بەڵام بەگشتی نائەخلاقی، واتای رەتکردنەوەی هەر واتایەکە بۆ مێژوو بەهۆی مل پێکەچکردنی بۆ حەتمیەتی توندوتیژی. ئامانجی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە ئەوەیە هاوڕێکی بکا لەنێوان "ئەخلاقی قەناعەت" و ئەخلاقی بەرپرسیاریەتی"دا، ئەویش بە گەڕان بە دوای کارایی سیاسی بەبەکارهێنانی ئامرازی تری

جیاواز لە ئامرازەکانی توندوتیژیی کوشندە. ئەوکاتە دەکرێ مرۆڤ ئومێدی هەبێ بتوانێ مێژوو ملکەچی خواستەکانی ئەقڵی خۆی بکا.

ئەرکی ئەخلاقی دوو ڕووی هەیە: یەکەمیان داوا دەکا پشتیوانیی خراپە نەکرێ، دووەمیان داوا دەکا کار لەپێناو چاکەدا بکرێ. ناشبێ نەگلان لە خراپەوە بریتی بێ لە دەست شۆردن لە کارکردن. ڕاستە داواکردنی ئەرکی ئەخلاقیی پێوەندار بە قەناعەت و بەرپرسیاریەتی لەیەك کاتدا، یەکەم شت دەستبەرداربوونە لە ئامرازە نائەخلاقیەکانی توندوتیژی، بەڵام دیسان و بەتایبەت گەڕانیشە بەدوای ئامرازە کاریگەرەکانی ناتوندوتیژیدا. هەروەها نابێ مرۆڤی ئەخلاقخواز خۆیشی دڵنیا بێ لەوەی لە هەموو هەلومەرجێکدا ئەو ئامرازانە دەدۆزێتەوە، کارێکی بێمانایە لەخۆتەوە بەلگەنەویستێکی ڕووت بخەیتە ڕوو و بڵێیت هەمیشە و لە هەموو جێیەك ئامرازگەلی ناتوندوتیژی کرداری هەن یارمەتیی مرۆڤ دەدەن بەرپرسیاریەتیەکانی بەرامبەر ڕووداوەکە بگرێتە ئەستۆ، چونکە دەگونجێ مرۆڤ مشتومرشێك لەنێوان ئەخلاقی بیروباوەڕ و ئەخلاقی بەرپرسیاریەتیدا ئەزموون بکا، لەوکاتەیشدا دوور نییە شکست بێنێ لە پێکەوە گونجاندنیان بەبێ ئەوەی، بەو هۆیەوە، تانە لە ڕاستیی هیچکامیان بدا. پێویستیی توندوتیژی کە ڕەنگە مرۆڤی ئەخلاقی خۆی لە بەرامبەریدا ببینێتەوە، فەریزەتی ناتوندوتیژی ناسڕێتەوە، بگرە دەیکاتە شتێکی زۆر پێویست.

لە دەرەنجامدا مرۆڤی ئەخلاقی ئەو کەسە نییە پێداگری لەوە دەکا پێویستە مرۆڤ هەمیشە ناتوندوتیژ بێ، بگرە ئەو کەسەیە لە هەموو هەلۆیستێکدا هەوڵی نەپساوە دەدا بۆ دۆزینەوەی ئامرازە کردارییە ناتوندوتیژە گونجاوترەکانی کار. ئەو نائەخلاقیەتەی لکاوە بە ئایدیۆلۆجیاکانی توندوتیژیی باڵادەست بەسەر کۆمەڵگەکاماندا، زیاتر لەوەدایە –بە شەرعیەتدانی بە ئامرازە توندوتیژەکان– خۆ دوور دەگرێ لە هەر گەڕانێك بەدوای ئامرازگەلی ناتوندوتیژدا و کارێکی لەو جۆرە بەژێر پێوە دەکا. بەهۆی دەستبەرداربوونی زۆرمان لە گەڕان بەدوای ئەو ئامرازانەی ناتوندوتیژی پێشکێشیان دەکا، ئەنجامەکەی ئەوە دەبێ قەت ئەو ئامرازانە نەدۆزینەوە.

ئەگەر قەبارەی ئەو وەبەرهێنانانەی کۆمەڵگەکانمان بۆ ئامادەکاریکردن بۆ وەگەڕخستنی ئامرازەکانی توندوتیژی ڕەزامەندییان لەسەر دەدا لەلایەك، هەروەها قەبارەی ئەو وەبەرهێنانەی بەمەبەستی ئامادەکاریکردن بۆ وەگەڕخستنی ئامرازەکانی ناتوندوتیژی ڕەزامەندییان لەسەر نەدراوەن لەلایەکی تر مەزەندە و بەراورد بکەین، ئەوکاتە دەتوانین قەبارەی ئەو نائەخلاقییەتە دەستەجەمییە بزانین، کە سەرکێشی بە داخران لەنێویدا دەکەین.

ڕەهەندی ئەخلاقی شتێکی تاکەکەسی نییە، بگرە دەستەجەمیشە. ئەخلاقێکی سیاسی هەیە پێوەری پێویست بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی شەرعیەتی ئەو بژارە و بڕیار و پابەندییانە پێشکێش دەکا کە کۆمەڵگە ئەنجامیان دەدا. ناتوندوتیژی وەك فەریزەیەکی فەلسەفیی بنچینەیی دێتە پێش چاو کە دەبێ ژیانی سیاسیی کۆمەڵگە ببوژێنێتەوە و ئاراستەی بکا.

*** سیاسەت**

*** کارایی**

*** فەلسەفە**

*** ئامرازەکان**

# تیرۆر

تیرۆر یاخود تۆقاندن Terrorism (الارهاب) بەپێی واتا داتاشراوەکەی، ئاماژەیە بۆ ڕێبازێکی حوکمڕانی یان شێوەیەکی کارکردنی ڕاستەوخۆ کە ئامانجی دروستکردنی ترس و تۆقینە. واتە هێنانەکایەی کەشوهەوایەکی ترس و لەرز و بیم لەناو دانیشتواندا. هەروەها تیرۆر، بەشێوەیەکی گشتی و باو، ئاماژەیە بۆ تەکنیکێکی کاری توندوتیژانە کە تاقمێکی نهێنی دژ بە مەدەنیەکان بەکار دێنێ بەمەبەستی تیشك خستنە سەر هەندێ داخوازیی سیاسیی دیاریکراو.

خەسڵەتی ستراتیجیەتی تیرۆریستی لەوەدایە لەڕێی سادەترین ئامرازی تەکنیکیەوە دەرفەت دەڕەخسێنێ، تا ئامرازەکانی بەرپەرچدانەوەی سەربازیی خاوەن تواناى تەکنیکی زۆر پێشکەوتووتر، لەخشتە ببا و شکست پێ بێنێ، چونکە لەبارێکدا هێزە پیشەسازییە زەبەلاحەکان لافی ئەوە لێدەدەن چەکی ئەوتۆیان هەیە دەتوانن ببنە شوورەی هاووڵاتیانیان، دەبینی چەکی تیرۆریستان ترس و توندوتیژی و مەرگ لە دڵدا دەچێنێ، تەنانەت لەنێو خودی شارەکانیانەوە. کەواتە تیرۆر سیستمی بەرگریی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان قڵپ دەکاتەوە، بەشێوەیەك بەهێزترین چەك لە دەستی بڕیار بەدەستانی سیاسی و سەربازیدا کەڵکێکی ئەوتۆی نییە.

تیرۆر شایستەی هیچ خاترگرتنێك نییە، چونکە میتۆدەکانی تاوانکارانەن. گوتاری باو بۆ ئەوەی توندوتیژیی تیرۆریستانە بەتوندی سەرکۆنە بکا، دەیەوێ لە شێوەکانی تری توندوتیژی دایببڕێ، بەو شێوەیە کاری تیرۆریستی وەك تاوانی توندوتیژیی پەتی کە هیچ مشتومڕێك لەسەر ناشەرعیبوونی نییە، سەرکۆنە دەکرێ، لەکاتێکدا هاوکات هەندێ جۆری تر لە توندوتیژی، تا ڕادەیەك بە خاترجەمیش، ڕەزامەندی پێدەدرێ و وا گومان دەبرێ کە ئەوانە "شەرعی"ن. لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژییدا، دەوڵەتان و ڕای گشتی وەك یەك تووڕەییەکی ناوبگیر (انتقائی) پیشان دەدەن، کە بە بێبایەخی سەیری شێوەکانی تری توندوتیژی دەکەن. ڕاستە تیرۆر بێڕەحمانە بێگوناهان دەکوژێ، بەڵام ئاخۆ جەنگیش تەنیا گوناهباران دەکوژێ؟ ڕاستە تیرۆر "دەرچوونە لە یاسا"، بەڵام ئاخۆ وەهم و بگرە ئەوپەڕی وەهم نییە کە توندوتیژی بخرێتە ژێر باری خواستەکانی هەق و ڕاستیەوە؟

سەرەنجام، لە ڕوانگەی ناتوندوتیژییەوە دەبێ ئەو حوکمە ئەخلاقیەی لەسەر تیرۆر دەدرێ، لە ڕوانگەی هەمان پێوەرگەلی بنچینەییەوە بێ کە لە بڕیاردان لەسەر شێوە بکوژەکانی تری توندوتیژی پەنایان بۆ دەبرێ. جێی خۆیەتی ڕەوایی لەو ڕێبازە ئایدیۆلۆجییانە —نەخاسمە فەندەمێنتالیستە ئاینییەکان— بکێشرێتەوە کە پاساو بۆ تیرۆر دەهێننەوە و ئەو پاساوانە پووچ بکرێنەوە. بەڵام ئەو گوتارەی سەرکۆنەی تیرۆر دەکا، بێهێزتر و لە ڕووی مەنتیقییەوە ناتۆکمەتر دەبێ ئەگەر شانبەشانی ئەوە پاساوی بۆ هەندێ شێوەی تری کاری توندوتیژی داتاشی کە لە تیرۆر کەمکوژتر نین و ڕەنگە هەروەك ئەو تاوانکارانە بن، چونکە "ئیرهابی دەوڵەت"یش هەیە کە ئەویش شایستەی هیچ خاترانەیەك نییە.

زمانی گوتاری نەیاری تیرۆر بەئاشکرا جەخت لەوە دەکا تیرۆر پشت دەکاتە بەها بەرزەکانی شارستانێتی کە پێویست دەکەن ڕێز لە ژیانی مرۆڤ بگیرێ. با وابێ، بەڵام بەرگریکردن لەم بەهایانە بەتایبەت، واتای ئەوەیە یەکەم شت لەکاتی هەڵبژاردنی ئەو ئامرازانەی بۆ بەرگری لێکردنیان دێنە هەڵبژاردن، ڕێزیان بگیرێ. سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا واتای ئەوەیە بە ئەوپەڕی وریاییەوە کار بکرێ، بەوەی ئەو مەرجە پێویستانە پێشێل نەکرێن کە بناغە بۆ ڕێزگرتنی ژیان دادەمەزرێنن.

سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا یەکەم شت بریتییە لە ملنەدان بە لۆجیکی تایبەتی توندوتیژییە بکوژەکەی. بەیداخ هەڵگری سەرەکیی تیرۆر ئایدیۆلۆجیای توندوتیژییە کە کوشتن پاساو دەدا، هەربۆیە بەرگریکردن لە شارستانێتی، یەکەم شت واتای خۆ تووشنەکردنە بە پەتای ئەو ئایدیۆلۆجیایە، ئەوەیش دەخوازێ دەست لە کارە سەربازیەکان هەڵبگیرێ کە بەبێ شك خەڵکی بێتاوانیان تێدا دەکوژرێ، چونکە بەبێ ئەوە دیموکراسییەکانیش سەرکێشی دەکەن بە ئەنجامدانی هەمان خراپە کە لۆمەی تیرۆریستانیان لەسەر دەکرد، ئەمە جگە لەوەی بەو کارە بەبەردەوامی ئەو زەوینەیە بەپیت دەکا کە تیرۆر لەسەری

دەژی و گەشە دەکا. بۆیە کاتێ تیرۆر گژبەریی دەوڵەتە دیموکراسیەکان دەکا بەمەبەستی لەقکردنیان، دەبێ ئەمانەی دوایی بەپێی ستراتیجیەتێك بەگژیدا بچنەوە کە لەگەڵ مەرجە تایبەت و پێوەرەکانی خۆیاندا بگونجێ، بەبێ ئەوەی هیچ شتێك لە درۆ و دەلەسەکانی تیرۆریستەکان بخوازن. پێویستە لەسەریان بۆ بەرگری لەخۆکردن بە لێبڕانەوە دابەزنە ئەو گۆڕەپانەی کە هی خۆیانە —گۆڕەپانی یاسا— و رازی نەبن بچنە گۆڕەپانی هەڕەمەکی، کە یاسا رەت دەکاتەوە.

تیرۆر بریتی نییە لە جەنگ. بەپێچەوانەوە ستراتیجی تیرۆر رەتکردنەوەی جەنگ لای خۆی وەك بەڵگەنەویستێك دادەنێ. ئەوەی جەنگ جیا دەکاتەوە بریتییە لە ئاڵوگۆڕی ئەو کارانەی هەردوو لایەنی دژبەر بڕیار و ئەنجامی دەدەن. لێرەشەوە، هیچ کارێکی بەرامبەر نییە کە بڕیارکارانی دژبەر لە بەرامبەر کاری تیرۆریستاندا بیکەن. ئەو بڕیارکارانە هەر بەڕاستی خۆیان دەستەپاچە دەبینن لە وەڵامدانەوەی مست بە مستی دژبەرێك رەنگ و روویەکی دیاری نییە، کەواتە ئەوەی لافی سەرکەوتن بەسەر تیرۆر لەڕێی جەنگەوە لێدەدا، خۆی فریو دەدا. بەڵێ، کۆمەڵگە دیموکراسیەکان نەك تەنیا مافی بەرگریکردنێکی سەرسەختانەیان لە خۆیان هەیە دژ بە تیرۆر، بگرە ئەرکیی سەرشانیانە ئەو بەرگرییە بکەن، بەڵام ئەم ماف و ئەرکە کاتێ لە جێبەندی مافی بەرگری لەخۆ کردنی رەوادا دانی پێدا دەنرێ، پرسیاری راستەقینە زانینی ئەو ئامرازە رەوا و کاریگەرانەن کە لەو بەرگریکردنەدا بەکار دێن.

سروشتی تیرۆر خۆی دەخوازێ قەڵاچۆ بکرێ، ئەویش نەك بە جەنگ بەڵکو بە رێوشوێنی ئەمنی و پێویستە ئەو رێوشوێنانە بەوردی بگیرێنە بەر تا هیچ سەرەڕۆییەکی ئەمنی روو نەدا، بۆ ئەوەیش پێویستە زۆر شێلگیرانە رێزی پێوەرەکانی یاسا بگیرێ. هەر لە چوارچێوە توندە یاساییەکەدا نابێ هیچ کەمتەرخەمییەك بکرێ بۆ دۆزینەوەی تۆڕە تیرۆریستیەکان و هەڵوەشاندنەوەیان، بۆ ئەو مەبەستەیش ئەوەی پێویستە ساز و تەیار بکرێ سوپا نییە، بەڵکو دەزگا هەواڵگریەکانن. دەبێ ئەندامانی ئەو تۆڕانە هەر کات بەڕۆشنی ناسرانەوە دەستگیر و دادگەیی بکرێن.

بەڵام بۆ سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا جێی خۆیەتی لە هۆ و ئامانجەکانی تێبگەین. نابێ تووڕەیی لە شێوازی کارەکە ببێتە مایەی فەرامۆشکردنی شیکردنەوەی هۆکانی ئەو کارە بە پاساوێکی خەڵەتێنەر گوایە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە تیرۆر، پێشوەخت واتای هەوڵدانە بۆ پاساوپێدانی. رووداوەکان دەری دەخەن تووڕەیی هیچ داد نادا، چونکە رێگە نادا لە نهێنیی بڕیاردانی هەندێ خەڵك، تەنانەت خۆ بەکوشتدانیشیان، کە تا ئەوپەڕی سنوورەکانی توندوتیژیی وێرانکەر و کوشندە بچن، تێبگەین. کەواتە بۆ ریشەکێش و بنبڕکردنی تیرۆر دەبێ هەوڵ بدرێ لە سروشتی رەگوڕیشە مێژوویی و سۆسیۆلۆجی و ئایدیۆلۆجی و سیاسیەکان کە وزەی پێدەبەخشن، تێبگەن.

ئەرێ، لەوانەیە تیرۆر کارێکی ناعەقڵانی بێ، بەوەیش بڕیار لەسەر خۆی دەدا کە هیچ نەبێ جگە لە کارێکی هیچگەرایانە nihiliste کە ئیرادەی وێرانکاری و حەزی کوشتن دەیبزوێنێ، لێرەشەوە تیرۆر سڵ ناکاتەوە لەوەی لە بنچینەدا پێشێلکارییەك بێ کە نیشانەی نەزانییەکی نوتەك بێ بە خێر و شەڕ. لەگەڵ ئەوەیشدا کارێکی هەڵەیە هیچگەرایی بکرێتە خەسڵەتی هەموو کارێکی تیرۆریستی.

لە واقیعدا، تیرۆر بەزۆری وەك هەر ستراتیجیەتێکی کاری توندوتیژی لە پاڵنەی عەقڵانییەوە ئیلهام وەردەگرێ. ئەگەر تیرۆر جەنگ نەبێ، بەڵام دەیەوێ ئەویش ئامرازێك بێ بۆ بەردەوامیی سیاسەت، چونکە ئەویش خاوەن تۆکمەیی ئایدیۆلۆجیی تایبەت و لۆژیکی ستراتیجیی تایبەت و عەقڵانیەتی سیاسیی تایبەتی خۆیەتی. لەبەرئەوە رەتکردنەوەی لەڕێی تۆمەتبارکردنی بەوەی لە جەوهەردا کارێکی نائەخلاقییە شتێکی بێکەڵکە، چونکە هەرکات دان بە رەهەندە سیاسییەکەی تیرۆردا نرا، ئەوکات دەکرێ بەشوێن ئەو چارەسەرە سیاسییەدا بگەڕێین کە داوای دەکا.

کاریگەرترین رێگە بۆ بەگژاچوونەوەی تیرۆر بێبەشکردنی ئەنجامدەرانیەتی لەو هۆیانەی دەیانکەنە پاساو بۆ کارەکەیان. بەو شێوەیەش دەکرێ ئەو بنکە جەماوەرییەی کە تیرۆر زۆر پێویستی پێیەتی بەشێوەیەکی درێژمەودا لاواز بکرێ، چونکە

زۆرجار تیرۆر لە خاکێکدا ریشە دادەکوتێ کە پەینەکەی ستەم و زۆرداری و زەلیلکردن و نائومێدی و نەهامەتییە. ئەرێ، تاکە رێگە بۆ راگرتنی کارە تیرۆریستیەکان بێبەشکردنی ئەنجامدەرانیەتی لەو هۆ سیاسییانەی دەیانکەنە پاساو بۆ کارەکەیان. لێرەشەوە، بۆ سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا ئەوە جەنگ نییە کە پێویستە بەرپا بکرێ، بگرە ئەوە دادپەروەرییە کە پێویستە بەرقەرار بکرێ.

کاتێ تیرۆر دەچێتە نێو ململانیەکی سیاسی، دەتوانرێ رەهەندەکانی بەڕوونی دیاری بکرێن و دەشێ پێویست بێ دانوستاندن لەگەڵ تیرۆریستەکاندا بکرێ. لێرەشدا لۆژیکی گوتاربێژانەی باو جەخت لەوە دەکا کە "دانوستاندن لەگەڵ تیرۆریستان نییە"! بەڵام لە دەرەوەی گوفتارەکان راستیی رووداوەکان هەیە، زۆرن ئەو حکوومەتانەی ناچار بوون دژ بە گوفتارەکانی خۆیان بجولێنەوە تا دان بە راستیەکانی واقیعدا بنێن، واتە بێدەنگکردنی تووڕەییەکەی تا بە ئەنجامدانی دانوستاندن قایل بن!.

### * جەنگ

## ستراتیج

وشەی ستراتیج strategie لەڕووی داتاشینەوە بە واتای سەرکردایەتیکردنی سوپا دێ (لە هەردوو وشەی یۆنانی: starto بەواتای (سوپا) + agein بەواتای: سەرکردایەتی کرد) لە سەرجەم ئەو پێکدادانانەی تێیاندا دەکەوێتە رووبەڕووی دوژمن. بەم واتایە ستراتیج بریتییە لە هونەری جەنگ کە نەخشەکێشان بۆ چەند کردەیەکی دیاریکراوی هێزە چەکدارەکان و سەرکردایەتیکردن و هاوئاهەنگیکردن لە نێوان ئەو کردانەدا لە خۆ دەگرێ بە مەبەستی سەرکەوتن بەسەر دوژمندا، کە دەرفەت بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو دەرەخسێنێ. ستراتیج ئاماژەیە بۆ پلاندانان بۆ جەنگ لە کۆی گشتیدا و سەرکردایەتیکردنی، لە کاتێکدا تاکتیك پێوەندی بە پلاندانان بۆ هەر کردەیەك لە کردە جیاوازەکان بە جیا و رێکخستنیانەوە هەیە.

لە بارێکدا ئامانج لە تێکۆشانی ناتوندوتیژی گەڕانە بە دوای رێگەی تری هاوتا و بەدیلی جەنگ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی، ئەوا بۆمان هەیە بە ئاڵوگۆڕێکی پێوانەیی واتاکە لابدەین و قسە لەسەر " ستراتیجی کاری ناتوندوتیژانە" بکەین. ئەو کارەیش بە واتای سەربازاندنی ناتوندوتیژی نایە، بگرە رزگارکردنی ستراتیجە لە مۆرکە سەربازییەکەی.

لە چوارچێوەی ئەم تێڕوانینەدا ستراتیجی کاری ناتوندوتیژانە، پاش شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی خاڵی هێز و لاوازی پاڵەوانە جیاوازەکانی کێشەکە، کار و پلانە جیاوازەکانی خۆی دەستنیشان دەکا و بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ جێبەجێیان دەکا، بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو. ئامانجی ستراتیجی کاری ناتوندوتیژانە زۆرلێکردنی دژبەرە تا بکەوێتە دۆخێك هەست بکا ناچارە رێگەچارەیەك بۆ کێشەکە قبووڵ بکا کە وەڵامگۆی پێداویستییەکانی دادپەروەرییە. پلاندانانی ستراتیجی هەر هەڵمەتێك پێویستی بە تێڕوانینێکی گشتگیر هەیە بۆ رێڕەوی کارە جیاوازەکان لە رێی هەڵایسانێکەوە کە سەربکێشێ بۆ سەرکەوتن.

زەحمەتی گەورە کە ئێمە لە تێگەیشتنی چەمکی ستراتیجی کاری ناتوندوتیژانەدا رووبەڕووی دەبینەوە، لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمە وا راهاتووین رووبەڕووبوونەوە لەنێوان دوو کەس یان دوو گرووپدا بە شەڕکردن "بە چەکی وەك یەك و هاوتا) وێنا بکەین کە تێیدا هەردوو لایەنی دژبەر هەمان ئامرازیان هەیە، یان لانی کەم ئامرازەکانیان هاوتان. هەر هێندەی یەکێك لەو دوو لایەنە ناکۆکە دەست لە بەکارهێنانی ئەو ئامرازە توندوتیژانە هەڵبگرێ کە بەرامبەرەکەی بەکاریان دێنێ، ململانەکە دەگۆڕێ بۆ ململانەیەکی نابەرامبەر بە شێوەیەك ئەو تێکچوونی پارسەنگی هێزە رواڵەتییەی لێی دەکەوێتەوە، بوار دەدا پێشبینی سەرکەوتنی راستەخۆ و کۆتایی لایەنە چەکدارەکە بەسەر لایەنە بێچەکەکەدا بکەین. بە دەربڕینێکی تر ناتوانین شەڕێك بێنینە بەرچاو تێیدا هەردوو لایەنی دژبەر ئامرازگەلی هاوشێوەیان نەبێ. هەر لێك نەچوونێك، هەر ناتەواوییەك لە هاوتابوونی چەکەکاندا، زوو بەزوو وا لێك دەدرێتەوە کە ئەوە کەمایەسییەکی کەمەرشکێن و نزمییەکی رەهایە بۆ کەمچەکەکە، بەبەراورد بە پڕچەکەکە.

بەڵام چەمکی کاری ناتوندوتیژانە خۆی لەخۆیدا بوونی جیاوازی و کەموکوڕی لە هاوتابوونی ئامرازەکانی دەستدرێژیکار و دەستدرێژی لێکراو دەکاتە شتێکی حەتمی. تەنیا ئەم خاڵە سیمامان تێك دەدا و سەرگەردانمان دەکا، چونکە ئەو کەسەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ وەك کەسێکی تەواو رووت و رەجاڵ لەبەردەم کەسێکدا کە سڵ لە بەکارهێنانی توندوتیژی ناکاتەوە دێتە پێش چاومان و لێرەشەوە وا دەبینین ئەوەی یەکەم چانسی تەواوی هەیە لە دۆڕان و سەرەنجام مردنی حەتمی چاوەڕوانی دەکا، رێك وەك ئەو وشترەی رووبەڕووی گورگ دەبێتەوە ! . ئەگەر تەنیا ئەو کەرەستە تەکنیکییانە لەبەرچاو بگرین کە لای مرۆڤی چەکدارن و هاوتایان لای مرۆڤی ناتوندوتیژ نییە، راسە کە ئەمەیان توانای بەرەنگاریکردنی ئەوەیانی نابێ.

لە روانگەیەکی تیۆریی رووتەوە، مرۆڤی چەکدار دەتوانێ تا ئەوپەڕی سنوور توندوتیژی دژ بە مرۆڤی ناتوندوتیژ بەکار بێنێ، کە ئەوە ئەگەرێکە ناتوانین روودانی بەدوور بزانین، هیچ نەبێ لەبەرئەوەی لەڕووی تەکنیکیەوە دەکرێ. بەڵام ئەوە هەر وەك ئەگەرێکی رووت دەمێنێتەوە و مەرج نییە روو بدا، چونکە ئەزموون پێمان دەڵێ رەنگە ئەگەری روودانیشی زۆر نەبێ. بۆ مەزەندەکردنی ئەگەرەکانی دەستبردنی مرۆڤی چەکدار بۆ دەستکردنەوە، نابێ تەنیا فاکتەرە تەکنیکیەکان لەبەرچاو بگیرێن، بگرە دەبێ هۆکارە ئینسانی و دەروونی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش رەچاو بکرێن، چونکە لەڕاستیدا دەشێ ئەم هۆکارانەی دوایی سنوورگەلێك بەسەر مرۆڤی چەکداردا بسەپێنن کە نەتوانێ بەبێ هەستکردن بە شەرمەزارییەکی گەورە بازیان بەسەردا بدا. توندوتیژی بەبێ سنوورگەلێك شتێکی کوێرە بەتەواوی واتای دەستەواژەکە، لەوانەیە هەڵاتنێك بێ بۆ پێشەوە کە پێوەندی بە هیچ ئامانجێکی عەقڵانیەوە نەبێ. لەبەرئەوە ئەم شیمانەیە ئەگەرچی لەڕووی تەکنیکیەوە مومکینە، بەڵام مەرج نییە زۆرترین جار روو بدا.

بژارەی ناتوندوتیژی بژارەیەکی ستراتیجییە کە پێویست دەکا هەموو کارەکانی ناتوندوتیژانە بن، چونکە ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە کارایی تایبەتی خۆی هەیە و بەدڵنیاییەوە هەر کارێکی توندوتیژ پەکی دەخا و شکستی پێدێنێ، کاتێ توندوتیژی و ناتوندوتیژی پێکەوە لە شوێنێکی ململانەدا بن، ئەوا توندوتیژی لۆجیکی خۆی دەسەپێنێ. خەباتێك کە ٩٠٪ی کاری ناتوندوتیژ و ١٠٪ کاری توندوتیژ بێ، تێکۆشانێکی ناتوندوتیژانە نییە کە ١٠٪ کاری توندوتیژی تێدا بێ، بەڵکو ململانەیەکی توندوتیژییە کە ٩٠٪ کاری ناتوندوتیژانەی تێدایە. ئەگەر بۆ نموونە ٣٠٠ کەس پەناگیرییەکیان ئەنجامدا بە دانیشتن لەسەر زەوی بۆ رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی پۆلیس و بەتەواوی بە هەڵوێستی ناتوندوتیژییەوە پابەند بن، هێندە بەسە سێ کەس پۆلیس بەردباران بکەن تا سەرلەبەری کارەکە بخرێتە خانەی توندوتیژی، چونکە یەکەم وێنە کە سەردێڕی هەواڵی تەلەڤزیۆنەکان و لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکان داگیر دەکا، هەواڵی خۆپیشاندانە ناتوندوتیژانەکە نابێ، بگرە ئەگەری زاڵ ئەوەیە هەواڵی بەردهاوێژەکان بێ. دەسەڵاتدارانیش، هەروەك رای گشتی، سڵ ناکەنەوە لەوەی بڵێن ٣٠٣ خۆپیشاندەر پەنایان بۆ توندوتیژییەکی قبووڵنەکراو بردووە دژ بە پیاوانی پۆلیس.

بەهەمان شێوە ئەگەر چەند هەزار کەسێك رێپێوانێکی هێمنانەیان لە شەقامەکانی شارێکدا ئەنجام دا، ئەوەندە بەسە چەندە دەکەسێك دەرگا و پەنجەرەی دوکانەکان بشکێنن تا هەموو خۆپیشاندەرەکان بە "بشکێن" لەقەڵەم بدرێن.

بۆیە جێی خۆیەتی هەر لە سەرەتای کارەکەوە بژارەی ستراتیجیی ناتوندوتیژی بە راشکاوی رابگەیەنرێ، بەشێوەیەك لای هیچ کەس لە هاوبێژ (محاور)انی ئەوانەی کارەکە دەکەن، چ لەنێو هاوبەشەکان یان نەیارەکانیان یان رای گشتیدا نەبێ کە ئەوە نەزانن. دەبێ ئەم راگەیاندنە زەوینە بۆ هێنانەکایەی کەشوهەوا و ژینگەیەکی گونجاو ساز بکا بۆ پەرەپێدانێکی نموونەیی توانا شاراوەکانی کاری ناتوندوتیژانە کە بتوانێ هەموو کارایی خۆی بەرجەستە بکا.

بەم شێوەیە، لە بابەتی ئەگەرەکانی پێکەوە گونجاندنی توندوتیژی و ناتوندوتیژیدا، بەهیچ شێوەیەك ئاڵوگۆڕ لەئارادا نییە، چونکە کارە ناتوندوتیژەکان کاریگەریی خەباتی توندوتیژ بەهێز دەکەن، لەکاتێکدا کارە توندوتیژەکان کاریگەریی تێکۆشانی ناتوندوتیژ پەك دەخەن.

لە ململانە توندوتیژەکاندا لایەنە چەکدارەکان زۆربەی جار دانیشتوان بە بارمتە دەگرن، کاری توندوتیژ دەرفەت ناداتە کۆی هاووڵاتیان بۆ چوونە نێو پرۆسەی خەبات، چونکە دەبینن وا وەك هاووڵاتی لە بەرپرسیاریەتییان داڕنراون. ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە، بەپێچەوانەوە، دەرفەت بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی دەڕەخسێنێ تا رۆڵێکی گەورەتر لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا بگێڕێ. زیاد لەوەیش —ئەمەیش وردەکاری نییە— خۆچەکدارکردنی ژن و پیاو لە بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانەدا یەکسانن.

*** تاکتیك**

# چەکی ناوکی

بەدرێژایی تەواوی ماوەی جەنگی سارد، ئایدیۆلۆجیستانی بیرۆکەی سلەمێنی ناوکی (الردع النووی) جەتیان لەوە دەکرد "هاوسەنگیی تۆقین" باشترین گەرەنتییە بۆ ئاسایشی گەلان و ئاشتیی جیهانی. کاتێکیش گومان دەخرایە سەر لۆجیکی پێشبڕکێی خۆپڕچەککردنی ناوکی، بە روونکردنەوەی ئەوەی کە شتێکی مەنتیقی نییە سەرکێشی بە خۆلەناوبردنەوە بکرێ لەپێناو بەرگری لێکردنیدا، هەر زوو تۆمەتبار دەکران بە بێوەییخوازی (مسالمە)، واتە ترسنۆکی و ناپاکی. کاتێ جەخت لەوە دەکرا کاری ناتوندوتیژانە باشترین رێگەیە کە دەرفەت دەداتە هاوولاتیانی ولاتانی رۆهەلات بۆ بەرەنگاریکردنی دەسەلاتە تۆتالیتاریەکان، دەبوو رووبەڕووی خانەگومانیەکانی "ریالیستەکان" بوەستین. لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئەوەی لە ساڵی ۱۹۸۹ دیواری بەرلینی روخاند، چەکە ناوکیەکانی رۆئاوا نەبوو، بگرە لەڕاستیدا ئەوە بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانەی هاوولاتیانی نێو کۆمەلگەی مەدەنیی ئەوروپای رۆهەلات بوو کە بووە مایەی هەرەسی رێژیمە تۆتالیتارییەکانیان.

بێگومان زۆر لە ستراتیجکار و پیاوانی سیاسەت خۆ نابوێرن لەوەی لافی ئەوە لێبدەن کە "سلەمێنی ناوکی" بوو بەدرێژایی ماوەی جەنگی سارد پارێزگاری لە ئاشتی لە ئەوروپا و جیهاندا کرد. راستە جەنگ رووی نەدا. بەلام ئەوە جێی گومانە کە هۆکارەکەی بدرێتە پاڵ چەکە کۆکوژەکان کە هەردوو جەمسەرەکە هەیانبوو. بەپێچەوانەوە بوونی چەکی ناوکی لای هەردوو سەربازگەکە هەڕەشەی دژبەرەکەی پەرە پێدەدا، لەبری ئەوەی لەبۆتەی بدا.

بە روخاندنی دیواری بەرلین سەردەمی یالتا (۳) بەسەر چوو. بەدرێژایی زیاتر لە چل ساڵ جیهان دابەش بووبوو بەسەر دوو بارستەی دژبەیەك لە سەرەقۆچانێکی ئایدیۆلۆجی و سیاسیدا و هەرلایەك لافی ئەوە لێدەدا کە گرەو لەسەر دەستگرتن بەسەر زەویدا دەکا. ئەمڕۆ ئەو سەردەمە بەکردەوە بەسەر چوو و هەموو شتێك وامان لێدەکا بڕوامان وابێ کە بۆ هەتاهەتایە رۆیشت و ناگەڕێتەوە، هەربۆیە کەوتنی دیواری بەرلین گۆڕانێکی ریشەیی لە شانۆی ستراتیجیی نێودەولەتیدا وروژاند.

ئەوەیش حکوومەتەکان ناچار دەکا چاو بە پێناسەکردنی گرەوە سیاسی و دیبلۆماسی و سەربازی و کۆمەلایەتی و ئابووریەکانیاندا بۆ بژارەکانیان لە بواری بەرگریدا بگێڕنەوە. گومان لەوەدا نییە ئەو مەترسییە جۆراوجۆرانەی بەرۆکی کەرامەت و ئازادیی مرۆڤیان گرتووە، چ لە ئەوروپا و چ لە ناوچە جیاجیاکانی دنیا مەترسیی گەورەن، بەلام بەدڵنیاییەوە ئەوە چەکی ناوکی نییە کە دەتوانێ رووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببێتەوە.

بەلام هێشتا ئەو پێداگرییە سەرسەختانەیەی دەولەتانی خاوەن چەکی ناوکی، کە وەك باوەڕێك رای دەگەیەنن و بەرگری لێدەکەن، هەر وەك خۆیەتی، کە " سلەمێنی ناوکی" دواین دەستەبەرە دژ بە هەڕەشەکردن لە بەرژەوەندییە زیندووەکانی هەریەك لەو دەولەتانە و هەردەم فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بووە لە پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا. لێرەشەوە، بەرپرسانی سەربازی و سیاسی جەخت لەوە دەکەن "سلەمێنی ناوکی" هێشتا زۆر پێویستە. هەربۆیە پێمان نالێن کامەن ئەو سیناریۆ ستراتیجیانەی دەکرێ لە چوارچێوەیاندا چەکی ناوکی بەکار بێ، چونکە هەڕەشەی راستەقینە خۆی لە مەترسیی ئەو بەکارهێنانەدایە. لەگەڵ ئەوەشدا قرچقەپکردن لەو سیناریۆیانە واتای خۆ بەندکردنە لەنێو رەوانبێژییەکی رووتدا، کە لە بنەڕەتدا لەسەر بیرۆکەیەکی سواو لەبارەی مەزنیی نەتەوەیی دامەزراوە.

لە چوارچێوەی ئەو دیمەنە ستراتیجییە نوێیەدا کە پاش رووخانی دیواری بەرلین لە ئەوروپا و جیهاندا شەقڵی گرتووە، ئاخۆ گرینگیی چەکی ناوکی پوچ نەبووەتەوە؟ لەکاتێکدا ناتوانرێ سیناریۆیەکی جێمتمانە دابنرێ کە رێگە بەوە بدا لەڕێی بوونی چەکی ناوکیەوە رووبەڕووی مەترسییەکانی جیهان و ئەو هەڕەشانەی ئاشتی شەکەت دەکەن، ببێتەوە، چونکە هیچ سیناریۆیەك نییە بتوانێ پاساو بداتە ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ناوکی. جا ئەگەر بەکارهێنانی چەکەکە رێی تێنەچێ، کەواتە خودی هەڕەشەکەیش دەبێتە شتێکی بێمانا، ئەوکاتەیش چەکی ناوکی پاساوی بوونی لەدەست دەدا. لێرەدا "هزری

ستراتیجی" خۆی لەبەردەم بۆشاییەکی چەمکبەندیی گەورەدا دەبینێتەوە. هەر ئەم بۆشاییە بۆ خۆی بەسە بۆ سەندنەوەی ڕەوایی لە چەکی ناوکی.

سڵەمێنی ناوکی لەبەردەم فۆڕمە نوێکانی جەنگ و ئەو هەڕەشە واقیعیانەی ئەمڕۆ سەرهەڵدەدەن، تەواو دەستەپاچەیە. هیچ چار نییە دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە لەکاتی جەنگی ساردەوە —نا، بگرە راستتر ئەوەیە دۆخەکە لە کاتی جەنگی ساردیشدا هەر وا بووە— چەکە ناوکیەکان نەبوونەتە مایەی دوورکەوتنەوە لە ململانەی خوێناوی کە لە زۆر ناوچەی جیهان هەڵگیرساون، هەروەك بەشداریی لە چارەسەرکردنی هیچیشیاندا نەکردووە. جگە لەوەیش، لەوکاتەی چەندین دەستدرێژیی خوێناوی لە ساڵانی دوایی لە چەندین وڵات ئەنجام دراون، ئەو راستییە بۆ هەموو کەسێکی هۆشمەند نمایان بووە کە ئەو جۆرە کارانەی بە ئامرازی سەرەتایی لەلایەن هەندێ دەستە و تاقمی تیرۆریستی یان گرووپی دەمارتوندەوە ئەنجام دراون، چەکی ناوکی هیچ رۆڵێکی سڵەمێنی نەبووە.

جێبەندی جیۆستراتیجیی نوێی ئەورووپی و جیهانی هەلی بۆ داماڵینی چەکی ناوکی بەگشتی و تەواوی لەژێر چاودێرییەکی توندی نێودەوڵەتیدا رەخساندووە. مادام سڵەمێنی ناوکی هیچ پەرچەکردارێکی شایستەی نییە بۆ ئەو کێشە جۆراوجۆرانەی دەوڵەتان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا رووبەڕوویان دەبنەوە، هیچ هۆیەکی قایلکەر نییە پاڵ بە دەوڵەتانەوە بنێ بۆ پارێزگاریکردن لە شوێنی خۆیان لە پێشبڕکیی خۆپڕچەککردنی ناوکیدا، یاخۆ گرتنی شوێنێك تێیدا، چونکە ئەو کارە هەڕەشەی سەر "ئاسایشی هاوبەش"ی گەل و نەتەوەکان پتر دەکا. هەربۆیە دەبێ هەرچی زووە پێنج دەوڵەتە زلهێزە ناوکییە رەسمییەکە یەکلایەنە جبەخانەکانیان سووك بکەن و پێکەوە دەستپێشخەرییەك بکەن بۆ ئەنجامدانی دانوستاندێکی نێودەوڵەتی بەمەبەستی رێککەوتن لەسەر لەناوبردنی چەکی ناوکییان. لێرە بەدواوە دەکرێ ئەم لەناوبردنە ئەنجام بدرێ. قەت مەبەستیشمان لەوە "نەهێشتنی داهێنان"ی چەکی ناوکی نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە لە بەرامبەر مەترسیەکانی بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنیدا، کۆنترۆڵی ئەو مەترسیانە بکرێ کە بەسەر مرۆڤایەتیدا هێناون. هەربۆیە داڕشتنی پەیماننامەیەك لەبارەی قەدەغەکردنی چەکی ناوکی، هاوشێوەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی، دەکرێ بەشداریەکی بەهێز بێ لە قایمکردنی ئاشتی لە جیهاندا.

*** جەنگ**

*** سڵەمێنی مەدەنی**

*** بێوەییخوازی**

## دەست بەسەرداگرتنی مەدەنی

لەوانەیە بۆ شکست پێهێنانی دەسەڵاتێکی ناشەرعی، جا نیشتمانی بێ یان بیانی، لەباتیی وازهێنان لە هەر چالاکییەك یان مانگرتن یاخۆ دەستکێشانەوە لە کار، باشتر وابێ ئەو دەسەڵاتە لە ناوەوە بنکۆڵ بکرێ، ئەویش لەڕێی مانەوەی بەردەستەکان لەسەر کارەکانیان بەمەبەستی تێکدان و خراپکردنی ئەو رێنوێنییانەی لە سەردەستەکانیەوە بۆیان دێن. لە چوارچێوەی بزاڤێکی بەرەنگاریکردنی رێکخراودا دەست بەسەرداگرتنی مەدەنی بەردەوامبوونی فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتی و خزمەتگوزارییە گشتیەکان و بەکارهێنەرانی دامەزراوە تایبەتەکان و کۆی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی فراوانتر، لە مانەوە لە شوێنەکانی کارکردنیان دەگرێتەوە، لە چوارچێوەی دامەزراوە و کۆمپانیاکاندا، بەمەبەستی هەوڵدان بۆ وەگەڕخستنیان دژ بە دەسەڵاتی ئارا و لە بەرژەوەندیی بەرەنگاری. ئەرکی هەموو تاکێك لە شوێنی کارەکەیدا بەرەنگاری بکا و کەڵك لە هەموو ئەو ئامرازانە وەربگرێ کە وەزیفەکەی خستونیەتیە بەردەستی، تا دژ بە دەسەڵاتە ناشەرعیەکە بەکاریان بێنێ.

لە قۆناغی یەکەمدا دەکرێ دەست بەسەرداگرتنی مەدەنی شێوەیەك بێ لە هاوکارینەکردن و یاخیبوونی ناڕاستەوخۆ. لەبری ئەوەی راشکاوانە جێبەجیکردنی فەرمانەکانی دەسەڵات رەت بکەینەوە، لەبەردەمیدا بەرواڵەت ملکەچی نیشان دەدەین، بەڵام لە پاشملە کار بۆ جێبەجێنەکردن و پەکخستنیان دەکەین. لای خواری ئەوەیە جێبەجێیان بکەین بەڵام بەئەقەست هەڵەی زۆریان تێدا بکەین، واتە رێك بەپێچەوانەوە جێبەجێیان بکەین، بەشێوەیەك ئامانجی خۆیان نەپێکن. بەم شێوەیە دەکرێ هاوکارینەکردنێکی کرداری بە قبوڵکردنێکی رواڵەتیی هاوکاریکردن پەردەپۆش بکرێ. ئەم یاخیبوونە ناڕاستەوخۆیە دوو تایبەتمەندی هەیە، کە بریتین لەوەی: دەکرێ بە نەرمی جێبەجێ بکرێ، هەروەها خۆی دەبوێرێ لەوەی ببێتە مایەی وروژاندنی سەرکوتکردن بەئاشکرا، یان ئەو سەرکوتکردنە بۆ درێژترین ماوە دوا دەخا، ئەوەیش کاری بەرەنگاریکردن و لە هەمان کاتدا فراوانکرنی مەوداکەیشی ئاسان دەکا.

لەکاتێکدا پێویستە پرۆژەکانی ئەو دەسەڵاتە ناشەرعیەی رووبەڕووی دەبینەوە شکست پێ بێنین، دەبێ پرۆژکانی ئەو بزاڤی بەرەنگارییەی پشتیوانی دەکەین سەربخەین. بەوەیش دەست بەسەرداگرتنی مەدەنی، بە هەمان هەنگاو، بەرنامەی هاوکارینەکردن کە لەڕێیەوە خزمەتکردنی رێژیمێکی زۆردار رەت دەکەینەوە، هەروەها ئەو بەرنامە بنیاتنەرەی کە لەڕێیەوە هەوڵ دەدەین ئەو رێگەچارە بەرهەستانە جێبەجێ بکەین کە بزاڤی بەرەنگاری لەسەر ئەرزی واقیع پێشنیازیان دەکا، بەدی دێنێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا رەنگە خەیاڵپڵاوی بێ کە پێمان وابێ هەمیشە کارێکی ئاسانە فرت و فێڵ و چاوبەست لە نوێنەرانی دەسەڵات بکەین و "گەمە"کەیان لێ بشارینەوە. راستیەکەی مەترسی ئەوە هەیە ئەوانە، زوو بێ یان درەنگ، "گەمە دووسەرە"کەی فەرمانبەر یاخۆ بەردەستە نەیارەکان ئاشکرا بکەن و ئەنجا پەنا بۆ ئامرازەکانی سەرکوتکردنی بەردەستیان ببەن. زیاد لەوەیش، لە بەرامبەر هەندێ فەرماندا، ناتوانرێ سەرپێچییان لێبکرێ مەگەر بەوەی دەستبەجێ بە رەتکردنەوەیەکی روون و راشکاو بەرهەڵستییان بکرێ. یاخیبوونێکی مەدەنیی راشکاوی لەم جۆرە، گژبەریی دەستەویەخەی دەسەڵات دەکا و لە سزا دەربازی نابێ کە لەوانەیە سزایەکی سەخت بێ. هەربۆیە پێویستە بەرەنگاریکردنی راشکاو بە ناوبگیرانە کار بکا و تەنیا بەرهەڵستیی ئەو فەرمانانە بکا کە گرنگییەکەیان لەگەڵ مەترسیی ئەو سزایەی لێی دەکەوێتەوە هاوتا بێ.

کەواتە پێویستە ئەو ئامرازانەی وەڵامدانەوەمان لەبەرچاو بن کە لەبەردەستی دژبەردان و بەهۆیانەوە هەوڵ دەدا سنوورێك بۆ ئەو دەست بەسەرداگرتنە دابنێ و ئەو خزمەتگوزارییە ئیداری و کۆمەڵایەتییانە لەدەستی دەرچوون جڵەو بکاتەوە. بەهێزیی کاردانەوەی دژبەرەکە هاورێك دەگونجێ لەگەڵ ئەو پارسەنگی هێزەی لە بنەڕەتدا هەیە: چەندە ژمارەی ئەو

هاوولاتیانەی لە دەست بەسەرداگرتنە مەدەنیەکەدا بەشدار بوون زیاتر بێ، جڵەوکردنەوەی دۆخەکە بۆ دەسەلاتداران زەحمەتتر دەبێ.

ئەگەر تەرازووی هێز لە بەرژەوەندیی بەرگری پەرەی سەند، ئەوکاتە دەست بەسەرداگرتنە مەدەنیەکە بەئاشکراتر دەتوانێ گژبەریی دەسەلاتی ئارا بکا. لەوکاتەدا دەست بەسەرداگرتنەکە دەبێتە هاوکاری نەکردنێکی راستەوخۆ: چی تر فەرمانبەران ناچار نابن خۆیان بە پابەند نیشان بدەن و دەتوانن راشکاوانە یاخیبوونی خۆیان لە دەسەلات رابگەیەنن. چاوەڕوان دەکرێ فراوانبوونی ئەم دەست بەسەرداگرتنە رێژیمێك بهەژێنێ و بەشدارییەکی کاریگەر لە روخاندنیدا بکا.

*** یاخیبوونی مەدەنی**

*** هاوکاری نەکردن**

# ئوسوڵیەت (فەندەمێنتالیزم)

ئاینە مێژووییە گەورەکان تا ئەمڕۆیش ڕۆڵێکی سەرەکییان لە سەرهەڵدانی کولتور و شارستانێتیەکاندا بینیوە و جێپەنجەی خۆیان لە دروستکردنی شارەکان لەڕووی سیاسییەوە بەقووڵی بەجێ هێشتووە. بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە ئەو ئاینانە بەزۆری ئەرکی "ناتوندوتیژبوون"یان فەرامۆش کردووە و چوونەتە ریزی ئایدیۆلۆجیا باوەکانی توندوتیژیی پێویست و شەرعی و شەریف. زۆربەی جاریش ئاینەکان لەڕێی فێرکردنی وشکی گوتارێکی عەقائیدیی داخراوەوە، لەبری ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ سۆزنواندن بەرامبەر ئەوانی تر، بۆ رقئەستوری بەرامبەریان ئامادەیان کردووە. بەوەیش ئاینەکان وزەیان داوەتە ئەو نەتەوە تایفییانەی بەئاشکرا جیاکاری و وەلانان و توندوتیژی بەکار دێنن. ئەوان لەڕێی هاوپەیمانیکردنیان لەگەڵ تاغوتی توندوتیژیدا، رەهەندە ئەخلاقی و رۆحی و میتافیزیکییەکانیان فەرامۆش کردووە، هەروەها دەبێ باسی رەهەندە لاهوتی-سیاسییەکانی توندوتیژیش بکەین، چونکە تەنیا بەوەوە نەوەستاوە دانی ناوە بەوەی توندوتیژی مافێکی سروشتیی مرۆڤە لە چوارچێوەی بەرگریکردنی رەوا لە بەرژەوەندیەکانیدا، بگرە لە چەندین هەلومەرجدا پیرۆزیشی بە توندوتیژی داوە بەوەی بەستویەتیەوە بە کۆمەکییەکی خواییەوە. ئاین کاتێ پیرۆزی بە توندوتیژی دا، بەوە توندوتیژی پیرۆز نەبوو بەڵکو ئاین پیس کرا، بەوە ئاین هەر زۆر پیس کرا، هەر ئەوە کە قایل بووە دەست لەگەڵ توندوتیژی تێکەڵ بکا بەڵگەی ئەوەیە پێشتر لێی قەماوە.

ئسولیەتی ئاینی بەهێزترین هەڵگری توندوتیژییە: هەر هێندەی خەڵکێك یەقینیان پەیدا کرد تەنیا ئاینەکەی ئەوان ئاینی راستەقینەیە، رێگە بە خۆیان دەدەن لافی ئەوە لێبدەن راستەقینە تەنیا لای ئەوانە و دەگەنە ئەو قەناعەتەی خوای گەورە ئەرکی بەرگریکردن لەو راستەقینەیەی بەوان سپاردووە، بەوەیش نەك تەنیا ئەرکی کافرکردنی زندیقکارییەکان ، بگرە ئەرکی جەنگان لەدژی زندیقەکانیش دەگرنەئەستۆ. کەواتە فەندەمێنتاڵیزمی ئاینی -مێژوویش پێمان دەڵێ فەندەمێنتاڵیزم داوگەیەك بووە هەموو ئاینەکانی تێ کەوتووە- دەستودەم ئایدیۆلۆژیای (جیهاد) بەرهەم دێنێ کە ئەو قورساییە گەورەیەی لە مێژووی ئاینەکاندا هەبووە.

لە لۆجیکی بابای ئسولیدا مادام هیچ پرسێك نییە لە پرسی خوا دادپەروەرانەتر بێ، کەواتە هیچ توندوتیژییەکیش شەرعیەتی لە توندوتیژیی جیهادکردن زیاتر نییە. بەم شێوەیە ئایدیۆلۆجیای ئسولی توندوتیژی دەپیرۆزێنێ، بکوژە دیندارەکان لە هەموو بکوژەکان سەرسەختترن و لە هەموانیش کەمتر هەست بە پەشیمانی لە کردەوەکانیان دەکەن.

مرۆڤی فەیلەسوف-جا چ بڕوادار بێ یان نەبێ-  لە گەڕانی بەدوای دانایی گەردوونیدا ناتوانێ ئایدیۆلۆجیای ئسولیەکان پوچ نەکاتەوە و سەرکۆنەی نەکا و بەگژیدا نەچێتەوە. لەوانەیە فەلسەفە نەتوانێ خوای راستەقینە بناسێتەوە، بەڵام لانی کەم دەتوانێ خواوەندە پوچ و بەتاڵەکان بناسێتەوە، ئەویش لەڕێی هەوڵەکانیان بۆ قسەکردن بەناوی خواوە بەو شێوەیەی کە راست نیە، ئەمەیش خۆی لەخۆیدا یەکلاکەرەوەیە. فەیلەسوف بیرۆکەی خواوەندێك رەت دەکاتەوە کە فەرمان بە مرۆڤی ئیماندار بکا بۆ سەپاندنی رێزگرتنی ئیمان و عەقیدە و شەرع و سیستم پەنا بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی ببا. بەلای فەیلەسوفەوە دژ و پێچەوانەی ئیمان بێئیمانی نییە، بەڵکو توندوتیژییە. هەرچۆن بێ، کفرکردن بە خوا چاوپۆشین نییە لەوەی خوا هەیە، بەڵکو بانگەشەکرنی ئەوەیە کە ئەو بە توندوتیژی مرۆڤ رازییە و پاساوی دەداتێ و پەسەندی دەکا. لەوەیش بەدتر ئەوەیە کە لەوانەیە فەرمانیشیان پێبکا.

لە چوارچێوەی ئەم دیدگایەدا، یەکەمین راستی کە دەکرێ مرۆڤی هۆشمەند دەری ببڕێ کاتێ مێشکی خۆی لە بیرکردنەوە لە بوونی خوادا دەگوشێ، ئەوەیە: حاشا ئەو خواوەندە زاتێکی توندوتیژ بێ. توندوتیژی بەو نامۆیە و ئەو لە سەروو تووڕەیی و ئیرەیی و تۆڵەسەندنەوەوەیە. خوا، لە هەموو بارەکاندا، ناتوندوتیژییەکی پەتییە. کەواتە ئەقڵ فێرمان دەکا ئەو خواوەندانەی لەگەڵ توندوتیژیی مرۆڤدا هاوپەیمانی دەبەستن و رەوایی پێ دەدەن و هەندێ جار فەرمانی پێدەکەن،

بەدڵنیاییەوە لە کۆمەڵگەی پانثیون pantheonی تایبەت بە خواوەندە بەتاڵەکاندا نیشتەجێن. بەم شێوەیە "پەروەرێنی سەربازەکان" بەدڵنیاییەوە خواوەندێکی بەتاڵە. خوای راستەقینە، هێندەی مرۆڤ بتوانێ بیناسێ، "خواوەندێکی بێلایەنە". کاتێ مرۆڤ لەسەر زمانی خواوەندێك دەڵێ کە ئەو توندوتیژیی مرۆڤەکان پەسەند دەکا، ئەوە بەهیچ شێوەیەك قسەی خوا نییە کە باسی خۆی بکا، بگرە قسەی مرۆڤە لەبارەی خواوە، قسەی مرۆڤێکە بەهەڵە قسە دەداتە پاڵ خوا، چونکە مرۆڤ هەردەم پێویستی بەوەیە پاساو بۆ توندوتیژییەکەی بتاشێ، کاتێ باوەڕی بە خواوەندێکیش هەبێ، ئەوە دەبێ قەناعەت بەخۆی بێنێ کە خواوەندەکەی بەو توندوتیژییەی رازییە. دابڕینی خوا لە چەك فەریزەیەکی فەلسەفی و کولتوری و سیاسییە و تەنیا تایبەت نییە بە ئیمانداران، بگرە هەموو ئەو هاووڵاتییانەیش دەگرێتەوە کە پەرۆشی دروستکردنی جیهانێکی ئارام و دڵنیان.

ئەگەر بەڕاستی بنەمای ناتوندوتیژی بنچینەی فەلسەفە بێ، ئەوە جێی خۆیەتی جەخت لەوە بکرێ ئەم بنەمایە لەپێش هەموو رەچاوکردنە ئاینیەکانەوە دێ. ئەم جەختکردنەوەیش بەحەتمی دەبێ سەربکێشێ بۆ دابڕانێکی ریشەیی لەگەڵ هەموو رێبازە ئاینیەکان، نەك تەنیا ئەوانەیان پێوەندییان بە جیهادەوە هەیە، بگرە بەوانەیشەوە پێوەندییان بە جەنگی دادپەروەرانە و توندوتیژیی رەواوە هەیە. پێویستە "دیندارەکان" خۆیان پێشڕەو بن لەوەی ئازایەتیی ئەنجامدانی ئەو جۆرە دابڕانەیان هەبێ ئەگەرچی "کەلەپور"ەکەیشیان بخاتە بەر تۆمەتبارکردن. مرۆڤی رۆحانی –جا چ باوەڕی بە خوا هەبێ یان نا– پیاوی دابڕانە. ئەو زەوی هێندە خۆش دەوێ وای لێدەکا خۆی نەبەستێتەوە بە پارچە زەوییەکی دیاریکراوەوە. بەلای ئەوەوە هیچ خاکێك پیرۆز نییە، بۆیە هەمیشە ساز و ئامادەیە تا خاکەکەی بەجێ بێڵێ تا گەشت بە کون و قوژبنەکانی جیهاندا بکا. ئازاد لە ئامێزی خۆرەتاو و باران و بەفر و بادا.

ئێمە وا راهاتووین ئەو کارە توندوتیژییانەی سەرکۆنەیان دەکەین بدەینە پاڵ جۆرە جیاوازەکانی پەرگیری، بەڵام بەبێ ئەرسۆزۆکسیاتەکان (خۆ بە هەقی رەها زانین) ئسولیەکان سەرهەڵنادەن، چونکە ئەمەی دوایی پێشوەخت سەرەڕۆییەکانی ئسولیەکان پاساو دەدا، ئەویش لەڕێی دامەزراندنی هەردوو رێبازی توندوتیژیی رەوا و جەنگی دادپەروەرانە و لەڕێی پاساودانی بەکارهێنانی ژیرانەی توندوتیژییەوە، لەکاتێکدا توندوتیژی ناژیرە و خۆی لەخۆیدا هەڵە و سەرەڕۆییە. بۆ بەگژاچوونەوەی توندوتیژی دەبێ تا حەشارگەکانی راو بنرێ، کە خۆی لە پەنای ئۆرسۆزۆکسیەکاندا حەشار داوە و وەدەربنرێ.

بۆ ئاینەکان وا باشترە، لەبری ئەوەی هەموو لافی ئەوە لێبدەن ئاینی ئاشتین، بوێریی رۆحی و بێگەریی هزریی ئەوەیان هەبێ دان بەوەدا بنێن کە هەموویان هاوکات ئاینی جەنگیش بوون. ئەمەیش ناچاریان دەکا نەك تەنیا بۆ دانانان بە هەڵەکانیاندا، بگرە بە بەهەڵەدا بردنەکەشیاندا بەشێوەیەکی تایبەت. دیارە دانانی ئاین بە لەخشتەبردنەکەی زۆر لە دانانی بە هەڵەکانیدا ئاستەمترە، چونکە هەڵەکان تەنیا مرۆڤ تۆمەتبار دەکەن، لەکاتێکدا لەخشتەبردن راستەوخۆ ئاینەکە تۆمەتبار دەکا. گرینگە و بگرە واباشە مرۆڤ تۆبە لە هەڵەکانی بکا، بەڵام لەوە گرینگتر ئەوەیە دان بەوەدا بنێ هۆ و پاساودەری هەڵەکانی بەهەڵەداچوون بووە – بەهەڵەداچوون لە رێباز و لە بیرکردنەوەدا– و تاکە رێگە بۆ گەڕانەوە لە بەهەڵەداچوونەکەی، راستکردنەوەیەتی.

* راستی

* رۆحانیەت

## مانگرتن

مانگرتن خۆی شێوەی کارکردنی راستەوخۆیە کە لەسەر بنەمای هاوکاری نەکردن دامەزراوە، چونکە هیچ دامەزراوە و کارگێڕییەك ناتوانێ بەبێ هاوکاریی خۆویستانەی کرێکاران و کارگوزاران کارەکانی راپەڕێنێ. لەو ساتەی ئەوانە بڕیار دەدەن بەمەبەستی گەیاندنی داواکارییەکانیان دەست لە کارکردن هەڵبگرن، پاڵەپەستۆیەکی راستەقینەی ئابوری و کۆمەڵایەتی دەخەنە سەر خاوەن کار و بەڕێوەبەرەکانیان، کە ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر خۆ لە داوانامەکەیان نەبان بکەن. مانگرتن بۆ ئەوەی بەڕاستی کاریگەر بێ، دەبێ توانای خۆڕاگریی درێژخایەنی هەبێ: دەبێ مانگرتووان خۆڕاگر بن تا کارەکەیان دژبەر ناچار دەکا بە چارەسەکردنی کێشەکە لەڕێی دانوستاندنەوە. هەروەك دەکرێ بیر لە مانگرتنی ئاگەدارکردنەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بکرێتەوە.

لە کەرتی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و هەروەها لە کەرتی دابەشکردنی بازرگانیشدا کات لە بەرژەوەندیی خاوەنکارەکان نییە، چونکە ناتوانن زۆر لەگەڵ فەلەجبوونی دامەزراوەکانیاندا هەڵبکەن. هەر رۆژێکی زیاتری مانگرتن بارگرانیی زیانەکانی وەستانی کرێکاران لە کار زیاتر دەکا. بەڵام لە بەرامبەردا سووربوونی مانگرتووان لەسەر مانگرتنیش لە مەترسیی داچۆڕان بەدوور نییە کە لە درێژەکێشانی ماوەکە دەکەوێتەوە، چونکە بڕانی سەرچاوەی بژێوی بەهۆی مانگرتنەکەوە دوور نییە لە مەودای دووردا مانگرتووان ناچار بکا بەبێ گەیشتن بە ئامانجەکەیان دەست بە کار بکەنەوە. مەترسییەکە لەوەدایە مانگرتنەکە لەخۆوە "هەڵبوەشێتەوە"، چونکە زۆربەی کات هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لەڕێی دانوستاندنەوە مانگرتووان والێدەکا بە رێگەچارەیەك قایل بن.

لەکاتی مانگرتنەکەدا پابەندبوونی بەکاربەران دەتوانێ کێشێکی زۆر گەورەی لە پەرەسەندنی پارسەنگی هێز لەنێوان بەڕێوەبەرایەتیەکە و کارگوزارەکاندا هەبێ. هەربۆیە زۆرجار "شەڕی رای گشتی" لە دیاریکردنی ئەنجامی ململانەکەدا یەکلاکەرەوەیە، هەرلایەکیان بتوانێ پاڵپشتیی رای گشتی بەدەست بێنێ، ئەو لایەنە لە پێگەیەکدا دەبێ بتوانێ پێشنیازی دانوستاندن بکا. بۆیە دەبێ مانگرتووان هەڵمەتی بەرفراوانی راگەیاندن و روونکردنەوە لای جەماوەر ئەنجام بدەن تا بەڕوونی لە رەهەندەکانی ململانە ئاراکە تێبگا، چونکە ناکرێ بکرِ و بەکاربەران هاوهەڵوێستیی خۆیان دەربڕن تا بەباشی لە دروستیی پرسی مانگرتووەکان و رەوایی داواکانیان تێنەگەن، بەپێچەوانەوە دوور نییە خراپییەکانی مانگرتن ئەو کەسانەی رۆژانە تاڵاوی دەچێژن زۆر ئەزیەت بدا، نەخاسمە کاتێ مانگرتنەکە لە کەرتێکی "هەستیار"دا روو بدا، وەك لە کەرتی خزمەتگوزارییە گشتیەکاندا. ئەو بێزارییەی لەوکاتەدا لای دانیشتوان دروست دەبێ، رەنگە ببێتە کۆسپێکی نەگریس لەبەردەم درێژەدان بە مانگرتنەکە و لەوێشەوە لەبەردەم سەرکەوتنیدا، بەتایبەت کە بەڕێوەبەرانی دامەزراوە یان کارگێڕییەکە هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ قووڵکردنەوەی ئەو قەڵسییەی خەڵك تا زۆرترین سوود و قازانجی لێ بچننەوە.

لە دامەزراوە خزمەتگوزارییەکاندا، زۆر لە بەرژەوەندیی مانگرتووواندایە کە، جگە لەو "لای خوار"ی خزمەتەی رەنگە یاسا بیسەپێنێ، ئەگەر دەرفەت هەبوو خزمەتگوزارییەکانیان بەخۆڕاییش پێشکێش بە بکرِ و بەکاربەران بکەن، چونکە لەو کاتەدا ئەو خەڵکە زیاتر و باشتر لە رەهەندەکانی مانگرتنەکە دەگەن، هەروەها بۆ دڵنیابوون لە هاوهەڵوێستییان لەگەڵ مانگرتووان و بەوەیش بەشداریکردن لە ئاسانکردنی سەرکەوتنیان.

*** مانگرتنی گشتی**

*** هاوکاری نەکردن**

# مانگرتنی گشتی

بانگەشەکردن بۆ مانگرتنی گشتی کاتێ دەبێ ئاماژە بدرێتە هەموو هاوولاتیان –بە فەرمانبەر و کارگوزار و کرێکارانەوە– چالاکییەکانیان رابگرن بەمەبەستی پەکخستنی ژیانی ئیداری و ئابووریی ولاتێك یان ناوچەیەك یاخۆ شارێك.

دەکرێ مانگرتنی گشتی بۆ ماوەیەکی کورت ئەنجام بدرێ: رۆژێك، چەند سەعاتێك یاخۆ تەنیا چەند خولەکێك. (پرۆسەکانی "شارە مردووەکە" کە تێیدا داوا لە هەر هاوولاتییەك دەکرێ هەموو چالاکییەکانی رابگرێ، راستەوخۆ سەر بە مانگرتنی گشتیی کورت مەودایە). ئامانجیش لەو کاتەدا کارێکی رەمزییە بۆ نیشاندانی مکوڕبوونی روونی گەل لە کێشەیەکیدا لەگەڵ دەسەلاتێکی سیاسی یان ئابووری. بۆ سەرکەوتنی کارێکی وا فراوان، پێشوەخت گریمانە دەکرێ کە دانیشتوان لەبارەی رەهەندەکانی ململانە ئاراکەوە هۆشیار و ئاگەدار بن. بۆ ئەوەی کاریگەریی مانگرتنە گشتییەکە کورتمەودا و دوابڕاو نەبێ، دەبێ لەکاتی مانگرتنەکەدا پێشنیاز بۆ دانیشتووان بکرێ هەندێ کاری تر ئەنجام بدەن کە ببنە مایەی درێژەکێشانی ململانەکە. هەروەها دەبێ ئەو جۆشدانە سەرتاسەرییەی لە مانگرتنەکە دەکەوێتەوە، لەڕێی شێوەی تری دەستوەردان و هاوکاری نەکردنەوە تەشەنە بکا.

لە دۆخێکی نائاساییدا نەبێ ناکرێ بڕیار لەسەر ئەنجامدانی مانگرتنی گشتیی بێ سنوور و ماوە نادیار بدرێ، چونکە رەهەندی سیاسیی ململانەکە بۆ کۆمەڵگە یەکلاکەرەوەیە. کەواتە ئامانج دەستپێشخەریکردنە بۆ ئەزموونکردنی هێزێکی راستەوخۆ و بەرەیی، یان لەگەڵ دەسەلاتی ئارا یان لەگەڵ دەسەلاتێکی خۆسەپێن کە هەوڵ دەدا لەڕێی کودەتا یان دەستدرێژییەکی دەرەکیەوە خۆی بسەپێنێ، ئەویش بۆ ناچارکردنی ئەو دەسەلاتە تا خۆبەدەستەوە بدا یان ناچاری پاشەکشە ببێ. بەم شێوەیە بیرۆکەی مانگرتنی گشتیی تەواوی گەلێك، کە سوورە لەسەر پساندنی پەتی ستەمکاری و زۆرداری کە باری سەرشانی گران کردووە و چارەنووسی زەوت کردووە، گونجاوترین بەرجەستەکردنی بنەمای ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە خۆیەتی. بەلام نابێ لە بایەخی ئەو زەحمەتییانە کەم بکەینەوە کە رووبەڕووی بەرجەستەکردنی ئەم بیرۆکەیە لە مێژوودا دەبنەوە.

مانگرتنی گشتی بۆ ئەوەی کردەنی و راستەقینە بێ، دەبێ لە ماوەی تا رادەیەك کورتدا سەربکەوێ. ئەگەر وا رێ کەوت زیاد لە پێویست تووڵی کێشا، مەترسیی گەورە لەئارادا دەبێ کە ئەنجامەکەی بەسەر دانیشتوان خۆیاندا بشکێتەوە. بۆیە دەبێ مانگرتووان خۆیان یەکەم کەس بن ملکەچی بن و گومان لەوەدا نییە سەرەنجامی شکستهێنان زیانێکی درێژمەودای دەبێ. بۆیە دەبێ کات لە بەرژەوەندیی رێژیمی دژبەر نەبێ کە لەوانەیە چاوەڕوان بکا تا مانگرتنەکە ئاشبەتاڵ دەکا، ئەنجا دەست بە هێرش بکا و پرسەکە بباتەوە. لەبەرئەوە پێویستە دەست بە ئامرازەکانی درێژکردنەوەی تاقیکردنەوەی هێزەوە بگرن، ئەویش بە پارێزگاریکردن لە چالاکییەکی ئابووریی کەمتر کە بەهۆیەوە پێداویستییە بنەڕەتیەکانی ژیانیان دابین بکەن. وا باشە سەرەتا خۆراکی پێویست ئەمبار بکرێ، چونکە ناکرێ مانگرتنی گشتی، مانگرتنێکی ماوە نادیار لە خواردن بەسەر دانیشتواندا بسەپێنێ! هەروەها پێویستە کار بکەن بەشێوەیەك ئەوانەی لە کەرتی تەندروستیدا کار دەکەن بتوانن لای خواری خزمەتگوزاریەکان دابین بکەن.

ئەگەر شانبەشانی هاوهەڵوێستییەکی کۆمەلایەتیی راستەقینە، پاڵنەرێکی دەروونیی دەستەجەمیی بەهێزیش هەبێ، ئەوا دانیشتوان دەتوانن ئەو رێوشوێنە یاسابەندی (تقنینی)یانە قبووڵ بکەن کە دۆخەکە دەیانسەپێنێ. بەلام نابێ لەو بنمیچە دابەزن کە تێیدا بارگرانییەکانی ژیان دەگەنە ئاستێك لە دەرەوەی توانای بەرگەگرتن بن.

بۆ ئەوەی مانگرتنی گشتی سەرکەوتن بەدەست بێنێ، گرینگە سەرکردەکانی بەرەنگاری ئامانجە سیاسییەکانی ململانەکە بەوردی دەستنیشان بکەن و لەوە دڵنیا بن کە بە کردەوە دەکرێ بێنە دی. هەروەها ئەرکی ئەوانە ئامرازی ئەو ئامانجانە

بەجوانی بۆ خەڵك و بۆ دەسەڵاتە دژبەرەکەیش روون بکەنەوە، ئەگینا دوور نییە مانگرتنە گشتییەکە سەربکێشێ بۆ یاخیبوون کە سەرەنجامەکەی بەبێ هیچ گومانێك شکست دەبێ.

کۆتا ئەنجامی ململانەکە پێوەندی بە پەرەسەندنی پارسەنگی هێز لەنێوان دوو لایەنە ناکۆکەکەوە هەیە. لێرەدا مەترسی ئەوە هەیە هەڵوێستی هێزەکانی پۆلیس و سوپا لە کۆتاهێنان بە مانگرتنەکە یەکلاکەرەوە بێ، بۆیە پێویستە سەرکردەکانی بزاڤەکە هەوڵ بدەن پێشوەخت پێوەندی بە نوێنەرانی هێزە ئەمنیەکانەوە بکەن بەمەبەستی قایلکردنیان بەوەی ئەگەر پاڵپشتیی بەهێزیشیان ناکەن، هیچ نەبێ بێلایەن بن. ئەگەر سەرکەوتن دوا کەوت و مانگرتنە گشتییەکە نیشانەی شەکەتی و هەناسەبڕکێی پێوە دەرکەوت، پێویستە سەرکردەکانی بزاڤەکە بڕیاری هەڵپەساردنی مانگرتنەکە بدەن پێش لەوەی شکست بێنێ، ئەوەیش وەك ستراتیجیەتێکی پاشەکشە کە دەرفەتی ئەوەیان دەداتێ جڵەوی دەستپێشخەریی هێرشکردن لە چوارچێوەی ململانەیەکی درێژمەودادا، لای خۆیان بهێڵنەوە.

*** هاوکاری نەکردن**

## مانگرتن له‌ خواردن

له‌ ڕێبازه‌ ئاینی و ڕۆحیه‌کاندا ڕۆژوو بریتییه‌ له‌ خۆگرتنه‌وه‌ی خۆویستانه‌ له‌ خواردن له‌ ماوه‌یه‌کی دیاریکراودا، که‌ ده‌رفه‌ت ده‌داته‌ ڕۆژووان تا خۆی بۆ نزا و نوێژ و بیرکردنه‌وه‌ ته‌رخان بکا. له‌م حاڵه‌ته‌دا ڕۆژووگرتن وه‌ك ماوه‌یه‌کی خۆ خاوێنکردنه‌وه‌یه‌.

ده‌شێ له‌نێو کۆمه‌ڵێکی دیاریکراودا ئامانج له‌ ڕۆژووگرتن هێنانه‌کایه‌ی ئاشته‌وایی بێ کاتێ ناکۆکی ده‌که‌وێته‌ نێوان دوو که‌س یان زیاتردا و ده‌کرێ ته‌نیا لایه‌نێك له‌ دوو لایه‌نه‌ ناکۆکه‌که‌، یان هه‌ردوو لایه‌نه‌که‌ یان گرووپه‌که‌ به‌گشتی ڕۆژووه‌که‌ بگرن. ئه‌و کاره‌یش بۆ گوشارخستنه‌ سه‌ر ئه‌وانی تر بڕیاری له‌سه‌ر نادرێ، به‌ڵکو به‌نیازی هاتنه‌وه‌ هۆشی دووسه‌ره‌یانه‌. له‌و هه‌لومه‌رجه‌دا له‌پێناو دۆستاندا ڕۆژوو ده‌گیرێ نه‌ك دوژمنان.

هه‌روه‌ك ده‌کرێ له‌به‌ر هۆی پزیشکی و چاره‌سه‌رکردن ڕۆژوو بگیرێ. به‌ڵام کاتێ که‌سێك یاخۆ چه‌ند که‌سێك بۆ ده‌رخستنی سته‌مێك له‌سه‌ر گۆڕه‌پانه‌ گشتییه‌که‌ و بۆ بزواندنی ڕای گشتی و ده‌سه‌ڵات پێکه‌وه‌، ڕازی نابن نان بخۆن، له‌م کاته‌دا ره‌وا نییه‌ باس له‌ "ڕۆژوو" بکرێ، بگره‌ باسه‌که‌ باسی "مانگرتنه‌ له‌ خواردن".

## مانگرتنی سنووردار له‌ خواردن

مانگرتنی سنووردار له‌ خواردن شێوه‌ ده‌ستپێشخه‌رییه‌که‌ که‌ بریتییه‌ له‌ گتکردن له‌ خواردنی هه‌ر خۆراکێك له‌ ماوه‌ی چه‌ند ڕۆژێکدا (له‌نێوان سێ تا سی ڕۆژ) به‌مه‌به‌ستی سه‌رکۆنه‌کردنی هه‌ڵوێستێکی سته‌مکارانه‌ی تایبه‌ت له‌سه‌ر گۆڕه‌پانی گشتی. مانگرتن له‌ خواردن گتکردنه‌ له‌ خواردن، به‌ڵام گتکردن نییه‌ له‌ خواردنه‌وه‌. ئه‌گه‌ر جه‌سته‌ی مرۆڤ به‌گشتی زۆر زیاد له‌وه‌ی خه‌ڵك گومان ده‌با، بۆ سێ تا چوار هه‌فته‌ به‌رگه‌ی نه‌خواردن بگرێ، به‌ڵام ناتوانێ هێنده‌ به‌رگه‌ی ئاو نه‌خواردنه‌وه‌ بگرێ. که‌واته‌ ئامانج مانگرتن نییه‌ له‌ خواردنه‌وه‌، بگره‌ به‌پێچه‌وانه‌وه‌ پێویسته‌ ڕۆژانه‌ چه‌ند جارێك ئاو بخورێته‌وه‌. با ئه‌وه‌یش روون بکه‌ینه‌وه‌ که‌ ئه‌گه‌ر مرۆڤ شیر یان شه‌ربه‌تی میوه‌ یان چا بخواته‌وه‌، نابێته‌ مانگرتن له‌ خواردن به‌ واتا ورده‌که‌ی وشه‌که‌، چونکه‌ ئه‌و خواردنه‌وانه‌ خۆراکیشن.

ده‌کرێ ئه‌و سته‌مه‌ی سه‌رکۆنه‌ ده‌کرێ ڕاسته‌وخۆ پێوه‌ندی به‌ مانگره‌کانه‌وه‌ هه‌بێ، هه‌روه‌ك ده‌کرێ سته‌مه‌که‌ له‌سه‌ر که‌سانی تر بێ و ئه‌وان بیانه‌وێ به‌و کاره‌یان هاوهه‌ڵوێستیی خۆیان له‌گه‌ڵیان ده‌رببڕن. مانگران ده‌یانه‌وێ له‌ڕێی ڕاگرتنی ره‌وتی ئاسایی زه‌مه‌ن، که‌ به‌وردی به‌ کاتی ژه‌مه‌کان دیاری کراوه‌، ئاماژه‌ به‌ سته‌مێك بکه‌ن که‌ خۆی له‌ پشت "ڕێژیمی ئارا"وه‌ حه‌شار داوه‌ و ده‌بێ زوو به‌زوو ریسوا بکرێ. مه‌به‌ست له‌ مانگرتن له‌ خواردن بزواندنی به‌رپرسانی سته‌مه‌که‌یه‌ تا گوشارێکی مه‌عنه‌وییان بخاته‌ سه‌ر. هه‌روه‌ك له‌ هه‌مان کاتدا گه‌رمکردنی ڕای گشتیشه‌ تا ئه‌ویش به‌نۆره‌ی خۆی پاڵه‌په‌ستۆیه‌کی کۆمه‌ڵایه‌تی بخاته‌ سه‌ر ئه‌و خاوه‌ن بڕیارانه‌.

هه‌رکات پێشوه‌خت به‌ڕوونی ڕابگه‌یه‌نرێ که‌ ماوه‌ی مانگرتنه‌که‌ له‌ خواردن سنوورداره‌، ئامانج له‌وه‌ کارتێکردن و وشیارکردنه‌وه‌ و به‌ده‌ستهێنانی جه‌ماوه‌رییه‌ به‌مه‌به‌ستی قایلکردنیان، نه‌ك زۆرلێکردنیان. بابه‌ته‌که‌ لێره‌دا بریتییه‌ له‌ به‌رپاکردنی "ڕووداوێکی ڕۆژنامه‌وانی"، به‌وه‌یش وروژاندنی گفتوگۆیه‌کی جه‌ماوه‌ری. وه‌ك هه‌موو ئه‌و کارانه‌ی ده‌ویسترێ ڕۆژنامه‌کان باسیان بکه‌ن، که‌سایه‌تیی بکه‌ره‌کان ڕۆڵێکی گرینگ له‌و کاریگه‌رییه‌ی دروست ده‌بێ ده‌بینێ. جێی داخه‌ که‌، بمانه‌وێ و نه‌مانه‌وێ، هه‌موو هاووڵاتیان له‌ به‌رچاوی هۆیه‌کانی ڕاگه‌یاندندا یه‌کسان نین. لێره‌وه‌ مانگرتنی سنووردار له‌ خواردن خۆی له‌خۆیدا هیچ کێشێکی بۆ ناچارکردنی بڕیار به‌ده‌ستان نییه‌. ئه‌وان ده‌زانن کاره‌که‌ درێژه‌ ناکێشێ و به‌گشتیش کاتی ئه‌وه‌یان هه‌یه‌ چاوه‌ڕوانی کۆتاکه‌ی بکه‌ن. به‌ڵام ئه‌گه‌ر مانگران بتوانن به‌شێکی گرینگ له‌ ڕای گشتی جۆش بده‌ن به‌

قەناعەت پێکردنیان بە مەترسیی کێشەکە و گرینگیی زۆری دۆزینەوەی چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆی، ئەوە دەتوانن زەوینە بۆ دروستکردنی پاڵەپەستۆیەکی کۆمەڵایەتیی راستەقینە لەسەر بڕیار بەدەستە دژبەرەکان ساز بکەن.
بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەری بەدەست بێنن، گرینگە شانبەشانی مانگرتن لە خواردن ژمارەیەك چالاکی بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری و هاوهەڵوێستی (وەك رێکلام، دابەشکردنی بڵاوکراوە، ئیمزاکردنی حاڵنامە،...) ئەنجام بدرێ. هەروەك دەکرێ بۆ هەمان مەبەست دەست بە هەندێ مانگرتنی تر لە خواردن لە شوێنانی تر بکرێ.
ماوەتەوە، بڵێین مانگرتووان بەهۆی سنوورداریی ماوەی کارکردنەکەیان، زۆربەی جار لەتوانایاندا نابێ هاوسەنگییەکی هێز بێننە کایە کە بۆ بردنەوەی پرسەکە پێویستە. ئەگەر کارەکەیان دەستپێشخەرییەکی دابڕاو بێ، مەترسی هەیە کاریگەرییەکەیشی راگوزەر بێ. بۆیە پێویستە مانگرتنی سنووردار لە خواردن بەتایبەت، وەك ئەڵقەیەك لە ئەڵقەکانی کارە جیاوازەکان لە زنجیرەی تێکۆشانی ناتوندوتیژانەدا دابنرێ.

## مانگرتنی کراوە لە خواردن

مانگرتنی کراوە یاخۆ بێسنوور لە خواردن کارێکە سروشتی تەواو جیاوازە لە مانگرتنی سنووردار لە خواردن. مانگرتنی بێسنوور لە خواردن وەك مانگرتنی سنووردار نییە کە کاری تەنیا دەربڕینی ناڕەزایی لە ستەمێك و بێدارکردنەوەی بڕیاربەدەستانی دژبەر و بزواندنی هەستی رای گشتی بێ، چونکە ئەو کەس یاخۆ کەسانەی پێی هەڵدەستن رای دەگەیەنن کە تا بەدیهاتنی داواکانیان، واتە نەمانی ئەو ستەمەی سەرکۆنەی دەکەن بەردەوام دەبن و کۆڵ نادەن. ئەو جۆرە مانگرتنە تەنیا هۆشیارکردنەوە و قایلکردن و پاڵەپەستۆ نییە، بگرە دەیەوێ زۆرلێکردن بێ. لێرەشدا لەبەردەم دوو حاڵەتی مومکیندا دەبین: مانگران یان دەیانەوێ ئەو ستەمەی خۆیان بەدەستیەوە گرفتارن لەنێو بەرن، یاخۆ دەیانەوێ دۆخێك کۆتا پێ بێنن کە کەسانی تر قوربانین تێیدا و بەلای ئەوانەوە قابیلی قبووڵکردن نییە.
لە هەردوو حاڵەتەکەدا، مانگر یاخۆ مانگران دەیانەوێ بە راگەیاندنی باری نائاسایی هەڵوێستەکە گەورە بکەن. ئەوان دەیانەوێ بە سەرکێشیکردن بە ژیانی خۆیان گژبەریی زەمەن بکەن، ئەوان لەکاتێکدا رازی نابن کاتی زیاتر بە خۆیان ببەخشن، جەخت لەوە دەکەن کە کات بەئەندازەی پێویست درێژەی کێشاوە و ئیتر هیچ کاتیان نەماوە بۆ چاوەڕوانکردن و ئارامیان لەبەر بڕاوە، هەروەها هەموو ئەو بەڵگانە کە خەڵکی ئەقڵمەند پێشکەشیان دەکەن تا قایلیان بکەن دەستبەرداری ئەو سەرکێشیکردنە ببن، دەدەنە دواوە. ناتوانن چیدی چاوەڕوان بکەن و بڕیاریان داوە چی تر بەرگەی ئەو شتە نەگرن کە لە توانا بەدەرە. کەواتە ئەوان دەیانەوێ بە سەرکێشیکردن –کە سەرکێشیکردنێکی بکوژیشە ! – رەوتی کات خێرا بکەن، ئەویش بە گۆڕین (تصریف)ی ویستی دادپەروەری لە شێوەی رانەبردوو (مضارع)، نەك لە شێوەی کات کوشتن و دەستی دەستی پێکردندا.
مانگرتن لە خواردن کارێکە کەسایەتیی بەشداران تێیدا زۆر گرینگە: ناو و سەر و سیما و کەسایەتیی مانگران توخمێکی جەوهەرییە لە پرۆسەی هەڵنانی رای گشتی و هۆشیارکردنەوەیدا. ئەگەر ئێمە خەریکی کارێکی هەرەوەزی بووین، ئەوا مانگرەکان خۆیان دەکەنە زمانحاڵی ئەوانەی بەدەست ستەمەوە دەناڵێنن و هی ئەوانەیش کە بەرەنگاریی ئەو ستەمە دەکەن. هەربۆیە پێویستە دان بە ئەمان و ئەوانیشدا بنرێ، ئەگینا ئەگەری ئەوە لەئارادایە کارەکە هەر زوو بە شکست کۆتایی بێ.
بڕیاردان لەسەر ئەنجامدانی مانگرتنێکی بێ سنوور لە خواردن بڕیارێکی زۆر مەترسیدارە و بەبێ شیکردنەوەی قووڵی هەڵوێستەکە کە دەری بخا مەرجی پێویستی سەرکەوتنی لە ئارادایە، ناکرێ ئەو بڕیارە بە شێوەیەکی ژیرانە بدرێ. پێش هەموو شت زۆر پێویستە بە کردەوە ئەگەری گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو هەبێ لە چوارچێوەی ئەو ماوەیەی لەگەڵ چۆنیەتیی ئەنجامدانی کارەکەدا گونجاوە، کە دەکرێ بە ماوەی ٤٥ تا ٥٠ رۆژ مەزندە بکرێ ئەگەر هاتوو مانگران بە کردەوە هیچیان نەخوارد جگە لە خواردنەوەی ئاو. ئەگەر دەست بدرێتە مانگرتنێکی کراوە لە خواردن لەپێناو ئامانجێکی مەحاڵدا، مانگرتن لەو کاتەدا هیچ نابێ جگە لە ئاماژەیەکی ناڕەزایی نائومێد و نائومێدکار. لەو کاتەشدا تەنیا دوو دەرچە هەیە: یان ئەوەتا مانگرەکان پێش لەوەی بەلایەك بقەومێ مانگرتنەکەیان کۆتا پێ بێنن و بە ناچاری دان بە شکستی خۆیاندا بنێن، یان ئەوەتا ببنە قوربانی کەللەڕەقیی خۆیان، کە ئەو هەڵوێستە رەنگە شایستەی سەرسامی بێ، بەڵام هەرگیز ژیرانە نییە.
لەوانەیە ببنە "شەهید" کە ژیانی خۆیان کردووەتە قوربانی کێشەیەکی رەوا، بەم واتایە دەکرێ بڵێین بەبێ هوودە نەمردوون، بەڵام پێویستە داواکردنی سەرکەوتن بکرێتە بنەمای کاری ناتوندوتیژی نەوەك قوربانیدان: قبووڵکردنی مردن دروستە، بەڵام نابێ داوا بکرێ.
لە مانگرتنی گشتیدا دەردەکەوێ هەڵوێستی رای گشتی یەکلاکەرەوەیە. بگرە تەنانەت لەم چالاکیەدا لە هەموو کارە ناتوندوتیژانەکانی تریش یەکلاکەرەوەترە، چونکە هەر ئەوە دواجار سەرکەوتن یان شکستی مانگرتن لە خواردنەکە یەکلا

دەکاتەوە. لێرەدا "سیانەکردنی ململانەکە" بایەخێکی زۆری هەیە. ناچارکردنی یەکلاکەرەوە کە زۆرترین چانسی سەرکەوتنی هەیە، ئەو گوشارە مەعنەوییە نییە کە مانگران لەسەر بڕیاربەدەستانی دژبەر دروستی دەکەن، بگرە ئەو گوشارە کۆمەڵایەتییەیە رای گشتی –کە مانگرتن لە خواردنەکە وروژاندویەتی– لەسەر ئەوانەی دروست دەکا. هەربۆیە یەکەم ئامانج کە پێویستە پێی بگەن بردنەوەی "شەڕی رای گشتی"یە. ناشبێ مانگرتنی بێسنوور لە خواردن سەربکێشێ بۆ ترساندنی بەرپرسانی ستەمەکە بە مردنیان. دەبێ مانگرەکان خۆیان هەر جۆرە هەڕەشەیەك لە بڕیاربەدەستانی دژبەر رەت بکەنەوە، وەك ئەوەی وایان نیشان بدەن کە ئەگەر داواکانیان جێبەجێ نەکەن ئەوا راستەوخۆ و بەشێوەی کەسی بەرپرسیار دەبن لە مردنیان. تاکە بەرپرسیاریەتی کە پێویستە بخرێتە گەردنی بڕیاربەدەستان ئەو بەرپرسیاریەتییەیە کە بەکردەوە لەسەر شانیانە لە بابەتی ئەو ستەمەی ئەنجامی دەدەن و لەلایەن مانگرانەوە سەرکۆنە و دژایەتی دەکرێ.

ئاراستەکردنی ئاگەدارکردنەوەیەکی کۆتایی بۆ بڕیاربەدەستانی دژبەر پێشوەخت سەرنجی رای گشتی رادەکێشێ و لایەنگران جۆش دەدا. پێویستە دەستبەجێ خەباتکاران بە نۆبە بکەونە خۆ بۆ زیادکردنی کاریگەریی کاری راگەیاندن و روونکردنەوە و هۆشیارکردنەوە لای چین و توێژی جیاوازەکانی دانیشتوان کە دەشێ هەست بە کێشەکە بکەن. پێویستە مانگرەکان خۆیان و لێژنەی هاوئاهەنگیکردنی کار مادەکانی گشتاندن (وەك بڵاوکراوە و لافیتە و فایل و سکاڵاکان،...) ئامادە بکەن، هەروەك هاتنە سەر هێڵی هەندێ کەسایەتی و رێکخراو و دەربڕینی هاوهەڵوێستییان لەگەڵ مانگران کارێکی زۆر پێویستە، هەروەها پێویستە بۆ چڕکردنەوەی کاریگەریی مانگرتنەکە هەندێ کاری تری ناتوندوتیژانەی راستەوخۆ ئەنجام بدرێ، وەك خۆپیشاندانی گشتی، مانگرتنی سنووردار لە خواردن، چالاکیی هاوکاری نەکردن، یاخیبوونی مەدەنی...

هەروەها پێویستە لەسەر دانوستاندنکاران (دوو سێ کەس) کە مانگرەکان لە سەرەتای کارەکەوە هەڵیاندەبژێرن، زمانحاڵی ئەوان بن لای بڕیاربەدەستانی دژبەر. هەرچی بڕیاری وەستاندن یان درێژەدان بە مانگرتنەکەیە بەدەست مانگرەکان خۆیانە چونکە ئەوانن بەرگەی مەترسییەکانی کارەکە دەگرن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەزەندەکردنی ئەوەی ئاخۆ چەندە لە داواکانی مانگران جێبەجێ کراوە و پێشنیازکردنی راگرتن یان هەڵپەساردنی مانگرتنەکە لەدەست لێژنەی دانوستاندنەکەدایە، چونکە هەموو ئەو توخمانەی بۆ ئەو کارانە پێویستن لەدەستی ئەواندایە.

زۆرجار ئەو بەندکراوانەی توانای ئەنجامدانی رێگەی تری دەربڕینی ناڕەزاییان نییە، بۆ سەرکۆنەکردنی هەلومەرجی گرتنیان پەنا بۆ مانگرتن دەبەن. تەنانەت ئەوانەیش بەهۆی چالاکییان لەنێو رێکخراوێکی سیاسیدا کە بەئاشکرا پەنا بۆ توندوتیژی دەبا، بەند کراون، دەکرێ بڕیاری مانگرتن لە خواردن بدەن. بەڵام –وەك بەگشتی وایە– ئەگەر هاوهەڵوێست بمێننەوە لەگەڵ ئەو کارە توندوتیژییانەی هاوخەباتەکانیان لە دەرەوەی گرتووخانە ئەنجامیان دەدەن، ئەوا ئەو مانگرتن لە خواردنەیشیان دەچێتە چوارچێوەی ستراتیجی کاری توندوتیژییەوە، بەو هۆیەشەوە مانگرتنەکەیان کەڵك لە لایەنە ئەرێنیەکانی بژارەی ناتوندوتیژی بۆ کارێك، وەرناگرێ. بەندکراوە مانگرەکان لە خواردن بەتایبەت بەلای رای گشتیەوە بە هاندەری توندوتیژی دادەنرێن و گوێ بە دۆخیان نادرێ. بەو هۆیەشەوە بڕیاربەدەستانی سیاسی لەبارێکدا ناکەونە ژێر پاڵەپەستۆیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز لەوبارەوە، خۆیان بە ناچار نابینن بەدەم داواکانیانەوە بچن. لە جۆرە هەلومەرجەدا مەترسی ئەوەیش هەیە خۆ نەبوێرن لەوەی وازیان لێبێنن لە گرتوخانەدا بمرن.

ماوەتەوە بڵێین، هەلومەرجەکە هەرچۆن بێ، مانگرتنی ماوە نادیار لە خواردن، مەترسیی مردنی تێدایە، ئەو کەسەی بەئەنقەست بڕیاری ئەو سەرکێشییە دەدا، خۆی لە دوا ئەنجامەکانی بەرپرسە، چونکە هەندێ پرس هەن پاساو دەدەنە ئەو جۆرە سەرکێشییە.

*** رای گشتی**

## بەرهەڵستیی ویژدان

مەبەست لە "بەرهەڵستیی ویژدان" –بە واتا بڵاو بەڵام بەرتەسکەکەی– رەتکردنەوەی ئەنجامدانی خزمەتی سەربازی یاخۆ بەدەمەوەچوونی "بانگی ئاڵا"یە. ئەم دەستەواژەیە خۆی لە خۆیدا ئاماژەی ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە ئەو رەتکرنەوەیە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر هەندێ قەناعەتی کەسی دامەزراوە کە پشت ئەستووره بە ئەرکی ئەخلاقی و/یان ئاینی کە لەسەری پێویست دەکەن بەبێ هیچ مەرجێك رێز لە ژیانی مرۆڤ بگرێ و بەوە خوێنرشتن و بەدوای ئەویشدا "هەلگرتنی چەك" حەرام دەکا. تا ماوەیەکی دوور و درێژ هەڵوێستی ویژدانگران لەلایەن دەوڵەتانەوە بەتوندی وەك کەتنێکی نانیشتمانی سەرکۆنە دەکرا کە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەرکی هاوهەڵوێستیی نیشتمانی کە خۆی بەسەر هەموو هاونیشتمانیەکدا دەسەپێنێ. رای گشتیش درێغی نەدەکرد لە پشتگیریکردنی ئەم سەرکۆنەکردنەدا، بەو هۆیەشەوە ئەو جۆرە کەسانە تۆمەتبار بوون بە ترسنۆکی، لەو رووەوە ئامادە نین وەك هاووڵاتی بەرپرسیاریەتیی سەرشانیان بگرنە ئەستۆ.

بەم شێوەیە دانان بە مافی بەرهەڵستیی ویژدان و بەخشینی دۆخێکی یاسایی بەو جۆرە کەسانە سەرەتایەکی واتادارە لە شارستانێتیدا. ئەم دانپێدانانە شتێکی نوێیە و پاش ململانەیەکی درێژخایەن بەدەست هات کە ئازایەتی و ئازاری زۆری لەوانە ویست کە شانیان دایە ژێری کاتێ وەك کەتنکار و نابەرپرس مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا و لەبەرچاوی خەڵك ناشیرین دەکران و لە کونجی زیندان توند دەکران، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا باقیی دەوڵەتانی تر کە پابەندن بە بنەمای خزمەتی زۆرەملێی سەربازییەوە، دانیان پێدا نەناوە.

پوختەی قسان ئەوەیە، تەنانەت لەو ولاتانەیش کە بەسەربازکردنی زۆرەملێیان هەڵوەشاندووەتەوە، پێویستە هاووڵاتیان داوا بکەن دۆخی یاسایی بە کەسانی ویژدانگر ببەخشرێ، تا بەوە پێشوەخت قایلنەبوونی خۆیان بۆ بوونە سەرباز لە سوپادا رابگەیەنن لە بارێکدا دەوڵەت بڕیاری دا بیانکاتە سەرباز.

مادەم بەرهەڵستیی ویژدان کورت نابێتەوە لە رەتکردنەوەی چوونە ریزی سوپا لە شێوەیەکی ناسەربازیی ئاشتییانەدا و بەس، بگرە لەسەر بژارەی ناتوندوتیژی دامەزراوە، بۆیە نابێ تەنیا بە رەتکردنەوەیەکی تاکەکەسی بۆ هەڵگرتنی چەك واز بێنێ. ئەو هاووڵاتیەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ، لەکاتێکدا داوای سوودمەندبوون دەکا لە مافی بەرهەڵستیی ویژدان "سەپاندنی ویژدان"، پێویستە لەسەری لە رێگەی تری ناتوندوتیژەوە بەرپرسیاریەتیەکانی خۆی وەك هاووڵاتی جێبەجێ بکا، واتە لەرێی ئامرازەکانی ناتوندوتیژییەوە. لەوکاتەدا پێویستە دەوڵەت، هەر لە چوارچێوەی هەمان خزمەتی نیشتمانیدا، رێگەی پێبدا خزمەتێکی مەدەنی ئەنجام بدا کە ماوەکەی هێندەی ماوەی خزمەتە سەربازییەکە بێ.

بەدرێژایی ئەو ماوەی خزمەتەیش پێویستە لەسەری لە بنەما و رێبازەکانی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە بکۆڵێتەوە، چ ئەوەی پێوەندی بە بنەماکانی بەرگریی نیشتمانی و رێبازەکانیەوە هەبێ، یان بە بنەماکانی دەستوەردانی مەدەنی و رێگەکانی و خۆ ئامادەکردن بۆ بەکردەوە جێبەجێ کردنیان.

کاتێ بابای ویژدانگر بڕیارەکەی دەدا، دەزانێ لەوانەیە هەندێ بارودۆخ لەپڕ بێنە پێش و دەوڵەت ناچار بکەن دەست بکێشێتە نێو کێشەیەك بۆ بەرگریکردن لە پرسێکی رەوا، ئەو دەستێوەردانەیش بە ئامرازەکانی بەردەستی ئەنجام دەدا کە بریتییە لە هێزی چەکدار. هەروەها پێی وایە لە دۆخێکی ئاوادا وا باشترە دەوڵەت پەنا بۆ چەك ببا لەوەی پەنا بۆ سیاسەتی دەستوەرنەدان ببا کە هیچ پاڵنەرێکی نییە جگە لە ترسنۆکی و ئاکامەکەیشی هیچ نابێ جگە لە بوار کردنەوە بۆ دەستدرێژیکاران بۆ ئەنجامدانی کارە خراپەکانیان. بەڵام کاتێ هاووڵاتییەك بڕیار دەدا ویژدانگر بێ، ئەوە پێشوەخت بڕیاری داوە خۆی بەشداریی دەستوەردانێکی چەکداری لەو شێوەیە نەکا و بڕوای وایە وا بۆ وڵاتەکەی باشترە بەشوێن هەندێ رێگەی تری دەستوەرداندا بگەڕێ کە لە چوارچێوەی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانەدا بێ.

هەروەك دەكرێ بەرهەڵستیی ویژدانی سیاسی ئامرازێك بێ بۆ رەتكردنەوەی بەشداریكردن لە كارێكی سەربازیدا كە بەلای ویژدانگرەوە ستەمكارانە و ناپەسەندە، بەلاّم بەبێ ئەوەی ناتوندوتیژی هەڵبژێرێ و بەهیچ شێوە و لە هیچ هەلومەرجێكدا بە پەنابردن بۆ توندوتیژی رازی نەبێ، چونكە كەسە سەربازییەكان خۆشیان دەتوانن ببنە ویژدانگر بەوەی رازی نەبن بەشداریی هەڵمەتی سەركوتكردنی كەمینەیەكی سیاسی بكەن كە لەپێناو داننان بە مافەكانیدا تێدەكۆشێ. هەروەك دەكرێ رازی نەبن پەنا بۆ هەندێ ئامراز ببرێ كە بە ناڕەوایان دەزانن وەك ئەشكەنجەدان و كوشتنی دیلەكان بەبێ دادگەییكردن.

بەشێوەیەكی گشتیتر دەكرێ هەر رەتكردنەوەیەكی گوێڕایەڵیكردنی یاسا یان فەرمانێك لەلایەن هاوولاّتیەكەوە بە "بەرهەڵستیی ویژدان" ناو ببەین كە –بە پاڵنەری ویژدانیی رووت– قەناعەتی وایە ئەگەر ملكەچ بكا ئەوا لە ستەمێكی تایبەتەوە دەگلێ كە كەرامەتی مرۆڤ پێشێل دەكا. ئەو یاخیبوونە بەگشتی یاسایەكی نەنووسراو لەسەری فەرز دەكەن كە لەسەروو یاسا نووسراوەكانی شارەوەیە. لە بارێكی وادا، ئاخۆ پێویست ناكا بیر لە جێكردنەوەی ماف یاخیبوون بە هۆكاری ویژدانی لە دەستووردا بكرێتەوە؟ ئاخۆ ئەوە یەكێك لە خواستەكانی دیموكراسی نییە "خاڵێك بۆ ویژدانی هاوولاّتی" دیاری بكرێ كە تاك لە ملكەچكردن بۆ یاسایەك سەرفراز بكا كە داخوازیەكانی پێچەوانەی قەناعەتەكانی ئەون.

*** دەستوەردانی مەدەنی**

*** بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە**

*** یاخیبوونی مەدەنی**

# پەناگیری بە دانیشتن

پەناگیری بە دانیشتن sit-in (ئەم وشە ئینگلیزییە دەقاودەق واتای: دانیشتن لە ناوەوە، دەگەیەنیّ)، شێوەیەکی دەستوەردانی راستەوخۆیە و بریتییە لە داگیرکردنی شوێنێکی رەمزی بە دانیشتنی دەستەجەمی لەسەر زەوی. لەباتیی مانەوە بەپێوە، لەباتیی "پەناگیری بە بەپێوە وەستان" stand-in (بەپێوەوەستان لە ناوەوە)، دانیشتن تایبەتمەندی ئەوەی هەیە جۆرە سەقامگیرییەکی زیاتر و تۆکمەییەکی پتەوتر بە خۆپیشاندانەکە دەدا، بەوەی بەوردی "بناغەگەل"ێکی باشتری پیّ دەبەخشیّ بەشێوەیەك باشتر دەتوانیّ بەرەنگاریی دەستێوەردانی پۆلیس بکا. یەکێك لە شێوە هەمەجۆرەکانی پەناگیری بە دانیشتن بریتییە لە "خۆمراندن" die-in (بەواتای: مردن لە ناوەوە، دیّ)، مەبەستیش "خۆ بە مردوو نیشاندانە" بەوەی لەسەر زەوی تەخت رابکشیّ.

ئامانج لە رێکخستنی خۆپیشاندانی دانیشتن بەگشتی بریتییە لە بێدارکردنەوەی رای گشتی و دەسەلاّتدارە گشتیەکان لە دۆخێکی ستەمکارانە. بەشداران دەتوانن خۆپیشاندانەکە بێننە گۆ، ئەویش بە لەبەرکردنی جلوبەرگێکی بیّ بالّ و بەرزکردنەوەی لافیتە و بەیداخ بۆ ئاگەدارکردنی رێبواران، هەروەك دەکریّ هەندیّ خۆپیشاندەری تر بلاّو کراوە بەنێو خەلّکدا دابەش بکەن. پەناگیری دەکریّ رێگەیەکیش بیّ بۆ دەستگرتنی پەناگیران بەسەر هەندیّ شوێنی تایبەت بە دژبەرەکە تا خۆیانی وەك وتوێژکاری پێویست بەسەردا بسەپێنن. هەروەك دەکریّ پەناگیری دروستکردنی بەربەست بیّ لەبەردەم هاتوچۆ لە رێگە گشتیەکان یاخۆ لە دەروازەی باڵەخانەیەکی گشتی یان دامەزراوەیەکی تایبەتدا. کرێکارانی مانگر دەتوانن پەناگیری بە دانیشتن لە بەردەم یان ناو کارگەکەیان ئەنجام بدەن بەمەبەستی رێگرتن لە جموجوڵی جەستەیی کەسانی تر، بەتایبەت مانەگران یان خاوەنانی فەرمانگەکە.

هەروەك دەکریّ بەشدارانی کەژاوە یان رێپێوانێك ئەم رێگەیە بەکار بێنن کاتیّ بەربەستێکی پۆلیس دێتە پێشیان، چونکە خۆپیشاندەران بەم دۆخە جەستەییە بەکۆمەڵەیان، تەنیا ئەوە بەڕاشکاوی راناگەیەنن کە ئەوان هەر جۆرە رووبەڕووبوونەوەیەك لەگەلّ پۆلیس رەت دەکەنەوە، بگرە سووربوونی خۆشیان لەسەر درێژەدان بە خۆپیشاندانەکەیان دووپات دەکەنەوە. بەو شێوەیە دەسەلاّتداران دەخرێنە بەردەم بەرپرسیارێتیەکانیان و ئیتر بڕیاری بەکارهێنان یان نەهێنانی توندوتیژی لەدەست ئەواندایە.

پەناگیری هەولّ دەدا بۆ درێژترین ماوە شوێنەکان بگریّ و بەپێی توانا زۆرترین بەرەنگاری لەبەرامبەر دەستوەردانی هێزەکانی پۆلیس بۆ "پاککردنەوە"ی شوێنەکە بەخەرج بدەن. لە هەلّوێستێکی وادا دوور نییە هێزەکانی پۆلیس خۆ ببوێرن لە هێرشکردنە سەر خۆپیشاندەران بە کوتەك و ئاوپژێن و بۆمبی فرمێسکرێژ. لەو کاتەدا لەوانەیە فەرمان بدریّ بە "پەرتکردن"ی خۆپیشاندانەکە بە لابردنی یەك لەدوای یەکی خۆپیشاندەران. ئەوانیش دەتوانن بە خۆخاوکردنەوە هەر جۆرە هاوکارییەك لەگەلّ پیاوانی پۆلیس رەت بکەنەوە، واتە رازی نەبن هەستنە سەر پیّ و بەرێگەدا بچن و بەهێمنی خۆیان بۆ رەفتاری پیاوانی پۆلیس شل بکەن کە هەلّیان دەگرن و دەیانبەنە نێو ئەو ئۆتۆمبێلانەی بۆ پێشوازیکردنیان ئامادە کراون. لەوانەیشە ئەو گواستنەوەیە بەبیّ هەندیّ توندوتیژی بەڕێوە نەچیّ. بەلاّم "پەرتکردن"ێکی لەم شێوەیە بەهیچ شێوەیەك سەرناگریّ ئەگەر ژمارەی خۆپیشاندەرەکان زۆر بیّ.

لە بارێکی وادا لەوانەیە پیاوانی پۆلیس فەرمانیان پیّ بدریّ بە هەلّکوتانە سەر پەناگیران و "پاککردنەوەی گۆڕەپانەکە"، هەربۆیە پێویستە ریزە یەکەمەکانی خۆپیشاندەران لە خەباتکارانی لێوەشاوە، چ لە رووی دەروونی یان هونەرییەوە، پێك بیّ بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەلّوێستی مەترسیدار. لەم رووەوە دەشیّ دابەشکردنی رۆلّ زۆر بەکەلّك بیّ. زۆر پێویستە ئەو رێوشوێنە بەراییانە بزانن کە پێویستە لەم ساتەدا بۆ خۆپاراستن بگیرێنە بەر (نەخاسمە پاراستنی پشتی سەر بە هەردوو دەست). کەم ریّ دەکەویّ بتوانریّ زۆر بەرگەی شالاّوی پۆلیس بگیریّ، هەربۆیە لە دەستی بەرپرسانی خۆپیشاندانەکەدایە

که له گونجاوترین ساتدا فەرمانی پاشەکشه بدەن، هەروەها پێویسته بەپێی توانا بڵاوەکردنەکه شێوەی بەزین وەرنەگرێ، چونکه گرینگه لەبەرچاوی رای گشتی، بەرپرسیایەتیی توندوتیژییەکه بکەوێته گەردنی دەسەڵاتداران.

*** کۆسپ خستنەبەر**

# ناچارکردن

کاری ناتوندوتیژانە گرەوێکە لەسەر توانای مرۆڤ بۆ ژیری. هەربۆیە لە جەرگەی خودی ململانەکەدا هەڵدەسێتە سەر پێ تا دژبەرەکەی ناچار بکا ئەقڵی بکاتە سەروەر، ئەویش بەمەبەستی قایلکردنی بە دروستیی ئەو پرسەی بەرگری لێدەکا. بەڵام ئەم "بەهۆشهاتنەوە"یەی دژبەر لە روانگەی تێکۆشانی ناتوندوتیژانەوە زیاتر مەبەستە تا ئەوەی ئامانج بێ، چونکە ئامانجی راستەوخۆ ناچارکردنی دژبەرە بۆ ملکەچکردن بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی قەناعەتکردنی بکا.

نابێ خەباتی ناتوندوتیژی خۆی کورت بکاتەوە لە مشتومڕێکی فیکری بەمەبەستی ئەوەی دژبەرەکەمان بهێنێتە سەر باوەڕهێنان بە دروستیی پرسەکەی، چونکە کورتکردنەوەی کاری ناتوندوتیژانە لە گفتوگۆیەکی عەقڵانیدا کە رەنگبێ هەق بتوانێ، بە پێشکێشکردنی بەڵگەیەك کە بەهیچ شێوەیەك پوچەڵ نەکرێتەوە، ناهەق ببەزێنێ جۆرێکە لە سووکایەتیکردن بە واقیعە سیاسییەکە. لەڕاستیدا گفتوگۆی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناچێتە چوارچێوەی مەودای ئەو بەیەکگەیشتنە عەقڵانییەی کە تەنیا چەمك و هزرەکان لە چوارچێوەیدا رکابەری لەگەڵ یەکتر دەکەن، چونکە زۆربەی جار وشەکان خۆیان هێندەی تانە لە بەرژەوەندیەکان دەدەن هێندە تانە لە هزرەکان نادەن، هەربۆیە هێزی قەناعەت پێکردنی زۆر لاواز دەبێ.

پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، چ لەنێوان تاکەکاندا بێ یان کۆمەڵەکان، پێوەندیی دەسەڵاتن و لەسەر بنەمای پێوەندیی هێز دامەزراون. لە بەرامبەر گرەوەکانی دەسەڵاتدا کە تانە لە بەرژەوەندیی پێك ناکۆك دەدا، خەڵك بەگشتی بەشێوەیەکی عەقڵانی رەفتار ناکەن، جا بۆ ئەوەی بەو شێوەیە رەفتار بکەن تەنیا تکا و لالەکردن لە ئەقڵیان بەس نییە. رەنگە خواستی دادپەروەری بەتەنیا، لە بەرامبەر ئەو کەسەی لە ستەم سوودمەندە، لە دیالۆگ و ئاشتەوایی زیاتر دووری بخاتەوە تا ئەوەی هانی بدا بۆی، چونکە سروشتی داواکردنی چەسپاندنی دادپەروەری، لە سەرەتادا، وایە کە زیاتر بەلای پچڕاندنی دیالۆگدا دادەشکێ تا ئەنجامدانی: کاتێ کۆیلەیەك داوای ئازادیی خۆی دەکا، بەوە بەئەنقەست ئەو گفتوگۆیە دەپچڕێ کە ملکەچکردنی پێشتری دەرفەتی ئەوەی رەخساندبوو لەگەڵ گەورەکەیدا سازی بکا. دەگمەنیش روو دەدا ئەو گەورەیە بەخێرایی قەناعەت بە دروستیی داواکارییەکەی بێنێ و دەستودەم جێبەجێی بکا. دەبێ کاتێکی زۆر تێبپەڕێ تا بگەینە ئەوەی بکرێ دیالۆگێکی نوێ و هاوشان لەنێوان دوو پیاودا بێتە کایە، ئەمە ئەگەر رێك کەوت رۆژێ لە رۆژان ئەمە رووی دا.

کەواتە ئاسان نییە هێزی ناتوندوتیژی تەنیا بە لافلێدانی ئەوەی (راستی)یەکی گەورەیە و لێرەشەوە دژبەر چاری ناچارە دەبێ بیبینێ و دانی پێدا بنێ، دەربخرێ. تەنانەت لە کێشمەکێشی نێوان دوو کەسیشدا سووکایەتیەکی گەورەیە جەخت لەوە بکرێ یەکێك لە دوو لایەنە دژبەرەکە بەحەتمی دان بە راستیدا دەنێ بەو مەرجەی ئەوی تر بزانێ چۆن چۆنی بەپشوودرێژی و لێبڕانەوە رێزی راستی بگرێ. لەم بوارەدا هیچ شتێك حەتمی نییە، هەروەها هیچ حەتمیەتێك نییە کە لەسەر "هێزی راستی" وەستابێ و بشێ هەر کەسێك ناچار بکا مل بە بەڵگەکانی ئەو کەسەی بەرگری لە کێشەیەکی رەوا دەکا، بدا. بگرە رکابەرەکان، لەسەر ئاستی ململانە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، کەس نین و تەنانەت کۆمەڵە کەسیش نین، بگرە کۆمەڵە بەرژەوەندین و ئەو گرووپانەیش وا بەئاسانی "قەناعەت" ناکەن. هەربۆیە کاری ناتوندوتیژی هیچ ئامانجێکی تری نییە جگە لە ناچارکردنیان نەبێ.

دابڕان لەنێوان ئەندامانی ئەو گرووپانەدا هەیە، لەوانەیە هەندێ تاك بکەونە ژێر کاریگەریی ئەو پرسەی دژبەر بەرگری لێدەکا و بەوەیش بەجۆرێ لە جۆرەکان لەنێو هاوکارەکانیاندا دەبنە پارێزەری، بەڵام ئەگەری زاڵ —بەتایبەت لە قۆناغە بەراییەکانیدا— ئەوەیە ئەوانە تەنیا کەمینەیەکی کز بن و مەترسیی ئەوەیان لەسەرە گرووپەکەیان پەراوێزیان بخەن و بە "ناپاك"یان لەقەڵەم بدەن. بەڵام لەوانەیە رۆڵێکی گرینگ و بگرە یەکلاکەرەوەیان هەبێ کاتێ پێوەندیی هێز لە ململانەکەدا دەگۆڕێ و بەوەیش ساتی گەڕان بەدوای چارەسەرێك لەڕێی دانوستاندنەوە بۆ کێشەکە دێتە پێش.

هەروەها ئەزموونیش رێگەمان پێنادا ئومێدمان هەبێ کە رەنگە "هێزی دادپەروەری" بەتەنیا دەتوانێ گرووپێکی کۆمەڵایەتی قەناعەت پێبکا بە پێویستیی لەخۆوە دەستبەردان لە سەرماف (امتیاز)ەکانی و دان بە رەوایی ئەو داواکاریانەدا بنێ کە پێشکێشی دەکرێن. کاتێ بابەتەکە پێوەندار بێ بە تێکۆشان دژ بە ستەمکارییە بنیاتییەکانی ئەو پشێوییەی لەئارادایە، ئەوە ئەو ناچارکردنەی کاری بەکۆمەڵ دەیسەپێنێ، نەخاسمە کارەکاکانی هاوکاری نەکردن و دەستوەردان و رووبەڕووبوونەوە، لە سەرخستنی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانەدا یەکلاکەرەوەیە، چونکە دژبەر کاتێ بزانێ لە درێژەکێشانی ململانەکە هێندەی زیانی لێدەکەوێ سوودی پێناگا –کە ئەوەیش دژ بە بەرژەوەندییەکانیەتی– خۆی بە ناچار دەبینێ دانوستاندن قبووڵ بکا.

*** گفتوگۆ**

*** هێز**

*** هاوکاری نەکردن**

## ئاسایشی هاوبەش

کارە سڵەمێن (الردع)ی سەربازی، چ جۆرە کلاسیکییەکە و چ ناوکییەکە، کە کۆمەڵگەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن بەرگریی خۆیانی لەسەر دادەمەزرێنن، بەشێوەیەك رێك دەخرێ سوپای دژبەرە شیمانەکراوەکە و مەدەنییەکانی گەلەکەی بە هەڕەشەیەکی هەمیشەیی بزانن بۆ خۆیان. کەواتە ئەو کارە سڵەمێنانە لە واقیعدا وەك کارگەلی سڵەمێنی "دوژمنکارانە" دەکەونە پێش چاو. بەڵێ، نیازی راگەیەنراو کە پاساوی ئەو کارانە دەدا و دایدەمەزرێنێ و دەیبزوێنێ، نیازێکی بەرگریکارانەیە، بەڵام ئەرکی ئەو ئامرازانەی بۆ ئامادەکاریکردن بۆ ئەو کارانە و رێکخستنیان بەکار دێن بەشێوەیەك راستگۆییان لێ بخوێنرێتەوە، ئەوەیە توانای ئەوە بدرێتە بڕیاربەدەستان زیانی وا گەورە بە دژبەر بگەیەنن کە وا بێتە پێش چاوی دژبەرەکە کە قابیلی قبووڵ نەبێ. بەوەیش بڕیار بەدەستان بەئەنقەست خۆیان دەخەنە "هەڵوێستێکی دوژمنکارانە" تا لایەنی بەرامبەر بەباشی لەوە حاڵی بکەن کە ئەوان نەك تەنیا ئامراز، بگرە ئیرادەی ئەوەیشیان هەیە هەرکات بەرژەوەندیەکانیان رووبەڕووی مەترسی ببێتەوە، زیانێکی کەمەرشکێنی پێبگەیەنن. دیارە دژبەریش نیازی هەیە بەهەمان شێوە رەفتار بکا.

بەم شێوەیە ئەم "ئاشتییە چەکدار"ە لەسەر بنەمای هاوسەنگیی ئەو هەڕەشانە وەستاوە کە مەترسی هەیە تەنگژەیەکی سیاسی بیلەقێنێ و تێیدا هەریەك لە دوو لایەنە دژبەرەکە مەترسیی ئەوەیان هەیە بەرامبەرەکەیان دەستی پێش بخا و زەبر بوەشێنێ. لە رووی ئەم مەترسیەدا، گەل و نەتەوەکان بەرژەوەندیی راستەقینەیان لەوەدایە بەرگرییەکانی خۆیان لەڕێی "هەڕەشەی دووسەرە"وە دەستەبەر نەکەن، بەڵکو لەڕێی "ئاسایشی هاوبەش"ەوە بیکەن. ئەم ئاسایشە لەو روانگەوە نییە کە دژبەرەکە دۆستە و لەسەر بنچینەی متمانەی دووسەرە دانەمەزراوە، بگرە پشت بەو راستییە دەبەستێ کە ئێمە چەندە پێویستمان بەوەیە لە ئاسایشدا بین، دژبەرەکەشمان بە هەمان شێوە پێویستی بەوەیە لە ئاسایشدا بژی و هەردوولامان –بەدەر لە خانەگومانیی دووسەرەمان– هەمان بەرژەوەندیی زیندوومان هەیە لە مسۆگەرکردنی بەرگری لەخۆکردنمان بە ئامرازگەلێك کە مەترسی بەفەتارەتدا چوونی هەردووکمانی تێدا نەبێ.

لەم روانگەوە، ئاسایشی هاوبەش بەرەو ئەوەمان نابا بەرگریی خۆمان لەسەر کارگەلی سڵەمێنی "دوژمنکارانە" دابمەزرێنین، بگرە بەرەو سڵەمێنی "بەرگریکارانە"مان دەبا. پرسەکە چی تر ئەوە نییە هەڕەشەی وێرانکردنی قبووڵنەکراو لە دژبەر بکەی، بگرە بە قایلکردنی دەبێ بەوەی ئامرازەکانی بەرگریکردنمان هەر هەوڵێکی ئەو بۆ دەستدرێژیکردن لەبار دەبا و پرۆژەکەی چانسی تەواوی هەیە بۆ شکستهێنان. سڵەمێنێکی لەم شێوەیە دەرفەت بۆ بڕیاربەدەستانی سیاسی دەڕەخسێنێ تا دەست بە "هەڵوێستێکی بەرگریکارانە"وە بگرن کە هیچ ترسێك لای دژبەر دروست ناکا مادەم سنوورەکانی تێنەپەڕێنێ. بەوەیش، ئەگەر تەنگژەیەکی سیاسی سەری هەڵدا، هەردوو دەوڵەتی رکابەر خۆیان لە دۆخێکی ستراتیجی وادا دەبیننەوە کە ئاسانکاریی زۆر دەکا بۆ ئەوەی کێشەکە لە بازنە دیبلۆماسییەکەدا تەوق بکرێ تا رێگەچارەیەکی بۆ دەدۆزرێتەوە.

چەندان شێوەی بەرگریی چەکدارانە هەن کە دەکرێ دەرفەت بۆ رێکخستنی هێزێکی سڵەمێنی بەرگریکارانە ساز بکەن، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئاسایشی هاوبەش، گونجاوترینە.

*** بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە**

*** سڵەمێنی مەدەنی**

## ئاگەداركردنەوە

کاتێ ئەوانەی بڕیاریان داوە کار لەپێناو قەڵاچۆکردنی ستەمێکدا بکەن دووچاری ڕەتکردنەوەی هەر دانوستاندنێك بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێك لەلایەن دژبەرەکەیانەوە دەبن، دەتوانن "دوا مۆڵەت"ێك دیاری بکەن و پاش ئەوە بگوێزنەوە بۆ کارکردنی ڕاستەوخۆ.

ئاگەداركردنەوە، لەبارێکدا هۆ و ئامانجەکانی جموجوڵەکە یاد دەخاتەوە و بێئومێد دەبێ لە گەیشتن بە دانوستاندن، دەیەوێ ئەوە دووپات بکاتەوە کە بزاڤەکە لێرە بەدواوە سوورە لەسەر کارکردنی ڕاستەوخۆ، بە خستنەگەری ئامرازگەلی پاڵەپەستۆ و ناچارکردن. هەروەها جێی خۆیەتی ئەوەیش بە گوێی دژبەردا بدرێ کە بزاڤەکە نیازی نییە پەنا بۆ هیچ کارێکی توندوتیژانە ببا. ئاگەداركردنەوە دەکرێ ئەو کارانە دەستنیشان بکا کە ئەنجام دەدرێن ئەگەر بێتو لە ماوەی دیاریکراودا داواکارییە ئاراستەکراوەکان جێبەجێ نەکرێن. (ئەوەیش بزانین ناردنی ئاگەداری مانای ئەوە نییە هەموو کارێکی ڕاستەوخۆ دەبێ لە چوارچێوەی هەڵمەتەکەدا ئەنجام بدرێ، هەندێ جار واباشە دژبەر غافڵگیر بکرێ).

مەبەست لە ئاگەداركردنەوە هۆشیارکردنەوەی دژبەرە لە سەرجەم ئەو زیانانەی دەبێ بەرگەیان بگرێ ئەگەر سوور بێ لەسەر ڕەتکردنەوەی هەر ڕێکەوتنێك لەڕێی دانوستاندنەوە. پێویستە ئەو ئاگەداركردنەوەیەی ئاراستەی دەکرێ بەشێوەیەك دابڕێژرێ کە بتوانێ ڕوو بکاتە مێزی دانوستاندن بەبێ ئەوەی تووشی شەرمەزاری ببێ، واتە بەشێوەیەك نەبێ ڕازیبوونی هاوشێوەی خۆبەدەستەوەدانی بێ قەید و شەرت بێ.

کەواتە پێویستە ئاگەداركردنەوە ultimatum بە کۆتا هەنگاو (وشەکە لە ئاوەڵناوی ultimas ەوە هاتووە، بەواتای کۆتا) دابنرێ بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێك لەڕێی دانوستاندنەوە. بەڵام لەڕاستیدا دەشێ یەکەمین کاریش بێ لە تاقیکردنەوەی هێزدا، چونکە ئەو هەنگاوە ڕاستەوخۆ پاش شکستهێنانی ئامرازەکانی قایلکردنی دژبەر دێ. هەربۆیە شیمانە هەیە ئەمەی دوایی مل نەدا بۆ هەڕەشەیەك کە ئەگەری زاڵ ئەوەیە تەنیا بە جۆرێك لە ترساندنی بزانێ. کەواتە لەوانەیە لایەنی دژبەر ئاگەداركردنەوەکە ڕەت بکاتەوە و بەوە جەخت لە بێباکیی خۆی لە تاقیکردنەوەی هێز بکا.

ئاگەداركردنەوە هاوکات بانگەوازێکیشە بۆ ڕای گشتی بۆ هۆشیارکردنەوەی زیاتری لە ڕەهەندەکانی ململانەکە و بانگکردنی بۆ ئەوەی پشتی ئەو تێکۆشانە بگرێ کە خەریکە دەست پێدەکا. کەواتە ئامانجی هێناکایەی "ڕووداوێکی ڕۆژنامەوانی"یە.

ئاگەداركردنەوە هەندێ کات پاشەکەوت بۆ بەرپرسانی بزاڤەکە دەکا –نابێ لە حەوت ڕۆژ تێپەڕ بکا– تا خۆیان بۆ کار ئامادە بکەن، واتە وەك فەرمانکردنە بە خۆ گورجکردنەوەی گشتیی هەموو ئەوانەی بەنیازن دەست بدەنە کار.

# ئایدیۆلۆجیا

ئایدیۆلۆجیا بەوە جیا دەکرێتەوە رەهایی بە رێبازێك دەدا کە خۆی وەك دەربڕی بێ ئەملاوئەولای راستی (حەقیقەت) پێشکێش دەکا کە پێویستە هەموو کەسێك ملکەچی بێ. ئەم رێبازە –کە دەشێ سەرچاوەیەکی ئاینی یان دنیایی هەبێ– لە بۆتەی بارستەیەك لە چەمك و بنەما و رێسادا رەق دەبێ و ئیتر دەرفەتی ئەوە نامێنێ لەڕێی ئاڵوگۆڕ یان دیالۆگەوە لە کەلێنەکانی کرانەوە بەڕووی ئەوی تر ئاگەدار بکرێ. جا لەبری هەوڵدان بۆ دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ ئەوی تر، جەختکردنەوە لەسەر کۆمەڵێ بیرۆکەی پەتی، کە هیچ پێوەندییەکیان بە ژیانەوە نییە، دەچەقێ.

کاتێ هزری کەسێك لە بۆتەی ئایدیۆلۆجیایەکدا وشك هەڵدێ، ئیدی ئەو کەسە کار لەپێناو بەرقەرارکردنی دادپەروەری و مرۆڤایەتیی زیاتردا ناکا، بەڵکو لەپێناو سەرخستنی بیرۆکە و بنەما و رێسایەکدا کار دەکا بەبێ هیچ رەچاوکردنێکی ئەوی تر، چونکە بەرگریکردن لە راستیی بیرۆکەکە گرینگتر دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ ئەوی تر. مرۆڤی ئایدیۆلۆجی ناتوانێ پێوەندی لەگەڵ مرۆڤەکەی تردا ببەستێ، چونکە ئایدیۆلۆجیا مرۆڤ دەکاتە کەسێکی داخراو و هەر پێوەندی و لێك تێگەیشتنێك لەگەڵ ئەوی تر مەحاڵ دەبێ. ئایدیۆلۆجیا بە دەمارگیریی توندی، هیچ کێشێك بۆ دەروونچاکی دانانێ، بگرە زیاد لەوە بەچاوی سووکیش سەیری دەکا.

ئایدیۆلۆجیاکان بەدرێژایی سەدەی بیستەم جهیانیان شەلاڵی خوێن کرد، ئایدیۆلۆجیایەك کاتێ پاشەکشە دەکا ئەوجا دەزانین چ کوێرەوەریەکی بەسەر مرۆڤدا هێناوە، ململانە لەنێوان مرۆڤی ژیر و ئایدیۆلۆجیادا ململانەیەکی نابەرامبەرە، چونکە ئایدیۆلۆجیا بۆ ئەوەی بیروباوەڕەکانی بسەپێنێ و دەسەڵاتی خۆی فراوان و بەرگری لە هەژموونی بکا، سڵ ناکاتەوە لەوەی پەنا بۆ خراپترین ئامرازی توندوتیژی ببا دژ بەوەی رازی نەبێ لابەندی (ولاء)ی خۆی پێشکێش بکا. هەر لێکترازانێکی ئاشکرا، بەلای ئایدیۆلۆجیستەکانەوە، تاوانێکە دەبێ وەك تاوان سزای بۆ دابنرێ، هەربۆیە هەرکەس لە هەر کاتێکدا زات بکا رووبەڕووی بیروباوەڕە ئاراکان بوەستێتەوە و هەوڵ بدا خواستی ویژدان و ئەقڵ سەر بخا، مەترسی هەیە کەرەستەکانی توندوتیژی، کە ئەرکیان بەرقەرارکردنەوەی بێدەنگی و سیستمە، ورد و خاشی بکەن. دەگمەنیش نییە خەڵکانێك هەبن ترسنۆکی و لاوازییان بگاتە ئاستێك دەست لە ئەقڵیان بشۆن و ملکەچانە ببنە سەربازی ئایدیۆلۆجیا و لەوێشەوە پاسەوانی پڕچەکی نەریتەکانی.

هەموو ئایدیۆلۆجیایەك توندوتیژی بەکار دێنێ و پاساو دەداتە ئەو توندوتیژییەی خزمەتی دەکا. هەموو ئایدیۆلۆجیایەك ئایدیۆلۆجیای توندوتیژیی پێویست و رەوا و رەسەنە، چونکە ئایدیۆلۆجیستەکان بەناوی واقیعیەتی سیاسییەوە جەخت لەوە دەکەن کە لە مێژوودا تەنیا توندوتیژی بەکارە. ئێمە ئەمڕۆ دەزانین "وواقیعیەت"ێکی لەم جۆرە کە توندوتیژی قبووڵە و بەکاریی دەکاتە پێوەری رەهای کاری سیاسی، ئەم واقیعیەتە هەر بەڕاستی تاوانبارە.

شەرعیەتدانی ئایدیۆلۆجی بە توندوتیژی، شێوەیەکە لە پەردەپۆشکردن کە ئامانجی نکوڵیکردنە لە نامرۆڤانەبوونی توندوتیژی، چونکە ئایدیۆلۆجیا رێگە بە تاك دەدا خراپە بکا لەپێناو چاکەدا، بەم پێیە کوشتنی ئایدیۆلۆجی خراپە نییە بگرە ئامرازێکی خەباتە دژی خراپە، کەواتە کارێکی چاکە. شەرعیەتدان بە توندوتیژی واتای رێگەپێدان و بێتاوانکردنیەتی لەیەك کاتدا. توندوتیژی لەڕێی جەختکردن لەوەی پێویستە، ئەنجام و پاساو دەدرێ، بەڵام لەڕاستیدا بەکارهێنان و شەرعیەتدان بە توندوتیژی وا دەکەن پێویست بێ.

ئایدیۆلۆجیا لافی ئەوە لێدەدا کە توندوتیژی چارەسەرە لەکاتێکدا کێشەیە نەك چارەسەر، ئەویش بەئەندازەی ئەوەی پەنابردن بۆ توندوتیژی گەڕان بەدوای چارەسەری راستەقینە دەکاتە کارێکی مەحاڵ.

گومان لەوەدا نییە حەزی مرۆڤ لە توندوتیژی، ئایدیۆلۆجیای توندوتیژی دروست دەکا نەك بەپێچەوانەوە، بەڵام وەزیفەی ئایدیۆلۆجیا بەوردی ئەوەیە دەرفەت بۆ مرۆڤ بڕەخسێنێ تا توندوتیژییەکەی پاساو بدا و شەرعیەتی پێ ببەخشێ. بەم

شێوەیە جەدەلیەتێك لەنێوان توندوتیژی و ئایدیۆلۆجیادا بەرپا دەبێ، هەریەکەیان پشت بەوی تریان دەبەستێ و پشتگیری و بەهێزی دەکا. توندوتیژی ئایدیۆلۆجیا بەرهەم دێنێ و ئایدیۆلۆجیایش توندوتیژی نان دەدا. ئەگەر توندوتیژی هەوا و هەوەسیش بێ، ئەوە ئایدیۆلۆجیا نییە کە توندوتیژی دەست پێدەکا، بەڵکو توندوتیژییە کە ئایدیۆلۆجیا بەخۆیەوە دەپێچێ.

توندوتیژی بۆ ئەوەی بەرهەڵستی و بێزاری و سەرسوڕمانی ویژدان جڵەو و دەستەمۆ و بێدەنگ بکا، پێویستی بەوەیە خۆی لە پەنای هەندێ بەڵگەی عەقڵانیدا حەشار بدا. ئایدیۆلۆجیا ئاگری توندوتیژی هەڵناگیرسێنێ، بەڵکو بەشداری لە "چاندنی propager"دا دەکا (چاوگی فەرمانی لاتینی pro-pgere بریتییە لە pangere بەواتای ناشتن یاخۆ چاندن planet)، بەوەیش ئایدیۆلۆجیا پروپاگەندەیە و زەوینە ساز دەکا تا توندوتیژی لە زەین و دڵەکاندا "بڕوێ".

ئایدیۆلۆجیا توندوتیژی دەچێنێ و چاودێری دەکا، لە دەرەنجامیشدا توندوتیژی نەك ئایدیۆلۆجیا لە بنەڕەتدا لە جوڵەی جەدەلیەتەوەیە. لەبەرئەوە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی تەنیا هەڵوەشاندنەوەی بنیاتی ئایدیۆلۆجیا بەس نییە، بگرە دەبێ توندوتیژیش وشك بکرێ، ئەویش بە رامکردنی ئەو ئارەزوو و وزەیەی هێزی پێدەبەخشن و دەیجولێنن.

فەلسەفە لە دۆخێکدایە جیاواز لە دۆخی ئایدیۆلۆجیا، چونکە لەکاتێکدا ئایدیۆلۆجیا پێداگرییەکی لوتبەرزانەی دەمقاڵە لەسەر بیروباوەڕێکی بنبڕی بێگەرد، فەلسەفە گەڕانێکی خاکی و پشوودرێژانە و نتمە بەدوای راستیدا. ئایدیۆلۆجیا دەسەڵاتێکی بەڵای هەیە لە خڕکردنەوەی مرۆڤدا، بەڵام یەکیان ناخا، بگرە تەنیا جەم و تۆپەڵ و کەڵەکەیان دەکا.

پرسەکە پرسی پێوەندیی نێوان خەڵکانێکی ئازاد نییە، بگرە پرسی گەلە مرۆڤێکی جڵەوکراون. باوەڕهێنان بە ئایدیۆلۆجیا لەڕێی راهێنانێکی دەستەجەمییەوە دەبێ کە مرۆڤ لە هەموو سەربەخۆییەکی فیکری بێبەش دەکا. تەواو پێچەوانەی ئەمە، لێکۆڵینەوەی فەلسەفی زادەی تەقەلای شەخسییە، کە تەواوی هەستی بەرپرسیاریەتیی تاکی عەودالْ بەشوێن مرۆڤایەتیی خۆیدا، تەیار دەکا. پابەندیی فەلسەفی هەمیشە ئارەزووکردنە بۆ ئازادی کە سەردەکێشێ بۆ دابڕان (قطیعة)– ئەو دابڕانەیش مەترسیدارە.

یەکێك لە گژبەرییە مەزنەکانی سەدەی بیست و یەکەم ئەوەیە سەرلەنوێ، لەسەر داروپەردووی ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی کە چارەڕەشی و مەرگیان لە هەموو کون و قوژبنی سەرزەویدا بڵاو کردەوە، فەلسەفەیەك دابمەزرێنین کە واتایەك بە ژیانی مرۆڤ و ئومێدێك بە مێژوویان ببەخشێتەوە.

دوور نییە "ناتوندوتیژی" لەلایەن ئەوانەی رەخنە لە رەتکردنەوەی رەهای بۆ توندوتیژی دەگرن، تۆمەتبار بکرێ بەوەی ئەویش ئایدیۆلۆجیایە. لەڕاستیدا، گرەوی ناتوندوتیژی جگە لە گرەوێکی ئایدیۆلۆجی هیچی تر نییە، نهێنیی پرسەکە لەوەدایە بزانین ئاخۆ مافی ئەوەمان هەیە ئازاری ئەو کەسە بدەین کە بەرامبەرمان دەوەستێ، یان بە کوشتنی رازی بین.

*** راستی**

*** فەلسەفە.**

# ژینگەناسی ( ئیکۆلۆجیا )

ڕێزگرتنی سروشت ڕێزێکە مرۆڤ لەخۆی دەگرێ. مرۆڤ بەشێکی دانەبڕاوە لە سروشت. بەڵام، زیاد لەوەیش، سروشت بەشێکە لە مرۆڤایەتییەکەی، چونکە کاتێ مرۆڤ "کاری توندوتیژی" بە ژینگەکەی دەوروبەری دەکا، خۆی باجی ئاکامەکەی دەدا، لەبەرئەوەی تێکشکاندنی "چوارچێوەی ژیان"ی تایبەتی خۆی زیانی گەورە بە "جۆری ژیان"ی دەگەیەنێ. مرۆڤ لە ئەنجامی ئەو زیانانەی بە سروشتیان دەگەیەنێ هەر بەڕاستی "نەخۆش" دەکەوێ ، چونکە پیسبوونی هەوا و ئاو و خاک توندوتیژییە بەرامبەر مرۆڤ کە لەوانەیە توندوتیژییەکی کوشندەیش بێ. لێرەوە پێویستیی ڕێزگرتنی سروشت و پاراستنی تەنیا لە حەزێکی سۆزباوییەوە سەرچاوە ناگرێ، بگرە لە ئەرکێکی ئەخلاقییەوە سەرچاوە دەگرێ کە بناغە بۆ پابەندکردنێکی ئەخلاقی دادەمەزرێنێ.

ڕێزگرتنی مرۆڤ بە ناسینی دەست پێدەکا، ئیکۆلۆجیا(٤) ئەو زانستەیە دەرفەتی ئەو ناسینەمان بۆ دەڕەخسێنێ. ئیکۆلۆجیا پێش هەموو شت توێژینەوەیە لەو ناوەند و سیستمە سروشتییانەی زیندەوەران تێیاندا دەژین. ئەو توێژینەوەیە پاشتر ڕێگە بۆ دانانی ئەو بنەما و پێوەرانە ساز دەکا کە پێویستە چالاکییەکانی مرۆڤ ملکەچی بن –نەخاسمە چالاکییە ئابوورییەکان– تا بتوانرێ ڕێز لە ریتم و هاوسەنگییە سرووشتییەکانی ئەو سیستمانە بگیرێ.

ڕێبازە ئابوورییە باڵادەستەکان ملکەچی لۆجیکی بەرهەمگەرایی productivism بوون و بەوە لەئاست سروشتدا نابینا بوون. هیچ حسابێکیان بۆ ئەو دژیەکی و تەنگەبەرییانە نەکرد کە پەرەسەندنێکی تەکنیکیی رەها و بێ جڵەو دووچاری کردین و نەیتوانی پێش لەوەی کار لە کار بترازێ خۆی رزگار بکا لەو "خەیاڵپڵاوییە زانستگەرا (٥)"یەی لە کۆتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا سەری هەڵدا و ئومێدی دایە خەڵك لە هێنانەکایەی پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتیی سەرەمڕ وەك بەرەنجامێکی حەتمیی پێشکەوتنێکی تەکنیکی لەسەر هێڵێکی راست بۆ پێشەوە. ئەمڕۆ دەبێ دان بە شکستهێنانی وێناکردنی زانستگەرایانە Scientism بۆ پێشکەوتنی زانستیدا بنێین. ئەمەیش بەو واتایە نا کە دژ بە هەر نوێکارییەکی تەکنەلۆجی بین لەڕێی گۆرانی گوتنێکی لەخۆباییانە بە "سەردەمی باب و باپیران"، بەڵکو واتای ئەوەیە پێویستە جڵەوی پێشکەوتنی پیشەسازییانەی کۆمەڵگەکانمان بکەین و ئەو پێوەرانە دەستنیشان بکەین کە پێویستە لە سەروکاریکردنی ئەو پێشکەوتنەدا رەچاویان بکەین.

راستیەکەی هەندێ سنوور و بەربەست تێپەڕێنراون، بەشێوەیەك چی تر ناکرێ بگوترێ مەسەلەکە تەنیا بریتییە لە هەندێ زێدەڕۆیی و سەرکێشیی سنووردار. پێویستە لەپێناو وابەستەکردنی بە مەرج و خواستەکانی ئیکۆلۆجیاوە جارێکی تر گومان بخرێتەوە سەر خودی سیستمی بەرهەمهێنانی پیشەسازی، چونکە بەرهەمهێنان بەشێوەی جیاواز پێویستی بە کارکردن بەشێوەی جیاواز و بەرکاربردن بەشێوەی جیاواز هەیە و لە دەرنجامیشدا ژیانکردن بەشێوەی جیاواز، واتە باشتر ژیان.

لە ماوەیەکی مێژوویی دوور و درێژ –نا بگرە زۆر درێژ–دا دەبوو مرۆڤ خۆی لەو هەموو مەترسییانە بپارێزێ کە سروشت بەهۆیانەوە بووبوو بەبار بەسەر شانیەوە، بەڵام ئەمڕۆ وای لێهاتووە مرۆڤ، بەهۆی ئەو توانا تەکنیکییەی بەدەستی هێناوە، بەو مەترسییانەی هێناونیەتیە ئارا، ئەو بووە بە بار بەسەر سروشتەوە. لێرەدا قسە لەسەر دۆخێکی زۆر نوێ دەکەین کە دەخوازێ سەرلەنوێ بیر لەو بنەمایانەی ئەخلاق بکەینەوە کە توانای مرۆڤ بۆ کارکردن ڕێك دەخەن. ئێمە ئیتر لەوە حاڵی بووین زەوی وا بەرەو فەوتان دەچێ. دیارە ڕوودانی خراپترین ئەگەر، ئەگەر دڵنیاش نەبین لە ڕوودانی، بەڵام وا ڕێی تێدەچێ، بۆیە پێویستە ئەو ئەگەرە بەجددی وەربگرین.

ئەرکی سەرشانی مرۆڤە ئازایانە ڕووبەڕووی ئەو حاڵەتی لەرزۆکی و لاوازییە ببێتەوە کە بەهۆی دەستکراوەیی مرۆڤەوە بۆ کارکردن، سروشت بەدەستیانەوە دەناڵێنێ و دەبێ دەرك بەوە بکەین بەرپرسیاریەتیی سروشت لە گەردنی ئەودایە. لە رابردوودا بەرپرسیاریەتیی مرۆڤ لەڕێی کارەکانیەوە تەنیا پێوەندی بە ئایندەی زۆر نێزیکەوە هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ

بەرپرسیاریەتیەکەی لە زەماندا دەکشێ تا دەگاتە ئایندەی زۆر دووریش. کەواتە پێویستە لەسەری بەشێوەیەک رەفتار بکا کە بوار بۆ بەردەوامیی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی بمێنێ.

# بەرنامەی بنیاتنەر

گرینگە خەباتی ناتوندوتیژانە دژ بە ستەم تەنیا لە چوارچێوەی سەرکۆنە و سەرزەنشتکردنەکانیدا قەتیس نەبێ، بگرە بتوانێ پرۆژەی بەدیل ئامادە بکا کە زەوینە بۆ بەرقەرارکردنی دادپەروەری و تاقیکردنەوەی ئەو پرۆژانە ساز بکا. هەر لەوکاتەی بزاڤی بەرەنگاری بەرنامەی هاوکاری نەکردن جێبەجێ دەکا، پێویستە "بەرنامەیەکی بنیاتنەر"یش دابنێ. ئەم بەرنامەیە، هاوتەریب لەگەڵ رێکخستنی ئەو دەزگا و پێکهاتە کۆمەڵایەتیانەی سەرکۆنەیان دەکەین و ئامادە نین هاوکارییان بکەین، رێکخستنی هەندێ دەزگا و پێکهاتە لەخۆ دەگرێ کە دەرفەت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی بنیاتنەر بۆ کێشە هەنوکەییەکان بڕەخسێنن، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی چارەسەرێکی کۆتای کێشەکە بکەین.
لەباتیی رازیبوون بەوەی داوا لە دەسەڵاتی دژبەر بکرێ چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ کێشە ئاراکە پێشکێش بکا، پێویستە ئەو چارەسەرە بخرێتە نێو واقیعەکەوە، ئەویش بە پێشکێشکردنی بەڵگە لەسەر ئەوەی دەشێ جێبەجێ بکرێ.
بەرەنگاریکاران مەبەستیان تەنیا ئەوە نییە دۆخەکە بگۆڕێ، بگرە خۆیان دەستپێشخەری دەکەن بۆ بەدیهێنانی ئەو گۆڕانکارییە کە لەپێناویدا دەست دراوەتە تێکۆشان. هەربۆیە ئەو کەسانەی رازی نین بەشێك لە باجەکانیان بدەن وەك ناڕەزایی لەدژی خەرجییە سەربازیە زەبەلاحەکانی حکوومەت، با بڕیا بدەن ئەو پارەیەی بەو هەنگاوە چنگیان کەوتووە بۆ پارەدارکردنی پرۆژەکانی شیاندن بۆ چارەسەری ناتوندوتیژییانەی کێشەکان خەرج بکەنەوە.
بەدیهاتنی بەرنامەی بنیاتنەر پێویستی بە بەشداریی کاریگەری تەنانەت ئەوانەیش هەیە کە قوربانیی ستەمن، ئەویش بە بانگکردنیان بۆ گێڕانەوەی مافەکانیان بەدەستی خۆیان، چونکە کاری ناتوندوتیژانە بریتی نییە لەوەی مرۆڤ داوای مافەکانی بکا، بگرە هەوڵدانیشیەتی بەپێی توانا بۆ گێڕانەوەیان. بەرنامەی بنیاتنەر پێویستە دەرفەت بۆ ئەوانەی لە بنیاتە سیاسی و ئابوورییە ئاراکاندا هەردەم لە دۆخی پاشکۆیدا بوون بڕەخسێنێ تا شان بدەنە ژێر چارەنووسی خۆیان و راستەوخۆ بەشداریی لە بەڕێوەبردنی کاروبارە تایبەتەکانیاندا بکەن. جگە لەوەیش، جێبەجێکردنی بەرنامەی بنیاتنەر دەرفەت بۆ چەندان کەس لەوانەی ئامادە نین خۆ لە قەرەی مەترسییەکانی کارکردن بدەن، دەڕەخسێنێ تا وزەکانیان جەم بکەن و دەست بدەنە تێکۆشان.
بەوەیش کاری ناتوندوتیژانە بە بەدیهێنانی بەرنامەی بنیاتنەر، هێز و پێزی خۆی تەنیا لەوەوە وەرناگرێ کە بەرهەڵستی دەکا، بەڵکو لەوەیشەوە وەری دەگرێ کە پێشکێشی دەکا و بەدی دێنێ. بەرنامەی بنیاتنەر دەیەوێ ئەوە رۆشن بکاتەوە کە بنەما و رێگەکانی ناتوندوتیژی تەنیا دەرفەت بۆ کاراکردنی سەرکۆنەکردن لای کۆمەڵگە ناڕەخسێنن، بگرە پێویستە لەسەری دەرفەت بۆ گرتنەئەستۆی بەڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵگەیەش بڕەخسێنێ.

# فرۆشتنی چەك

لە مەترسیدارترین ئاکامەکانی سیاسەتی بەرگریی دەوڵەتان لە کۆمەڵگە نوێکاندا، ئەوەیە توێژینەوە و پیشەسازی و ئابووری بێنە سەربازاندن، بەشێوەیەك دروستکردنی چەك بەتایبەتی سەربکێشێ بۆ بازرگانیکردن بە چەك لەڕێی پرۆسەیەکەوە کە هەر هێندەی بەری بۆ شل کرا، لۆجیکێکی میکانیکی وەردەگرێ.

سەرەتا پێویستە مشتومڕ لەبارەی فرۆشتنی چەك لەو ڕێگە داخراوە دەربهێنرێ کە بەحەتمی ئەو مشتومڕە لوتی پێیدا هەڵدەتەقێ مادەم رازین بە پێکدادانی کۆتەکانی "واقیعیەت"ی ئابووری و سیاسی —کە خۆی فرۆشتنی چەك دەسەپێنێ— لەگەڵ ئەو ئەرکانەی بەها ئەخلاقیەکان فەرزیان دەکەن و سەرکۆنەی ئەو کارە دەکەن. ئەم رووبەرووبوونەوە بێهودە و نەزۆکە لەسەر وێناکردنێکی هەڵە بۆ ئەخلاق و سیاسەت وەك یەك، دامەزراوە. لێرە و لە هەموو جێیەکی تریش، واقیعیەتی راستەقینە بریتییە لە دانانی سیاسەتێك کە ملکەچی ئەرکە ئەخلاقیەکان بێ.

لە روانگەی شیکارییەکی پەتیی رووداوەکانەوە، تێڕوانینێك هەیە خۆی دەسەپێنێ: فرۆشتنی چەك توخمێکە لە توخمەکانی سیستمێکی داخراو بەسەر خۆیدا کە لۆجیکە باوەکەی زیاتر ملکەچی خواستەکانی تەکنەلۆجیایە تا ئەوەی ملکەچی پێویستیەکانی وڵاتە هەناردەکارەکە بێ. زەرورەتەکەی بەزۆری ئەو پێکهاتە پیشەسازی—سەربازییە بەسەر دەسەڵاتدارانی وڵاتیدا دەسەپێنێ کە لە کۆمەڵگە نوێکاندا سەربەخۆییەکی فراوانی بەدەست هێناوە. پێشبڕکێی پرچەککردن —کە فرۆشتنی چەك توخمێکە لە توخمە پێکهێنەرەکانی— بەپێی پێویستییە تایبەتەکانی خۆی، وزە بەخۆی دەدا و خۆی و هەر لەپێناو خۆیشیدا گەشە دەکا. تەکنەلۆجیا دروستکردنی چەك فەرز دەکا کە دەویسترێ لەڕێی ناردنەدرەوەی قازانج بەدەست بێ. بەمەیش لۆجیکی بازرگانی جێگەی رەچاوکاری (اعتبارات)یە خاوەن مۆرکە سیاسی و دیبلۆماسی و ستراتیجیەکان دەگرێتەوە.

یەکێك لە بیانووە هەرە گەورەکان بۆ پاساودانی فرۆشتنی چەك ئەو گومانەیە گوایە بەهۆیەوە دەتوانرێ کەرەستەی ئەوتۆ دەست بخرێ کە بۆ بەرگریکردنی سەربەخۆ لە وڵاتە هەناردەکارەکە زۆر پێویستن، چونکە ئەو وڵاتە دەتوانێ بە کەمترین خەرج لەڕێی درێژکردنەوەی زنجیرە پیشەسازیەکانەوە کە دەرفەت بۆ بەدەستهێنانی وەبەرهێنان دەڕەخسێنێ، پێداویستیەکانی سوپاکەی دەستەبەر بکا. بەمەیش بازرگانیی چەك کە کۆمەڵگە نوێکان خۆیان تێدا رەتاندووە، وەك گومان دەبرێ، دەبێتە پێویستیەك بۆ بەرگریکردنی تایبەتی. بەو پێیەش رەخنەگرتن لە زەرورەتی ئەو بازرگانییە نکوڵیکردن دەبێ لە زەرورەتی ئەو بەرگریکردنە.

بەڵام لەڕاستیدا داهاتی ئابووریی فرۆشتنی چەك زۆر دوورە لەوەی مسۆگەر بێ وەك گومان دەبرێ. دابینکردنی خەرجی فرۆشتنی چەك بۆ وڵاتانی روو لەگەشە کە توانای دانەوەی قەرزەکانیان نییە، لەڕێی پێدانی قەرزەوە دەبێ لەلایەن حکوومەتی وڵاتە هەناردەکارەکەوە. جگە لەوەیش، چەندان وڵاتی هاوردەکار، کە خۆیان لەژێر قەرزدا دەناڵێنن، داوای شمەکگۆڕی (موقایەزە) دەکەن: چەك بەرامبەر مادەی سەرەتایی و ئەو سەودایانەیش بەزۆری لە زیانی وڵاتە هەناردەکارەکەن، چونکە مادە سەرەتاییەکان زێدەڕۆیی لە دانانی نرخەکانیاندا دەکرێ. لە باشترین حاڵەتدا ئەو گرێبەستانەی لەسەر بنەمای ئەو جۆرە شمەکگۆڕییە دەبەسترێن سەریان لە کردەوەگەلێکی "سپی"یەوە دەردەچێ کە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر تەرازووی بازرگانی نییە.

زیاد لەوەیش، زۆربەی جار وڵاتانی هاوردەکار، چەندە بۆیان بلوێ، قەرەبووی پیشەسازی دەسەپێنن: چەك لەو وڵاتانە دەکڕن کە ئارەزووی کڕینی کاڵا و شمەکی ئەو وڵاتانە دەکەن، ئەو مەرجانەیش تا رادەیەکی بەرچاو دەسکەوتی دارایی پرۆسەکانی گواستنەوەی چەك کەم دەکەنەوە.

بیانوویەکی تر هەیە دەڵێ ناردنەدەرەوەی چەك یارمەتیی وڵاتانی هاوردەکار دەدا تا ئاسایشی خۆیان مسۆگەر بکەن، هەروەها فرۆشتنی چەکیش -وەك ئەوان جەخت دەکەن- لە چوارچێوەی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە کە لە مادەی ٥١یدا دان بە مافی رەوای بەرگری لەخۆکردن بۆ هەر دەوڵەتێك دەنێ. لێرەوە بازرگانیی چەك یەکێکە لە رەگەزەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە هەناردەکارەکە. بەڵام ئەم شێوە شەرعیەت پێدانە لەسەر ئەو بەڵگەنەویستە دامەزراوە کە دەڵێ ئەو کێشە سیاسییانەی لەنێوان گەل و نەتەوە و دەوڵەتاندا سەرهەڵدەدەن، بەبێ پەنابردن بۆ چەکەکانی توندوتیژی چارەسەر ناکرێن، لەکاتێکدا بەکردەوە کاریگەریی گەورەی پرۆسەکانی فرۆشتنی چەك زیاتر لەوەدایە هانی خێراکردنی پێشبڕکێی ناوخۆیی خۆ پڕچەککردن دەدا، بەمەیش هانی گەڕان بەدوای چارەسەری توندوتیژانەی کێشەکان دەدا و ئاسانکاری بۆ دەکا و شیرینی دەکا.

لە دەرەنجامدا، فرۆشتنی چەك واتای هەناردەکردنی توندوتیژییە، واتای شیرینکردنی جەنگە زیاتر لە ئاشتی.

زیاد لەوەیش، بازرگانییەکی چەك هەیە کە "بازرگانانی تۆپەکان" بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەك رێکی دەخەن. بازرگانییەکی لەم شێوەیەش، بەبێ شك دەبێتە مایەی بڵاوبوونەوە و رەواجی چەکە سوکەکان لە بازاڕی جیهانیدا کە دوور نییە ئاکامەکەی زیانی گەورە بە زۆر ناوچەی دنیا بگەیەنێ. لێرەدا دەبێ دان بەوەیشدا بنرێ کە ئەم بازرگانییە نایاساییەی چەك زۆربەی جاران لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە تائێستا هیچ هەنگاوێکیان بۆ دانانی سنوورێك بۆ ئەو بازرگانییە نەناوە چاوپۆشی لێدەکرێ. پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناسنامەی دەڵاڵەکانی چەك دیاری بکا کە بەزۆری لە بازرگانیی قەدەغەوە گلاون و سزا بدرێن. هەربۆیە گرینگە چاودێرییەکی خۆپارێزی بخرێتە سەر پرۆسەکانی دەڵاڵی.

چەکەکان بەرهەمێکی ئابووری نین وەك هەر بەرهەمێکی تر کە بکرێ بەپێی یاساکانی بازاڕ بخرێنە بازاڕ، چونکە چەکەکان تەنیا کاڵایەك رووت نین: تەنیا کاڵایەکی بەکاربردن نین، بگرە کاڵای وێرانکردنن و پێویستە دەوڵەتانی دیموکرات توندترین چاودێری بخەنە سەر ناردنەدەرەوە چەکیان. هەروەها پێویستە رازی نەبن چەك بە هیچ دەوڵەتێك بفرۆشن کە رێز لە مافەکانی مرۆڤ ناگرێ و سەرپێچیی یاسای نێودەوڵەتی دەکا.

بۆ ئاشتی ئەوە بەکەڵکترە لەبری فرۆشتنی چەك، دەوڵەتانی چەکفرۆش لەنێو خۆیاندا پرس و راوێژ بکەن بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیبلۆماسیی بەرفراوان بەمەبەستی کردنەوەی رێگەیەکی راستەقینە بۆ دانوستاندن لەنێوان لایەنە بەشەڕ هاتووەکاندا. ئاخۆ ئەرکی ئەو واقیعیەتە سیاسییەی لەهەموان زیاتر ئاگەداری رووداوەکانە، نییە کە بەرەو ئەوە هەنگاو بنێ گومانی زیاتر بخاتە سەر تواناکانی چەکە وێرانکەر و بکوژەکانی توندوتیژی لە هێنانەکایەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ ئەو کێشە حەتمییانەی لێرە و لەوێ لەنێوان تاکەکان و گەلاندا دەتەقنەوە؟

چەکفرۆشتن واتای پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە بە توندوتیژیی زیاتر، ئەو کۆمەڵگەیەی خۆی لە بنەڕەتدا لە هەموولاوە توندوتیژی ژیانی تەنیوە.

هیچ پێویست ناکا بە ئاماژەدان بە تارمایی جەنگێکی ئەتۆمی بۆ داننان بەوەی چەکەکانی توندوتیژی توانای خۆ بەفەتارەتدان، نەك بەرگری لەخۆکردن، بەمرۆڤ دەبەخشن. پێویستە بکرێتە جۆرە پابەندییەکی بنبڕ لەسەر دیبلۆماسیەتی هەر دەوڵەتێکی پەرۆش بۆ چەسپاندنی سیستمێکی نێودەوڵەتی لەسەر بنچینە ئاشتی و دادپەروەری، کە هەرچی لەتوانایدایە بیکا بۆ بەرگرتن لە ئاڵۆزبوونی کێشەکان بەرەو توندوتیژی.

پرسی سەرەکی کە چەکفرۆشی دەیخاتە روو -کە بەپلەی یەکەم پرسێکی سیاسییە- بریتییە لە زانینی ئەوەی ئاخۆ رێگەیتری جێگرەوەی چەکەکانی توندوتیژی هەیە بۆ چارەسەری کێشەکان؟. ئەم بابەتەیش لە هەمان کاتدا پێوەندی بە سیاسەتی بەرگریی ئەو وڵاتەی چەك دەفرۆشێ و سیاسەتی بەرگریی ئەو دەوڵەتەیش دەیانکڕێ، هەیە. لەبەردەم ئەو رێگە داخراوانەیشدا کە مەترسی هەیە پێشبڕکێی پڕچەککردن هەموو گەلانی پێ بگەیەنێ، جێی خۆیەتی بیر لەوە بکرێتەوە کە

پێویستە بۆ وەڵامی ئەم پرسە لە تاقیکردنەوەی ستراتیجەکانی کاری ناتوندوتیژانەدا بۆی بگەڕێن. کەواتە بابەتی هەرە گرینگ و دەستەویەخە بریتییە لە وەبەرهێنان لەم گەڕانەدا.

# مێژوو

مێژوو گێڕانەوەی بەشبەشکراو –لە یەك کاتدا واقیعی و بەهێڵکراو–ی ڕووداوەکانە کە ئادگارەکانی ژیانی گەلان و نەتەوەکان پێك دێنێ. ئەم گێڕانەوەیە بە سروشتی خۆی ناکرێ بێلایەنانە و بابەتی بێ، چونکە لە چوارچێوەی جێبەند(سیاق)ێکی کولتووریدا دەنووسرێتەوە کە ئایدیۆلۆجیای توندوتیژی بەسەریدا زاڵە. لەبەرئەوە ئەم باسکردنە تەنیا بریتی نییە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکان و بەس، بگرە ڕاڤەکردنیشیانە. ئەو مێژووەیش کە تایبەتە بە ڕووداوەکانی توندوتیژی ڕەنگدانەوەی سیخناخبوونی مێژوونووسان خۆشیانە بە کولتووری توندوتیژی، چونکە لەڕێی ئەو خوێندنەوەوە بەزۆری پایەی توندوتیژی بەرز نیشان دەدرێ وەك کارێکی پێویست و ڕەوا و دروست کە پێویستە کۆمەڵە ئادەمییەکان بۆ دروستکردنی ناسنامەی خۆیان پەنای بۆ ببەن.

توندوتیژکارانیش خوازیاری حوکمی مێژوون کە ڕەنگە پاساویان بداتێ، بەڵام حوکمی مێژوو بوونی نییە، چونکە مێژوو قەت ناتوانێ خۆی بکاتە داوەر و هەمیشە ئەو دادگەیی دەکرێ و بەزۆریش براوەکان دادگەیی دەکەن.

پێدەچێ مێژوو لە بەرژەوەندیی "توندوتیژ"ەکان بڕیار بدا، بەڵام ئەو مێژووە تەنیا مێژووی "توندوتیژ"ەکانە، جا بۆ ئەوەی مێژووی کارەکانی توندوتیژی بنووسینەوە، دەبێ قوربانیەکان بێنینە قسە.

بێگومان تێڕوانینمان بۆ مێژوو ڕێگرە لەبەردەم تێگەیشتن لە توندوتیژی. مێژوو هەر بەڕاستی پڕیەتی لە ژمارەیەکی زۆر کاری توندوتیژی کە خەڵکانێك دژ بە خەڵکانێکی تر ئەنجامیان داوە، چەوساندنەوە، دوورخستنەوە، لەداردان، غافڵکوژی، جەنگ و جەنگە ئاینیەکان، قەسابخانە، کاری تیرۆریستی، جینۆساید...ئەو ڕووداوانەی هەموو ڕۆژ دەبنە ڕووداوەکانی ڕۆژ و لە شاشەکانەوە لە ساتی ڕوودانیاندا دەیانبینین، بەحەتمی هەموو وەك هەڵگری سیفەتی توندوتیژی دێنە بەرچاو، وێنەکانی کارولکاری و مەرگ کە سەرکاروانی دەنگوباسی میدیاکانن جێکەوتی قووڵیان لەسەر هەست و زەینمان هەیە. تا وردە وردە ئەو باوەڕەمان لەلا گەڵاڵە دەبێ کە توندوتیژی وەك چارەنووسێکی حەتمی لەنێو چاوانی مرۆڤ نووسراوە و بەشێکە لە سروشتی. ئێمە لەڕێی ئاوێزەی شێواوی ئایدیۆلۆجیای توندوتیژییەوە کە بەسەر کەلتوورماندا زاڵە و قەناعەتمان پێدەکا کە تەنیا توندوتیژیی زیاتر دەتوانێ توندوتیژی لە ڕەگەوە دەربێنێ، سەیری مێژوو دەکەین. جا چۆن لەبارێکدا ئێمە قوربانیی ئەم جۆرە مەرجە بین، دەتوانین دەنگی ناتوندوتیژی بگەیەنین بەبێ ئەوەی گوێگر وا هەست نەکا هەڵەیەك لە زەوق و بڕیاردانماندا ڕووی داوە؟ خەونێکی خۆشە بەڕاستی، بەڵام تەنیا خەونە و هیچی تر!

بەم شێوەیە ئێمە قەناعەتمان هێناوە کە وێناکردنی مێژوویەکی ناتوندوتیژانە کارێکی ناواقیعییە، ئەمەیش وامان لێدەکا پلار لە گونجاویی ناتوندوتیژی بگرین و پێداگری بکەین لەسەر دەستەپاچەیی لە "دروستکردنی مێژوو"دا. دیارە نووسینەوەی مێژوو بە سەپاندنی ئەوەی ناتوندوتیژی دەیخوازێ بەسەر ڕابردوودا کارێکی بێ سوودە، چونکە بەبێ هیچ گومانێك زێدەڕەوییە لە میسالیبووندا کە باوەڕمان وابێ مرۆڤ لە دێرین زەمانەوە توانیویانە ناتوندوتیژ بن و پێویست بووە وا بن بەڵام ئەوان وایان نەکردووە. ئەگەر بە هەموو سەرڕاستیەکی هزریەوە باوەڕمان وابێ توندوتیژی هەرگیز حەتمیەتێکی مێژوویی نەبووە، ئەوا دەبێ دان بەو ڕاستیەیشدا بنێین کە بەکردەوە مەحاڵ بووە تاکەکان کە لەنێو تۆڕێك لە کۆت و بەندی هەمەجۆرەی کۆمەڵایەتیدا تەوق کراون، بتوانن باز بەسەر پێویستیی ئەو توندوتیژییەدا بدەن کە باری شانی گران کردوون، بەشێوەیەك لەتوانایاندا نەبووە "بیرۆکەی ناتوندوتیژی" تەنانەت بەخەیاڵیشیاندا بێ. بزوێنەری مێژوو مرۆڤی تاك نییە، بگرە ئەوە کۆمەڵە کە بەزۆری سەرکەوتن بەدەست دێنێ و یاساکانی خۆی دەسەپێنێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا مێژوو تەنیا لە توندوتیژی دروست نەبووە، چونکە ژیان و مردن لەنێویدا بەتوندی بەنێو یەکدا چوون، بەڵام مایەی سەرسوڕمان نییە کە مادەی بەرایی هەواڵەکان توندوتیژی بێ: چونکە چاکی بێدەنگە و حەزی لەوە نییە وێنەی بگیرێ، لەبەرئەوە دەگمەنە کاری چاکە هەرا بنێتەوە. هەروەها مێژوو حەزی لێیە لەو جێییانەدا بوەستێ کە توندوتیژییان

تێدا هەڵدەگیرسێ، لەگەڵ ئەوەشدا چاکەیش لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکاندا گینگڵ دەدا، لە هەموو سەردەمێکدا عەقڵانێکی ڕوناک هەبوون، زۆرجار سرووشت پێغەمبەرانە بوون و لە سەردەمی خۆیاندا بەگژ توندوتیژیدا چوون و بەوە لە هاوسەردەمەکانی خۆیان جویێ بوونەتەوە کە توندوتیژییان بە زەرورەت زانیوە. هەر لەو ساتەی توندوتیژییەکی ئەوتۆ باڵی بەسەر مێژوودا کێشاوە کە لە توانای کەسدا نەبووە جڵەوی بکا، خەڵکانێك هەبوون پەنجەرەیان بەڕووی ئەو بەهایانەدا کردووەتەوە کە باڵاییان لەباریدا هەیە مرۆڤ بە خواستەکانی ژیانی ڕۆح ئاشنا بکا. ئەوانە بە ملنەدانیان بە حەتمیەتێکی گوماناوی، سەرکێشییەکی مەترسیداریان کرد و توانییان ببنە شایەت لەسەر بانگی جیهانیی ویژدانی مرۆڤایەتی کە دەڵێ "مەکوژە". کێ دەوێرێ بڵێ ئەوانە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕێڕەوی مێژوو نەبووە؟ بەڵام ئەوە ڕاستە کە ئاستەمە گەنگەشەکانی ویژدان بکەونە نێو تۆمارەکانی مێژوو، چونکە بەدڵنیاییەوە ڕووداوە خوێناویەکان زیاتر لە زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر خۆیدا دەگوێزرێنەوە.

نابێ لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقیی پەتییەوە —کە ناتوندوتیژی دەخوازێ— لە مێژوو و ئەو توندوتیژییەی تێیدا بووە تێبگەین و حوکمی لەسەر بدەین، چونکە ناتوندوتیژی لەسەر بنچینەی نکوڵیکردن لە مێژوو و ڕووداوە توندوتیژەکانی دانەمەزراوە، ئەگەر خۆی بەدەست ئەم میسالیەتەوە بدا ئەوە خۆی لە مێژوو دوور دەخاتەوە و ناتوانێ کار لە ڕووداوەکە بکا. بەواتایەك، ئاخۆ ئەو کەسەی بۆی لواوە لە ناتوندوتیژی ڕابمێنێ، تاوان ناکا کاتێ سکاڵا لە مێژوو دەکا؟ ئاخۆ ناتوندوتیژیش کەلەپوورێك نییە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە مێژووەوە دەستی کەوتووە؟ بۆیە نابێ بەهەمان چاو سەیری هەموو ڕووداوەکانی توندوتیژی لە مێژوودا بکرێ، چونکە هەندێکیان، وێڕای هەموو شتێك، دەرفەتیان بۆ ئەگەری پێشکەوتنی مرۆڤ بەرەو مرۆڤایەتیی زیاتر ڕەخساندووە. کەواتە دەبێ پێ لەوە بنرێ کە بەکردەوە، ئەگەر شەرعیش نەبێ، جەدەلیەتێکی توندوتیژی/ناتوندوتیژی هەبووە کە لەڕێیەوە مێژوو وای کردووە ناتوندوتیژیش ئەگەرێك بێ و هەبێ.

هیچ حەتمیەتێکی ڕەها نییە مرۆڤ بە چارەنووسێکی حەتمیەوە شەتەك بدا. حەتمیەتی مێژوویی هەمیشە ڕوویەکی تریشی هەیە ئەویش ئازادیی مرۆڤە. پێویستە پارێزگاری لە هەردوو پەڕەکەی جەدەلیەت لەنێوان پێویستی و ئازادیدا بکرێ، چونکە مرۆڤ کاتێ دەکەوێتە نێو ئەو کێشانەی دەیخەنە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی، حەتمیەتی پەنابردن توندوتیژی گەمارۆی نادا.

خوێندنەوەیەکی بەکاوەخۆ بۆ مێژوو لەباریدا هەیە دەری بخا کە هێزی تر هەن جگە لە هێزی توندوتیژی کە تێیدا گینگڵ دەخۆن و هەندێ هزر (وەك لێبوردەیی و دیموکراسی و ڕێگرتنی مافەکانی مرۆڤ...) هێزێکی تایبەت و سەربەخۆ لەو ئامرازە توندوتیژانەیان هەیە کە خزمەتی ئەو هزرانە دەکەن، هەروەها دەکرێ ڕێژیمە دیکتاتۆریەکان بێنە ڕووخاندن بەبێ ئەوەی توندوتیژی دەستێوەردانێکی یەکلاکەرەوەی لەو بوارەدا هەبێ. ناتوندوتیژی تەنانەت پێش لەوەیش گاندی ئەو ناوەی لێبنێ لە مێژوودا کاری خۆی کردووە و مێژوویەك لە سەروەرییەکانی بەرەنگاریی ناتوندوتیژانە هەیە. ئەزموونی چەندان خەبات سەلماندوویانە ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە کاریگەریی بەرچاوی هەیە لە ڕەخساندنی بوار بۆ مرۆڤ بۆ گێڕانەوەی کەرامەتیان و بەرگریکردن لە ئازادییان.  ئەم نموونانە بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە ناتوندوتیژی تەنیا تکا نییە، بگرە ئەگەریشە.

ئایا دەکرێ بڕوا وابێ مێژوو یاسایەکی هەیە بەو پێیە مرۆڤایەتی وردە وردە بەرەو لەخۆگرتنی ئەرکی ناتوندوتیژی دەڕوا؟ ئاخۆ ناتوندوتیژی لە ماوەی ساڵ و سەدە دوور و درێژەکاندا پێشکەوتنی بەدەست هێناوە؟ ئاستەمە ئەم بابەتە یەکلا بکرێتەوە، بەڵام لانی کەم ئەو پەرەسەندنە لەسەر هێڵێك ناڕوا، چونکە هیچ پێشکەوتنێك نەبووە سەرکەوتنی تەواوەتی بەدەست هێنابێ، نەخاسمە کە چەندان حاڵەتی پاشەکشە هەن کە لەمپەر لەبەردەم پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەرەو ناتوندوتیژی دروست دەکەن. تێگەیشتن لە مێژوو بەوەی دەرچوونێکی لەسەرخۆیە لە پشێویی توندوتیژییەوە بۆ سیستمی

هاوئاهەنگی ناتوندوتیژی، لەوانەیە تێڕوانینێکی وەهمی بێ، مێژووی مرۆڤایەتی مەرگەساتێکە ریشەی خۆی لە لاوازی و مەزنیی مرۆڤەکاندایە لەیەك کاتدا و گێلییە پێداگر بین لەسەر ئەوەی رۆژێك دێ ئەو مەرگەساتە کۆتای دێ، چونکە ئەوەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ –بەپێچەوانەی کەسی ئایدیۆلۆجی– "دڵنیا" نییە لەوەی "حەقیقەت لە کۆتادا سەردەکەوێ"، کە هەموو شت، تەنانەت خراپەیش، بەشداری لە سەرکەوتنی ئەقڵی هەمەیی (کلي) دەکا، چونکە ناتوندوتیژی لە "دڵنیایی"ەکی وادا ریشە داناکوتێ، چونکە ئەو بناغە بۆ هیچ فریادڕەسخوازی یاخۆ مەسیحانیەت(٦) یان قیامەتخوازییەك (٧) دانامەزرێنێ، بەڵام ریشەی خۆی لە تکایەکدا داکوتاوە کە بەشی ئەوە بکا واتایەك بە ئێستە ببەخشێ.

دەرەنجام، مێژوو واتایەکی دیاریکراوی نییە، بەڵام رەنگە واتایەکی تێدا بێ: مێژوو واتای دەبێ هەرکات مرۆڤەکان سەلماندیان دەتوانن پێکەوە بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵێك کە لەسەر بنچینەی ئازادی و دادپەروەری دامەزرابێ، کار بکەن.

ئەمڕۆیش لەبەردەم رووداوە هەرە توندوتیژەکاندا کە هاوڕەگەزەکانمان لە سەرتاسەری جیهاندا لەتوپەت دەکەن، ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتووە دەرك بەوە بکەین کە توندوتیژی دەستەپاچەیە لە دروستکردنی مێژوو و بەردەوام کۆسپ دەخاتە رێگەی؟

جێی سەرنجە ئەو یەکە مەرجەعی (الوحده المرجعیه)یەی کە دەرفەت بۆ دانانی دەرەنجامێك بۆ مێژووی سەدەی بیستەم دەڕەخسێنێ، بریتییە لە یەکەی "ملیۆنێك کوژراو". ئاخۆ پەندوەرگرتن لە مێژوویش –لە دەرەنجامدا– بریتییە لە داننان بە بێتوانایی توندوتیژی لە بەرەنگاریکردنی شتە نامرۆڤانەکان و بەدیهێنانی سەرکەوتنی مرۆڤایەتی؟ ئەگەر بمانەوێ مێژوویەکی نوێ بنیات بنێین، ئایا لەسەرمان پێویست نییە بزانین توندوتیژی چارەسەری خوازراو نییە، بگرە ئەوە ئەو کێشەیە کە دەخوازێ چارەسەر بکرێ؟ ئاخۆ ئەوە، لە دەرەنجامدا، بریتی نییە لە خۆڕازاندنەوە بە هەستی مێژوویی؟

# دەستوەردانی مەدەنی

دەکرێ بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری و دیموکراسی و ئاشتی بانگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتان و هاووڵاتییان بکا بۆ راستەوخۆ دەستوەردان لەو شوێنانەی کێشەیان تێدایە، بەوەیش دەتوانن وەك لایەنی سێیەم بێنە سەر خەت و میانگیری لەنێوان دژبەرانی کێشەکە بکەن و هەوڵ بدەن قسە لەگەڵ هەردوولا بکەن بەشێوەیەك بۆ ئیمزاکردنی پەیماننامەیەکی ئاشتی لەنێوانیان، کە مافەکانی هەموویان دابین بکا، دانوستاندن بکەن.

بۆ هەستان بەم کارە، دەوڵەتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی سەرەکی، هێزی چەکداری ئامادەیان لەبەردەستدایە تا بۆ دەستوەردان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان "هەڵبدرێن". لەگەڵ ئەوەیشدا  هەموو چاودێران ئاماژەیان بەوە داوە کە کردارەکانی ئاشتی پارێز و سەقامگیرکردنەوەی ئاشتی پێویستیان بە دەستوەردانی کەسانی مەدەنی هەیە کە بتوانن ببنە نێردەگەلی ئاشتی لای دانیشتوان، بەمەبەستی پێکەوەجۆشدانەوەی کۆمەڵگە کە جەنگ لەتوپەتی کردووە و سەرلەنوێ بەرقەرارکردنەوەی دەوڵەتی یاسا.

سالانێکی زۆرە خۆبەخشانی رێکخراوە ناحکومیەکان بێ پەروا لە شوێنەکانی کێشە هەرێمیەکاندا ئامادەن و لە چوارچێوەی توانای زۆر سنوورداری خۆیاندا لە تەقەلای ئەوەدان رۆڵی خۆیان لە گێڕانەوەی ئاشتیدا ببینن لەرێی گرتنەبەری هەندێ رێگەی ناتوندوتیژانە لە میانگیری و پەروەردەدا. ئەم ئەزموونە جیاوازانە پڕن لە زانیاری و پیشانی دەدەن دەکرێ لە شوێنەکانی کێشەکان و تەنانەت لەو کاتەیشدا شەڕ گەرمە دەستوەردانی مەدەنی بکرێ. هەروەها هەندێ رێکخراوی نێو–حکوومەتیش توانیویانە هەندێ دەستوەردانی مەدەنی  رێك بخەن بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکانی کێشەکان و هەوڵدان بۆ باشتر رێزگرتنی ئەو مافانە.

دەکرێ ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە پێناسە بکرێ بەوەی: دەستوەردانێکی ناچەکدارانەی هەندێ نێردەی دەرەکییە لەسەر خاکی ململانەیەکی ناوخۆیی، کە لەلایەن رێکخراوێکی نێو–حکوومەتی و حکوومی و ناحکوومیەوە راسپێراون، ئامانج لە هاتنیان چاودێری و ئاگەداری و میانگیری و هاوکاریکردنە بەئامانجی نەهێشتن یان راگرتنی توندوتیژی و شەونخونی کێشان بەمەبەستی رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و برەوپێدانی بەهاکانی دیموکراسی و هاووڵاتیبوون و دۆزینەوەی هەلومەرجی چارەسەرێکی سیاسیی کێشەکە، کە دان بە مافە بچینەییەکانی هەریەك لە لایەنەکاندا بنێ و ئەو مافانە دەستەبەر بکا و بناغەیەکی وای بۆ دابنێ کە دەرفەت بۆ پێکەوەژیانی ئاشتی لەنێوانیاندا برەخسێ.

دەستوەردانی مەدەنی دوو ئامانجی ستراتیجی و گەورەی هەیە، ئەوانیش لە سەرەتادا لێك جیاکردنەوەی دژبەرەکان تا شەڕ رابگرن، دواتریش کۆکردنەوەیان بەمەبەستی وتووێژکردن.

بەزۆری پێویستە وا لە دەستوەردانی مەدەنی حاڵی ببین کە دەستوەردانە لای دانیشتوانە مەدەنییەکە کە لەوانەیە تێوەگلانی راستەوخۆیان لە رووبەڕووبوونەوەکاندا لە دۆخێکەوە بۆ یەکێکی تر زۆر جیاواز بێ. لە چەندین کێشەدا، ئیرادەی ئاشتی لای دانیشتوان زیاترە وەك لەلای سەرکردەکان.

زۆر روو دەدا ئەو سەرکردانە خۆیان دەکەنە "میرانی جەنگ" و ئەندامانی کۆمەڵگەکەی خۆیان بە بارمتە دەگرن. بۆیە پێویستە لای دانیشتوانە مەدەنیەکە کار بۆ هێنانەکایەی ئاشتی بکرێ بە هێورکردنەوەی دەروون و مێشکەکان و جێگیرکردنی "رێوشوێنی متمانەبەخش" بەمەبەستی دۆزینەوەی هەلومەرجی پێکەوەژیان لەنێو کۆمەڵگە ناکۆکەکاندا. جا ئەگەر پاڵپشتیکردنی خەڵك لە سەرکردەکان وشکی کرد ئەوانیش ناچارن ئەوە لەبەرچاو بگرن و وای لێدێ درێژکردنەوەی جەنگ ببێتە هەڵاتن بۆ پێشەوە و هیچ ئامانجێکی سیاسیی عەقڵانی لەپێش نابێ. لەو بارەشدا پێویستە لەوە حاڵی بن کە بەرژەوەندیی ئەوانیش دەخوازێ پەنابردن بۆ دانوستاندن لەبری درێژەدان بە جەنگ هەڵبژێرن.

هەروەك نابێ نێردەکانی دەستوەردانی مەدەنی لافی پیشاندانی "بێلایەنی" neutralite لێ بدەن لانی کەم ئەگەر مەبەستمان لەم وشەیە، بەگوێرەی داتاشینی (لە وشەی neuterی لاتینی) واتای "نە ئەمە و نە ئەوە" یان "هیچکامیان" بێ. ئەندامانی نێردە ئاشتییانەکە –کە ئامانجی ئەوەیە ئەگەر ئاشتەوایش بەدی نەهێنێ لانی کەم هاوڕێکیەك لەنێوان دوو لایەنە ناکۆکەکەی کێشەکە بێنێتە دی– رانەسپێراون بەلای "هیچکام لە دوو لایەنەکەدا دانەشکێن"، بگرە بەلای "هەردوولادا دابشکێن". ئەوان بەلای ئەم یان ئەولادا دادەشکێن: دوو جار پابەند دەبن و دوو جار لایەنداری دەکەن. بەڵام ئەم لایەنداریکردنە دووسەرەیە لایەندارییەکی بێمەرج نییە، بەڵکو هەموو جارێك لایەندارییە بە بەرچاورۆشنی و ئینسافەوە. بەم واتایە دەکرێ بڵێین ئەندامانی دەستوەردانی مەدەنی بێلایەن نین، بەڵکو "بەویژدان"ن. هەوڵ دەدەن هەر خاوەن مافێك مافی خۆی بدەنێ، بەوەیش دەتوانن متمانەی هەدوولا بەدەست بێنن و ئەنجامدانی گفتوگۆ لەنێوانیان ئاسان بکەن.

هیچ دەستوەردانێکی سیاسی نییە بتوانێ لە دەرەوەوە ئاشتی بەسەر کۆمەڵگە بەشەڕهاتووەکاندا بسەپێنێ. نە ئەو ئامانجانەی پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی پێیان بگەن و نە ئەو ئامرازانەی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە بەکار دێن دەکرێ لە دەرەوەوە بهێنرێن، بگرە دەبێ بەهاوکاریی پتەو لەگەڵ تۆڕی هاووڵاتییان لە وڵاتی پێوەندار لەسەر زەوینەی واقیع دیاری بکرێن. لە دەرەنجامدا، لە ناوەوە و لەڕێی کارکردنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایانەوە نەبێ ناکرێ ئاشتییەکی هەمیشەیی سەقامگیر بکرێ.

ئامانجی دەستوەردانی مەدەنی بەوردی ئاسانکردنی ئەم کارە و پشتیوانیکردنیەتی لەڕێی دۆزینەوەی رووبەرێکی گشتی –رووبەرێکی سیاسی– کە بکرێ تێیدا ئەم کارە فراوان بکرێ. یەکێك لەو بنەمایانەی پێویستە دەستوەردانی مەدەنی پێگەی خۆی لەسەر دابمەزرێنێ ئەوەیە کە شەڕکەرەکان خۆیان دەتوانن چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ بدۆزنەوە. پێویستە رێبازی دەستوەردانی مەدەنی بەروونی خۆی لەو لۆجیکە جیاواز بکا کە ئەو کەسانەی لای ئەوان دەست وەردەدرێ بگۆڕێ بۆ قوربانی. ئەم لۆجیکە بەلای ئەوەدا دەچێ ئەو کەسانە بە کەسانێك دابنێ کە بەرپرسیار نەبن لە رابردوو و ئێستە و داهاتوویان و دەیانکاتە کەسانێکی "یارمەتیدراو" assistes و بێبەش لە سەربەخۆیی. لەم چوارچێوەیەشدا دەستوەردانی مەدەنی تەنیا "یارمەتیدان" assistanceی دانیشتوانە مەدەنییە ناوخۆییەکە نییە، بگرە یاوەرییەکە کە دەرفەت بۆ یارمەتیدانیان دەرەخسێنێ.

کەواتە هەر لە سەرەتاوە ناکرێ وێنای دەستوەردانێکی مەدەنی بکەین بەبێ بەشداریکردنی ئەوانەی لەنێو دانیشتواندا بە لۆجیکی جەنگ نەیارن و ئامادەن بچنە نێو جموجوڵی ئاشتییەوە. لەوکاتەدا پێویستە ئامادەکاری بۆ ئەو دەستوەردانە و بڵاوکردنەوەی بکرێ بە بەهێزترین بەشداریکردنی مومکینی رێکخراو و تۆڕەکانی ئەو هاووڵاتیانەی لەگەڵ ئامانج و چۆنیەتییەکەیدا کۆکن. لە دەرەنجامدا، دەستوەردانەکە لەسەر داوایەکی راشکاوی یەکێك لەو رێکخراوانە یان زیاتر بڕیاری لەسەر دەدرێ. پێویستە هەوڵ بدرێ گفتوگۆ لەگەڵ هەموو هێزە دیموکراسیەکانی گرووپە ناوخۆییەکاندا بکرێ، نەخاسمە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە و رێکخراوانەی پابەندن بە بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و هاندانیان.

سەرجەم سەرکردە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە دانیشتوان دان بە شەرعیەت و دەسەڵاتیاندا دەنێ، بانگهێشتکراون بۆ بینینی رۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە پرۆسەی ئاشتیدا. پێویستە لێیان نێزیك ببنەوە و هەوڵ بدرێ وتووێژیان لەگەڵدا بکرێ و ئەوانەی پابەندن بە دینامیەتی ئاشتی لەوانە جیا بکرێنەوە کە باوەڕیان بە لۆجیکی رووبەڕووبوونەوە هەیە.

توخمێکی تر هەیە کە پێدەچێ رۆڵی یەکلاکەرەوەی لە کاریگەریی دەستوەردانی مەدەنیدا هەبێ: دەکرێ ئافرەتان بەژمارەیەکی زۆر بەشدری لە کارە جۆراوجۆرەکانی ئەو هەڵمەتەدا بکەن، چونکە ئافرەتان باشتر دەتوانن لە توێژی ئافرەتانی هەردوو کۆمەڵگە ناکۆکەکە، کە پێگەیەکی ناوەندی لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەیە، نێزیك ببنەوە. هەربۆیە زۆرجار لە ریزی پێشەوەی هەر جەنگێکی ناوخۆییەوەن کە خۆیان یەکەمین قوربانیی ئەو جۆرە شەڕانەن.

پێویستە توێژی ئافرەتان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە داڕشتنەوەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا بگێڕن، کە یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکیەکانی پرۆسەی ئاشتی و ئاشتەوایی. لەم روانگەیەوە دەکرێ بیر لە پێکهێنانی "تیمی ئاشتی" کە تەنیا لە ئافرەتان پێك بێ، بکرێتەوە، کە ئەرکیان یاوەریکردنی دانیشتوانە مەدەنییە ناوخۆییەکان بێ لە پرۆسەی ئاشتیدا. بە هەمان شێوە هەندێ جۆری دەستوەردانی مەدەنی بواری ئەوە دەڕەخسێنێ کەسانی بەساڵاچوویشی تێ بخرێ کە دەشێ پێگە سروشتیەکەیان جێکەوتی گرینگی لەسەر راستگۆیی کۆی نێردەکە هەبێ.

جاڕدانی روون و ئاشکرای مۆرکی ناتوندوتیژانەی دەستوەردانەکە کارتێکی براوەی گرینگە لەپێناو سوود وەرگرتن لە پاڵپشتیی دانیشتوانە ناوخۆییەکان، چونکە دەگونجێ ئەم "جاڕدانە" فتیلەی ئەگەری کاردانەوەی دوودڵی و رەتکردنەوە لەلایەن دانیشتوانی مەدەنییەوە بەرامبەر دەستوەردانێکی "بیانی" دەربێنێ. هەروەك دەکرێ بەتایبەتی کەشوهەوایەکی متمانە دروست بکرێ کە هاوکاریی نێوانیان تا رادەیەکی زۆر ئاسان دەکا. لەبەرئەوە، دەکرێ چەندان تۆڕی هاوولاتیان لە هەردوو کۆمەڵگە ناکۆکەکە لەوانەی ئامادە نین هاوکاری لەگەڵ دەستوەردانی سەربازی بکەن، قایل بن بە هاوکاریکردن لەگەڵ دەستوەردانێکی مەدەنیی ناتوندوتیژانە.

*** میانگیری**

*** یاوەریکردن**

# گۆڕین

کۆ مەبەستی سیاسەتی گۆڕین reconversion بەرتەسککردنەوەی ئەو خەرجانەن بۆ بواری پڕچەککردن تەرخان کراون، ئەویش بە گۆڕینی وەبەرهێنانە سەربازییەکان بۆ وەبەرهێنانی مەدەنی. سیاسەتێکی لەم شێوەیە توخمێکی سەرەکییە لە پرۆسەی چەکگۆڕی transarmememnt دا کە ئامانجی سیڤیلایزەکردن civiliserی بەرگری و ناسەربازاندن demilitariserی کۆمەڵگەیە.

ئەو گرووپە پیشەسازی–سەربازییانەی لە ناوجەرگەی کۆمەڵگە نوێکاندا دروست بوون، بە دابڕینی سەرچاوەیەکی دارایی گەورە بۆ خۆیان –پێدەچێ زێدەڕۆیی نەکەین ئەگەر لەو بوارەدا باس لە بەفیڕۆدانێکی راستەقینەی دارایی بکەن – چەندین ئاکامی خراپ رووبەڕووی ئابووریی وڵاتە پیشەسازیەکان دەکەنەوە. بە بەڵگەی بنبڕ ئەوە سەلماوە کە ئەو توێژینەوەی بۆ ئامانجی سەربازی دەکرێن بەشی شێریان لە بوجەی لێکۆڵینەوەی زانستیی دەوڵەتانی نوێ بەردەکەوێ. ئەم یەکەمایەتیدانە بەو بوارە زۆرجار کۆمەڵگە ناچاری سواڵکردن لە گۆڕەپانە گشتییەکەدا دەکا بۆ دابینکردنی خەرجی توێژینەوەکانی بواری تەندروستی.

ئەم جۆرە رەفتارانە "بژارەیەکی کۆمەڵگەیی" راستەقینەیان تێدایە، لەکاتێکدا جێگەی هیچ گفتوگۆیەکی دیموکراسییانە نییە. زاناکان هەندێ جار هەوڵ دەدەن پاساو بۆ هاوکاریکردنیان لەگەڵ پرۆژە سەربازیەکان بێننەوە، ئەویش بە جەختکردنیان لەوەی ئەو پرۆژانە "بەرهەمی مەدەنی"ی زۆریشیان لێ دەکەوێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو بەرهەمانە زۆر سنووردارن. دەرەنجام، لەوانەیە وەبەرهێنان راستەوخۆ لە بوارە مەدەنیەکەدا زۆر بەکەڵکتر و کەم خەرجتریش بێ، ئەویش بەخۆ دوورگرتن لە گرتنبەری رێگەی گوماناویی توێژینەوەی سەربازی.

ئەزموونی چەندین پرۆسەی گۆڕین کە لە کۆتای جەنگی جیهانیی دووەمدا پێویست بوون، چ لە ئەورووپا و چ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەری دەخا لە رووی تەکنیکییەوە دەکرێ گۆڕین ئەنجام بدرێ و لە هەلومەرجێکیشدا کە بۆ مرۆڤ و ئابووری لەبارە.

بەڵام بەگشتی کۆسپی گەورە کە گوایە لەو رووەوە لەمپەرە ئەوەیە گۆڕینی کارگەکانی کەرەستەی جەنگی بەحەتمی دەبێتە مایەی زیادبوونی بەتاڵە، بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە قەت لەگەڵ واقیعدا ناگونجێ، چونکە خەرجە سەربازییەکان هەلی زۆری کار دەستەبەر ناکەن، لەبەرئەوەی بەرهەمهێنانی چەکی نوێ پێویستی بە تەکنەلۆجیایەکی زۆر ئاڵۆز هەیە کە پێویستی بە وەبەرهێنانی گەورە بە سەرمایەیەکی جێگیر دەکا. لێرەشەوە لە وەبەرهێنانی ئەو سەرمایەیەدا رێژەی هەلی کاری داهێنراو لە پیشەسازییەکانی چەکدا لە زۆربەی پیشەسازی و کەرتە مەدەنیەکانی تر کەمترە. بۆ نموونە، هەموو ئەو پشکنیانەی تا ئێستە کراون دەریان خستووە تەرخانکردنی هەمان بودجەی سەربازی بۆ کەرتی پەروەردە دوو هێندە هەلی کار دابین دەکا کە دروستکردنی چەك دابینی دەکا.

سیاسەتی گۆڕینی پیشەسازییەکانی چەك پێویستی بە پلانێکی ورد هەیە کە ئەو ئامانجانە دیاری بکا کە پێویستە لە مەودای نێزیك و ناوەند و دووردا بەدی بێن. سەرکەوتنی بەرنامەیەکی لەم جۆرەیش پێویستی بە راوێژێکی فراوان لەنێوان هاوبەشە راستەوخۆ پێوەندارەکانی کۆمەڵگە هەیە، بەتایبەت لەنێوان دەسەڵاتدارانی گشتی و رێکخراوە پیشەییەکان و سەندیکاکانی کرێکارانی کەرتی چەکدارکردن. لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا پێویستە هاوکات ئامانجەکان و شێوەی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ئەو مادانەی دەگۆڕێن بەرەو بەرهەمهێنانی شتی باش و بەکەڵك لە رووی کۆمەڵایەتیەوە، دیاری بکرێن. سەرەتا دەکرێ لێکۆڵینەوەیەك لە دۆخی بازاڕ بوار بڕەخسێنێ بۆ دیاریکردنی ئەو بەرهەمە جێگرەوانەی دەشێ بەپێی پێداویستییە کۆمەڵایەتییە بەدی نەهاتووەکان بێنە هەڵبژاردن. ئەو پشکنیانەی پێشتر کراون بەگشتی دەری دەخەن کە

دەکرێ گۆڕینەکە بە ئاراستەی بازاڕی کەرەستەسازییەکانی بوارە کۆمەڵایەتییەکان بێ کە بەدەست کەموکوڕییەوە دەناڵێنن وەك: گواستنەوەی گشتی، کەرەستە میکانیکیەکان، ئامێرە پزیشکیەکان، پاراستنی ژینگە، وزە نوێکان و هتد.

هەروەها پێویستە پلانێکی گۆڕین بۆ هەر دامەزراوەیەکی دیاریکراوی پیشەسازی دابنرێ، ئەویش بەپێی توانا تەکنەلۆجییە جۆرییەکان و بەهرە و تواناکانی ئەوانەی کاری تێدا دەکەن. لەبەر خۆشدەستی (مرونەت)ی رێژەیی ئامێرەکانی هەندێ کارگە، دەکرێ بەشێك لە هێزی کارەکەی لە هەندێ چالاکیدا بەکار بهێنرێتەوە کە پێویستیان بە بەهرە و توانای هاوشێوە هەیە. هەرچی هەندێ جۆری دیاریکراوی هێزی کاریشە، ئەوانە دەبێ سەرلەنوێ شیاندنی پیشەییان بۆ بکرێ، کە لەوانەیە ماوەیەکی درێژ یان کورت بخایەنێ.

بەمەیش پێدەچێ کەڵکی ئابووری و تەکنیکیی سیاسەتی گۆڕینی پیشەسازیی چەك روون و ئاشکرا بێ. دەمێنێتەوە پرسی لێکۆڵینەوە لە گشتاندنی گۆڕین بەسەر تێکڕای کەرتی ئابووریی پێوەندار و تاقیکردنەوەی بەگوێرەی دۆخی تایبەتی هەر وڵاتێك. ئەوەیش سەرەتا و کۆتا لەسەر ئیرادەی بڕیاربەدەستانی سیاسی وەستاوە. ئەو ئیرادە سیاسییەش سەرەکیترین شتە کە تا ئێستە بەدەت نەبوونیەوە گرفتارین.

*** فرۆشتنی چەك**

*** چەکگۆڕی transarmememnt**

# تێکدان

ئاخۆ دەکرێ تێکوپێکدانی موڵك و ماڵ شوێنێکی لە ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانەدا هەبێ؟ ئەو "توندوتیژی"یەی دژ بە موڵك و ماڵ ئەنجام دەدرێ خۆی لەخۆیدا کارێکی نائەخلاقی نییە، چونکە بەوە ئازاریان پێ ناگا ! بەڵام لەوانەیە خاوەنانی ئەو موڵك و ماڵانە ئەو تێکوپێکدانە بە ئەنجامدانی توندوتیژی لەدژی ئەوان بزانن. ئیتر با ئەوە بوەستێ کە ئەو تێکدانە مەترسی ئەوەی لێدەکرێ بەشێك لە رای گشتی بتۆرێنێ، بەو هۆیەشەوە ئەنجامی پێچەوانەی هەبێ بەبەراورد بە ئامانجە خوازراوەکە. هەربۆیە پێویستە کارەکانی تێکوپێکدان بەشێوەیەکی ورد ئاراستە بکرێن بەشێوەیەك بچنە خانەی دینامیەتی تێکۆشانی ناتوندوتیژی. نابێ، لە هیچ حاڵەتێکدا، تێکوپێکدان لەپێناو تێکوپێکداندا بێ، واتە مەبەست تەنیا زیانگەیاندن بێ بە دژبەر. شکاندنی جامخانەی دوکانەکان یان سووتاندنی ئۆتۆمبێلەکان هەرگیز خزمەتی هیچ کێشەیەکی نەکردووە. ئەم جۆرە تێکدانە تەنیا ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە لە پایەی "شکێنەرەکان" لە بەرچاوی رای گشتی دابەزێنێ و دەبێتە لێزمەیەك کە پاساو دەداتە سەرکوتکردن.

نابێ "تێکوپێکدانی ناتوندتیژانە" هیچ ئامانجێکی تری هەبێ جگە لە رێگرتن لە دژبەر لەوەی ستەم بکا، ئەویش بە بێبەشکردنی لەو ئامرازانەی بۆ ئەنجامدانی کارەکە پێویستن. دەبێ بەڕوونی لەوە دڵنیا بین کە ئەو شتومەکانەی لەناو دەبرێن بۆ ئەنجامدانی ستەمەکە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. هەروەها پێویستە، بەپێی توانا، لەبری تێکوپێکدان یان تێکشکاندن یان شکاندن پەنا بۆ هەڵوەشاندنی شتەکان ببرێ. بۆ نموونە پەنابردن بۆ تەقەمەنی لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانێکی گەورە و لە چوارچێوەی تێکۆشانی ناتوندوتیژانەدا کارێکی نابەجێیە، تەنانەت ئەگەر هەموو هۆکانی خۆپارێزیش پێڕەو بکرێن تا کارە تێکدەرانەکان نەبنە مایەی کوشتن یان برینداربوونی کەسێك، ئەوا بەهۆی ئەوەی ئەو جۆرە کارانە لە رووی تەکنیکیەوە توانای کوشتن و بریندارکردنیان هەیە، ئەگەری زاڵ ئەوەیە رای گشتی وەك کاری توندوتیژی سەیر و سەرکۆنەی بکا، بەو هۆیەشەوە کەشوهەوایەکی دەروونیی وا ترسئامێز دێتەکایە کە دەشێ زەوینەیەکی ساز نەبێ بۆ وروژاندنی جەماوەر.

ئەو تێکدانە تەکنەلۆجییەی لەسەر پەکخستنی بەکارهێنانی هەندێ لە کەرەستەکانی دژبەر یان هەندێ لە ئامێرەکانی دامەزرابێ، دەکرێ بخرێتە چوارچێوەی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە، زۆربەی جار رەنگە لێکردنەوەی پارچەیەکی دیاریکراو کە بۆ خستنەکاری ئەو دەزگایانە پێویستە تا نەتوانرێ بەکار بێ، بەس بێ. باشترین رێگە لەگەڵ مەرجەکانی تێکۆشانی توندوتیژی بریتییە لە زیادکردنی کارە تێکدەرانە زیرەکانەکان کە دەکرێ توانای پەکخستنیان زۆر گەورە بێ. هەروەك دەکرێ پەکخستنە بچووکەکان زۆر بکرێن کە دەتوانن هەندێ سیستم بەتەواوی کەنار بخەن. بەهەمان شێوە، چەتەگەریی زانیاریش دەتوانێ هۆیەکانی پێوەندیکردنی دژبەر شپرز بکا.

بۆ رێگرتن لە رۆیشتنی شەمەندەفەرێك، ئەوە ئاسانترە چەند پارچەیەکی پێویست بۆ ئیشکردنی لێ بکرێنەوە تا ئەوەی پردێك بتەقێنرێتەوە. بەهەمان شێوە کرێکاران لەکاتی مانگرتندا دەتوانن پارچەیەکی دیاریکراوی ئامێرێك لێبکەنەوە بۆ ئەوەی هیچ سەرکوتکەرێکی مانگرتنەکە نەتوانێ بیخاتەوە کار. وایش باشە بایەخی زۆر بەو پارچەیە بدەن، بەوەی برازێنرێتەوە و لەنێو پارچە پەڕۆیەکدا بێتە پاراستن، تا پاش سەرکەوتن بتوانن بیگێڕنەوە شوێنی خۆی.

کارەکانی تێکدان بەگشتی بە پێشێلکردنی ئەو یاسایە دادەنرێن کە سەلامەتیی موڵك و سامانەکان دەستەبەر دەکا، دەبێ بەرگریکارانیش ئەنجامی کارەکانی یاخیبوونە مەدەنیەکەیان بچێژن.

* **یاخیبوونی مەدەنی**

## داشکاندنی خۆیی

داشکاندنی خۆیی بریتییە لەوەی کەسێك، یان کۆمەڵێك کۆی ئەو گوژمەیەی قەرزدەرێك (دائن) داوای دەکا کەم بکەنەوە، کە بەلایانەوە ئەو برە پارەیە زۆر زۆرە. ئەو جۆرە بەرهەڵستییە تەنیا بەرکاربەرانی کاڵاکان ناگرێتەوە، بگرە ئەوانەیش دەگرێتەوە کە لە خزمەتگوزارییەکان سوودمەندن. بەوەیش دەکرێ کۆی ئەو کرێ (فاتورە)یانەی بەرێوەبەرایەتی یاخۆ دەزگایەکی دیاریکراو دەینێرێ کەم بکرێتەوە، ئەویش بەمەبەستی بەرهەڵستیکردنی زیادکردنێکی بێپاساوی تاریفەکان یان بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لەسەر ناوەرۆکی ئەو خزمەتگوزارییەی پێشکێش کراوە. لەوانەیە ئەم حاڵەتە بەسەر کرێی ئاو و کارەبا و تەلەفۆن و رەسمەکانی سەر دەزگا بیستراو-بینراوەکان و... هتدیشدا جێبەجێ ببێ. کاتێ تاك رەتی دەکاتەوە "نرخی داواکراو" بدا، بەو کارە وەك کڕیار دەسەڵاتی خۆی بەمەبەستی گوشار خستنە سەر سەرکردەکان بەکار دێنێ. لە حاڵەتی داشکاندنی خۆییدا، جیاواز لە حاڵەتی بایکۆتکردن کە کڕیار شت بەکار نابا تا پارە نەدا، لێرەدا بەکاربەر بەکار دەبا بەڵام ئامادە نییە نرخی پێویست بدا. کڕیار رازی نییە ئەوەی لەسەریەتی بیدا، نەك لەبەرئەوەی کەسێکی قەرزکوێر و لاسارە، بەڵکو لەبەرئەوەیە پێی وایە ئەو نرخەی دانراوە بۆ خزمەتگوزارییەکە هێندە گرانە "لەتوانا بەدەرە".

دەکرێ داشکاندنێکی بەکۆمەڵ بۆ کرێ خانوو رێك بخرێ، جا یان بۆ بەرەنگاریکردنی گرانییەکی لە رادەبەدەر بێ، یان بۆ ئەوە بێ داوا لە خاوەن خانووەکان بکرێ رەزامەندی نیشان بدەن بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنانێك بۆ باشکردنی هەلومەرجی نیشتەجێبوونی کرێچییەکان. ئەم جۆرە داشکاندنە خۆییە مانگرتنێکی رێژەییە لە کرێدان.

دەکرێ داشکاندنێکی خۆیی رێك بخرێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی زیادکردنی کرێی گواستنەوەی گشتی، یان لانی کەم کەمکردنەوەی ئەو زیادەیە، ئەویش کاتێ زیادکردنەکە بێ پاساو بێ. بەڵام لێرەدا تاك ناتوانێ نرخی بیتاقەکەی دابشکێنێ، کەواتە پێویستە لێژنەکانی تێکۆشان لە بەکاربەران و سەندیکاکان هەستن بە چاپکردنی کارتی راستەقینە/ساختە و لە شوێنەکانی کار دابەشی بکەن و بیفرۆشن، ئەنجا ئەو پارەیەی کۆ کراوەتەوە بگەڕێنرێتەوە بۆ کۆمپانیا تۆمەتبارەکە.

سەرکەوتنی هەڵمەتی داشکاندنی خۆیی پێویستی بەوەیە نەسپێردرێ بە دەستپێشخەریی رەمەکییانەی تاکەکان، کە لەوانەیە جیاجیا رەفتار بکەن، چونکە هەڵمەتەکە بەدەگمەن سەرکەوتن بەدەست دێنێ ئەگەر رێکخراوێك راستەوخۆ نەیگرێتە ئەستۆ کە بتوانێ کەمینەیەکی گەورە لە کڕیار و بەکاربەران ساز و ئامادە بکا -سەرەتا ١٠٪ بێ- و گوشارێکی راستەقینە بخاتە سەر بڕیاربەدەستان.

هەروەك دەکرێ بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەدژی بڕیارێکی دیاریکراوی حکوومەت کە بە زیانبەخش دادەنرێ، باج کەم بکرێتەوە، لەوکاتەدا بکەرەکە بەکاربەر نییە بەڵکو هاووڵاتییە.

*** رەتکردنەوەی باج**

*** بایکۆتکردن**

## پەروەردە

بۆ کوشتنی ڤایرۆسی ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی رەوایی و شکۆ بە توندوتیژی دەدەن، پێویستە کار بکەین بۆ تێراوکردنی سەرتاپای کۆمەڵگە بە "کولتووری ناتوندوتیژی"– کولتووریش بە پەروەردە دەست پێدەکا. ئامانجی سەرەکی ئەوەیە منداڵانی مرۆڤ ئامادە بکرێن تا ببنە فەیلەسوف و هاووڵاتی، لەوێشەوە تەواوی کاتیان لەبەردەست دەبێ بۆ بەدەستهێنانی زانیارییە پیشەییەکان کە یارمەتییان دەدا کار بکەن.

پرۆژەی پەروەردەیی سەرتاپاگیر بەدەوری دوو جەمسەردا دەخولێتەوە: فێرکردن و پەروەردە. فێرکردن واتە گواستنەوەی هەندێ زانیاری کە زانست پێك دێنن. ئەم زانستە پێوەندی بە رووداوگەلێکەوە هەیە و چاوی لە بابەتیبوونە. فێرکردن "زانینخوازی"ە renseignement و زانیارییەکی زانستی یان تەکنیکیت دەداتێ. ئامانجی فێرکردن بەشێوەیەکی سەرەکی کەڵکە utile کەواتە کەڵکخوازە utilitair. "زانست"ێك savoir دەگەیەنێ کە دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی "لێهاتن"ێك – savoir-far. بەڵام زانستە تەکنیکیەکان چەندە بەکەڵکیش بن هێشتا نامۆن بەو بەهایانەی واتایەك بە ژیان دەبەخشن. زانست دەرفەت بۆ بیرکردنەوە لە توندوتیژی و ئازار و مردن نارەخسێنێ، هەروەك یارمەتیدەر نییە بۆ بیرکردنەوە لە ناتوندوتیژی و چاکی و بەختەوەری. دواجاریش زانست رێگەیەك نییە بۆ بیرکردنەوە لە واتای ژیان.

زۆر گرینگە دەرفەت بۆ منداڵەکانمان برەخسێنین تا لە گەنجینەی کولتووری رۆحی و فەلسەفی و ئەدەبی و هونەریی مرۆڤایەتی هەڵگۆزن، کە ئەوە کەلەپووری ئێمە و شارستانێتیەکانی تریشە. ژمارەیەك مرۆڤ لە درێژایی چەندان سەدەدا، بیریان لەو پرسیارە بوون–یانە کردووەتەوە کە ئێمە لەبارەی واتای ژیان و مردنەوە لە خۆمانیان دەکەین، ئەرکی پرۆژەی پەروەردەییە زەوینە بۆ منداڵان ساز بکا تا لەرێی کەڵك وەرگرتن لە کانیاویی کارەکانی پێش خۆیان، کەسایەتیی تایبەتی خۆیان دروست بکەن و قەناعەتی تایبەتی خۆیان گەڵاڵە بکەن.

ئەگەر فێرکردن "هونەری کارکردن"مان فێر بکا، ئەوا پەروەردە "هونەری ژیان" دەگوێزێتەوە، جا ئەگەر گرینگ بێ مرۆڤ "بزانێ" تا "باش کار بکا"، ئەوا گرینگیشە "لە ژیان تێبگا". پەروەردە بریتییە لە فێرکردنی بنەماکانی زمانی ژیان. لە فێرکردندا رۆڵی فێرخواز زیاتر کارلێکە لەگەڵ ئەوەی پێی دەوترێتەوە و پێویستە "شوێن" ئەو وانەیە بکەوێ کە "پێی دەدرێ" و ئەو چەمکانەی بەگوێیدا دەدرێن تۆمار بکا و کۆیان بکاتەوە. وەك سەرەتا، فێرکار ئەگەر هەڵەیش نەکا هیچی لەسەر نییە، تەنیا بەسە دووبارەی بکاتەوە، چونکە مامۆستا تەنیا "دووبارەکەرەوە"یە repetiteur.

بەڵام لە پەروەردەدا فێرخواز رۆڵێکی کارای هەیە و قسەی هەیە بیکا، چونکە پەروەردە لەسەر پێوەندییەکی کارلێك لەنێوان مامۆستا و قوتابی دامەزراوە، فێرکردن بەپلەی یەکەم فێربوونی بەلاوە گرینگە، لەکاتێکدا پەروەردە زیاتر تایبەتە بە پێوەندی لەگەڵ فێرخواز. مامۆستا یاخۆ فێرکار قسە بۆ قوتابیان دەکا، پەروەردیاریش بەهەمان شێوە، بەڵام ئەمەی دوایی بوار دەهێڵێتەوە بۆ قسەکردن لەگەڵ قوتابیان.

نابێ "پەروەردەی نیشتمانی"ی منداڵان فێرکردنێکی جیا و پەراوێزی بێ، بگرە پێویستە بەپێچەوانەوە لە چەقی پرۆژەی پەروەردەییدا بێ، دەبێ ئەو پەروەردەیە هەوڵ بدا لەبری ملکەچی هانی سەربەخۆیی، لەبری گوێڕایەڵیی نەرێنی هانی هەستی رەخنەگرانە، لەبری بەستنەوە هانی بەرپرسیاریەتی، لەبری مشتومڕ هانی هاوکاری و لەبری رکابەری هانی هاوهەڵوێستی بدا. ئامانجیش لە دەرەنجامدا پێگەیاندنی منداڵانە لەسەر ناتوندوتیژی. بەڵام بۆ ئەوە مەرجی یەکەم ئەوەیە پەروەردە خۆی ئیلهام لە بنەما و رێسا و میتۆدەکانی ناتوندوتیژی وەربگرێ: پەروەردەکردن لەسەر ناتوندوتیژی لە ناتوندوتیژیی پەروەردەوە دەست پێدەکا.

پێویستە سەرەتا گەورەکان رێزی دنیای منداڵان بگرن و سنوورەکانی نەبەزێنن و داگیری نەکەن بە سەپاندنی یاسا و ئایدیۆلۆژیا تەختەبینەکانیان. منداڵی مرۆڤ مرۆڤێکی بچووك نییە، بگرە بە بوون مرۆڤە. ئەم بوونەیش ئەو بناغەیەیە کە

پێویستە گەورە ڕێزی بگرێ. دیارە پەروەردەی ناتوندوتیژانە هەڵوەشاندنەوەی هەموو دەسەڵاتێکی مرۆڤی پێگەیشتووی تێدا نییە، چونکە منداڵ بۆ ئەوەی کەسایەتیی خۆی دروست بکا، پێویستی بەوەیە سەری بەو دەسەڵاتەدا هەڵتەقێ، سروشتی دەسەڵاتی پەروەردیاری باش خۆی بەشێوەیەکە لەڕێی ناتوندوتیژییەوە مومارەسە دەکرێ.

پەروەردە eduquer (کە لە فرمانی لاتینی educare (بەواتای: پێی گەیاند–ەوە هاتووە) لە جەوهەردا پێگەیاندنی منداڵی مرۆڤە لەسەر ئازادی. بۆیە دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە زەحمەتییەکە گەورەیە. ئەوەیە دژواریی گەورەی پەروەردە: پەروەردەکردنی منداڵی مرۆڤە لەسەر ئازادی بە دانانی نەك تەنیا لەژێر کاریگەریدا بگرە لەژێر باری ناچارکردنیشدا، چونکە پەروەردەکردن ناچارکردنە. ئازادی هەرگیز بە ملکەچی بۆ ناچارکردن بەدەست نایە، بگرە بە زاڵبوون بەسەر ناچارکردندا بەدەست دێ. بەڵام ئەوە بەس نییە بیرازێنینەوە و بڵێین هەموو زۆرلێکردنێك توندوتیژی نییە، بگرە دەبێ جەخت لەوە بکرێ کە هیچ زۆرلێکردنێکی پەروەردەیی نییە جگە لە زۆرلێکردنی ناتوندوتیژانە.

گۆشکردنی منداڵان بە هاووڵاتیبوون بەوە دەبێ فێر بکرێن یاسا بەباشی بەکار بێنن، ئەویش بە تێگەیاندنیان لەوەی ئەو گوێڕایەڵیەی لە هاووڵاتییان دەویسترێ بریتی نییە لە ملکەچکردنێکی ناچاری و بێ قەید و شەرت بۆ فەرمانی سەرگەورەیەکی راستەوخۆ، بگرە بریتییە لە بڕواهێنان بە ڕێسایەك کە خۆیان بە تێڕوانین و ڕەزامەندییان دانیان بە دروستیدا ناوە. ئەوە یەکێکە لە رەهەندە جەوهەرییەکانی پەروەردە کە منداڵان بەشدار بکرێن لە دانانی ئەو ڕێسا کۆمەڵایەتییانەی پێویستە لە ئایندەدا پێیانەوە پابەند بن. پێویستە لەسەریان خۆیان، بەتاقیکردنەوە لە پێویستییان دڵنیا بن تا بتوانن پێکەوە لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی هەموو تاکەکان و هەموو تاکێکدا بژین. ئەم ڕێسایانە، کە پێشوەخت یاساکانی کۆمەڵگە بەرجەستە دەکەن، ماف و ئەرکی هەر تاکێك بەرامبەر ئەوانی تر دیاری دەکەن بەمەبەستی داڕنینی شەرعیەت لە توندوتیژی. کۆت و قەدەغەگەلێك دەسەپێنن کە سنوور بۆ منداڵان دادەنێن.

کاتێ دەسەڵاتی پەروەردیار ناتوانێ منداڵ قایل بکا بە ڕێزگرتنی سەپاندنەکانی یاسا، ناچارە پەنا بۆ ڕێوشوێنەکانی زۆرلێکردن ببا. کەواتە جێی خۆیەتی، لەکاتی هەر پێشێلکردنێکی یاسادا، سزایەك دابنێ کە لەگەڵ کۆی پرۆژە پەروەردەییەکە تەبا بێ. ئامانجی سزا، تۆڵەسزا (القصاص) نییە، بەڵکو ئامانجی هەمیشە و تائەبەد پەروەردەیە. دەبێ سزاکە زەوینە بۆ منداڵ ساز بکا تا تێبگا کە ئەو، ئەو گرێبەستەی پێشێل کردووە کە خۆی پێشتر پەسەندی کردووە و دەرفەتی قەرەبووکردنەوەی گوناهەکەی بداتێ.

یەکەم پاساوی سزادان نەرێنییە، بەو واتایەی نەبوونی سزا –واتە قوتاربوون لە سزا– منداڵی یاخی هان دەدا لەسەر پێشێلکردنی سزا بەردەوام بێ. ئامانجی سزا گێڕانەوەی دەسەڵاتی پەروەردیار نییە، بەڵکو یەکەمیدانە بە یاسا.

سزادانی پەروەردەیی وا لە پێشێلکار دەکا هەست بە بەرپرسیاریەتیی خۆی لە کارەکانی بکا، چ بەرامبەر خۆی و چ بەرامبەر ئەوانی تریش بەمەبەستی ئاشتەواییکردنی لەگەڵ خۆی و گرووپەکە. سزادان پێداگری لەوە دەکا کە تەنیا بە ڕێزگرتنی هەموو تاکێك لە یاسا دەرفەتی پێکەوەژیان دەڕەخسێ، چونکە سزادان سەرکۆنە و شکاندنەوە و کزۆڵکردنی مرۆڤ نییە، بگرە خستنەئەستۆی بەرپرسیاریەتییە. لەبەرئەوە، دەبێ کرداری پێشێلکردنەکە سەرکۆنە بکرێ بەبێ سەرکۆنەکردنی کەسی پێشێلکار.

پێویستە پەروەردیار لێبڕان fermete پیشان بدا –قەدەغەکانی یاسا وەبیر بێنێتەوە و پێشێلکاریەکان قبووڵ نەکا– نەك دڵڕەقی severite، چونکە "سزادانی توند" sevir بریتییە لە "مامەڵەکردنی دڵڕەقانە" sevices، واتە بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵانی لاسار . (هەریەك لە وشەکانی sevices, severite, sevirی فەرەنسایی یەك ڕەگیان هەیە، کە بنچینەکەی بریتییە لە فرمانی لاتینی soevire بەواتای "بەکارهێنانی توندوتیژی").

یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی پەروەردە بریتییە لە تێکوپێکشکاندنی تێڕوانینە جیاکارییە پێشوەختەکان بەرامبەر "ئەوانی تر" کە سەر بە گەلی تر/ ئاینی تر/ یان کولتووری ترن. گواستنەوەی بیرۆکەی ئامادەی پێشوەخت لەبارەی "دوژمن"ەوە بۆ منداڵان، واتای پێشوەخت چەکدارکردنی سۆز و زەین و باسکیانە، واتە پێشوەخت راهێنانیانە لەسەر جەنگ. کەواتە ئەرکی سەرەکیی پەروەردە بریتییە لە داماڵینی چەك لە تێڕوانینی منداڵان بۆ "ئەوانی تر"، بەتایبەت ئەوانەی ناسنامەی کۆمەڵایەتییان جیاوازە. مەبەست پەروەردەکردنی تێڕوانینیانە تا خۆیان لە هەر دوژمنکارییەك بەرامبەر "ئەوانی تری جیاواز" دوور بگرن و فێری بن لەگەڵیان بەسۆز بن.

*** کولتووری ناتوندوتیژی**

*** منداڵێتی**

*** قوتابخانە**

# لێبوردەیی

وشەی لێبوردەیی tolerance لە رووی داتاشینەوە دەگەڕێتەوە سەر فرمانی tolerareی لاتینی بەواتای "بەرگەی گرت" لێبوردەیی لەگەڵ مرۆڤ ئەوەیە وەك خۆی چۆنە بەئارامی "بەرگەی بگرین"، جا ئەوەمان پێ خۆش بێ یان ناخۆش.
لێبوردەیی بەشێوەیەکی تایبەت بریتییە لە رازیبوون بەوەی ئەوی تر پێداگری لەسەر حەقیقەتێك بکا جیا لە حەقیقەتەکەی ئێمە و بیروباوەڕێك ئاشکرا بکا جیا لە بیروباوەڕەکەی ئێمە. لەوانەیە زۆر بە هەڵەی بزانین، بەڵام مادەم بیر و بۆچوونەکانی پشتگیریی ئایدۆلۆجیایەك ناکا کە نکوڵی لە مافی مرۆڤ بکا، مافی دەربڕینی ئەو هەڵەیەی دەدەینێ، زیاد لەوەیش کەمتەرخەمی ناکەین بۆ قایلکردنی ئەوانەی حەزیان لەرێز نەگرتنیەتی، تا رێزی بگرن.
لێرەدا نالێبوردەکان دەپرسن: ئاخۆ دەکرێ راستی لە بابەتی ناڕاستیدا لێبوردە بێ؟ دانایی وەڵام دەداتەوە کە پێویستە راستی لە بابەتی ناڕاستیدا لێبوردە بێ، چونکە ناڕاستی توانای زیانگەیاندن بە راستی نییە. هەر لەبەرئەمەیشە، نابێ خەمساردی بەرامبەر راستی بکرێ و خۆ بدەینە دەست بێموبالاتییەکی گومانکارانە. بەپێچەوانەوە، ئەو راستییەی رای دەگەیەنین، خۆی لەخۆیدا وا دەخوازێ رێز لە ئازادیی ئەوانی تر بگرین، بۆیە دەبێ هەڵوێستێکمان هەبێ کە لەگەڵ ئەو داخوازییەدا بگونجێ. هەروەها لێبوردەبوونمان دەشێ داننانمان بێ بەوەی ئێمە بوونەوەرگەلێکی بێ هەڵە نین و لە زۆر بابەتدا مافمان نییە لافی دڵنیابوون لەوەی حەقیقەت لای ئێمەیە لێ بدەین. ئەمەیش داننانی ئێمەیە بە بوونی بەشێك لە حەقیقەت لای ئەوانەیش کە جیاواز لە ئێمە بیر دەکەنەوە.
لێبوردەیی رێزگرتن نییە، بەپێچەوانەوە ئێمە بەشێوەیەکی گشتی رێزی زۆر ناگرین لەوەی لەگەڵی لێبوردەین. بنەمای لێبوردەیی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی مامەڵەکارێکی نەرێنی: لێبوردەیی لە بنەڕەتدا گتکردن (امتناع)ە– گتکردنە لە سەرکۆنەکردن، لە قەدەغەکردن، لە حەرامکردن، لە ناچارکردن، لە پەنابردن بۆ توندوتیژی. لێبوردەیی بەم واتایە، یەکێکە لە زاراوە بچووکەکانی ناتوندوتیژی، بریتییە لە "لای خواری چاکە" کە ناتوندوتیژی دەیخوازێ. لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەکی نەرێنی خۆی دەردەبڕێ و زۆرجار کارلێکردووە، بەڵام واتا ئەرێنییەکەی کاتێ روون دەبێتەوە کە دژەکەی –واتە نالێبوردەیی intolerance– دەتوانێ چەند توندوتیژی بەدی بێنێ. کاتێ هەموو زیانەکانی نالێبوردەیی کە ئایدیۆلۆجیا و ئەرسۆزۆکسی و ئسولی و حزبایەتی و شێوەکانی تاکڕەویی هزری پاڵپشتی دەکەن، سەرژمێر بکەین، ئەوکاتە بەباشی نرخی گیانی لێبوردەیی دەزانرێ.
هەندێ هزر و را و بیروباوەڕی هەڵە –یان لانی کەم ئەوانەی ئێمە بە هەڵەیان دادەنێین– هیچ مەترسیدار نین و لێرەوە هیچ زیانێکی نییە "بەرگەیان بگرین" و لەگەڵیان لێبوردە بین. بەڵام ئاخۆ دەکرێ لێبوردە بین لەگەڵ ئەو هزر و را و بیروباوەڕانەی مەترسی یاخۆ ئەگەری مەترسیەکی راستەقینەیان بۆ سەر ئاسایش و ئازادیی کۆی هاووڵاتییان یان هەندێکیان هەیە؟ وەڵام، نەخێر. دان بەخۆداگرتن لەو سنوورەدا دەوەستێ کە شیمانەی خولقاندنی مەترسی نەبێ، لەو سنوورە بەدەر، لێبوردەیی پاشەکشە و حاشا لەخۆی دەکا. لەبەرامبەر ئەوەی ناکرێ لێی ببووردرێ، لەو کاتەدا نابێ کار بە لێبوردەیی بکرێ، بەڵکو دەبێ کار بە بەرەنگاریکردن و تێکۆشان بکرێ. دەبێ دیموکراسیەتەکان ئامرازی ناچارکردنی ئەوتۆ دابێنن کە لەگەڵ ئەو بەهایانەی بانگەشیان بۆ دەکەن بسازێن و بتوانن ببنە لەمپەر لەبەردەم زیانی ئەوانەی پروپاگەندە بۆ هەندێ هزر و رێباز دەکەن کە هانی بەسووك تەماشاکردن و رق و توندوتیژی دەدەن. چاکە و خۆشەویستی سنووریان نییە، بەڵام لێبوردەیی سنووری هەیە، لێبوردەیی ئەرکێکی رەها نییە، بەڵکو بژارەیەکە لەگەڵ هەندێ هەلومەرجی دیاریکراودا دەگونجێ.

دەگمەن نییە رەخنە لە کەسی ناتوندوتیژ بگیرێ بە دەرکەوتنی لە رواڵەتی کەسێکی نالێبوردە لەگەڵ ئەوانەی ئەو رێگەیەی ئەویان هەڵنەبژاردووە، ناتوندوتیژی لەسەر ناتوندوتیژانی دەکاتە ئەرك کە ئەوپەڕی رێز بەرامبەر هاوگۆ(محاور)کانیان نیشان بدەن، بەڵام ئەم رێزگرتنە نەك پێکدادانی هزرەکان بەدوور نازانێ، بگرە ئەوە بە پێویست دەزانێ. راست نییە کە هەموو هزرەکان بەڕێز بن: ئەگەر توندوتیژی شتێکی درێو بێ ئەو هزرەیش پشتیوانی دەکا و پاساوی دەداتێ، درێوە. لە بنەڕەتدا لای ئەو کەسەی لەگەڵ ناتوندوتیژیدایە هۆشیارییەك ئامادەیە کە ناکرێ لێبوردەیی لەگەڵ توندوتیژیدا بکرێ، بەوەیش بەناچاری لە ناکۆکییەکی قووڵدا دەبێ لەگەڵ ئەوانەی لێبوردەیی لەگەڵ توندوتیژی بەخەرج دەدەن و ناتوانێ لەو جیاوازییە بێدەنگ بێ، چونکە هەر لێبوردەییەك دەرهەق بە توندوتیژی، نا بگرە دەرهەق بەو فیکر و ئایدیۆلۆجیایانەی بناغە بۆ ئەو جۆرە لێبوردەییە دادەڕێژن، وەك جۆرێ لە چاوپۆشی و تێوەگلان دێتە پێش چاوی. سروشتی هەموو ناکۆکییەکیش وایە کە مشتومڕئامێزە. راستە ئەوە مشتومڕی هزرەکانە نەك کەسەکان، بەڵام شاردنەوەی ئەو راستیەی کە هزرەکان کەسەکانیش دەگرنەوە کارێکی بێهودەیە. ئەوەی لەگەڵ ناتوندوتیژی بێ ناتوانێ لەم مشتومڕە هەڵبێ. نەك دەبێ قبووڵی بکات و شانی بداتە بەر، بەڵکو زۆرجار ناچار دەبێ تەنانەت هانیشی بدا. بەمەیش، لەبەردەم توندوتیژیدا، ئەرکی ناتوندوتیژی پێویستی بە ئەوپەڕی کەللەڕەقی هەیە. هەربۆیە گرتنەبەری ناتوندوتیژی دژ بە چاوپۆشیکردنە بەئاسانی و خۆی نابوێرێ لە پیشاندانی شتێك لە رەقی. بەڵێ، ناتوندوتیژی رەقە!

ستەمکارییەکانی ئەو پشێوییەی ئێستە لەئارادایە هێزی خۆی لەو لێبوردەییەی ئەو زۆرینەوە وەردەگرێ کە بە "زۆرینە بێدەنگەکە" ناو دەبرێ و کەڵك لە بێدەنگییەکەی وەردەگرێ. لەبەردەم ئەم رێگەچارەیەدا کە وازهێنانی لێ دەکەوێتەوە، دەبێ رێز و نرخ بۆ فەزیلەتی نالێبوردەیی بگێڕدرێتەوە کە بناغە بۆ ئیرادەی بەرەنگاری دادەڕێژێ. نالێبوردەیی بڕبڕەی پشتی ئومێدە: چونکە بۆ ئەوەی ئومێدمان بە هاتنەکایەی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرتر و ئازادتر هەبێ، چار ناچارە دەبێ یەکەم شت لێبوردەیی لەگەڵ سەرجەم ستەم و شێوەکانی توندوتیژی ئارا رەت بکەینەوە، هەر ئێستەش.

*** رێزگرتن**

## قوربانیدان

چەمکی قوربانیدان بیرۆکەی کەمتەمایی (زهد)ی خۆویستانە لە بەرژەوەندییەکی تایبەت لەپێناو بەرژەوەندییەکی باڵاتر لەخۆ دەگرێ. بیرۆکەی خۆیەکلاکردنەوەی تاکە کە خۆی بۆ خزمەتکردنی ئەوانی تر تەرخان دەکا. چڵەپۆپەی قوربانیدان بریتییە لە کەمتەمایی مرۆڤە بە ژیانی خۆی. زۆرجار ئەخلاقیاتە جۆراوجۆرەکان – بەتایبەت ئەوانەیان ئیلهام لە ئایینەوە وەردەگرن– پیرۆزییان بە" گیانی قوربانیدان" داوە بەوەی بایەخێکی جەوهەرییان بە فێرکردنی داوە. ئەو کارە هەندێ جار رێگەی بە هەندێ لادانی جێداخ داوە کە بووەتە مایەی ئەوەی بەهایەکی باڵا بە خودی سزا بدرێ.
ئەوەی دەچێتە نێو کاری ناتوندوتیژانە دەزانێ بەو کارە خۆی تووشی توندوتیژیی دژبەرەکانی دەکا، ئەم توشبوونە خۆیشی لە هەمان کاتدا پاسەوان و هێزیەتی. چونکە ئەو بە بەرچاوڕۆشنی مل بە هەندێ مەترسییەوە دەنێ کە لەوانەیە رووبەڕووی سزا و مردنی بکەنەوە، بۆیە پێویستە لەسەری خۆی بۆ ئەوە ئامادە بکا. بەم واتایە پێوەندییەکی بەهێز لە نێوان ناتوندوتیژی و قوربانیداندا هەیە کە جێی خۆیەتی سروشتەکەی دیاری بکەین. رای باو بەلای ئەو باوەڕەدا دەچێ کە ئەو کەسەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ، مادەم ئامادە نییە بۆ بەرگری لەخۆکردنی چەك هەڵبگرێ، پێشوەخت خۆی کردووەتە قوربانی و بەدڵنیاییەوە خۆی لەبەردەم وادەیەکی دیاریکراودا دەبینێ لەگەڵ مەرگ. بەڵام بابەتەکە لەڕاستیدا بەو شێوەیە نییە. پێویستە مەترسیی ناتوندوتیژی تێکەڵ بە "ویستێکی قوربانیدان" نەکرێ. کاتێ کاری ناتوندوتیژانە لەپێناو دادپەروەریدا، لە هەندێ هەڵوێستدا قوربانیدان دەکاتە شتێکی حەتمی، ئەوا پێویستە قبووڵ بکرێ و بەرگەی بگیرێ، بەڵام نابێ داوا بکرێ. لە سەرکێشیکردن بە مردندا نابێ کەمترین ملکەچی بۆ حەتمیەتی مردن نیشان بدرێ.
کاتێ مرۆڤی ناتوندوتیژ رووبەڕووی مردن دەبێتەوە، زێدەڕۆیی و سەرکێشی نازانێ و خۆی ناخاتە بەرگی ئەو پاڵەوانەی کە دەزانێ لە وادەدایە لەگەڵ مەرگێکی پێشوەخت و شەرەفمەندانەدا. ئەوەی خۆی لە قەرەی مەترسیی ناتوندوتیژی دەدا، مردنی ناوێ، بەڵکو ژیانی دەوێ و دەیەوێ هەموو دەرفەتەکانی ژیان بەوانی تریش ببەخشێ. ئەوەی دەچێتە نێو کاری ناتوندویژانە تووشی مردن دەبێ بەڵام قەناعەتی هەیە بەوەی ئەو مەترسییە واتا بەژیانی دەبەخشێ و لەکاتی پێویستدا واتا بە مردنیشی دەبەخشێ، چونکە ئەو ژیانی پێشکێش ناکا بەڵکو گرەوی لەسەر دەکا، سەرکێشی پێدەکا و دەزانێ لەوانەیە لەدەستی بدا بەڵام ئومێدی هەیە کە لێی نەسەنرێ، چونکە ئەو نایەوێ بچێ "چاوی بە مەرگ بکەوێ"، بەڵکو دەیەوێ تا دوا هەناسە بەرەنگاریی مەرگ بکا. ئەوەی بناغە بۆ مەترسیی ناتوندوتیژی دادەمەزرێنێ و بەرجەستەی دەکا، ئومێدە بەوەی بکرێ گژبەریی مردن بکا بەبێ ئەوەی بیچێژێ.
پێویست ناکا مرۆڤ بۆ سەرخستنی "پرس"ێك ئامادە بێ بۆ مردن، بەڵکو دەبێ ئەوە لەپێناو گەشەپێدانی مرۆڤایەتیی مرۆڤ بێ لە جیهانێکدا کە توندوتیژی تێیدا تەشەنەی کردووە. پێویستە مردن چاکەکردنێك بێ بەرامبەر مرۆڤەکانی تر. ئەگەر بەزمانێکی زاراوەییش قسە بکەین، دەڵێین پێویستە لەپێناو خۆشەویستیدا بمرین.
بەدرێژایی مێژوو دەوڵەت، گوایە وەك بەرجەستەکردنی بەهاکانی شارستانێتی، داوای لە هاووڵاتیانی کردووە رازی بن قوربانی بە ژیانیان بدەن دژ بە دوژمنی دەرەکی، بەم شێوەیە باڵاترین فەزیڵەتە رۆحیەکان –تێپەڕاندنی ئارەزووە خۆپەرستانەکان بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی، ئازایەتی لەبەردەم سزا و مردندا، بەقوربانیکردنی ژیان– لە جەنگ لەخزمەتی کوشتندا دەستیان بەسەردا گیرا. ئەوەیش بەبێ دروستکردنی لارولەوێرییەکی ریشەیی لە فیکردا بەدی نەهات. بێگومان راستە ئەو کەسەی لەپێناو کێشەیەکی رەوادا چەك هەڵدەگرێ قایلە بەوەی ژیانی بکاتە قوربانی –ئەو شەرەف و مەزنیەیشی بەسە– بەڵام ئەوەی پێش هەموو شت دەیەوێ بریتییە لە قوربانیدان بە ژیانی ئەوانی تر، جا ئەگەر سەرکێشی بە مردنەوە کرد، ئەوە یەکەم جار سەرکێشی بە کوشتنەوە دەکا.

بۆیە پێویستە ئەو زمانە وتاربێژانەیە لە دەوری ئازایەتی و قوربانیدان بە گیان لە جەنگ بکەینەوە تا بیبەستینەوە بە بەرەنگاریی ناتوندوتیژانەوە. ئەو کاتە هەموو شت دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی و فەیلەسوفیش دەتوانێ پێداگری بکا کە بەڕاستی ئەو مرۆڤەی باز بەسەر بەرژەوەندی و حەزە کەسییەکانی خۆیدا دەدا بەقبووڵکردنی بەقوربانیکردنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی و تەنانەت بە ژیانی خۆیشی تا مل بە مەترسیی مەرگەوە بنێ بۆ بەرگریکردن لە دادپەروەری و ئازادی، ئەو کەسە داوای چاکەی جیهانی دەکا و کاری ئەقلّ لە مێژوودا دەکا و چارەنووسی خۆی وەك بوونەوەرێکی رۆحی بەرجەستە دەکا. لە دەرەنجامدا مرۆڤی بەهێز ئەو کەسەیە ئازایەتیی بەرگەگرتنی مەترسیی ناتوندوتیژی هەیە.

*** ئازایەتی**

*** سەرکوتکردن**

*** مردن**

# ئەشکەنجەدان

بەناوی "واقیعیەت"ێك کە لافی گەڕان بەدوای "کاریگەری"یەکی کاتی لێدەدا، دەوڵەتان بەگشتی سڵیان نەکردۆتەوە لە پەنابردن بۆ ئەشکەنجەدان دژ بەوانەی بەئاشکرا لە دەسەڵاتیان یاخی بوون، نەخاسمە کاتێ نەیارەکانیش دەستیان لە توندوتیژی نەپاراستبێ. هەروەها ئەشکەنجەدان لەکاتی جەنگەکاندا بڵاو بووە، پاساوی باویش بۆ ئەم رەفتارە ئەوەیە کە ئەشکەنجەدا تاکە رێگەیە بۆ دەسکەوتنی زانیاری و رێگرتنیشە لە ئەنجامدانی کاری نوێی توندوتیژی و بەوەیش رەخساندنی دەرفەت بۆ رزگارکردنی گیانی مرۆڤ. ئاخۆ دەکرێ ئەم پاساوە لەبەرچاو بگیرێ؟ ئاخۆ پێویستە، لە روانگەی ئەم پێوەرەوە، دان بە شەرعیەتی ئەم جۆرە رەفتارەدا بنرێ؟

لەڕاستیدا "جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ" راشکاوانە سەرکۆنەی ئەشکەنجەدانی کردووە. پاش جەختکردنی لە مادەی سێیەمدا لەسەر ئەوەی "هەموو تاکێك مافی ژیان و ئازادی و سەلامەتی هەیە"، لە مادەی پێنجەمدا رای دەگەیەنێ "هیچ مرۆڤێ ناخرێتە ژێر باری ئەشکەنجەدان و سزا یان مامەڵەی دڵڕەقانە یاخۆ نامرۆڤانە، یان کەرامەتی بشکێنرێ". هەروەها ئەو بڕیارەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٤دا پەسەندی کرد، توندتر جەخت لەوە دەکا "ناکرێ بۆ ئەشکەنجەدان هیچ بارودۆخێکی نائاسایی بکرێتە بیانوو، جا ئەو بارودۆخە هەرچی بێ، چ پێوەندی بە حاڵەتی جەنگەوە هەبێ یان هەڕەشەکردن بە جەنگ یان بە نائارامییە ناوخۆییەکان یان هەر دۆخێکی تری نائاسایی".

هەروەها بڕیارەکە دەڵێ "چەمکی ئەشکەنجەدان ئاماژەیە بۆ هەر کارێك لەڕێیەوە بەئەنقەست ئێش و ئازاری جەستەیی یان زەینی بە کەسێك بگەیەنرێ، نەخاسمە بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری و دانپێدانان".

کەواتە یاسای نێودەوڵەتی جەخت لەوە دەکا ئەشکەنجەدان لە هیچ حاڵەتێکدا و کاریگەری هەرچەند بێ، رەوا نییە. ئەم سەرکۆنەکردنەیش داننانە بە کەرامەتی ریشەداری هەموو تاکێکی خێزانی مرۆڤایەتی و بە مافە یەکسان و جێگیرەکانیان (دیباجەی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ). بەوەیش دەوڵەتان دان بەوەدا دەنێن کە کەرامەتی ریشەداری نێو ناخی هەر مرۆڤێك پەنابردن بۆ توندوتیژی حەرام دەکا بەبێ ئەوەی بوار هەبێ بیانووی بۆ بهێنرێتەوە بەوەی "خراپەیەکی هێورتر" یاخۆ "شەڕێکی ناچاری"یە.

رەتکردنەوەی جەزرەبەدان لە روانگەی یاسای نێودەوڵەتی خۆیەوە، لەو فەرمانە ئەخلاقییە بنبڕانەیە کە هیچ هەلومەرجێك نییە پاساوی پێ بدا. لە دەرەنجامدا، ئەخلاقی دەوڵەتان، بەتایبەت لەبارەی ئەم خاڵەوە، یان لانی کەم وەك راگەیەنراوە، بریتییە لە "ئەخلاقی قەناعەت": ئەشکەنجەدان تەنانەت ئەگەر کاریگەریش بێ هێشتا هەر تاوانە. رادەی ئەو خراپەیەی لە ئەشکەنجەداندایە زۆر گەورەترە لەوەی ئەو "چاکە"یەی لێی چاوەڕوان دەکرێ، پاساوی بدا.

لە هەموو بارودۆخەکاندا ئەرکی ئەخلاقی داوای رەتکردنەوەی جەزرەبەدان دەکا بەچاوپۆشین لە ئاکامەکانی ئەو رەتکردنەوەیە، چونکە جەزرەبەدانی جەستەیی مرۆڤێکی بێدەسەڵات، سڕینەوەی مرۆڤبوونی مرۆڤە، یەکەم کەس مرۆڤایەتیی جەللادەکە. ئەشکەنجەدان لە تێڕوانینی مرۆڤی–فەیلەسوفدا هەر قەدەغە نییە، بەڵکو مەحاڵە، چونکە زۆر بەسادەیی شتێکی ناماقووڵە.

زیاد لەوەیش، زۆربەی جار دەردەکەوێ ئەو کاریگەرییە کاتییەی لە ئەشکەنجەدانی چاوەڕوان دەکەین، جۆرە وەهمێکە، چونکە لە مەودای ناوەندا لەبری لاوازکردنی ورەی دژبەرەکە، لەوانەیە کاریگەرییەکەی زیاتر چەقاندنی دژبەری ناوبراو بێ لە ململانەکردن تا مردن کە خۆی بۆ تەرخان کردووە و سەرکێشیکردنێکی مەترسیدارە بە داهاتووی ئاشتی کە لافی هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی لێ دەدەین.

به بادان tordant (وشەی tortureی فرەنسایی لە وشەی torquereی لاتینی داتاشراوە بە واتای بایدا)ی جەستەی چەند کەسێك، ویژدانی هەمووان لە خۆمان ئاگر دەدەین، لە دەرەنجامیشدا، وادیارە "ئەخلاقی بەرپرسیاریەتی"ش دەچێتە پالْ "ئەخلاقی قەناعەت" تا پێکەوە فەرمان بە رەتکردنەوەی ئەشکەنجەدان بکەن.

زۆر دوورە تەنیا بە جەختکردنەوەی یاسای نێودەولّەتی لەسەر ئەوەی ئەشکەنجەدان لە هەر هەلومەرجێکدا پێشێلکردنێکی تایبەتە بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئیتر دەولّەتان دەست لە ئەشکەنجەدان هەلّبگرن. بەپێچەوانەوە، ئەزموون دەری دەخا کە "بەرژەوەندیی بالاّی دەولّەت" لە چەندان هەلومەرجدا، لە ئێستەش وەك لە رابردوودا، سلّ ناکاتەوە لەوەی بەناوی "واقیعیەت" و "کاریگەری"یەوە یاسا بەتەختی دیواردا بکێشێ بۆ پاساودانی ئەو ئەشکەنجەیەی بەرامبەر دوژمنانی ناوەوە و دەرەوە کراوە. بۆیە جێی خۆیەتی هاوولاّتیان زۆر چاوکراوە بن لە سەرچلّیەکانی دەولّەتان، کە هەمیشە چاوەڕوانکراوە.

*** سەرکوتکردن**

## تاکتیك

ئەگەر ستراتیج پێوەندی بە دانانی وێنای پلانێك کە کارە جۆراوجۆرەکانی خەباتێکی ناتوندوتیژانە رێك بخا و هاوئاهەنگی لەنێودا بکا و بە جێبەجێکردنی ئەو پلانەوە هەبێ، ئەوا تاکتیك پێوەندی بە دانانی وێنایەك بۆ هەر کارێك لەو کارانە بەجیا و جێبەجێکردنیەوە هەیە، چونکە لێهاتوویی تاکتیکی یاخۆ هەستی تاکتیکی دەرفەت دەرەخسێنێ بۆ ئەوەی باشترین کەڵك لە کارێك وەربگیرێ، ئەویش لەرێی باشترین پەرەپێدانی ئەو ئامرازانەی بەشداری لە جێبەجێکردنیدا دەکەن. تاکتیك لە بوارێکی دیاریکراو و ناسراو و تا رادەیەك جێگیردا پێرەو دەکرێ لەکاتێکدا ستراتیج لە بوارێکی فراوانتر و زۆر ئاڵۆزتردا جێبەجێ دەکرێ کە چوارچێوەدانی ئاستەمە، لەبەرئەوەی لە پەرەسەندنێکی سەرەمرِدایە.

بە دەربرِینێکی روونتر، ستراتیج لە تێکۆشانی ناتوندوتیژدا کردارەکانی برِیارلەسەردان و نەخشەکێشان و هاوئاهەنگکردنی: خۆپیشاندانە گشتیەکان دەگرێتەوە کە بتوانێ رای گشتی ئاگەدار بکاتەوە و ساز و جۆشی بدا بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکیانەی هاوکاری نەکردن کە باشتر دەتوانن لایەنی دژبەر لاواز بکەن، ئەو کارانەی یاخیبوونی مەدەنی کە زیاتر دەتوانن گژبەریی دەسەلاتداران بکەن، بۆ ئەو دەسکەوتانەی کە زەوینە ساز دەکەن بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی بنتیاتنەر لە بەرنامەی هاوکاری نەکردندا، هەروەها بۆ هەموو ئەو دەستپێشخەرییانەی دەتوانن هاوسەنگیی هێز بگۆرِن و دژبەر بهەژێنن و ناچاری خۆبەدەستەوەدانی بکەن.

بەڵام تاکتیك بریتییە لە رێکخستنی هەر خۆپێشاندانێك لە خۆپێشاندانەکان و هەر کارێك لە کارەکانی هاوکاری نەکردن و یاخیبوونی مەدەنی و هەر دەسکەوتێك لە دەستکەوتەکانی بەرنامە بنیاتنەرەکە بە گەورەترین کاراییِ مومکین. بەوەیش ستراتیج و تاکیتك بەیەکەوە دەبەسترێنەوە و دەبنە دەستباری یەکتر بۆ سەرخستنی تێکۆشانەکە.

بۆ ئەوەی ستراتیجیەتی تێکۆشانی ناتوندوتیژانە تەواو بەکار بێ، نابێ هیچ کارێکی توندوتیژانە پەکی بخا. هەربۆیە هەڵبژاردنی ئەم ستراتیجە بەشێوەیەکی بنبرِ بنەمای "هەمەجۆریی تاکتیەکەکان" رەت دەکاتەوە کە پێی باشە لە هەمان خەباتدا هاورِێکی بکرێ لەنێوان کارە ناتوندوتیژ و کارە توندوتیژەکاندا. هەموو کارێکی توندوتیژی بەدڵنیاییەوە دینامیەتی تایبەتی ستراتیجی تێکۆشانی ناتوندوتیژانە پەك دەخا. لە چوارچێوەی شەرِێکی چەکداریدا، بێگومان کارە ناتوندوتیژانەکان تێکرِای کاراییِ تێکۆشانەکە زیاد دەکەن، بەڵام لە چوارچێوەی رووبەرِووبوونەوەیەکی ناتوندوتیژانەدا کارە توندوتیژەکان تێکرِای کاراییِ کارە ناتوندوتیژانەکان پێچەوانە دەکەنەوە.

### * ستراتیج

# ڕێکخستن

کاتێ کۆمەڵە کەسێك هاوویست دەبن لەسەر ئەنجامدانی کارێکی هاوبەش، یان بنیاتنانی پرۆژەیەکی هاوبەش، ئەوا بەپێی یاسایەکی ئۆرگانیکیی تایبەت بە هەر کارێکی دەستەجەمی، پێویستە لەسەریان کۆمەڵێ دەزگا و دەستەی خاوەن دەسەڵاتی بڕیاردان دابمەزرێنن. ئەوکاتە دەکرێ دوو هەڵوێست سەرهەڵبدەن: یان ئەوەتا ڕێکخستنێك کە پێشتر دامەزراوە و هەیە، ئەرکی هاوئاهەنگکردنی بزاوتەکە دەگرێتە ئەستۆ، یاخۆ پێویستە ڕێکخراوێکی تر بێتە دامەزراندن.

کاتێ ئەو بزاوتە ئامانجێکی ورد و دیاریکراو بۆ خۆی دەستنیشان دەکا، لەوانەیە پاش گەیشتن بەو ئامانجە بزاوتەکەیش هەڵبوەشێتەوە و نەمێنێ. ڕێکخستن پەیکەری بزاوتە، بەڵام خودی بزاوتەکە نییە. زۆر کەس هەن بەشداریی ئەو کارانە دەکەن کە بزاوتەکە دەستپێشخەریی ئەنجامدانیانی کردووە، بەڵام ئەندامی ئەو ڕێکخستنەی هاوئاهەنگییان لەنێواندا دەکا و سەرکردایەتییان دەکا، نین. ئەرکی ڕێکخستن سەرکردایەتیکردنی بزاوتەکەیە.

ئەو بەها و بنەمایانەی بزاوتەکە دەیەوێ لە کۆمەڵگەدا زاڵیان بکا —لە دیموکراسیەت، کەرامەت، ئازادی، یەکسانی، بەرپرسیاریەتی، دادپەروەری و... هتد— پێویستە سەرەتا لە ڕێکخستنی بزاوتەکە خۆیدا پێڕەو بکرێن. پێویستە بنیات و دامەزراوەکانی بزاوتەکە پێشوەخت بنیات و دامەزراوەکانی ئەو کۆمەڵگە نوێیە بەرجەستە بکەن کە دەیانەوێ دروستی بکەن. پێویستە ڕێکخستنی بزاوتی تێکۆشانی ناتوندوتیژانە دەرفەت بۆ پرس و ڕاوێژ لەنێوان هەموو ئەندامانیدا بڕەخسێنێ و تا دەکرێ ئامادە و هاوئاهەنگیکردن لەو کارانەی دەستی دەدەنێ بەشێوەیەکی دیموکراسییانە بێ، ئەوەیش دەخوازێ ڕێکخستنەکە تا دەکرێ خۆئیداری بێ، بەو واتایەی دەرفەت بدرێتە هەر تاکێك کە بەرپرس بێ و هەست بە بەرپرسیاریەتیی خۆی بکا. پێویستە دینامیەتێکی جەدەلی لەنێوان ئەو بڕیارانەی ڕێکخستنە ناوەندییەکە دەریان دەکا و ئەو دەستپێشخەرییانەی لقە ناوخۆیەکان دەیانکەن، هەبێ.

بەرپرسیاریەتی پێش هەموو شتێك ئاگەداربوونە، کەواتە یەکێك لە ئەرکە هەمیشەییەکانی ڕێکخستن مسۆگەرکردنی بڵاوبوونەوەی زانیارییەکانە. بۆیە دەکرێ هەندێ بەڵگەنامە چاپ و بڵاو بکرێنەوە، کە هەندێکیان تایبەتن بە خەباتکاران و هەندێکی تریشیان تایبەتن بە جەماوەرە پان و بەرینەکە. ئامانج ئاشناکردنیانە بە بژارە سیاسی و ستراتیجییەکانی بزاوتەکە. کاتێکیش ماوەی کارکردنەکە درێژە دەکێشێ، ڕەنگە پێویست بکا ڕۆژنامەیەك دەربکرێ کە زمانحاڵی بزاوتەکە بێ.

دەبێ چەندان دەنگدان و هەڵبژاردن لەنێو بزاوتەکەدا ئەنجام بدرێن، وەك باشترین ڕێگە بۆ وابەستەبوونی بە دیموکراسیەتەوە. بەڵام پێڕەوکردنی دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ بۆ وەرگرتنی هەر بڕیارێك کارێکی مەحاڵە، بۆیە بوونی تاکە ناوەندێك بۆ بڕیاردان بۆ تۆکمەیی بزاوتەکە و کارایی کارکردنی پێویستە. کاتێکیش بزاوتەکە ڕەهەندێکی نیشتمانی وەردەگرێ —لانی کەم وەك هاوهەڵوێستیەك لەگەڵ کێشەیەکی ناوخۆیی— پێویستە ڕێکخستنەکە هەوڵی پێکهێنانی تۆڕێکی لامەرکەزی بدا کە پەل بۆ هەموو کۆمەڵگە بهاوێ. بۆ ئەوەی بتوانرێ پاڵپەستۆیەکی ڕاستەقینە بخرێتە سەر دەسەڵاتداران، دەبێ، بەزۆری، کارەکە بەشێوەیەك ڕێك بخرێ ڕیشەی خۆی بەنێو تەواوی کۆمەڵگەدا لێبدا، بۆ ئەوەیش پێویستە بزاوتەکە ببێ بە چەند گرووپێکی ناوچەیی کە ئامرازی ڕێکخستنی پێویستیان لەبەردەست بێ تا بەهۆیانەوە بتوانن لە کارکردندا کارا بن. هێزی بزاوتەکەیش، لە بەشێکی یەکلاکەرەوەیدا، لە هێز و جۆری ژمارەیەك لەو لقانەوە سەرچاوە دەگرێ.

هەروەك دەکرێ کۆمەڵێ دیدار و کۆبوونەوەی سەرتاسەریی نیشتمانی بەشێوەی دەوری ڕێك بخرێن و تێیاندا بڕیار لەسەر ئاراستەی سیاسی و بژارە ستراتیجیەکانی بزاوتەکە بدرێ. زیاد لەوەیش، ئەم کۆبوونەوە و دیدارانە دەرفەتن بۆ بەرپرسە ناوچەییەکان تا یەکتر ببینن و بناسن، ئەو پێوەندییە کەسییانەی بەم شێوەیە دروست دەبن تۆکمەیی بزاوتەکە زیاد دەکەن، چونکە پێکەوەژیان باشترین بەستەرە بۆ یەکێتی، هەروەها پێوەندیی دۆستانەی نێوان ئەوانەی لەپێناو ئازادی و

دادپەروەریدا تێدەکۆشن، بە ژنان و پیاوانەوە، یەکێکە لە هێزە سەرەکیەکانی بزاوتەکە. بەوەیش تۆڕەکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژانە دەبنە تۆڕی دۆستایەتی. هەرگیز ئەوەیش بەدوور نازانرێ کە ململانەی کەسی لەنێو خودی بزاوتە ناتوندوتیژانەکە خۆیدا سەرهەڵبدا، هەربۆیە دۆزینەوەی دەستەگەلی تایبەت بۆ بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی کێشەکان شتێکی بەسوودە.

هەر رێکخستنە کە بزاوتەکە لە گۆڕەپانە گشتییەکەدا دەردەخا. ئەو پیاو و ئافرەتانەی بەرپرسیاریەتیی سەرەکی وەردەگرن، دەبنە هاوگۆ (محاور)ی شەرعی لای هاوبەش و دژبەرەکان و دەسەڵاتدارانی گشتیش. هەروەك پێویستە ئەوان زۆربەی پێوەندییەکان لەگەڵ جەماوەر رێك بخەن، نەخاسمە پێوەندیکردن بە دەزگاکای راگەیاندنەوە.

یەکێك لە ئەرکە سوپاسنەکراوەکانی رێکخستن، کە دەشکرێ تێپەڕێنرێ، بریتییە لە دابینکردنی بژێویی بزاوتەکە، بەتایبەت لەڕێی کۆکردنەوەی پارەوە، دەبێ مل بەوە بدرێ کە "پارە" یەکێکە لە دەمارەکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژانە، بۆیە دەبێ خەمی ئەوە بخورێ سەرچاوەی داراییەکە، جا دارایی گشتی بێ یان تایبەت زیان بە بزاوتەکە نەگەیەنێ. ئەو کەسانەی دەچنە نێو رێکخستنەکە بەگشتی لە ژمارەیەکی زۆر خۆبەخش پێك دێن کە بەبێ بەرامبەر کار دەکەن، هەروەها فەرمانبەرانی هەمیشەییشیان تێدایە کە کرێ وەردەگرن.

هەر کارێکی بەکۆمەڵ بۆ ئەوەی ئەوپەڕی کارایی هەبێ، دەبێ هەموو بەشداران رێکوپێکی و دیسپلینێکی نەرم و لە هەمان کاتدا توندیان هەبێ، چونکە کاری ناتوندوتیژانەیش لەم رێسایە بەدەر نییە، بەڵام لەبەرئەوەی کاری ناتوندوتیژانە پابەندە بە ئازادیی هەر تاکێك لە بوونە ئەندام تێیدا، ئەو دیسپلینە پێویستەش دەبێ خۆویستانە بێ، چونکە لەسەر پابەندبوونی خۆویستانەی هەر تاکێك دامەزراوە نەك لەسەر وابەستەبوونی هەمووان بە گوێڕایەڵیکردنی ناچاری. لەم رووەوە نابێ هیچ لێکچوونێك لەنێوان ئەم کارە و رێکخستن و دیسپلینی سەربازیدا هەبێ.

یەکێك لە ئەرکەکانی بزاوتەکە ئامادەکردنی خۆبەخشانە بۆ کاری راستەوخۆی ناتوندوتیژ، بۆ ئەوەیش پێویستە پێش لە دەستکردن بە هەڵمەتەکە و لەکاتی هەڵمەتەکەیشدا، خولی شیاندنیان بۆ رێك بخرێ.

رێکخستن یارمەتیی کاری بەکۆمەڵی بزاوتەکە دەدا تا بە پانتایی کات و شوێندا بڵاو ببێتەوە و بەوەیش بگاتە ئامانجی خۆی. ئەوە خەیاڵپڵاوییە تەنیا پشت بە "خۆبەخۆیی جەماوەر" یان بە کاریزمای سەرکردەیەکی بێوێنە ببەسترێ. گونجاوترین رێگە بۆ وروژاندنی کارێکی بەکۆمەڵ لە مەودایەکی بەرفراواندا، پشتبەستنە بە خۆبەخۆیی (عەفەویەت)ی ئەوانەی جۆش دەدرێن، بە پیاو و ئافرەتەوە، بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادتر و دادپەروەرانەتر، بەڵام دەبێ ئەم خۆبەخۆییە رێك بخرێ، واتە سیستماتیزە بکرێ، بەوەیش خۆبەخۆیی لەبری ئەوەی هۆکاری پەرت و بڵاوی بێ، دەبێ داینەمۆیەك کە کارەکە ئاراستە دەکا و هێزی پێدەبەخشێ.

*** سەرکردە**

# چوونەنێو

چوونەنێو شێوەیەکی دەستوەردانی ناتوندوتیژانەی راستەوخۆیە و بریتییە لەوەی بە لەچەك داماڵراوی بچیتە نێو ئاپۆرای ئەو دانیشتوانە مەدەنییانەی لە کێشە و ململانەیەکەوە گلاون، ئەویش بەمەبەستی سڵەماندنەوەی چەکداران تا کاری توندوتیژی ئەنجام نەدەن.
پرۆسەی بڵاوکردنەوەی کەسانی لاتەریك بەمەبەستی پاراستنی مەدەنیەکان کە بکەرانی چەکدار سوورن لەسەر بەکارهێنانی هەموو ئامرازەکانی توندوتیژیی بەردەستیان، لە یەکەم نیگادا کارێکی بێهوودە و شکستخواردووە. لەڕاستیدا توانای توندوتیژیی گرووپە چەکدارەکان لەبەردەم "چوونەنێو"ێکی ناتوندوتیژانە، لە روانگەیەکی تیۆریی رووتەوە، لە رووی تەکنیکیەوە توانایەکی بێسنوورە، بەڵام کارە توندوتیژییەکان تەنیا لەسەر هۆکارە تەکنیکیەکان ناوەستن، چونکە زۆرجار روو دەدا هۆکارگەلێکی مرۆیی –سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و سیاسی– هەندێ سنوور بەسەر بڕیاربەدەستاندا دەسەپێنن کە بەئاسانی ناتوانن لێیان قوتار بن.
توندوتیژییەکی بێسنوور توندوتیژییەکی "کوێرە" بە هەموو واتای وشەکە، چونکە ئەوە هەلاتنێکە بۆ پێشەوە کە لەگەڵ هیچ ئامانجێکی سیاسیی عەقڵانیدا ناگونجێ و سەرکێشی دەکا بە بوونە بایسی ئاکامگەلێکی قورسی سیاسی و دیبلۆماسی و ئابووری، بەشێوەیەك لە بەرژەوەندیی بڕیاربەدەستانە خۆیانی لێ لابدەن.
کەواتە هەندێ هەڵوێست هەن لە رووی تەکنیکیەوە رێیان تێدەچێ بەڵام لەڕووی سیاسییەوە بەدوور دەزانرێن. لەوکاتەدا دەکرێ رێنوێنی بدرێ بۆ دەستوەردانێکی مەدەنی لەڕێی گرەوکردنێك کە پێی وایە لەتوانایدایە سەرکردە گلاوەکانی ململانەکە لە تێوەگلان لە هەندێ کاری چەکدارانە بسڵەمێنێتەوە، کە دەیانگەیەنێتە رێگەیەکی داخراو.
لە زۆربەی کێشمەکێشە ناوخۆییەکاندا رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی دوو سوپا یان دوو میلیشا لە گۆڕەپانی جەنگدا نابینین و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کردە سەربازیەکان هەڕەشەیەکی راستەوخۆ لە دانیشتوانە سیڤیلەکە دەکەن. لەم دۆخەدا چوونەنێوی مەدەنی بریتی نابێ لە دروستکردنی "دیوارێکی زیندوو" کە رەنگە وەك "قەڵغانێکی مرۆیی" لەنێوان دانیشتوانە سیڤیلەکە و چەکداراندا کەڵکی هەبێ، بگرە بریتی دەبێ لە خۆخزاندنە نێو خەڵکە مەدەنییەکە. بۆ زیادکردنی کارایی ئەرکی چوونەنێوی ناتوندوتیژانە، دەکرێ بە ئەرکی چاودێریکردن دابنرێ کە ژمارەیەکی زۆر چاودێر لەسەر ئەو زەوییەی شانۆی کێشەکانە بڵاو بکرێنەوە.
ئامانج لە ئەرکی چوونەنێو بریتییە لە هاندانی پەنابردن بۆ چارەسەری ململانەکە لەڕێی دانوستاندنەوە، ئەویش بە بەکارهێنانی رێگەیلێکی میانگیری دوور بەدوور، بەئەندازەی ئەوەی ئەو دەرفەتە بەردەست بێ، پێویستە ئەندامانی ئەو ئەرکە هەموو سەرکردەکانی ململانەکە ببینن، بە دەسەڵاتدارە سیاسی و سەربازییە ناوخۆییەکانیشەوە، تا واتای پرۆژەکەیان بۆ روون بکەنەوە و جەخت لەوە بکەن کە هیچ ئامانجێکی نییە جگە لە ئاسانکاریی سەپاندنی ئاشتی.
لە زۆر حاڵەتدا نابێ وێنای ئەرکی "چوونەنێو"ی ناتوندوتیژانە بکرێ بەدەر لە ئەرکی میانگیرییەك کە پێویستە شانبەشانی بەڕێوە بچێ، چونکە لە دەرەنجامدا ئەرکی چوونەنێوی مەدەنی، بەزۆری، بەبێ سەرکەوتنی ئەرکی ئەو میانگیرییە هاوشانە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ. پێویستە لە دوو ئاستەوە سەیری ئەم میانگیرییە بکرێ: ئاستی دانیشتوانە مەدەنیەکان و ئاستی سەرکردە سیاسییە سەربازییەکان. لەوکاتەدا دەکرێ ئەو چوونەنێوە مەدەنییە بە ئامرازێك لە ئامرازەکانی ئەم میانگیرییە دووسەرەیە دابنرێ.
لەم روانگەوە زۆربەی جار چوونەنێوی مەدەنی لەنێو دانیشتووانە مەدەنیەکانی هەردوو گرووپی ناکۆکدا دەبێ بەمەبەستی هێورکردنەوەی گرژییەکە و هاندانی پێوەندیکردن لەنێوان لایەنە جیاوازەکان و برەوپێدانی گیانی لێبوردەیی و رەخساندنی دەرفەت بۆ ئەنجامدانی هەندێ رێوشوێن بێ، کە متمانە دروست بکەن. لەوکاتەدا دەشێ ئەو چوونەنێوە راستەوخۆیە لەنێو

دانیشتووانە مەدەنیەکاندا کار لە پەرەسەندنی ململانە چەکدارییەکە بکا و زەوینە خۆش بکا بۆ هێنانەکایەی میانگیریەك لەنێوان دەسەڵاتە سیاسی و سەربازیەکاندا.

کاری "چوونەنێو" سروشتی خۆی وایە کە لەکاتی کێشەیەکی کراوەدا ژیانی ئەوانەی بەشداری تێدا دەکەن دەخاتە مەترسیی گەورە، چونکە هیچ کارێکی ناتوندوتیژی هەموو کارایی خۆی بەدی ناهێنێ بە ئەندازەی رازیبوونی ئەوانە نەبێ کە پێی هەڵدەستن بەوەی بەرگەی ئەو مەترسییانە بگرن کە لێی دەکەوێتەوە. هەر خودی نەرمیەکەیان لەبەردەم مەترسیەکاندا خۆی یەکێکە لە هۆکارەکانی کارایی پابەندبوونەکەیان. ئەندامانی دەستوەردانی مەدەنی بەشێوەیەك لە شێوەکان وەك بارمتە خۆیان بەدەست لایەنە بەشەڕهاتووەکانەوە دەدەن و لەنێو دانیشتوانە مەدەنیەکاندا دەوەستن. ئەوان بڕوایان وایە کە گرەوی کارەکەیان لە ئاستی ئەو مەترسییەدایە کە لەئەستۆی دەگرن و بەتەواویش دەزانن چی دەگوزەرێ. خودی نەرمیەکەیان خۆی تاکە پارێزەریانە.

*** یاوەری کردن**

*** دەستوەردانی مەدەنی**

*** میانگیری**

# کولتووری ناتوندوتیژی

زاراوەی culture یاخود (ڕۆشنبیری) لە فرەنسیدا وشەیەکە لە فرمانی colereی لاتینی داتاشراوە، کە لە هەمان کاتدا بەواتای "ناشتی" و "ڕێزی گرت" دێ. واتای یەکەمی وشەی کولتور بریتییە لە "کشتوکاڵ" agri-culture، مەبەستیش چاندنی زەوییە بۆ بەرهەمهێنانی ڕووەك و گژوگیا تا بیخۆین، واتای دووەمی فرمانی collereیش لە وشەی culte (پەرستن) دا دەیبینیەوە، پەرستنی کەس یاخۆ شتێك واتای ڕێزگرتن و بەگەورەدانان و پێ سەرسامبوونیەتی.

با ورد بینەوە، چاندنی زەویش پێویستی بە لێهاتنێك هەیە نەوە بۆ نەوە بگوێزرێتەوە و هەر نەوەیەك ئەزموون و دۆزینەوە تایبەتەکانی خۆی دەبەخشێتە نەوەی دوای خۆی. با ئەوەیش بلێین کشتوکاڵکردن پێویستی بە چەندین هونەر و ئامێر و کەرەستە هەیە.

وشەی کولتوور culture واتای فراوانتری وەرگرتووە: بریتییە لە برەوپێدانی ئەم یان ئەو بەهرە لە سرووشت natureی مرۆڤدا لەڕێی هەندێ مەشقی گونجاوەوە.

کولتوور هەمیشە چاندنی سرووشتە culture de la nature. بەهیچ شێوەیەك نابێ "سرووشت" دژ بە "کشتوکاڵ" دابنرێ، چونکە ئێمە ناتوانین هیچ بچێنین جگە لەوەی سرووشت بۆمان بڕیار دەدا یان پێمان دەبەخشێ، هەروەها جگە لەوەی وەك لە بنەڕەتدا لە سرووشتدا شاراوەیە وەك شاراوەیی تۆو. سرووشتی مرۆڤ دراو (معطی) نییە بگرە مەزەندەکردن (تقدیر)ە، سرووشت بە مەزەندەکردن و کولتوور (کشتوکاڵ)یش بە ڕێکخستنە.

توندوتیژی لە جەرگەی ژیانی مرۆڤدا حزورێکی وای هەیە کە وەك ئەوەی چارەنووسێکی سەپاو بێ لەسەر سرووشتی مرۆڤ مێژووییانی قورس کردووە. بەڵام هەر ئەو سرووشتە ئەگەرێکی تریشی تێدایە جگە لە توندوتیژی. مرۆڤ بەوەی هەست بە نامرۆڤانەیی و ناماقووڵی و بێهوودەیی توندوتیژی دەکا، ئەوکاتە دەتوانێ ئەو تامەزرۆییە بۆ ناتوندوتیژی کە لە دەروونیدا گینگڵ دەخوا و مرۆڤایەتییەکەی دادەمەزرێنێ و دەبێتە بناغەی، بدۆزێتەوە. کولتووری ناتوندوتیژی لەسەر فەلسەفەیەك دامەزراوە کە جەخت لەوە دەکا ئەرکی ناتوندوتیژی دەربڕی بێ ئەملاوئەولای مرۆڤایەتیی مرۆڤە، چونکە ناتوندوتیژی مەرجە بۆ ئەگەری بەیەکگەیشتنی برایانە لەگەڵ مرۆڤەکەی تر.

ئەوە کە دەڵێین مرۆڤ بوونەوەرێکی ژیرە، ئەم قسەیە بەوردی واتای ئەوەیە مرۆڤ خۆبەخۆ بەپێی خواستەکانی ئەقڵ ڕەفتار ناکا، لەبەرئەوە دەکرێ و دەبێ خۆی ژیر بکا. مرۆڤ بە سروشت نە توندوتیژە و نە ناتوندوتیژ، بەڵام دەتوانێ لە هەمان کاتدا توندوتیژ و ناتوندوتیژیش بێ. جا مادەم مرۆڤ مەیلی لە توندوتیژییە و لە هەمان کاتدا ئامادەییشی تێدایە بۆ ناتوندوتیژی، کەواتە پرسەکە ئیتر بریتی دەبێ لە زانینی ئەوەی بڕیار بدا کام بەش لە دەروونی ڕۆشنبیر بکا (بچێنێ)، چ لەسەر ئاستی تاکەکەسی بێ یان دەستەجەمی.

لەبارێکی وادا، چار نییە کە ئێمە تێبینی بکەین کۆمەڵگەکەمان کولتوورێکی توندوتیژی بەسەریدا زاڵە، پەروەردەیش بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەو میتۆدانە دامەزراوە کە کاری توندوتیژانەیان تێدایە –بەتایبەت لە شێوەی سزای جەستەییدا– کە باوان و مامۆستایان بەرامبەر بەچکەی مرۆڤ دەیکەن. تا ئەمڕۆیش هێشتا بەزۆری توندوتیژی بە میتۆدێکی پەروەردەیی و فێرکاریی پێویست و ڕەوا دادەنرێ. لە ڕاستیدا زۆر ڕێی تێدەچێ ئەو توندوتیژییەی منداڵان دەیچێژن وایان لێ بکا ئەوانیش، کاتێ توانایان هەبوو توندوتیژ دەربچن.

لە هەمان کاتدا، ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی منداڵی تێدا نەشونما دەکا، فێری دەکا بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لە ژیاندا بگرێ، دەبێ" مل کەچ نەکا"، بگرە فێری "شەڕکردن" ببێ. واتە زللەیەك بە دوو زللە وەڵام بداتەوە. بگرە تەنانەت هەندێ جار سڵ ناکاتەوە لەوەی یەکەم زەبر ئەو بیوەشێنێ. بەم شێوەیە بەچکەی مرۆڤ هەر زوو ئەو بیرۆکەیەی لەلا دەچەسپێ کە

توندوتیژی چەکی بەهێزەکانە و ویستی وازهێنان لە توندوتیژی رەنگە دانان بێ بە لاوازی و ترسنۆکیدا. بەوەیش کولتووری باوی توندوتیژی لە نەوەوە بۆ نەوە دەگوێزرێتەوە.

ئەم کولتوورە زیاتر و زەقتر لە کەلەپووری سەربازیی کۆمەڵگەکاندا خۆی بەرجەستە دەکا، چونکە مێژووی گەلان بەپلەی یەکەم وا پیشان دەدرێ وەك ئەوەی مێژووی جەنگەکانیان بێ، یادی ئەو بەشەڕهاتنە یادەوەرەیی براکانی قورس کردووە و دوور نییە هەندێ کۆنە رق ببووژێنێتەوە و ببێتە هۆی نانەوەی دوژمنایەتیی نوێ. بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری ئاشتی، پێویستە هەموو گەلێك ئەوەی لەتوانایدایە بیکا بۆ داماڵینی مێژووەکەی لە چەك بەمەبەستی بنبڕکردنی ئەو کێشانەی کە هێشتا ئەو مێژووە لە بن عەباکەیەوە شاردونیەتیەوە.

کۆمەڵگەکان کولتووری توندوتیژییان چاندووە و رێزیان لێناوە وەك ئامرازێکی پێویست و رەوا و دروست بۆ بەرگریکردن لە ناسنامەی نەتەوە یان گەل یان مەزەب لەنێو ئەو کێشمەکێشە حەتمییانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سەرهەڵدەدەن. ئەوەی وزە بە کولتووری توندوتیژی دەبەخشێ توندوتیژی خۆی نییە هێندەی ئەوەی داتاشینی شەرعیەتە بۆی. بەمەیش ئەم کولتوورە توندوتیژە ژمارەیەك بنیاتی ئایدیۆلۆجی پێشکێشی تاك دەکا کە پاساو بە توندوتیژییەکەی دەدەن.

کولتوور بەرگ و هزری ئامادە دروست دەکا کە ئەرکیان سنووردارکردنی توندوتیژی نییە بەڵکو پەردەپۆشکردنیەتی. وێنەگەلێك لە توندوتیژی نمایش دەکەن کە بریتین لە کۆمەڵێ مۆنتاجکاری. ئامانج و کاریگەریی ویستراو ئەوەیە راستیی توندوتیژی بشاردرێتەوە. ئەو وێنانە دەیانەوێ وامان نیشان بدەن کە توندوتیژی چەسپاندنی دادپەروەرییە نەك مەرگ. ئامانجی نواندنی کولتووریی توندوتیژیش هەمیشە ئەوەیە شکۆ بە توندوتیژی بدا و ئەو شتانەی چەپەڵ و دزێون بشارێتەوە. دەیەوێ لەرێی شاردنەوەی رووە نامرۆڤانەکەیەوە، بەرگێکی مرۆیی بە توندوتیژی ببەخشێ.

کاری یەکەمی کولتووری ناتوندوتیژی پەردەلادانە لەسەر توندوتیژی و لێ داماڵینی شەرعیەت و لەبەریەك هەڵوەشاندنی ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە کە پاساو دەداتە توندوتیژی وەك مافێکی مرۆڤ و وەك یەکێك لە خەسڵەتەکانی مرۆڤی بەهێز، شکۆی پێ دەبەخشێ. چاندنی زەوی تەنیا بریتی نییە لە چاندنی رووەکی بەکەڵك، بەڵکو لەریشەهێنانی گژوگیای زیانبەخشیشە. پێش لە تۆو وەشاندن دەبێ زەوییەکە پێشوەخت لەرێی کێڵانەوە و چاك و ساز بکرێ. رۆشنبیربوونیش بەهەمان شێوە تەنیا بریتی نییە لە فێربوونی هزری باش، بگرە لەبیرکردنی زۆر هزری خراپیشە کە ئایدیۆلۆجیا باوەکان دەیانگوێزنەوە.

رۆشنبیری یاخۆ کولتووری ناتوندوتیژی کارکردنیشە لەسەر دەروونی خۆ، کۆششێکی توولانی و مەنهەجی و عەقڵانییە، ئامانجیش برەوپێدانی توانا و بەهرە دەروونی و رۆحی و هزریەکانە کە زەوینە بۆ تاك ساز دەکەن تا هەڵوێستێکی ناتوندوتیژانە لە ژیانی تایبەتی خۆی و لە پێوەندییە کەسییەکانی و هەروەها لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بگرێتەبەر. پێویستە کولتووری ناتوندوتیژی ئامانجی تەنیا بڵاوکردنەوەی ئەو "بەها"یانە نەبێ کە بناغە بۆ رێزگرتنی مرۆڤ وەك بوونەوەرێك دادەرێژن، بەڵکو ئامانجی بەرجەستەکردنی ئەو بەهایانەیش بێ لە کۆمەڵە دامەزراوەیەکدا کە ئەو رێزگرتنە مسۆگەر بکەن.

برەوپێدانی کولتوورێکی ناتوندوتیژ واتای گەرانە بەدوای رێگاگەلێك بۆ جێبەجێکردنی ناتوندوتیژانەی هەژموونی دەسەڵات authorite لە هەموو هەڵوێستەکانی دەسەڵاتداریدا pouvoir. بەوەیش کولتووری ناتوندوتیژی دەست هەڵدەگرێ لە جیاکاری لەنێوان ژیانی تایبەت و ژیانی سیاسی، بگرە دواجار زەوینە بۆ پێکەوە کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەیەکی تەندروستدا دەرەخسێنێ.

بۆ ئەوەی ناتوندوتیژی گەشە بکات و کاریگەریەکی راستەقینەی لەسەر رێرەی رووداوەکان هەبێ، پێویستی بە کایەیەکی مرۆیی هەیە کە کەشوهەوایەکی فیکری و رۆحی گونجاو بۆ (ناشتن)ی بەدی بێنێ. بەوەیش ئەرکی هەرە گرینگ بریتی دەبێ

له هێنانەکایەی ئەو جۆرە ناوەندە مرۆییە کە هانی کولتووری ناتوندوتیژی دەدا، بەشداریکردنیش لە هێنانەکایەی ئەو ناوەندەدا، ئەرك و بەرپرسیاریەتیی هەمووانە.

*** پەروەردە**

*** منداڵێتی**

*** فەلسەفە**

## جەستە

ئەو مرۆڤەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ، جەستەی هەڵدەبژێرێ بۆ دروستکردنی بەرەیەکی بەرەنگاری دژ بە توندوتیژی. بە کردنی جەستەیشی بە بەربەستێك لەبەردەم توندوتیژیدا دەیەوێ پیشانی بدا کە توندوتیژی سنوورێکی هەیە نابێ تێی بپەڕێنێ. بەوەیش جەستەی پەتی، کە رازی نییە خۆی بداتە پەنای هیچ چەکێك، سەرکێشی بەخۆی دەکا و لە ریزی پێشەوەدا سەنگەر دەگرێ و خۆی —بەهەموو شیانێکی بۆ بەرکەوتن– رووبەڕووی مەترسی و هەڕەشە دەکاتەوە و گژبەریی توندوتیژی و سزا و مەرگ دەکا. هەروەها بە هەموو جەستەی بەرهەڵستی sinsurge (لە فرمانی لاتینی insurgereوە هاتووە بەواتای هەستا)ی ستەم دەکا و هەڵوێستێك لە گۆڕەپانە گشتیەکەدا وەردەگرێ، تا بەبەرچاوی هەموانەوە شایەتی بۆ بەرژەوەندیی دادپەروەری بدا. ئەو کەسەی جەستەی پەتیی خۆی، بەو لاوازییە، پێشکێش دەکا، هیچ پاساوێك ناداتە دەست دژبەرانی بۆ کوشتنی، لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا مەترسی لەئارادایە و کوشتنیش بەردەوام ئەگەرێکی کراوەیە.

پێویستە نەك تەنیا ئەقڵ، بگرە جەستەیش مکوڕ بێ لەسەر ناتوندوتیژی، مرۆڤ بوونەوەرێکی بەرجەستەیە، جەستەییە و بەدەست ترسان لەبەردەم مەترسیەکانی کاردا دەناڵێنێ. ترس شتێکی جەستەییە، بۆ زاڵبوون بەسەریشیدا دەبێ مرۆڤ جەستەی "رام" بکا. ئەو رێگە و تەکنیکانەی یارمەتیی تاك دەدەن باشتر جەستەی بناسێ و زیاتر کۆنترۆڵی بکا، بۆ بەردەوامبوونی لەسەر رێگەی ناتوندوتیژی بەکەڵکن. ئەگەر جەستە زێدەڕۆیی لە منجڕیدا بکا و ئەگەر ترس پەکی بخا بەشێوەیەك جڵەو نەکرێ، بۆ ئەقڵ ئاستەم دەبێ ناچاری ژێربوونی بکا، بۆیە دەبێ مرۆڤ جەستەی ئامادە و رێك بکا و رای بهێنێ لەسەر جڵەوکردنی وروژان و ترسەکانی.

ویستی ناتوندوتیژی ناتوانێ زاتی خۆی بسەلمێنێ بەبێ یەکەتیی کەسایەتی. مرۆڤ سەر و دڵ و سکی هەیە: ئەو لە هەمان کاتدا بوونەوەرێکە ئەقڵ و وروژان و غەریزە بەڕێوەی دەبەن، ئەم سێ سیفەتە جیاوازن و دەکرێ دژ بەیەکیش بن، بەڵام دەشکرێ بسازێن و بەیەکەوە هەڵبکەن. دەبێ ئەو بیردۆزانە پوچ بکرێنەوە کە دژیەکی لەنێوان جەستە و گیاندا دروست دەکەن وەك ئەوەی جەستە تووشی هاوکۆلکەیەکی نەرێنی بووبێ و دژ بە خواستەکانی گیان بێ. دوالیزمەیەکی لەم شێوەیە بوونی نییە، چونکە دۆخی جەستەیی مرۆڤ —واتە جەستەبوونەکەی– کەوتن نییە، چونکە هەر ئەوە دەرفەت دەداتە مرۆڤ تا بژی و کارلێك بکا و خۆش بوێ و بیر بکاتەوە و کار بکا. هۆشیاریی ئەخلاقیش ریشەی خۆی لەنێو هەست و دەرك کردنەکانی جەستەدا داکوتاوە.

هیچ هزرێك لە دەربڕینە جەستەییەکەی دانابڕێ، چونکە هزری خودە بەرجەستەکە لە جەستەدا ریشەی داکوتاوە. خود لەنێو کار و لەڕێی کارکردنەوە لەگەڵ ئەزموونی جەستەییی ناتوندوتیژیدا دەژی، چونکە لە کارکردندا مرۆڤی جەستەیی دەتوانێ بیر لە ناتوندوتیژی بکاتەوە، هەروەها ناکرێ هزرێکی روون و ورد لەبارەی ناتوندوتیژییەوە گەڵاڵە ببێ، بەبێ ئەوەی ناتوندوتیژی لە ئەزموونێکی جەستەیی کارکردندا ریشە دابکوتێ.

فەلسەفە هەمیشە بیرکردنەوەیە re-flexion. واتە گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ خود، بۆ ئەزموونی تایبەتی خۆی، بۆ کارەکەی. چۆن دەکرێ فەیلەسوف هزرێکی عەقڵانی لە ناتوندوتیژیدا پەرە پێبدا ئەگەر ئەزموونێکی جەستەیی لە کاری ناتوندوتیژیانەدا نەبێ؟ پێویستە بە جەستەی خۆی ئەگەری کارکردنی جەستەیی چەشتبێ و تاقی کردبێتەوە —کە مەرج نییە ئەوەیش واتای سەرکەوتنی ئەو کارە بەهەمیشەیی بگەیەنێ– تا بگاتە وێنایەکی روون لەبارەی فەلسەفەی ناتوندوتیژی. تاقیکردنەوەی توندوتیژی بەس نییە بۆ تێگەیشتن لە ناتوندوتیژی، بگرە پێویستە ناتوندوتیژیش تاقی بکرێتەوە، واتە کاری ناتوندوتیژانە. لە دەرەنجامدا ناتوندوتیژی وێنا ناکرێ ئەگەر بێتو لەگەڵی نەژیت. بەهەمان شێوە فەلسەفەی ناتوندوتیژیش بەبێ تاقیکردنەوەی کاری ناتوندوتیژانە ئەقڵ نایبڕێ. ئەگەر مرۆڤ بەردەوام لە دەرەوەی کاری ناتوندوتیژانەدا بمێنێتەوە ئەوا

تەنیا سنوورەکانی ئەو کارە دەبینێ. تەنیا خاڵە لاوازەکانی دەبینێ و ناتوانێ لە دینامییەتە ناوەکییەکەی تێبگا، کە هێزی پێدەبەخشێ.

*** دابەشکردنی رۆڵ**

## لادان

لادان دابڕانێك لە پێوەندیی كۆمەڵایەتیدا دروست دەكا، بەڵام بەزۆری ئەو لادانە خۆی پێشوەخت بەرەنجامی ئەو دابڕانەیە. لەو ساتەی تاك –بەتایبەت لاو– چوارچێوەیەك نادۆزێتەوە كە كەسایەتیی خۆی تێدا دابڕێژێ و واتایەك بە ژیانی ببەخشێ، دەكەوێتە دۆخی دابڕانێكی كۆمەڵایەتی. خۆ ئەگەر وا رێك كەوت لە قوتابخانەیش سەركەوتوو نەبوو، ئەوا ئەگەری زۆر هەیە دووچاری سستی لە كاركردندا ببێ و لە هاووڵاتیبوونێكی راستەقینە بێوەری دەبێ. ئەوە گێژاوە و تاك لە داهاتوودا بەدەست قەیرانی ناسنامەوە دەناڵێنێ.

رەنگە بەلای ئەو تاكەی كۆمەڵگە هەموو ئامرازەكانی تری دەربڕینی لێ گرتووەتەوە، توندوتیژی دوایین ئامرازی دەربڕین بێ، پێدەچێ توندوتیژی دواین پەناگەی ئەو كەسە بێ كە لە هەر بەشداریكردنێك لە ژیانی كۆمەڵەكەی دوور دەخرێتەوە. دەشێ توندوتیژی وەك وەڵامێك بێ بۆ بێزاری كە لەوانەیە تروسكاییەك بە وەڕسیی ژیانی رۆژانە ببەخشێ و ئەو دەقگرتنەی كاتە بەتاڵ و بێچێژەكانی رۆژگار بشكێنێ. لێرەدا توندوتیژی داوایەكە بۆ دانپێدانان، لە ئیرادەی ژیان "من توندوتیژم كەواتە من هەم". بەڵام توندوتیژی لە زۆربەی كاتەكاندا دەمامكێكە، كە بوونەوەرێكی سەرگەردان و ئازارچێژ و بێئومێدی حەشار داوە. ئەو كەسەی هەموو پێوەندییەكانی لەگەڵ كۆمەڵگە پچڕاوە هیچ توانایەكی بۆ پێوەندی بەستن لەگەڵ ئەوانی تر نەماوە، مەگەر لەگەڵ ئەوانەی وەك ئەو گرفتاری هەمان دۆخی نالەبارن و پێكەوە "دەستەیەك" لە پەراوێزی كۆمەڵگەدا پێك دێنن و وای دەبینن تەنیا هۆیەك لەئارادا نییە وایان لێ بكا رێزی یاساكانی كۆمەڵگەیەك بگرن كە رێزی مافەكانیان ناگرێ. سەرچڵی ئاكامی بێوەریبوونە لە هاووڵاتیبوون.

بە ئەندازەی ئەوەیش كۆمەڵگە توندوتیژی حەرام بكا دەرفەتی باشتر بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانان دەڕەخسێنێ، بەوەیش دەبێتە هێما بۆ بەزاندنی سیستمێكی كۆمەڵایەتی كە شایانی رێزگرتن نییە. ئەنجامدەرانی توندوتیژی هەوڵ دەدەن ئەو بەزاندنە دەربخەن و زەقی بكەنەوە. پێدەچێ بەلای ئەو كەسەی كۆمەڵگە بەهیچ شێوەیەك دانی پێدا نانێ پێشێلكردنی یاسا باشترین ئامراز بێ بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانان. زیاد لەوەیش توندوتیژیی پێشێلكردن، بە تێكشكاندنی سیمبوڵەكانی كۆمەڵگەیەكی ستەمكار و ماكەكانی رێژیمێكی ستەمكار بە تەختی دیواردا دەدا، تامێكی پیس و چێژێكی راستەقینە دەستەبەر دەكا. لە ئەنجامی ئەوەیشدا توندوتیژی كەیفخۆشیەك بەوانە دەبەخشێ كە هەست بە بێئومێدی و سەركزی دەكەن بەهۆی ئەوەی پەراوێز خراون. توندوتیژی لە روانگەی ئەوانەوە هەوڵدانێكی بێئومێدانەیە بۆ گێڕانەوەی دەسەڵات بەسەر ژیانی خۆیاندا. ئاخۆ ئەمە رێگەیەكی سووك و خراپ و خوار و خێچ نییە بۆ گەیشتن بە شێوەیەك لە شێوەكانی باڵادەستی؟ هەموو هەوڵێكیش بۆ "چاككردنی رەوشت" چارەنووسی شكست دەبێ.

پێویستە ئەم جۆرە توندوتیژییە بە ئاڵۆسكاندن provocation، بە "بانگەواز" دابنرێ بەپێی واتای داتاشراوی ئەم وشەیە. توندوتیژی ریشەی لەنێو مەینەتیدایە و دەیەوێ ببێتە بانگەوازی فریاكەوتن. توندوتیژی دەیەوێ قسەیەك بێ، بەڵام لانی كەم هاوارێكە. لەبەرئەوە پێویستە لەبری سەركۆنەكردنی، گوێ لەو توندوتیژییە بگیرێ و پێویستە لەسەرمان بەدەم ئەو بانگەوازەوە بچین، چونكە ئەو توندوتیژییە لە دەرەنجامدا بریتییە لە ئارەزووی پێوەندی بەستن، لە پێویستی بۆ دیالۆگ، ئەوانەی پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن بەو كارە پشت دەكەنە ئەو كۆمەڵگەیەی پشتی تێكردوون، بۆیە پێویستە كۆمەڵگە گوێ لە بانگەكەیان بگرێ.

بەڵام كۆششكردن بۆ تێگەیشتن لە توندوتیژی واتای ئەوە نییە ئاسانكاری لەگەڵ ببێژ و بكەرانیدا بكرێ، بەپێچەوانەوە، تێگەیشتن لە توندوتیژی واتای رێ لێگرتنیشی دەگەیەنێ. ئەو توندوتیژییە دەری دەخا كە ئەوانەی ئالوودەی بوون كۆت و بەندیان نایەتە رێ و لە هەمان كاتدا داوا دەكەن كۆت و بەندیان لەسەر بێتە سەپاندن. منداڵ و هەرزەكار پێویستیان بەوەیە لوتیان بەو سنوورانەدا هەڵتەقێ كە دەسەڵاتی پێگەیشتووەكان دایاندەنێن، بەشێوەیەك ئەو سنوورانە ببنە مەشخەڵی رێ كە

ئارامییان پێدەبەخشێ و پێویستییەکی زیندووی ئەوانە و یارمەتییان دەدا کەسایەتیی خۆیان دروست بکەن. نەبوونی کۆت و بەند لە نەهامەتیدا نغرۆیان دەکا، ئەوەیش بە نۆرەی خۆی توندوتیژی بەرهەم دێنێ. کەواتە پێویستە لەڕێی هەوڵدان بۆ دروستکردنەوەی پێوەندی بەرپەرچی توندوتیژی بدرێتەوە. خراپترین شت ئەگەر رووبدا ئەوەیە ئەو توندوتیژییە بە توندوتیژییەکی تر وەڵام بدرێتەوە. ئەوەیش داننانێکی زەقە بە دەستەپاچەیی کۆمەڵگەدا.

کەواتە پێویستە بەرپەرچدانەوەی توندوتیژی لەڕێی خستنەگەڕی ستراتیجیەتێکی ناتوندوتیژانەوە بێ بەمەبەستی دۆزینەوەی شوێنگەلێك کە بەیەکگەیشتن تێیاندا بەردەست بێ، رووبەرگەلێکی ناوەند تێیدا میانگیران بتوانن دوورخراوەکان و کۆمەڵگە پێکەوە کۆ بکەنەوە. ئەوکاتە دەکرێ بەرگری لە سەپاندنی یاسا بکرێ. تەنیا ئەو کاتەی پێگەیشتووان هەڵوێستێکی ناتوندوتیژانەیان هەبێ دەتوانن سەرلەنوێ باس لە حەرامکردنی توندوتیژی بکەن. بەڵام پێویست نییە هەموو کات ناچارکردن قەدەغە بکرێ، چونکە هەندێ کات پێویستە لەو رووەوە رێکارێکی یەدەگە کە لەوانەیە بەشێوەیەکی کاتیی رێگە لە روودانی "خراپتر" بگرێ، ئەگەرچی چارەسەری کێشە بەرچاوخراوەکەی تێدا نییە.

لەم روانگەوە بۆمان نییە نکولی لە پێویستیی بوونی پۆلیس و دادپەروەری بکەین کە ئاسایشی قوربانییانی کارەکانی لادان مسۆگەر بکەن، بەڵام نابێ ئەوانە ئامرازی سەرکوتکردن بن هێندەی ئەوەی پێویستە دوو دامەزراوەی میانگیر بن.

ئەگەر توندوتیژی دەربڕینی قسەیەك بێ کە نەتوانراوە بگوترێ، ئەوا کەسی توندوتیژ کاتێ دەتوانێ توندوتیژییەکەی بڵێ، باشتر دەتوانێ بەسەر توندوتیژییەکەیدا زاڵ بێ و بیگۆڕێ، چونکە قسەکردن مرۆڤ لە توندوتیژی ئازاد دەکا. دەبێ ئامانجی میانگیریکردن رەخساندنی دەرفەت بێ بۆ پەراوێزخراوان و لاداوان تا لەڕێی قسەکردنەوە جڵەوی ژیانیان بگرنەوە دەست. قسە تایبەتمەندییەکی کاریگەری هەیە، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ لە وشەدا دابڕێژێ، کردنی نائومێدی و حەز و مەترسی و تووڕەبوونەکانی بە قسە، واتای ئەوەیە مەودا (مسافە)یەك وەربگرێ کە رامکردنی واقیع لەڕێی بیرکردنەوەوە ئاسان بکا.

*** میانگیری**
*** گرتووخانە**
*** پۆلیس**
*** دادپەروەری**

# خۆشەویستی

خۆشەویستی رووی جۆراوجۆر پیشان دەدا و وشەی "خۆشەویستی" دەکرێ لە جێبەندی جیاوازدا بە واتای جۆراوجۆر لێی تێبگەین، بەمەیش ئەو واتایەی دەیدا ناڕۆشن دەبێ، چونکە خۆشەویستی لە هەمان کاتدا "خۆشەویستیی بردن"، "خۆشەویستیی وەرگرتن"، "خۆشەویستیی موڵکداری" و "خۆشەویستیی بەخشین" دەگەیەنێ. دژیەکییەکی راستەقینە هەیە لەنێوان خۆشەویستیی چاکەکردن و خۆشەویستیی حەزلێکردندا. خۆشەویستی دەکرێ دەربڕی بەرژەوەندی و هەروەها دەربڕی کەمتەمایی (زوهد)یش بێ. بۆیە پێویستە لە روونکردنەوەی واتای خۆشەویستی بەردەوام بین تا بەسەر لێڵی و گومانەکانیدا زاڵ بین.

دەکرێ خۆشەویستی واتای هەڵبژاردنی دووسەرەی نێوان دوو بوونەوەر بێ، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان یەکێکی سێیەم دوور دەخاتەوە. بەڵام خۆشەویستی واتای خۆشویستنی کەسی نێزیکیشە، لەوکاتەدا ئیتر هەڵبژاردن نابێ، لەبەرئەوەی "نێزیکەکەم" هەموو کەسێکە لێم نێزیك بێتەوە لەکاتێکدا من نایناسم و تەنانەت چاوەڕوانیشم نەکردووە. خۆشەویستی خوازیاری خۆشویستنی تەنانەت ئەو کەسەیشە کە خۆی لەخۆیدا خۆشەویست نییە.

زۆر دەقی بۆماوەی رۆحی فێرمان دەکەن کە خۆشویستنی مرۆڤ بۆ برا مرۆڤەکەی گەورەترین چاکە و کرۆکی داناییە. لە نموونە باڵاکانیشدا خۆشەویستی وەك بەهێزترین دەروشانەوەی چاکی و سۆز و میهرەبانی رێزی لێدەگیرێ. بەداخەوە کە ئەم فێرکردنەی خۆشەویستی، کە بەزۆری دیلی رەوانبێژیی فەقیهەکان و ئەهلی فتوا بووە، نەیتوانیوە مرۆڤ بگرێتەوە لەوەی بە ویژدانی ئاسوودەوە بە توندوتیژی رازی بێ و ملکەچی دەسەڵاتی بێ. ئەوە نییە لە زۆر هەلومەرجدا، لە شکۆدان بە پرسێکدا کە بەرگی پیرۆزی وەبەردا کراوە، خۆشەویستی بە توندوتیژییەوە بەستراوەتەوە؟. چەندان جار بەناوی خۆشەویستییەوە ستایشی توندوتیژی کراوە! بەو شێوەیە "خۆشەویستیی نیشتمان" کە کراوە بە هاووتای "خۆشەویستیی ئازادی"، رقبوون لە دوژمنی لێ کەوتووەتەوە و بەوەیش بووە بە خۆشەویستییەکی کوشندە. هەروەها خۆشەویستیی ئاین بڕواادارانی لە "جیهاد"دا چەکدار کردووە دژ بە بێبڕوا یاخۆ زندیقەکان و بەوە خۆی کردووەتە "تاوانبار".

کاتێ مرۆڤێك رووبەڕووی مرۆڤێکی تر دەوەستێ، یەکەمین کاردانەوەی خۆشەویستی نابێ. خۆشەویستی سەرکەوتنێکی لەسەرخۆ و پشوودرێژ و زرنگانەی مرۆڤە بەسەر خۆی و حەزکردنی لە توندوتیژی و بەسەر پاڵنەرە بەراییەکانیدا، کە هانی دەدەن بۆ دەستگرتن بەسەر ئەوی تر و سەپاندنی خواستەکانی منێکی سەرسەخت بەسەریدا، چ بەزۆر بێ یان بە فێڵ، ئەویش لە گەڕانێکی بەردەوام بەدوای دەسەڵاتدا. ئەوە سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی مێژووییە و ئەمڕۆ بووەتە یەکێك لە پێکهێنەرەکانی مرۆڤایەتیی مرۆڤ، بەڵام سەرکەوتنێکی زۆر فشۆڵە و هەردەم لەبەردەم ئەگەری هەرەسدایە. ئەوە سەرکەوتنێکە کە دەبێ بەبەردەوامی لەسەر هەردوو ئاستی تاك و کۆمەڵ سەربخرێ.

لەبەرئەوەی چاکی باشترین دەربڕینی خۆشەویستییە، ئەوا دژیەکییەکی زەق لەنێوان خۆشەویستی و توندوتیژیدا هەیە. یەکەمین ئەرکی خۆشەویستی بریتییە لە نەنواندنی هیچ توندوتیژییەك بەرامبەر بە نێزیکەکانت، خۆشەویستی تکا لە مرۆڤ دەکا شمشێرەکەی بخاتەوە کێلان و چەکەکەی فڕێ بدا– هیچ شتێکیش لەمە کەمتر سرووشتی نییە!

کاتێ مرۆڤ لەگەڵ ئارەزووی توندوتیژی دژ بە مرۆڤەکەی تر دەرگیر دەبێ، قەدەغەیەك خۆی پیشانی ویژدانی دەدا و پێی دەڵێ "مەکوژە". ئەم قەدەغەکردنە بە شکاندنی کۆت و زنجیری توندوتیژی، دەرگا بۆ خۆشەویستی دەکاتەوە و دەرفەت بە ئەگەری خۆشەویستی دەدا. ئەوە ساتێکی یەکلاکەرەوەیە کە تێیدا مرۆڤ قایل دەبێ بەوەی دەست لە دڕندەیی دوێنێ هەڵبگرێ تا بتوانێ "سبەی" بە خۆشەویستی بژی.

جەدەلیەتێك لەنێوان قەدەغەکردن —کە ڕەها و یەکەمییە— و خۆشەویستیدا —کە ئەزەلی و ئەبەدییە— هەیە.
بەقەدەغەکردنی توندوتیژی و کوشتنیش، ئەرکی "مەکوژە" دەبێتە چەسپاندنی خۆشەویستی. لەڕێی قەدەغەکردنەوە مرۆڤ دەرك بە ئەرکەکانی خۆشەویستی دەکا، چونکە قەدەغەکردن خۆشەویستی ئاشکرا دەکا. خۆشەویستیش قەدەغەکردن ڕووناك دەکاتەوە و واتایەکی پێ دەبەخشێ. خۆشەویستی هانی مرۆڤ دەدا تا خۆپەرستییەکەی بەجێ بێڵێ، تا بیهێنێتە نێو میهرەبانی و کردنەوەی دەرگای بڵندبوونەوە لە بەردەمیدا.
هەروەها ناتوندوتیژیش کە خۆگرتنەوە و نەکردنە، وەك یەکەم ئەرکی خۆشەویستی دەردەکەوێ کە بریتییە لە ئەنجامنەدانی توندوتیژی! بەدڵنیاییەوە ناتوندوتیژی ئەگەر لە شێوە نەرێنییەکەیدا سەیر بکرێ، هەموو ئەرکەکانی خۆشەویستی جێبەجێ ناکا، بەڵام لانی کەم دەرفەت بۆ بەدیهێنانی خۆشەویستی ساز دەکا.
ناتوندوتیژی، لە واتا حەرفیەکەیدا، تەنیا لای خوار داوا دەکا، ئەو لای خوارە بەس نییە، بەڵام پێویستە، چونکە ئەزموون فێرمان دەکا خەڵك زۆربەی کات ئازار دەچێژن و دەمرن تەنیا لەبەرئەوەی ئەو "لای خوار"ەیان پێ نەبەخشراوە کە مافی خۆیانە. ئەو "لای خوار"ە، بە واتای حەرفیی وشەکە، سنوورێکی زیندووە و نەبوونی، بکوژە. ڕەتکردنەوەی توندوتیژی مەرجی خۆشەویستییە، بەڵام مەرجێکی حاشاهەڵنەگرە. مەرجی ناتوندوتیژی هیچ نییە جگە لە مەرجی نەرێنیی خۆشەویستی، مەرجی هەڵبژاردەیی نەرێنی en creuxی خۆشەویستی، بەڵام مەرجی یەکەمیەتی.
خۆشەویستی ئامانجی جیهانیبوونە لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی هەموو مرۆڤدا، با دوورترین و بێگانەترین بن یان تەنانەت دوژمنیش بن. ئەم ئامانجە جیهانییە حاڵەتی کێشمەکێش و ململانە و کوشتاریش هەڵنابوێرێ. ئێمە بەناوی خۆشەویستییەوە بانگهێشت کراوین تا لە تەنیشت قوربانییانی ستەم بوەستین و چالاکانە بەرەنگاریی ئەوانە بکەین کە لەو ستەمە بەرپرسن.
ناتوندوتیژی سەرکۆنەی خۆشەویستیی سارد و سڕ دەکا کە —بەناوی جیهانیبوونەوە universalism— خۆی لە کێشەکان دەدزێتەوە و کار ناکا و لە ململانەکە هەڵدێ، خۆی لە مێژوو لادەدا و خۆی لە خەیاڵبازیدا سڕ دەکا.
خۆشەویستی ئەگەر خۆی لە سەرکێشیکردن لە کاردا دوور بگرێ، ئەوا توندوتیژی سڵ ناکا لە خۆخزاندنە نێو کێشەکە و گەنادنی لە ڕێڕەوی مەرگدا. لە بەرامبەر ستەمدا، خۆشەویستی دەچێتە نێو کێشەکە و دەیوروژێنێ و بە دینامیەتی خۆی وزەی پێدەبەخشێ بەشێوەیەك سەربکێشێ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆی.
ڕەنگە ڕەوانبێژییەکی ڕۆحانی کەڵکەڵەی قسەکردن لەسەر "هێزی خۆشەویستی" و بگرە تەنانەت لەسەر "هێزی ڕەهای خۆشەویستی" دنەی بدا، بەڵام ئاخۆ قسەکردن بەم شێوەیە پەنابردن نییە بۆ خوازەگەلێکی مەجازی کە لەوانەیە دەربکەوێ فریودەرە؟ ئاخۆ یەکێك لە تایبەتمەندییە جەوهەریەکانی خۆشەویستی ئەوە نییە هیچ هێزێکی سەپێنەری نییە؟ لە بەرامبەر خۆسەپاندن و توندوتیژیدا، خۆ یەکلاکردنەوە و بێتوانایی و لاوازییەکی ریشەیی لە خۆشەویستیدا هەیە. ئەمە بۆ (حەقیقەت)یش ڕاستە. مرۆڤ قەت ناتوانێ خراپە هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام کەرامەتی بەندە بەوەی یەکبین لەدژی کار بکا و لەڕێی ئەو کارەوە واتایەك بە ژیانی خۆی ببەخشێ.
بەڵام هێشتا دەمێنێتەوە سرووتی مەرگەساتئامێزی بوون، شێتیی مێژووی مرۆڤ، چۆن بتوانین بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بە نەهامەتیی مرۆڤی بێتاوان بێنین؟ لە بەرامبەر ستەمدا خۆشەویستی دنەمان دەدا تا قۆڵی کارکردن هەڵماڵین و پشتی قوربانیەکان بگرین کە ڕەوا نییە ژیانیان لەو واتایەی ئومێد دەبەخشێ بێبەش بکرێ.
ستراتیجیەتی ناتوندوتیژی ئەو تەکنیکەیە کە لەبەردەستی هەموواندایە و بریتییە لە داهێنان و بەکارهێنانی هەندێ ئامرازی کارکردن کە گەرەنتیی ئەوە دەکەن لەمڕۆ بەدواوە بەشداریی خراپە نەکەین و لە بەهای خۆشەویستی کەم نەکەینەوە، هەروەها دەرفەت ساز بکەن بۆ بەرتەسککردنەوەی خراپە و توندوتیژی.

راست نییە دەسەڵاتی خۆشەویستی لە هەموو دەسەڵاتێکی تر گەورەترە. هێزی ڕەهای خۆشەویستی لەوەدا نییە بتوانێ خراپە و توندوتیژی ببەزێنێ، بگرە لە بێتوانایی خراپە و توندوتیژیدایە بۆ بەزاندنی خۆشەویستی. هەر بۆیە ئومێد بەردەوامە.

*** چاکی**

*** ناتوندوتیژی**

# جەنگ

زۆرجار ڕێز و شکۆ بە جەنگ دراوە وەك داستانێکی قارەمانانە کە پیاوان لەو کاتەدا شانازی بە باڵاترین سیفەتی چاکەوە دەکەن– هەمان ئەو چاکانەی ناتوانن لەکاتی ئاشتیدا دەریان بخەن. لێرەوەیە بە باڵای ئازایەتی و لێبڕانی ئەوانەدا وتراوە کە ماڵەکانیان بەجێ دێڵن و ئامادەن تا رادەی سەرکێشیکردن بە ژیانیان لەپێناو بەرگریکردن لە نیشتمانەکەیان، قوربانی بە بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان دەدەن. لافی ئەوە لێ دەدەن کە جەنگ خۆپەرستیی تاکەکان کە لە سەردەمی ئاشتیدا باوە، دەگۆڕێ بۆ قارەمانێتیی سەربازەکان. بەوەیش جەنگ دەبێتە ڕووداوێکی ڕۆحی تێیدا گەلانی مەزن چارەنووسی خۆیان دروست دەکەن.

لەڕاستیدا، دۆخی جەنگ بنەماکانی رەفتاری کۆمەڵایەتیی دروستی مرۆڤ بەشێوەیەکی ریشەیی سەرەونگون دەکا: لە جەنگدا فەریزەی ویژدانی ژیری هەمەگیر و بێ مەرج و نەمر "مەکوژە" –ئەم ئەرکە بنچینەییەی فەلسەفە کە بناغەی ژیان لە کۆمەڵگەدا دادەڕێژێ– نەك تەنیا هەڵواسراوە و کاری پێ ناکرێ، بگرە تانەلێدراو و سەرزەنشتکراو و هەڵوەشاوە و ریسواکراوە. هەر کە جەنگ بەرپا بوو ئیتر جاڕ بۆ پیاوان دەدرێ کە گوێرایەڵیی راسپاردەیەك بن کە فەرمان دەکا "بکوژە". قوڕ بەسەر ئەو کەسەی گوێڕایەڵ نابێ!، هەمیشە پێش جەنگ ماکینەی پروپاگەندە دەکەوێتە کار کە هانی کوشتن و بەزۆریش رقبوونەوە لە دوژمن دەدا، ئەم پروپاگەندەیەش هەڵگری ئایدیۆلۆجیای توندوتیژییە کە رەوایی بۆ کوشتن دەتاشێ و ڕێزی پێ دەبەخشێ. جەنگ ریسواییە نەك لەبەر ئەو زەلیلکردنەی بەسەر نووچخواردووەکانیدا دێنێ، بگرە لەبەر ئەو شکۆمەندییەیش کە بە سەرکەوتووەکانی دەبەخشێ. رەنگە ئەم شکۆمەندییەی لەڕێی کوشتنەوە بەدەست دێ، گەورەترین شکستی مرۆڤ بێ.

هەموو شتێك بە مەزنکردنی سەنگینیی پرسێك دەست پێدەکا و بە قبووڵکردنی بێنرخترین کاری توندوتیژی کۆتای دێ. بەباڵای قوربانیدانی ئەوانەدا دەوترێ کە مردن قبووڵ دەکەن، بەڵام هەر خودی ئەوانە جگە لە ئەرکی "کوشتن" هیچ شتێکیان دەست نەکەوتووە. "لۆجیك"ی جەنگ هەمووی بەوردی بریتییە لە کوشتن بۆ خۆپاراستن لە مردن. لەبەرئەوەی خەڵك هەڵپەی ژیان دایاندەگرێ، هەربۆیە بێپەروا دەکوژن. لە کۆتای زنجیرەی فەرمان و گوێڕایەڵیەکاندا، سەربازە جۆشدراوەکان کارە جەنگییە بێنرخەکان –کە تەنانەت ئەو "بەها شارستانی"یانەیش رەت دەکەنەوە کە گوایە بڕیارە پێڕەوییان لێ بکەن– جێبەجێ دەکەن. لە چمکی کۆتایی زنجیرەکەدا جێبەجێکارەکە هیچ نییە جگە لە ئامێرێك کە خزمەتی توندوتیژی دەکا و دەگۆڕێ بۆ ئامێرێك. لە مەستیی توندوتیژیدا هیچی لا نییە جگە لە رقبوونەوە لە تەواوی ئەو بەهایانەی مرۆڤی "ژیر" پەسەندیان دەکا، تا پاساو بداتە جەنگەکە. ئیتر لەوکاتەدا هەموو شتێك بەشداری لە بێوەریکردنی مرۆڤ لە مرۆڤایەتیەکەی دەکا.

جەنگ ئەو مرۆڤەی خۆی لەنێو چرنوکەکانیدا دەبینێ دەکاتە ئامرازێك. ئەو گۆڕین بۆ ئامێرەیش داڕنینی سیفەتی مرۆڤایەتییە. دەزانی چەند لە سەربازان هەرگیز لە ئارەزووی کوشتن پاك نەبوونەوە ئەگەرچی لەکاتی جەنگدا فەرمانیشیان پێ کرابوو؟. لەکاتێکدا گوتارە نیشتمانیەکان دەیانەوێ بیانکەنە قارەمان، بەڵام ئاخۆ چەند لەوان خۆی بە تاوانبار زانیوە؟ چەندیان کارە توندوتیژانەکانیان تاساندوونی تا رادەی لەدەستدانی هۆشی خۆیان؟ چەند لەوان مردنیان پێ باشتر بووە لەوەی پاش ئەو داڕوخانەیان بژین؟

کلاوزفیتز دەڵێ "جەنگ تەنیا درێژکراوەی سیاسەتە بە ئامرازی تر"، مەبەستی ئەو جەنەراڵە پرووسییە لەو جەختکردنەوەیەی ئەوە نییە، وەك هەندێ جار بڵاو کراوەتەوە، کە سیاسەت لە بنەڕەتدا جەنگە، بگرە مەبەستی ئەوە بووە پێویستە جەنگیش کارێکی سیاسی بێ، چونکە جەنگ ئامرازێکە خزمەتی ئامانجێکی سیاسی دەکا، بۆیە دەبێ ئەم ئامانجە تاکە پێوەر بێ کە سەرکردایەتیی جەنگەکە بکا.

ئامرازە سیاسییە تەندروستەکان کە لە کاتی ئاشتیدا بەکار دێن، ئامرازەیلی دیبلۆماسین، واتە ئامزارگەلی ئاشتییانەن کە لەسەر وتووێژ و دانوستاندن دامەزراون. لە دۆخی تەندروستدا، واتە بەپێی ئەو پێوەرەی راستی دیاری دەکا، ئامانج و ئامرازەکانی سیاسەت وەك یەك، پەنابردن بۆ توندوتیژی بەدوور دەزانن. لەڕاستیشدا پەنابردن بۆ توندوتیژی جگە لە شکستی سیاسەت –کە تەواوی پرۆژەکەی کار لەسەر دروستکردن و پاراستنی سیستمێك دەکا لەنێو شار و دەرەوەی شوورەکانی شاریش، کە هیچ پێوەندییەکی بە توندوتیژییەوە نییە– هیچی تر نییە. سیاسەت و جەنگ دوو جەمشەی دژ بەیەکن، واتە یاساکانی جەنگ دژ بە یاساکانی سیاسەتن. جەنگ درێژکراوەی سیاسەت نییە، بگرە پچڕاندنی سیاسەتە. هەر کە تەپڵی جەنگ لێی دا ئیتر سیاسەت گۆڕەپانەکە بۆ توندوتیژی چۆڵ دەکا و ئەویش تا ئەوکاتەی شەڕ بەدەوام دەبێ داگیری دەکا. لە باشترین حاڵەتدا سیاسەت مافەکانی خۆی وەرناگرێتەوە مەگەر لەکاتی ئاگربەستدا نەبێ، کاتێ تفەنگەکان بێدەنگ دەبن و دژبەرەکان لەسەر هەمان مێزی دانوستاندن بۆ قسەکردن کۆ دەبنەوە.

ئەمڕۆیش، تا دێ زیاتر و زیاتر ئەوە دەچەسپێ کە بەزۆری ئەوانەی دەکەونە جەنگەوە دەوڵەتان نین، بەڵکو کۆمەڵ و تایفەن کە پێوەندییان بە دەوڵەتانەوە نییە. لە زۆربەی ئەو کێشە ناوخۆییانەی لەم دواییەدا روویان داوە، ئەوە سوپا نیزامیەکان نین کە بەرامبەر یەکتر وەستاون، بگرە باندی چەکدار بوون. ئەو باند و گرووپانەیش زۆربەی جار لەسەر سێرەگرتن لە دانیشتوانی مەدەنی دەژین و هەموو جۆرە هەڕەشە و قاچاخیەك بەکار دێنن، بەوەیش جۆرێکی تری توندوتیژی بۆ توندوتیژیی سەربازیی پەتی، کە لافی ئەوە لێدەدا بە ئامانجێکی سیاسییەوە کار دەکا، زیاد دەبێ کە توندوتیژییەکی تاوانکارانەیە و کەشوهەوای تۆقاندن تەڵختر دەکا.

نغرۆبوونی بزاڤەکانی نێکۆشانی چەکداری لە تاواندا، دۆخی لەدەست دەرچوونی ئاسایش لە تێکڕای ئەو زەوییانەی شانۆی کێشەکانن زیاتر دەکا، لە ئەنجامی ئەمەیشدا جەنگ تا دێ زیاتر لە سیاسەت دوور دەکەوێتەوە.

لە واقیعدا، واتە لە جەرگەی کارکردندا، ناتوانرێ بەسەر دژیەکیی نێوان ئامرازە توندوتیژەکانی جەنگ و ئامانجی ئاشتییانەی سیاسەتدا زاڵ بین. بەوەیش ئەگەری ئەوە زیاتر دەبێ ئامرازەکان هۆکانی جەنگەکە بسڕنەوە و دواجاریش ئامانجەکانی ون ببن، نەخاسمە کە شۆڕشی تەکنەلۆجی توانایەکی وێرانکردنی هێندە ترسناکی بە چەکە نوێکان بەخشیوە، بەشێوەیەك بەکارهێنانیان مەترسیی ئەوەی تێدایە ئەو شتە لەنێو ببا کە جەنگ لافی بەرگری لێکردنی لێدەدا!

بەهەرحاڵ، ئەم شیمانەیە گرینگترە لەوەی نەپرسین لە بوونی ئامرازی تری جگە لە ئامرازەکانی جەنگ –ئامرازگەلێك سیاسی واتە ناتوندوتیژ بن–، ئەوەیش بۆ درێژەدان بە سیاسەت کاتێ دیبلۆماسیەت شکست دێنێ لە چارەسەرکردنی کێشەکە. لەم روانگەیەوە، ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە خوازیارە بەدوای "هاوتایەکی وەزیفی" بۆ جەنگ بگەڕێ. بۆ بردنەوەی ئاشتی دەبێ جەنگ لەدەست بدەین، واباوە لەدەستدانی نەریتێکیش، خراپە.

*** قوربانیدان**

*** بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە**

*** سیاسەت**

*** ئازایەتی**

*** ئاشتیکردن**

# حەقیقەت

ئەو مرۆڤەی بەئاشكرا پێداگری لەوە دەكا "خاوەن"ی حەقیقەتە، مرۆڤێكی ترسناكە، چونكە كۆڵ نادا لە هەڵكوتانە سەر گومڕایی و راونانی كافر و زندیق و هەڵگەڕاوەكان. ئەو مرۆڤەی تر كە وەك ئەو بیر ناكاتەوە بێ هیچ دوودڵییەك دوژمنیەتی، سەرلێشێواوە و دەبێ هیدایەت بدرێ، ئەگەر قەناعەتیشی نەكرد پێویستە بەزۆر پێی بكرێ. كاتێ حەقیقەت لە مەعریفەیەكی عەقیدەیی dogmatiqueدا دەبیەستێ، دەبێتە هۆكاری پەرتەوازەیی و كێشمەكێش و وەلاخستن و توندوتیژی. بابای ئایدیۆلۆجیستی سیكیولار و بابای ئسولّیی ئاینیی هەردووك هەمان جەنگی پشكنین دژ بە لاداوان و سەرلێشێواوان و هەڵگەڕاوان و ناپاكان بەرپا دەكەن، هەردووكیان كۆ ناكەن لەوەی بۆ چەسپاندنی حەقیقەت پەنا بۆ توندوتیژی ببەن، بەوەیش حەقیقەت دەبێتە شتێكی نامرۆڤانە و بكوژ: مرۆڤ بەناوی حەقیقەتەوە دەكوژرێ.

ئەوە ئایدیۆلۆجیست و ئسولّین كە سەریان لێ دەشێوێ و لادەدەن، چونكە حەقیقەتی مرۆڤ رێبازێكی عەقائیدی پێكی ناهێنێ كە دەبێتە چەكێك بۆ شەڕكردن لەدژی مرۆڤەكانی تر، بگرە پێش هەموو شت جێی باس و خواس و بەدواداگەڕانە.

حەقیقەت لە داناییەكی كرداریدایە كە پێویستی بە خستنەگەڕی ئەقڵ و ئیرادە هەیە بۆ دروستكردنی پێوەندی لەگەڵ مرۆڤەكانی تردا، لە بازنەی هەمان كێشە و لەسەر بناغەی رێزگرتن و نیازپاكی. ئەم پێوەندییەش هەموو جۆرە نیازخراپی و توندوتیژییەك دوور دەخاتەوە. مرۆڤ لە گەڕانی بەدوای حەقیقەتدا سەری بە زۆر گوماندا هەڵدەتەقێ، بەڵام تەنانەت بەبێ ئەوەیش حەقیقەت بزانێ فێر دەبێ دژ—ی حەقیقەت چییە، پێچەوانەی حەقیقەت بریتییە لە توندوتیژی كە ئەشكەنجەی مرۆڤایەتی دەدا. بەم واتایە ناتوندوتیژی حەقیقەتی مرۆڤ بەرجەستە دەكا. ئەم حەقیقەتەیش كەس بۆی نییە خۆی بكاتە خاوەنی، بگرە هەر كەس تەنیا مافی ئەوەی هەیە هەوڵ بدا لێی نێزیك ببێتەوە.

هەر هێندەی حەقیقەت وەك ئایدیۆلۆجیایەك كە لە دەرەوەی مرڤدایە وێنا كرا و پەی پێ برا، ئیدی ئەو پێوەندییەی تاك لەگەڵ حەقیقەت دەیبەستێ، رێك وەك ئەو پێوەندییەی لێ دێ كە لەگەڵ مەبەستێك دەیبەستێ. لەوكاتەدا دەبێتە خاوەنی وەك ئەو كەسەی شتێك لای خۆی هەڵدەگرێ، خۆی بە خاوەنی حەقیقەت دەژمێرێ و ئەركی بەرگری لێكردنی دەگرێتە ئەستۆ وەك ئەو كەسەی بەرگری لە موڵكێكی خۆی دەكا. هەروەها سڵ ناكاتەوە لەوەی بۆ بەرگریكردن لە حەقیقەت پەنا بۆ توندوتیژی و بگرە كوشتنیش ببا.

حەقیقەت لە دەرەوەی مرۆڤ نییە. بگرە لە پێوەندیی راستەقینەی مرۆڤدایە لەگەڵ مرۆڤەكەی تر، ئیتر ئەو كەسە هەركەس بێ، تەنانەت ئەگەر دوژمنێكییش بێ. ئەم حەقیقەتە لەسەر بناغەی دانانان بە مرۆڤایەتیی هەموو مرۆڤێك و رێزگرتنی دامەزراوە و هەوڵ دەدا لەگەڵ دژبەرەكە نەك بەدژایەتیكردنی، خۆی بسەلمێنێ،. بەمەیش ناتوندوتیژی دەبێتە كودەتایەك لە گەڕان بەدوای راستیدا. لە چوارچێوەی كۆمەڵگەی مرۆڤدا حەقیقەتی ناتوندوتیژی دێتە بەرگەگرتن و ژیان و دروستكردن.

ئەم حەقیقەتە هزر و كارە و لێك دانابڕێن: هزر كاركردن ئاراستە دەكا و كاریش راستیی هزر تاقی دەكاتەوە.

بەپێچەوانەی حەقیقەتێكی ئایدیۆلۆجی كە لە سیستمێك لە هزری پەتیی بەسەر خۆدا داخراودا بەرجەستە دەبێ كە دەستبەسەرە و لافی راڤەكردنی جیهان لێدەدا، ناتوندوتیژی لە جەوهەریدا خواستێكی رۆحییە، ئەرك و ئەزموونێكی رۆحییە، هەر هێندەی حەقیقەت بوو بە فیكرێكی رووت كە مۆركێكی رەهای پێ بدەین، دەكەوینە نێو لۆجیكێكی توندوتیژانە. ئەگەر ئەوەی بانگەشەی ناتوندوتیژی دەكا سازش ناكا، ئەوە لەبەرئەوەیە سازشكردن لەگەڵ توندوتیژیی بكوژ مەحاڵە، ئەگەر ناتوندوتیژی ناتوانێ توندوتیژی قبووڵ بكا، لەبەرئەوەیە لەڕاستیدا توندوتیژی قابیلی بەرگەگرتن نییە. ئاخر چۆن دەكرێ رەوایی بدرێتە پەنابردن بۆ توندوتیژی بۆ بەرگریكردن لە حەقیقەت ئەگەر زانیمان هەموو توندوتیژییەك مرۆڤایەتیی مرۆڤ

بریندار دەكا و ئێشی پێ دەگەیەنێ، مرۆڤایەتیی ئەو كەسەی تالاوی توندووتیژییەكە دەچێژێ و تەنانەت هی ئەوەیش توندوتیژییەكە دەكا؟.

توندوتیژی زۆر واقیعییە، كردارییە، بەرهەست و لە زۆر هەلۆیستدا بابەتییە و لەوانەیە هەندێ جار پێویستیش بێ، بەلاَم لەگەلَ ئەوەیشدا هەرگیز راست نییە، چونكە هەمیشە پێوەندی لەگەلَ ئەوی تر ساختە دەكا، بەوەیش حەقیقەتی ناتوندوتیژی رێگرە: رێگرە لە هەر هەنگاوێكی فیكری كە بیەوێ شەرعیەت بە كوشتنی مرۆڤ و بێتاوانكردنی بكوژ بدا. بەلاَم لەكاتێكدا مرۆڤی ناتوندوتیژ هەر دەستبەردان (تنازل)ێكی ئەقلی لەسەر ئاستی فیكر رەت دەكاتەوە، لەوانەیە لەسەر ئاستی كردار ناچاری هەندێ سازش ببێ. لەم بوارەیشدا خۆی لە هەر یەقینێكی كرداری داڕنیوە، چونكە كردار بانگەشە بۆ ئەوپەڕی لەخۆبوردەیی دەكا.

دەبێ مرۆڤایەتیمان لە حەقیقەت زیاتر خۆش بوێ. ئەمەیش واتای ئەوەیە حەقیقەت بە خۆشەویستیی مرۆڤایەتی دەست پێدەكا. لێرەدا مێژوو شاهێدە —و ئەزموونیش رۆژانە ئەوە دووپات دەكاتەوە— كە حەقیقەت هەر هێندەی رەهایی بەخۆی بدا دەبێتە هەلگری توندوتیژی و لە ناتوندوتیژیدا جێگیر نابێ. ئەگەر حەقیقەت شەرعیەتی توندوتیژی لە ریشەوە دەرنەهێنێ، بەدلنیاییەوە ساتێك دێ توندوتیژی وەك ئامرازێكی رەوا بۆ بەرگریكردن لە حەقیقەت دەردەكەوێ. دانان بە ئەركی ناتوندوتیژیدا دەرفەت بۆ رەتكردنەوەی وەهم بەتەواوی دەڕەخسێنێ، ئەو وەهمەی ئایدیۆلۆجیاكان هەلگرینی كە بەپێویست و دادپەروەرانەی دەزانن بۆ بەرگریكردن لە حەقیقەت پەنا بۆ توندوتیژی ببەن.

پەنابردن بۆ توندوتیژی یەك شت دەگەیەنێ، ئەویش گرتنی شوێنێكە كە حەقیقەت ناتوانێ لەوێ بێ. لافی خزمەتكردنی "حەقیقەت" و بەرگری لێكردنی بە توندوتیژی لێ دەدەین، لەكاتێكدا بەكردەوە "حەقیقەت" خزمەتی توندوتیژی دەكا و بەرگری لێدەكا. لەم هاوپەیمانییە ناقۆلاَیەدا ئەوەی بەهێز دەبێ توندوتیژییە نەك حەقیقەت. هەموو شتێك وا بەڕێوە دەچێ وەك ئەوەی حەقیقەت لە بەرژەوەندیی توندوتیژی حوكم بدا، بەشێوەك توندوتیژی وەك حەقیقەت دێتە پێش چاو. دواجار توندوتیژی سەردەكەوێ و سیستمی خۆی دەسەپێنێ مادەم مرۆڤ لەڕووی فیكرییەوە تێوەگلانی مرۆڤی مسۆگەر كردبێ. بەلاَم لەڕاستیدا توندوتیژی سەرلێشێوانە، سەرلێشێواوی هەموو رێبازێكیش باوەڕی وایە توندوتیژی پاساوی هەیە، واتە توندوتیژی بە مافێكی مرۆڤ دەزانێ. توندوتیژی بەرجەستەبوونەكانی حەقیقەت كە دەكرێ لەنێو مرۆڤەكاندا گەلاَلە ببێ پەك دەخا.

زۆرجار باس لە "هێزی حەقیقەت" دەكرێ. دەبێ واتای ئەم دەستەواژەیە چی بێ؟ توندوتیژی هەمیشە لەپشت درۆوە خۆی حەشار دەدا و پشتی پێ دەبەستێ، چونكە پێویستی بە پروپاگەندەیەك هەیە تا ببێتە پاساو لای ئەوانەی توندوتیژ دەیەوێ بیانخاتە ژێر فەرمانی خۆی. ئەوەی هێز بە توندوتیژ دەبەخشێ گوێڕایەلَیكردنی ئەوانەیە خزمەتی دەكەن بۆ ئەو درۆ و دەلەسانەی هەلَیان دەبەستێ تا لە بەرگێكی جواندا خۆ پیشان بدا و بالاَدەستیی بەسەر زەینی خەلَكدا مسۆگەر بكا. جەوهەری ئایدیۆلۆجیای توندوتیژ درۆیە. یەكەمین هەنگاوی بەرەنگاریكردنیش كە مرۆڤی ئازاد بەرپەرچی پێ بداتەوە بریتییە لە ملنەدان بە درۆ و كۆششكردنە بۆ ژیان لەنێو حەقیقەتدا.

هێزی حەقیقەت لەوەدایە دەتوانێ درۆی توندوتیژی ئاشكرا و ریسوا بكا، بەوەیش پێشوەخت لاوازی دەكا، چونكە خۆدابڕ (منشق) بە زاتكردنی بۆ گوتنی راستی، درزێك دەكاتە تەوقی تۆتالیتارییانەی توندوتیژی. هەرگیز گوتنی "هەق" بێهوودە نابێ. قسەی راست كە بە زاری مرۆڤێكی ئازاددا دێ، لەنێو ویژدانی ئەوانەی لەنێو درۆدا دەژین دەنگ دەداتەوە تەنانەت بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، دووریش نییە ئارەزووی كپبوویان بۆ بردنەسەری ژیانێكی شەرەفمەندانە بێدار بكاتەوە.

بەلاَم حەقیقەت ناتوانێ ئەو كەسە ناچار بكا كە ئەقلی دادەخا و بەر بۆ ئارەزووی توندوتیژیی نێو ناخی خۆش دەكا. هێزی حەقیقەت هێزێكی لەسەرخۆیە و ناتوانێ دەستودەم هێزی دڕندانەی توندوتیژی بوەستێنێ. بۆیە پێویستە لە كێشە و

ململانە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا، حەقیقەت لەڕێی کردارەوە خۆی نمایان بکا، ئەوکاتە حەقیقەت لەڕێی هێزی ڕاستەقینەی کارکردنەوە، واتە هێزی کارکردنی دادپەروەرانەوە —چ لە ئامانجەکانی و چ لە ئامرازەکانیدا— ڕێگەیەك بۆ خۆی دەکاتەوە، چونکە هێزی ناچارکردن تەنیا بەرهەمی کارکردنە و کاریگەریی کارکردنیش مەرجدار و نایەقین و سنووردار و ڕێژەییە. لەگەڵ ئەوەیشدا کاتێ کارایی کاری ناتوندوتیژانە دەگاتە ئەوپەڕی پلەکانی، ئەوە بەو واتایە نییە کە توندوتیژی مافەکانی خۆی بەدەست دێنێتەوە، بگرە هێشتا ئەرکی ناتوندوتیژی وەك حەقیقەت دەمێنێتەوە. توندوتیژی تەنانەت ئەگەر وەك زەرورەتیش بێتە پێش چاو، ئەوە واتای ئەوە نییە شتێکی ڕەوا یاخۆ شەرعییە، زەرورەت یەکسان نییە بە شەرعیەت. فەلسەفە دەوێرێ جەخت لەوە بکا کە ناتوندوتیژی گوزارشتکردنە لە حەقیقەتی مرۆڤ و پێویستە کار لەسەر ڕەهەندی جیهانییانە لە مرۆڤدا بکرێ. مرۆڤ بە بەدیهێنانی ئەرکی ناتوندوتیژی لە ژیانی خۆیدا، مرۆڤایەتیی خۆی وەك بوونەوەرێکی عاقڵی خاوەن ویژدانی ڕۆحانی بەدی دێنێ.

*** ئسولێیەت**

*** ئایدیۆلۆجیا**

*** ڕۆحانیەت**

*** فەلسەفە**

# دیالۆگ

زمانی ئەقڵ تایبەتمەندیی مرۆڤە، مرۆڤ بە دروستکردنی پێوەندییەك لەگەڵ مرۆڤەکەی تر کە لەسەر بناغەی ئاڵوگۆڕی قسە دامەزراوە، کەسایەتیی خۆی دروست دەکا. دیالۆگ ئەو وتووێژەیە لەنێوان دوو کەس یان چەند کەسێکدا دەکرێ لەگەڵ گوێ شلکردن بۆ گوتاری هەریەکەیان و ڕێزگرتنی ئەو گوتارە. لەنێوان ئەو مرۆڤانەی ئەقڵیان هەڵبژاردووە، ئەم دەمەتەقێیە دوور لە هەر توندوتیژییەك بەڕێوە دەچێ. کاتێ ناکۆکیەکیش سەرهەڵدەدا، کێشە دروست دەبێ، بەڵام هەر لەڕێی دیالۆگەوە مرۆڤە ژیر و هۆشمەندەکان هەوڵ دەدەن چارەسەرێکی دروست بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە. کۆمەڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر دیالۆگی دیموکراسیی نێوان سەرجەم هاووڵاتیان دامەزراوە. ئەم "پێکەوە قسەکردنە"یە کە تەلاری شار دروست دەکا.

ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژی لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ کێشە، هەوڵ دەدا هەموو هێزی قسەکردن بخاتە کار. پێداگری دەکا لەسەر بەکارهێنانی تەواوی تواناکانی دیالۆگ لەگەڵ دژبەر، ئەویش لەڕێی بزواندنی ئەقڵی بەمەبەستی قایلکردنی، بگرە تەنانەت بزواندنی ویژدانی بەمەبەستی هیدایەتدانی. جا ئەگەر گفتوگۆی قبووڵ کرد ئەوکاتە دەتوانرێ لەپێناو گەیشتن بە ڕێکەوتنێك کە مافی هەردوولا مسۆگەر بکا، ڕاستەوخۆ دانوستاندنی لەگەڵ بکرێ. ناخۆشبەختانە پەنابردن بۆ دیالۆگ لەگەڵ کەسانێك ئامادە نین مل بۆ هەق کەچ بکەن، بەس نییە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە. بەزۆریش دەردەکەوێ هێزی قسەکردن، وێڕای هەموو شتێك، دەستەپاچەیە لە ئاست ناچارکردنی ئەو دەستڕۆیشتووانەی بەرگری لە سەرمافەکانیان دەکەن، بۆ دەستبەردان. ئەوەی بەگشتی هەڵوێستی ستەم جیا دەکاتەوە، بەوردی بریتییە لە مەحاڵیی دیالۆگ لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا. کاتێکیش دیالۆگ مەحاڵ بێ تێکۆشان دەبێتە شتێکی حەتمی.

لێرەوە، ناکرێ دیالۆگ ئامرازێك بێ بۆ کردنەوەی کێشەکە، بەڵکو تێکۆشان ئامرازی "کردنەوە"ی دیالۆگە. لەکاتێکدا کاری توندوتیژ سەرکێشی دەکا بە زیادکردنی ئاستەمیی دیالۆگەکە، دەشێ کاری ناتوندوتیژی بەدرێژایی ماوەی کێشەکە ئیرادەی دیالۆگ بەرجەستە بکا. دەبێ دژبەر بەجۆرێ لە جۆرەکان بە "هاوبەش" دابنرێ کە پێویستە دواجار لەگەڵی بگەیتە لێك تێگەیشتن. ئامانجی تێکۆشان هێنانەکایەی هەلومەرجی دیالۆگە لەڕێی خولقاندنی هاوسەنگییەکی نوێی هێز کە بڕیاربەدەستان ناچار بکا دان بە چالاکەکاندا بنێن وەك دیالۆگکاری پێویست. ئەوکاتە دەکرێ دەرگای دانوستاندن بکرێتەوە بۆ گەڕان بەدوای خاڵەکانی ڕێکەوتنێك کۆتایی بە کێشەکە بێنێ و دادپەروەری بەرقەرار بکا.

*** ناچارکردن**

*** دانوستاندن**

*** هێز**

*** قسە**

*** کێشە**

## ئاژەڵ

بەبڕوای گاندی، ئەو ئەرکی ناتوندوتیژییەی پێویستە مرۆڤ ڕەفتاری خۆی بەپێی ئەوە بگونجێنێ، تەنیا پێوەندی بە مرۆڤەکانی ترەوە نییە و بەس، بگرە پێوەندی بە هەموو گیانلەبەرەکانی تری دنیای ئاژەڵ و ڕووەکیشەوە هەیە. بەمەیش مەهاتما لەنێو کەلەپووری فەلسەفیی مەزن و ریشەداری هندیدا لە هەمان کاتدا دەچێتە نێو هندۆسیەت و جەینیزم و بوودیزم. ژیان یەکە و پارچە پارچە ناکرێ و مرۆڤیش مەیلێکی سرووشتی هەیە کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ سەرجەم گیانلەبەرکانی تردا بژی. ئەنجامدانی هەر توندوتیژییەك بەرامبەر بچووکترین بوونەوەر ئەو هاوئاهەنگییە تێك دەدا و دەبێتە بایسی پشێوییەك کە لەئاکامدا مرۆڤ خۆی دەبێتە قوربانی. هەربۆیە گاندی باش دەرکی بەوە کردبوو کە مەحاڵە مرۆڤ بتوانێ بە ناتوندوتیژییەکی رەها بژی، چونکە مرۆڤ —هیچ نەبێ تەنیا لەبەر مانەوە لە ژیاندا— بەکردەوە ناچارە ملکەچی یاسای زەرورەت بێ کە وای لێدەکا زۆر کاری توندوتیژی دەرهەق بە ئاژەڵ و ڕووەکەکان ئەنجام بدا.

دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ڕۆئاوا زێدەڕۆیی کردووە لە فەرامۆشکردنی ئەرکی ڕێزگرتن بەرامبەر بوونەوەرە زیندووەکان لە هەردوو جیهانی ئاژەڵ و ڕووەکدا. مرۆڤی ڕۆئاوایی وای داناوە ئاژەڵ ملکەچ و ژێربار و چاوەڕوانی ئاماژەی ئەون و بۆ جێبەجێکردنی پێویستییە تایبەتەکانی، خراونەتە ژێر دەستی. لێرەوە ئاژەڵ وەك ماڵێك پۆلبەندی کرا کە دەکرێ مرۆڤ ببێتە خاوەنی و بەبێ ئەوەی کەس هیچ مافێکی بەسەریەوە هەبێ. ئاژەڵ هیچ مافێکی نییە و مرۆڤیش هیچ ئەرکێکی لەسەر نییە بەرامبەری، بەوەیش ئەو توندوتیژییەی بەرامبەر ئاژەڵ بەکاری دێنێ بە توندوتیژی حسێب نییە، چونکە توندوتیژی دژ بە ئاژەڵ دەچێتە خانەی سیستمی سرووشتیی شتەکان و ملکەچی یاسای ئەخلاق نابێ. لەبەرئەوە ئەم توندوتیژییە بە خراپە دانانرێ و دەکرێ ئەو مرۆڤەی ئەنجامی دەدا ویژدانی تەواو ئاسوودە بێ، چونکە بەگشتی هیچ خورپەیەك بەدڵیدا نایە کاتێ بێ پەروا پەنا بۆ خراپترین شێوازی توندوتیژی دژ بە ئاژەڵان دەبا و ئامانجی یەك شتە ئەویش تەنیا تێرکردنی ئارەزووە تایبەتەکانیەتی، تا کار گەیشتە ئەو رادەیەی تەنانەت ئەوانەیش بڕوایان وایە ئەرکی سەرشانیانە ناڕەزایی لەدژی توندوتیژیی سەر ئاژەڵان دەربڕن، گومان لەوە بکرێ بوونەتە قوربانیی هەستیارییەکی نەخۆشی ئامێز.

بەڵام پاش گوتنی هەموو ئەمانە، دەمێنێتەوە جەخت لەوە بکەین کە ئەوە هەرگیز لە سرووشتی مرۆڤ نییە ببێتە دلڕەقترین تفەنگچی لەسەر زەوی.

کەلەپووری فەلسەفیی ڕۆئاوایی نەیویستووە بیر لە ناسنامەی ئاژەڵی بکاتەوە مەگەر بە ڕێگەیەکی نەرێنی نەبێ و بەبێ کەمترین جیاکاری پێداگری لەوە دەکا کە ئاژەڵ هیچ نییە جگە لەم بوونەوەرە بێ زمان و بێ ئەقڵ و نائازاد و ناهۆشیارە و قەت وەك "بوونەوەرێك خۆی بۆ خۆی" سەیری ئاژەڵی نەکردووە، بگرە تەنیا لە چوارچێوەی پێوەندی بە مرۆڤەوە سەیری کردووە و ڕەفتاریشی تەنیا بەبەراورد بە ڕەفتاری مرۆڤ هەڵسەنگاندووە. ناسنامەکەی بەو شتانە دیاری کراوە کە لە مرۆڤ جیای دەکاتەوە، لەوکاتەیشدا تەنیا کەموکوڕییەکانی دەردەکەون، بەوەیش ئاژەڵ هەر لە بنەڕەتدا وەك بوونەوەرێکی هیچ سەیر دەکرێ. لەبەرئەوەیش هیچکام لە سیفەتە باشەکانی مرۆڤی تێدا نییە، بۆیە هیچ مافێکیشی نییە.

ئێمە دەزانین ئاژەڵ، ئەگەرچی بوونەوەرێکی ژیر نییە، بەڵام بوونەوەرێکی هەستیارە، واتە دەتوانێ هەست بە چێژ و ئازار بکا. بگرە ئاژەڵ نیگایەکی هەیە شێوەی دەموچاو وێنە دەکێشێ، بە بینینی ئەو نیگایە دەکرێ مرۆڤ تێ بگا کە ئاژەڵ تەنیا ئامێرێك یاخۆ دەزگایەکی میکانیکی نییە، بگرە بوونەوەرێکی زیندووە کە نهێنییەکی تێدایە.

پێشوازیکردن لە ئازاری ئاژەڵ مرۆڤ لە ئارەزووی توندوتیژی بەرامبەری دادەماڵێ. سەرەنجام بێموبالاتی بەرامبەر ئەو ئازارە کارێکی نامرۆڤانەیە، چونکە مرۆڤایەتی دەخوازێ لەبەردەم ئازاردا هەست بە بەزەیی بکەین، هەڵاوێرانی ئاژەڵیش لەم بەزەییە نیشانەی نابینایی و نامرۆڤایەتییە. لێرەدا بەگژ هەموو گاڵتەجاڕیەکاندا دەچینەوە و جەخت دەکەین کە نابێ هزری فەلسەفی شەرم بکا لە جەختکردنەوە لەوەی ڕێزگرتنی ئاژەڵایەتی یەکێکە لە ئەرکە ئەخلاقیەکانی مرۆڤایەتی، بەڵام دیارە

مەبەست ئەوە نییە ئاژەڵ بمرۆڤێنرێ تا جەخت لەوە بکرێ کە خاوەن مافە، بگرە پێویستە رێزی ئاژەڵ بگیرێ بەو ناسنامەیەی تایبەتی خۆیەتی. واتە بە رێزگرتن لەو جیاوازییە جەوهەرییەی لە مرۆڤ جوێی دەکاتەوە.
پێویستە ئەو بیرۆکەیە بەشێوەیەکی بنبڕ رەت بکەینەوە کە دەڵێ پیشاندانی رێز بۆ ئاژەڵ لەسەر حسێبی ئەو رێزەیە کە پێویستە لە مرۆڤ بنرێ، وەك ئەوەی دانانان بە مافەکانی ئاژەڵدا لە دەرەنجامدا ناپاکیکردن بێ لە مرۆڤ، کە پێچەوانەی ئەمە راستە، ئەوە کە مرۆڤ بەو ئاسانییە دەست بەسەر ئاژەڵدا دەگرێ و دەیقۆزێتەوە و بەخراپی و رەقی مامەڵەی لەگەڵدا دەکا و ئەشکەنجەی دەدا و دەیکوژێ، بەدڵنیاییەوە کار لە رەفتاری ئەو کەسە بەرامبەر مرۆڤەکانی تریش دەکا. مرۆڤ بۆ ئەوەی کارە توندوتیژەکانی بەرامبەر دوژمنەکەی باشتر پاساو بدا، هانا بۆ ئەوە دەبا کە ئەو دوژمنە شایستەی ئەوە نییە وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ و وانیشان دەدا کە ئەو وەك مرۆڤ رەفتار ناکا. وابەستەیی و تێکەڵییەك لەنێوان شەرعیەتدان بە سەربڕینی ئاژەڵ و پاساودانی کوشتنی مرۆڤدا هەیە. مرۆڤ بۆ ئەوەی شەرعیەت بەو توندوتیژییانە بدا کە بەرامبەر دوژمنەکەی دەیکا دەبێ سیفەتی مرۆڤبوونی لێ دابرنێ، تا بتوانێ تێی بسرەوێنێ و بگرە ئەگەر پێویستی کرد بشیکوژێ. داڕنینی سیفەتی مرۆڤایەتی لە دوژمنەکەی سەردەکێشێ بۆ ئەوەی وا بڵاو ببێتەوە کە ئەو وەك ئاژەڵ، وەك چوارپێیەك و بگرە هەندێ جار خراپتر لەوەیش رەفتار دەکا. لێرەوەیە کۆمەڵێ جوێن هەن کە بەکار دێن، زمانێکە پڕە سیفەتی ئاژەڵان. بەمەیش ئەو مرۆڤەی تر، ئەو نەناس یان نامۆ یان دژبەر یان دوژمن یان دزەکار و...هتد کە باز دەداتە نێو کایەی زیندووی ئێمە و مەترسیەکمان بۆ دروست دەکا، سیفەتێکی نامرۆڤانەی دەدەینە پاڵ کە شێوەیەکی ئاژەڵانەی پێبدا. لەوەبەدوا ئیدی خۆمان لەوە سەرفراز دەکەین کە چی تر وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. بۆیە پێویستە دەرك بەوە بکەین کە رێزگرتنی ئاژەڵ لەگەڵ رێزگرتنی مرۆڤدا ناکۆك نییە، بگرە بەهێزی دەکا. بەوەیش دەردەکەوێ رێزگرتنی ئاژەڵایەتی قۆناغێکی دەستپێکە بۆ رێزگرتنی مرۆڤایەتی.

# ترس

ترس شتێکی نییە جێی شەرم بێ، ئەو بەسادەیی شتێکی مرۆڤانەیە. ترس ئەو ورووژانەیە ئاگەدارمان دەکاتەوە لە بوونی مەترسییەکی شاراوە و غەریزەی مانەوەمان تێدا دەبزوێنێ کە داوامان لێدەکا خۆمان بپارێزین. ترس ورياییمان دەداتێ بەوەی پێمان دەڵێ ئێمە بە ناوچەیەکی مۆلەقدا گوزەر دەکەین: "ئاگات لە مەترسییەك بێ!". داوامان لێدەکا وت و وريا بین تا بتوانین ڕووبەڕووی ئەم هەڕەشانە ببینەوە کە ڕەنگە ڕوومان تێ بکەن. ئازایەتی فەرامۆشکردنی ترس نییە، بگرە کۆنترۆڵکردنی ترسە. هەر ترسە وا دەکا بتوانین ئازا بین.

هەر لە منداڵییەوە بەچکەی مرۆڤ چەندان مەترسی تاقی دەکاتەوە. پێویستە پەروەردە هەوڵ بدا منداڵ فێری ناسینەوەی ترس و ناونان و دەربڕین و تێپەڕاندنی بکا. کاتێ کەسێکی گەورە لە تەنیشتی منداڵە و بە چاونەترسی و نەرمییەوە ئاماژەی دەداتێ کە "مەترسە!" دەکرێ پێشوەخت یارمەتی بدا بۆ دڵنیایی و متمانە بەخۆبوون. بەڵام نابێ ئەم ئاماژەیە حاشا لە ترسی منداڵ بکا، بگرە دەبێ ئەوەی بەگوێدا بچرپێنرێ کە "مافی خۆتە بترسیت، بەڵام ترس داوات لێدەکا ئازا بی، بەپشتبەستن بە هەندێ وزەی تر کە لەتۆدایە دەتوانی بەسەر ترسدا زاڵ بی".

ترس لە هەموو کەسێکدا هەیە و پێویستیش نییە بە دان پێدانەنانی سەرکوت بکرێ، بەپێچەوانەوە دەبێ بوونی بە ئاسایی وەربگیرێ و هەوڵی قبووڵ و رامکردن و بەرگەگرتن و بەسەردا زاڵبوونی بدرێ، دەبێ بەبێ پسانەوە ئەم کۆششە بکرێ.

هاتنی ئەوی تر بۆ لام کارێکی مەترسیدارە، یان لانی کەم لەوانەیە مەترسیدار بێ و لەوانەیشە وانەبێ، بەڵام من هیچ لەوبارەوە نازانم، بۆیە وا هەست دەکەم مەترسیدارە. زۆرجاریش ڕێك دەکەوێ ترس مەترسی دێنێ، نەك مەترسی ترس بێنێ، چونکە مەرج نییە ئەوی تر نیازی خراپی هەبێ بەرامبەرم، بگرە ڕەنگە نیازی چاکەی هەبێ، بەڵام من نازانم.

لەبەرئەوە بوونی ئەوی تری نامۆ و نەناس سێبەرێکی گومان دەخاتە سەر ئایندەم و دەمخاتە حاڵەتێکی نائارامی، دڵەڕاوکە، ترس، ترس لە مەترسی، ترس لە سزا و دواجاریش ترس لە مردنی توندوتیژ.

هەروەها مەترسی هەیە ترس لە مرۆڤەکەی تر پاڵم پێوە بنێ بۆ هەڵاتن لەبەردەم کێشەکە. بەڵێ، لەوانەیە هەڵاتن لە مەترسییەکی گەورە باشترین ڕێگەی هەنووکەیی بەردەست بێ بۆ خۆلادان لە خراپتر، بەڵام هەڵاتن کێشەکە وەك خۆی دەهێڵێتەوە و دەبێ ئەمجارەیان بگەڕێینەوە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی. زۆرجاریش مەترسی ئەوە دەکرێ هەڵاتن ترسنۆکی بێ، هەربۆیە پێویستە بتوانم بەسەر ترسەکەمدا زاڵ بم تا بتوانم ڕووبەڕووی ئەوی تر ببمەوە و پێوەندییەکی لەگەڵ دروست بکەم کە لەسەر ڕێزگرتنی مافی دووسەرەمان دامەزرابێ.

ترس مرۆڤ ئامادە دەکا تا خۆی لە هەڵوێستی دەمارتوندی و دوژمنایەتیدا بەرامبەر ئەوی تر دابنێ، ئەوکاتە هۆکارێکی ناعەقڵانی لە پەرەسەندنی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکاندا دێتە سەر خەت و دوور نییە دەست بەسەر هەڵوێستەکەدا بگرێ.

ترس خراپەیەکی ئامۆژگاریکەرە جا چ داوای ملکەچکردن بکا یان هانی توندوتیژی بدا. ترس لای مرۆڤ یەکێکە لە بەهێزترین هاندەرەکانی توندوتیژی، زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر ترسیدا و جڵەوکردنی ئەو ورووژان و ئارەزووانەی ترس دەیانبزوێنێ، دەرفەت دەڕەخسێنێ بە ئامرازگەلی تری جیاواز لە ئامرازە توندوتیژە وێرانکەرەکان هەستی دوژمنکارییەکەی دەرببڕێ.

تەنیا ئەقڵ نییە کە پێویستە بڕیاری ناتوندوتیژی بدا، بەڵکو دەبێ جەستەیش لێ ببڕێ. مرۆڤی ترساو بوونەوەرێکی بەرجەستەیە، جەستەیی و لاشەییە. ترس لاشەییە و مرۆڤ بۆ ئەوەی بەسەریدا زاڵ بێ پێویستە بەسەر جەستەیدا زاڵ ببێ.

ئەو تەکنیکانەی دەرفەت بۆ تاك دەڕەخسێنن تا باشتر جەستەی بناسێ و باشتر جڵەوی بکا، بۆ پێشڕەویکردن لەسەر ڕێگەی ناتوندوتیژی زۆر بەکەڵکن. لە کاری ناتوندتیژانەدا ئەوە جەستەیە کە سەرکێشی دەکا و لە ڕیزی یەکەمدا دەمێنێتەوە و زەبری بەر دەکەوێ و گژبەریی توندوتیژی و بەرەنگاریی مەرگ دەکا، جا ئەگەر جەستە زێدەڕۆیی لە منجڕیدا کرد، ترس

فەلەجی کرد و جلەو نەکرا، ئەقڵ بەئاستەم دەتوانێ ژیری بکا. پێویستە جەستە خۆی ئامادە و پەروەردە بکا و خۆی رابهێنێ تا بتوانێ بەسەر هەڵچوون و مەترسیەکانیدا زاڵ ببێ.

بۆ ئەوەی بەسەر ترسەکانماندا زاڵ بین، پێویستە بتوانین بیڵێین —" بیخەینە نێو وشە"– بە خۆمان و بەوانی تریش. پێویستە فێربین گوێ لە ترسەکانی ئەوانی تر بگرین و گوێیان بۆ شل کەین. پێکەوە دەتوانین بەسەریدا زاڵ بین، لێرەوە پێویستە هەندێ جێ بدۆزینەوە کە تێیاندا بتوانین پێکەوە ترسەکانمان نمایان بکەین. لە ئاکامدا، بە کارکردنمان پێکەوە دەتوانین لەوە دڵنیا بین بەسەریدا زاڵ بووین.

کاری ناتوندوتیژانە پەلمان دەگرێ بۆ دابەزینە شەقام بۆ دەربڕینی ئیرادەی خۆمان بۆ بە گژاچوونەوەی ستەم بە ئاشکرا، ئەوەیش دەخوازێ سەرکێشی بکەین بۆ رووبەڕووبوونەوەی راستەخۆی جەستەیی لەگەڵ ئەوانی تر جا ئاخۆ ئەوانە دژبەران بن یاخۆ پیاوانی پۆلیس. ئەم رووبەڕووبوونەوەیە ترسێنەرە، دەترسین لە ماڵ بچینە دەر تا کارێکی گشتی بکەین کە رووبەڕووی هەڕەشەکانی ئەوانی ترمان دەکاتەوە و مەترسی ئەوە هەیە ئەم ترسە بمانکاتە دیلی خۆشیی ژیانی تایبەتی خۆمان.

دەوڵەتان بە پلەی جیاواز ، چەندان مەترسی دروست دەکەن و لە نێو هاوڵاتیاندا برەوی پێدەدەن بە مەبەستی بەدەستهێنانی ملکەچی و بێدەنگی و گوێڕایەڵییان کە ئەو دەوڵەتانە پێویستیانە بۆ مسۆگەرکردنی باڵادەستییان. مەرجیش نییە پەنا بۆ تۆقاندن ببەن، تەنیا ئەوە بەسە هەڕەشەیەکی بەردەوام بکەن تا پارێزگاری لە ترسێکی بەردەوام بکەن کە بەسە بۆ سەپاندنی " یاسا و سیستم"! دواجار هاوڵاتییان ئەو ترسە لە ناخی خۆیاندا هەڵدەگرن. بۆ ئەوەی بوێری گژبەریی دەوڵەت بکا بە چوونە ناو خۆپیشاندانی ناڕەزایی و کاری یاخیبوون، ئەوا دەبێ فێری دەرکردنی ئەو ترسە ببێ. دانایی هاوڵاتی کاتێ دەست پێدەکات کە چیتر ترسی لە جەندرمە نەمێنێ .

هەروەها لەوانەیە دەوڵەت یاری بە مەترسیی هاووڵاتییان بکا لە رێی رەواجدان بە بیرۆکەی بوونی مەترسییەکی دەرەکی . دەوڵەت چەندە بزانێ بەباشی قەناعەت بە هاووڵاتیانی بکا کە مەترسییەکی دەرەکی هەڕەشەیان لێدەکا باشتر دەتوانێ گوێڕاڵیکردنیان مسۆگەر بکا. پێویستە هاووڵاتیان خۆیان لەم ترسە ساختەیە رزگار بکەن، ئەویش بە شکستهێنان بەو لایەنە هەڕەشەئامێزەی لەو پڕوپاگەندە ئایدۆلۆژییەی دەوڵەتدایە.

***جەستە**

*** ئازایەتی**

*** شەڕانگێزی**

*** ململانە**

# بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە

دەبێ هەموو کۆمەڵگەیەك ئامادە بێ بۆ بەرگری لەخۆ کردن دژ بە هەر هەڕەشەیەکی دەستدرێژیکردنە سەر کە لەوانەیە کەرامەت و ئازادیی رۆڵەکانی لەبەین ببا. کۆمەڵگەکان لە دێر زەمانەوە و تا ئەمڕۆیش هەوڵ دەدەن بە خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ ئاشتی مسۆگەر بکەن. کەواتە تا چ رادەیەك دەشێ بیر لە جۆرە بەرگریکردنێك لە کۆمەڵگەکان بکرێتەوە کە لەسەر بنەماکانی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە و رێگەکانی دامەزرابێ؟.

لە بازنەی ستراتیجیەتی بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانەدا، شانۆی رووداوەکان لە کۆمەڵگە پێك دێ بە ئەندام و دامەزراوە دیموکراسیەکانیەوە. لەڕاستیدا پەلاماردانی خاکێك و داگیرکردنی ئامانجی دەستدرێژکاری نین، چونکە ئەو دوو ئامانجە تەنیا دوو ئامرازن بۆ چەسپاندنی زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگە و دەست بەسەرداگرتنیدا. ئامانجی دژبەر لە داگیرکردنی زەوییەك زیاتر کارتێکردنی ئایدیۆلۆجی و باڵادەستیی سیاسی و قۆستنەوەی ئابوورییە.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجەنەیش، دەبێ دەستدرێژکار کۆمەڵگە "داگیر بکا"، وردتر بڵێین دامەزراوە دیموکراسیەکانی کۆمەڵگە داگیر بکا. لێرەشەوە ئەو سنوورانەی پێویستە گەل بۆ پاراستنی ئازادیی خۆی بەرگرییان لێبکا سنوورەکانی خاکەکەی نییە، بگرە سنوورەکانی دیموکراسیەتە. ئەو زەوییەی سەروەریی نەتەوە سەلامەتیی مسۆگەر دەکا پارچە زەوییەکی جوگرافی نییە، بگرە پارچەیەکی دیموکراسییە. کەواتە پێویستە "سیاسەتی بەرگری"ی هەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی بەرگریکردن لە دەوڵەتی یاسا بکاتە بنچینەی کاری خۆی. چاوگی ئەو هەڕەشەیەی باری سەرشانی دیموکراسی گران دەکا، بەپلەی یەکەم، ئەو ئایدیۆلۆجیایانەن کە لەسەر بنەمای وەلانانی ئەوی تر دامەزراون، جا ئەو ئایدیۆلۆجیایە چ نەتەوەیی بن یان رەگەزپەرستی یان رق لە بێگانە یان ئسولیەتی ئاینی، یاخۆ هەر رێبازێکی ئابووری کە تەنیا و تەنیا لەسەر هەوڵدان بۆ بەدەستهێانی قازانج دامەزرابێ.

کەواتە جێی خۆیەتی جارێکی تر گفتوگۆکان لەبارەی بەرگریکردن چڕ بکەنە سەر هەردوو چەمکی دیموکراسی و هاووڵاتیبوون. ئەگەر ئامانج لە بەرگریکردن دیموکراسی بێ، ئەوا بکەری بەرگرییەکە هاووڵاتییە لەبەرئەوەی ئەو بکەری دیموکراسییە. جگە لە جەختکردنەوە رەوانبێژییەکان کە بەو پێیە پێویستە بەرگریکردن "کێشەی هەمووان بێ"، تا ئەمڕۆیش کۆمەڵگەکانمان نەیانتوانیوە دەرفەت بۆ هاووڵاتییان برەخسێنن تا بەرپرسیاریەتیەکی کرداری بگرنە ئەستۆ لە رێکسختنی بەرگریکردن لە دیموکراسی دژ بەو دەستدرێژییانەی رەنگە دووچاریان ببن، جا چ ئەو دەستدرێژییانە لە ناوەوە بن یان لە دەرەوەوە. بەهۆی کاریگەریی ئایدیۆلۆجیای ئەمنی لەبارەی بەتایبەت سڵەمێنی سەربازی (الردع العسكری)، کۆی هاووڵاتییان لە بەرپرسیاریەتیی پابەندییان بە بەرگرییەوە داماڵراون. مادەم تەکنەلۆجیا پێش تیۆریزەکردنی سیاسی و لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بێ و جێی هەردووکیان بگرێتەوە و ئەوان دوور بخاتەوە، ئەوا بکەری بەرگری هاووڵاتی نییە، بەڵکو کەرەستەی تەکنیکی و ئامێری سەربازی و سیستمی چەکە.

کەواتە جێی خۆیەتی هاووڵاتیان ئەو رۆڵە بگێڕنەوە کە پێویستە رۆڵی ئەوان بێ لە بەرگریکردن لە دیموکراسی. بۆ بەشدارکردنی هاووڵاتیانیش لە بەرگریکردن لە کۆمەڵگە، تەنیا ئیرادەی بزواندنی "گیانی بەرگری" لە دانیشتوانە مەدەنیەکەدا بەس نییە، چونکە دەبێ "ستراتیجیەتێکی بەرگری"ی راستەقینە ئامادە بکرێ کە بتوانێ تێکڕای هاووڵاتیان لە "بەرگریکردنێکی میللی"دا لە دیموکراسی جۆش بدا. تا ئێستە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لە پێویستیەکانی بەرگریکردن، بە هۆشیارکردنەوەی منداڵانیشەوە، هەر دەچێتە چوارچێوەی تەسکی تایبەت بە رێکخستنی بەرگریکردنی سەربازی. ئەم جەڕدانەیش بەدڵنیاییەوە دەبێتە کۆسپ لەبەردەم گەشەپێدانی ئیرادەیەکی بەرگریکردنی راستەقینە لەو دەزگایانەی گەرەنتیی باش جێبەجێکردنی دیموکراسیەت دەکەن.

جا بۆ ئەوەی گیانی بەرگریکردن بەشێوەیەکی راستەقینە بە تان و پۆی کۆمەڵگەدا گوزەر بکا، پێویستە بەرگریکردن سیڤیلایزە بکرێ نەك مەدەنیەکان میلیتاریزە بکرێن. بەوەیش لە ئایندەدا سازکردنی هاووڵاتیان بۆ بەرگریکردن کارا و کرداری دەبێ، ئەویش بەئەندازەی ئەوەی ئەو ئەرکە پێشنیازکراوانە لە چوارچێوەی ئەو دامەزراوە سیاسی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەدا بێ کە ئەو هاووڵاتییانە بەشێوەیەکی بەردەوام کاریان تێدا دەکەن. ئامادەسازی بۆ بەرگریی مەدەنی لە پرۆسەیەکی سەرەمڕیی تەواو و هاوئاهەنگییەکی تەواودایە لەگەڵ ژیانی هاووڵاتیان لەنێو ئەو دامەزراوانەی تێیاندا ئەرکی خۆیان وەك هاووڵاتی رادەپەڕێنن. گیانی بەرگریکردن راستەوخۆ لەو گیانی هاووڵاتیبوونەدا ریشەی داکوتاوە کە بزوێنەری چالاکییە رۆژانەکانیانن.

لەبەرامبەر هەر هەوڵێکدا کە دەسەڵاتێکی ناشەرعی بیدا بۆ تێکدانی سەقامگیریی کۆمەڵگە یان دەست بەسەرداگرتنی، یان دەستدرێژیکردنە سەر یاخۆ داگیرکردنی کۆمەڵگە، پێویستە بەرەنگاریی مەدەنییانەی هاووڵاتیان لە بەرەی دامەزراوە دیموکراسییەکاندا رێك بخرێ، کە هەر ئەو دامەزراوانەن ئازادیی جموجوڵی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری دەستەبەر دەکەن لەڕێی گەرەنتیکردنی ماف و ئازادیەکان بۆ هەموو کەسێك. ئەرکی ئەو هاووڵاتیانەیە کە لەو دامەزراوانەدا کاریان بەدەستە، پەرۆش بن بۆ ئەوەی ئەو دەزگایانە بەپێی رێسا دیموکراسیەکان کار بکەن، بەوەیش مافیان دەبێ لابەندیی خۆیان نەدەنە هەر دەسەڵاتێکی ناشەرعی، کە بە ئیلهام وەرگرتن لە ئایدیۆلۆجیایەکی دژ بە دیموکراسیەت، هەوڵ بدا ئەو دامەزراوانە بۆ مەبەستی خۆی بەکار بێنێ.

دوا ئامانجی هەر دەسەڵاتێکی ناشەرعی کە بیەوێ جڵەوی کۆمەڵگەیەك بگرێتە دەست، بریتییە لەوەی لەڕێی زۆر هۆکاری قایلکردن و پاڵەپەستۆ و ناچارکردن و سەرکوتەوە، هاوکاری و دەستباری بابەتیی هاووڵاتیان، یان لانی کەم زۆرترین ژمارەیان بەدەست بێنێ. لەبەرئەوە تەوەرەی ناوەندیی ستراتیجیەتی بەرگریی مەدەنی بریتییە لە رێکخستنی رەتکردنەوەیەکی گشتێنراوی ئەو هاوکاریکردنەیە، بەڵام گشتێنراوێکی هەڵبژاردەیی و ئاراستەکراو بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو. بەمەیش دەکرێ پێناسەی "بەرگریی مەدەنی" بکەین بەوەی سیاسەتێکی بەرگریکارانەی کۆمەڵگەی دیموکراسییە دژ بە هەر هەوڵێك بۆ دەست بەسەرداگرتنی سیاسی، یاخۆ داگیرکردنی سەربازی لەڕێی جەمکردنی تێکڕای هاووڵاتیان لە بەرەنگارییەکدا کە بەشێوەیەکی دیراسەکراو و رێکوپێك کۆمەڵێ کاری ناتوندوتیژانە یەك دەخا لە هاوکاری نەکردن و بەرەنگاریکردنی هەر دەسەڵاتێکی ناشەرعی، بەشێوەیەك ئەو دەسەڵاتە دەستەپاچە ببێ لە گەیشتن بە ئامانجە ئایدیۆلۆجی و سیاسی و ئابووریەکانی، کە لەڕێیەوە گوایە دەتوانێ دەستدرێژییەکەی پاساو بدا.

نابێ رێکخستنی ئەم جۆرە بەرگریکردنە بۆ دەستپێشخەریی تاکەکان بەجێ بهێڵرێ، بەڵکو پێویستە دەسەڵاتدارانی گشتی لە هەموو پانتاییە دامەزراوەییەکانی کۆمەڵگەی سیاسیدا ئامادەکاری بۆ بکەن. کەواتە پێویستە حکوومەت کۆمەڵێ رێنوێنیی رەسمی دابڕێژێ لەبارەی ئەرکەکانی فەرمانبەران لەو کاتەی دەکەونە دۆخێکی قەیراناوی و تێیدا رووبەڕووی فەرمانەکانی دەسەڵاتێکی ناشەرعی دەبنەوە. پێویستە ئەو رێنوێنییانە پێداگری لەوە بکەن کە بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان رۆڵێکی ستراتیجیی یەکلاکەرەوەیان هەبێ لە بەرگریکردنی دیموکراسیدا، کە ئەویش بێبەشکردنی هەر دەسەڵاتێکی خۆسەپێنە لە ئامرازەکانی جێبەجێکردن کە بۆ وەگەڕخستنی سیاسەتەکانی پێویستی پێیانە.

پاش ئەوەی بەرگریی مەدەنی لە جەرگەی کۆمەڵگەی سیاسیدا ئامادە دەکرێ، پێویستە بەهەمان شێوە لە جەرگەی کۆمەڵگەی مەدەنیشدا ئامادە بکرێ لە چوارچێوەی ئەو دامەزراوە و کۆمەڵە جیاوازانەی هاووڵاتیان پێکیان دێنن تا بەپێی مەیلی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان رۆشنبیری یان ئاینیی هاوبەشیان کۆ ببنەوە. پێویستە ئەم تۆڕانەی لە کۆمەڵەکانی هاووڵاتیان پێك دێن و فەزای کۆمەڵایەتیی وڵات بەتەواوی داگیر دەکەن —کە بەشێوەیەکی گشتی بزووتنەوە سیاسی و

هاوبەندییەکان و سەندیکاکان و تایفە ئاینیەکان دەگرێتەوە– لەکاتی بوونی تەنگژەیەکدا کە دیموکراسیەت بخاتە مەترسی، هەریەکەیان بگۆڕێن بۆ تۆڕێك لە تۆڕەکانی بەرەنگاریکردن.

هەستانی دەسەڵاتدارانی گشتی بە جێبەجێکردنی دەزگاییانەی بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە بۆ ماوەیەك کە لەوانەیە تووڵ بکێشێ، دووچاری کۆمەڵێ لەمپەری سۆسیۆلۆجی دەبێتەوە و دەوڵەت سەرەتا پێویستی بەوەیە لابەندیی سوپا بکا تا گەرەنتیی دەسەڵاتی خۆی بکا و پارێزگاری لێبکا و ئەگەر پێویستی کرد بیگێڕێتەوە. ئەگەر "تەسەوفی سەربازی" هەڵگری ئاینی ئازادی بێ، ئەوا سیاسەتی سەربازی پێش هەموو شتێك ئاینی رێژیمەکە پێڕەو دەکا. زیاد لەوەیش، دڵسۆزیی دەوڵەت بۆ ئاینی گوێڕایەڵی، لەوە گەورەترە لەوەی رێگە لە توورەیی توندی بگرێ لەوەی هاووڵاتیان فێری رەتکردنەوەی ملکەچکردن بۆ فەرمانە ناشەرعیەکان بکرێن. بەوەیش وەگەڕخستنی بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە بە گژبەرییەکی راستەقینە دەمێنێتەوە، لەمڕۆشدا هەروەك لە رابردوودا. بۆیە ناماقووڵ دێتە پێش چاو کە لە دەسەڵاتداران چاوەڕوان بکرێ هاوشێوەی رێکخستنی بەرگریی سەربازی ئەوان لەڕێی پرۆسەیەکەوە کە لە لوتکەی هەرەمی دەوڵەتەوە بۆ بنکەی کۆمەڵگە دادەبەزێ، رێکی بخەن.

سەرەتا پێویستە هاووڵاتیان قەناعەت بەخۆیان بێنن کە پێویستە لەپێناو بەرگریکردن لە دیموکراسی و دواجار لەپێناو بەرگری لە ماف و ئازادییەکانیاندا ئەو کارە بکەن. لەم پێگەیە و لە هەر پێگەیەکی تردا کە بابەتەکە بەپلەی یەکەم و سەرەکی پێوەندی بە دیموکراسییەوە هەبێ، ئەوا قسەی یەکلاکەرەوە پێویستە بۆ هاووڵاتیان بێ و بەوانەوە وابەستە بێ.

*** سڵەمێنی مەدەنی**

# دەوڵەت

دەوڵەت لە کۆی ئەو دامەزراوە سیاسی و کارگێڕی و یاسایی و پۆلیسی و سەربازییانە پێك دێ کە دەسەڵات و خزمەتگوزارییە گشتییەکان ڕێك دەخەن. ئەرکی دیاریکراوی دەوڵەت ڕێکخستنی ژیانی بەکۆمەڵی هاووڵاتیانە لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی مافەکانی هەموو تاکێکدا، هەربۆیە پێویستە دەوڵەت ئاشتیی کۆمەڵایەتی بچەسپێنێ و پارێزگاری لێ بکا و ئەگەر پێویستی کرد بیگێڕێتەوە، ئەویش بەمەبەستی مسۆگەرکردنی یەکپارچەیی شارەکە و ئاسایشی هاووڵاتیان. سیستمی گشتی دروست نابێ بەبێ ڕێکخستنێکی زۆرەملێی کۆمەڵگە کە لەسەر کۆمەڵێ ئەرك و قەدەغە دامەزراوە. کەواتە دەوڵەت دەسەڵاتی ناچارکردن بەکار دێنێ. ڕەنگە جۆرە خەیاڵپڵاوییەك بێ پێمان وابێ دەکرێ کۆمەڵگەیەك تەنیا بە ئامرازەکانی قایلکردن ڕێك بخرێ. پێویستە ئامرازەکانی ناچارکردن لەکاتی پێویستدا، بتوانن تاکەکان ناچار بکەن ڕێز لە "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" بگرن کە بناغە و دامەزرێنەری سیستمی شار و تۆکمەییەتی. دەوڵەت خۆی سەرپشك دەکا بەناوی بەرژەوەندیی گشتی، ئەرکی هەڵپەساردنی حاڵەتی جەنگی ناوخۆ لەنێوان هاووڵاتیان بگرێتە ئەستۆ کاتێ تەنیا بە زاڵکردنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانیانەوە سەرقاڵ بن.

ماف و هەروەها ئەرکی بەرگریکردن لە کۆمەڵگە هەیە دژ بەوانەی سیستمی گشتی تێك دەدەن و کۆمەڵگەی یاساسەروەر ناتوانێ دەستبەرداری دادگە و پۆلیسی بەدامەزراوەکراو ببێ، کە بتوانن لەڕێی "هێزی گشتی" (دەزگاکانی ئاسایش)ەوە ڕێ لە "ئازار پێگەیاندن" بگرن، واتە لاتەریککردنی ئەو کەس و گرووپانەی ئاشتیی کۆمەڵایەتی دووچاری مەترسی دەکەن. کەواتە بۆمان نییە کۆمەڵگەی دادپەروەری و ئازادی دروست بکەین بەبێ داننان بە شەرعیەتی سەپاندنی یاسا و ناچارکاریی دادگە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش کە ڕەهەندە سیاسییەکەی یەکلاکەرەوە: ئەگەر زۆرلێکردنی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی هێزی گشتی پێویست بن بۆ مسۆگەرکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی، ئەی ئەو ئامرازە ڕەوایانە بۆ ئەو زۆرلێکردن و ئەو هێزە چین؟ دەوڵەتان لەڕێی داواکردنی قۆخکردنی توندوتیژیی ڕەوا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە. زۆرلێکردنی ڕەوا (کە لە یاسای تاواندا پێناسە کراوە) کە توندوتیژیشی تێدایە، تاکە ئامراز نییە کە دەوڵەتان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە پەنای بۆ دەبەن. لە دیموکراسیەتدا دەوڵەت خوازیارە هاووڵاتییان قایل بکا، بەڵام هاوکات خۆیشی سەرپشك دەکا لە پەنابردن بۆ ئامرازی سڵەماندنەوە و چاوترسێنکردنیان، ئەمەیش هەڕەشەیەکی ناچارکەری تێدایە. بەمە زۆرلێکردن و هەروەها لە کۆتاییدا توندوتیژیش دوو ئامرازە جۆرایەتییەکەی کارکردنی دەوڵەتن. پێوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان دەوڵەت و توندوتیژیدا هەیە کە ئەو پێوەندییە قابیلی کەمکردنەوە نییە، بگرە لە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتە.

دەوڵەت ڕەوایی توندوتیژیی خۆی لەسەر پێویستیی بەتوندی بەرپەرچدانەوەی توندوتیژیی تاك و گرووپە کۆمەڵایەتیەکان کە سیستمی گشتی تێك دەدەن، دامەزراندووە. بێگومان لەوانەیە هەندێ حاڵەتی نائاسایی هەبێ کە ئاستەم —و بگرە مەحاڵ بێ— مەترسیی حاشاهەڵنەگری لادەران "کە ئامادەی هەموو شتێکن" بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان، بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی بنبڕ بکرێ و ئازاریان لە خەڵك دوور بخرێتەوە. بەڵام ئەو دەسەڵاتدارانە خواروخێچییەکی مەترسیدار دووچاری فیکری سیاسی دەکەن کاتێ ئەم جۆرە حاڵەتە نائاساییانەی توندوتیژی تێیاندا پێویستە دەکەنە مەهانە بۆ گەلاڵەکردنی بیروباوەڕێك کە دەوڵەت سەرپشك دەکا بۆ مسۆگەرکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ئاسایی پەنا بۆ توندوتیژی ببا. مادەم هاووڵاتیان بەیەکجاری دەسەڵاتی پەنابردن بۆ توندوتیژی بەمەبەستی پاراستنی سیستمی گشتی دەدەنە دەوڵەت، بۆ دەوڵەت ئاسانە ئەو مافە بکاتە دەسکەلا بۆ پارێزگاریکردنی لە ئاسایشی خۆی دژ بە هاووڵاتیان لەکاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا.

پاش تێپەڕاندنی ئەم بەربەستەش –کە مێژوو بۆمان روون دەکاتەوە ئەمە تەنیا گریمانەی ئارەزوومەندانی قوتابخانە نییە– چی تر دەوڵەت نابێتە گەرەنتیی ئاسایشی هاووڵاتیان بگرە دەبێتە هەڕەشە لەسەری، چونکە سیستمی دەوڵەتیش هەوڵ دەدا بۆچوونەکان بخاتە قاڵبی تایبەتەوە، چونکە دەوڵەت سەرەمڕ لە هەوڵی ئەوەدایە ترازان یاخۆ لەتبوون بەتاوان نیشان بدا و وەك جۆرە لادانێك سەرکوتی بکا. مێژووی دەوڵەتیش هەروەك مێژووی جەنگ، ئەوانەی رزگاریان بووە و سەرکەوتوون تۆماریان کردووە، لێرەشەوە قوربانییە بێگوناهەکانی دەوڵەت ناوبزر دەکا، کە بەزۆری دەخرێنە خانەی نەناس و لەبیرکراوان.

بەدامەزراوەییکردنی توندوتیژی لەلایەن دەوڵەتەوە، وەك ئامرازێکی پێوەری و سیستمی لە بەڕێوەبردنی ئەو کێشە حەتمییانەی لەپڕ لە جەرگەی کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدەن، بەرگی شەرعیەتی وەبەردا دەکا، بەوەیش تێکڕای پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان تووشی پەتای لۆجیکی توندوتیژی دەبن. ئامانجی یەکەمی سیاسەت لە دیموکراسیەتدا دەرکردنی توندوتیژییە لە یاسا، بەڵام دەوڵەت سەرپێچی ئەم ئامانجە دەکا بە خزاندنی توندوتیژی بۆ ناو یاسا.

بێگومان دەوڵەتی دیموکراسی و دەوڵەتی تۆتالیتاری هەمان سەروسیمایان نییە و شایستەی هەمان هەڵسەنگاندنیش نین، بەڵام ئەگەر پێوەندیی هەریەکەیان بەتوندوتیژی لە رووی کرداریەوە جیاواز بێ، ئەوا لەڕووی تیۆرییەوە قەت وانییە، چونکە بەیەکگەیشتنێك لەنێوان رێبازی دەوڵەتی لیبرالی و رێبازی دەوڵەتی تۆتالیتاریدا هەیە: ئەمیان لەویانەوە سەرچاوە دەگرێ، چونکە تەنیا بەڵگەکانی لێ ناخوازێ، بگرە زۆربەی جبەخانە تەکنیکیەکەیشی. دەوڵەتی لیبرالی خۆیشی لەناخدا هەڵگری ئایدیۆلۆجیای توندوتیژیی پێویست و رەوایە کە پێشوەخت هەڵگری ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە کە خزمەتی دەوڵەتی تۆتالیتاری دەکا لە چەسپاندنی شەرعیەتە تایبەتەکەیدا. ئەو دەزگا بیرۆکراسیەی دەوڵەتی لیبرالی دروستی دەکا هەمیشە ئامادەیە بۆ خزمەتکردنی رژێمێکی تۆتالیتاری، هیچ کێشەیش نییە گەرەنتییە دەستووری و شەرعییە ئاراکانیش بمێنن، چونکە ئەوکاتە تەنیا مرەکەبی سەر کاغەز دەبن. مێژوو زۆرجار پێمان دەڵێ توندوتیژیی بریکارانی دەوڵەت دژ بە هاووڵاتیان زەبری توند و بەردەوام لە دیموکراسیەت دەوەشێنن، لەکاتێکدا ئەو بریکارانە لافی ئەوە لێدەدەن کە ئەوان بۆ پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی بەو شێوە رەفتار دەکەن.

بەرژەوەندیی باڵای دەوڵەت بەزۆری وای بەباش دەزانێ خواستەکانی دیموکراسیەت فەرامۆش بکرێ. کاتێ ئایدیۆلۆجیای ئەمنی، بەناوی پێویستیی چەسپاندنی سیستم، دەوڵەت لە کارە توندوتیژییەکانی بێبەری دەکا، ئەوکاتە دەکرێ ستەمکاری لەدایك ببێ. ئایدیۆلۆجیای توندوتیژیی رەوا بیروباوەڕانەکانی دەوڵەتی تۆتالیتاری بەرهەم دێنێ و بەهێزی دەکا. بۆ بەگژاچوونەوەی ئەم بیروباوەڕانەیش چار نییە دەبێ ئەو ئایدیۆلۆجیایە لەگەڵ دەرکەوتنیدا دەست بە رەتکردنەوەی بکرێ، بەکپی و نیازپاکی لە جەرگەی بیروباوەڕەکانی دەوڵەتی دیموکراسیدا. فەلسەفەی ناتوندوتیژیی سیاسی تانە لە بیروباوەڕەکانی دەوڵەت دەدا لەبەرئەوەی ئەمە خۆی لەخۆیدا شەرعیەت بە ئایدیۆلۆجیای توندوتیژی دەدا کە هەڕەشە لە دیموکراسی دەکا.

ناتوندوتیژی بەڵگەنەویستێك دادەنێ کە ئەنجامەکەی گۆڕانێکی قووڵ و هەمیشەیی دەوڵەتە بەئەندازەی ئەوەی ئەمەی دوایی بیەوێ کێشەکان بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی چارەسەر بکا، بەڵام پرۆسەیەکی لەم شێوەیە ناتوانێ ببێتە مایەی نەهێشتنی هەموو دەسەڵاتێکی ناچارکردنی سیاسی. وێناکردنی کۆمەڵگەیەکی بێ حکوومەت و بێ یاسا و بێ پۆلیس و بێ دادگە جۆرێکە لە یۆتۆپیا. کۆمەڵگەیەکی لەم جۆرە، ئەگەر رۆژێك دروست بوو، زۆر نابا لەژێر کاریگەریی هێزی تاکەکەس و تایبەتمەندییە خاوەن کاریگەریی توێنەرەوانەدا لەبەریەك هەڵدەوەشێ. باندەکان خراپەی تێدا بڵاو دەکەنەوە و تۆڕە چەتەکان بەشێوەیەکی سرووشتی ئەو رووبەرە کۆمەڵایەتیانە داگیر دەکەن کە هیچ بوونێکی "پۆلیسی"یان تێدا نییە، بەشێوەیەك کۆمەڵگە هەمووی دەبێتە "ناوچەیەکی بێ یاسا". بەو شێوەیە پرۆژەی ئەو کۆمەڵگەیەی ئیلهام لە فەلسەفەی

ناتوندوتیژی وەردەگرێ، ئامانجی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سیاسییە بۆ بەرزەفت و هاوئاهەنگیکردن و میانگیری و داوەری و ناچارکردن (لەکاتی پێویستدا) کە ببێتە "هاوکووفێکی وەزیفی" بۆ دەوڵەت. دەسەڵاتێکی سیاسی لەم شێوەیە جیاوازیەکی قووڵی لە دەوڵەت هەیە لە تێڕوانینیدا بۆ توندوتیژی: لەباتیی هەڵوەشاندنەوەی کێشەکان لەڕێی توندوتیژیەوە، ئەو دەسەڵاتە هیچ خەمساردیەك ناکا بۆ لەقاڵبدان و چارەسەرکردنی لەڕێی ناتوندوتیژییەوە. پێویستە ئەم کۆششە لەسەر بناغەی ئیرادەیەکی سیاسیی پتەو دابمەزرێ و لە کۆمەڵێ ڕێگەچارەی تەکنیکیدا بەرجەستە ببێ کە گیانێکی داهێنانی دامەزراوەیی بەهێز گەڵاڵەیان دەکا. ئەم چارەسەرانەیش لە هیچ بەڵگەیکی تیۆریدا نادۆزرێنەوە، چونکە پێویستە پلەبەپلە لەڕێی چەندان تاقیکردنەوەی کۆمەڵایەتیدا جێبەجێ بکرێن کە لە پەراوێزی کۆمەڵگەدا ئەنجام نادرێن، بگرە وەبەرهێنانێکی دامەزراوەیی خاوەن یەکەمایەتی پێك دێنن.

نابێ ناتوندوتیژی سیاسی ڕەها بێ، چونکە خۆی بەزەرورەت ڕێژەییە، واتە پێوەستن بە مرۆڤ و بە بارودۆخ و بە ڕووداوەکانەوە. کەواتە مەبەست ئەوە نییە لە بیرۆکەیەکی بێگەرد لەبارەی کۆمەڵگەیەکی تەواوەوە دەست پێ بکەین تا دواتر بە کۆمەڵگەیدا بنووسێنین، بگرە لە واقیعی کارەکانی توندوتیژییەوە دەست پێ دەکەین بۆ هێنانەکایەی دینامیەتێك کە ببێتە مایەی سنووردارکردنی ئەو کارانە و بەپێی توانا نەهێشتنیان.

کاردانەوەیەکی زنجیرەبەند لە کاری توندوتیژیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی و پۆلیسی و سەربازی هەیە کە ڕاگرتنی مەحاڵە مادەم توندوتیژی لەلایەن ئایدیۆلۆجیایەکەوە –لە ساتێك لە ساتەکانی بەڕێوەچوونی ئەو پرۆسەیەدا– شەرعیەتی پێدەدرێ. تاکە ڕێگە بۆ شکاندنی لۆجیکی توندوتیژی هێنانەکایەی دینامیەتێکە پرۆسەی ململانە توندوتیژەکان قلپ بکاتەوە. ئەمە ئەو دینامییەتەیە کە فەلسەفەی ناتوندوتیژیی سیاسی داوای جێبەجێکردنی دەکا.

لە چواچێوەی ئەم تێڕوانینەدا، ڕەنگە ئەرکی یەکەمی دەسەڵاتی سیاسی جێبەجێکردنی سیاسەتێکی تایبەتی پەروەردە و شیاندنی بەردەوام بێ لە بەڕێوەبردنی ناتوندوتیژییانەی کێشەکان لەپێناو هەموو هاووڵاتیاندا. لەڕێی سیاسەتێکی لەو شێوەیەوە حکومەت دەتوانێ ئەو مەرجانە دەستەبەر بکا کە دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ بەرقەرارکردنی دەسەڵاتی خۆی بەبێ ناچاربوون بۆ پەنابردن بۆ ڕێگەیلی ناچارکردنی توندتیژ. بەڵام بۆ هێنانەکایەی ئەم دینامیەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییە، پێویست نییە پشت بە پیاوانی دەوڵەت ببەسترێ هێندەی پێویستە پشت بە هاووڵاتیان ببەسترێ. هەروەها پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنی خۆی بۆ دروستکردنی دژە دەسەڵاتێك ئامادە بکا کە سەرکردە سیاسیەکان ناچار بکا بۆ دانی هەندێ بڕیار کە خۆیان بەبێ ئەوە ئەو بڕیارانەیان نەدەدا، چونکە پیاوانی دەوڵەت ڕێگەی ناتوندوتیژی ناگرنەبەر مەگەر هاووڵاتیان لەو ڕێگەیەدا پێشڕەوییان بکەن.

* خۆبەڕێوەبەری autogestion
* دیموکراسی
* دەسەڵات pouvoir
* سیاسەت autorite
* پۆلیس
* دادپەروەری
* ئاژاوەچێتی

# دیموکراسی

چەندین سەدەیە بنەمای سەرکردایەتی پەیکەری ڕێکخستنی کۆمەڵگەی سیاسی دادەمەزرێنێ. بەبەردەوامی گوێڕایەڵیکردنی تاکەکان بۆ دەسەڵات –دەسەڵاتی باوك و سەرکردە و میر و پاشا و خودا– بناغەی پێوەستیی کۆمەڵایەتی بووە کە یەکەتیی کۆمەڵەکە مسۆگەر دەکا. لە ئەنجامی ئەمەدا تاك خۆی بێبەش بینیوە لە سەربەخۆییەکی راستەقینە، چونکە کۆمەڵگەکان دەرفەتیان نەداوەتە هەر هاووڵاتیەك تا ئازاد و سەروەر بێ و خۆی حوکمڕانیی خۆی بکا مەگەر لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکی مێژوویی تووڵانیدا نەبێ، کە ئەو گۆڕانکارییە لەگەڵ هەڵاتنی دیموکراسیدا جووت بووە.

ئەمڕۆ بەگشتی بووەتە بەڵگەنەویست کە دیموکراسی ئەو پرۆژە سیاسییەیە کە بە باشترین شێوە لەگەڵ پرۆژەی کۆمەڵگەی دادپەروەری و ئازادیدا دەگونجێ، بەڵام چەمکی دیموکراسی خۆی هێشتا تەمومژێکی بنچینەیی لەسەرە. وشەی دیمو– کراسی بەپێی واتا داتاشراوەکەی واتای "حوکمی گەل بەگەل و بۆ گەل" دێ. بەڵام وشەی دیموکراسی لە وێنەیەکی بنچینەییتردا واتای حوکمێك دەگەیەنێ کە رێز لە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بگرێ، ماف و ئازادیەکانی هەموو مرۆڤێك و ماف و ئازادیەکانی هەموو بەنی بەشەر. ئەم دوو واتایە دژیەك نین بەڵام بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی پێویستە گەل باوەڕ بەو ئەرکە ئەخلاقییە بێنێ کە بناغە بۆ نموونە دیموکراسییەکە دادەمەزرێنێ. دیموکراسی گرەوکردنە لەسەر دانایی گەل، بەڵام ئەم داناییەی گەل هەمیشە شان بەشانی ڕووداوی سیاسی هەنگاو نانێ، چونکە دەکرێ گەل ببێتە جەماوەری عەوام– زاڵبوونی ئارەزوویش بەسەر عەوامدا لە زاڵبوونی ئەقڵ ئاسانترە.

لەڕاستیدا دیموکراسیەتی راستەقینە میللی نییە، بگرە هاووڵاتییانەیە citoyenne، دیموکراسی چاوی لەوەیە هاووڵاتییان خۆیان و بۆ خۆیان حوکمڕانیی خۆیان بکەن. هاووڵاتیبوونی هەموو ئافرەتێك و هەموو پیاوێك بناغەی دیموکراسییە و هاووڵاتیبوون رەهەندی گشتی بەژیانی تاك دەبەخشێ، چونکە مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی پێوەندیبەستە و دەتوانێ لەڕێی قسە و کارکردنەوە هاوبەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی تر دروست بکا. ئەم دان پێدانان و ئەو ڕێزگرتنە یارمەتیی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەك لەسەر بناغەی ئازادی و یەکسانی دەدا. نموونە دیموکراسییەکە دابەشکردنی "یەکسان"ی دەسەڵات و سامان و مەعریفەیە لەنێو سەرجەم هاووڵاتیان. ئەم نموونەیە نموونەیەکی تەواوە، بەڵام خراپیی گەورەی ئەوەیە بەدی نایە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئاماژە بە ئاراستەیەك دەکا و دەرفەت بۆ جۆرە پەروەردەیەك دەڕەخسێنێ و دینامیەتێك دەخولقێنێ.

لە کۆمەڵگەیەکی ملیۆنان کەسیدا، ئەگەر "دیموکراسیەتی راستەوخۆ" لە رووی هزریەوە ڕێی تێبچێ، ئەوا بە کردار توانای بەدیهاتنی نییە، لەبەرئەوە پێویستە هاووڵاتیان لەڕێی ڕێکخستنی کۆمەڵێ هەڵبژاردنەوە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و دەسەڵاتیان پێ بدەن، بەڵام لە "دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی"دا رای هاووڵاتان گرینگیەکی ئەوتۆی نییە تەنیا لەکاتی هەڵبژاردن و رەنگە راپرسیشدا نەبێ. بەو شێوەیە بواری گشتی کە هاووڵاتی تێیدا مافی قسەکردنی هەیە تادێ بەرتەسك دەبێتەوە و لە ژووری دەنگداندا کورت دەبێتەوە. ئەگەر جەوهەری دیموکراسی بریتی بێ لە بڕیاری گشتی، ئەوا هیچ لەو کۆمەڵەیە نادیموکراسیتر نییە کە هاووڵاتی بەکردەوە توانای بڕیاردانی نەبێ تەنیا لە ژووری دەنگداندا نەبێ.

دیارە بۆمان نییە سووکایەتی بە رۆڵی یەکلاکەرەوەی ڕێکخستنی هەڵبژاردنی ئازاد لە ڕێڕەوی دوور و درێژی گەلان بەرەو رزگاربوونیان لە ستەم و زۆرداری بکەین، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردنی ئازاد بۆ دیموکراسی پێویست بێ، بەڵام بەتەنیا بەس نییە. بۆیە بۆ بنیاتنانی "دیموکراسییەکی بەشداریکارانە" democratie particpative پێویستە هاووڵاتیان خۆیان ڕێك بخەن بۆ ئەوەی "چاودێرییەکی دیموکراسییانە"ی راستەقینەی ئەو دەسەڵاتی بڕیاردانە بکەن کە بە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیان بەخشراوە.

دیموکراسی بانگەشەی ئەوە دەکا کە شەرعیەتەکەی لەسەر یاسای ژمارە دامەزراندووە، بەڵام لەوانەیە ئەم یاسای ژمارەیە لەگەڵ ڕێزگرتنی راستیدا یەك نەیەتەوە، چونکە یاسای زۆرینە گەرەنتیی ڕێزگرتنی ئەو ئەرکە ئەخلاقییە ناکا کە بناغەی

دیموکراسی دادەمەزرێنێ، چونکە دەشێ دیکتاتۆریەتی زۆرینە لە تاکڕەویی تاکەکەس دڕتر بێ. دەبێ چی روو بدا کاتێ ئیرادەی جەماوەر، واتە "ئیرادەی گەل" لەگەڵ دادپەروەری ناکۆك بێ و حەزی لە ستەمکاری بێ؟ لە روانگەی هاووڵاتیی دیموکراسییەوە هیچ گومان لەوەدا نییە کە دەبێ ئەرکە ئەخلاقیەکە لەسەروو ویستی زۆرینەوە بێ و راستی بەسەر ژمارەدا زاڵ بکرێ، چونکە لە دیموکراسیی راستەقینەدا رێزگرتنی راستی لە رێزگرتنی دەنگدانی گشتی پێویستترە.

نابێ هاووڵاتیبوون لەسەر بەرزەفتکردنی بەکۆمەڵی هەمووان دابمەزرێ، بەڵکو دەبێ لەسەر بەرپرسیاریەتیی هەر تاکێك و لێرەشەوە لەسەر سەربەخۆیی کەسایەتیی تاك دابمەزرێ. مێژوو فێرمان دەکا گوێڕایەڵیکردنی کوێرانەی هاووڵاتیان زۆر زیاتر هەڕەشەن لەسەر دیموکراسی تا یاخیبوونیان. دەکرێ و بگرە پێویستە هەر هاووڵاتیەك بەناوی ویژدانیەوە بەرهەڵستیی یاسای زۆرینە بکا کاتێ ئەو زۆرینەیە دەبێتە هۆی گەیاندنی ستەمێکی دیاریکراو. بەهەمان شێوە "هاووڵاتیبوونی سەرپێچیکردن" یاخۆ جیابوونەوەی هاووڵاتی هەیە کە بەناوی نموونەی دیموکراسییەوە رەتی دەکاتەوە ملکەچی یاسای زۆرینە بێ.

کاتێ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەیەك چاویان لەوە بێ ئازادانە حوکمڕانیی خۆیان بکەن و مافە رەواکانیان زاڵ بکەن، بەدڵنیاییەوە هەر زوو کێشە سەرهەڵدەدا، چونکە دیموکراسی خۆی کێشەئامێزە conflictuelle، لەوکاتەدا نابێ ئەو کێشانەی لەنێوان هاووڵاتیاندا سەرهەڵدەدەن سەربکێشن بۆ رووبەرووبوونەوەی توندوتیژ. ئامانجی دیموکراسی بەڕێوەبردنی کێشەکانە لەرێی جڵەوکردنی توندوتیژییەوە و یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانیشی داهێنانی دامەزراوەگەلی پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی بنیاتنەر لەڕێی رێبازی ناتوندوتیژەوە. بەمەیش زاڵبوونی دیموکراسی بەسەر توندوتیژیدا یەکێکە لە رەگەزە سەرەکیەکانی کولتووری ناتوندوتژی.

ئەوەی دیموکراسی مسۆگەر دەکا دەوڵەتێکی بەدەسەڵات نییە، بەڵکو دەوڵەتی یاسایە. ئەو هەڕەشانەی دەبنە کۆسپ لەبەردەم سیستمی دیموکراسیدا هۆی یەکەمیان ئەو ئایدیۆلۆجیایانەن کە لەسەر جیاکاری و وەلانان دامەزراون، جا ئەو ئایدیۆلۆجیایانە نەتەوەیی بن یان رەگەزپەرستی یان دژەبیانی یان ئسولّیی ئاینی یان لیبرالیی ئابووی کە تەنیا لەسەر داوای قازانج وەستاوە. لێرەشەوە بەهێزکردنی دیموکراسی و بەرگری لێکردنی —ئەم دوو هەنگاوەیش هەریەکەیان ئەوی تریان پشت ئەستوور دەکا بۆیە دەبێ پێکەوە بکرێن— پێش هەموو شت واتای قەڵاچۆکردنی ئەو ئایدیۆلۆجیایانەیە کە ڤایرۆسەکانیان لە ناوەوە و دەرەوەی کۆمەڵگەدا روو لەزیادبوون دەکەن، چونکە سنوور ناناسن.

هەموو ئایدیۆلۆجیا نادیموکراسیەکان وابەستەن بە ئایدیۆلۆجیای توندوتیژییەوە، چونکە قەت سڵ ناکەنەوە لە جاڕدانی پێویستی و رەوایی توندوتیژی مادەم لە بەرژەوەندییاندا بێ. هەربۆیە لە ئاکامدا ئەو مەترسییەی رووبەڕووی دیموکراسی دەبێتەوە هەمیشە مەترسیی توندوتیژییە، لەبەرئەوە بەرگریکردن لە دیموکراسی هەمیشە خەباتە لەدژی توندوتیژی و لەوێشەوە دژی ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی هەڵگری توندوتیژین.

ئەو مەترسیانەی رووبەڕووی دیموکراسی دەبنەوە تەنیا لەڕێی ئەو هزرە بەدانەی بڵاوبوونەوەیان بنەماکانی دیموکراسی هەڵدەتەکێنن، گوزارشت لە خۆیان ناکەن، بگرە بەتایبەت لەڕێی رێکخستنی هەندێ کاریشەوە دەبێ کە ئامانجیان لەقکردنی سەقامگیریی دامەزراوە دیموکراسیەکانە، کەواتە نابێ بەرەنگاریکردنی ئەو ئایدیۆلۆجیایانە تەنیا لە مشتومڕی فیکریدا کورت بکرێتەوە، بگرە دەبێ ململانە بێ. هەربۆیە پێویستە ئەو هاووڵاتییانەی لەسەر وەفاداریی خۆیان بۆ دیموکراسی ماون تواناکانی خۆیان بخەنە گەڕ و جەم ببن و خۆیان بۆ بەرەنگاری ئامادە بکەن. بەڵام لێرەیشدا پێویستە ئامرازەکانی خەباتی بەگریکردن لە دیموکراسی لەگەڵ بەها و بنەماکانی دیموکراسیدا تەبا بن، واتە ناتوندوتیژ بن.

بۆ بەرقەرارکردنی دیموکراسی پێویست بە گەڕانەوە دەکا بۆ بنەماگەلێکی هەمەگیر کە دان بە ماف و ئازادیەکانی هەموو مرۆڤێکدا بنێن و مسۆگەر بکرێن کە ناکرێ دەستیان تێ بخرێ. بەڵام لەبارێکدا هەندێکیان بۆ دامەزراندنی بناغەی

هاووڵاتیبوون، دەگەڕێنەوە بۆ هەندێ پێوەری تایبەت، چ نەژاد بێ یان ئایدیۆلۆجیا یان ئاین، ئەوا دیموکراسی پێشوەخت ریسوا کراوە. چونکە ئەو دۆخە پەرتەوازەیی و بەرهەڵستی و ناکۆکی دروست دەکا کە مەترسیی زۆر هەیە رۆژێ لە رۆژان تێك بچێ و کاری توندوتیژی لێ بکەوێتەوە. هاووڵاتیبوون نایەتە دی مەگەر لەنێو خەڵکانێك لە دەرەوەی هەموو جیاوازیەکانیان دان بەوەدا بنێن کە یەکسان و هاوشانن. لە کۆمەڵگە فرە نەژاد و کولتوورەکاندا کە کۆمەڵگەکانی ئێمەیش لەم جۆرەیە، هیچ دیموکراسیەتێك بەدی نایە تا مەرجەعگەلێکی ئەخلاقی دروست نەکەین کە بتوانێ بناغەی هاووڵاتیبوونێکی هاوبەش دروست بکا، تەنیا فەلسەفەیش دەتوانێ ئەو مەرجەعیەتە ئەخلاقییە هاوبەشانە دابهێنێ.

*** خۆبەڕێوەبەری**

*** دەوڵەت**

*** سیاسەت**

*** یاخیبوونی مەدەنی**

## رای گشتی

تێکۆشانی ناتوندوتیژانە بنیاتێکی دووجەمسەری bipolaireی نییە، بگرە سێ جەمسەرییە tripolaire چونکە کارەکە تەنیا لە رووبەڕوووبوونەوەی نێوان بەرەنگاریکاران لەلایەك و بڕیاربەدەستان لەلایەکی ترەوە کورت نابێتەوە، چونکە ستراتیجییەتی کاری ناتوندوتیژانە جەمسەرێکی سێیەمیش بۆ کێشەکە زیاد دەکان کە ئەویش "رای گشتی"یە بەوەیش "سێکوچکەی کێشە" دروست دەبێ. کەواتە سێ بکەر هەن: بەرەنگاریکاران، بڕیار بەدەستان و رای گشتی. شەڕی یەکلاکەرەوەیش بەدیاریکراوی شەڕی بەدەستهێنانی رای گشتییە. قایلکردنی بڕیاربەدەستان هەمیشە کارێکی زۆر سەختە نەخاسمە کاتێ بابەتەکە پێوەندی بە دەسەڵاتدارانی گشتییەوە هەبێ. راستە بڕیار بەدەستانیش هەر پیاوان و ئافرەتانی ئەوتۆن کەوەك هەر کەسێکی تر دەتوانن لە پێداویستییەکانی دادپەروەری بگەن، بەڵام لە هەمان کاتدا مەترسی ئەوە هەیە ببنە دیلی دەسەڵاتەکەیان و خۆیان بکەنە بارمتەی رێژیمێك بکەن کە ئەرکیانە بەرگری لێبکەن. جا ئەگەر قەناعەتیان بە دادپەروەریی پرسی ئەوانەی خەبات دەکەن نەهێنا و ملیان کەچ نەکرد، ئەوا دەکرێ لەژێر پاڵەپەستۆی رای گشتیدا بەناچاری ملکەچ بکەن. دیاریشە کە هێزی رای گشتی راستەوانە دەگونجێ لەگەڵ دیموکراسییەتی کۆمەڵگەدا.

هەروەها یەکێك لە ئامانجەکانی کاری ناتوندوتیژانەی خاوەن بەرنامە قایلکردنی رای گشتییە بە رەوایی ئەو خەباتەی دەستی داوەتێ، مەرجیش نیە مەبەست زۆرینەی هاوڵاتییان بێ، دەکرێ مەبەست لانی کەم کەمینەیەکی زۆر بێ. ئەوکاتە پێویستە بڕیاربەدەستانی دژبەر هەر داوەریکردنێکی رای گشتی لەبەر چاو بگرن تا پێگەی خۆیان لەلای ئەو خەڵکە لەدەست نەدەن. لە بەرژەوەندیی ئەواندایە وادەربکەن کە لەگەڵ رێکەوتن و رازیبوونن بە دانوستاندن لەگەڵ بزاوتی بەرەنگاری. لەبەرامبەردا ئەگەر بزاوتی بەرەنگاری شەڕی رای گشتی دۆڕاند و ئەمەی دووایی پشتگیری دەسەڵاتی کرد، ئەو کاتە دەسەڵات دەتوانێ ئەو داواکارییانەی خراونەتە بەردەمی فەرامۆش بکا و هەموو ئامرازەکانی سەرکوتکردنی بەردەستی بخاتەگەڕ، ئەو کاتەیش شکستی بەرەنگاریکردنەکە بە کردەوە دەبێتە شتێکی حەتمی.

کاری ناتوندوتیژانە لەرێی ئەو پەروەردەیەی دەیگرێتە بەر چانسی تەواوی لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی لە توندوتیژی کاراتر بێ بۆ بردنەوەی شەڕی رای گشتی، چونکە مەترسی زۆرە پەنابردن بۆ توندوتیژ رێزی بەرەنگاریکاران لای هاووڵاتیی ئاسایی شەقام کەم بکاتەوە. توندوتیژی ناڕازییان گۆشەگیر دەکا و ناڕەزاییش پەراوێز دەخا، هەروەها لە هەر خۆپیشاندانێکی شەقامدا بەشێکی زۆر لە خەڵك —کە ئەو پیاو و ئافرەتانەن لە توندوتیژی دەترسن یان وەك سەرەتا سەرکۆنەی دەکەن— دوور دەخاتەوە.

ئەگەر توندوتیژیمان بەکار هێنا ئەوا ناتوانین کۆڕ و گفتوگۆیەکی گشتی لەبارەی ئەو ستەمەی دژایەتی دەکەین ببەستین، بگرە دەبێ ئەو کۆڕە لەبارەی ئەو توندوتیژییەوە ساز بکەین کە خۆمان ئەنجامی دەدەین، بەدڵنیاییشەوە وێنەکانی ئەو کارە توندوتیژییانەی ئەنجامیان دەدەین لاپەڕەی یەکەمەکانی دەزگاکانی راگەیاندن داگیر دەکەن، چونکە ئەو کارانە سەر لە رای گشتی دەشێوێنن و کاردانەوەی نەیارانەی لا دروست دەکەن. توندوتیژی بەربەستێك لە نێوان بەرەنگاریکاران و رای گشتیدا دروست دەکا، ئەو بەربەستەیش دروستیی ئەو پرسەی شەڕەکەی لە پێناودا دەکرێ لە بەرچاوی رای گشتی دەشارێتەوە. توندوتیژی وادەکا بەرەنگاریکاران وەك" تێکدەر" دەربکەون، ئەوەیش پاساو دەداتە سەرکوتکردنیان، چونکە شتێکی مەنتیقییە تێکدەران باجی تێکدانەکەیان بدەن، هەروەها توندوتیژی دەرفەت دەداتە دەسەڵاتداران تا ناڕەزایی هاوڵاتییان بە" تاوان" دابنێ. من هیچ بەڵگەیەکم نییە ئەگەر لەبەر ئەنجامدانی کارێکی توندوتیژی بەند بکرێم، لە بەرامبەردا ئەگەر لەبەر کارێکی ناتوندوتیژانە بەند کرام دەتوانم ئەو هۆیانە دەربخەم کە منیان لەسەر گیراوە. ناتوندوتیژی رێگر نییە لە روودانی سەرکوتکردن، بەڵام ئەو سەرکوتکردنە لە هەر پاساوێکی راستەقینە بێبەش دەکا، ئەو کاتە ئەوە توندوتیژی

سەرکوتکردنە کە سەرکێشی بە ئابڕووبردنی دەسەڵاتداران دەکا، ئالێرەدا بژارەی ناتوندوتیژی تەنیا پرسی ئەخلاق نییە، بگرە پرسی واقیعییەت و کارایيشە.

هەروەها پێویستە ئەوە بزانین کە ئێمە تەنیا لە رووی ئاسانکاریی زمانەوانییەوە بەشێوەی تاك لە بارەی "رای گشتی"یەوە قسە دەکەین، ئەگینا لە راستیدا رای گشتی بەشبەشە: لە کاتی هەڵمەتی کارکردندا رای گشتی بۆ" چەند سەربازگەیەك" دابەش دەبێ، ئەویش بە پێی ئەو هاوهەڵوێستی و هاوسۆزی، یان خەمساردنی و دوژمنایەتییەی خەڵك بەرامبەر ئەو پرسەی بەرگری لێدەکرێ هەیانە. ئەگەر ئەو پێوەندیکردنەی لەرێی دەزگاکانی راگەیاندنەوە دەکرێ بە زۆری ئاراستەی هەموو کەرتەکانی رای گشتی دەکرێ بەبێ جیاوازی، ئەوا پێویستە هەندێ لە کارەکانی راگەیاندن و هۆشیارکردنەوە و گشتاندن بە شێوەیەکی تایبەت ئاراستەی ئەم یان ئەو کەرتی رای گشتی بکرێ، لەگەڵ رەچاوکردنی پێگەی ئەو کەرتەی پێوەندی بە رەهەندی ململانەکەوە هەیە.

# سڵەمێنی مەدەنی

دەبێ ڕێکخستنی بەرگریی مەدەنیی ناتوندویژانە، وەك هەموو سیاسەتێکی بەرگریکارانە، ئەوە بکاتە ئامانجی یەکەمی خۆی بەپێی توانا دەستدرێژیکار لە دەستدانە کارە جەنگیەکان دوور بخاتەوە. ڕۆڵی سڵەمێنی مەدەنی (الردع المدنی) کاتێ دەسەلمێ کە قەناعەت بە دژبەر بهێنرێ کە ئەگەر بڕیار بدا بچێتە سنوورەکانی ئەودیو خۆی، هەژمونی خۆی دووچاری مەترسییەکی ڕاستەقینە دەکا. لەوانەیە بەکرێگیراوانی دژبەرەکە بتوانن دزە بکەنە نێو ئەو زەوییانەی چاوی تێ بڕیون بەبێ ئەوەی زیانیان پێ بگا یان خەڵکەکەی تووشی تۆڵە لێسەندنەوە ببەن، بەڵام سەرباز و فەرمانبەران و سەرجەم ئەوانەی لەلایەن دوژمنەوە کاریان پێ سپێردراوە لەوانەیە سەریان هەڵبتەقێ بەو دوژمنکارییە ڕێکخراوەی دەسەڵاتدارە گشتیەکان و دامەزراوەکان و هاوولاتیانیش –کە ئامادە نین هیچ هاوکارییەکی بکەن– پێی هەڵدەستن، لەوکاتەدا سەرکێشی دەکەن بە تێوەگلان لە تۆڕەکانی "بەرەنگاریکردنی سیاسی" و ڕووبەڕووی مەترسیی کەمیی زانیارییان لەبارەی زەوییەکەوە دەبنەوە، بەو هۆیەشەوە تووشی توندترین زەحمەتی دەبنەوە لە کۆنترۆڵکردنی ئەو بەرەنگاریکردنە ناوخۆییە و قەت ئومێدی ئەوەیان نابێ لە ماوەیەکی ماقووڵدا لەناوی ببەن. سڵەماندنەوەکە کرداریی دەبێ کاتێ دەردەکەوێ مەترسییەکان گونجاو نین و ڕەهەندەکانی تەنگژەکە و ئەو زیانانەی چاوەڕوان دەکرێ لێی بکەونەوە لە دەسکەوتە چاوەڕوانکراوەکان قورسترن.

بۆ پشت ئەستوورکردنی ڕۆڵی سڵەمێنی مەدەنی، دەبێ لەیەك کاتدا تێچوونەکانی دەستدرێژییە چاوەڕوانکراوەکە زیاد بکرێن و دەسکەوتەکانی کەم بکرێنەوە. پێویستە بڕیاربەدەستی–دژبەر دەرك بە گەورەیی زیانە ئایدیۆلۆجی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دیپلۆماسیەکان بکا، کە بەهەموویانەوە سەرکێشی دەکەن بە هەژاندنی هەژموون و ڕێژیمەکەی، ئەمە جگە لەوەی بەئەندازەی لەدەستدانی ئومێد بە هەر تێوەگلاندنێکی خەڵکی وڵاتە دژبەرەکەدا، سەرکێشی بە بێوەرییبوونی خۆی دەکا لەو دەسکەوتانەی دەیەوێ لە دەستدرێژییەکەی دەستیان بخا. بەراوردکردنی ئەو تێچوون و زیانانە لەگەڵ ئەو دەسکەوتانەدا دەشێ پەشیمانی بکاتەوە لە دەستدرێژیکردنە سەر خاکی کۆمەڵگەیەك کە ئامرازەکانی بەرگریی مەدەنی جێبەجێ دەکا.

ئەگەر وا گریمانە بکەین –بەهەر حاڵ هەر ئەوەیش ئەگەری زاڵە– ئەو وڵاتە ئاسایشی خۆی تەنیا لەسەر بەرگریکردنی مەدەنیی ناتوندوتیژانە دانەمەزراندبێ، بگرە لە هەمان کاتدا خۆی بۆ بەرگریکردنی سەربازیش ساز بکا، ئەوا ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی سڵەمێنی مەدەنی، دەشێ "بەهایەکی زیادە" بۆ ڕۆڵی ڕاستەقینەی سڵەمێنی تێکڕایی کە لە شێوە جۆراوجۆرەکانی بەرگریکردن بەرهەم دێ، زیاد بکا.

*** بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە**

## باج نەدان

نابێ بە هەمان بنەمای باج خۆی پاساو بدرێتە رەتکردنەوەی باجدان. شتێکی رەوا و پێویستە ئەندامانی کۆمەڵ بەشداری لە پارەدارکردنی کاری دەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان بکەن، چونکە کاتێ لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا باج دەدرێ، ئەوە جێبەجێکردنی ئەو هاوهەڵوێستییەیە کە پێویستە ئەندامانی گرووپێکی سیاسی پێکەوە ببەستێتەوە. بەڵام دیموکراسی وا دەخوازێ هەموو هاووڵاتیەك بەرپرس بێ لە بەکارهێنانی حکوومەت بۆ ماڵی گشتی کە لە کاری رۆژانەی ئەوەوە دەستی کەوتووە. ماف و بگرە ئەرکی هەر هاووڵاتیەکە چاودێریی خەرجە گشتیەکان بکا بە رێکتر و کاراتر لەوەی تەنیا پێنج شەش سالٚ جارێك دەنگ بدا بەو کاندیدانەی خۆیان بۆ سەرکردایەتیکردنی وڵات کاندید کردووە. کارێکی رەوایە بەشێك لە باج نەدرێ کە بۆ ستەمێك خەرج دەکرێ کە نامانەوێ دەستمان تێیدا هەبێ و بەنیازین سەرکۆنەی بکەین و بەئاشکرا بەگژیدا بچینەوە. دەکرێ نەدانی بەشێك لە باج یان هەمووی لە دوو روانگەی جیاوازەوە وێنا بکرێ. سەرەتا پێویستە ئەو ستەمە رابگیرێ کە ئێمە خۆمان قوربانیی ئەو ستەمەین، بۆ نموونە کاتێ باج بەشێوەیەکی زۆر ستەمکارانە بەسەر توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا دەسەپێنرێ، قوربانییانی ئەو ستەمە بۆیان هەیە ئەو باجە رەت بکەنەوە تا حکوومەت ناچار بکەن لەگەڵیان بەویژدان بێ.

بەپلەی دووەمیش لەوانەیە وا پێویست بکا مرۆڤ بەرهەڵستیی بڕیارێکی ستەمکارانەی حکوومەت بکا، ئەویش بە رازینەبوونی بە پارەدارکردنی ئەو ستەمە بە پارەی باخەڵی خۆی و گرتنەبەری هەر رێگەیەك لەتوانایدا بێ بۆ ناچارکرنی دەسەڵاتداران تا لەو بڕیارە پاشگەز ببنەوە. کاتێ دەردەکەوێ ئەو ئامرازانەی چاودێریکردن کە یاسا دیاری کردوون بەس نین و کەڵکیان نییە، ئەو کاتە رێگەی باجنەدانی "نایاسایی" دەرفەت دەداتە هاووڵاتیان بۆ چاودێریکردنێکی کرداریی حکوومەت. لەم حاڵەتەیشدا واباشە ئەو پارەیەی لە باجنەدان "پاشەکەوت"یان کردووە، لای خۆیان هەڵی نەگرن، بەڵکو بیدەنە ئەو رێکخراو و کۆمەڵانەی راستەوخۆ بەشداری دەکەن لە قەڵاچۆکردنی ئەو ستەمەی پێویستە سەرکۆنە بکرێ، یاخۆ بەرنامەی جێگرەوە جێبەجێ دەکەن. لێرەشدا پێویستە لەوکاتەی بەرنامەی هاوکاری نەکردن لەگەڵ ستەم جێبەجێ دەکرێ، بەرنامەیەکی بنیاتنەریش بۆ بەرقەرارکردنی دادپەروەری رێك بخرێ.

بەڵێ حکوومەت هێندە دەست و پێ سپی نییە و ئامرازی سەرکوتکردنی ئەوتۆی لەدەستدایە دەتوانێ لەرێی رێوشوێنی دەست بەسەرداگرتنی کرێ و موڵکەکانەوە ئەو بڕە پارانەی نەدراون بگێڕێتەوە، ئەمە جگە لە غەرامەکردن و تەنانەت سزای گرتنیش کە لەوانەیە بەرۆکی ئەو باجدەرانە بگرێ کە باج نادەن، بەڵام لەبەرئەوەی مەبەست لە باجنەدانەکە زیاتر کاریگەریی سیاسییە نەك دارایی، ئەوا دەشێ ئەو سەرکوتکردنە دۆخەکە ئاڵۆزتر بکا. لێرەشدا ژمارەی ئەو کەسانەی بە کارەکە هەڵدەستن هێز و کاریگەریی پێویستی پێ دەبەخشێ.

*** بەرنامەی بنیاتنەر**

*** یاخیبوونی مەدەنی**

*** هاوکاری نەکردن**

# گیانی بەرگری

یەکێك لە خراپترین ئەنجامەکانی –بەکردەوە– سپاردنی ئەرکی بەرگریکردن لە کۆمەڵگە، بە یەك دامەزراوە کە سوپایە، بریتیە لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییە لەسەر شانی هاوڵاتییان –بە پیاو و ئافرەتەوە– و ئامادەنەکردنیانە بۆ هەستان بە رۆڵی سەرەکیی خۆیان کە چاوەڕوان دەکرێ لە پارێزگاریکردنی لە دیموکراسیدا ببینن. بێگومان گوتاری رەسمی لەبیری ناچێ جەخت لەوە بکا بەرگریکردن پێویستە" پرسی هەمووان" بێ و بەرگریکردنی سەربازی خۆی هیچ بەهایەکی نییە بەو ئەندازە نەبێ کە لەلایەن گەلەوە جێی پەسەندکردنە. بەڵام ئەو "گیانی بەرگری"یەی بەم واتایە لەسەر هاوڵاتییان پێویستە، جۆرێکە لە قبوڵکردنی نەرێنیی ئەو بڕارانەی کە دەستەکانی ئەرکانی سیاسی و سەربازی کاریان پێدەکەن، کە لە هەر گفتوگۆیەکی دیموکراسیانەی راستەقینە دێنە هەڵاوێردن، نەك لە روانگەی راپەڕاندنی بەرپرسیاریەتییەکی راستەوخۆی خۆیانەوە بێ لە رێکخستنی بەرگریکردن لە کۆمەڵگە.

زۆربەی ئەو قسانەی کە بەرەسمی لەبارەی گیانی بەرگری لای هاووڵاتییان دەکرێن، لە راستیدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئامانجیان بەهێزکردنی پێوەندیی نێوان سوپا و نەتەوەیە، هەروەها هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان بە پێداویستییەکانی بەرگریکردن دەچێتە چوارچێوەی تەسك و نەگونجاوی رێکخستنی سەربازییەوە. سروشتی ئەم بەستنەوەیەش، کە لە هەمان کاتدا تیۆری و پراکتیکییە، دەشێ برەوپێدانی گیانی بەرگری بەشێوەیەکی ترسناك پەك بخا.

بۆ ئەوەی بتوانرێ هەستی بەرپرسیایەتی لای هاوڵاتییان –بە ژن و پیاوەوە– لەبارەی ئەرکی سەرشانیان لە بەرگریکردن بە شێوەیەکی راستەقینە ببزوێنرێ، ئەوا کرداریترین رێگە ئامادەکردن و رێکخستنیانە لە چوارچێوەی دامەزراوەگەلێکی مەدەنیدا کە ئەدای دیموکراسییانەی کۆمەڵگە مسۆگەر بکا. بۆ هاندانی گیانی بەرگری لای هاوڵاتییانیش پێویستە بەرگریکردن سیڤیلایزە بکرێ نەك خەڵکە سیڤیلەکە میلیتاریزە بکرێ.

شتێکی گونجاو نییە بەرگریی مەدەنی لەڕێی نامەرکەزییەتی رێکخستنی سەربازییەوە رێك بخرێ، بگرە دەبێ لەرێی "لەناوەندخستن" decentrationی ئەو رێکخستنەوە بێ (واتە لادانی لە ناوەن) و "بەناوەندکردن" recentrageی دامەزراوە مەدەنییەکان (گێڕانەوەیان بۆ ناوەند)ەوە بکرێ.

ئالێرەدا جێی خۆیەتی زمانی نموونەگەرای ئەخلاقی بەکار بێنین کە کار لەسەر کوتکردنەوەی ئەرکی بەرگریکردن لای هاوڵاتییان دەکا بۆ "گیان"ێك، واتە بۆ خۆبەستنەوە بەو "بەها"یانەی دامەزرێنەری شارستانێتین و بە " ئیرادە"ی بەرگریکردن لەو بەهایانە کاتێ گریمان دەکرێ رووبەرووی هەڕەشە ببنەوە.

ئامانجی راستەقینە بەرگریکردنە لەو دامەزراوە سیاسییانەی ئەو بەهایانە بەرجەستە دەکەن و لە مێژوودا جێگریان دەکەن، واتە ئەو دامەزراوە دیموکراسییانەی کە ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵییەکان دەستەبەر دەکەن. جگە لەمەیش کارێکی بێهودەیە لە هاوڵاتییان– بەپیاو و ئافرەتەوە– چاوەڕێ بکەین ئیرادەی بەرگریکردنی خۆیان دووپات بکەنەوە بەبێ ئەوەی کۆمەڵگە ئامرازی بەرهەستیان بۆ بەرگری لە خۆکردن بە شێوەیەکی مەدەنی پێ ببەخشێ.

پێویستە خەڵك پێشوەخت خۆیان ئامادە بکەن بۆ کارەکانی ستراتیجییەتێکی مەدەنیی بەرگریکردن لە بەرامبەر هێزێکی دەستدرێژکاری شیمانەکراو –جا دەستدرێژیکارە لە دەرەوەی سنوورەوە هاتبێ یان لە ناوەوە– بە شێوەیەك رێگەی پێنەدرێ بە ئامانجی خۆی بگا.

گیانی بەرگری باشتر دەتوانێ خۆبەخشان جەم بکا ئەگەر ئەو ئەرکانەی بە مەدەنییەکان دەسپێردرێ لە چوارچێوەیی ئەو پێکهاتە ئیداری و کۆمەڵاتی و ئابووری و سیاسییانەدا بن کە کاریان تێدا دەکەن، بەوەیش ئامادەکاری بۆ بەرگری مەدەنی لە چوارچێوەی پێوەستی و پێکەوە گونجانێکی تەواودا دەبێ لەگەڵ ژیانی هاووڵاتییان لەو دەزگایانەی وەك هاووڵاتی

بەرپرسیارییەتیەکانی خۆیانی تێدا رادەپەڕێنن، چونکە ئەو گیانی بەرگرییەی پێویستە هەیانبێ دەبێ لە نێو گیانی هاوڵاتیبووندا ریشە دابکوتێ، کە زیندووێتی بە چالاکییە رۆژانەکانیان دەدا .

*** بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە**

*** سڵەمێنی مەدەنی**

# ڕۆحانیەت

مرۆڤ بوونەوەرێکی میتافیزیکییە، خواستێکی ڕۆحانی لەناخیدایە کە دەشێ تامەزرۆیی بۆ تێپەڕاندنی خودی خۆی تێر بکا. ڕۆحانیەتێك نەبووبێتە دیلی سیستمێکی فیکریی بەستوو و زادەی بناتگەلێکی زەینیی دەستکرد و لە واقیع داینەبڕێ، بگرە بەڕووی نهێنیی جیهانیدا بکاتەوە. مرۆڤی ڕۆحانی لە ئەنجامی گەڕانی بەدوای واتادا، بەرەو ئەوە دەچێ بەڕووی بیر و هەستی گەردوونی و پرسیارکردن لەبارەی ئەزەلییەتەوە بکرێتەوە. یەکێك لەو کۆسپە سەرەکییانەی پێویستە لەو کاروانەدا خۆی لێ لابدرێ کۆسپی جیاکردنەوەی هزر و کار، ڕامان و پابەندبوونە. هەر بۆیە جێی خۆیەتی پارێزگاری لە گرژیی نێوان ئەو دوو جەمسەرە بکرێ، با هەریەکەیان بەوی ترەوە جۆش بدرێ و لەسەری بوەستێ و ببنە هاوجومگە. "کار"ی ڕووت کوێرە، چونکە تووشی هەموو گومڕایی و پشێوییەکان دەبێ. "ڕامان"ی ڕووتیش دەستەپاچەیە، چونکە سەرکێشی بە ڕازیکردنی جوانیخوازییەوە دەکا و لە کارکردن پاڵ دەداتەوە.

مرۆڤ پێویستییەکی زیندووی تێدایە بۆ بڵندبوونەوە transcendence، بەڵام نابێ تا وادەیەکی دیارینەکراو چاوەڕوانی ئەو بڵندبوونەوەیە بێ لە ئاسمان، چونکە ئەوە لە دەرەوەی مرۆڤ نییە، بڵندبوونەوە نهێنیی مرۆڤە، نهێنیی مرۆڤیش لە مرۆڤدایە، بەڵام لەو بڵندتر دەبێ.

ئەو ژیانەی کۆمەڵگەی بازاڕ دەیخاتە بەردەم تاك لە واتادا هەژارە و ئەوەیش کەمایەسیەکی ڕۆحییە. دامەزراوە نەریتیەکان، چ سیاسی و چ ئاینیەکان، بەشێکی گەورەی ڕەسیدی خۆیانیان لەدەست داوە. ئەوانە چۆن دەتوانن لەکاتێکدا بەخۆیان و مانی خۆیانەوە سەرقاڵن و هەروەها لاواز و بێ ڕووگەن، ئەو قووتە ڕۆحییە بۆ مرۆڤ دەستەبەر بکەن کە زۆر پێویستی پێیەتی؟ ڕێگەی حیکمەت کە واتا بە بوون مێژوو دەبەخشێ، پشتی کردووەتە ئەو هۆشدارییەی مەترسی کە ژمارەیەك لە لاوان چی تر لە دەرگاکانی نادەن و بۆ هەڵاتن لە واقیع عەوداڵی گەڕانن بەدوای هەستکردنێکی وەهمی بە تێپەڕاندنی خود و لە بەهەشتێکی دەستکردا بەدوای شتێکدا دەگەڕێن کە لە واتا بچێ. بەڵام لەواقیعدا خۆیان لەبەردەم بۆشاییەکی بوونەکی (ئەنتۆلۆجی)دا دەبیننەوە کە لاوازیان دەکا و تێکیان دەشکێنێ. لە هەمان کاتدا زانست سەردەکەوێ و گژبەریی نوێ بۆ خۆی پەیدا دەکا. ڕۆشنبیریی زانستی لە جێبەجێکردنەکانیدا بەتەواوی دەدرەوشێتەوە، بەڵام لەبەردەم خواستە ڕۆحیەکانی مرۆڤدا کوێر و کەڕ و لاڵە. جگە لەوەیش فەلسەفە بووەتە زانستی مامۆستاکان و وا خەریکە ڕێگەکانی حیکمەت بەجێ دێڵێ، لەگەڵ ئەوەی ئەرکی ڕاستەقینەی بایەخدانە بە خواستە ڕۆحیەکانی مرۆڤ.

جیهان لە بەرچاوی مرۆڤدا بە شێوەیەکی بێسنوور کراوەتەوە و بە شێوەیەکی بێ پێشینە گژبەریی مرۆڤ دەکا. لەبەردەم ئەم کۆمەڵگا لەخۆڕازییەدا، بەنزمی و سووکی و نکوڵیکردن و کارە توندوتیژیەکانیەوە، بێگومان هەڵفریواندن زۆرە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیە هەڵبێ و بەسەر خۆیدا بشکێتەوە و هەندێ گوڵی نامۆ بە ڕۆحانیەتێك کە بەرەو پووکانەوە دەچێ، بچێنێ.

هەڵوێستێکی لەم جۆرە دوورە لە ئەزموونکردنی واقیع و ژیان. ئەوە "کفری ڕۆحی"یە کە شکستی کارەکانی مرۆڤ بکەینە بیانوو و ملکەچی داڕوخان و جەور و ستەمی جیهان ببین و لە پاکییەکی خۆ بەباڵازاندا دەرگا لەسەر خۆمان دابخەین. کاتێ ڕۆحانیەکان بە نائومێدیی سیاسیەکان ڕازی دەبن، ئەوا خۆیشیان ڕێڕەوی ترسنۆکەکان دەگرنە بەر، چونکە ئومێدی ڕۆحی دەشێوێ ئەگەر بیتو لە واقیعدا بەرجەستە نەبێ، لەبەرئەوەی قەت نابێ ڕۆحانیەت خۆی لە بەرپرسیاریەتیی سیاسی، واتە لە بەرپرسیاریەتیی مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤەکەی تر بدزێتەوە، بەتایبەت بەرامبەر ئەو کەسەی ستەم سەرکوتی دەکا یان توندوتیژی ئازاری دەدا.

فەلسەفە کە بایەخ بە خواستە ڕۆحییەکانی مرۆڤ دەدا، دەیەوێ داناییەکی کرداری بێ، واتە لە مرۆڤ بخوازێ کە لە بۆتەی جیهاندا کار بکا. لەبەرامبەر تەنگژەی کۆمەڵگە و نەمانی متمانە بەو حزبانەی سیاسەتیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە، هەروەها

مایەپووچبوونی هەموو پرۆژەیەکی شۆڕشگێری، هەڵفریواندن لای هەندێکیان هێندە گەورەیە کە هەستی دەستەپاچەیی و گۆشەگیری و گەڕانەوە بۆ ناوەوەی پەتیی خۆیان لەلایان بەهێز بکا. بەڵام ئەم ڕێگەیە داخراوە، چونکە مرۆڤ لە پەراوێزی مێژوودا و دوور لە ئەزموونکردنی واقیع هەڵدەسوڕێنێ و وای لێدەکا دەست لە هەموو کارکردنێك بشوا.

لەوانەیە شتێکی زۆر زیانبەخش بێ کە مرۆڤ بۆ دوو دەستە دابەش ببێ: خەڵکانێك لافی بەرجەستەکردنی بەها ڕۆحیەکان لە ژیانی خۆیاندا لێ بدەن و خۆیان لە تێوەگلان لە "بێنرخی"یەکانی سیاسەت دوور بگرن، خەڵکانێکی تریش چاویان لە سیاسەتکردن بێ و بەبیانووی "واقیعیەت" خۆیان لە هەر بایەخدانێك بە ئەرکە ڕۆحیەکان ببوێرن. ئەمەیش دابڕانێکی خراپە و لەلایەکەوە کەسانێکی ئایدیالیستی بێگەرد و لەلایەکەی تریشەوە "کەلبی"یانی (٨) ڕاستەقینە بەرهەم دێنێ. تا ئەو بۆشاییەش بەدەوام بێ "کاروباری دنیا" تا بێ بەرەو خراپی دەچێ.

دەبێ بە یەکجاری دەست لەو بیرۆکەیە هەڵبگیرێ کە بەرجەستەبوونی ڕۆحی لەڕێی خۆدزینەوە لە کارکردنەوە دێتە دی. ئاخر مرۆڤ چۆن دەتوانێ ڕۆحانیەتی خۆی بەدی بێنێ ئەگەر لە گۆڕەپانە گشتیەکانی شارەکاندا سەرکێشی نەکا و نەچێ بۆ دیداری مرۆڤەکانی تر؟ کاری سیاسی گەمە نییە، بگرە ساتێکی تایبەتە کە ڕاستگۆیی ڕۆحی تێدا تاقی دەکرێتەوە. شەرەفی کارکردن نرخێکی ڕۆحییە. هەر جیاکردنەوەیەکیش لەنێوان سیاسەت و ڕۆحانیەتدا جگە لە لادانی هەردووکیان هیچی تر نابێ. ناکرێ هیچکام لەو دوو جەمسەرە بەتەنیا بێ یان بەسەر جەمسەرەکی تردا زاڵ ببێ. پێویستە ڕۆحانیەت و سیاسەت یەك بگرن بەبێ ئەوەی تێکەڵ ببن.

لە ڕۆهەڵات و هەروەها لە ڕۆئاوا، زۆر پیاوی ئاینیی درۆزن کە لە ژمارە نایەن، لافی ئەوە لێدەدەن لە دەرەوەی کێشەکان، لە پەراوێزی مێژوودا و دوور لە دەمەتەقێ و شانەخرێ سیاسیەکان، دوور لە ژاوەژاوی دنیا و شێتبوونە ناوبەناوەکانی، خەڵك فێری ڕۆحانیەت دەکەن. خەڵکانێك هەن لەوە زیاترن بێنە ژماردن، بەناوی ڕۆحانیەتێکی پەتییەوە لە بایەخی کێشە و ململانە کەم دەکەنەوە بەپاساوی ئەوەی کێشە لەباتیی ئەوەی مرۆڤەکان یەك بخا پەرتیان دەکا. زۆرجار ڕۆحانیەت چاکەکردن لەگەڵ هەژارانی هەڵبڕیوە و سەرکێشی کردووە بە پشتگوێ خستنی بەرقەرارکردنی دادپەروەری بۆ سەرکوتکراوان. بەهەمان شێوە بەناوی پاراستنی هاوئاهەنگییەوە سەریان کێشاوە بۆ فێرکردنی ڕەتکردنەوەی خۆ گلاندن لە کێشەکان. بەڵام وێنایەکی لەم جۆرە بۆ هاوئاهەنگی وێنەیەکی فریودەرە، چونکە بەکردەوە ئەو ستەم و پاشاگەردانیەی لەئارادایە جێگیر دەکا، چونکە کێشە هاوئاهەنگی ناشکێنێ، بگرە دروست و جێگیری دەکا.

نەخێر، ئەوەی مرۆڤەکان پەرت دەکا نە کێشەیە و نە ململانە، بەڵکو ستەم و خەمساردییە. ئەرکی کێشە هێنانەکایەی هەلومەرجی دادپەروەرییە کە تەنیا ئەوە دەتوانێ مرۆڤ یەك بخا. "ڕۆحانیەکان" بە خۆ بزرکردنیان لە کێشەکان، نەیانتوانی خۆیان لە ناتوندوتیژی نەبوێرن و بەباشی تێی نەگەن. بەدڵنیاییەوە لە چەندان بۆنەدا کەمتەرخەمییان نەکردووە لە قسەکردنی زۆر لەبارەی خۆشەویستی و بەباڵادا وتنی توانا هەمەگیرەکەی، بەڵام لەبەرئەوەی قسەکانیان، تەنیا قسەی رووت بوون، هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕووداوەکان نەبووە. لەو سەروبەندەیشدا کێشەکان لە ئاڵۆزبوون بەردەوام بوون و دوور نەبووە دەرگا بەڕووی ترسناکترین کاری توندوتیژیدا بکاتەوە. بەڵام لەکاتێکدا ڕۆحانیەکان خۆیانیان لە کێشەکان نەبان دەکرد، ئەو کێشانە خۆیانیان لەوان نەبان نەدەکرد، چونکە ڕۆحانیەکان لەوکاتەی کێشەکان بەرۆکی دەگرتن، زۆربەی جار هیچ چارێکیان نەبوو جگە لەوەی خۆیشیان پەنا بۆ توندوتیژی ببەن. بەوەیش توندوتیژییان بۆ خۆیان قبووڵ کرد و ئاکامەکەیشی بەزۆری شەرعیەت پێدانی بووە.

"ڕۆحانیەکان" ئەو سەنگەرەیان لە ریزی پێشەوەی بەرەنگاریکردنی توندوتیژیدا چۆڵ کرد کە دەبوو ئەوە شوێنی ئەوان بێ. ئەو خۆبزرکردنەیش لە هەڵاتنەوە نێزیکترە. سەرەنجام توندوتیژییان بەباشی نەناسی، چونکە ناسینی توندوتیژی واتای داننانە پێیدا وەك توانایەك لە تواناکانی مرۆڤ کە بەشێوەیەکی ریشەیی سەرپێچی لەو ئەرکە ڕۆحییە دەکا کە

مرۆڤایەتییەکەی دروست دەکا. توندوتیژی هەڵوێستێکە رۆحانیەت رەت دەکاتەوە وەك توانایەکی مرۆڤ لە پێشوازیکردنی لە مرۆڤەکەی تر لە چوارچێوەی رێزگرتنی "جیاوازبوون"ەکەیدا. چاکیی پێشوازیکردن لەوی تر ئەو کردارەیە کە بناغەی ناسنامەی خودیی من دادەنێ: خۆشویستنی ئەوی تر خۆشویستنی خۆمە. ئەو "ئەوی تر"ەی لەبەرچاومدا دەردەکەوێ هەر "من خۆمم" لە وێنەیەکی تردا و توندوتیژی بەرامبەری، لێدانی ئەو کەسەیە کە من دادەڕێژێ. ئەوەی توندوتیژی بناسێ رقی لێی دەبێ و پلاری لێ دەگرێ و دەری دەکا و بەهەمان جووڵەیش ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ. جەوهەری رۆحانیەت دوورخستنەوەی هەر جۆرە ئەگەرێکی پێوەندییە لەگەڵ توندوتیژی.

رۆحانیەتی ناتوندوتیژی مرۆڤ بانگ دەکا بۆ کارکردنی دروست و کاریگەر لە بۆتەی دنیادا. ستراتجیەتی کاری ناتوندوتیژانە دەیەوێ هاوسەنگی لەنێوان ئەرکە رۆحیەکانی ژیان و کۆت و بەندەکانی ژیانی سیاسیدا بکا. ناتوندوتیژی وەك فەریزەیەکی رۆحی لە هەمان کاتدا فەریزەیەکی کرداریشە، چونکە بنەمای ناتوندوتیژی تەنیا دەست کۆتاکردن لە پەنابردن بۆ توندوتیژی دژ بەوانی تر لەخۆ ناگرێ، بگرە قەڵاچۆکردنی ئەو ستەمەیشە کە ئازاری مرۆڤەکەی تر دەدا. ناتوندوتیژی رێکارێکە کە ئامرازگەلی کرداریمان دەداتە دەست بۆ بەگژاچوونەوەیەی کاریگەری ستەمکاری. بەڵام بە ئەندازەی ئەوەی جێی خۆیەتی جەخت لە مۆرکی جیهانیانەی ناتوندوتیژی وەك فەریزەیەکی رۆحی بکرێ، بە هەمان شێوە پێویستیشە دان بە مۆرکی رێژەییانەی ناتوندوتیژی وەك رێبازێکی کاری سیاسی بنرێ.

فەریزەی ناتوندوتیژیی فەلسەفی خۆی لەخۆیدا وەڵامێکی راستەوخۆ و دەستبەجێی پرسیاری چۆنیەتیی کارکردنی راستەقینە لە بارودۆخی مێژوویی کات و ساتدا ناداتەوە، بەڵام دەرفەت بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی دروستدا دەڕەخسێنێ. مۆرکی رێژەیی کاریگەریی کاری ناتوندوتیژانە مۆرکی رێژەییبوون بە ئەرکی ناتوندوتیژیی رۆحی — کە بناغەی مرۆڤایەتیی مرۆڤ دادەڕێژێ و قاڵبی پێ دەبەخشێ— نادا، چونکە تەنانەت ئەوکاتەیش کاریگەریی کاری ناتوندوتیژانە دەگاتە ئەوپەڕی و تەنانەت کاتێکیش شکست دێنێ، فەریزەی ناتوندوتیژی هەروەك خۆی دەمێنێ و لە ئەنجامی ئەوەدا توندوتیژی شەرعیەت بەدەست ناهێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر واش دیار بێ توندوتیژی "پێویست"ە، بەڵام بەوە نابێتە کارێکی رەوا. بژارەی ناتوندوتیژی خۆی لەخۆیدا رەهەندێکی رۆحی بەکاری مرۆڤ و واتایەك بە بوونی دەبەخشێ.

*** فەلسەفە**

# بەندیخانە

کۆمەڵگە ماف و هاوکات ئەرکی سەرشانیەتی بە "ناچارکردنێکی جەستەیی" ئەو کەسانە جەڕ بدا کە سیستمی گشتی تێك دەدەن، بەشێوەیەك توانایان بۆ زیان پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ببەستێتەوە و بەکردەوە شەڕیان لە خەڵك دوور بخاتەوە. ئامانجی سزادان لەسەر تاوان کە ئازادیی ئەنجامدەرەکەی لەڕێی بەندکردنیەوە سنووردار دەکا، ڕێگرتنە لە رووداني کەتنی نوێ بە ڕێگرتن لە گەڕانەوەی کەتنکار بۆ تاوانەکە لەلایەك و بەزۆر دوورخستنەوەی ئەوانەی قابیلەتی هێزەکییان تێدایە بۆ لادان لەوەی  بگوازنەوە بۆ کردارەکە لەلایەکی ترەوە.

پێویستە ئامانج لە سزادان –بەتایبەت بەندکردن کاتێ روون دەبێتەوە پێویستە– جۆشدانەوەی کەتنکارەکە بێ لەگەڵ کۆمەڵگەدا، واتە سەرلەنوێ گونجاندنەوەی لە رووی کۆمەڵایەتیەوە **re-socilisation**، بەڵام ئێستە بەگشتی هەموو شت بەشداری دەکا لەوەی بەندیخانە بکرێتە شوێنی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی، واتە شوێنی نەگونجاندنی کۆمەڵایەتی **de-socilisation**، هەلومەرجی بەندکردن لە بەندیخانەدا چەندان ئاکامی خراپی لەسەر کەسایەتیی بەندییەکە دەبێ، چونکە هێشتا بەندیخانە تۆڵەسزایەکی جەستەییە کە کەرامەتی دەڕووشێنێ. لەڕێی قەدەغەکردنی بەندی لە هەر جۆرە پەیوەندیکردنێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوانی تر و داڕنینی لە هەر بەرپرسیاریەتێك، رەفتاری پاشەکشەی بەسەردا دەسەپێنرێ و بەرەو لەبەریەك هەڵوەشاندنی کەسایەتی دەبا. بەندیخانە شوێنێکی نامرۆڤانەیە مرۆڤایەتیی بەندی دادەبەزێنێ. بۆیە کاتێ ئازادیش دەکرێ زۆر بەئاستەم دەتوانێ شوێنی خۆی لە کۆمەڵگەدا بگرێتەوە. ئەوە راستییەکە هەموو لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە و ئامارەکانی بەندیخانەیش دووپاتیان کردووەتەوە کە: بەندیخانە قوتابخانەی فێربوونی گەڕانەوەیە بۆ تاوان.

جگە لەوەیش سزای بەندکردن، لە زۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا، ئەو کاریگەرییە سڵەماندنەوەی لەسەر کەتنکار نەبووە کە چاوەڕوان کراوە، لە دەرەنجامیشدا سرووشتییە بەندیخانە کاریگەری لەسەر ئەوانە بەجێ بێڵێ کە لەبنەڕەتدا حەزیان لە لادان نییە. ئەی کەواتە  ئەگەر گومان لەوەدا نییە بەندکردنی "کەتنکارە بچووکەکان" شیمانەی دووبارەبوونەوەی تاوان زیاتر دەکا، ئەی بۆچی هێشتا دادگەکان دەیاننێرن بۆ بەندیخانە؟ راستە ئەوان یاسا جێبەجێ دەکەن، بەڵام ئەی کوا ئازادییان لە بیرکردنەوەی داوەرییانەدا؟ هەموو شت وا بەڕێوە دەچێ وەك ئەوەی دادوەرەکان خۆیشیان دیلی ئایدیۆلۆجیای بەندکردن بن و دەترسن لەوەی رای گشتی تۆمەتی "بوونە هۆ"یان بەڕوودا بەرز بکاتەوە.

لەبەردەم شکستی ئاشکرای نەهێشتنی لادان لەڕێی بەندکردنەوە، کۆمەڵگە رووبەڕووی گژبەرییەك دەبێتەوە کە بریتییە لە خستنەکاری چارەسەرە کۆمەڵایەتیەکەی. دەبێ بەندکردن دواین ئامراز بێ پەنای بۆ ببرێ بۆ بەستنەوەی "گەورە کەتنکاران" کە دەسەلمێ مەترسییان بۆ سەر ژیانی گشتی هەیە. هەرچی ئەوانی ترن –کە زۆرینەن– بەدڵنیاییەوە دەکرێ نەسپرێنرێنە داڵانەکانی سیستمی سزادان، ئەویش لەڕێی "گۆڕینی قەزایی"یەوە: مەبەست تەنیا دوورخستنەوەیان نییە لە بەندکردن، بگرە مەبەست دادگەیی نەکردنیشیانە بە هەڵپەساردنی رێوشوێنە قەزاییەکان. ئەوکاتە ئەرکی "میانگیران"ە هەوڵ بدەن ئاشتەواییەك لەنێوان کەتنکارەکان و قوربانییەکانیاندا بکەن. بەوەی ئەو ئامانجەی پێویستە پێی بگەین، لە بابەتی ئەو سەرپێچییانەی بەرامبەر موڵك و ماڵەکان کراون (دزی و کاری تێکدان) گێڕاندنەوەیانە بۆ خاوەنەکانیان، چاك بکرێنەوە یان قەرەبووی زیانەکان بکرێتەوە. ئەگەر میانگیرییەکە بە بنبەست گەیشت ئەوکاتە رێوشوێنی قەزایی پێویستە، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا سزاکان ئازادی زەوت ناکەن، بەڵکو بریتی دەبن لە سەپاندنی ئەنجامدانی هەندێ کار بۆ بەرژەوەندیی گشتی کە ببنە بەربەست جێگرەوەی بەندکردن.

هەرچی ئەو کەسانەن دەسەلمێ گرتنیان پێویستە، ئەوا دەبێ ئامانج لەو کارە شیاندنەوەیان بێ لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە. وایش باشە واز لەو بەندیخانانە بهێنرێ کە سەدان بەندی دەگرن، تاکە پێوەر لە رێکخستنی ئەو بەندیخانە ناوەندییانەدا

ڕەچاو کراوە، باش پاسەوانیکردنیانە و ئامانجیش ڕێگرتنە لە هەڵاتنی بەندییەکان. لەو هەلومەرجەدا تەواوی ژیانی بەندی دەکەوێتە ژێر لۆجیکی سەرکوتکردن و هیچ شتێك کار بۆ جۆشدانەوەی ناکا. وا گونجاوترە یەکەی بەندکردنی بچووك بچووك دروست بکرێ و بەهەندیٚ ڕێوشوێنی چارەسەرکردنی کۆمەڵایەتی پاڵپشتی لە ڕێوشوێنە ئەمنیەکان بکرێ. بەڵام بەرنامەیەکی لەم شێوەیە دەخوازێ هاووڵاتیان خۆیان لە بەرپرسیاریەتییان نەدزنەوە بەوەی داوا لە دەوڵەت بکەن لادەران لە پشت بەرزترین دیوارەوە بەند بکەن، بگرە ئەرکی سەرلەنوێ جۆشدانەوەیان بگرنە ئەستۆ.

تەنانەت بەدرێژایی ماوەی بەندکردنەکەیشی، بەندییەکە هێشتا هەر هاووڵاتییە و پێویستە وەك هاووڵاتییەك ڕێزی مافەکانی بگیرێ بە مافی ژیانی تایبەتی خۆیشیەوە، ئەو سزایەی پێویستە بیچێژێ تەنیا بەندکردنە و هیچی تر. تاکە شت لێی قەدەغەیە قەدەغەکردنیەتی لە ئازادیی هاتوچۆ، لەوە بەدوا لەبری ئەوەی جگە لە شتە نائاساییەکان هەموو شتێکی لێ قەدەغە بکرێ، پێویستە ڕێگەی هەموو شتێکی پێ بدرێ جگە لە شتە نائاساییەکان.

ئەو هاووڵاتیەی دەچێتە نێو یاخیبوونێکی مەدەنی بەدەستی ئەنقەست سەرکێشی دەکا بەوەی سەرکۆنە و بەند بکرێ.

دیارە ئەم سەرکێشیکردنەیش هەمان سرووشتی نییە کاتێ ئەم بەرەنگاریکردنە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی یان کۆمەڵگەیەکی تۆتالیتاریدا ڕوو بدا، چونکە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەو دوو کۆمەڵگەیەدا هەیە. لە کۆمەڵگەی تۆتالیتاریدا ئەوانەی هەڵدەگەڕێنەوە دووچاری مەترسییەکی گەورە دەبن و پێویستە پێشوەخت –بەپێی ڕەهەندەکانی ئەو کارەی بڕیاری لەسەر دراوە– بە وردی و ئاگاییەکی بێئەندازەوە مەزەندەی ئەو مەترسییە بکرێ.

مێژووی خەبات لەپێناو مافەکانی مرۆڤدا پڕە لە نموونە لەسەر ئەو پیاو و ئافرەتانەی، ئازایەتییەکی نائاساییان لەبەرامبەر بەندکردن لە دژواترین هەلومەرجدا نیشان داوە و زۆرجاریش دەستبەسەرکردنیان بەشدارییەکی یەکلاکەرەوەی کردووە لە بزووتنەوەی بەرەنگاریکردنی ستەمکاریدا.

بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا دەشێ بەندکردنی خەباتکاران دەرفەتێك بێ تا دەنگدانەوەیەکی نائاسایی لەنێو ڕای گشتیدا بە تێکۆشانەکەیان ببەخشێ، چونکە کاتێ کەمینەیەکی بەرفراوانی هاووڵاتیانی ژن و پیاو ئامادە بن بچنە بەندیخانە و بەشێوەیەکی ڕەوا لەپێناو کێشەیەکی ڕەوادا کار بکەن، ئەوکاتە گەل لە حکوومەت بەهێزتر دەبێ.

*** دادپەروەری**

*** یاخیبوونی مەدەنی**

*** سەرکوتکردن**

## نهێنیبوون

له کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی دیموکراسیدا بزاوتێك که‌ به‌ره‌نگاریی ئه‌و بێسه‌روبه‌رییه‌ی له‌ئارادایه‌ بکا، ده‌توانێ به‌ئاشکرا کاری خۆی بکا و به‌شێوه‌یه‌کی یاسایی خۆپیشاندان رێك بخا. واباوه‌ له‌وکاته‌دا سه‌رکوتکردن ته‌نیا ئه‌وانه‌ ده‌گرێته‌وه‌ له‌رێی یاخیبوونی مه‌ده‌نییه‌وه‌ گژبه‌ریی راسته‌وخۆی ده‌سه‌ڵاتداران ده‌که‌ن، ئه‌و راوه‌دونان و ده‌ستگیر و دادگه‌ییکردن و سزادانانه‌یش دووچاری ده‌بن ده‌بێته‌ پروپاگه‌نده‌یه‌کی زیاتر بۆ ئه‌و پرسه‌ی به‌رگری لێده‌که‌ن، چونکه‌ له‌ خودی کاره‌که‌ زیاتر رای گشتی ده‌بزوێنێ. له‌ هه‌لومه‌رجێکی وادا ره‌نگه‌ نهێنیبوون سوودێکی تاکتیکی هه‌بێ، به‌ڵام پێویستیه‌کی ستراتیجی نییه‌.

له‌به‌رامبه‌ردا، له‌ کۆمه‌ڵگه‌یه‌کدا ده‌سه‌ڵاته‌که‌ی سووکایه‌تی به‌ پێداویستیه‌کانی دیموکراسی بکا و هه‌ر به‌رهه‌ڵستیکردنێکی هاووڵاتیان به‌ تاوان دابنرێ و یاسا به‌توندی سزای بدا، بزاوتی به‌ره‌نگاری بۆ ئه‌وه‌ی خۆی به‌شێوه‌یه‌کی هه‌میشه‌ی رێك بخا ره‌نگه‌ پێویستی به‌وه‌ بێ به‌شێك له‌ چالاکییه‌کانی به‌نهێنی ئه‌نجام بدا.

گاندی نه‌گونجانێکی سرووشتی له‌نێوان ناتوندوتیژی و په‌نهانیدا دروست کرد: پێی وابوو ده‌بێ ئه‌و که‌سه‌ی ناتوندوتیژی هه‌ڵده‌بژێرێ به‌رۆژی نیوه‌ڕۆ و زۆر به‌ڕوونی کار بکا و راستکردنه‌وه‌ی شووره‌ی نهێنی به‌ ده‌وری خۆیدا بۆ پاراستنی ره‌ت بکاته‌وه‌، به‌لای ئه‌وه‌وه‌ ژیان له‌ په‌نهانیدا ژیانه‌ له‌نێو درۆدا، له‌کاتێکدا–به‌بڕوای ئه‌و– ناتوندوتیژی ئاشکراکردنی راستی له‌ هه‌موو شوێن و کاتێك ده‌سه‌پێنێ، به‌چاوپۆشین له‌و مه‌ترسییانه‌ی له‌و کاره‌ ده‌که‌ونه‌وه‌. به‌ڵام ئێمه‌ لێره‌دا ناتوانین جێ پێی گاندی هه‌ڵبگرین، نه‌ له‌ لۆجیکه‌ تیۆریه‌که‌ی و نه‌ له‌ ئه‌نجامگیرییه‌ کرداریه‌که‌یدا.

له‌ڕووی ئه‌خلاقیه‌وه‌ مرۆڤ ناچار نییه‌ راستی به‌و که‌سه‌ بڵێ که‌ سڵ ناکاته‌وه‌ له‌وه‌ی بیکاته‌ ئامرازێك بۆ خزمه‌تکردنی ئامانجێکی سته‌مکارانه‌. له‌ بارودۆخێکی وادا به‌رگریکردن له‌ راستی رێك شاردنه‌وه‌یه‌تی له‌و که‌سانه‌ی به‌نیازن بۆ ده‌ستدرێژی کردنه‌ سه‌ر مافه‌کانی ئه‌وانی تر به‌کاری بێنن. مرۆڤی چاك راستی ته‌نیا به‌و که‌سه‌ ده‌ڵێ که‌ شایسته‌یه‌تی و شایانی ئه‌وه‌یه‌ بیزانێ، واته‌ ئه‌و که‌سه‌ی ئاماده‌یه‌ بۆ خێری که‌سانی تر به‌کاری بێنێ.

به‌ڵام له‌ روانگه‌ی پراکتیکییه‌وه‌، پێویست نییه‌ ئه‌ندامانی بزووتنه‌وه‌یه‌کی جیابووه‌وه‌ یان به‌ره‌نگاری، به‌ڕوونی و ئاشکرایی له‌به‌رچاوی ده‌سه‌ڵاتێکی سه‌رکوتکه‌ر کار بکه‌ن، هه‌روه‌ك ناچار نین خۆ لانه‌ده‌ن له‌ لمۆزی ده‌سه‌ڵاتی سه‌رکوتکه‌ر و شکست پێهێنانی له‌رێگه‌ی خۆشاردنه‌وه‌ هه‌ر کات به‌گونجاوی بزانن. به‌ڵام بزووتنه‌وه‌ی به‌ره‌نگاریکردنی ناتوندوتیژانه‌ له‌ هه‌ندێ دۆخی نائاساییدا نه‌بێ ناکرێ به‌ته‌واوی نهێنی بێ، چونکه‌ ده‌گونجێ هه‌ر خۆشاردنه‌وه‌ خۆی ببێته‌ مایه‌ی رێگه‌خۆشکردن بۆ ئه‌نجامدانی هه‌ندێ هه‌ڵسوکه‌وتی نادیموکراسی که‌ کار له‌ نوێنه‌رایه‌تیکردنی بزووتنه‌وه‌که‌ و له‌وێشه‌وه‌ له‌ شه‌رعیه‌ت و راستگۆیی ده‌کا.

کارکردنی ئاشکرا توخمێکی جه‌وهه‌رییه‌ له‌ توخمه‌کانی ستراتیجییه‌تی ناتوندوتیژی، چونکه‌ به‌ شێوه‌یه‌کی گشتی بزووتنه‌وه‌که‌ ناتوانێ ده‌ستبه‌ردرای ببێ به‌بێ ئه‌وه‌ی سه‌رکێشی به‌ له‌ده‌ستدانی کاریگه‌ری خۆی بکا، به‌ڵام هه‌ر ئه‌و بزووتنه‌وه‌ خۆی به‌پێی هه‌لومه‌رج بڕیار ده‌دا چ کاتێك به‌ نهێنی و چ کاتێك به‌ ئاشکرا کار بکا و ده‌بێ ده‌ستپێشخه‌ری له‌ده‌ستی خۆیدا بهێڵێته‌وه‌ له‌ رێی دیاریکردنی هه‌ڵبژاردنی ئه‌و سات و رێگه‌ گونجاوانه‌ی تێیاندا به‌ ئاشکرا گژبه‌ریی ده‌سه‌ڵاتداران ده‌کا. یه‌کێك له‌ پێوه‌ره‌ یه‌کلاکه‌ره‌وه‌کانیش له‌م بژاره‌یه‌دا راده‌ی ئه‌و سه‌رکوتکردنه‌یه‌ که‌ پێویسته‌ رووبه‌ڕووی ببێته‌وه‌ و توانای بزووتنه‌وه‌که‌ بۆ به‌رگه‌گرتنی ئه‌و سه‌رکوتکردنه‌ به‌بێ ئه‌وه‌ی شپرز ببێ.

به‌شێکی گه‌وره‌ی سه‌رکه‌وتنی بزووتنه‌وه‌که‌ پێوه‌ندی به‌ توانای زاڵبوونیه‌وه‌ هه‌یه‌ به‌سه‌ر ئه‌و سه‌رکوتکردنه‌دا.

*** سه‌رکوتکردن**

# دەستەی پاراستنی سیستم

بەڕێوەچوونی ئاشتییانەی خۆپیشاندانێك كە لە گۆڕەپانێكی گشتیدا ڕێك دەخرێ و سەدان و بگرە هەزاران كەس بەشداری تێدا دەكەن، پێویستی بە ڕێكخستنێكی توندوتۆڵ هەیە، خۆ ئەگەر بەتایبەت لە كەشوهەوایەكی سیاسیی گرژدا روو بدا، دوور نییە ڕووداوی جۆراوجۆری لێ بكەوێتەوە وەك رووبەڕووبوونەوەی توند لەگەڵ هێزەكانی پۆلیس یان خۆپیشاندەرانی نەیار یان كەسانی سەرچڵ یان سەیركەر یاخۆ تەنانەت خەباتكارانی نەیار بە بژارەی ناتوندوتیژی. ئەوە ئەركی ڕێكخەرانی خۆپیشاندانەكەیە پێشوەخت ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ خۆپاراستن لەو ڕووداوانە و كۆنترۆڵكردنیان ئەگەر روویاندا.

پێویستە سەرەتا، ئەگەر دۆخەكە ڕێگەی بەوەدا، پێوەندی بە دەسەڵاتدارانەی ناوخۆییەوە بكەن كە لە پاراستنی سیستمی گشتی بەرپرسن تا لە بەرنامەی خۆیان بۆ چۆنیەتیی ڕێكخستنی خۆپیشاندانەكە ئاگەداریان بكەن. لەو ساتەوە گرینگە بەشێوەیەكی قەناعەتبەخش رای بگەیەنن كە ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی خۆپیشاندانەكە ناتوندوتیژانە بێ و هەروایش بمێنێتەوە. ئیتر تا رادەیەكی زۆر هەڵوێستی دەسەڵاتداران كەشوهەوای خۆپیشاندانەكە دیاری دەكا، جا ئەگەر رێیان لێ گرت، دەبێ ڕێكخەرانی بەپێی بایەخی خۆپیشاندانەكە لەلایەك و لەلایەكی تریش بەپێی ئەو مەترسییانەی تووشی دەبن، بڕیار بدەن لەبارەی ئەوەی ئاخۆ بەكەڵكی ئەوە دێ لەسەری سوور بن یان نا. بەڵام ئەگەر ڕێگەیان پێدا، ئەوا دەكرێ دانوستاندنیان لەگەڵدا بكرێ لەبارەی ئەوەی ئاخۆ دەكرێ هاوكاریی تەكنیكییان بكەن، بەڵام بەو مەرجەی بەهیچ شێوەیەك لەسەر حسابی قبووڵكردنی سازشێكی سیاسیی ستەمكارانە نەبێ.

واباوە ڕێكخەران دەتوانن لەڕێی دەستەی پاراستنی سیستمی تایبەت بە خۆیان خۆپیشاندانەكە كۆنترۆڵ بكەن، جا ئەگەر دەسەڵاتداران بەم جۆرە ڕێكخستنە قایل بوون، دەكرێ هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێك بكەون كە هێزەكانی پۆلیس لە دەرەوەی ڕێڕەوی خۆپیشاندانەكە یان دەرەوەی ئەو شوێنەی تێیدا ئەنجام دەدرێ، بوەستن. پێویستە پێوەندیی بێتەل بەبەردەوامی لەنێوان ڕێكخەران و بەرپرسانی پاراستنی ئاسایشدا هەبێ. لێرەوە نابێ دەستەی پاراستنی سیستم لە دواساتدا پێك بهێنرێ و لەنێو خۆپیشاندەراندا بانگهێشت بۆ چوونە نێو ئەو دەستەیە بكرێ، بگرە دەبێ پێش چەند رۆژێك لە خەباتكارانی زیت و زیندوو پێك بێ. پێویستە ئەوانەیش لەگەڵ ڕێكخەرەكاندا كۆ ببنەوە بەمەبەستی هاوئاهەنگیكردن لەبارەی ئەو ڕێنوێنییانەی دەدرێنە خۆپیشاندەران و قسەكردن لە هەڵسوكەوتی دەستەی پاراستنی سیستم لەئاست ڕووداوە چاوەڕوانكراوەكاندا.

ڕەنگە شتێكی باش بێ بڵاوكراوەیەك ئامادە بكرێ كە زۆرترین زانیاری لەبارەی ڕەوتی خۆپیشاندانەكە تێدا بێ و بەسەر خۆپیشاندەراندا دابەش بكرێ: ڕێڕەوی وردی، سات و شوێنی بڵاوەپێكردنی، دروشمەكانی یان ئەركی بێدەنگبوون، گرینگیی وەڵامنەدانەوەی ئەو گێچەڵ پێكردنە زارەكی یان جەستەییانەی دەشێ بێنە ڕێیان، چۆنیەتیی ناسینەوەی دەستەی پاراستنی سیستم (وەك بەستنی شریتێكی سوور بەدەوری باڵدا، یان هەر نیشانەیەكی تر)، پێویستیی ڕێزگرتنی ئەو ڕێنوێنییانەی كە دەشێ ئەوانە بیدەن تا بتوانرێ مۆركی ناتوندوتیژانەی خۆپیشاندانەكە زاڵ بكرێ.

كاتێ خۆپیشاندانەكە لە شەقامی گشتیدا بەڕێوە دەچێ، یەكێك لە ئەركەكانی دەستەی پاراستنی سیستم ڕێكخستنی هاتوچۆیە لەڕێی ئاگەداركردنەوەی شۆفێرانی ئۆتۆمبێلەكان لە هۆكارەكانی خۆپیشاندانەكە و دەرفەتەكانی بەردەمیان بۆ گرتنەبەری ڕێگەیەكی تر تا لە شەقامەكاندا زیاد لەپێویست گیر نەخۆن، پێویستە كەمترین رادە بێزار بكرێن و زۆرترین سینەفراوانی بەرامبەر دۆخەكەیان نیشان بدرێ، چونكە لەوانەیە ئەوانیش هاوسۆزی پرۆژەكە بن، لە هەندێ حاڵەتدا دەكرێ پۆلیس خۆی ئەم ئەركە بگرێتە ئەستۆ.

پێویستە ئەندامانی دەستەی پاراستنی سیستم ساز و ئامادە بن بۆ میانگیریكردن بۆ نەهێشتنی هەر كێشەیەكی كەم مەترسی (وەك قسەیەكی ناشیرینی شۆفێرێكی هەڵەشە یان هاووڵاتییەكی تووڕە) كە دوور نییە ئاڵۆزتر ببێ. هەروەها لەوانەیە ناچار ببن "پەرژینێكی ئەمنی" دروست بكەن بۆ دابڕینی خۆپیشاندەرانی نەیار یان "ئاژاوەچی و شەڕفرۆش" تا

خۆپیشاندانەکە سەرنەکێشێ بۆ کاری توندوتیژی. پێویستە پارێزگاریی پێویست بۆ هەندێ "خاڵی گەرم"ی دیاریکراو لە ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکەدا دەستەبەر بکەن (وەك باڵەخانە ڕەسمیەکان و بنکەی پۆلیس و هتد)، ئەویش بە دروستکردنی زنجیری مرۆیی.

پێویستە چەند ئەندامێکی دەستەی پاراستنی سیستم مۆبایلیان پێ بێ تا ڕێکخەرەکان بتوانن لە هەر کاتێکدا لەو بڕیارانەی دەدرێن ئاگەداریان بکەن. هەروەك پێویستە بڵندگۆ لە هەندێ ئۆتۆمبێلیان ببەستن و هەروەها جووقە و میکرۆفۆنی گەڕۆکیان پێ بێ تا خۆپیشاندەران گوێیان لە دەنگیان بێ. هەروەك دەتوانن هەندێ دروشمی هەڵبژێردراو و لە هەندێ کاتی پێویستیشدا سروود بڵێنەوە کە پێشوەخت دەقەکەی دابەش دەکرێ. هەروەها دەکرێ بەئەندازەی ئەوەی سرووشتی ئەو کێشەیەی بەرگری لێدەکرێ ڕێگەی پێدەدا، مۆرکێکی شایی ئامێز بە خۆپیشاندانەکە بدرێ، بۆ ئەوەیش دەکرێ لەگەڵ کەژاوەکەدا هەندێ ئاوازی مۆسیقی لێ بدرێ، چونکە میوزیك و سروود و بگرە سەما و هەڵپەڕکێیش لە ترسناکیی هەڵوێستەکە کەم دەکاتەوە و کەشوهەواکە "فێنك" دەکاتەوە و دەرفەت دەداتە خۆپیشاندەران هەناسەیەك هەڵکێشن و ترسەکەیان لەبیر بکەن. جگە لەمەیش، مۆرکی شایی ئامێزی خۆپیشاندانەکە دەرفەتی تەواو دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی کاریگەریی خۆپیشاندانەکە لەسەر بینەران و ڕای گشتی زیاد بکرێ.

*** ڕێکخستن**

*** سەرکوتکردن**

# دەسەڵاتدار

جێی خۆیەتی سەرەتا جیاوازی لە نێوان دەسەڵاتدار (السلطان) autorite و دەسەڵات (السلطة) pouvoirدا بکەین و پێداگری لەسەر ئەو جیاکارییە بکەین. ئەوەی "دەسەڵاتدار"ی پێ جوێ دەکرێتەوە —جا دەسەڵاتداریی کەس بێ یان دامەزراوە— ئەوەیە ئەوانەی داوایان لێدەکرێ شوێن ئامۆژگاری و ڕێنوێنیەکانی بکەون، دان بە سەرچاوەبوون (مەرجەعیەت)یدا دەنێن، چونکە گوێڕایەڵیکردنی مەرجەعیەت مایەی قبووڵکردنە، ئەوەی خاوەن مەرجەعەکە و شوێنکەوتەکەی پێکەوە دەبەستێ پارسەنگی هێز نییە، بگرە پێوەندیی متمانەیە— تەنانەت قسەی بەرپرسەکە خۆی دەبێتە "بەڵگە و بۆی دەگەڕێنەوە". هەربۆیە پێویستی بە هیچ ئامرازێکی زۆرلێکردن نییە بۆ سەپاندنی سام و شکۆی خۆی. لەگەڵ ئەوەیشدا دەسەڵاتداریی پێشوەخت بوونی پێوەندیی یەکسانی لەنێوان دەسەڵاتدار و شوێنکەوتەکەی ناخوازێ، چونکە دەسەڵات بەسرووشتی خۆی پلەبەندییەکی قووچەکی هەیە. هاوکێشەی کەسیی خاوەن دەسەڵات لەو وەزیفەیەی گرینگترە کە بەناویەوە سەرچاوەبوونەکەی خۆی دەکا.

لێرەدا باس لە دەسەڵاتێکی مەعنەوی دەکەین بۆ پیاوێك کە دەشێ کاری دەسەڵاتداری بکا یان نەیکا، بەڵام زانست و لێهاتن و شارەزایی و پاکی و سەرڕاستی و داناییەکەی جێگەی ڕێزن. ئەوەی هێزی "دەسەڵات" پێك دێنێ بریتییە لەوەی بەبەردەوامی دەیەوێ دادپەروەر بێ، بۆیە دەسەڵاتدار هەرکات لە دادپەروەری لایدا ئەو دەسەڵاتدارییەکەی لەدەست دەدا. دەسەڵاتدار ڕێزی ئازادیی ئەو کەسانە دەگرێ کە سەروکارییان دەکا، ئەو بنگەورە (مرؤوس)ەی دان بە سەرچاوەبوونی کەسێکدا دەنێ لەسەری پێویست نییە گوێڕایەڵی بکا، بگرە ئازادیی ئەوەی هەیە بازی بەسەردا بدا، چونکە مەرجەعیەت بۆچوونێك دەخاتە ڕوو و ئامۆژگارییەك دەکا، بەڵام فەرمان ناکا، ڕاسپاردە پێشکێش دەکا بەڵام یاسا دانانێ. لێرەوەیە کە تاکڕەوی و خۆسەپاندن لادانن لە دەسەڵاتداری. ئەو کەسەی نەخۆش دەکەوێ بەدەستی خۆی، خۆی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی پزیشك، بەڵام ئازادیی ئەوەی هەیە ڕەچەتەکانی جێبەجی بکا یان نەیکا، ئەگەر بڕیاری بدا فڕێیان بدا ئەوە خۆی بەرپرسیارە.

لەلایەکی ترەوە ئەو دەسەڵاتەی مرۆڤی دانا (حەکیم) هەیەتی، هێزی مەرجەعیەتەکەی هەرچەند بێ، هیچ دەسەڵاتێکی پێ نابەخشێ، ناشبێ زۆر لە کەس بکرێ و ناچار بکرێ تا شوێن ئامۆژگاریەکانی بکەوێ. بەهەمان شێوە ڕابەری ناتوندوتیژییش، لەبارێکدا ئەرکی سەرەکیی سەرکردایەتیکردنی کارێکی گرتەئەستۆ، دەسەڵاتەکەی لەو ڕێزگرتنەوە دێ کە بەدەستی هێناوە و هیچ دەسەڵاتێکی ناچارکردنی نییە. بەڵام فەرماندەی سەربازی دەکرێ دەسەڵاتدارێکی ڕاستەقینەی بێ، بەڵام ئەگەر ئەم دەسەڵاتەیشی نەبوو، هێزی تری هەیە بەهۆیەوە گوێڕایەڵی بکرێ، ئەویش لەڕێی چەندان ئامرازی ناچارکردنەوە.

ئەوەی بەرپرسیاریەتیی بوونی دەسەڵاتێکی دیاریکراو دەگرێتە ئەستۆ —کە ئەمە باوان و مامۆستایانی قوتابخانەیش دەگرێتەوە— پێویستە لەلایەکەوە گوێڕایەڵی بکرێ، لەلایەکی تریشەوە پێویستە "دەسەڵاتەکەی بسەلمێنێ"، واتە ڕەزامەندیی ئەوانەی فەرمانیان پێدەکا بەدەست بێنێ. بەڵام ئەگەر نەیتوانی قایلیان بکا، پێویستە پەنا بۆ ناچارکردن ببا بەبێ ئەوەی ئەمە واتای ئەوە بێ پێویستە توندوتیژی بەکار بێنێ، چونکە بەکارهێنانی توندوتیژی داننانە بەلاوازیی خاوەن دەسەڵاتدا و توندوتیژیش دەسەڵاتەکەی لەدەست دەردێنێ. دەسەڵاتدار لە جەوهەری خۆیدا ناتوندوتیژە، چونکە لەلایەك توندوتیژی لەتوانایدا نییە دەسەڵات دروست بکا، لەلایەکی تریشەوە کاتێ دەسەڵاتدار لە دەسەڵات ڕووت دەکرێتەوە، چاری نییە دەبێ پەنا بۆ توندوتیژی ببا. کەواتە پێناسەکردنی بەکارهێنانی توندوتیژی بەوەی مومارەسەکردنێکی تەندروستی دەسەڵاتە، دەمانخاتە تێکەڵییەکی گەورەوە. بێگومان توندوتیژی دەتوانێ خەڵك ناچار بە گوێڕایەڵی بکا، بەڵام ناتوانێ ببێتە جێگرەوەی دەسەڵات، بگرە ئەوە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتە.

*** دەسەڵات**

# دەسەڵات

تاك لە پێوەندیدا لەگەڵ مرۆڤەکەی تر پێویستە توانای مومارەسەکردنی ئەو دەسەڵاتەی هەبێ کە دەرفەتی بۆ بڕەخسێنێ ببێ بە خاوەنی ئەو کایەیەی پێویستی پێیەتی تا بەئازادی بژی و ئەو فەزایەش بپارێزێ. ئەو پێوەندییەی لەسەر دادپەروەری دامەزرابێ لەسەر بناغەی هاوسەنگیی هێزی کەسەکان دادەمەزرێ و پێویستە هەر تاکێك هێز و دەسەڵاتی تایبەتی خۆی لە چوارچێوەی ئەو سنوورەی ئەو هاوسەنگییە ڕێگەی پێدەدا بەکار بێنێ. بەڵام کاتێ تاکێك بە مەبەستی خۆسەپێنی هەوڵ دەدا خۆی بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بکا، ئەوا سڵ ناکاتەوە لەوەی پەنا بۆ ئامرازەکانی توندوتیژی ببا، ئەو توندوتیژییەیش ناڕێکییەك لەو هاوسەنگییەدا دێنێتە کایە، کە سەر دەکێشێ بۆ ستەمکاری.

هەموو تێکۆشانێك لەپێناو ئازادی و دادپەروەریدا تێکۆشانە لەپێناو دەسەڵاتدا، پێوەندییەکانی نێوان تاك و دەستە کۆمەڵایەتیەکان و لەنێو گرووپێکی دیاریکراودا، بەزۆری هاوسەنگیی هێزی نێوانیان دیاری دەکا و قوربانییانی ستەمێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو ناتوانن وا بکەن دان بە مافەکانیاندا بنرێ تا نەتوانن هێندە دەسەڵات بەدەست بێنن تا دەسەڵاتدارانی ئارا ناچار بکەن مافەکانیان بۆ بگێڕنەوە.

ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە ئامانجی نییە ڕاستەوخۆ دەسەڵات بگرێتە دەست لەپێناو گەلدا، بگرە دەیەوێ یەکەم جار گەل مومارەسەی دەسەڵات بکا، لە گێمی یەکەمدا پێویست نییە ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی بەرەیی بۆ سەر دەوڵەت بکرێ، بگرە پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێك بخرێ تا دەرفەت بدرێتە هاووڵاتیان دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان ڕاستەوخۆ بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنن.

دەکرێ هەر سەرکەوتنێکی هەڵمەتی کاری ناتوندوتیژانە، تەنانەت ئەگەر تایبەتی حاڵەتێکی دیاریکراویش بێ، ئومێد لای ئەوانە ببوژێنێتەوە کە بەدەست ستەمێکی هاوشێوەی ئەو ستەمەوە دەناڵێنن کە بناغەی ئەو کێشەیەیە هەر ئێستە کۆتای هات. دەکرێ چاوکردن لەو سەرکەوتنە دینامیەتی تێکۆشانێکی میللی کارا بکا کە ژمارەیەکی زیاتر لەو هاووڵاتیانەی سوورن لەسەر قبووڵنەکردنی ستەمی زیاتری دەسەڵاتداران و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان جۆش بدا. ئەوان، لەڕێی ئەو تێکۆشانەوە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان تاقی دەکەنەوە و فێری خۆبەڕێوەبردن دەبن.

زیادبوونی تێکۆشانی میللی ئەو مەرجانە دێنێتە کایە کە یارمەتیی گەل دەدەن هێزی خۆی لە سیاسەتێکدا جەم بکا کە ئامانجی تەنیا بەرەنگاریکردن و بگژاچوونەوەی دەسەڵاتدارانی ئارا نییە، بگرە "دەستگرتن بەسەر دەسەڵات"یشە. پێویستە بزاوتی بەرەنگاریی ناتوندوتیژانە خۆی لە چوارچێوەی ئەرکە بەرهەڵستکارییەکەیدا قەتیس نەکا، بگرە هەنگاو بەرەو گرتنەئەستۆی ڕۆڵێکی کارگێڕی بنێ.

دوو سیناریۆ بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا هەیە: یەکەمیان هەڵبژاردن و ئەوی تریان یاخیبوونە. لە کۆمەڵگەیەکدا رادەی دیموکراسیبوونەکەی ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی دەنگدانی گشتی بێ، هەڵبژاردنەکان ڕێگەی سرووشتییە کە تێیدا هەر ڕێکخستنێك زۆرینەی سیاسی بەدەست بێنێ دەسەڵات وەردەگرێ، لەم حاڵەتەشدا ئاڵوگۆڕی دیموکراسی ڕێگە بۆ جێگرەوەیەکی سیاسیی ڕاستەقینە دەکاتەوە.

بەڵام لە کۆمەڵگەیەکدا کە ڕێگەی شەرعی داخراو بێ، پێویستە ئەو بزووتنەوە سیاسییەی ئومێد و سووربوونی گەل بەرجەستە دەکا، بەشوێن ڕێگەیەکی تردا بگەڕێ بۆ گەیشتنە دەسەڵات کە مافی خۆیەتی. لێرەیشدا چار ناچارە دەبێ هەڵمەتێکی یاخیبوونی مەدەنیی سەرتاسەری لەسەر ئاستی وڵات ئەنجام بدا و ئەگەر دۆخەکە یارمەتیدەر بێ، داوا لە گەل بکا یاخیبوونێکی ئاشتییانە دژ بە ڕژێم بەرپا بکا. پێش لە بەکردەوە دەستگرتنیش بەسەر دەسەڵاتدا دەکرێ سەرکردەکانی بزاوتی بەرەنگاری بە نوێنەرانی دەسەڵاتی شەرعیی وڵات دابنرێن و سەرپشك بن بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی تەریب و کاتی. ئەوکاتە حکوومەت –کە هێشتا یاساییە– کاتێ دەکەوێتە نێو تۆڕی یاخیبوونێکی سیاسیی سەرتاسەری لە

ولآتدا، ناچاره دان بەوەدا بنێ دەستەپاچەیە لە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە و پێویستە لەسەری بەخۆشی بێ یان بەناخۆشی، دەسەلآت بەجێ بێڵێ.

کاتێ سەرکردەکانی بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانە دەگەنە دەسەلآت، رووبەڕووی ئەرکی بەکارخستنی بنەماکانی ناتوندوتیژی و رێگەکانی لە رێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دەبنەوە. بەئەندازەی ئەوەیش کە تێکۆشانەکە توانیبێتی رۆشنبیریی ناتوندوتیژی لەنێو دانیشتواندا بڵاو بکاتەوە، دەتوانن ئەوە بکەن. سەرکردایەتیکردنیان بۆ بزووتنەوەیەکی بەرەنگاری تا گەیشتن بە سەرکەوتن، خۆی لەخۆیدا دەسەلآتێکیان پێ دەبەخشێ کە دەرفەت دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی بە کەمترین پەنابردن بۆ ئامرازەکانی ناچارکردنی دەرەکی، دەسەلآتداری بکەن. کاتێکیش هەست بکەن پێویستە پەنا بۆ ناچارکردن ببەن، پێویستە کۆشش بکەن تا رێگەیەك بدۆزنەوە بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی ئەو کارە ئەنجام بدەن.

* **دەسەلآت** autorit**e**
* **دەوڵەت**
* **خۆبەڕێوەبەری**

# ئاشتی

وشەی ئاشتی paix، بەپێی واتا داتاشراوەکەی (لە وشەی paxی لاتینیەوە هاتووە) واتای "بەڵگەنامە"یەك دەگەیەنێ کە لەنێوان دوو دژبەر یان کۆمەڵە دژبەرێکدا کە گەیشتوونە گرێدانی رێکەوتنێك، پەسەند دەکرێ. بەمەیش وشەی "ئاشتی" لە واتا یەکەمیەکەیدا ئاماژە نییە بۆ حاڵەتێك کە لە ئاشتیدا بێ "ئاشتی بەدەست هێنا"، "بەئاشتی ژیا"، بەڵکو ئاماژەیە بۆ کارێك– کاری لەپێناو ئاشتیدا کرد، "ئاشتی دروست کرد"، "ئاشتی بنیات نا"، ئاشتی خێرێك نییە هەمانبێ، بەڵکو خێرێکە بەدەستی دێنین، ئاشتی بە هێزی ئیرادە، بە بڕیارێك دروست دەکرێ. کەواتە لە بنەڕەتدا ئاشتی بە واتای "حاڵەتی ناجەنگ" یان نەبوونی جەنگ نایە، بەڵکو رێکەوتنێکە لەنێوان دوو لایەنی بەشەڕهاتوودا کە "پەیماننامەی ئاشتی" ئیمزا دەکەن. ئاشتی بەڵگەنامەیەکە لەنێوان دوو دوژمندا کە بڕیار دەدەن سنوورێك بۆ کارە دوژمنکارانەکانیان دابنێن و پێکەوە باس لە چۆنیەتیی رێکخستنی پێکەوەژیانی ئاشتیانەیان دەکەن. هەر کە ئاشتیش سەقامگیر بوو ئیتر ئاسایش securite (لە وشەی sine curaی لاتینی بەواتای "بێ خەم"ەوە هاتووە) بۆ هەموو هاووڵاتیەکی هەردوو بەرەی دژبەر دەستەبەر دەبێ، کە دەرەفەتی بۆ دەڕەخسێنێ دوور لە مەترسی بژی.

کەواتە ئاشتی پێش جەنگ دەکەوێ، جەنگ هەمیشە ئەگەرێکی کراوەیە و ئاشتیش دەبێ هەمیشە بێتە گەڕاندنەوە. ئاشتی هەرگیز هەتاهەتایی نابێ، بەڵکو دەسکەوتێکی هەمیشەییە. ئاشتی، لەرێی دانانی بەڵگەنامەیەکەوە، لە پێوەندیی نێوان مرۆڤەکاندا قسە پێش توندوتیژی دەخاتەوە. تەنانەت بنەمای ئەو بەڵگەنامەیە ئەوەیە هەریەك لەو دوو لایەنە دان بە مافەکانی ئەوی تردا بنێ و رێزیان بگرێ.

مرۆڤی بێوەی (مسالم) pacifique (لە هەردوو وشەی لاتینی: pax بەواتای "ئاشتی" و facere بەواتای "دروستی کرد") ئەو کەسە نییە داوا دەکا "وازی لێ بهێنرێ"، ئەو کەسە لاوازەیش نییە کە بە گەڕان بەدوای هێمنی دوور لە کێشەکان دەیەوێ ئاشتی بەدەست بێنێ، بەڵکو ئەو مرۆڤەیە خۆی بە کێشەکاندا دەدا بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

پیاوی ئاشتی، هەروەك پیاوی شەڕ، ئەو کەسەیە دەزانێ مل بە مەترسیەکانەوە بنێ لەپێناو هێنانەکایەی دادپەروەری و بەرگریکردن لە ئازادیدا. ئیرادەی ئاشتی واتای هەڵبژاردنێکی هۆشیارانەی ئامرازەکانی بەرەنگاریکردن و تێکۆشانە کە بەکارهێنانیان دادپەروەری لێرە و لەوێ بنیات دەنێ. مرۆڤی بێوەی ئەو کەسە نییە چێژ لە ئاشتی دەبینێ، بگرە ئەو کەسەیە پاش هەوڵ و تێکۆشان ئاشتی دەباتەوە. ئەوەیش لە بردنەوەی جەنگ باڵاترە.

زۆرجار رۆحانیاتەکان پایەی گەڕان بەدوای "ئاشتیی ناوخۆیی"یان بەرز کردووەتەوە بەبێ ئەوەی زۆر گوێ بە پێویستیی کارکردن لەپێناو ئاشتیدا بدەن لەرێی بەشداریکردن لە کێشەکان و چوونە نێو تێکۆشان لەپێناو دادپەروەریدا. بەڵام ئاخۆ پێویستە مرۆڤ چاوەڕوان بکا تا ئاشتیی ناوخۆیی تەواو پڕ دەکا ئەنجا بیپەرژێتە سەر کارکردن لەپێناو ئاشتی لە جیهاندا؟ ئاخۆ مەترسی نییە چاوەڕوانی درێژە بکێشێ، بگرە درێژتر لەوەی قوربانییانی ستەم دەتوانن چاوەڕوان بکەن؟ بەپێی ئەم رۆحانیاتانە پێویستە سەرەتا "بەئاشتی لەگەڵ خۆی بژی" پێش لەوەی لافی ئەوە لێبدا ئاشتی بۆ کەسانی تر دێنێ. بەڵام چۆن دەتوانم لە ئاشتیدا بم لەگەڵ خۆم ئەگەر سەرەتا لەگەڵ ئەوی تر لە ئاشتیدا نەبم؟ ئاخۆ خەیاڵپلاوی نییە بەدوای ئاشتیدا بگەڕێیت لەبەرامبەر ئەو نەرگسیەتەدا لەگەڵ خود؟

مادەم مرۆڤ لە کرۆکدا بوونەوەرێکی پێوەندییەستە، ناتوانێ لە ئاشتیدا بێ بەو ئەندازەیە نەبێ کە لە ئاشتیدایە لەگەڵ مرۆڤەکانی تر، چونکە ئەو توندوتیژییەی زریکە لە کەسە نزیکەکەمان هەڵدەسێنێ، مەحاڵە بهێڵێ ئێمە لە ئاشتیدا بژین، "نزیکەکەیشمان" ئەو کەسەیە دوور لە ئێمە دەژی.

تاکە پێوەری ئاشتی نەبوونی جەنگ نییە بەڵکو هەبوونی دادپەروەرییە، ئایدیۆلۆجیاکان لافی ئەوە لێدەدەن کە دەتوانرێ ئاشتی لەرێی توندوتیژییەوە بسەپێنرێ. ئەگەر ئاشتی تەنیا بریتی بێ لە سەروەریی یاسا و سیستەم، ئەوا رێژیمی تۆتالیتاری

ڕێژیمێکە ئاشتی تێیدا بەتەواوی بەرقەرارە، بەڵام لەڕێی سەرکوتکردنی پۆلیسییەوە کە تۆتالیتاریزم بەسەر ئەوانی تریدا دەسەپێنێ ڕێگە بە دەربڕینی هیچ کێشەیەك نادا، ئەوەش ڕوونە کە ڕێژیمی تۆتالیتاری ستەمکارترین ڕێژیمی سەر زەوییە. ئیرادەی ئاشتی یەکەم شت ڕەتکردنەوەی جەنگ نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی ستەمە، چونکە هەموو شێوەکانی تاکڕەوی و هەموو خراپکارییەکان بەرامبەر ئازادی و کەرامەتی کەسەکان و هەموو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دەستدرێژین بۆ سەر ئاشتی. نابێ پەلە بکرێ لە گوتنی ئەوەی ئامانجی ئاشتی بریتییە لە چەسپاندنی تەبایی و پتەوکردنی دۆستایەتی لەنێوان مرۆڤەکان و ڕەوەند و گەل و نەتەوەکاندا، چونکە ئاشتی پێش هەموو شت ئامانجی بەرقەرارکردنی دادپەروەرییە، ئەم ئەرکەیش لەوە مەزنترە پێوانە بکرێ. بابەتەکە پێوەستە بە دروستکردنی دامەزراوەگەلێکی کۆمەڵایەتی کە بتوانن ڕێزگرتنی ماف و ئازادیی مرۆڤ دەستەبەر بکەن. پێویستە بنەمای یەکسانیی دەرفەت بۆ هەموو هاووڵاتیان لە بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ساسی و ڕۆشنبیرییەکاندا دوور لە هەر جیاکارییەك بەهۆی ڕەگەز و نەژاد و ئاینەوە، جێگیر بکرێ. ئاشتی تەنیا مافێکی مرۆڤ نییە و بەس، بگرە مەرجی پێشوەخت و پێویستە کە وا دەکا ڕێزگرتنی هەموو مرۆڤێك دەستەبەر بێ. هەندێ جار ئاشتی لەنێوان کەسەکاندا، هەروەك ئاشتیی نێوان شارەکان، لەسەر متمانە دادەمەزرێ، بەڵام زۆربەی جار لەسەر پێوەندییەلی هێز دادەمەزرێ. ستەم تێکچوونی پارسەنگی هێزە، چەسپاندنی ئاشتیش گێڕانەوەی ئەو ترازووەیە بۆ حاڵەتی سرووشتیی خۆی. بێوەییخوازی (مسالمە) واتای بەگژاچوونەوەی ستەمە. ئاشتی دەخوازێ سەرکێشی بکرێ بە پۆرت شکاندنی ستەمکاران و خۆلادان لەوە لەوانەیە جۆرێك بێ لە ترسنۆکی. بەڵام ئاخۆ دەکرێ بەو بەرەنجامە بگەین کە توندوتیژی ڕێگەی دروستە بۆ بێوەییخوازی.

ئایدیۆلۆجیای باو لەو بڕوایەدایە جەنگ تاکە ئامرازی پێویست و شەرعی و دروستە بۆ بێوەییخوازی. "حیکمەتی گەلان" دەڵێ "ئەگەر ئاشتیت ویست خۆت بۆ جەنگ ئامادە بکە"، بەڵام ئەم حیکمەتە باوە زۆر دوورە لە حیکمەت، چونکە ئەگەر کارمان تەنیا ئامادەکاری بێ بۆ جەنگ، ئەوا جگە لە شەڕکردن هیچ ناکەین و لە هونەریی بێوەییبوون بێئاگا دەبین و کاتێ لەبەرامبەر هەڕەشەیەکدا پێویست بێ کارێك بکەین، بەحەتمی پەنا بۆ جەنگ دەبەین. خۆئامادەکردن بۆ جەنگ، لەڕێی قەبارەی ئەو وەبەرهێنانە جۆراوجۆرەی دەیخوازێ و بۆ بەرژەوەندیی خۆی رایدەکێشێ، کۆسپێکی گەورەیە لەبەردەم ئامادەکاری بۆ ئاشتی. تەرخانکردنی ئەو سەرچاوە مرۆیی و داراییانەی جەنگ بۆ خۆی دەیانبا، بۆ خزمەتکردنی ئاشتی لەوانەیە پەرەسەندنێکی یەکلاکەرەوە لە شارستانێتیدا بێنێتە کایە. بڕیاردان لەسەر دانی باجی ئاشتی، لە سەرکردە و هاووڵاتیان پێکەوە دەخوازێ، ئیرادەی سیاسییان هەبێ بۆ گۆڕینی خشتەی ئەرکە لەپێشینەکان تا هەمان بڕ لە زیرەکی و وزە —کە دوێنێ بۆ خۆئامادەکردن بۆ جەنگ تەرخان دەکرا— سبەی بۆ ئامادەکاری بۆ ئاشتی تەرخان بکرێ.

بێگومان خەڵك هەمیشە جەنگیان بەرپا کردووە و بە دەنگی بەرزیش هاواریان کردووە کە ئامانجیان تەنیا بێوەییبوون بووە. ڕاستە، لەوانەیە پیاوی جەنگ هەر بەڕاستی ئاشتی بوێ و نابێ پێشوەخت حوکم لەسەر نیازەکانی بدرێ و تۆمەتی خۆشویستی توندوتیژی بدرێتە پاڵ. بەڵام جگە لەو نیەتەی دەیبزوێنێ، کردەوەی جەنگ خۆی لەخۆیدا زیان بە بەهاکانی شارستانێتیی باڵا دەگەیەنێ کە لەسەر ڕێزگرتنی ئەوی تر دامەزراوە، با دژبەریش بێ. ئامرازە توندوتیژە وێرانکەر و بکوژەکانی جەنگ، دژیەکیەکی جەوهەرییان لەگەڵ ئامانجی ئاشتیدا هەیە کە بریتییە لە هێنانەکایەی پێوەندیگەلێك لەنێوان مرۆڤەکاندا کە لەسەر بناغەی دادپەروەری دامەزرابێ و دوور بێ لە دەسەڵاتی توندوتیژی. مەترسی ئەوەیش هەیە جەنگ بە سەرکەوتنی "توندوتیژترین"ەکە کۆتای بێ کە دۆڕاوەکە بەفەتارەتدا دەبا. سەرکەوتنێکی لەو جۆرە ئاشتی دروست ناکا بگرە مەترسی ئەوە هەیە ئەڵقەی تۆڵە و تۆڵەسەندنەوە تا ماوەیەکی نادیار درێژ بکاتەوە.

پیاوی ئاشتی ئەو کەسە نییە تەنیا ئاشتی مەبەستە، بگرە ئەو کەسەیە ئاشتی بەڕێگەی ئاشتییانە دەوێ. ئاشتی بریتی نییە لە نەبوونی کێشە، نابێ وا بێ و قەتیش وانابێ، بگرە کۆنترۆڵکردنی کێشەکان و بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و

چارەسەرکردنیانە بە شێوازگەلی دوور لە شێوازە تێکدەر و بکوژەکانی توندوتیژی. کەواتە ئیرادەی ئاشتی ئامادەکاری بۆ خستنەگەڕی بنەماکان و ستراتیجیەت و ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە لەخۆ دەگرێ. بەواتای داهێنانی ئامرازی بەردەست بۆ بەرەنگاریکردنێکی مەدەنییانەی تاکڕەوی و ئامرازی بەرگریکردنی مەدەنی دژ بە دەستدرێژی و ئامرازی دەستوەردانی مەدەنی بەرامبەر هەڵوێستی ستەم.

هەندێکیان ویستیان بڕوا بە خەڵك بێنن کە حاڵەتی ئاشتی دەبێتە مایەی خاوبوونەوە و پاشەکشەی ئەخلاق، چونکە – بەبڕوای ئەوانە– خەڵك بەر بۆ هەوا و هەوەسیان شل دەکەن و تەنیا بەدوای چێژ و ئارەزووی سووك و بێنرخدا هەڵپە دەکەن. هەروەها گومانیان وابوو خەڵك لە حاڵەتی جەنگدا تەندروستیی مەعنەوییان بەدەست دێننەوە کاتێ بانگهێشت دەکرێن جوانترین فەزیلەتەکانیان دەربخەن، تەنانەت فەزیلەتی قوربانیدان بە ژیانیشیان.

گوتارێکی لەم شێوەیە تەنیا پشت بە لۆجیکێکی فریودەر دەبەستێ، چونکە ئاشتی زیاتر لە جەنگ پێویستی بە ئازایەتی و فەزیلەت هەیە. ئیرادەی ئاشتی واتای بڵاوکردنەوەی کولتووری ئاشتییە، ئەویش بە وەشاندنی تۆوی ناتوندوتیژی لە هەموو باخچەکانی کۆمەڵگەدا و بە باخچەکانی قوتابخانەکان دەست پێدەکا، کە تێیدا بەچەکانی مرۆڤ فێری خوێندنەوە و نووسین و بیرکردنەوە و ژیان لە کۆمەڵگەدا دەبن.

*** جەنگ**

*** بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە**

*** ئاشتیخوازی**

# ئاشتیخوازی

هەردوو وشەی "ئاشتیخوازی" و "ئاشتی خواز" لە زمان و کولتووری ئێمەدا بەشێوەیەکی بنچینەیی واتایەکی سووکیان وەرگرتووە. کەسی ئاشتی خواز وا ناسراوە ئاشتی دەیەوێ "بەهەر نرخێك" بێ، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی دادپەروەریش بێ، بگرە گومان هەیە کە هەر ئاشتییەکی لە هەر جەنگێك پێ باشترە و لێرەشەوە ئامادەیە ملکەچی دیکتاتۆریەت بێ لەبری خەباتکردن لەپێناو ئازادیدا. کەواتە ئەو ئایدیۆلۆجیا باوەی پایە دەداتە جەنگ و بەبالای چاکیەکانی جەنگدا هەڵدەڵێ، نەفرەت لە ئاشتی خوازان دەکا و بە ناپاکی و هەڵاتن تۆمەتباریان دەکا. لەنێو ئەم ژاوەژاوە گەورەیەشدا ئەوانەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرن تانەیان لێدەدرێ بەوەی "ئاشتی خوازن!".

لە دەرەنجامدا رەنگە راست بێ کە لەوانەیە ئاشتی ریسوایی و رەتکردنەوەی جەنگ جۆرێك لە ترسنۆکی بێ، چونکە بە رەتکردنەوەی رەهای جەنگ، لۆجیکی ئاشتیخوازانە "ئاشتی" دەکاتە شتێکی رەها و بگرە تەنانەت بە یەکەمین رەهاکان. بەڵام ئاشتی، ئەگەر بریتی بێ لە نەبوونی جەنگ، ئەوا ئەوە زۆر گرینگ نییە، بگرە دادپەروەری گرینگە کە ئازادی و کەرامەت دەستەبەر دەکا. بەهەمان شێوە ئەگەر ناچار بین لەنێوان بژارەی "ئاشتی لەگەڵ ستەمکاری"دا و "جەنگ لەپێناو دادپەروەرید"دا یەکێکیان هەڵبژێرین، ئەوە جێی خۆیەتی جەنگ هەڵبژێرین.

دەکرێ گریمانەی سەرەکیی ئاشتیخوازی کورت بکرێتەوە لەوەی: جەنگ شەڕی رەهایە چونکە بەدڵنیاییەوە ئەو خراپییانەی لێی دەکەونەوە لەو خراپانە گەورەترن کە لافی چارەسەرکردنیان لێ دەدا. بێگومان ئامرازەکانی جەنگ، واتە ئامرازەکانی توندوتیژیی وێرانکەر و بکوژ، خۆی لەخۆیدا دژە بەو ئامانجەی لافی کار بۆکردنی لێدەدا کە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی مرۆڤ و گەلانە. هەستی ئاشتیخوازانە پێکاویەتی لەوەی جاڕی نامرۆڤانەبوونی جەنگی داوە و سەرکۆنەی هەموو ئەو ئایدیۆلۆجیایانە دەکا کە پیرۆزی پێ دەبەخشن، بەڵام هەڵەی ئاشتیخوازی بریتییە لە سەرکۆنەکردنی بۆ "نەهامەتیەکانی جەنگ" بەبێ ئەوەی کۆمەڵێ ئامرازی واقیعی بۆ دانانی سنوورێك بۆ "نەهامەتیەکانی ئاشتی" پێشنیاز بکا. لەبەرئەوە بۆ هێنانەکایەی ئاشتیەك کە مافەکانی مرۆڤ مسۆگەر بکا تەنیا سەرکۆنەکردنی جەنگ بە باسکردنی نەهامەتیەکانی بەس نییە. بەڵێ، "ئای جەنگ کارێکی چەند گەمژانەیە!" بەڵام لە هەمان کاتدا "ئای دیکتاتۆریەت و دەستدرێژیش چەند گەمژانەن!" و لێرەشەوە "ئای ئەو ئاشتییە چەند گەمژانەیە کە دیکتاتۆریەت پەردەپۆش دەکا و لەگەڵ دەستدرێژی نەرمی دەنوێنێ!".

"ئاشتیخوازی" هەڵوێستێکی ئەخلاقیی ئامۆژگارییە و جەنگ –هەموو جەنگێك– سەرکۆنە دەکا، چونکە نائەخلاقیەتێکی پەتییە. بەمەیش گوتاری ئاشتیخوازانە بەوەی پێشوەخت جەنگی وەك شەڕی رەها خستووەتە روو، دەبێتە کۆسپ لەبەردەم زانین و تێگەیشتن لەو کارلێکە مێژووییە ئالۆزەی وا دەکا جەنگ ئەگەری روودانی هەبێ. ئاشتیخوازی لەوە تێنەگەیشتووە جەنگ تەنیا شایستەی ئەوە نییە سەرکوت بکرێ، بگرە دەخوازێ جێگرەوەیشی بۆ بدۆزرێتەوە. جەنگ رێبازێکی کارکردنە و ئامانجێکی دادپەروەرانەی هەیە ئەگەر مەبەستی بێ مافی چەوساوان بپارێزێ یاخۆ بیگێڕێتەوە. بێگومان رێبازەکە بێزراوە، بەڵام لە بایەخی کارکردنەکە کەم ناکاتەوە. ئەگەر سەرکۆنەکردنی رێبازەکە ببێتە هۆی پاڵدانەوە لە کارکردن، کەواتە دەبێ ناتەواوییەك لە شوێنێکی رێوشوێنەکەدا هەبێ. لەڕستیدا بابای ئاشتیخواز لە تێڕوانینێکی خەیاڵییەوە بۆ مێژوو کار دەکا: گوتاری ئاشتیخواز لە جێیەکی نامێژووییدا چەقیوە کە پێداویستیەکانی کارکردن تێیدا بزرن. ئاشتیخوازی لە سەردەمێکدا بەدوای چاکەکاریدا دەگەڕێ کە تەنیا هێز پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان دیاری دەکا، هەربۆیە هەوڵەکانی بێ کاریگەری دەمێننەوە.

ئەوەی مرۆڤی سیاسی جوێ دەکاتەوە بەوردی ئەوەیە هێز هەڵی دەسوڕێنێ نەك راستی. گوتاری ئاشتیخوازانە، چ یاسایی بێ یاخۆ رۆحانی، هەڵەیەکی گەورە دەکا کاتێ بەناوی بەرگریکردن لە راستی و متمانە و برایەتی و ئاشتەوایی و خۆشەویستییەوە کێشە بە "ریسوایی" وەسف دەکا. لێرەیشدا لە مێژوو هەڵدێ و دەچێتە ئامێزی یۆتۆپیا.

هەروەها ئاشتیخوازی لە شانی خۆی کەم دەکاتەوە کاتێ بوار بەو بڕوایە دەدا گوایە تەنیا سوپا و چەکدارکردن هۆی جەنگەکانن و هەڵوەشاندنەوەیان بە مەرجی پێویست و بەس دادەنێ بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی. جا بۆ رەواجدان بە سیاسەتی چەك داماڵین، پێویستە "هاوتایەکی وەزیفی بۆ جەنگ" بدۆزرێتەوە کە ئامرازگەلی بەرەنگاریکردنی دیکتاتۆریەت پێشکەشی گەلان و ئامرازگەلی بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژیش بخاتە بەردەم نەتەوەکان. ستراتیجی کاری ناتوندوتیژانە دەیەوێ ئەو ئەم ئامرازانە دەستەبەر بکرێن. کاری ناتوندوتیژانە –بەئەندازەی ئەوەی خۆی لەخۆیدا کارکردنە– یارمەتیی دۆزینەوەی چارەسەرێکی تۆکمە بۆ کێشە سیاسیەکانی ئاشتی و جەنگ دەدا، بەوەیش لە کەموکورتی و دژیەکیەکانی ئاشتیخوازی رزگار دەبین.

هەر لەبەرئەوەیش کە رای گشتی بە نیگایەکی نەرێنی سەیری وشەی "ئاشتیخوازی" دەکا، زۆرجار گوتارە باوەکان ئەم وشەیە بەکار دێنن بۆ ئاماژەپێدان –و زەمکردن–ی ئەو بزاڤە ئاشتیخوازانەی بەرهەڵستیی ئەم یان ئەو رواڵەتی سیاسەتی سەربازیی دەوڵەتان دەکەن. بەڕاستیش یەکێك لە بەسوودترین رێگەکان بۆ سووککردنی بزاڤێکی دیاریکراو زەمکردنیەتی لەکاتی ناوبردنانیدا. هەربۆیە ئەم ناونانە کە مەبەست پێی تۆمەتبارکردنە، بەزۆری بۆ هەندێ بزاڤ بەکار دێ کە بەمەبەستی بەگژاچوونەوەی ستەم و هێنانەکایەی ئاشتی بە ئامرازی تری جگە لە توندوتیژی، شیکردنەوە دەکەن و ئامانجگەلێك بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن کە جیاوازیی جەوهەرییان لەگەڵ ئامانجەکانی "ئاشتیخوازی"دا هەیە.

*** جەنگ**

*** ئاشتی**

*** ناسەربازگەرایی**

*** چەك داماڵین**

# سیاسەت

ئەرکی بنچینەیی فەلسەفەی سیاسی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادە لە چەکمەی توندوتیژی. بە ئەندازەی هەڵوەشاندنەوەی شێوە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی لە پێوەندیی نێوان تاك و کۆمەڵەکان، ئاشتی و دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا بەدی دێن. لێرەشەوە توندوتیژی کە هەمیشە کار بۆ مەرگ دەکا، لەگەڵ خودی کاری سیاسیدا ناکۆکە. سیاسەت و توندوتیژی هەر بەسروشت دژ بەیەکن، لەگەڵ ئەوەیشدا ئایدیۆلۆجیا باوەکان هەمیشە پێداگری لەسەر پێچەوانەی ئەمە دەکەن بەوەی توندوتیژی لە کاری سیاسی جیا نابێتەوە. بەپێی ئەو گوتارانە، لە سیاسەتدا پەنابردن بۆ توندوتیژی شتێکی حەتمییە و کارێکی رەوایشە لەبەرئەوەی تەنیا بەوە کار بەهێز دەبێ و دەست هەڵگرتن لە توندوتیژی دەست هەڵگرتنە لە سیاسەت خۆی و هەڵاتنە بۆ خەیاڵگەرایی. تەنانەت کاتێکیش ئەو ئایدیۆلۆجیایانە مل دەدەن بەوە توندوتیژی لە روانگەی ئەخلاقی پەتییەوە پاساو هەڵناگرێ، هەر بۆ ئەوەیە زیاتر جەخت لەوە بکەن کە ناکرێ لەڕووی واقیعیەتی سیاسییەوە سەرکۆنە بکرێ.

لەڕاستیدا لە بەرامبەر هەموو ئەو تاوانانەی توندوتیژی ئەنجامیان دەدا و قەرەبوو ناکرێنەوە کاتێ دەبێتە ئامرازێکی جۆرایەتی بەدەست کاری سیاسیەوە، پێویست ناکا مرۆڤ خۆی تووشی سەرەسوڕێ بکا تا لەڕێی رامانی ئەخلاقیەوە تانەی لێبدا، چونکە واقیعیەتی سیاسی خۆی چەندان بەڵگە بەدەستەوە دەدا بۆ دابەزاندنی بەهای توندوتیژی — ئەو بەڵگانەیش بنبڕن.

شاری سیاسی کاتێ لەدایك دەبێ ژنان و پیاوان —کە دان بە یەکسانی و لێکچوونیاندا نراوە— بڕیار دەدەن بەیەك بگەن تا پێکەوە بژین، واتە پێکەوە بدوێن و بڕیار بدەن و کار بکەن لەپێناو بنیاتنانی ئایندەیەکی هاوبەشدا. ئەو "پێکەوە قسەکردن" و "پێکەوە کارکردن" و "پێکەوە بڕیاردان"ـە بڕبڕەی پشتی ژیانی سیاسییە، چونکە ئەوەی دەرگای کاری سیاسی دەکاتەوە و بناغەی بۆ دادەنێ ئاڵوگۆڕی قسە و گفتوگۆی ئازاد و دەمەتەقێی هاووڵاتیانە، واتە تاوتوێکردنی گشتی و دەمەتەقێی دیموکراسییانە. دامەزراندنی کۆمەڵگەیەك بەپوختی لە دروستکردنی هاوبەشیدایە. ئەو هاوبەشییەیش خۆی لە دەستوورێکدا بەرجەستە دەکا، واتە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی کە هاووڵاتیان لەڕێیەوە ئەو پرۆژەیە پەسەند دەکەن کە دەیانەوێ پێکەوە بەدی بێنن. کەواتە ئەوەی کاروباری سیاسی دادەمەزرێنێ توندوتیژی نییە، بەڵکو بەتەواوی پێچەوانەکەیەتی، قسەکردنی مرۆڤە. وەك دەزانین رژێمی تۆتالیتاریش بەوە دەناسرێتەوە کە هەر کایەیەك هەڵدەوەشێنێتەوە هاووڵاتیان تێیدا ئازادیی دەربڕین و پێکەوە کارکردنیان هەبێ.

کەواتە جەوهەری کاروباری سیاسی خۆی بریتییە لە دیالۆگی مرۆڤەکان لەنێوان خۆیاندا، لەبەرئەوە سەرکەوتنی کاروباری سیاسی سەرکەوتنی ئەو دیالۆگەیە. هەروەها لەبەرئەوەی دەرکەوتنی توندوتیژی لەنێو خەڵکدا هەمیشە واتای شکستی دیالۆگەکەیان دەگەیەنێ، توندوتیژی هەمیشە شکستی کاروباری سیاسی دەگەیەنێ. جەوهەری کاری سیاسی پێکەوە کارکردنی تاکەکانە، بەڵام کاتێ تاکەکان دژ بەیەکتر کار دەکەن، بەو کارە بناغەکانی خودی شارە سیاسییەکە هەڵدەتەکێنن. راستە ژیانی مرۆڤ لەنێو گرووپێکدا لەوانەیە لە هەر ساتێکدا بێگەردییەکەی لەدەست بدا کاتێ هەندێ کەس کە رێزی ئەو بەڵگەنامەیەی لەسەری دامەزراون یان هاوپەیمانییە بنچینەییەکەیان ناگرن، کێشە دەنێنەوە، بۆیە دەبێ ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن تا ئاشتیی کۆمەڵایەتی بگەڕێتەوە و جارێکی تر بکرێ دیالۆگ لەنێوان هاووڵاتیاندا دەست پێ بکرێتەوە.

چارەسەری کێشەکان یەکێکە لە مەرجەکانی ژیانی سیاسی، بەڵام بناغەی ئەو ژیانە دانامەزرێنێ. ئەو کەسانەی بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکانیان یان تێرکردنی حەزەکانیان یان زاڵکردنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، بەو کارە ئەو شوێنە بەجێ دێڵن کە پرۆژەی سیاسیی گرووپەکەیانی تێدا دادەڕێژرێ و بەدی دێ، بۆیە ئیتر کارەکەیان

ناچێتە خانەی ئەو کایە گشتییەی بناغە بۆ شاری سیاسی دادەمەزرێنێ، بۆیە دەبێ توخم یاخۆ پاسەوانەکانی ئاشتی بەرکەناریان بکەن، هەروەها پێویستە ئەو "توخمانەی ئاشتی" ڕێگە ئاشتییەکان پێش بخەن و لە حاڵەتی ئەوپەڕی پێویستیدا نەبێ پەنا بۆ توندوتیژی نەبەن.

وا گونجاوترە هەمیشە کاروباری سیاسی بەگوێرەی ئەو پرۆژەیەی هەڵی دەگرێ پێناسە بکرێ، ئەو پرۆژەیەیش کە ئامانجی کۆکردنەوەی خەڵکە بۆ کارێکی هاوبەش هیچ بوارێك بۆ توندوتیژی ناهێڵێتەوە. کاری سیاسی چ لە ئامانج و چ لە چۆنیەتیەکانیدا بەشێوەیەکی ئەندامی لەگەڵ ناتوندوتیژیدا تەبایە. فەلسەفەی ناتوندوتیژی سەرلەنوێ دۆخی شاری سیاسی دەگێڕێتەوە چوارچێوەی راستەقینەی خۆی و رەهەندە راستەقینەکانی بۆ دەگێڕێتەوە. جا ئەگەر لە واقیعدا کاری سیاسی بە ناتوندوتیژی جیا بکرێتەوە، ئەوا توندوتیژی بە سرووشتی خۆی –با لە هەندێ بارودۆخیشدا پێویست بێ– "دژە سیاسەت"ـە anti-politique و رەنگە بشێ بوترێ توندوتیژی "پێش سیاسی"ـە pre-politique، ئەویش بەئەندازەی ئەوەی پێش کاری سیاسی بکەوێ و هەوڵ بدا ئامادەکاری بۆ بکا و وا بکا ببێ.

پێویستە کاری سیاسی ئیش بۆ ئەوە بکا ئاشتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەرقەرار بکا، بەشێوەیەك کایەیەکی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتیان فەراهەم ببێ کە بتوانن تێیدا بەتەواوی ئاسایش و ئازادی بژین. سیاسەت دەخوازێ فێری بەڕێوەبردنی ناتوندتیژانەی ئەو کێشانە ببین کە لەنێوان هاووڵاتیاندا سەرهەڵدەدەن، ئەمەیش دەخوازێ بە ئامرازە ئاشتییەکان ئاشتیی کۆمەڵایەتی جێگیر بکرێ، لەو بوارەیشدا هەموو شت ناکرێ، بەڵام لە هەموو دامەزراوەیەکدا پێویستە ئەو کەسانەی پۆستی بەرپرسیاریەتی وەردەگرن، ئیرادەی سیاسییان هەبێ بۆ ئەزموونکردنی هەرچی ئەوەیە کە لەتوانادایە بکرێ.

*** دەوڵەت**

*** دیموکراسی**

*** پۆلیس**

# ئازایەتی

مرۆڤی "ئازا" ئەو کەسەیە چاکییەکانی دڵ زاڵ دەکا. (وشەی courageی فەرەنسایی (ئازایەتی) لە وشەی coeurەوە هاتووە بەواتای "دڵ")، لەو رووەوە دڵ بارەگای ئیرادە و وزە و ئەو سیفەتانەیە کە هێز و وەرەی دەروون لەبەردەم ترس و سەرکێشی و هەڕەشە و مەترسی و سزا و مردندا، پێك دێنن. ئازایەتی فەزیلەتی مرۆڤی بەهێزە کە لە تاقیکردنەوەدا خۆی رادەگرێ. جا لەو رووەوە ترسی مرۆڤ هەمیشە لە مەترسیی مردندایە، ئەوا سیفەتی مرۆڤی ئازا بریتییە لە زاڵبوونی بەسەر ترسی مردن و سەرکێشیکردنی بە ژیانی خۆی بۆ بەرگریکردن لە پرسێکی رەوا کە کەرامەتی پێوە بەندە. گاندی "چاونەترسی" لە ریزی پێشەوەی سیفەتە چاکەکانی مرۆڤی بەهێزەوە داناوە. چاونەترسی in-trepide، بەپێی واتای داتاشراوی ئەم وشەیە لەزمانی فرەنساییدا (کە لەلاتینیدا لە پێشگری نەرێکردنی in و trepidere بەواتای "لەرزی" دێ)، ئەوەیە لەبەردەم مەترسیدا چۆکت نەلەرزێ، واتە نەترسیت، یان وردتر بڵێین بەسەر ترسەکەتدا زاڵ بی.

هەندێ جار دەگوترێ دەشێ ئازایەتی وەك چۆن لە چاکەدا بەکار دێ لە خراپەیشدا بەکار بێ، بەڵام ئازایەتیی مرۆڤ جێی سەرسامی و رێز نابێ تەنیا ئەوکاتە نەبێ کە لە چاکەدا بەکار بێ. نا، هیچ ئازایەتیەك لە کردنی خراپەدا نییە، کاتێ بەوردی لە بابەتەکە رادەمێنی، دەبێ پێداگری لەوە بکرێ کە مرۆڤی خراپکار چەندە نەبەردی پیشان بدا بۆ گەیشتن بە مەرامەکەی، مرۆڤێکی ئازا نییە. لە هەموو کولتوورەکاندا ئازایەتی فەزیلەتی ئەو پاڵەوانەیە کە هێزی زاڵبوون بەسەر ترسی خۆی هەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانەی لە خەباتیدا لەپێناو دادپەروەری دێنە رێی.

لە کولتووری بۆماوەماندا ئازایەتیی مرۆڤ لە جەنگدا تاقی دەکرێتەوە، ئەوکاتە گۆرانی بە باڵای ئازایەتیدا دەوترێ وەك فەزیلەتی ئەو جەنگاوەرەی پێشڕەوی دەکا و دلێرانە سنگ بە مەترسییەوە دەنێ. هەروەها جەنگ بەو ساتە دادەنرێ کە تێیدا هاووڵاتی بە دەستبەرداربوونی لە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی، بوونی ئەخلاقی و رۆحیی خۆی دەسەلمێنێ و ئازایەتی پیشان دەدا و لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا سەرکێشی بە ژیانی خۆی دەکا. چەندان سەدەیە کۆمەڵگەکان دەقیان بە توندوتیژییەوە گرتووە و پێی سەرسامن و وەك سیفەتی مرۆڤی بەهێز کە ئازایەتیی ئەوەی هەیە بۆ بەرگریکردن لە شەرەف و ئازادیی خۆی و هاونیشتمانیەکانی خۆی بەسەر گەورەترین مەترسیدا بدا، پیرۆزییان پێ داوە. گواستنەوەی ئەم گۆشەنیگا کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجییە، وای کردووە هەندێ رەفتاری ملکەچکردن و گوێڕایەڵیکردنی فەرمانەکانی دەسەڵاتداران کە لەپێناو پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵەکەدا فەرمان بە کوشتن دەکەن، نەوە دوای نەوە بگوێزرێتەوە و دووبارە ببێتەوە.

مەزنیی فەزیلەتی ئازایەتی کاتێ بەڕوونی دەردەکەوێ کە لەگەڵ ترسنۆکی –کە هەمیشە بێزراوە– بەراورد بکرێ، بەڵام کولتووری توندوتیژی هاووڵاتی لە دۆخێکدا بەند دەکا هەست دەکا کاتێ رووبەڕووی ستەمێك دەبێتەوە هیچ بژارەیەکی لەبەردەمدا نییە جگە لە توندوتیژی و ترسنۆکی، لەو بارەیشدا هان دەدرێ تا بۆ سەلماندنی ئەوەی ئازایە، توندوتیژی هەڵبژێرێ، جا لەبەرئەوەی رازی نییە ترسنۆك بێ، چ لە چاوی خۆی و چ لە چاوی خەڵکیشدا، بۆیە بەگشتی قایل دەبێ توندوتیژ بێ. بەوەیش ئایدیۆلۆجیای توندوتیژی هەر بەڕاستی هاووڵاتییان لەخشتە دەبا کاتێ جەخت لەوە دەکا تاکە رێگە بۆ ئازایەتی توندوتیژبوون و پێشوەخت تۆمەتبارکردنیانە بە ترسنۆکی، ئەگەر رازی نەبوون توندوتیژ بن.

دیارە ئەو کەسەی توندوتیژی هەڵدەبژێرێ، سەرکێشی بەژیانی خۆی دەکا بۆ بەگژاچوونەوەی ستەم، هەر بەڕاستی دەیسەلمێنێ کەسێکی ئازا و بەجەرگە و کەس بۆی نییە نکوڵی لە مافی رێزگرتنی بکا. هەروەها لەو کاتەی مرۆڤ دەکەوێتە نێو هەڵوێستێك کە ستەمی تێدا دەکرێ و بزانێ چاری نییە دەبێ توندوتیژی یان ترسنۆکی هەڵبژێرێ، ئازایەتی لێی دەخوازێ توندوتیژ بێ. ئەگەر رەتکردنەوەی توندوتیژی و جەنگ لە رقبوونەوە لە مردنەوە بێ نەك دڵتێکچوون بە کوشتن، ئەوکاتە ئەو رەتکردنەوەیە بەڵگەیە لەسەر ترسنۆکی.

بەڵام سرووشتی جەنگ وایە، لە باشترین حاڵەتدا، دوو شتی زۆر دژ کۆ دەکاتەوە: دەکرێ دەربڕی ئازایەتی بێ، بەڵام هەمیشە وەگەڕخستنی توندوتیژیی بکوژیش بێ. لێرەدایە دەشێ فەلسەفە ئەو لۆجیکە پێچەوانە بکاتەوە کە ئایدیۆلۆجیای باو بەدرێژایی چەندان سەدە زاڵی کردووە و پێی وایە جەنگ ئەگەرچی مرۆڤ فێری کوشتن دەکا، کارێکی شەرەفمەندایە لەبەرئەوەی بەرهەمی ئازایەتییە. پێویستە جەخت لەوە بکرێ کە جەنگ، وێڕای ئەوەی هەندێ جار کچی ئازایەتیشە، هەرگیز شەرەفمەندانە نییە، لەبەرئەوەی مرۆڤکوژە.
گاندی روونی کردەوە کە مرۆڤ سەرپشك نییە لەنێوان توندوتیژی و ترسنۆکیدا، بەڵکو لەنێوان توندوتیژی و ترسنۆکی و ناتوندوتیژیدا سەرپشکە. ئەگەر توندوتیژی جیا بێ لە ترسنۆکی ئەوا ناتوندوتیژی باشترە لە توندوتیژی. لە دەرەنجامدا ناتوندوتیژی لە توندوتیژی زیاتر پێویستی بە ئازایەتی هەیە، بەڵام تەنیا ئەو کەسەی توانای ئەنجامدانی توندوتیژی هەیە دەتوانێ ناتوندوتیژی هەڵبژێرێ. ئازایەتیی راستەقینەی مرۆڤی بەهێز بریتییە لە بەرەنگاریکردنی خراپە و ستەم و سواربوونی ملی مەترسیی مەرگ بۆ ئەوەی نەکوژێ، نەك مەترسیی کوشتن بۆ ئەوەی نەمرێ. ئازایەتیی هەرە مەزن بەرەنگاریکردنی خراپەیە، بەوەی خراپکار نەکەیتە سەرمەشق.

*** جەنگ**
*** ترس**
*** ناتوندوتیژی**

# پۆلیس

پێویستە هەر کۆمەڵگەیەك دەزگایەکی پۆلیسی هەبێ کە ئەرکی "پاراستنی سیستم" و "سەپاندنی ڕێزی یاسا" بخاتە ئەستۆ. وشەی پۆلیس police (لە هەمان وشەی polotique داتاشراوە کە واتای "سیاسەت"ـە)، هەروەها پێوەندی بە حوکمکردنی "شار"ەوە هەیە (بەیۆنانی polis). ئامانجی کاری پۆلیس، هەروەك کاری پیاوی سیاسی، بەرقەرارکردنی ئاشتییە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، واتە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد لە زەبری توندوتیژی. کاری پۆلیس بەشداریکردنە لە گەرەنتیکردنی ئازادیەکانی هاووڵاتیان و سەپاندنی ڕێزگرتنی مافەکانیان و ئاسایشیان. پێویستە پیاوانی پۆلیس هەر بەڕاستی "توخمەکانی ئاشتی" بن، واتە پێویستە "ئاشتی دروست بکەن" لەنێوان ئەو کەس و گرووپانەی لە هەمان شاردا دەژین. بۆیە پێویستە پۆلیس ئاژاوەچییان دابڕن و شەڕیان دوور بخەنەوە.

کەواتە ئەرکی پۆلیس لە بنەڕەتدا "دژە توندوتیژی"یە، هەربۆیە پێویستە کاریگەرترین ئامرازەکان بخرێنە کار بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. گونجاوترین ئامرازیش بۆ بەدیهێنانی ئاشتی ئامرازە ئاشتییەکانن. لێرەدا دەکەوین بەسەر کارایی ستراتیجی کاری ناتوندوتیژانەدا، پێویستە ئامرازە کارپێکراوەکان لەگەڵ ئامانجەکەدا بگونجێ و پێکەوە هاوئاهەنگ بن. کەواتە ئەرکی سەرەکیی پۆلیس دوورخستنەوەی کێشەکان و لەکاتی پێویستدا چارەسەرکردنیانە، ئەویش بە پەنابردن بۆ ڕێگە ناتوندوتیژانەکان بۆ چوونەنێو و میانگیری و ئاشتەوایی. بۆیە زۆر پێویستە ئەو شیاندنانەی لە قوتابخانەکانی پۆلیسدا دەکرێن بەپێی توانا ڕاهێنانی لەسەر ئەم ڕێگایانە تێدا بێ.

لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە پۆلیس ناچار بێ بەمەبەستی دوورخستنەوەی ئاژاوەگێڕان و ڕێگرتن لە خراپەکانیان شێوازەکانی "ناچارکردنی جەستەیی" بگرێتە بەر. هەندێ هەڵوێست هەن ئاستەمە بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی، دەستی کەسێك یان چەند کەسێکی چەکدار کە هەڕەشە لە ژیانی خەڵك دەکەن، کۆتا بکرێ. بەڵام تەنانەت لە بارودۆخێکی لەم جۆرەیشدا دەبێ ئەوەی لەتوانادا بێ بکرێ بۆ چەککردنی تاوانبار یاخۆ تاوانبارەکان و قۆڵبەستکردنیان بەبێ بریندارکردن یان کوشتنیان. جا ئەگەر وێڕای هەموو شتێك کەسێك لەسەر دەستی پۆلیس مرد، بە شکستێك دادەنرێ کە هەر جۆرە "ڕاگەیاندنێکی سەرکەوتن" قەدەغە دەکا. جا ئەگەر پۆلیس نەیتوانی بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژیی کوشندە ئاشتی کۆمەڵایەتی بەرقەرار بکا، ئەوا هەموو کۆمەڵگە لەو شکستەدا بەرپرسە. کاتێ دیموکراسی ڕەتی دەکاتەوە دان بە توندوتیژیەکەیدا بنێ وەك شکستێك، ئەوا خۆی خۆی نەفی دەکا.

جێی خۆیەتی بپرسین ئاخۆ دەکرێ عورفێکی گشتی دابنرێ تێیدا نوێنەرێکی دەوڵەت، هەرکات بەکارهێنانی پۆلیس بووە هۆی مردنی مرۆڤێك، دان بەوەدا بنێ کە بەکارهێنانی توندوتیژیی کوشندە تەنانەت ئەگەر پێویستیش بێ، ئەوە لە هەموو کاتدا مەرگەسات و کۆست و شکستە، لەبەرئەوە پێویستە وەك حاڵەتێکی "تازیەباری" مامەڵەی لەگەڵ بکرێ.

بوونی هەندێ حاڵەت کە بە ناچاری دەبێ پەنا بۆ توندوتیژی ببرێ نابێ، بکرێتە پاساو بۆ گێڕانەوەی بایەخ بۆ توندوتیژی وەك ئامرازێکی ئاسایی دروست بۆ دابینکردنی سیستەمی گشتی و گێڕانەوەی ئاشتیی کۆمەڵایەتی. بۆ ئەوەی هەڵاوێر نەبێتە ڕێسا بگرە پاڵپشتی ڕێساکە بکا، گرینگە ڕێزی ئەو ڕێسایە زۆر بگیرێ. ئەو ڕێسایەش پێویستە بریتی بێ لە چارەسەرکردنی ناتوندوتیژانەی کێشەکان. بەڵام وا دەبینین دەوڵەتە دیموکراسییەکان خۆیشیان ئاسانکاری لە توندوتیژی پۆلیسدا دەکەن تەنانەت لە دەرەوەی سنووری زۆر پێویستەکانیش، ئەوەتا پیاوانی پۆلیس لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیاندا تا ڕادەیەك لە تۆڵەسزا (قصاص) دەربازن چ لە کاتی لێکۆڵینەوە لە بەشەکانی پۆلیس یان لە کاتی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندانە گشتییەکاندا، ئەوەیش ئەو باوەڕەی لا دروست کردوون کە ڕێ پێدراون کاری توندوتیژیی ئەوتۆ دەرهەق بە هاووڵاتیان ئەنجام بدەن، کە هەرگیز بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی پێویست نییە، وەك ئەوەی جوێن دەدەن و خەڵك فەلاقە دەکەن، کە چاوەڕوان دەکرێ

له دەوڵەتی یاسادا چاوپۆشی لەو شتانە نەکرێ. پێویستە لەمڕۆوە هاووڵاتییان چاوکراوە بن و سەرکۆنەی ئەو سەرپێچییانەی "پاسەوانانی ئاشتی" بکەن.
بەشدارانی تێکۆشانی ناتوندوتیژی، بە ئافرەت و پیاوەوە بە شێوەیەکی سروشتی رووبەڕووی پیاوانی پۆلیس دەبنەوە کە بەرپرسن لە" پاراستنی سیستم" و " سەپاندنی رێزی یاسا". پێویستە لەبارەی ئەم دیدارەشەوە، کە هێندەی نەویستراوە هێندەش حەتمییە، دانوستاندن بکرێ، ئەویش بەپێی بنەماکانی ناتوندوتیژی. لێرەدا بەڵگە خاوەن مۆرکە ئەخلاقییەکان دەچنە پاڵ بەڵگە خاوەن مۆرکە تاکتیکییەکان بۆ پاساوبەخشین بەوەرگرتنی هەڵوێستێکی بە نەزاکەتی توند بەرامبەر پیاوانی پۆلیس. سووکایەتیکردن بە ئەندامانی هێزەکانی ئاسایش چ بە جوێن پێدانیان بێ یان تێگرتنی بەردی شەقامەکان(٩)، یەکەم شت ستەمکردنە لە خەڵکانێك کە بەرپرسیارییەتیە کەسییەکەیان پێوەندییەکی راستەوخۆی بەو کێشەوە نییە لە ئارادایە. "جیانەکردنەوەی دوژمن" هەمیشە هەڵەیەکی گەورەیە. زیاد لەوەیش زۆر لەوانە تەنیا لە ژێر پاڵەپەستۆی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیاندا ئەو پیشەیەیان هەڵبژاردووە.
هەڵویستی سووکایەتی نواندن بەرامبەر پیاوانی پۆلیس جگە لە توڕەکردنیان لە خۆپیشاندەران و بەندکردنیان لە چوارچێوەی رۆڵی خۆیاندا وەك رەگەزی سەرکوتکردن هیچی تری لێ ناکەوێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا لەوانەیە هەندێکیان لە شەرعیەتی ئەو فەرمانانەی پێیان دەدرێ بەگومان بن و بپرسن. بەڵام هەر کە هەستیان کرد توندوتیژیی خۆپیشاندەران هەڕەشەیان لێدەکا چ شاراوەیی بێ یان کردەوە، سڵ ناکەنەوە لەوەی پەنا بۆ توندوتیژی ببەن، هەر بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆیان بکەن، چونکە پیاوانی پۆلیسیش مرۆڤن و دەزانن ترس چییە. بەکورتی بەدەرچوون لەو گێژاوی توندوتیژییە، دەستی یاسا باڵا دەبێ.
بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر خۆپیشاندەران راشکاوانە بەخەڵکیان راگەیاند کە پابەند دەبن بە هەڵوێستێکی ناتوندوتیژانەوە، ئەوا چاوەڕوان دەکرێ ئەم هەڵوێستە فتیلەی دوژمنایەتیکردنیان لەلایەن پۆلیسەوە دەربێنێ و لەئەنجامی ئەوەیشدا لەوانەیە سرووشتی رووبەڕووبونەوەی هەردوولا بەقووڵی بگۆڕێ. بۆ ئەو مەبەستەیش جێی خۆیەتی پێش لە دەست بەکاربوون هەڵمەتێکی راگەیاندن ئاراستەی پۆلیس بکرێ، جا ئەگەر ئەوە کرا، دەکرێ هەندێ پێوەندیی کەسییان پێوە بکەن، چ لەگەڵ دەستڕۆیشتووە بچووکەکانیان بێ یان لەگەڵ بەرپرسان و دروستیی ئامانج و هەروەها ئامرازەکانی خۆپیشاندەرانیان بۆ روون بکرێتەوە. ئەوکاتە پێویستە هەوڵ بدرێ متمانەیان لەلا دروست بکرێ کە ئەوان وەك "پاسەوانانی ئاشتی" لە ئەرکەکانیاندا رێزیان دەگیرێ و کاری خۆپیشاندەران بەهیچ شێوەیەك هەڕەشە نابێ لەوان. بەوە دەشێ لە چالاکییەکە تێ بگەن و بگرە دوور نییە ببنە هاوسۆزیشی.
ئەزموونی تێکۆشانی ناتوندوتیژانە ئەمەی خوارەوە پیشان دەدا: کارێکی بێهوودە نییە پیاوانی پۆلیس هان بدرێن بۆ یاخیبوون لە فەرمانە ناشەرعی یان لانی کەم نایاساییەکان کە فەرمانیان پێدەکەن لەکاتی راپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا توندوتژی دژ بە هاووڵاتیان بەکار بێنن. لەڕاستیدا هیچ هۆیەکی دروست نییە، نە بۆ هاووڵاتیان و نە بۆ پۆلیس، تا هەریەکەیان ئەوی تر بە دوژمنی خۆی بزانێ. بەڵام هیچ شتێك نییە گەرەنتیی ئەوە بکا پەنابردن بۆ رێگەکانی کاری ناتوندوتیژ بەکردەوە هەڵمەتی سەرکوتکردن لەلایەن پۆلیسەوە کۆتا دەکا. هەروەك ئەزموون پێمان دەڵێ بژارەی ناتوندوتیژی بەس نییە بۆ دوور بوون لە لێدان و خوێن رشتن و رەنگە تێکۆشانی ناتوندوتیژیش چاری ناچار بێ بریندار و کوژراوەکانی سەرژمێر بکا، بەڵام ئەوکاتە لای رای گشتی ئەوە بەڕوونی دیار دەبێ کە دەسەڵاتداران تەواوی بەرپرسیاریەتیی پشێوی و توندوتیژییان دەکەوێتە گەردن و پێویستە خۆپیشاندەران خۆیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم ئەگەرە ئامادە بکەن، چ ئامادەیی دەروونی بێ یاخۆ جەستەیی. لەبەرئەوە پێویستە خەباتکاران لە زنجیرە دانیشتنێکی راهێناندا، فێری ئەوە بن

چۆن چۆنی گوشاری دەروونیان چارە دەکەن stress-management، لە رووی جەستەییشەوە بەشێوەیەك خۆیان ساز بکەن کە بتوانن بەباشترین شێوە رووبەڕووی دڕیی پۆلیس ببنەوە بەبێ ئەوەی هەڵبێن، بەوەیش دەستی یاسا باڵا دەبێ !

*** دەوڵەت**

*** سەرکوتکردن**

**ململانە**

بوون ململانەیە لەپێناو ژیاندا. بۆ ئەوەی بەرگری لە مافەکانی خۆم و ئەوانە بکەم کە دەمەوێ هاوهەڵوێستیان بم، پێویستە لەسەرم بچمە ململانە و شانەخڕێ لەگەڵ ئەوانەی هەڕەشە لەو مافانە دەکەن یان داگیریان دەکەن.

ئەوەی هەڵوێستی ستەمی بەگشتی پێ دەناسرێتەوە، مەحاڵیی دیالۆگە لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا. مادەم دیالۆگیش مەحاڵ بێ ململانە پێویست دەبێ. ئەوە رۆچوونە لەنێو خەیاڵگەرایيدا کە پێمان وابێ دەکرێ لەڕێی گرەوکردن تەنیا لەسەر دیالۆگ بۆ چەسپاندنی دادپەروەری، دەستبەرداری ئەم ساتی ململانە و رووبەڕووبوونەوەیە ببین، چونکە وەزیفەی ململانە هێنانەکایەی هەلومەرجی دیالۆگە لەڕێی هێنانەکایەی هاوسەنگییەکی نوێی هێز کە ئەوی تر ناچار بکا وەك هاوگۆیەکی پێویست دانم پێدا بنێ. بەوەیش دەرفەت دەڕەخسێ دەرگای دانوستاندن بۆ تاوتوێکردنی خاڵەکانی رێکەوتنێك بکرێتەوە کە سنوورێك بۆ کێشەکە دابنێ.

هیچ ئاشتییەك بەبێ دادپەروەری نابێ و هیچ دادپەروەرییەکیش بەبێ ململانە نابێ. بەڵام ململانە لەپێناو دادپەروەریدا پێویستی بە ئامرازی دادپەروەر، واتە ناتوندوتیژ هەیە. ناتوندوتیژی دەیەوێ کێشەکە بگۆڕێ بەشێوەیەك ململانە نەبێ لەدژی دژبەرەکە، بەڵکو ململانە بێ لەگەڵیدا. ئامانجی ململانە گەیشتنە بە دانوستاندن لەگەڵ دژبەر لەبارەی پەیماننامەیەك کە ببێتە بناغەی هاوبەشییەك لەگەڵی. ناتوندوتیژی دەیەوێ لەڕێی پێشوەخت لەبەرچاوگرتنیەوە، پێش ئەم دواین قۆناغەی کێشەکە بکەوێ. تەنانەت لە جەرگەی ململانەیشدا، دژبەر "شەریك"ێکە پێویستە شێوەیەك بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵی بدۆزرێتەوە. بەوەیش ئامانج نابێتە سڕینەوەی دژبەر، بگرە دەبێتە راگرتنی دژایەتی.

*** ناچارکردن**

*** دیالۆگ**

*** شەڕەنگێزی**

*** هێز**

*** کێشە**

## ململانەی کۆمەڵایەتی

تاکەکان، خۆیان هەست بەوە بکەن یان نا، سەر بە چینێکی کۆمەڵایەتین کە لەوانەیە تا ئەم یان ئەو سنوور "خاوەن سەرماف" بێ یاخۆ "بێبەش لە سەرماف" بێ، ئەویش بەگوێرەی شوێن و پێگەی لەنێو سیستمە ئابووری و سیاسییە باڵادەستەکەدا. بەدڵنیاییەوە گوریسە پچڕەیەکی توند هەیە لەنێوان ئەوانەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان لەدەستدایە و هەڵیان دەسوڕێنن و ئەوانەی بە کارکردنیان بەشداری لە دروستکردنی ساماندا دەکەن کە بەشێکی لە شێوەی قازانجدا قۆرخ دەکرێ. جا ئەگەر ئەم بەهەڵستییە وەزیفییە سووکتر و هێورترە لەوەی دوێنێ رووی دەدا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو ململانەیەی کرێکاران دەستیان دایە بووە مایەی ئەوەی بەشێکی زۆر لە داخوازییەکانیان بێتە دی. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەگەرچی رۆژگار هەندێ لەو پێوەرانەی تێپەڕاندووە کە مارکس پیشانی دابوون، بەڵام ململانەی چینەکان –بەپێچەوانەی جەختکردنە پەلەپڕوزەکانی ئایدیۆلۆجیای لیبرالی– " هێشتا ماوە و تێ نەپەڕێنراوە".

تەنانەت ئەگەر هەندێ دەسکەوتی کۆمەڵایەتیش بەدەست هاتبێ –کە زۆر بە زەحمەت بەدەست هاتوون– و بەهۆیەوە هەلومەرجی ژیانی چینی ناوەندی بەشێوەیەکی بەرچاو باشتر کردبێ، ئەوا "کارە توندوتیژییە بنیاتی"یەکانی سەرمایەداری هێشتا لە کۆمەڵگەکانماندا ماون. بەوەیش "قۆستنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ" شێوەی تر وەردەگرێ: دەسەڵاتێکی بێسنووری پشکداران (بەڕێوەبەرانی سندوقەکانی مووچەکان، دڵنیاییکردنی ژیان، کۆمپانیا وەرگرەکان holdings) کە لەقاندنی جێگیریی فەرمانبەرانیان لە بازاڕی کاردا –کە تا دێ توانای کشانی زیاد دەکا– بەدامەزراوە کردووە + دەرکەوتنی چینێکی بنکەوتووی نوێ "لە کرێکارانی هەژار" + دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی. لێرەشەوە هێشتا بەدەستهێنانی دەرفەتی یەکسان لە هەر کاتێکی تر زیاتر کێشەیە و بەدەستهێنانی بەبێ خۆ ڕێکخستن و خەباتی قوربانییانی ئەو ئابوورییانەی لە رووی بنیاتییەوە ئەوەی پێیان کرابێ بۆ بەرتەسککردنەوەی مافە بنچینەییەکانی فەرمانبەران و سەنگەرگرتن لە لاوازترینیان، کردوویانە.

بێگومان ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە چینێکی باڵادەست "چینی بۆرجوزای" و چینێکی سەرکوتکراو ("پرۆلیتاریا" "زەحمەتکێشان") دیاری بکەین وەك دوو بارستەی جیاواز و تایبەت، لەگەڵ ئەوەیشدا بەبەردەوامی و بەشێوەیەکی سرووشتی کێشەی کۆمەڵایەتی لەنێوان کرێکاران و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکاندا روو دەدا. لەو رووەیشەوە کە کرێکاران تەنیا لەڕێی ململانەوە دەتوانن هەلی داننان بە مافەکانیان بسەپێنن، ئەوا دەستەواژەی "ململانەی چینەکان" ئەگەرچی لەناودا نییە و تەنانەت شێوەگەلی نوێی وەرگرتووە، هێشتا لە کۆمەڵگەکانماندا راستییەکە و ناتوندوتیژی دەخوازێ دانی پێدا بنێین. پاساودان بە "ململانەی چینەکان" واتای هاندانی "رقی چینایەتی" نییە، هەروەك واتای ئەوە نییە مل بۆ زاڵبوونی توندوتیژی بەسەر پێوەندیی نێوان چینەکانیش نییە، بەسادەیی مەبەست ئەوەیە تەنیا ململانە دەتوانێ دادپەروەریی زیاتر لەنێو چینەکاندا بەرقەرار بکا. داواکردنی دادپەروەری لە هەمان کاتدا واتای دەستگرتنیشە بە ئامرازگەلی دادپەروەرانە، واتە ناتوندوتیژانەوە بۆ بەدەستهێنانی. لە ڕاستیشدا، چینە هەژارەکان بەزۆری لەڕێی ئەم جۆرە ئامرازانەوە کار بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری دەکەن.

بەڵام پەنابردنی ئەم چینانە بۆ خەباتی ناتوندوتیژ بەپلەی یەکەم کارێکی براگماتییانەیە و بەگشتی ناگەڕێتەوە بۆ تیۆرێك لە ناتوندوتیژیدا و ناتوندوتیژی وەك شتێکی نامۆ دەمێنێتەوە لە رۆشنبیریی چینی کرێکاردا. لەبەرئەوەی هێشتا زام و برینەکانیان لەیاد نەچووە، بۆیە ئامادە نین گوێ بۆ ئامۆژگاریی ئەو مژدەدەرانە بگرن بە رەتکردنەوەی توندوتیژی و خۆشویستنی دوژمن، چونکە ئەو جۆرە گوتارانە بەزۆری داوای هاوکاریی نێوان چینەکان دەکەن.

چەمکێکی دیاریکراو هەیە لەبارەی "چاکەکردن" لەگەڵ هەژاران کە پاش سەردەمێکی دوور و درێژ لە پێداگری لەسەر گێڕانەوەی مافی سەرکوتکراوان، لەکار خرا. بەو رێگەیەش ئاینەکان زۆربەی کات بەشدارییان لە مانەوەی ئەو پشێوییەدا

کردووه کە لەئارادا بووه. دەسەڵاتدارانی ئاینی کاتێ بانگەشەیان بۆ "ئاشتیی کۆمەڵایەتی" و سەرکۆنەی "ململانەی چینایەتی"یان کردووه، تێبینیی ئەوەیان نەکردووه ئەو توندوتیژییەی لەو ئاشتییەدایە زیاتر بووه لەوەی لە ململانەکەدایە ! دان نەنان بە پێویستیی بوونی کێشە و ململانە و رەواییان، بەدڵنیاییەوە لە بەرژەوەندیی خاوەن دەسەڵاتەکان تەواو دەبێ، چونکە دەچێتە خانەیەکی جیاواز لە خانەی ناتوندوتیژی. گفتوگۆی چینەکان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی دوو ئامانجن لە ئامانجەکانی ناتوندوتیژی، بەڵام ئەگەر ئامانج دیالۆگ بێ، ئەوا ململانە ئامرازی گەیشتنە بەو ئامانجە.

*** دیالۆگ**

*** ململانە**

*** هێز**

# پێویست

مرۆڤ کاتێ پەنا بۆ توندوتیژی دەبا، بەگشتی بەوە پاساوی بۆ دێنێتەوە کە ئەو کارە پێویست (زەرورەت) بووە.
تایبەتمەندیی ڕێبازی توندوتیژی جەحتکردنە لەسەر ڕەوایی توندوتیژی کاتێ پێویست بێ و لەسەر ناڕەوابوونی کاتێ پێویست نەبێ. بەڵام پێدەچێ ئەم وابەستەکردنە تیۆرییە لەسەر ئاستی پراکتیکی پەکخراو بێ، چونکە ئەو کەسەی بڕیار دەدا پەنا بۆ توندوتیژی ببا، پەکی لەسەر ئەوە ناکەوێ بەڵگە، بۆ "پێویستبوون"ی توندوتیژییەکەی بدۆزێتەوە. ئای ڕێبازێکی چەندە بێبار و دژیەکە، کە بە ڕەوای دەزانێ هەر کەس توندوتیژی بەکار بێنێ پاساوی بۆ بێنێتەوە، بەڵام بۆ ئەوانە نەبێ کە تاڵاوی توندوتیژییەکە دەچێژن، بۆ کەسی تری ڕەوا نازانێ سەرکۆنەی بکا!
بەڵام لەوانەیە من لەژێر باری "زەرورەت"دا هیچ دەرەتانێك نەبینمەوە جگە لە پەنابردن بۆ ئامرازە توندوتیژەکان بۆ هەوڵدان بۆ بەرهەڵستیکردنی توندوتیژییەك کە هەڕەشە لە کەسێکی تر دەکا، زەبوونی دەکا، ئەشکەنجەی دەدا و دوور نییە بشیکوژێ. کردنی زەرورەت بە بیانوو پێویستە بژارەیەکی ئەخلاقیی توندگیر و جۆرە سەرکێشیکردنێك بێ. ئەم دژە توندوتیژییەیش "پێویست" نییە بەو واتایەی نەتوانم ئەنجامی نەدەم، بگرە بەو واتایەیە من دەمەوێ ناچار نەبم بیکەم. لەبەرئەوە من بەئەنقەست دەیکەم، بەڵام بەناچاری، چونکە ئەو توندوتیژییەی من پێم وایە ئەنجامدانی پێویستە بۆ ڕێگرتن لە خراپکارێك، تووشی زیانێکی دەکا کە من نامەوێ ئەو زیانەی پێ بگا، لەبەرئەوەی لە بنەما بنچینەییەکانی ناتوندوتیژی ئەوەیە هیچ مرۆڤێك، چەندە خراپەیشی کردبێ، "شایستە"ی زیان پێگەیاندن نییە. ئەو خراپەیەی من بە پێویستی دەبینم شتێکی ڕەوا نییە، لەبەرئەوەی مرۆڤایەتیی کەسی خراپکار هەمیشە شایستەی ڕێزگرتنە.
ئەو توندوتیژییەی من بەرامبەری دەیکەم و مرۆڤایەتییەکەی دەشێلێ، دژی ئەو ڕێزەیە کە پێویست من لەو کەسەی بگرم، هەربۆیە کاتێ من بەبیانووی ئەوەی "سووکترینی دوو خراپە"یە بۆ بەرگرتن لە خراپەیەکی گەورەتر پەنا بۆ توندوتیژی دەبەم، پێویستە ئەوەم لە یاد نەچێ کە ئەم "خراپە سووک"ە دواجار هەر شەڕە و بەداخەوە هەر بە خراپەیش دەمێنێتەوە. بێگومان ئیرادەی من چاکەی دەوێ —ئەویش بەپێی توانا ڕاگرتنی توندوتیژییەکە کە ئازاری کەسێکی تر دەدا— بەڵام بەکارهێنانی ئامرازگەلێك قبووڵ دەکا کە خراپەیان تێدایە. کەواتە ناتوانم بەم توندوتیژییە ئازار نەچێژم کە جۆرە دژیەکییەکە. لێرەشەوە کاریگەریی هەر ڕێبازێکی توندوتیژ بەوردی لەوەدایە ئەو دژیەکییە بزر دەکا.
جگە لەوەیش من بەدڵنیاییەوە خراپەیەك دەکەم بەبێ ئەوەی دڵنیا بم لەوەی چاکەیەك لەو خراپەیەم دەکەوێتەوە. ئەم بژارەیە تەنیا بە ئەنجامگیری لە ڕێی شیکردنەوەی ئەنجامگەلێکی کردارییەوە کە دواتر ئەنجام دەدرێ، دەردەکەوێ بەکەڵکە یان بێکەڵکە. بەڵام ناتوانم خۆم لەو سەرکێشییە لابدەم مادەم پاش تێڕامان لە ئاکامەکان، پێم وابێ ئەو خۆ لادانە نیشانەی ترسنۆکییە. ئەم دژیەکی و سەرکێشییە نیشاندەری مەرگەساتی دۆخی مرۆڤن.
خۆهەڵواسین بە "زەرورەت"دا بۆ پاساودان بە توندوتیژی، بەڵگەی ئەوەیە مەحاڵە پاساوێکی مرۆڤانەی بۆ بدۆزرێتەوە. مرۆڤ بۆ ئەوەی "خۆی" بێ پێویستە لەسەری بەپێی توانا بەرەنگاریی ئەو حەتمیاتانە بکا کە کۆسپن لە بەردەم کاری داهێنەرانەی، لەوەی مرۆڤێکی ئازاد بێ. مرۆڤ مرۆڤایەتیی خۆی بەدی ناهێنێ و ئازادی بەدەست ناهێنێ تا نەتوانێ زەرورەتی توندوتیژی تێپەڕێنێ. بە ملکەچکردنی بۆ زنجیرەی ئەم زەرورەتە دەست لە مرۆڤایەتی خۆی دەشوا و ئازادی لە دەست دەدا. زەرورەت یەکسان نییە بە شەرعیەت، تەنانەت لە بارێکیشدا وا دیار بێ بەکارهێنانی توندوتیژی بەشێوەیەکی سنووردار و گونجاو لەگەڵ هەلومەرجەکەدا پێویستە، ئەوا ئەرکی ناتوندوتیژی هەر دەمێنێ، چونکە زەرورەتی توندوتیژی ئەرکی ناتوندوتیژی هەڵناوەشێنێتەوە.
لە هەموو هەلومەرجێکدا دەبێ پابەند بین بە ئەرکی "مەکوژە"وە، چونکە پاساودان بە هەڵاوێران، ڕەتکردنەوەی ئەرکەکەیە. زەرورەتی کوشتن پاشاگەردانییە نەك دژەسیستمێك و نابێتە پاکانە بۆ بکوژ. پاساودانی توندوتیژی لەژێر

پەردەی زەرورەتدا بەدڵنیاییەوە بەپێویستکردنی توندوتیژییە. ئەوەیش پێشوەخت پاساودانی هەموو ئەو توندوتیژییانەیە لە ئایندەدا روو دەدەن و بەندکردنی ئایندەیە لە "زەرورەتی توندوتیژی"دا. جا ئەگەر "هەموو جار" بەناوی زەرورەتەوە پاساوم دایە توندوتیژییەکەم، ئەوا بۆ "جاری داهاتوو" زەرورەتیش یاسای خۆیم بەسەردا دەسەپێنێ و "لە هەموو جارەکان"دا بەو شێوەیە دەبێ. پێویستە پەنابردن بۆ ئامرازگەلی توندوتیژ هەڵاوێرانێك بێ کە رێسا گشتییەکە بچەسپێنێ، نەك هەڵی بوەشێنێتەوە.

هەروەها لەبەرئەوەی توندوتیژی بەهیچ شێوەیەك ئەستۆپاك نییە، هەربۆیە بەهیچ شێوەیەکیش رەوا نییە. ئاخۆ چی بەسەر مرۆڤدا دێ پاش ئەنجامدانی توندوتیژی؟ توندوتیژیی بکوژ هەمیشە خراپە و نەگبەتییە. مەرگەسات و شکستە و قەت نابێ ببێتە مایەی سەرکەوتنێك کە جەستە و دڵ پێی بگەشێنەوە، لێرەدا گەشانەوە ناشایستەیە، چونکە ئەوەی چێژ لە کوشتن دەبینێ و پێی شاگەشکە دەبێ خۆی لە رەگەزی مرۆڤایەتی دادەبڕێ. هەربۆیە پێویستە ئەنجامدانی توندوتیژی وەك نەخۆشییەك سەیری بکرێ. جا ئەگەر دژبەرەکەمم کوشت دەبێ پرسە رابگەیەنم بۆ ئەو کەسەی لەسەر دەستی من کوژراوە. لەو کات و شوێنەی مرۆڤ خۆی بەناچار دەبینێ ملکەچی توندوتیژی ببێ —بەتایبەت کاتێ پێوەندی بە زەرورەتی کوشتنی سیاوە هەبێ— مرۆڤ هەست دەکا لە مرۆڤایەتییەکەی بێوەری کراوە. ناسینی توندوتیژی واتای چەشتنی تاڵاوی ئەو بێوەریبوونەیە لەڕێی دادڕانێکی دەروونییەوە.

ئەو پەندەی دەڵێ "زەرورەت حوکمی خۆی هەیە" دەیەوێ "مافی زەرورەت" بچەسپێنێ کە دەرگا بۆ خۆبواردن لە رێزگرتنی یاسا دەکاتەوە. لەوانەیە لە واقیعدا زەرورەت ناچارم بکا باز بەسەر ئەرکی یاسادا بدەم، بەڵام ئەوە نابێتە بناغەی هیچ هەقێك. بگرە پێویستە کار بەو حیکمەتە گەردوونییە مرۆڤانەیە بکرێ کە دڵێ "زەرورەت هیچ حوکمێکی نییە".

ئەگەر مرۆڤ کەوتە داوی زەرورەتێك کە ناچاری کرد توندوتیژی لەدژی دژبەرەکەی بەکار بێنێ، با هێندە بێگەردیی هزری هەبێ پاکانە بۆ خۆی نەکا، چونکە زیادکردنی پاساوێك بۆ کاری توندوتیژی مەرگەساتەکە گەورەتر دەکا و بەیەکجاری مۆری لەسەر دەدا. با مرۆڤ لەو ساتەی لەژێر باری هەلومەرجێکدا هەست دەکا نەیتوانیوە جگە لە بەکارهێنانی توندوتیژی هیچ کارێکی تر بکا، بیر لەوە بکاتەوە کە ناتوندوتیژی مەرجی مرۆڤبوونیەتی. رۆڵی ئەم ئەرکە رۆحیەیش خۆ بواردنە لە کەوتنە نێو تەڵەی حەتمیەت و تێدا گیربوونی. بەم مەرجەیشەوە توندوتیژی تەنیا لە چوارچێوەی حاڵەتە پێویستەکاندا قەتیس دەبێ، ئەگینا بەحەتمی توندوتیژی باڵ بەسەر چارەنووسیدا دەکێشێ.

دانانان بە ئەرکی ناتوندوتیژیدا تاکە هەنگاوە بۆ کورتکردنەوەی توندوتیژی لە چوارچێوەی پێویستیی پەتیدا. لە دەرەنجامیشدا، پاساوی راستەقینەی کارکردن لەژێر باڵی ئەو زەرورەتەدا خۆلادان لەو زەرورەتە و ئەگەر کرا بەتەواوی نەهێشتنیەتی. مرۆڤ ئەگەر عەزمی جەزم نەبێ بۆ چوونە نێو دینامیەتی ناتوندوتیژی، ئەوا دەگەڕێتەوە و بەحەتمی دەکەوێتەوە ئامێزی توندوتیژی. رەفتاری مرۆڤ بەرامبەر توندوتیژی، لە بەشێکی گرینگ و یەکلاکەرەوەیدا، پێوەستە بەو کۆششانەی رازی بووە بیانکا بۆ ناسینی ناتوندوتیژی و ئەو مەشقانەی وەك ئامادەکارییەك بۆ کاری ناتوندوتیژی کردوونی.

ئەگەریش توندوتیژی لە ساتێکی دیاریکراوی کێشەکەدا بە پێویست زانرا وەك "خراپە هێورترەکە"، هۆکەی بەزۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمە پێشتر دەستمان شل کردووە کێشەکە تیراوێ بکا بەبێ ئەوەی پێش لەوەی کار لە کار بترازێ، ئەو رێگە ناتوندوتیژانە بخەینە کار کە لەباریاندایە چارەسەرێکی ئاشتییانەی بکەن.

تەنیا لەڕێی سووربوونمان لەسەر ناتوندوتیژی هەریەك لە ئێمە دەتوانێ سنوورەکانی زەرورەت دوور بخاتەوە، سەنگی مەحەکیش لێرەدا ئازادییە و نە کەمتر لەوە: ئازادیی بکەرێك کە بە بەهێزی و ئازایەتیەوە رووبەڕووی ملهوڕیی بارودۆخ دەبێتەوە و هیچ چار نییە دەبێ بڕیار بدا. بەڵام ئەی چی رێگرە لەبەردەم ئەوەی سەربازگەکەی خۆمان هەڵبژێرین و مکوڕ بین لەسەر ناتوندوتیژی؟ ئاخۆ لەبەرئەوە نییە بەئاسانی ملکەچی باوەڕهێنانی ساویلکانە بە زەرورەت دەبین و خۆمان لە

بڕواهێنان بە ئازادیی مرۆڤ دەدزینەوە؟ ئایا لەبەرئەوە نییە ئێمە —لەبەئەوەی لە پێشینانمانەوە بۆمان ماوەتەوە— چێژ لەو بیرۆکەیە وەردەگرین کە پێی وایە توندوتیژی شەریف و بەڕێزە بە جۆرێك لە جۆرەکان بەشێکە لە چارەنووسی مرۆڤ؟ ئاخۆ لەبەرئەوە نییە بە میرات یان ئەگەر بشێ بڵێین، بە لاساییکردنەوەی دادەنێین؟ ئایا ئەم ئامانجە شاراوانە لەخشتەمان نابەن و بەوە توانای ئیرادەمان پەك ناخەن؟ ئاخۆ ئەم نیازە شاراوانە زەویی بڕیار مینڕێژ ناکەن؟ تەنانەت پێش بڕیاردان، شتەکە بڕیاری لەسەر دەدرێ و دەبڕێتەوە و خۆمان لەسەر زەرورەت جێگیر دەکەین.

گومانی زاڵ ئەوەیە لەبەرامبەر رووداوەکەدا هەموو تاکەکان هەمان مەزەندەکردنیان بۆ پێوەرەکانی پێویستیی پەنابردن بۆ توندوتیژی نییە، چونکە ئەو مەزەندەکردنە وابەستەیە بە مێژووی تاکەکان. هەروەها تەنیا لە روانگەی پێوەرە عەقڵانییەکانەوە دیاری ناکرێ، بگرە لەسەر توانای هەر تاکێکیش بۆ زاڵبوون بەسەر هەست و ترسەکانیدا، دەوەستێ. بڕیاری هەر کەسێك لە سەرکێشیکردن بە پەنابردن یان پەنانەبردن بۆ ئامرازە توندوتیژەکان، لە دەرەنجامدا لێکدانەوەی ئەخلاقییانەی هەڵوێستەکە دیاری دەکا.

زەرورەت ئەو ساتە بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنرێ کە بەنیازە دەست بداتە کار. بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە ئاخۆ مرۆڤ لەبەرامبەر ئەو حەتمیاتانەی کارەکەی گران دەکەن بەرپرسیاریەتیی خۆی ناگرێتە ئەستۆ. بەدڵنیاییەوە مرۆڤ بەپێی ئامادەییە هەنوکەییەکانی رەفتار دەکا، بەڵام تا رادەیەکی زۆر لەو ئامادەییانە بەرپرسیارە. مرۆڤ مێژوو و رابردوویەکی هەیە کە تا زیاتر بچێتە تەمەنەوە دەسەڵاتی ئەو رابردووە لەسەری زیاد دەکا و ئایندەی رەنگڕێژ دەکا. ئەو ئامادەییانەیشی تا رادەیەکی زۆر لەسەر ئەزموونەکانی رابردووی دەوەستێ. زۆر ئاسانە هەمیشە شکستەکانی ژیانێك —کە لەسەر خۆدزینەوە و هەڵەشەیی و هەڵاتن و فرت و فێڵ و خۆ گێلکردن دامەزرابێ— بدەینە پاڵ زەرورەت بەتەنیا. دەبا بەمە هەڵنەخەڵەتێین و بەچاوی تۆمەتبارکردن تەماشای دەوروبەرمان نەکەین: ئەم ژیانە ژیانی ئێمەیە. هەروەها نەزانین خۆیشی، ئیرادەی خۆ گێلکردنە. واتە وێنەیەکی خراپکاری مەعریفەیە. ئەوە خراپەیە. هەڵەی نەزانی، نەزان تۆمەتبار دەکا و قەت چاوپۆشی لێناکا.

لە دەرەنجامیشدا هەر تاکێك خۆی هەڵوێستی کەسیی خۆی بەرامبەر رووداوەکە دیاری دەکا و بڕیار دەدا پەنا بۆ توندوتیژی بیا یاخۆ نەبا، ئەویش بەگوێرەی بڕیارێکی چارەنووسساز کە بەرپرسیاریەتییەکەی و پاش ئەوەیش واتای بوونی لە مەحەك دەدا.

*** ئامرازەکان**

# گوێڕایەڵی

لە زۆربەی هەرەزۆری حاڵەتەکاندا، ئەو کەسەی توندوتیژی دەنوێنێ تەنیا خۆی لەنێو پێوەندییەلی زاڵبوون و ملکەچی و جڵەوبوون و گوێڕایەڵیدا نابینێتەوە، بگرە لەنێویدا قەتیسیش بووە. تاك بەزۆری بە ملکەچکردنی بۆ فەرمانی دەسەڵاتێك، کە بەلای ئەو کۆمەڵەیەی ئەو ئەندامیەتی شەرعییە، ئەنجام دەدا. بەگشتیش مرۆڤ بە دیسپلینکردن دەبێتە بکوژ و بە گوێڕایەڵیکردنی فەرمانیش دەبێتە جەللاد. فەرمانی ویژدانی ئەخلاقیی گەردوونی پێی دەڵێ "مەکوژە"، بەڵام ئەم فەرمانە لای مرۆڤی ملکەچ فەرمانی "بکوژە"ی دەسەڵات پووچ و مەحوی دەکاتەوە.

چەندان ئەزموون دەریان خستووە مرۆڤ تەنیا بە پاڵنەری ملکەچکردن بۆ دەسەڵات و هیچی تر، دەتوانێ دڕندانەترین توندوتیژی دژ بە کەسانێك بەکار بێنێ کە هیچ دەسەڵات و دەرەتانێکیان نییە، چونکە ملکەچکردن بۆ فەرمان و پەیامەکانی دەسەڵات یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی رەفتاری مرۆڤە. لەنێو هەموو ئەو رێسا کۆمەڵایەتییانەی تاك لە ساتی چاوکرانەوەیەوە بەدەستیان دێنێ، رێزگرتنی دەسەڵات شوێنێکی سەرەکی و باڵادەستی هەیە. هەموو شتێك لە پەروەردەی منداڵدا رۆڵ دەبینێ لە قایلکردنی بەوەی گوێڕایەڵی ئەرك و فەزیلەتە، یاخیبوونیش کارێکی بەد و هەڵەیە.

بەڵام ئەم مەرجبەندە تەواو ورد نییە، چونکە مرۆڤ کاتێ دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن، سەربەخۆییەکی رێژەیی لە کەسایەتیدا وەردەگرێ لەرێی وابەستەبوونی بە کۆمەڵێ رێسای دیاریکراوی رەفتارکردنەوە بەپێی پێوەرگەلێکی ئەخلاقیی دیاریکراو کە خۆی هەڵی بژاردوون. بەڵام ئەو کەسە هەر هێندەی خۆی لەنێو رێکخستنێکی پلەبەندیی قوچەکیدا بینیەوە، یەکسەر رەفتاری بەشێوەیەکی قووڵ دەگۆڕێ و مەترسی دەکرێ زۆربەی دەسکەوتە کەسییەکانی لەکیس بدا و دوور نییە ژیانی هزری و رۆحیشی تووشی پاشەکشەیەکی گەورە ببێ، چونکە ئەو تاکە هەست دەکا خراوەتە هەڵوێستێکی پشتبەستنی تەواو بە ئەندامانی تری گرووپەکە و زیاد لەوەیش، لەسەر سەرۆك (یان سەرۆکەکان).

لە ملکەچکردنی تاکدا بۆ دەسەڵات لایەنێکی زۆرلێکردن هەیە، کە زادەی زۆر شێوازی پاڵەپەستۆیە، لەگەڵ لایەنێکی رەزامەندی. ئاستەمیشە بتوانرێ پشکی هەریەکەیان بەوردی دیاری بکرێ. داشکانی تاك بۆ ملکەچکردن تا رادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاداشتانەی رێز لە گوێ لەمستی دەنێن و ئەو سزایانەی تۆڵە لە یاخیبوون دەکەنەوە.

ئەو کەسەی مل بۆ دەسەڵات کەچ دەکا و توندوتیژی بەکار دێنێ، بەگشتی لافی ئەوە لێدەدا کە ئەو "تەنیا بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێ" و نایەوێ جگە لەو بەها ئەخلاقییەی رێسای رەفتارەکە کە حاشا هەڵنەگرە هیچی تر لەبەرچاو بگرێ، ئەویش بە هەوڵدان بۆ شاردنەوەی نائەخلاقیبوونی کردەوەکانی، چونکە بەلای ئەوەوە بەهای ئەخلاقیی گوێڕایەڵیکردن لەسەروو نائەخلاقیبوونی کارەکەوەیە، ئەوکاتەیش دەگونجێ بابای گوێ لەمست دڵی خۆی بەوە بداتەوە کە بەو گوێڕایەڵیکردنەی کارێکی چاکی کردووە با ئەو کارەیش کردوویەتی خراپ بووبێ. ئەو لەو کاتەی گوێڕایەڵی دەکا، پێش هەموو شت مێشکی سەرقاڵە بە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەی وەری گرتووە بەو شێوەیەی ئەو دەسەڵاتە پێی رازی بێ کە متمانەی پێ بەخشیوە، چونکە سەرقاڵبوونی "تەکنیکی" دەبێتە مایەی سڕینەوەی هەموو خەمێکی ئەخلاقی لای مرۆڤی گوێڕایەڵ.

گوێڕایەڵیکردن مرۆڤی ملکەچی فەرمانەکانی دەسەڵات وەك ئامێرێك بەکار دێنێ، چونکە تاکی گوێ لەمست خۆی بە دەسەڵات دەسپێرێ تا لەبری ئەو شێوەی رەفتار و شەرعیەتی ئەو رەفتارەی بۆ دیاری بکا. لای مرۆڤی ملکەچ رەوایی ئەو فەرمانەی پێی کراوە، لە شەرعیەتی دەسەڵاتەکەوە سەرچاوە دەگرێ، رەوایی ئەو کردارەیش فەرمانی پێ دەکرێ لە رەوایی فەرمانەکەوە سەرچاوە دەگرێ. مرۆڤی گوێ لەمست بەرامبەر ئاکامی کردەوەکانی هەست بە بەرپرسیاریەتی ناکا، لەبەرئەوەی ئەو لەژێر پەردە و پەرچەمی دەسەڵاتدا کار دەکا و بەرپرسیاریەتیی تەواوی کارەکانی دەخاتە ملی دەسەڵات، بەمەیش مرۆڤ دەتوانێ خۆی لە هەر حوکمدانێك لەسەر هەڵسوکەوتی نەبان بکا بەبیانووی ئەوەی فەرمانی سەرۆکەکانی جێبەجێ کردووە !.

مرۆڤ له ملکەچکردندا هەست به جۆرێك له دڵنیایی دەکا، که ئەگەر رێگەکانی یاخیبوونی کراوە و سەخت بگرێته بەر دەبێ واز لەو دڵنیایە بێنێ. گوێڕایەڵی، یەکەم شت تاك بە جۆشدراوی لەگەڵ گرووپ و تایفە و کۆمەڵگەدا دەهێڵێتەوە، چونکە دابڕان له دەسەڵات واتای خۆدابڕینی مرۆڤە لەو گرووپەی ئامرازەکانی ژیانێکی تارادەیەك ئاسوودەی تێدا دەستەبەرە، بەڵام گوێڕایەڵی نەکردن واتای چەشتنی تاڵاوی دەرکردنە لە کۆمەڵەکە. جگە لەوەیش تاك کاتێ مل بۆ دەسەڵات کەچ دەکا، وا هەست دەکا دەیپارێزێ و بەجۆرێك لە جۆرەکان خۆیشی بەشداری ئەو دەسەڵاتەیە کە ملکەچیەتی. لەبەرئەوە دابڕان لەگەڵ دەسەڵات واتای ئەوەیە مرۆڤ خۆی بەتەنیا و بێکەس و لاواز و دەستەپاچە ببینێتەوە– لانی کەم تا لەبەریەك هەڵوەشانی ئەو دەسەڵاتە، کە ئەوەیش کاتێکی زۆری دەخایەنێ و کەسیش ناتوانێ گەرەنتیی سەرکەوتنی بکا پاش نەمانی ئەو دەسەڵاتەی سەرکۆنەی دەکا و خۆی بۆ شکاندنی ئامادە دەکا.

بەڵام لە روانگەی ئەخلاقیەوە هیچ گومان لەوەدا نییە کاتێ کێشە لەنێوان ئەرکی ویژدان و ئەرکی گوێڕایەڵیکردندا دروست دەبێ، دەبێ تاك گوێڕایەڵی رەت بکاتەوە، چونکە "بەرپرسیاریەتی" فەزیلەتی بنچینەیی هاوولاتییە، نەك گوێڕایەڵی.

لەوانەیە رێك بکەوێ هەندێ جار بەرپرسیاریەتی وا بخوازێ مرۆڤ گوێڕایەڵی بکا، بەڵام لەوانەیە لێیشی بخوازێ یاخی ببێ. لەوکاتەدا بەرهەڵستیی ویژدان تاکە رێگەیە کە دەرفەت دەداتە تاك بۆ پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی و بەرپرسیاریەتی و ئازادی و کەرامەتی.

*** بەرهەڵستیی ویژدان**

*** یاخیبوونی مەدەنی**

## منداڵێتی

ئەمڕۆ بووەتە شتێکی سەلماو کە شێوەی مامەڵەکرانی مرۆڤ لەلایەن کەسە نزیکەکانی چواردەوریەوە لە قۆناغە بەراییەکانی منداڵیدا، کاریگەیی بەهێزی دەبێ لەسەر ئەو ئامادەییانەی ئەو منداڵە کاتێ پێدەگا بەرامبەر ئەوانی تر نیشانیان دەدا.

"خراپ مامەڵەکردن" لەگەڵ منداڵان یەکێکە لە بەربڵاوترین کارە توندوتیژییەکانی نێو کۆمەڵگەکانمان. لە هەموو شوێنێکی دنیادا، منداڵان زلە و شەقی کەسوکار و مامۆستاکانیان دەخۆن، چونکە فەلاقە و سزادانە جەستەییەکان —وەك لێدانی هەردوو دەست و زلە و لێدان— کە زۆرجار منداڵان دەبنە قوربانیی بێتاوانی ئەو سزایانە، بە ئامرازی تەمێکردنی ڕەوا دادەنرێن کە لە "بەرژەوەندی"یانە. هەروەها وا دادەنرێ گوایە ئەو پەروەردکارەی لە منداڵێك دەدا تەمێیەکی "باش"ی دەکا، چونکە وەك دەوترێ "تۆڵە بەگوێرەی خۆشەویستی"یە، بەوەیش نەك ئەو ئێش و ئازارانە بزر دەکرێن کە بە منداڵان دەگەیەنرێن، بگرە نکوڵیشیان لێ دەکرێ. لە هەموو کۆمەڵگەکانماندا "نکوڵیکردن"ێکی ڕاستەقینە لە نەهامەتییەکانی منداڵان زاڵە، زۆربەی جار کەسوکار و پەروەردکارەکان بێتاوان دەکرێن لەو توندوتیژییەی بەرامبەر منداڵان ئەنجامی دەدەن و بەرپرسیاریەتیی تاوانەکە هەمووی دەخەنە گردنی منداڵەکان خۆیان و دواجار ئەوانن کە بە "خراپ" و "خراپکار"! تۆمەتبار دەکرێن.

لەڕاستیدا کاری توندوتیژی برینی قووڵ لە دەروونی منداڵاندا دروست دەکا و وەك مۆرێك بەشێوەیەکی درێژمەودا بەسەر ژیانی ویژدانی و دەروونییانەوە دەمێنێتەوە. ئەو پێوەنییە سەرەتاییانەی منداڵ لەگەڵ خزمەکانی بەسەری دەبا، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینن لە دروستکردنی ناسنامەی و لە بەشێکی گەورەیدا ئەو پێوەندییانە بەرجەستە دەکەن کە پاشەڕۆژ خۆی لەگەڵ کەسانی تر دەیانبەستێ. منداڵی سەرکوتکراو مەترسیی زۆری لەسەرە کاتێ گەورە دەبێ کەسێکی توندوتیژ دەربچێ، هەروەها منداڵی سووکایەتی پێکراو مەترسیی زۆرە نەزانێ چۆن چۆنی ڕێزی کەسانی تر بگرێ و زیاتر حەزی لەوە دەبێ بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خەڵك بکا کە خۆی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، وەك ئەوەی بیەوێ تۆڵەی ئەو تاڵاوە بکاتەوە کە چەشتویەتی. دیارە لە چارەنووسی نەنووسراوە هەر دەبێ توندوتیژ بێ، بەڵام پێشوەخت ئامادەییەکی بەهێزی تێدایە بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بێ و بۆ ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی مرۆڤ فێری بەسووك سەیرکردنی ئەوانی تر دەکەن، ئاسانە بۆ خۆیان بیقۆزنەوە، ئەویش ئامادەیە بە دلگەرمی ملکەچی هاندانەکانیان بۆ کوشتن ببێ.

لە بەرامبەردا ئەگەر بەچکەی مرۆڤ لە دەوروبەرەکەیدا ڕێزلێگیراو و خۆشەویست بێ، ئەوکاتە پێشوەخت ئامادە دەبێ بۆ ڕێزگرتن و خۆشویستنی ئەوانی تر، وەك ئەوەی بیەوێ "پێزانین"ی خۆی بۆیان دەربڕێ. ئەوکاتەیش بەخت یاوەری دەبێ لەوەی لە ناخیدا هێزێکی ئەوتۆی هەبێ بتوانێ بەرەنگاریی ئەو هەڵفریواندنە دەستەجەمییانە بکا کە مرۆڤ بەرەو بەسووك سەیرکردنی ئەوانی تر و ڕق لێبوونەوە و کوشتنیان دنە دەدەن.

منداڵ، پێشوەخت بوونەوەرێکی خاوەن پێویستی و پاڵنەر و ئارەزووە، سرووشتی منداڵ سروشتی داهاتووی مرۆڤی پێگەیشتوو بەرجەستە دەکا. مرۆڤیش بەسروشتی خۆی حەزی لە خراپە و هاوکات ئامادەییشی تێدایە بۆ چاکە. واتە لە هەمان کاتدا دەکرێ بەرەو سەرڕاستی و هەروەها بەرەو سەرچڵی و سەرشێتیش بچێ. ئازادی و بەدوای ئەودا بەرپرسیاریەتیی مرۆڤیش لە کۆبوونەوەی ئەو دوو دژەدایە. بەڵام ئەم مەیلە سرووشتیەی مرۆڤ بۆ چەپەڵی و ئەو ئامادەییەش —کە ئەویش سرووشتییە— بۆ پیاوەتی، پێوەندییان بە جۆری ئەو مامەڵەوە نییە کە لەگەڵ منداڵ دەکرێ.

لادانی مرۆڤی پێگەیشتوو بەلای توندوتیژیدا تەنیا بەرەنجامی ئەو ناهەمواربیانە نییە کە بە منداڵی چەشتوونی، چونکە لەڕاستیدا هەرگیز ڕاست نییە کە منداڵ تەواو "بێتاوان"ـە. بەهەمان شێوە نابێ بەرگری لەو گریمانەیە بکەین کە دەڵێ مادەم منداڵ لەنێو کەسوکارەکەیدا خۆشەویست و ڕێزگیراو بێ، کە گەورە بوو بەشێوەیەك لە شێوەکان "بەرنامەبەند" دەبێ

بۆ کردنی چاکە و بەهیچ شێوەیەك بەلای خراپەدا ناڕوا. ئاخر نهێنیی خراپە و شەڕ –کە نهێنیی مەرگەساتی مرۆڤە– وا بەئاسانی خۆی بەدەست راڤەکردنێکەوە نادا.

منداڵ ئەگەر تەنانەت خۆشەویست و بەڕێزیش بێ، ئەوە ئەو پیاوەی لەو منداڵە دەردەچێ بوونەوەرێکی خاوەن تەما و حەز و ئارەزووە و زەحمەت دەبێ بۆی هەموو کات بەسەر ئەو بارە گرانەی سرووشتیدا زاڵ بێ، تا بتوانێ لەگەڵ مرۆڤەکەی تر چاك بێ. بەم شێوەیە ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی لەسەر بناغەی وەلانانی مرۆڤەکەی تر دامەزراون، لە پاڵنەرەکانی هەر تاکێکدا تێوەگلانێکی سرووشتی و ریشەداکوتاو دەبینن.

منداڵ بۆ ئەوەی کەسایەتیی خۆی دروست بکا، پێویستی بەوەیە رووبەڕووی دەسەڵاتی گەورەکان بوەستێ کە بە سنوور و قەدەغەکانیان رێی لێ دەگرن. بەڵام ئەم دەسەڵاتە کاتێ دەیەوێ لەڕێی توندوتیژییەوە، جا چ بە لێدان بێ یان زەبونکردن، توانای خۆی بسەلمێنێ، رێگە ون دەکا. توندوتیژی تەمێکردن نییە و خۆی لەخۆیدا بەڵگەی شکستی پەروەردەیە.

قەدەغەکردنی لێدان و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ بە پاساوی ئەوەی باشتر پەروەردە بکرێ، پێویستە بنەمایەك جێگیر بکا کە بەهیچ شێوەیەك دەستی بۆ نەبرێ. یەکێك لە مەزنترین ئەرکەکانی سەرشانی نەوەکانی داهاتوو لە رەگوڕیشە دەرهێنانی ئەو توندوتیژییەیە دژ بە منداڵان بەکار دێ. ئەوەیش گژبەرییەکی راستەقینەیە و سەرکێشیکردنێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی.

*** پەروەردە**

# باشکاری

مەرگەساتی گەورەی توندوتیژی لەوەوە دێ هەندێ مرۆڤ دژی هەندێکی تر ئەنجامی دەدەن، بەڵام لەو رووەوە بابەتێکی مرۆڤانەیە، واتە شتێکە لەنێو مرۆڤەکاندا روو دەدا، کەواتە قەزا و قەدەر نییە، توندوتیژی لەو شتانەیە سرووشتی مرۆڤ رێگەی پێدەدا، بەم واتایەش شتێکی "سرووشتی"یە. بەڵام مرۆڤ توانایەکی تریش تێدایە کە لە رووی "سرووشتیبوون"ەوە لەگەڵ ئەوە یەکەم هاوتایە، ئەویش باشکاری (طیبة)یە. ئەگەر مرۆڤ توانای ئەنجامدانی کاری چاکەی هەیە ئەوە لەبەرئەوەیە سرووشتی چاکەخوازە، ئەگەر توانای ئەنجامدانی خراپەیشی هەیە ئەوە لەبەرئەوەیە بەسرووشت ئازادە. مرۆڤ بەئیرادە باشکارە، ئەوەیش بەبڕیاری ئازادانەی خۆی. هەر ئەو ئازادییەیە واتا بە بوون و کەرامەتی دەبەخشێ، بگرە زیاد لەوە، خودی بوونیەتی. هەستکردن بە خود هەر ئەو ئازادییەیە، چونکە مرۆڤ بەبێ ئازادی هەست بە بوونی خۆی ناکا، بەبێ ئەم ئازادییە مرۆڤ لای خۆی بە نەناسی دەمێنێتەوە. ئازادی و بەدوایشیدا ئازادیی ئەنجامدانی خراپە، لە کەمایەسیەکانی سرووشتی مرۆڤ نین، بگرە بنچینە و بەدیهاتنی مرۆڤایەتیی مرۆڤن.

باشکاریی مرۆڤ دژی توندوتیژییە و باشترین گوزارشتە لە ناتوندوتیژی، بەڵام بۆ مرۆڤ ئاسنترە توندوتیژ بێ تا ئەوەی باشکار بێ. توندوتیژی سیفەتێکی سەرەتاییە و ملکەچی یاسای قورسکارییە، لەکاتێکدا باشکاری تێپەڕاندن و کردنەوە و بڵندبوونەویەکە کە پێویستی بە ئیرادەیەکی گەورە هەیە. بەڵام ئەگەر توندوتیژی کەمایەسی بێ لە مرۆڤدا، ئەوا باشکاری تەواوکردنی مرۆڤە.

باشکاری دەربڕی فەزیڵەتی مرۆڤایەتییە، لەو باشییەی بەرامبەر ئەوی تر دێتە دەربڕین، "من" گوزارشت لە خۆی دەکا و دروست دەبێ. باشکاری تەواویی مرۆڤە. لە جوڵەی باشکاریدا من چاوپۆشی لەخۆی دەکا تا سەرەتا بایەخ بەوی تر بدا. بەخشین –یان بەخشیش– جەوهەری باشکاریی مرۆڤە. تاقیکردنەوە قورسترەکەی بەخشین لە پێداندا نییە، بەڵکو لە وەرگرتندایە. ئەم کاری وەرگرتنە خۆشییەك دەبزوێنێ کە لەخۆ رازیبوون نییە، بەڵکو داننانە بە چاکەدا بەرامبەر ئەوی تر، داننانە بەوی تردا. لە کرداری بەخشیندا پێوەندیی نێوان "من" و "تۆ" هەموو رەهەندەکانی وەردەگرێ. جا ئەگەر توندوتیژی "نەفرەت" بێ –malediction کە لە فەرمانی لاتینی maledicere ەوە هاتووە: (قسەی خراپی کرد)– واتە قسەیەکی خراپی کرد کە زیان دەگەیەنێ، ئەوا باشیی "بەرەکەت"ـە –benediction لە فەرمانی لاتینی benedicereەوە: (قسەی باشی کرد)–، واتە قسەیەکی باشی کرد کە سوودی هەیە.

کاتێ لە دیدارێکدا بەرامبەر دەموچاوی کەسێکی تر دەوەستم، ئیتر بەرپرسیار دەبم بەرامبەری و پابەند دەبم بە بەدەمەوەچوونی داواکارییەکەی، بەوەی باشیی خۆم بەرامبەری بیسەلمێنم، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هەڵوێستێکی هاوشێوەی لێ بکەم، چونکە هەڵوێستی ئەو پێوەندی بەخۆیەوە هەیە.

بڵندبوونەوەی مرۆڤ بە "چاکەکاری" نییە بەوەی بەپێی یاسایەکی ئەخلاقیی لەدەرەوە دانراو ئەرکەکان رابپەڕێنی، بگرە بەوە دەبێ بتوانێ لەگەڵ مرۆڤەکەی تر باش بێ، چونکە چەمکی "چاکە" نەیتوانیوە هەموو جار مرۆڤ لە "خراپکاری" بسڵەمێنێتەوە. لەبەرئەوەی ئەم چەمکی چاکەیە زوو دەشێوێ، بۆیە زۆرجار دەبینین پاساو بە خراپە دەدا، کاتێکیش لە واقیع دادەبڕێ و دەبێتە شتێکی پەتی (ئەبستراکت)، رەوایی بە توندوتیژی دەدا. ئەوکاتە ئەوانەی گومانیان وایە چاکەیان پێیە ئەرکی سەرکەوتن بەسەر خراپەدا دەگرنە ئەستۆ و جاڕی جەنگ لەدژی "خراپکاران" دەدەن و بەناوی بیرۆکەیەکەوە لەبارەی چاکە یاخۆ "خێر"، خوێن دەڕێژن. خەڵك دەکوژن تا کازیوەی چاکە بەسەر مێژوودا هەڵبێ. هەروەك گارگرینا کە جەستە دادەگرێ، شەڕ تا دێ دنیا وێران دەکا. ئاخۆ دەبێ چۆن چۆنی مرۆڤایەتی لەو "خێر/چاکە"یە رزگار بکەین کە "شەڕ/خراپە" دەکوژێ؟ حیکمەت وەڵام دەداتەوە: بە "باشکاری". خێر بە کوشتن رازییە، بەڵام باشکاری نا.

بەهێزترین دەرککردنی فەلسەفە ئەوەیە سەرنجدانی لە مرۆڤایەتیی مرۆڤ ئەو راستییە جەوهەرییە روون دەکاتەوە کە: باشیی مرۆڤ بەرامبەر برا مرۆڤەکەی بڵندبوونەوەی بونەوەری مرۆڤ نیشان دەدا و واتایەك بە ژیانی دەبەخشێ.

مرۆڤ لەو کاتەدا باشیی تاقی ناکاتەوە کە خۆی باش بێ– لە دەرەنجامدا چۆن دەتوانێ لەوە دڵنیا بێ مرۆڤێکی باشە؟– بگرە ئەوکاتە تاقی دەکاتەوە کە مرۆڤێکی بەرامبەری باشیی بۆ پیشان بدا. باشیی ئەوی تر لەرێی ئەو چاکەیەی لەگەڵمی دەکا و ئەو ئاسوودەیییەی پێم دەبەخشێ تاقی دەکەمەوە، چونکە بە باشیی ئەوی تر هەست بە ئاسوودەیی دەکەم: ئاسوودەیی لە جەستەم و لە ژیانمدا. لەرێی باشیی ئەوانی ترەوە چێژی ژیان ئەزموون دەکەم، چونکە ئەوی تر بە دەربڕینی باشیی خۆی بۆ من، "حسابم بۆ دەکا" و "نرخم بۆ دادەنێ"، ئەوکاتە دەکرێ منیش نرخ بۆ خۆم دابنێم.

باشکاری یەکێکە لە خاوێنترین سەرچاوەکانی بەختەوەری. جا ئەگەر توندوتیژی رووبەڕووی دەشێوێنێ، ئەوا رووبەڕووی بە "باشکاری" دەدرەوشێتەوە. باشکاری ئازاری ئەوانی تر ناسڕێتەوە، بەڵام دەتوانێ سنووورداری بکا. باشکاری خۆی بەسەر مرۆڤی ئازار چەشتوودا شۆڕ ناکاتەوە، چونکە ئەوە بەزەیی پێداهاتنەوە و دڵ پێ سووتانی نەبوو. باشکاری هەوڵ دەدا مرۆڤی ئازارچەشتوو هەڵبسێنێتەوە، ئەو هاوسۆزی و بەشدارییە. تەنانەت بۆ مرۆڤی زۆر بەدبەختیش باشیی مرۆڤ کەمێك بەختەوەری هەر دەبەخشێ، هەر بۆیە مرۆڤەکان سواڵکەری باشین. باشکاری خۆشییە، هەر خۆشییەکیش شتێکی بەشکراوە. پێویستە گرەو لەسەر ئەوە بکەین کە مرۆڤی باش مرۆڤێکی بەختەوەرە و توانای بەختەوەرکردنی کەسانی تری هەیە.

توندوتیژی باشکاری دوو ئەگەری ریشەدارن لە هەمان مرۆڤایەتیدا. هەر مرۆڤێك توانای تێدایە هەم بۆ توندوتیژی و هەم بۆ باشی. بەڵگەنەویستە ئەو مرۆڤەیش ئێمەین.. کەواتە لێکچوونێکی جەوهەری لەنێوان مرۆڤی خراپکار و ئێمەدا هەیە. مرۆڤی خراپکار بەخت رەشە. بەپێی داتاشین هەردوو وشەی "بەد" mechancete و "بەدبەخت" malchance یەك ریشەیان هەیە. وشەی "خراپکار" mechant لە فەرەنسای کۆندا (لە فەرمانی کۆنی mesheoir ی لێکدراو کە لە پێشگری نەرێی **me** و فەرمانی sheoir بەواتای "کەوت" دێ) بەواتای "بەخراپی کەوت" qui tombe mal، هەر لەویشەوە بەواتای "ئەو کەسەی بەختی نییە" دێ، چونکە بەخت شێوەی کەوتنی چیلکەدار و زاری تاوڵە بیر مرۆڤ دەخاتەوە. خراپکار ئەو کەسەیە "بەخراپی دەکەوێ" mal-tombe. وشەی mal-heureux "کلۆڵ" (کە لە وشەی heur بەواتای بەخت داتاشراوە) هەمان واتای هەیە کە وشەی mal-chanceux هەیەتی بەواتای "بەخت رەش". مرۆڤی خراپکار لە هەمان کاتدا بەخت رەش mal-chanceux و کلۆڵە mal-heureux، کە ئەوانەیش دوو هۆن بەسن بۆ ئەوەی خراپییان سۆز و بەزەییمان ببزوێنێ.

جا لەبەرئەوەی هەموومان دەکرێ توندوتیژ یان باش بین، ئەوا یەکەمین خواستی باشکاری گتکردنە لە سەرکۆنەکردنی ئەوانی تر. یەکێك لە پاڵنەرەکانی توندوتیژی –کە رەنگە بەهێزترینیشیان بێ– تۆمەتبارکردنی ئەوی ترە بە خراپکاری کە گوایە خۆمان لەوە دوورین. کاتێ هێرش دەکەینە سەر خراپە، بەو کارە بێویژدانانە توندوتیژی دژ بە خراپکار بەکار دێنین. دانایان فێرمان دەکەن لە هەڵوێستێکی وادا، تاکە رێگە بۆ بەگژاچوونەوەیەکی راستەقینەی خراپە دەرخستنی باشییە لەگەڵ خراپکارەکە، چونکە باشیی ئاماژەی دۆستایەتی دەداتە تەنانەت ئەوانەیش کە دۆست نین. تەنیا باشکارییە دەتوانێ هەڵایسانی خراپە و بێچارەیی رابگرێ.

لە کاتی ماندووبووندا حەز دەکەین باوەڕ بەوانە بکەین کە جەخت لەوە دەکەن باشکاری بێتوانایی لاوازەکانە. بەڵام نەخێر! توندوتیژی لاوازییە و باشکاری توانایی بەهێزەکانە. بەناوی واقیعییەتەوە هەندێکیان پێیان وایە کە توندوتیژی کەمتر توندوتیژە تا باشکاری، لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەمەی دوایی بوار بە توندوتیژیی خراپکاران بدا. بگرە ئەم"هەندێ"یە رەخنە لە" زێدەرۆیان لە باشکاری"دا دەگرێ کە لەگەڵ ئەنجامدانی زێدەرۆیی و ستەمکاریدا نەرمن کە دەبنە مایەی بێچارە بوونی مرۆڤ. لەڕاستیدا ئەگەر باشکاری لەگەڵ خراپکاران لێبووردە بێ، ئەوا لەگەڵ خراپە نەرم نییە. باشکاری فەرمان دەکا بۆ

کارکردن لە پێناو قوربانیاندا و بەرگری لە چەوساوان و نەداران دەکا، بەرەنگاریی لاف و گەزافەکانی بەهێزەکان و سەرسەختیی دەوڵەمەندەکان دەکا. باشکاری دەیەوێ هاوپەیمانی لەگەڵ دادپەروەری ببەستێ تەنانەت لە کێشەشدا. هێزیش هەمیشە بەروبومی کارکردنە بەڵام بۆ ئەوەی کاریگەر بێ پێویستە خواستەکانی باشی بەدوور نەگرێ. پێویستە لەسەرمان بزانین چۆن جیاوازی لە نێوان باشکاری و نەرمی لاوازەکاندا دەکەین کە تەنیا دڵڕاگرتنە. لەوانەیە باشکاری لەسەر داواکانی منجرو توند بێ، بەڵام توندوتیژی بەکار ناهێنن، چونکە توندوتیژی باش نییە. باشی لە جەوهەردا بریتییە لە ناتوندوتیژی.

*** خۆشەویستی**

***ناتوندوتیژی**

# جیهانیی

مرۆڤ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بە داخراوی لە چوارچێوەی تایبەتمەندییە کولتووریەکانیاندا دەژیان و تەنانەت بە چەمکی جیهانییش ئاشنا نەبوون. ئەم جیهانییە دەسکەوتە، ئامانج و پەرەسەندنێکی تووڵانییە. مرۆڤ و گەلان لە پێداگرییان لەسەر ناسنامەی خۆیان، دەگەڕێنەوە بۆ ئەو بەهایانەی کولتوور و شارستانێتییە تایبەتەکەیان پێك دێنن. وردە وردە هەر کولتوورێك وێڕای سنووریداری و کۆتائامێزییەکەی، پێداگری لەوە دەکرد راستیی رەهای پێیە و بەو هۆیەشەوە هەوڵی بوونە جیهانیی دەدا. هەر کولتوورێك جەخت لەوە دەکا بەهاکانی لە ئاستی قووڵترین ئەرکە مرۆڤایەتییەکاندایە و لافی ئەوە لێدەدا ئەو بەهایانە شایستەی ئەوەن لەسەر ئاستی جیهان دانیان پێدا بنرێ، ئەمەیش جێی تێگەیشتن و رەوایە. بەڵام ناخۆشبەختانە هەر کولتوورێك مەیلی ئەوە دەکا "رەهایی" بەو مەعریفەیە بدا کە بەرهەمی دێنێ و بەزۆر بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێ.

لە ئەنجامی ئەم بانگەشە دژیەکانەدا ناکۆکی و دوژمنایەتی و پێکدادان دێتە کایە و مێژووی ئێستە و رابردوو پێمان دەڵێ کە دەشێ ئەم ناکۆکییانە بەئاسانی ببنە ناکۆکیی خوێناوی و بکوژ، چونکە هەر گرووپێك بەناوی بەها تایبەتەکانی خۆیەوە، جڵەو بۆخۆی شل دەکا تا بەگژ ئەوانی تردا بچێ.

لێرەوە مرۆڤەکان بەگشتی لەم سەدانەی دواییدا تیۆریزەیان بۆ ئەم "جیهانی"یە کرد و بۆی گەڕان بە کردنی بەرگی جیهانی وەبەر کولتوورە تایبەتەکەیاندا، بەوەیش لە روانگەی قەناعەتیان بەوەی "راستی" لای ئەوانە، ئایدیۆلۆجیایەکیان چنی و رەهاییان پێدا و شانیان دایە بەر ئەرکی سەپاندنی بەسەر تەواوی جیهاندا. سرووشتی ئایدیۆلۆجیا وایە چاکییەکانی جیهانی بەخۆی دەدا و لافی ئەوە لێدەدا دەتوانێ بە زەبری هێز و پەلامار و زاڵبوون، واتە ئەگەر پێویستی کرد بە توندوتیژی، ببێتە جیهانیی. ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتووە بەیەکجاری خۆمان لەم تێڕوانینە تۆتالیتارییانە بۆ چەمکی جیهانیی دابڕین، کە ئەم هەموو مەرگەساتانەی لێ کەوتووەتەوە؟

بۆ هێورکردنەوەی ئەو کێشانەی لەنێوان گرووپ و گەلاندا سەرهەڵدەدەن و بۆ دامەزراندنی بناغەی ژیانێکی ئاشتییانە، وا راهاتووین بانگەشە بۆ "لێبوردەیی" لەگەڵ کولتوورەکانی تر دەکەین. بەدڵنیاییەوە ئەگەر هەوڵ بدەین باشتر ئەو کولتوورانە بناسین و لێیان تێ بگەین، بۆمان دەردەکەوێ هەریەکەیان چ مەزنی و نەجابەتێکی تێدایە و سوور دەبین لەسەر ئەوەی جیاوازیەکانمان قبووڵ بکەین تا پێکەوە بەئاشتی بژین. ئەمە راستە، بەڵام تەنیا لە بەشێکیدا راستە، چونکە ئاخۆ لە واقیعدا ئەوە لێکچوونەکانمان نییە کە سەرچاوەی دژبەری و کێشە و شەڕەکانمانە؟ ئایا لەبەئەوە نییە لاسایی هەڵەکانی یەکتر دەکەینەوە و بەو شێوەیە بەبەردەوامی خۆمان لە شەڕ و شۆڕدا دەبینین دژ بەیەکتر؟ ئاخۆ لەبەر ئەوە نییە شارستانێتیەکانمان لەیەك دەچن لە نۆشینی کولتووری توندوتیژیدا کە بەهۆیەوە بەردەوام یەکتر بریندار دەکەین و ئازار دەدەین؟

ئایدیۆلۆجیاکانی توندوتیژیی پێویست و رەوا و شەریف کە بەسەر کولتوورەکاندا زاڵن، هەوڵ دەدەن جیاوازیەکان بسڕنەوە و لێکچوونە تۆقێنەرەکان زەق بکەنەوە. لەم روانگەوە، لەپێناو ئایندەیەکی ئاشتیانەدا گرینگ قبووڵکردنی جیاوازیەکانمان نییە هێندەی ئەوەی گگرینگە لێکچوونەکانمان رەت بکەینەوە. کاتێ زەینی مرۆڤ بەنیازی چاکە کار دەکا سامانێکی نەبڕاوە لە دەسکەوتی هەمەجۆر بەرهەم دێنێ، بەڵام کاتێ بەنیازی خراپە کار دەکا، تا رادەی بێئومێدی دەقگرتوو و دووبارە دەبێ. بەم شێوەیە ئەو مرۆڤانەی مۆری توندوتیژی بە نێوچاوانیانەوەیە، دەبنە هاووێنەی یەکتر.

پاش لەتوپەتبوونە خوێناوییەکانی سەدەی بیستەم، تۆ بڵێی دانایییەکی جیهانی دابهێنین کە زەمینە ساز بکا دۆستانە پێکەوە بژین؟ گژبەری (تحدی)یەکە گەورەیە. جا ئاخۆ زرنگی و ئازایەتیی ئەوەمان تێدایە بۆ قبووڵکردنی ئەو گژبەرییە؟ ئایا دەزانین چۆن چۆنی پرۆسەی سافکردنی کولتورەکان لە ئاستێکدا رابگرین و بەرەو جیهانی برۆین، نەك بەرواڵەت

یەکخستنیان، بگرە وایان لێ بکرێ تا ئاستی بەیەك گەیشتن لێك نێزیك ببنەوە؟ پیویستە "دیالۆکی کولتوورەکان" کار بۆ دیاریکردنی مەرجەعییاتە ئەخلاقییە هاوبەشەکان بکا، گفتوگۆیەك بێ دوور لە رووپامایی و سازشکاری و بە سەختگیرییەکی ئەقڵی دوور لە نەرمگیری. پێویستە هەر لایەك پێشوەخت هەستی رەخنەگرانەی جیاکردنەوە (ی چاك لە خراپ) لە چوارچێوەی کولتوورەکەی خۆیدا بخاتە گەڕ، چونکە بەبێ ئەو نرخە کولتوورەکان ناتوانن –بەبێ تێکەڵبوون– بەیەك بگەن. تەنیا ئەو کاتە جیاوازیەکانمان دەوڵەمەندمان دەکا. با بابەتەکەیش بەفشە نەگرین، چونکە ئەرکەکە قورسە، بەڵام هاوکات گژبەرییەکی مەزنی تێدایە!

یەکێك لەو پایانەی دەکرێ ببێتە بنچینەی ئەو داناییە جیهانییە بریتییە لە "رێسا زێڕین"ەکە کە لەنێو زۆر کەلەپووری رۆحیدا بە شێوەی جۆراوجۆر داڕێژراوە و دەکرێ بەم شێوەیە دەری ببڕین "ئەوەی پێت خۆش نییە کەسانی تر پێت بکەن، تۆیش بە کەسانی تری مەکە". بەم پێیە، یەکەم شت کە من نامەوێ، ئەوەیە ئەوی تر وام لێ بکا بمرم، بەمەیش پابەندبوون بەو رێسا زێڕینە بە ئەرکە جیهانییەکەی ویژدانی ژیرەوە دەبەسترێتەوە کە پێمان دەڵێ "مەکوژە". بەوەیش بنەمای ناتوندوتیژیی جیهانی ئەو یاسا ئەخلاقییە دادەمەزرێنێ کە بوونەوەرە ژیرە خاوەن ویژدانەکان خۆویستانە بەسەر خۆیانیدا دەسەپێنن.

لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو کەلەپوورانەی بۆ ئێمە ماونەتەوە، لەکاتێکدا پایەیەکی گەورەیان بە توندوتیژی داوە، بەکردەوە هیچ جێیەکیان بە ناتوندوتیژی نەبەخشیوە، تەنانەت ناوەکەیشی نازانن. بۆیە پێویستە ئێمە کارێکی ورد و تایبەت بکەین بەمەبەستی تانەدان، بەئازایانە و بوێرییەوە، لە هەر شتێك لە کولتوورەکەماندا شەرعیەت بە توندوتیژی بدا و رێزی پێ ببەخشێ. ئیدی بەسە پاکانەکردن بۆ ئەو کوشتنەی بەناوی پرسێکی رەواوە ئەنجام دەدرێ. ئیدی بەسە رێزنان لە توندوتیژی وەك رەوشتی مرۆڤی بەهێز. ئەم دابڕانە بەئازار دەبێ لەبەرئەوەی ریشەیی و قووڵە. بۆشمان دەردەکەوێ کە هەریەك لە کولتوورەکانمان زۆرجار هاوکاریی توندوتیژی کردووە و دەستەبەری و پاساوی بۆ داوین کردووە. دابڕان لە کولتووری توندوتیژی، لە هەندێ رووەوە –بەبێ ئەوەی واتای سڕینەوەی رابردوو بێ– واتای دابڕانە لە کولتوورەکەمان. تانەدانیش لە بەشێك لەو کەلەپوورەی وەك کەلەپووری حەرام بۆمان ماوەتەوە، زۆر دژوارە!

لە هەریەك لە کەلەپوورەکانماندا کۆمەڵێ بەردی بناغە هەن کە دەکرێ بۆ دامەزراندنی داناییەکی ناتوندوتیژانە دیواریان لەسەر بکەین. هەموویان هەندێ "بەها"یان تێدایە کە رێز و باڵایی و نەجابەت بە هەموو مرۆڤێك دەبەخشن و خوازیارن مرۆڤ رێزلێگیراو و خۆشەویست بێ. ئەم بەهایانە دژ بەو توندوتیژییەن کە لافی زاڵبوون بەسەر ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکان لێدەدا. لە هەموو کولتوورێك پیاوان و ئافرەتانێك هەبوون هەڵگەڕاونەتەوە و جەختیان لەوە کردووە ئەو بەهایانە لە خواستەکانی توندوتیژی لەپێشترن، بەڵام ئەم بەهایانە بە ژەنگ و ژاری ئایدیۆلۆجیای توندوتیژی پەردەپۆش کراون، هەر بۆیە لاقرتێیان پێ کراوە و بێدەنگ کراون.

وەك ئەمەکدارییەك بۆ ئەو بەهایانە، پێویستە هەریەك لە ئێمە قەناعەت بەوە بکا کە ئەرکی ناتوندوتیژی بناغەی مرۆڤایەتیی مرۆڤ دادەمەزرێنێ و پەیکەربەندی دەکا و واتا و بڵندی بە ژیانی دەبەخشێ. بۆمان روون دەبێتەوە ئەو وەفادارییە –بەدەر لەو دابڕانەی دروستمان کردووە– دەمانباتە قووڵایی تەنانەت کولتوورەکەی خۆیشمان.

ئێمە بە بیرکردنەوە لە جیهانیبوونی جوانی، دەتوانین زۆر بەباشی لە جیهانیبوونی دانایی تێ بگەین. داناییش وەك جوانی، ئازادیی مرۆڤ دەدوێنێ بەبێ ئەوەی بیەوێ بەزۆر خۆی بسەپێنێ. هەروەها دانایی وەك جوانی مرۆڤ لەگەڵ خۆی ئاشت دەکاتەوە وەك سەرەتایەك بۆ ئاشتەواییکردن لەنێوان مرۆڤەکاندا. گەردوونیبوونی ئەخلاق کە بناغەی دانایی مرۆڤی ژیرە، هاوپێوەرییەکی قووڵ لەگەڵ گەردوونیبوونی هونەردا نیشان دەدا: کیمیا سەرکەوتووەکەی گەردوونیبوون و تاکانەبوون کۆ

دەکاتەوە. هونەرمەند دەتوانێ بازنەی تایبەتمەندییەکانی ئەو شارستانێتییە تێ بپەڕێنێ کە تێیدا لەدایك بووە و لە هەمان کاتیشدا گوزارشت لە رەسەنایەتیی کولتوورە تاکانەکەی دەکا.

هونەر دەگاتە ئاستی جیهانی، لە کاتێکدا ئەو شێوانەی بەرهەمیان دێنێ زۆر جۆراوجۆرن. ئەو گۆڕانکاری و هەمەجۆرییانەی لەو شێوانە دەکەونەوە، زمانەکانیان دڵی هەموو مرۆڤێك دەدوێنێ. لە هەموو کولتوورێکدا هونەر هەمان هەست و ورۆژان دەردەبڕێ لەبەردەم جوانیی مەرگەساتی بووندا، هەمان پرسیارەکان لە بارەی ئاکامی مرۆڤەوە. لەڕێی ئەم پرسیارانەوە هونەر هەمان کۆشش و هەمان خواست و هەمان هەستی نیگەرانی و هەمان ئاواتەکانی دادەڕێژێ . هەر حیکمەتێك رەنگ و ئاهەنگ و شێوەی خۆی هەیە بەپێی ئەو کولتوورەی بەرهەمی هێناوە، بەڵام هەموویان بەشداری لە هەمان هارمۆنیادا دەکەن بۆ بەرجەستەکردنی جیهانیبوونی مۆرڤ.

*** ئایدۆلۆژیا**

***لێبوردەیی**

*** فەلسەفە**

# چەكگۆڕی

دەكرێ بەرگریی مەدەنی بە جێگرەوەی بەرگریكردنە سەربازیەكان دابنرێ. بەڵام ئەمە وا دادەنێ ئەو وڵاتە بڕیار بدا دەستبەرداری هەموو شێوەكانی بەرگریی چەكداری ببێ، تا ئاسایش و سەربەخۆیی و ئازادیی خۆی تەنیا لەسەر ئامادەكاری بۆ ستراتیجیەتی كاری ناتوندوتیژانە و -ئەگەر پێویستی كرد- جێبەجێكردنی دابمەزرێنێ. بەڵام لە روانگەی فراوانیی ئەو گۆڕانكاییە كولتووری و سیاسیەی لە بڕارەیەكی لەم جۆرەدایە، ئەوا ناكرێ چاوەڕوانی ئەگەرێكی لەم شێوە بێن نە لە مەودای كورت و نە لە مەودای ناوەنددا، ئەمە جگە لەوەی كارێكی بێهوودەیە پرسیار بكەین لەبارەی ئەوەی ئاخۆ دەكرێ لە مەودای دووردا دێتە دی، ئەویش لەبەرئەوەی ئەو هەلومەرجەی دەگونجێ تێیدا بەرجەستە ببێ، لای ئێمە روون نییە.

هەروەها بەپێی توانای جێگرەوەكەیش بۆ ئەوەی پرۆسەی گواستنەوە و دینامیەتی گۆڕانكاریەكەیش بێتە دی، بڕیار لەبارەی ئەو جێگرەوەیە دەدرێ. پێدەچێ چەمكی چەكگۆڕی transarmement باشترین چەمك بێ بۆ ئاماژەدان بەم پرۆسەیە. ئەو چەمكە ئاماژەیە بۆ بیرۆكەیەكی گواستنەوە تێیدا پێویستە ئامادەكاری بكرێ بۆ گرتنەبەری ئامرازەكانی بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە كە گەرەنتیی هاوشێوەی ئامرازە سەربازیەكان پێشكێش دەكەن بەبێ ئەوەی هەمان مەترسیی ئەوانیان تێدا بێ.

چەكگۆڕی هەروەها باس لە گۆڕینی ئامرازەكانی بەرگری دەكا. لەكاتێكدا وشەی "چەكداماڵین" تەنیا دەربڕی رەتكردنەوەیە، ئەوا وشەی "چەكگۆڕی" دەیەوێ بگۆڕێ بۆ پرۆژەیەك. لەكاتێكدا چەكداماڵین روانگەیەكی نەرێنی پیشان دەدا ئەوا چەكگۆڕی ئاماژەیە بۆ گرتنەبەری هەنگاوێكی بنیاتنەر. پێش لەوەی بتوانرێ چەك بێتە داڵین، پێویستە بتوانرێ چەكی تری ناتوندوتیژ بەدەست بێن، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە كە چەكگۆڕی و چەكداماڵین دژ بەیەكن، چونكە یەكێك لە ئامانجەكانی پرۆسەی چەكگۆڕی ئەوەیە وا بكا رێوشوێنەكانی چەكداماڵین سەركەوتن بەدەست بێنێ. چەكداماڵین رووی نەرێنیی چەكگۆڕییە. رووە ئەرێنییەكەیشی بەرنامەیەكی بنیاتنەرە كە یارمەتیی كۆمەڵگە دەدا بە پشتبەستن بە بنەما و رێگەكانی ستراتیجیەتی كاری ناتوندوتیژانە كێشە ناوخۆیی و دەرەكیەكانی بەڕێوە ببا و جڵەویان بكا.

پێش لەوەی زۆربەی دانیشتوان و دەسەڵاتداران رازی بن بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژ وەك جێگرەوەیەكی وەزیفیی بەرگریی چەكداری دابنێن، ئەركی یەكەم بریتییە لە چەسپاندنی توانای بەدیهێنان و پیشاندانی وەك راستەقینەیەك. لە پرۆسەی چەكگۆڕیدا پێویستە ئامادەكاری بۆ بەرگریی مەدەنی بكرێ و رێك بخرێ لەكاتێكدا هێشتا بەرگریی سەربازیش ماوە. كەواتە پێویستە شێوە جۆراوجۆرەكانی بەرگریی مەدەنی و سەربازی پێكەوە بژین تەنانەت ئەگەر وەك پێكەوەژیانێكی كێشەئامێزیش بێتە پێش چاو. جێبەجێكردنی بەرگریی مەدەنی دەشێ زیادكردنی بەهایەك بێ بۆ تێكڕای بەرگریی گشتیی وڵات، چونكە هەر شتێك ئیرادەی بەرگریكردن لای هاووڵاتیان پتەو بكا و هەر شتێك توانایان بۆ بەرەنگاریكردنی دەستدرێژییەكی شیمانەكراو زیاد بكا، كاریگەری سڵەمێنی بەرگریی وڵات درێژتر و فراوانتر دەكا.

ئەگەر سەیری سیناریۆ واقیعیەكانی بەرگریكردن دژ بە دەستدرێژییەكی راستەقینە بكەین، پاش ئاگەداربوون بە تێكڕای سڵەمێنی وڵات، لە رووی تیۆریەوە سێ گریمانە هەیە وا دەكەن بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە، بەبەراورد لەگەڵ شێوەكانی بەرگریكردنی سەربازی، تەواوكەر یان پەناگە یاخۆ بژارە بێ.

١- **تەواوكەر**: بەپێی ئەم گریمانەیە بەرگریی مەدەنی و بەرگریی سەربازی پێكەوە جێبەجێ دەكرێن. بەڵام نابێ وەك دوو شتی هاوشێوە سەیری ئەم تەواوكارییە بكرێ، چونكە لە بەرەنگاریكردنێكی تێكڕا ناتوندوتیژانەدا، بەكەمی لەگەڵ بوونی كاری چەكداریی تایبەتدا رێك دێتەوە، بگرە لەوانەیە كاریگەریی پێچەوانەیشی هەبێ، چونكە كاریگەریی بەرەنگارییە ناتوندوتیژانەكە كەم دەكاتەوە، چونكە ئەو جۆرە بەرەنگاریكردنە دینامیكیەتی تایبەتی خۆی هەیە و بەتەواوی كەڵكی خۆی نابەخشێ ئەگەر بەتەنیا جێبەجێ نەكرێ. بەڵام لە بەرامبەردا ئەگەر بەرەنگاریكردنەكە بەتێكڕایی سەربازی بێ، ئەوا

زیادکردنی شێوەی تری بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانەیش بۆی —نەخاسمە کارەکانی هاوکاری نەکردن لەگەڵ دەستدرێژیکار— بێگومان تێکڕای کاریگەریی بەرەنگاریکردنەکە پتەوتر دەکا.

٢– **پەناگە**: لەم حاڵەتەدا بەرگریی مەدەنی پاش شکستی بەرگریی سەربازی یان لانی کەم پاش ڕاگرتنی جێبەجێ دەکرێ. دیارە ئەم سیناریۆیە گونجاو نییە، لەگەڵ ئەوەیشدا هەرچۆن بێ، لەوکاتەدا بەرەنگاریکردنی مەدەنی تاکە ڕێگەی بەردەستە بۆ نیشاندانی ئیرادەیەکی خەباتکارانەی نوێ لەنێو دانیشتواندا. ئومێدی بەوەیە "هێشتا هەموو شتێکی لەدەست نەداوە".

٣– **بژارە**: لەم حاڵەتەدا لەبری بەرگریی سەربازی جێبەجێکردنی بەرگریی مەدەنی هەڵدەبژێردرێ. پاش دۆڕانی تێکڕای هێزی سڵەمێنی وڵات، بڕیاربەدەستان بۆیان دەردەکەوێ هەر بەکارهێنانێکی چەک کارێکی بێهوودە و بگرە خۆکوژانەیە. هەر کە ڕوون بووەوە ستراتیجیەتی کاری سەربازی بێسوودە و بەو هۆیەشەوە نەویستراوە، ئەوا دانایی سیاسی وا دەخوازێ دەستی لێ هەڵبگیرێ تا دەرفەتێکی زیاتر بۆ سەرکەوتن بدرێتە بەرگریی مەدەنی. لەبەر توانای وێرانکاریی چەکە نوێکانیش ئەوا پێدەچێ ئەم بژارەیە لە هەمووان ماقووڵتر بێ بۆ ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کۆمەڵگە کە بەرگری لەخۆی بکا بەبێ ئەوەی خۆی بفەوتێنێ.

* **ستراتیج**
* **بەرنامەی بنیاتنەر**
* **بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە**
* **سڵەمێنی مەدەنی**
* **چەکداماڵین**

# دادپەروەری

دادپەروەری justice (لە وشەی jus لاتینیەوە هاتووە بەواتای "راستی") ئەو بنەما ئەخلاقییەیە کە دەبێتە بنچینەی ڕێزگرتنی مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ کە ناکرێ دەستیان تێ بخرێ. بنەمای دادپەروەری بە بنەمای هەمەگیری، چونکە بەسەر هەموو تاکێکدا بەتەنیا و بەسەر کۆی مرۆڤیشدا جێبەجێ دەکرێ. بەگوێرەی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، دادپەروەری جەخت لەوە دەکا "هەموو مرۆڤەکان بەیەکسانی لەدایك دەبن و لە کەرامەت و مافدا یەکسانن". دادپەروەری ماف بە هەمووان دەدا و هیچ زاڵکردن و هیچ سەرماف (ئیمتیاز) و هیچ نازگرتنێك بۆ کەسێکی دیاریکراو قبووڵ ناکا.

دادپەروەری "چاکە" ناکا و نابەخشێ، بەڵکو دان بەو ماف و ئازادییە دەنێ هەر کەس شایستەیەتی و بۆی هەیە.

پێویستە جیاوازی لەنێوان دادپەروەریی دادپەروەر (فەزیلەتی دادپەروەری) و دادپەروەریی دادوەر (دامەزراوەی سیاسیی دادپەروەری)دا بکرێ. کاتێ ڕێزی مرۆڤ پێشێل دەکرێ، بابای دادپەروەر (پیاوچاك) لای خۆی و لای خەڵکانی تریش دەردەکەوێ، ئەو مەبەستی هیچ نەبووە، بگرە دەوروژێ و دەست وردەدا کاتێ خۆی ڕووبەڕوو دەبینێ لەگەڵ ستەمێك کە ئەوی تر زەبوون دەکا و ئازاری دەدا. دادپەروەر (پیاوچاك) گوێڕایەڵیی یاسایەکی نەنووسراو دەکا —ئەو یاسا ئەخلاقیەی لە قووڵایی ناخی مرۆڤدا هەڵکۆڵراوە— و لەسەروو یاساکانی شارەوەیە و دەخوازێ ڕێز لە مافەکانی هەموو ئادەمیزادێك بگیرێ، بەپلەی یەکەم مافەکانی مرۆڤی سەرکوتکراو و ریسواکراو و بەکۆیلەکراو و تۆمەتبارکراو. بابای دادپەروەر (پیاوچاك) بەبێ خاترگرتنی کەس ڕەفتار دەکا، چونکە لە هەموو باروودۆخێکدا ئەو مرۆڤێکی بەویژدانە. جا کاتێ یاسای نووسراو ستەمکارانە بێ، هەوڵ دەدا ئازایەتیی ئەوەی هەبێ لێی یاخی ببێ.

فەزیلەتی دادپەروەری لەسەر فەزیلەتی چوونەپێش in-tr**e**pidit**e** (لە فەرمانی trepidareی لاتینیەوە هاتووە، بەواتای "لەرزی") دادەمەزرێ. مرۆڤی دادپەروەر لەبەردەم مەترسییەکانی کاردا ناڵەزێ، یان  لانی کەم لەوانەیە بلەزێ بەڵام بەسەریدا زاڵ دەبێ. دادپەروەر دەیەوێ توندوتیژی رابگرێ لەبەرئەوەی بڕوای وایە توندوتیژی تەنانەت ئەگەر لەپێناو پرسێکی دادپەروەریشدا بێ بەشێکی بەرچاو لە ستەمی تێدایە. فەزیلەتی دادپەروەری کەڵەکی ئیرادەی ناتوندتیژی دەچنێ و توندوتۆڵی دەکا.

زۆرجار مرۆڤی دادپەروەر (پیاوچاك) مرۆڤێکی تەنیا دەبێ: بەتەنیا بڕیار دەدا کۆڵ نەدا لەکاتێکدا خەڵکانی تر لە دەووبەری ملیان بۆ ستەم کز کردووە و دیلی ترسنۆکیی خۆیانن. پاش شەڕەکە —پاش ماوەیەکی درێژ— ئەو پیاوچاکە دادپەروەرە تاجی قارەمانیی دەکرێتە سەر و دەبێتە ویژدانی خەڵکی ئەو شوێنە. بەڵام ئەو گوێ بەوە نادا، چونکە ئەو تەنیا ئەرکی خۆی وەك مرۆڤێك جێبەجێ کردووە.

ئەرکی یاسا لە هەر کۆمەڵگەیەکدا چەسپاندنی ڕاستییە، کەواتە وەك سەرەتا یاسایە کە ڕاستی دەڵێ. پێویستە شەرعیەت بنچینەی یەکسانی دابمەزرێنێ، بەڵام لە واقیعدا مەرج نییە ئەوەی شەرعی بێ دادپەروەرانە بێ، چونکە ئاستەمە مافی هەموو هاووڵاتیان بە دادپەروەرانە بدرێ لەبارێکدا بەرژەوەندیەکانیان لەڕووی حوکمەوە دژ بەیەك بن. زۆربەی جار یاسا بەپێشێلکردنی مافی لاوازترین کەسەکان، سەرمافەکانی بەهێزترینەکان جێگیر دەکا، ئەوکاتە پێویستە لاوازەکان خەبات بکەن، تەنانەت بە یاخیبوون لە یاسایش، تا حوکمدانێکی دادپەروەرانە بەدەست بێنن. ئەوە ترازووی هێزەکانە کە دواجار پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی تاکەکان دیاری دەکا. کەواتە دادپەروەری بریتییە لە هاوسەنگی لەنێوان ژمارەیەك هێزی دژ بەیەك، بەشێوەیەك ڕێز لە مافی هەمووان بگیرێ.

پێویستە هەر کۆمەڵگەیەك خۆی بەو ئامرازە دەزگاییانە ساز و تەییار بکا کە بتوانێ بەهۆیانەوە هاندەرانی توندوتیژی بەرکەنار بکا و شەڕیان لە خەڵك دوو بخاتەوە. لەبەرئەوە یەکێك لە ئەرکەکانی سەرشانی دەوڵەت، بەناوی بەرگیرکردنی ڕەوا لە هاووڵاتیان، بریتییە لە قۆڵبەست کردنی یاساشکێنان و ئەوانەی زیان بە سیستمی گشتی دەگەیەنن و دادگەیی و تاوانبار

کردنیان، بەڵام دەوڵەت لە هەمان کاتدا لافی ئەوە لێدەدا مافی ئەوەی هەیە بۆ سزادانی توندوتیژی پەنا بۆ توندوتیژی ببا. مێژووی سەرکوتکردنی تاوانەکان لەلایەن دەوڵەتەوە، لەوانەیە لە مێژووی تاوانەکان خۆیان تۆقێنتر بێ. کۆمەڵگە بەناوی بێزاندنی تاوانەوە تاوانبار –کە تاوان پلیشاندویەتیەوە– دەبێزێنێ. زیاد لەوەیش، زۆرجار روو دەدا دەوڵەت جیابوونەوەی داپەروەران (ی پیاوچاك) بە تاوان حسێب دەکا. لەوێشەوە دادوەران دادپەروەران تاوانبار دەکەن، کە هیچ کەتنێکیان نەکردووە جگە لە ریسواکردنی ستەمی دەستڕۆیشتووان. چەوساندنەوەی دادگەکان بۆ داپەروەران (ی پیاوچاك) یەکێکە لە زەقترین کارە توندوتیژییەکان لە مێژووی کۆمەڵگەکاندا.

لە کۆمەڵگەیەکی سیۆکراتیدا یاسای سزادان لە شەریعەتێکی ئاینیەوە وەردەگیرێ و دادگەکان لافی ئەوە لێدەدەن ئەوان بڕیاری خواوەندێکی تۆڵەسێن رادەگەیەنن و بەناوی شۆردنەوەی گوناهـ en expiation (فەرمانی expierی فرەنسایی بەواتای (تاوانەکەی شۆردەوە) لە فەرمانی expiareی لاتینی وەرگیراوە بەواتای "پاکی کردەوە") تۆڵەسزا بەسەر تاوانباردا دەسەپێنرێ. مێژووی ئاینەکان بۆمان روون دەکاتەوە ئەو بنەمایانە دەشێ توندوتیژی تا چ ئاستێك ببەن.

بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا نابێ دەسەڵاتداران هیچ ئامانجێکی تریان هەبێ جگە لە "بەرگریکردن لە سیستمی گشتی و ئاسایشی کەسەکان". ئەرکی دادپەروەری سزادان نییە لەسەر هەڵە، بەڵکو حوکمدانە لەسەر کەتن، ئەوەیش سزادانی کەتنکارەکە نییە، بگرە پاراستنی کۆمەڵگەیە. بۆیە نابێ سزای جینائی، هیچ تۆڵەسزا یان هیچ توندوتیژییەکی دەروونی یاخۆ جەستەیی دژ بە کەتنکارەکەی تێدا بێ.

ئامانجی ئەو سزایە خۆپاراستنە لە روودانی کەتنی تر لەلایەك لەڕێی بەرگرتن لە کەتنکار بۆ تێکەوتن، لەلایەکی تریشەوە رێگرتن لەوانەی ئامادەییان تێدایە بۆ کەتنکردن تا ئەو ئامادەییە نەکەنە کردەوە. ناتوانرێ کۆمەڵگەیەکی یاسایی رێك بخرێ بەبێ دیاریکردنی کەتن و سزاکان، بەڵام هەر لەوکاتەی پێویستە سزا یارمەتیی کۆمەڵگە بدا تا بەرگری لە خۆی بکا، پێویستە دەرفەتی ئەوە بداتە کەتنکارەکە –کە هێشتا هاووڵاتیەکی تەواوە– تا سەرلەنوێ لەگەڵ کۆمەڵگە ئامێتە ببێتەوە. ئەگەر کەتنکار هەندێ لە مافەکانی لەدەست دا، ئەوا کۆمەڵگە هیچ ئەرکێك لە ئەرکەکانی خۆی بەرامبەری لەبیر ناکا. بابەتەکە بابەتی مشتومڕ نییە بۆ زانینی ئەوەی ئاخۆ کەتنکار شایستەی ئەوەیە مامەڵەیەکی مرۆڤانەی لەگەڵ بکرێ، بگرە دەبێ کۆمەڵگە خۆی بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا بکا. پێویستە بە مرۆییبوونی سزا بەرپەرچی وەحشیەتی تاوان بدرێتەوە. جا ئەگەر پێویست بێ بەپێی ئەوەی دادپەروەری دەیخوازێ دادگەیی تاوانەکە بکرێ، بەڵام پێویستە بەپێی خواستەکانی باشکاری مامەڵە لەگەڵ تاوانبارەکەدا بکرێ. ئەوەیش بەو واتایە نا کە لەگەڵ تاوانباران نەرم بین، بگرە لەگەڵیان باش بین. دادپەروەربوون لەگەڵ مرۆڤێکی ستەمکار واتای گێڕانەوەیەتی بۆ سەر رێگای داد و چاکە. واتە زەمینە بۆ خۆشکردنی تا ببێتە کەسێکی دادپەروەر.

*** رێزگرتن**

*** گرتووخانە**

# دوژمنکاری

دەکرێ مرۆڤ ببێتە بونەوەرێکی عەقڵانی rationnel، بەڵام ئەو وەك سەرەتا بوونەوەرێکی غەریزی instinctuel و پاڵنەرداره pulsionnel. غەریزەکان بوخچەیەك وزەن. کاتێ وزەکانی ئەم بوخچەیە بەتوندی پێکەوە گرێدرابن، ئەوا کەسایەتیی تاك قاڵبرێژ دەکا و یەکی دەخا، بەڵام کاتێ خوسی بەردەبێ ئەوا بنیاتی تاك بەتەواوی پەیکەربەندی و یەکێتیی خۆی لەدەست دەدا. دوژمنکاریش یەکێکە لەو وزانە، کە وەك ئاگر وایە دەشێ بەکەڵك و هەروەها بەزیان بێ، تێکدەر یاخۆ داهێنەر بێ. هەربۆیە ئەو تووڕەییەی لەوانەیە مرۆڤ زەوت بکا و هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر خۆیدا نەمێنێ زیدەڕۆییەکە لە شەڕەنگێزیدا. تووڕەیی ئەو هەڵچوونەیە هەستی پێ دەکەین کاتێ لەپڕ کۆسپ دێتە ڕێی پرۆژەکانمان، یان سەرمان بە واقیعدا هەڵدەتەقێ، یاخۆ بەقووڵی هەست بە ستەمباری دەکەی. لێرەوە زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر تووڕەییەکەی و جڵەوکردنی و گۆڕینی ئەو گیانی دوژمنکاریەی تێیدایە بۆ وزەیەکی بنیاتنەر، لە نیشانەکانی زیرەکییەکی وروژاوی راستەقینەیە.

دوژمنکاری بریتییە لە توانای شەڕکردن و خۆسەلماندن کە لە پێکهێنەکانی کەسایەتییە و توانا بە مرۆڤ دەبەخشێ بۆ هەڵنەهاتن و رووبەڕووبوونەوەی ئەوی تر. دوژمنکاری واتای ئەوەیە جەخت لە زاتی خۆت بکەیتەوە لەبەردەم ئەوی تر دا بە "چوون بەرەو رووی". خۆی لەڕاستیدا بنچینەی فەرمانی "دەستدرێژی" agresser لە وشەی aggredi لاتینیەوە هاتووە، کە لای خۆیەوە لە وشەی ad-gradi داتاشراوە، بەواتای "چوو بەرەو" یان "چووە پێش بەرەو" دێ. فەرمانی "دەستدرێژی کرد" agresse تەنیا بەواتایەکی داتاشراوی نەبێ بەواتای "دژی چوو" نایە، ئەویش لەو رووەوە کە لە جەنگدا واتای "بەرەو دوژمن چوو" هەر واتای "دژی چوو" دێ، واتە هێرشی کردە سەر.

هەروەها وشەی "دەستدرێژی کرد" a-gresser لە داتاشینەکەیدا هیچ توندوتیژییەکی زیاتر لەوەی تێدا نییە کە لە فەرمانی "پێش کەوت" pro-gresser دا هەیە بەواتای "بەرەو پێشەوە چوو". نیشاندانی دوژمنکاری واتای قبوولکردنی کێشمەکێشە لەگەڵ ئەوی تر بە رەتکردنەوەی ملکەچکردن بۆ یاساکەی ئەو.

بەبێ گیانی دوژمنکاری، من هەمیشە لە هەڵاتندا دەبم لەو هەڕەشانەی ئەوانی تر لێم دەکەن، بەبێ دوژمنکاری دەستەپاچە دەبم لەئاست زاڵبوون بەسەر ئەو ترسەی گلۆڵەی کردووم بەوەی رێم پێنادا بەگژ دژبەرەکەمدا بچمەوە و خەبات بکەم بۆ ناچارکردنی تا دان بە مافەکانمدا بنێ و رێزیان بگرێ. جا لەپێناو "چوون بۆ لای ئەوی تر"دا پێویستە بوێری و ئازایەتی بەخەرج بدرێ، چونکە ئەوە چوونە بەرەو لای نەزانراو و بەردەوامبوونە لە سەرکێشی.

لەڕاستیدا ناکارایی لەبەردەم ستەمدا هەڵوێستێکی بەربڵاوترە لە توندوتیژی. توانای مرۆڤ بۆ سەرکزکردن زۆر زیاترە لە توانای یاخیبوون، هەر بۆیە یەکێك لە یەکەمین ئەرکەکانی کاری ناتوندوتیژانە بریتییە لە "تاودان" mobiliser، واتە "بزواندن"ی ئەو سەرکزکردووانەی ژێر ستەم تا گیانی دوژمنکارییان بەخەبەر بێتەوە تا خۆی بۆ ململانە و دروستکردنی کێشە ئامادە بکا. کاتێ کۆیلەیەك مل بۆ گەورەکەی کەچ دەکا هیچ کێشەیەك لەئارادا نابێ، بەپێچەوانەوە ئەوکاتە "سیستم" دەچەسپێ و "ئاشتیی کۆمەڵایەتی" بەرقەرار دەبێ بەبێ ئەوەی هیچ کەس یاخۆ شتێك دەستپێشخەری بکا و گومانیان بخاتە سەر. کێشە تەنیا لەوکاتەوە سەرهەڵدەدا کە کۆیلەکە بەشی هێندە دوژمنکاری بنوێنێ تا بتوانێ "بچێتە پێش بەرەو" گەورەکەی و زات بکا رووبەرووی ببێتەوە و داوای مافەکانی خۆی بکا.

ناتوندوتیژی پێش هەموو شت لە مرۆڤ دەخوازێ توانای دوژمنکاری هەبێ. بەم واتایە پێویستە جەخت لەوە بکرێ کە ناتوندوتیژی چەندە دژی توندوتیژییە، لەوە زیاتر دژی ناکارایی و سەرکزکردنە. نابێ مرۆڤ گیانی دوژمنکاری لەخۆیدا بکوژێ، بگرە دەبێ قبووڵ و رامی بکا بەشێوەیەك ببێتە وزەیەکی داهێنەر. بەهەمان شێوە پێویستە کاری ناتوندوتیژانەی بەکۆمەڵ یارمەتیی ئاراستەکردنی دوژمنکارییانەی سرووشتیی تاکەکان بکا، بەشێوەیەك لەرێی ئامرازە

تێکدەرەکانی توندوتیژییەوە گوزارشت لەخۆی نەکا کە توندوتیژی و ستەمکاریی زیاتر بەدوای خۆیدا دێنێ، بگرە لەڕێی ئامرازگەلی دادپەروەر و ئاشتیانەوە بێ کە لەباریدا بێ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرتر و ئاشتییانەتر دروست بکا. توندوتیژی، لەڕاستیدا، بەلاڕێداچوونی دوژمنکارییە.

*** ململانە**

*** توندوتیژی**

*** کێشە**

# لەمپەر

لەمپەری ناتوندوتیژانە شێوەیەکە لە شێوەکانی دەستوەردانی راستەوخۆی بەکۆمەڵ، کە بریتییە لە رێگرتن لە ئازادیی هاتوچۆکردن لەسەر رێگەیەکی گشتی یان تایبەت، یان داخستنی رێگەی چوونە نێو باڵەخانە یان زەوییەك، ئەویش بەوەی جەستەی مرۆڤ بکرێتە بەربەستێکی رێگر لەبەردەم ئەوانەی دەیانەوێ بپەڕنەوە. خۆپیشاندەران دەتوانن رێڕەوێك دابخەن یان بە رێکخستنی "پەناگیری بەدانیشتن" **sit-in** یان "خۆ مراندن" ، واتە "خۆپیشاندان وەك مردوو" (لە فەرمانی ئینگلیزی **to die**ەوە هاتووە، بەواتای "مرد")، ئەویش بە راکشانی ژمارەیەك کەس لە سەر زەوی.

دەکرێ ئامانج لە دروستکردنی لەمپەر راگرتنی هەموو جووڵەیەك بێ لەسەر ئەم یاخۆ ئەو رێڕەو، جا ئاخۆ ئەو رێڕەوە رێگە بێ یان هێڵی ئاسن. هەروەك دەکرێ مەبەست راگرتن و پەکخستنی جووڵەی ئەو بارەبەر و نەفەربەرانە بێ کە ئەو نەفەر و کەرەستانەی دژبەر بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەی دەگوازنەوە. هەروەها لەوانەیە مەبەستی رێگرتن بێ لە دروستکردنی دامەزراوەیەك کە بە باش نازانرێ (وەك بنکەیەکی سەربازی، کارگەیەکی ژینگە پیسکەر، پرۆژەیەك تەنیا بۆ ناوبانگ، هتد) ئەویش بە داگیرکردنی وەرشەکە بەمەبەستی رێگرتن لە دەست پێکردنی کارەکان و ناچارکردنی کرێکارەکان بۆ راگرتنی کارەکە.

هەروەك دەکرێ بە داگیرکردنی ئاشتییانەی پلیکانەی فرۆکەخانەیەك بۆ رێگرتن لە دابەزینی میوانێك یان کۆمەڵە میوانێکی چارە نەویستراو، یان پەکخستنی جووڵەی ئاسمانی، کۆسپ دروست بکرێ. هەروەها دەکرێ بەشێوەیەکی رەمزی کۆسپ لەبەردەم چوونە نێو باڵەخانەیەکی رەسمی (وەزارەتێك، بارەگای پارێزگا، شارەوانی، هتد) رێك بخرێ، بەمەبەستی سەرنج راکێشانی دەسەڵاتداران بۆ پرسێکی دیاریکراو.

بەشێوەیەکی گشتی شیمانەی ئەوە ناکرێ ئەو کەسانەی لەمپەریان خراوەتە بەردەم بە ئۆتۆمبیلەکانیان خۆیان بدەن بەسەر بەربەستە مرۆییەکەدا و سەرکێشی بکەن بە بریندارکردن یان تەنانەت کوشتنی ئەو خەڵکە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ناوێرن شان بدەنە ژێر بەرپرسیاریەتییەکەی لەوجۆرە. چەندە رای گشتی، کە شایەتحاڵە لەو رووداوانەی رەنگە بێنە پێش، ئامادەیی زیاتری تێدا بێ بۆ هاوهەڵوێستی لەگەڵ ئەو پرسەی بەرگری لێدەکرێ، ئەو مەترسییانەی لێی دەکەونەوە سووکتر دەبن، لەگەڵ ئەوەیشدا کاتێ بارودۆخ هەڵوێستەکە زیاد لە سنوور ئاڵۆز دەکا، دەکرێ مەزەندەی ئەوە بکرێ کە بێ مەترسی نابێ و نابێ خۆپیشاندەران گریمانەیەکی لەو جۆرە تەواو بەدوور بزانن، پێویستیشە بەڕوونی بیر لەو بڕیارە بکەنەوە کە پێویستە لەو حاڵەتەدا بیدەن. لە خراپترین حاڵەتیشدا پێویستە بنەما کردنەوەی رێڕەوەکە بێ لەباتیی مەرگ.

لە زۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا دەسەڵاتداران بانگی پۆلیس دەکەن بۆ کردنەوەی رێگەکە، جا چ بە "لادان"ی خۆپیشاندەران بێ یاخۆ بە بڵاوە پێکردنیان. لێرەشدا دەبێ بەدروستی مەزەندەی مەترسییە چاوەڕوانکراوەکان بکرێ. پێویستە خۆپیشاندەران هەوڵی تەواو بدەن کە زۆرترین ماوە لە شوێنی خۆیان بمێننەوە و بە کەمترین ئاگەدارکردنەوە رانەکەن. لە حاڵەتی بڵاوە پێکردنیانشیاندا دوور نییە هێزەکانی پۆلیس پەنا بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی توندوتیژی وەك دار و ئاوپرژێن و بۆمبی فرمێسکرێژ، تەنانەت بەکارهێنانی تەقەیش بەدوور نازانرێ. ئیدی بڕیار لەدەست رێکخەرانی چالاکییەکەدایە مەزەندەی ئەوە بکەن ئاخۆ واباشە بڕیاری پاشەکشەکردنی خۆپیشاندەران بدەن یاخۆ نا.

دەکرێ ئامرازی تر بۆ رێگرتن بەکار بهێنرێ، وەك ئەوەی لەبری جەستە، بە ئۆتۆمبێل یان تراکتۆر یان لۆری رێگە بگیرێ. هەروەك خۆپیشاندەران دەتوانن دەروازەی بەندەرێك دابخەن بە دروستکردنی ریزێك لە کەشتی یاخۆ بەلەم. لەوانەیشە ئامانج کۆسپ خستنە رێی جموجووڵی دژبەر و یاریدەدەرانی بێ، دەشگونجێ قەدەغەکردنی جولەی هاتوچۆ بۆ نانەوەی هەرایەکی میدیایی بێ کە بەهۆیەوە رای گشتی لەو پرسەی بەرگری لێ دەگرێ ئاگەدار بکرێتەوە.

مەرج نییە کارێکی لەم جۆرە تەنیا کارێکی رەمزی بێ، بگرە دەکرێ بەدوایدا بچین تا کێشەکە دەبەینەوە. ئەوکاتە بیر لەوە دەکرێتەوە کە چی بکرێ بۆ ئەوەی ئۆباڵی ئەو زیانەی لە کۆسپکاران کەوتووە بخرێتە ئەستۆی بڕیار بەدەستان. ئەوانە لەو کاتەوە دەکەونە ژێر پاڵەپەستۆیەکی کۆمەڵایەتی کە دەشێ پەلکێشیان بکا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەکە لەڕێی دانوستاندنەوە. لەبەرئەوە، گرینگە رای گشتی بەوردی لەو هۆیانە ئاگەدار بکرێتەوە کە وایان کردبوو ئەزموونکردنی هێزێکی لەم جۆرە بە پێویست بزانرێ.

*** پەناگیری**

*** کاری راستەوخۆ**

## حاڵنامه

ڕێکخستنی حاڵنامه (عەریزە) بریتییە لە کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارە ئیمزا لە پەراوێزی دەقێکدا کە ستەمێکی تایبەت ریسوا دەکا و داوا لە دەسەڵاتدارانی پێوەندار دەکا بڕیاری پێویست بدەن بۆ گێڕانەوەی ماف بۆ قوربانییانی ئەو ستەمە. ئەم دەقەیش ئامادەکراوە تا شاندێك لە نوێنەرانی ئەوانەی ئیمزایان کردووە راستەوخۆ بیدەنە دەست ئەوانەی لەو بابەتەدا بڕیار بەدەستن. جا ئەگەر نەکرا راستەوخۆ بدرێتە دەستیان، دەکرێ دەقەکەیان بۆ رەوان بکرێ یان لە بارەگاکەیان بۆیان دابنرێ.

دەکرێ ئیمزا کۆکردنەوە لەسەر شەقام یان هەر شوێنێکی گشتیدا ئەنجام بدرێ. حاڵنامە پێش هەموو شت ئامرازی ئاگەدارکردنەوەی جەماوەر و بێدارکردنەوە و هەوڵدانە بۆ سازکردنیان بۆ دەستوەردان و کارکردن. لەوانەیشە یەکێك بێ لە رەگەزە یەکەمەکانی هەڵمەتی بزواندن و هۆشیارکردنەوەی رای گشتی. ئەگەرچی دەگمەنە هەر حاڵنامەکە خۆی ئامرازێکی گوشاری بەس بێ بۆ بردنەوەی کێشەکە، بەڵام ئەگەر توانرا ژمارەیەکی "کاریگەر" ئیمزا لە چەند رۆژێکدا کۆ بکرێتەوە، دەکرێ حاڵنامە سەرنجی دەسەڵاتداران رابکێشێ و هەست بە رەهەندەکانی کێشەکە بکەن. بەوەیش دەگونجێ دەسەڵاتداران دەرك بەوە بکەن کە دانایی و هەروەها بەرژەوەندیی خۆیشیان لەسەریان پێویست دەکا بەزووترین کات چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکە بدۆزنەوە.

لە وڵاتانی دیموکراسیدا بەگشتی، ئیمزاکردنی حاڵنامەیەك هاووڵاتییان تووشی هیچ مەترسییەك ناکا، بگرە دەگونجێ بەسادەیی سەرنجی "دەسەڵاتداران" رابکێشێ. بەڵام لە جێبەند (سیاق)ێکی سیاسیی گرژدا لەوانەیە تەنیا ئیمزاکردنی حاڵنامەیەك پێشوەخت پابەندییەکی بەهێز بخاتە سەر هاووڵاتیان و وەك "دوژمنانی ناوخۆ" ئاماژەیان بۆ بکرێ و هانی دەسەڵاتداران بدرێ بۆ سەرکوتکردنیان.

لە سایەی رژێمێکی تۆتالیتاریشدا ئیمزاکردنی حاڵنامەیەك بە کەتنکردن **delit** ێك دادەنرێ کە شایستەی سزایەکی سەختە، کە بەندکردنیەتی.

### * رای گشتی

## یاخیبوونی مەدەنی

کولتووری گوێڕایەڵی بەسەر کۆمەڵگەکانماندا زاڵە. منداڵی مرۆڤ هەر لە ساواییەوە لەسەر گوێڕایەڵیکردن "بەرنامەڕێژ" دەکرێ. پێویستە لەسەری لەنێو خێزانەکەی و لە قوتابخانە گوێڕایەڵ بێ. کاتێ گەورەش دەبێ، پێویستە لە ژیانی پیشەیی و لە ژیانیدا وەك هاووڵاتیەك، ئەگەر پێویستیشی کرد لە سوپادا، گوێڕایەڵ بێ. ئەگەر پابەند بێ بە ئاینێکیشەوە ئەوا گوێڕایەڵی وەك نیشانەی دڵسۆزیی بۆ ئاینەکەی بۆی دەرازێنرێتەوە. بەم شێوەیەش دەبێ تاك هەمیشە گوێڕایەڵیی دەسەڵاتێکی باڵا بێ. لەکاتێکدا سەرپێچی وەك هەڵەیەکی گەورە ناو دەبرێ، لەبەرئەوەی یاخیبوونیش شتێکی لەو شێوەیەیە، سزایەکی لە شێوەی تۆڵەدا بۆ دانراوە. بەم شێوەیەش تاك هەر لە تۆبەرەی ژیانیەوە هەڕەشەی تۆڵەسزای لەنێو خۆیدا هەڵگرتووە کە بەهۆی یاخیبوونیەوە سزا دەدرێ، بۆیە گوێڕایەڵی دەکا تا خۆی لە کێشە و قەرقەشە لابدا. گوێڕایەڵی وەك گەرەنتیی ئاسایشی خۆی دێتە پێش چاو. مرۆڤ بۆ ئەوەی ئەو گوێڕایەڵیکردنەی فێری بووە لەیاد بکا، دەبێ ئازایەتیی فێڵکردن لەو چاوترسێنکردنەی هەبێ  کە هەڕەشەی تۆڵەسزا ئەنجامی دەدا.

بەپێی تیۆری دەوڵەت کە تا ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەکانماندا باڵادەستە، گوێڕایەڵیکردنی یاسای زۆرینە بە یەکێك لە پایەکانی دیموکراسی دانراوە. بەکردەوە یاسای ژمارە دیموکراسی بەڕێوە دەبا، بەڵام دەشێ یاسای ژمارە لەگەڵ خواستی هەقدا نەگونجێ، لەو بارەیشدا بەدڵنیاییەوە دەبێ هەق بەسەر ژمارەدا سەربکەوێ.

بێگومان ژیانی هەموو کۆمەڵگەیەك پێویستی بە بوونی یاسا هەیە. هەرکات بمانەوێ گەمەیەك بکەین پێویستە کۆمەڵە ڕێسایەك بۆ گەمەکە دابنێین، ناتوانین گەمەکە بکەین ئەگەر هەریەك لە ئێمە لای خۆیەوە ڕێزی یاساکان نەگرێ. کەواتە کارێکی بێهوودەیە بەناوی نموونەیەکی ناتوندوتژییی رەهاوە، وێنای کۆمەڵگەیەك بکەین کە تەنیا بە بەشداریی ئازادانەی هەر تاکێك و بەبێ ئەوەی پێویست بکا بە پەنابردن بۆ ئەو "بکە" و "بکە"انەی یاسا دەیانسەپێنێ، دەکرێ سیستم و دادپەروەری تێدا مسۆگەر بکرێ. بێگومان یاسا ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی حاشاهەڵنەگر ئەنجام دەدا: ئەرکی ناچارکردنی هاووڵاتیان تا بەشێوەیەکی ژیرانە رەفتار بکەن، بەشێوەیەك بوار بە ستەم و توندوتیژی نەدرێ. کەواتە راست نییە کۆت و بەندەکانی یاسا تەنیا وەك بەربەستی بەردەم ئازادی سەیر بکرێن، چونکە یاسا پێش هەموو شت گەرەنتیی ئازادییە. کاتێ یاسا رێگە لە من دەگرێ سامانی خەڵکانی تر نەدزم، بەوە ئاسایشی سەر و سامانی منیش دەستەبەر دەکا. یاسا دادپەروەرانەکان بناغەی دەوڵەتی یاسان.

بەو ئەندازەیەی یاسا ئەرکی خۆی لە خزمەتکردنی دادپەروەریدا جێبەجێ بکا، شایستەی رێز و گوێڕایەڵیکردنی هاووڵاتیانە. لە دیموکراسیدا شتێکی سرووشتییە دەسەڵاتی سیاسی کەڵك لە بنەمای شەرعیەتی هاولفی خۆی وەربگرێ، بەڵام ئەم هاولفە دەکرێ تانەی لێ بدرێ، واتە دەکرێ بەڵگە لەسەر پووچیی بهێنرێتەوە.

کاتێکیش یاسا خۆی پشتگیری لە ستەم دەکا یاخۆ دەبێتە هۆی ستەم، شایستەی بەسووك سەیرکران و لێ یاخیبوونی هاووڵاتیانە. یاساییبوونی ئەو حوکمانەی دەوڵەت دەیاندەدا بەس نییە بۆ شەرعیبوونی ئەو حوکمانە، چونکە گوێڕایەڵیکردنی یاسا هاووڵاتی لە بەرپرسیاریەتیی خۆی رەها ناکا. دیموکراسی خوازیاری هاووڵاتیانی بەرپرسیارە نەك تاکگەلێکی جەڕدراو. ئەو کەسەی گوێڕایەڵیی یاسایەکی ستەمکارانە دەکا بەرپرسیاریەتیی بەشێك لەو ستەمەی دەکەوێتە گەردن. ئەوەی ستەم دروست دەکا یاسای ستەمکار نییە بەڵکو گوێڕایەڵیکردنی یاسای ستەمکارە. ئەوکاتە بۆ ریسواکردنی ئەو ستەمەی لە ئەنجامی پێشێلکردنی مافەوە دێتە دی و بەگژاچوونەوەی و هەروەها بۆ بەرەنگاریکردنی ستەمی یاسا، دەبێ سەرپێچیی یاساکە بکرێ. یاسای ستەمکار خوار و خێچیەك لەنێوان شەرعیەت و دادپەروەردا دەخولقێنێ و تەنیا یاخیبوون دەرفەت بۆ راستکردنەوەی ئەو لارییەی پەتی دادپەروەری ساز دەکا.

له دیموکراسیەتێکی راستەقینەدا یاخیبوونی مەدەنی بە مافێکی جێگیری هاوولاتی دادەنرێ. بەبێ شك دەوڵەت سڵ ناکاتەوە لەوەی، بۆ لغاوکردنی هەڵەشەکانیان، یاخیبوون بە تاوان دابنێ و وەك رەفتارێکی "ناهاوولاتییانە" ریسوای بکا. بەڵام "یاخی" جیابووەوەیە نەك کەتنکار، چونکە خۆی لە هاوهەڵوێستی لەگەڵ ئەو گرووپە سیاسیەی ئەندامیەتی نادزێتەوە، ئەو هاوهەڵوێستی رەت ناکاتەوە، بگرە تێوەگلان رەت دەکاتەوە. ئەوە هاوولاتیانیانن شەرعیەت بەو کەسانە دەدەن کە دێنە هەڵبژاردن، نەك بەپێچەوانەوە. کەواتە لە دیموکراسیەتێکی هاوبەشایەتیدا هاوولاتیان مافی خۆیانە یاسا بەسەر هەڵبژێردراوەکاندا بسەپێنن.

ئەرکی یاسا نییە کە بڵێ دادپەروەری چییە، بگرە ئەوە دادپەروەرییە دەبێ یاسا بسەپێنێ. هەروەها کاتێ هاوولاتی مەزندە دەکا پێکدادانێك لەنێوان یاسا و دادپەروەریدا هەیە، ئەوا پێویستە دادپەروەری هەڵبژێرێ و سەرپێچیی یاسا بکا. ئەوەی پێویستە سەرچاوەی رەفتاری هاوولاتی بێ ئەوە نییە کە یاساییە، بەڵکو ئەوەیە کە شەرعییە. لێرەدا چەندین پرسیار دێنە پێش: ئاخۆ بواردان بە هەر تاکێك تا ئازادانە بە زەوق و ئارەزووی خۆی رەفتار بکا، پاشاگەردانی لە تەواوی کۆمەڵگەدا دروست ناکا؟ ئاخۆ بەس نییە بۆ ئەوەی کەسێك هەر کە یاسایەکی بەدڵ نەبوو داوا بکا مافی یاخیبوون لەو یاسایەی پێ بدرێ؟ سەرەنجام، ئەو پێوەرانە چین وا دەکەن هاوولاتیەك دڵنیا بێ لەوەی یاسایەك ستەمکارانەیە؟

ناکرێ بەبێ جەختکردن لەوەی پێویستە هاوولاتی تەواوی بەرپرسیاریەتیی خۆی لە بڕیار و کردارەکانیدا بگرێتە ئەستۆ، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە. لە شیکردنەوەی کۆتاییشدا مرۆڤ هەر لەژێر رۆشنایی ئەوەدا کە ئەقڵ و ویژدانی بەسەریدا دەخوێنن دەست دەداتە کارکردن. لەوەدا بەدڵنیاییەوە سەرکێشی دەکا بەوەی هەڵە دەکا، بەڵام مەترسییەکە گەورەتر دەبێ ئەگەر بڕیار بدا ملکەچی ئەو بڕیارانە ببێ کە خەڵکانی تر دەیاندەن.

بۆ ئەوەی لەسەر هەق بین پێویستە سەرکێشی بکەین و هەڵە بکەین، چونکە هەڵبژاردنی گوێڕایەڵیی بێمەرج واتای هەڵبژاردنی خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیاریەتی. لە دەرەنجامدا، کاتێ کەسی یاخی بەئەنقەست لە یاسا دەردەچێ، بەوە لەوانەیە خۆی تووشی هەندێ مەترسیی قووڵ بکا. ئەو مەترسییانەیش دەشێ وای لێبکەن خۆی لە پێشێلکردنی یاسا ببوێرێ تا تەنیا لە خەمی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیدا بێ.

مێژوو فێرمان دەکا زۆربەی جار گوێڕایەڵیی کوێرانەی هاوولاتیان هەڕەشەیە لەسەر دیموکراسی تا یاخیبوونیان. لەڕاستیدا گوێڕایەڵیی توندی هاوولاتیان سەرچاوەی هێزی رژێمی تاکڕەو و تۆتالیتاریەکان پێك دێنێ، لەوبارەیشدا یاخیبوونیان لە بنچینەدا بەرەنگاریکردنی خودی ئەو رژێمانەیە. پێدەچێ یاخیبوونی مەدەنی بۆ هەناسەدانی دیموکراسی پێویست بێ و زۆر دوورە لەوەی دیموکراسی لاواز بکا، بگرە دەیپارێزێ و بەهێزی دەکا. دەستی زۆر لە یاخییان دەگرێ بۆ دروستکردنی گەلێکی ئازاد.

جێی خۆیەتی دوو شێوە لە یاخیبوونی مەدەنی جوێ بکەینەوە: یەکێکیان راستەخۆ ئەوی تریان ناڕاستەوخۆیە. هەرچی یەکەمە راستەوخۆ بەرهەڵستیی یاسایەکی ستەمکار دەکا بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوە یان لانی کەم هەموارکردنی، بەڵام دووەمیان بریتییە لە بەرهەڵستی کردنێکی ناڕاستەوخۆی بڕیارێکی سیاسیی ستەمکارانە، ئەویش بە پێشێلکردنی یاسایەك کە ناویسترێ نە هەڵبوەشێتەوە و نە بگۆڕێ، لەم کاتەدا یاخیبوونەکە هەڵبژاردنی ئامرازێکی تاکتیکییە بۆ دەرخستنی ستەمکاریی ئەو بڕیارەی دراوە بۆ گوشار خستنەسەر بڕیار بەدەستان تا سیاسەتیان بگۆڕن، وەك ئەوەی بەکارهێنەرانی هێڵی ئاسنین بەرێکخستنی پەناگیریەك لەسەر هێڵە ئاسنینەکە جوڵەی شەمەندەفەرەکان پەك بخەن، ئەمەیش نەك بۆ هەموارکردنی ئەو یاسایەی بەرگرتن لە هاتوچۆی رێگە گشتییەکان قەدەغە دەکا، بگرە بۆ بەدەستهێنانی گۆڕانکارییەکە لە سیاسەتی هێڵە ئاسنینەکان، کە رەخنەی لێدەگرن. جا ئەگەر دادگە لەسەر ئەو کەتنەیان گرتنی — کە زۆرجار ئەمە ئاواتی خۆشیانە— ئەو کاتە دادگە دەکەنە سەکۆیەك تا لە رێیەوە رەوایی پرسەکەیان بخەنە بەرچاوی رای گشتی .

به چ واتایەك یاخیبوون مەدەنییە؟ رەگی وشەی مەدەنی cilvil (ی فرەنسی) بریتییە لە civilisی لاتینی کە ئەویش لە وشەی civis وەرگیراوە بەواتای "هاووڵاتی". کەواتە واتای یەکەمی یاخیبوونی مەدەنی ئەوەیە کە یاخیبوونێکی هاووڵاتیانەیە. بەڵام زاراوەی civilis واتای لەوە زیاتری هەیە، لەلایەکەوە دژی وشەی militaris ـە بەواتای (سەربازی) و دەبێتە واتای دووەمی یاخیبوونی مەدەنی. کەواتە یاخیبوونەکە ناسەربازییە. بەڵام ئەم واتایە تێکەڵ و پێکەڵە. بەدڵنیایەوە یاخیبوونی مەدەنی سەربازی نییە، بەڵام دەکرێ سەربازییەکانیش پەنا بۆ ئەم ئامرازە ببەن و ملکەچی هەندێ فەرمان نەبن کە پێیان وایە پێچەوانەی بەهاکانی پیشەکەیانە، وەك فەران پێکردنیان بە ئەشکەنجەدانی دیلەکانیان.

لەلایەکی ترەوە و بەشێوەیەکی تایبەت وشەی civilis دژی وشەی criminalis (جینائی) و بنەما و خواستەکانی دێ، واتە رێز لە رێگەی یاخیبوونی مەدەنیانە civilisee و بنەما و خواستەکانی دەگرێ. یاخیبوونی مەدەنی شێوەی شارستانییانە civiliseeی یاخیبوونە. کارێکی" مەدەنی"یە، بەو واتایەی توندوتیژ نییە. ئەو توندوتیژییەی هاووڵاتییان بەکاری دەهێنن هەمیشە و تا ئەو کاتەی یاسا وەك سەرەتا هەر توندوتیژییەکیان لێ قەدەغە بکا یاخیبوونە، چونکە توندوتیژی یاسایی تەنیا لەدەستی دەوڵەتدایە. بەڵام توندوتیژی یاخیبوونێکی جینائییە مادەم پێچەوانەی بنەماکانی رەفتاری شارستانییە. لە دەرەنجامدا یاخیبوون کارێکی مەدەنییە بەو واتایەی کە ناتوندوتیژانەیە. بۆ ئەوەی یاخیبوون شەرعییەتی دیموکراسی بەدەست بێنێ زۆر گرینگە بە مەدەنی و نا توندوتیژ بمێنێتەوە.

هەندێ کەس کە دەیانەوێ پێداگری لەسەر مۆرکی هاوڵاتییانەی یاخیبوون لە یاسایەکی ستەمکار بکەن، وای بە باش دەزانن زاراوەی " یاخیبوونی هاوڵاتییانە" بەکار بێنن، بەڵام خراپیی ئەم زاراوەیە لەوەدایە مۆرکە مەدەنییەکە دەخاتە پلەی دووەم، واتە ئەو مۆرکە نا توندوتیژییەی پێویستە یاخیبوون سوور بێ لەسەری بۆ ئەوەی بە" هاوڵاتییانە" civique بمێنێتەوە. لەبەرئەوە پێدەچێ زاراوەی" یاخیبوونی مەدەنی" پەسەندتر بێ، چونکە ئەم زاراوەیە زیاتر و باشتر دەڵێ و پێداگری لەوە دەکا کە رەفتاری شارستانییانە واتایەکی تەواو بە هاوڵاتیبوون citoyennete دەدا، چونکە هاوڵاتیبوون  پلە وپایەیە و شارستانیبوون فەزیڵەتە: واتە بەوردی بریتییە لە فەزیڵەتی هاوڵاتی. زیاد لەمەش زەقترین خراپەی گۆڕینی ئەو چەمکە لەوەدایە پچرانێك لەگەڵ کەلەپووری دورو درێژی یاخیبونی مەدەنیدا دروست دەکا، کە لە گاندییەوە دەست پێدەکا هەتا رۆژی ئەمرۆ .

ئەرکی یاخیبوونی مەدەنی لە یاسای یان بڕیار یان سیستمێکی ستەمکار بە شێوەیەکی تایبەت پێوەندی بە هاوڵاتی–فەرمانبەرەوە هەیە. پێویستە لە بنەماکانی رەفتارچاکییەکانی کرێکارانی دەوڵەتدا راشکاوانە ئاماژە بەوە بدرێ کە پێویستە هەر فەرمانبەرێك نە تەنیا گوێڕاڵیکردنی فەرمانێکی نایاسایی رەت بکاتەوە، بگرە دەبێ گوێڕاڵیکردنی هەر فەرمانێکی ناشەرعیش رەت بکاتەوە. کەواتە لە دیموکراسیدا پێویستە دەسەڵاتداران رێنوێنی رەسمی لەبارەی ئەرکەکانی فەرمانبەران کاتێ رووبەرووی فەرمانێکی ناشەرعی دەبنەوە، دابنێن. هەروەها پێویستە ئەم رێنوێنیانە جەخت لەسەر رۆڵی ستراتیجیی گەورەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بکەن لە بەرگریکردن لە دەوڵەتی یاسا. بەڵام رەفتارچاکیی فەرمانبەر، وەك هەر رەفتارچاکییەکی تر، ناکرێ تەنیا بەگەڕانەوە بۆ حوکمە یاساییەکان دیاری بکرێ، بگرە پێویست بە گەڕانەوە بۆ خواستەکانی ئەخلاقیش دەکا.

تەنیا ئەوە بەس نییە یاخیبوونی مەدەنی پاساوی هەبێ، بگرە دەبێ کاریگەریش بێ. یاخیبوونی مەدەنی وەك کارێکی سیاسی، دەستپێشخەرییەکی دەستەجەمیی رێك خراوە کە ئامانجی دروستکردنی پاڵەپەستۆیە لەسەر دەسەڵاتداران بۆ ناچارکردنیان تا بگەڕێنەوە سەر رێگەی راست. مەبەست تەنیا دیاریکردنی مافی هەر کەسێك لە "بەرهەڵستیی ویژدان" objection de conscience نییە کە لەسەر ئەرکی ویژدانی تاکەکەسی بۆ رەتکردنەوەی گوێڕایەڵیکردنی یاسایەکی ستەمکار دامەزراوە، بگرە، بەدەر لەم دانپێدانانە، مەبەست دیاریکردنی مافی هاووڵاتیانە لە یاخیبوون لە یاساکە بۆ

سەلماندنی دەسەڵاتی خۆیان و گەیاندنی داواکانیان بەجێگەی خۆیان. بەمەیش یاخیبوونی مەدەنی تەنیا دەربڕی ناڕەزایی ئەخلاقیی تاك نییە لە یاسا یاخۆ بڕیارێکی ستەمکارانە، بگرە بەشێوەیەکی تایبەتیش بۆ بەرجەستەکردنی ئیرادەی سیاسیی کۆمەڵێك لە هاووڵاتیانە کە دەیانەوێ دەسەڵاتی خۆیان پیادە بکەن. کەواتە ئامانجی یاخییان ئەوەیە لەڕێی کارە سەرسەختەکەیانەوە هاوسەنگییەکی هێز بێننە کایە کە بڕیاربەدەستان ناچار بکا مل بۆ داواکانیان کەچ بکەن. لەم روانگەوە ژمارەی یاخییان هۆکارێکی یەکلاکەرەوەیە، گرینگیشە بتوانن، ئەگەر زۆرینەیش نەبێ، پاڵپشتیی کەمینەیەکی بەرفراوانی هاووڵاتیان بەدەست بێنن، تا پاڵەپەستۆی رای گشتیش لە بەرژەوەندیی ئەوان کار بکا. لێرەوە پێویستە بەرەنگاریکاران زۆر بە روونی و راستگۆیی رەهەندەکانی کارەکەیان روون بکەنەوە.

هەڵمەتی یاخیبوونی مەدەنی وەك هەر کارێکی هەرەوەزی، پێویستە تەنیا لە هەڵوێستێکی نەرێنیی رەتکردنەوە و ناڕەزاییدا قەتیس نەبێ، بگرە لەوکاتەی یاخییان سەرکۆنەی ستەمی یاسا دەکەن، پێویستە چارەسەرێکی ئەرێنی و بنیاتنەر بۆ ئەو کێشەیە بخەنە روو کە خۆیان خولقاندوویانە. کەواتە دەبێ "بەرنامەیەکی بنیاتنەر" دابنێن کە ببێتە مایەی سەرخستنی دەوڵەتی یاسا. لە چوارچێوەی ئەم تێڕوانینەدا ئامانجی یاخیبوونی مەدەنی تەنیا هەڵوەشاندنەوەی یاسا ستەمکارەکە نییە، بگرە دەرکردنی یاسایەکی نوێیشە کە دادپەروەری دەستەبەر بکا. یاخیبوونی مەدەنی بەرهەمهێنی یاسایە، یاخییان — بەجۆرە روو قایمییەکیشەوە– داوا دەکەن ماف و دەسەڵاتی ""گوتنی یاسا"–یان هەبێ، یاسایەك هەق پێشێل دەکا. هەربۆیە پێشێلکردنیان بۆ یاسا گێڕانەوەیەتی بۆ رێی راست.

یاسا بەحوکمی لۆجیکەکەی، داوای سزادانی ئەو هاووڵاتییە دەکا کە خۆی لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دەدزێتەوە. هەموو یاخیبوونێکی مەدەنی سەری بە سەرکوتکردنی دەوڵەتدا هەڵدەتەقێ کە پەرۆشە بۆ شەونخونیکردن لەسەر پاراستنی "شکۆمەندیی یاسا". مادەم ئەو یاسایانەی پێشێل کراون ستەمکارانە بن، ئەو سزایانەیش بەسەر هاووڵاتیاندا سەپێنراون ستەمکارانەن. ئەوەی سەرپێیی یاسایەکی ستەمکارانە دەکا نابێ وا هەست بکا پابەندە بە ملکەچکردن بۆ ئەو سزایانەی دەوڵەت دەیەوێ بیانسەپێنێ بەسەریدا. لەبەرئەوە "یاخیبوون"ەکەی مافی خۆیەتی. بەڵام لێرەدا ناکرێ رێسایەکی رەها دابنرێ. دەبێ بۆ هەر حاڵەتێك بەدوای گونجاوترین رێگەدا بگەڕێن. هەروەك پێویستە ئەو هەڵوێستە بناسرێتەوە کە ئەوپەڕی کارایی سیاسی بە کارەکە دەدا. رەنگە وایش باش بێ لەو سزایانەی یاسا دیارییان دەکا هەڵنەیەن، چونکە دەشێ ستەمی تاوانبارکردنی هاووڵاتیانی بەرهەڵستکار ستەمکاریی یاسا بەزێنراوەکە بۆ رای گشتی دەربخا و پێگەی دەسەڵاتداران لای خەڵك دابەزێنێ. لە هەندێ حاڵەتی تردا هەڵاتن لە سزا باشترە بەمەبەستی گەورەکردنی ئەو گژبەرییەی ئاراستەی دەسەڵاتداران کراوە و زەقکردنی مۆرکی ناڕەوای ئەو تۆڵەسزایەی دادگە سەپاندویەتی. لەوکاتەدا دەکرێ بیر لە کارکردنی نهێنی بۆ ماوەیەکی کورت یاخۆ درێژ بکرێتەوە، ئەوکاتە دەکرێ هەر کەس خۆی مێژووی گرتنەکەی دیاری بکا، ئەویش بەوەی بەهێزترین کاردانەوەی میدیایی بەو گرتنە ببەخشرێ. گرینگ ئەوەیە هەمیشە هەوڵ بدرێ پارێزگاری لە توانای دەستپێشخەری بکرێ.

ئەوەی هێزی تەواو بە یاخیبوونی مەدەنی دەبەخشێ ژمارەی ئەو کەسانەن بەشداری تێدا دەکەن. دووریش نییە زۆریی گرتن و دادگەییکردنەکان باشترین رێگە بێ بۆ شپرزکردنی دەسەڵاتداران و ناچار کردنیان بەوەی لەکۆتاییدا بەدەم داواکانی بزووتنەوە بەرەنگاریکارەکەوە بێن.

بەم شێوەیە تەنانەت لە "کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی"شدا هاووڵاتیان بۆیان هەیە رازی نەبن بە چاوەڕوانکردنی گۆڕانکارییەکی گریمانەیی لە دەسەڵاتدا بۆ گۆڕینی یاسایەکی ستەمکار –چونکە نابێ سرتەسرت لە چەسپاندنی دادپەروەریدا بکرێ– ئەویش بە رێکخستنی هەڵمەتێکی یاخیبوونی مەدەنی. دەگونجێ گۆڕینی یاسا بکەوێتە پێش ئەوکاتەی توانای گۆڕینی حکوومەت دەستەبەر دەبێ.

دەکرێ بیر لە سیناریۆیەکی تریش بکرێتەوە: پێویست ناکا بەرهەڵستیی یاسایەکی ستەمکار لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتدا بکرێ، بگرە پێویستە بەرهەڵستیی دەسەڵاتێکی ستەمکار بکرێ کە بەئەنقەست بنەماکانی دیموکراسی پێشێل دەکا. ئەوکاتە دەکرێ یاخیبوون شێوەی "راپەڕینێکی ئاشتی"یانەی راستەقینەی هاووڵاتیان وەربگرێ کە گۆڕینی ئەم یان ئەو یاسا ناکەنە ئامانجی خۆیان، بگرە ئامانجیان گۆڕینی دەسەڵاتەکە خۆیەتی. شەرعیەتی یاخیبوونی مەدەنی لەوکاتەدا لەسەر مافی گەل لە بەرەنگاریکردنی ستەمکاری دادەمەزرێ.

هەروەك دەکرێ چاو ببڕینە ئەوەی دەستووری سیستمێکی دیموکراسی دان بە مافی تاك لە بەرهەڵستیی ویژداندا بنێ، بەهەمان شێوە دەکرێ وێنانی ئەوەیش بکەین کە دەستوور دان بە مافی گەل لە بەگژاچوونەوەی ستەمکاریدا بنێ، کە مافی یاخیبوونی مەدەنیش لەخۆ دەگرێ. ئەگەر یاسا نەتوانێ ماف بداتە هاووڵاتی کە یاخی ببێ، ئەوا دەکرێ دەستوور ئەو مافەی بداتێ لە یاسا یاخی ببێ. جا بۆ تیۆریزەکردن بۆ یاخیبوونی مەدەنی لە دیموکراسیدا، جێی خۆیەتی نەك تەنیا بە بەهایەکی ئەخلاقی و فەلسەفی، بگرە بە بەهایەکی یاساییش دان بە مافی بەرەنگاریکردندا بنێ.

*** بەرهەڵستیی ویژدان**

*** گوێڕایەڵی**

*** دیموکراسی**

*** نهێنیبوون**

*** هاوکاری نەکردن**

## لێبوردن

دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لێبوردن ناوبانگێکی باشی نییە! چونکە لێخۆشبوون بەزۆری دەلالەتێکی ئاینی پێ دەدرێ کە بە بەستنەوەی بە چەمکی ناڕوونی "گوناهـ"ەوە واتاکەی دێتە شلەژاندن. بەمەیش ئاینە مێژووییەکان –بەتایبەت مەسیحیەت– گوتارێکی لاهووتیی تەواویان لەبارەی "لێخۆشبوونی گوناهەکان" داڕشتووە، کە لە دەرەنجامدا پێوەندی بە مێژووی مرۆڤەوە نەبوو. کەواتە ئەوە پرۆژەیەکی سەخت –و لە هەمان کاتدا پێویست و ڕەوا و بەپیتە– هەڵوێستی لێبوردن بۆ کایەی تایبەتی خۆی بگێڕدرێتەوە، کە کایەی ئەخلاقە و لەوێشەوە فەلسەفە، ئەوکاتە دەتوانێ ڕەهەندە سیاسیەکەشی بگێڕێتەوە.

گرینگیی یەکلاکەرەوەی ئەرکی ئەخلاقییانەی لێبوردن لە پێوەندییە مرۆییەکاندا زیاتر کاتێ روون دەبێتەوە کە نەبێ: کە بریتی دەبێ لە زنجیرەی ئەو تۆڵە و تۆڵەسەندنەوەیەی بەزەیی تێدا نییە. تۆڵەسەندنەوە دژە مامەڵەکردنێکی هاوشێوەی سەرسەختانەیە. کەواتە ئەوە شوێنپێ هەڵگرتنی دەقاودەقی توندوتیژیی دژبەرە. کاتێ رق و کینە سینەتەسکی مرۆڤ لە کۆت و بەندی رابردوودا بەند دەکەن، لێبوردن دێ و لەو کۆت و زنجیرانە ئازادی دەکا تا بتوانێ پێ بنێتە ئایندە.

تۆڵەسەندنەوە ئەنجامە وێرانکەرەکانی کارێکی خراپ کە لە هەلوجەرێکدا ئەنجام دراوە ئێستا نەماوە، درێژ دەکاتەوە و بەسەر ئایندەیدا دەسەپێنێ. تۆڵەسەندنەوە نە لەکاتی خۆی و نە لە شوێنی خۆی و نە لە مێژووی خۆیدا نایە، ئەو هیچ کات لە وەختی خۆیدا نایە.

لێبوردن ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە پشتگوێ ناخا، بگرە هەوڵ دەدا بەسەریدا زاڵ بێ و تێی بپەڕێنێ. ناتوانین بڕیار بدەین تۆڵە نەکەینەوە، لەبەرئەوەی ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە بەتوندی لەناوماندا ئامادەیە و دەیەوێ خۆی بەسەر ئیرادەماندا بسەپێنێ. هەربۆیە لێبوردن ئازایەتییەکی گەورەی دەوێ. لەبەرئەوەی توندوتیژی حەزلێکراوە، لێبوردن ئەرکێکی قورسە. لێبوردن بەرهەمی ئارەزوو نییە و ریشەی قووڵی لە هەستدا نییە، بگرە ریشەی لەنێو ئیرادەدایە، چونکە کار و کردار و رووداوێکە لە مێژوودا روو دەدا تا رێڕەوەکەی بگۆڕێ.

لێبوردن هەرگیز یاداوەریی رابردوو لەنێو نابا –چونکە لەبیرکردن فەزیلەت نییە، تەنیا دڵنەواییەکە– بەڵکو بە سووربوون و لێبڕانەوە دەگوێزێتەوە بۆ ئایندە، بەڵام یاداوەریی خراپە کۆسپ دەخاتە بەردەم ئایندە و توانای دەرککردنمان لێڵ دەکا. هەرچی لێبوردنە یاداوەریی ناڕوخێنێ، بگرە گرەوە لەسەر ئایندە، دەگونجێ ئەو گرەوە بدۆڕێنی، بەڵام ئەو دۆڕاندنە واتای ئەو گرەوە ون ناکا. لێبوردن بێ مەرجە، بەو هۆیەشەوە هیچ گەرەنتیەکی نییە. لێبوردن دیارییە، بگرە سەرتۆپی دیارییەکانە، بۆیە شتێك نییە بەپێی شایستەیی بێ و رەتیش ناکرێتەوە. بۆ ئەوەی بڕیاری لێبوردنیش لە بزاوتی مێژوودا کاریگەر بێ پێویستە رێڕەوی خۆی لە زەمەندا وەربگرێ. لەکاتێکدا تۆڵەسەندنەوە شێوەیەکە لە شێوەکانی بێئومێدی، ئەوا بەگشتی ئومێدی سەرلەنوێ دەست پێکردنەوە بزوێنەری لێبوردنە.

ئەرکی لێبوردن هەمان شوێنی ناتوندوتیژی لە دڵدا دەگرێ. لێبوردەیی مرۆڤ لە دەرەنجامدا، واتای ئەوەیە هەمیشە لە ئازاردان دەبورێ. کردەی لێبوردن واتای بڕیاردانی یەکلایەنەیە بە پچڕینی ئەو زنجیری کارە توندوتیژییانەی کۆتایان نایە و هەریەکەیان دەبێتە پاساو بۆ ئەوی تریان. واتای رەتکردنەوەی درێژەدانە بە جەنگ تاهەتایە، واتە ئیرادەی بێوەییخوازی لەگەڵ خۆ و لەگەڵ خەڵك، چونکە ئەوەی خەمی تۆڵەسەندنەوەی لەمێشکدایە، هەرگیز لە ئاشتیدا ناژی. لێبوردن بەرقەرارکردنی ئاشتییە لە ئایندەی مرۆڤدا، ئەویش بە رەتکردنەوەی هێشتنەوەی خۆی وەك دیلی ئەڵقەیەکی دوور و درێژی کاری توندوتیژی. تۆڵەسەندنەوە وادەکا ژیان مەحاڵ و مردن زۆر لەڕێ بێ.

بەڵام کاری لێبوردن تەنیا رەتکردنەوەی تۆڵەسەندنەوە نییە، بگرە پێویستە پێوەندییەکی تر لەنێوان دەستدرێژکار و دەستدرێژبارادا دروست بکا. جێی خۆیەتی لێرەدا جیاوازی بکەین لەنێوان لێبوردنی کەسی کاتێ دەستدرێژییەکە راستەوخۆ

له چوارچێوەی پێوەندیی نێوان کەسێك و یەکێکی تردایە، لەگەڵ لێبوردنی دەستەجەمی کاتێ دەستدرێژییەکە لە پێوەندیی نێوان کۆمەڵێك و یەکێکی تردایە، واتە لە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی یاخۆ سیاسیدا. لە پێوەندیی کەسیدا پێویستە لە کەسی نێزیك ببووری، بەڵام لە پێوەندیە سیاسیەکاندا پێویستە لە دوور ببووری. لە هەردوو بارەکەدا لێبوردن وا دەکا بکرێ ئاشتەوایی یان لانی کەم سوڵح بکرێ، واتە زەمینە بۆ جێگیربوونی پێوەندییەکی دادپەروەرانە، یان دروستکردنی دەرەخسێنێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو پێوەندییانە کرداری بن، پێویستە ئەوەی خراپەکەی ئەنجام دراوە دان بە بەرپرسیاریەتیدا بنێ و خۆی بباتە نێو مێژووی لێبوردن و بەشداریی دینامیەتەکەی بکا.

پێوەندیی نێوان هەردوو ئەرکی دادپەروەری و لێبوردن پێوەندیی دژایەتی نییە و دژیەك نین، بگرە بەپێچەوانەوە سەر بەیەکدا دەکەن تا پێکەوە دینامیەتێکی ئاشتی دروست بکەن، چونکە چەسپاندنی دادپەروەری رێگە بۆ لێبوردن تەخت دەکا، پێچەوانەکەیشی بەپێچەوانەوە.

کاتێ رژێمێکی سیاسی پاش ئەنجامدانی چەندان پێشێلکاری دژ بە مافەکانی مرۆڤ، هەرەس دێنێ، ماقووڵ نییە راستەوخۆ داوا لە قوربانیەکان بکرێ لە جەللادەکانیان ببوورن. بۆ ئەوەی قوربانیەکان متمانە بە ئایندە پەیدا بکەن، پێویستە بتوانن دەردی دڵیان ئاشکرا بکەن و مافی خۆیان وەربگرنەوە. بۆیە پێویستە سەرەتا دان بە راستیەکاندا بنرێ. لەبەرئەوە گرینگە "لێژنەی بەدواداچوونی راستی" بە چاودێریی دەستەیەکی نیشتمانی یان نێودەوڵەتی پێك بێ بۆ تیشك خستنە سەر ئەو تاوانانەی ئەنجام دراون.

رەنگە لە مەحاڵەوە نێزیك بێ بتوانرێ دادگەیی هەموو ئەوانە بکرێ لە سەردەمی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری یان شەڕی ناوخۆ یان جینۆسایددا تاوانیان ئەنجام داوە، بەڵام دەبێ لانی کەم ئەوانەی لە ئەنجامدانی هەندێ تاوانی دیاریکراو بەرپرسن دادگەیی بکرێن. ئەڵبەت ئەو بەرپرسانەیش پاڵەپەستۆی زۆر دەکەن تا لێبوردنێکی گشتی بەدەست بێنن کە لاپەڕەکانیان سپی بکاتەوە تەنانەت بەر لە دادگەییکرنیشیان. داواکردنی لێبوردنێکی گشتی رەنگە رێگە نەدا برینەکانی قوربانییان سارێژ ببن، بۆیە ناکرێ باس لە دەرکردنی لێبوردن بکرێ و ئاشتەواییش ناکرێ تا ماف بۆ ستەمباران نەگەڕێتەوە.

لەڕاستیدا قەسابخانە گەورە گەورەکانی مێژوو بەهۆی رق و کینەی کەسییەوە نەبوون، بگرە کینەی بەکۆمەڵ بوون. هەربۆیە دەبێ ئاگری ئەمەیان بێتە کوژاندنەوە و تەنیاش بە خستنەکاری گیانی لێبوردن دەتوانرێ بەوە بگەین. لەو ساتەدا لێبوردن وەك ساتێکی یەکلاکەرەوەی کاری سیاسی دەردەکەوێ، کە ئامانجی رزگارکردنی مێژووە لە میکانیزمی توندوتیژیی کوێرانە.

*** دادپەروەری**

*** ئاشتەوایی**

# سزا ئابووریەکان

لە کۆنترین شێوەکانی دەستوەردانی ناسەربازی کە ناردنی هێز بۆ ناوچەی کێشەکان لەخۆ ناگرێ، سەپاندنی سزای ئابوورییە بەسەر وڵاتێکدا بۆ ناچارکردنی دەسەڵاتدارانی تا سیاسەتیان بگۆڕن. ئامرازە بەکارهاتووەکان ئامرازی ئابوورین، بەڵام گرەو و ئامانجەکە، سیاسین. ئەو دەوڵەت یاخۆ دەوڵەتانەی بڕیار دەدەن سزای ئابووری بەسەر وڵاتێکدا بسەپێنن، دەیانەوێ گوشار بخەنە سەر دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتە.

یەکەمین سزای بەردەست هەڵپەساردنی ناردنی بەرهەمێکی دیاریکراوە بۆ ئەو وڵاتە. بۆیە باس لە ئابلۆقە embargo دەکەین. ئەم وشەیە کە لە بنچینەدا ئیسپانییە لە رووی وشەسازییەوە واتای "ئیحراج بوو" دێ، هەر وایشە، کاتێ بڕیار دەدرێ گەمارۆیەکی بازرگانیی رێژەیی یان گشتی، بسەپێنرێ، مەبەست (ئیحراجکردن) ئەو وڵاتەیە. سزایەکی دووەمیش لەبەردەستە، کە ئەویش راگرتنی هاوردەکردنی بەرهەمێکی دیاریکراوە کە سەرچاوەکەی وڵاتی ناوبراوە. لەم بارەشدا باس لە بایکۆت boycott دەکەین. هەروەك دەکرێ بیر لە سزایەلی دارایی بکرێتەوە، وەك راگرتنی قەرز و وەبەرهێنان یان سڕکردنی حسابی بانکی لە دەرەوە.

سزا ئابووریەکان دەبێ بەگشتی بە ناوبگیری بێ و بۆ ئامانجێکی ورد و دیاریکراو بکۆشێ. لەوانەیە زۆربەی جار کارێکی گونجاو نەبێ کار بۆ سەپاندنی ئابلۆقەیەکی تەواو بەسەر وڵاتێکدا بکرێ، لە بەرامبەردا دەشێ کارێکی دروست بێ کە بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە سیاسەتی دەوڵەتێکدا، سزایەکی دیاریکراوی بازرگانی یاخۆ دارایی بەسەردا بسەپێنرێ کە بتوانێ بەشێوەیەکی تایبەت تەنگاوی بکا.

پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مادەی ٤١یدا راشکاوانە رێگە بە سەپاندنی سزا ئابووریەکان دەدا:

ئەنجوومەنی ئاسایش بۆی هەیە بڕیار بدا چ رێوشوێنێك بگرێتە بەر کە پێویستی بە بەکارهێنانی هێزی چەکدار نەبێ (....) و مافی هەیە داوا لە ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان بکا بۆ جێبەجێکردنی ئەو رێوشوێنانە، لەنێو ئەوانەدا دەکرێ پەنا بۆ پچڕاندنی پێوەندییە ئابوورییەکان بەتەواوی یان بەشەکی ببرێ.

پێویستە بەپێی توانا هەوڵ بدرێ سزا داراییەکان پێش سزا ئابوورییەکان بخرێن. سزا ئابوورییەکان راستەوخۆ کار لە دانیشتوانە مەدەنیەکان دەکەن چونکە لە بنەڕەتدا لەسەر بنچینەی سنووردارکردنی هەناردەکردن بۆ ئەو وڵاتە و هاوردەکردنی بەرهەمەکانی دامەزراوە، هەرچی سزا داراییەکانن ئەوا راستەوخۆ زیاتر چینە حوکمڕانەکان دەگرنەوە وەك سڕکردنی حسابگەلی بانکی، هەڵپەسارنی تەواوی یارمەتییە داراییەکان، رەتکردنەوەی سەرلەنوێ خشتەبەندکردنەوەی قەرزی دەرەکیی وڵاتەکە و رەتکردنەوەی وەبەرهێناو لەو وڵاتەدا.

بەڵام مەترسیی ئەوە هەیە سزا ئابووریەکان کاریگەرییەکی سنوورداریان هەبێ ئەگەر تەنیا یەك دەوڵەت جێبەجێیان بکا، چونکە ئەوکاتە دەوڵەتە سزادراوەکە دەتوانێ پێچی بەدەوردا لێبدا، ئەویش بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتانی تردا، لەبەرئەوە گرینگە سزاکان بابەتی پرس و راوێژ و هاوئاهەنگیی نێوان دەوڵەتان بن.

لە هەندێ هەلومەرجی دیاریکراویشدا پێویست ناکا سزا ئابوورییە سەپێنراوەکان بەکردەوە جێبەجێ بکرێن، چونکە لەوانەیە تەنیا هەڕەشەکردن بە سەپاندنی ئەو سزایانە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە پەشیمان بکاتەوە لە جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی دیاریکراو یان مکوڕبوون لەسەر سیاسەتێکی دیاریکراو.

کاتێ وتوێژە سیاسییەکان لە هەڵوێستێکی تەنگژەئامێزدا دەگەنە بنبەست و دەستێوەردانی سەربازیش لەجێی خۆیدا نەبێ، دەکرێ پەنا بۆ سزا ئابووریەکان ببرێ. ئەم سزایانەش پێوەندارن بە کارەکانی هاوکاری نەکردن لەگەڵ ئەو دەوڵەتە، پێویستە ئامانجی سزاکان سزادان نەبێ، چونکە سزادانی دەوڵەتێك هیچ بەرژەوەندییەکی سیاسی تێدا نییە و یارمەتیی چارەسەرکردنی کێشەکەیش نادا، لەبەرئەوەی هیچ ئاسۆیەك بۆ ئایندە ناکاتەوە. بەڵێ، گومان لەوەدا نییە سەپاندنی سزای

ئابووری بەسەر دەوڵەتێکدا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ناهەمواربییە لە بنەڕەتدا گەورەکانی ژیانی هاووڵاتییانی مەدەنی ئاڵۆزتر دەکا و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە و لایەنگرانیشی هیچ کات بەفیڕۆ نادەن لە قۆستنەوەی ئەو ناهەمواربییانە بەمەبەستی سەرکۆنەکردنی ئەو سزایانەی بەسەریاندا سەپاون و ڕێکخستنی هەڵمەتی لەدوای یەك، چ بۆ کارکردنە سەر رای لایەنگرانیان یانی رای گشتیی نێودەوڵەتی، بەمەبەستی سەرکۆنەکردنی ئەو سزایانە و هەڵوەشاندنەوەی رەواییان. بۆیە واباشە سزاکان بە پرس و راوێژ لەگەڵ نوێنەرانی هێزە دیموکراسیەکانی ئەو وڵاتە بڕیار بدرێن، چونکە ئەوان دەتوانن بایەخ و تەنانەت رادەی پێویستیی ئەو سزایانە مەزەندە بکەن، بەتایبەت کاتێ دانیشتوان ئامادە بن بۆ شان دانە بەر سەختییە ئابوورییە دژوارەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەسکەوتی سیاسی. پێویستە مشووری ئەوە بخورێ شوێنەوارە نەرێنیەکانی سزا ئابووریەکان لەسەر دانیشتوانە مەدەنیەکان سنووردار بکرێن، نەك تەنیا لە بوارەکانی خۆراك و تەندروستیدا، بگرە لە بوارەکانی پێوەندیکردن و زانیاریەکانیشدا.
جا ئەگەر لەئاکامدا دەرکەوت سزا ئابووریەکان تا دێ دۆخی خەڵك پەرێشانتر دەکەن بەبێ ئەوەی بەکردەوە هیچ گوشارێك بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی سیاسی، ئەوا پێویستە بەبێ دوودڵی پاشەکشەی لێ بکرێ.

*** بایکۆتکردن**

## سزای لەداردان

پاساودان بە سزای لەداردان دەچێتە چوارچێوەی لۆجیکی دادپەروەریی سزایی لە "شۆردنەوەی تاوان" expiationدا. جێی سەرنجە تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەیشدا کە سزای لەداردانیان تێدا هەڵوەشاوەتەوە، هێشتا توێژێکی بەرفراوانی رای گشتی پشتیوانی لێدەکا و هێشتا کاردانەوەی بەرامبەر "تاوانباران" بەپێی ئەو لۆجیکەیە کە پاساو دەداتە تۆڵەسزای مردن و داوای شەریعەتی تۆڵەسەندنەوە دەکا "شکاندن لەبریی شکاندن و چاو لەبریی چاو و ددان لەبریی ددان" و لێرەشەوە "مردن لەبریی مردن". گوتەزای "رێزگرتنی قوربانییەکە" هەڵدەبڕێ لەپێناو داواکردن بۆ کوشتنی بکوژ. داوای تۆڵە دەکا و بێزار دەبێ کاتێ هەست بکا تاوانبارەکە لەوانەیە مامەڵەیەکی بەبەزەییانەی مرۆڤانەی لەگەڵ دەکرێ.
ئەم کاردانەوە توندانە ئارەزوویەکی راستەقینە بۆ توندوتیژی دەوروژێنن کە داواکارییە مرۆڤانەکانی شارستانێتی لەبار دەبەن. پاساودانی سزای لەداردان واتای بڕیاردانە بە رەتکردنەوەی حورمەتی ژیانی مرۆڤایەتی و سیفەتە بڵندەکەی بەشێوەیەکی کۆتا و بنبڕ. لەم بارەیشدا، ئەگەر ژیانی تاوانبار حورمەتی نەبێ ئەوا هیچ ژیانێکی مرۆڤایەتی حورمەتی نییە. هەموو لەداردانێك کارێکی بێئومێدانەیە لە مرۆڤایەتیدا.
پرسەکە لەوەدا نییە هەوڵ بدەین ئەوە بسەلمێنین سزای لەداردان سڵەمێن نییە، هەروەك لەوەیشدا نییە پرسیار بکەین لەبارەی ئەو تۆڵەسزا گونجاوەی جێی دەگرێتەوە. سزای لەداردان مەحاڵە لەبەرئەوەی ئەقڵ نایبڕێ. ئەقڵیش نایبڕێ لەبەرئەوەی هەر تەنیا بیرکردنەوە لە سزای لەداردان واتای قبووڵکردنی کوشتنی مرۆڤێکە کە بووەتە "بێتاوان" innocent، واتە کەوتووەتە دۆخێك ناتوانێ چی تر زیان بەکەس بگەیەنێ. تەنانەت ئەو زەرورەتەی لە هەڵوێستی بەرگری لەخۆ کردنیشدا پێداگری لەسەر دەکرێ، ناکرێ لێرەدا بکرێتە پاساوێك بۆ قبووڵکردنی کوشتن.
گرەوی پرسی سزای لەداردان بژارەیەکی کۆمەڵگەیی راستەقینەیە، بژارەیەکی شارستانییە. دەوڵەت بە شەرعیەتدانی بە سزای لەداردان توندوتیژی بکوژ بەدامەزراوەیی دەکا و وەك مافێکی مەدەنی جێگیری دەکا. بەوەیش تێکڕای پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان تووشی پەتای لۆجیکی توندوتیژی دەبن. لە دیموکراسیەتدا ئامانجی یەکەمی سیاسەت ئەوەیە توندوتیژی بخرێتە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا، هەربۆیە دەوڵەت بە دانانی توندوتیژی لە چوارچێوەی یاسادا پێچەوانەی ئەم ئامانجە رەفتار دەکا.
لە دەوڵەتێکی دیموکراسیدا پێویستە رەتکردنەوەی سزای لەداردان بکرێتە شتێکی دەستووری.

*** دادپەروەری**

## پێوەندی

مرۆڤ لەڕێی پێوەندی لەگەڵ ئەوی تر خۆی دەناسێ. من لەڕێی نیگای ئەوی ترەوە خۆم دەناسم. لەنێو خۆمدا ئەو نیگایە هەڵدەگرم کە ئەوی تر ئاراستەم دەکا و بەوەیش خۆم بەو شێوەیە دەبینم کە لەسەر تەختی ڕوومەتی ئەو پەرچ دەدرێمەوە. بوونم واتە بوونی پێوەندییە لەگەڵ کەسانی تر. بوونی مرۆڤ ئامادەبوونە، ئامادەبوون پێوەندی و وابەستەییە.

خۆناسینی مرۆڤ سەرەتا و کۆتای فەلسەفە پێك دێنێ. بەڵام دیداری مرۆڤەکەی تر مرۆڤ هان دەدا بۆ ناسینی خۆی. ناسینی کەسی نێزیك کە لە "خودبوونی" خۆیدا sa meme**e** کۆمان دەکاتەوە و لە "ئەوی تربوون"یدا son alterit**e** کە جیاوازیمان پێدەدا، ئەو ڕووداوەیە کە ناسنامەمان دادەمەزرێنێ. ئەو یەکەتییەی ئاسوودەیی و ئارامی بە مرۆڤ دەبەخشێ، بریتی نییە لە یەکبوونی لەگەڵ خودی خۆیدا، بگرە بوونیەتی بەیەك لەگەڵ ئەوی تردا.

پێویستە بیر لە مرۆڤ بکرێتەوە، نەك لە حاڵەتی وەستانی نەرگسییانەی خودی خۆی لەبەرامبەر من–ەکەی، بگرە لە پێوەندیی بێگەردیدا لەگەڵ ئەوی تر. مرۆڤ بە باش پێشوازیکردنی لەوی تر مرۆڤایەتیی خۆی بەدی دێنێ. بەڵام لە بنەڕەتدا پشکی گەورە لە پێوەندیی نێوان مرۆڤ و مرۆڤدا ئەوەیە کە پێوەندیی کێشمەکێشیان هەبێ، چونکە هەر کەس دەیەوێ پێویستیەکانی تێر بکا و بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی بکا و ئارەزووەکانی بەدی بێنێ: هەر کەس دەیەوێ بۆ خۆی بژی. "من" شتێکی بێزراو نییە، بەڵام ئەوکاتەی بایەخدان بە خود هیچ جێیەك بۆ بایەخدان بەوی تر ناهێڵێتەوە، کاتێ پێویستیی داننان بە خود نکوڵیکردن لەوی تر لەخۆ دەگرێ، دەبێتە شتێکی بێزراو. پێویستیی داننان بە خوددا بۆگەن دەکا کاتێ ململانەیەك لەپێناو ناوبانگدا بەرپا دەکا و بوار بۆ پۆز لێدان و لوتبەرزی دەکاتەوە. پێویستیی مرۆڤ بۆ دانپێدانان لەپشت پێویستی بەوەی ناسراو بێ دەشارێتەوە.

مرۆڤ ئارەزوویەکی ترسناکی بۆ شکۆداری هەیە، بێپەروا جۆرە پیرۆزییەك بەخۆی دەدا و خوازیارە ئەوانی تریش بەشداری لەو شکۆ پێدانەدا بکەن. مرۆڤ دەیەوێ لەنێو ئەوانی تردا بەناوبانگ بێ، واتە ئەوانی تر بەزمی بۆ بگێڕن. بەڵام ناوبانگ –نەك ئەوەی هەمانە بەڵکو ئەوەی هەوڵی بۆ دەدەین– بەزۆر لەوانی تر وەردەگیرێ. بەناوبانگبوونی مرۆڤ واتای ئەوەیە لە پێشی پێشەوە بێ، بۆیە پێویستە بەهێزتر لە شانەخڕێکردنی ئەوان لەگەڵ ئێمە، شانەخڕێ لەگەڵ ئەوانی تردا بکرێ.

ئەم هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی شۆرەتێکی ناڕەوا پێوەندی لەگەڵ ئەوانی تر قەڵب دەکا، هەقیقەتی مرۆڤ ئەوەیە بەتەبایی و لەسەر بنچینەی دانپێدانی دووسەرە لەگەڵ مرۆڤەکەی تر بژی. بەهای مرۆڤ نرخ نییە، بگرە کەرامەتە. مرۆڤ دەبێتە بوونەوەرێکی مرۆیی کاتێ ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤەکەی تر دەگرێ. ئەرکی یەکەمی ئەم ڕێزگرتنەیش –ئەرکی دامەزراوە– حەرامکردنی توندوتیژییە. هەر بۆیە بنەمای ناتوندوتیژی بناغە و پەیکەری پێوەندیی مرۆڤ لەگەڵ ئەوانی تر دادەمەزرێنێ. پێوەندیی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤەکەی تر لە جەوهەردا پێوەندیی ڕووبەڕووە. ئەگەر مرۆڤ فێر بووە بوەستێ، ئەوە بۆ ئەوەیە بتوانێ ڕووبەڕوو سەیری مرۆڤەکەی تر بکا. سرێشی پێوەندی لەگەڵ ئەوانی تر سەیرکردنە و سەیرکردن سەرەتای قسەکردنە.

حیکمەتی گەلان لەسەر زمانی دژبەرەکەمان دەبێژێ "بۆم بگەڕێ، دەمدۆزییەوە". لەوکاتەوە ئیتر پرسەکە بریتی دەبێ لەوەی بزانین لەکوێ بۆ مرۆڤەکەی تر بگەڕێین. لە سەرەتای هەر دیدارێکدا پێویستە یەکێکیان دەستپێشخەری بکا، یەکێکیان بیەوێ نیگایەك، وشەیەك یان ئاماژەیەك بگرێتە ئەوی تر و هەموو شت لەسەر سرووشتی ئەو نیگایە و ئەو وشەیە و ئەو ئاماژەیە دەوەستێ. جا ئەگەر ئاماژەی ڕێزگرتن بێ ئەوا ئەگەر زۆرە ئەوی تریش بە ئاماژەی ڕێزگرتن وەڵام بداتەوە. بەڵام ئەگەر ئاماژەی ڕق بوو، شیمانە هەیە ئەویش بە هەمان ئاماژە وەڵام بداتەوە.

لەنێو مرۆڤەکاندا مرۆڤێك هەیە مەیلی لە خراپەکردن هەیە، مرۆڤێکیش هەیە حەزی لە چاکەکردنە و زۆر ڕێی تێدەچێ ڕوو لە هەرکامیان بکەم وەڵامم بداتەوە. سەرەنجامیش، کاتێ بۆ ئەوی تر بگەڕێین دەیدۆزنەوە. ئەگەری زاڵیش ئەوەیە ئەوی تر بەو شێوەیەی ئێمە سەیری دەکەین ئەویش سەیری ئێمە بکا و وەڵاممان بداتەوە.

شوێنی ئەخلاق تەنیا لەو کایە تایبەتەدا قەتیس نابێ کە مرۆڤ پێوەندییە کەسیەکانی لەگەڵ کەسە نێزیکەکانی دەگوزەرێنێ، بگرە بۆ کایە گشتیەکەیش فراوان دەبێ کە مرۆڤ تێیدا ڕووبەڕووی کەسە دوورەکانیشی دەبێتەوە. بەرپرسیاریەتیی ئەخلاقی بەرپرسیاریەتیی سیاسیشە.

* **ڕێزگرتن**
* **خۆشەویستی**
* **باشکاری**
* **ناتوندوتیژی**
* **کێشە**

# کاری راستەوخۆ

"کاری راستەوخۆ" لە بازنەی تاکەکاندا، بریتییە لەوەی تاکەکان دەستبەرداری ئەلّقەبەندیی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان ببن و وەك هاووڵاتی بەڕاستەوخۆ –لەڕێی دەستوەردان لە گۆڕەپانی گشتیدا– دەسەڵاتی خۆیان لە کاروباری شارەکەدا بخەنە گەڕ. بەوەیش بۆ بەدەستهێنانی گۆڕنکاریی پێویست لە کۆمەڵگەدا گرەو لەسەر "کارکردن لە شەقام"دا دەکرێ زیاتر لە گرەوکردن لەسەر "کارتی دەنگدان". بیردۆزی کاری راستەوخۆ لەسەر بناغەی رەخنەگرتن لە شێوەی کارکردنی ئاسایی دیموکراسیەتی "شکڵی" دامەزراوە کە زۆر بەکەمی دەرفەت بۆ هاووڵاتی دەڕەخسێنێ تا بەڕاستی دەنگی خۆی بگەیەنێ و کار لە واقیع بکا و بەشداری لە گەڵاڵەکردنی ئەو بڕیارانەدا بکا کە ئایندەی شارەکەیان لەسەر وەستاوە. هاووڵاتی بە دەنگدان دەسەڵاتەکەی بە کەسێ دەسپێرێ، بەڵام خۆی بەکاری ناهێنێ.

دەنگدانی گشتی یەکێکە لە پایەکانی دیموکراسی، چونکە هیچ دیموکراسیەتێك نییە بەبێ هەڵبژاردنێکی ئازاد و یارمەتیی کۆمەڵگە دەدا خۆی لە ئەگەری بەردەوامی خلیسکان بەئاراستەی رێژیمێکی تۆتالیتاری بپارێزێ. بەڵام تەنیا هەڵبژاردن بەس نییە بۆ مسۆگەرکردنی دیموکراسییەتێکی بەشداریکارانە. بۆیە جێی خۆیەتی دان بە سنوور و ناتەواویەکانی دەنگدانی گشتیدا بنرێ. کاتێ بەشێوەیەکی دیموکراسی سەرکردە سیاسییەکان دێنە هەڵبژاردن، ئیتر بڕیارەکانیان بنبڕ یاسایی دەبن، بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ شەرعیەتیان. جا ئەگەر هاووڵاتیان هۆی شایستەیان هەبێ بۆ سەرکۆنەکردنی ئەو بڕیارانە، ئەوا ناچار نین چاوەڕوانی هەڵبژاردنی داهاتوو بکەن تا بەئاشکرا ئەوە دەرببڕن. هەروەها دەرچوونی بڕارەکە لەلایەن زۆرینەوە واتای ئەوە نییە بڕارەیەکی دروستە، بۆیە نابێ نەیاران هەر لەبەرئەوەی کەمینەن پشتیوانی بکەن، بەڵکو پێویستە کار بۆ گۆڕینی زۆرینەکە بکەن، بەڵام ئەوان بۆ ئەمە ناتوانن تەنیا بە چاوەڕوانکردنێکی سستانەی هەڵبژاردنی داهاتوو واز بێنن، بگرە پێویستە راستەوخۆ بکەونە جموجوڵ بۆ هەڵنانی رای گشتی و دەسەڵاتداران، ئەویش بە سەرکۆنەکردنی ئەو پاشاگەردانیەی لەئارادایە و گێڕانەوەی ماف بۆ قوربانییانی ئەو ستەمە. کاری راستەوخۆی هاووڵاتیان تەنیا رەوا نییە و بەس، بگرە بۆ هەناسەدانی دیموکراسی زۆر پێویستیشە.

زۆرجار بەرگریکردن لە کاری راستەوخۆ بە پاساودانی کاری توندوتیژی تێکەڵ بووە: دەستە جیاجیاکانی کارکردنی راستەوخۆ پەنایان بۆ توندوتیژیی چەکداری نەبردووە بۆ بەگژاچوونەوەی "دیموکراسیەتی بۆرجوازی" یان زیاتر لەوە "لەنێوبردنی". ئەوەی نەیتوانیوە لەڕێی هەڵبژاردنەکانەوە بەدەستی بێنێ ویستوویەتی لەڕێی شۆڕشەوە بەدەستی بێنێ، ئەوەیش پێویستی بە توندوتیژی بووە. بەڵام توندوتیژی شۆڕش گۆشەگیر دەکا، چونکە کاریگەرییەکەی بەندە بە بەهێزکردنی سیستمە سەرکوتکارییەکانی دەسەڵاتدارانی ئارا. بەوەیش دەردەکەوێ لەڕاستیدا توندوتیژی دەستەپاچەیە لەئاست گۆڕینی ئەو پاشاگەردانیەی لەئارادایە.

بەدەر لەو تەنگەبەریەی تێی دەکەوین کاتێ کار تەنیا لە چوارچێوەی دامەزراوە دیموکراسییە پەرلەمانیەکاندا دەکەین و بەدەر لەو دژییەکیانەی دیلمان دەکەن کاتێ لەڕێی توندوتیژیەوە کار دەکەین، دەکرێ کاری راستەوخۆی ناتوندوتیژانە، هەر هێندەی بەکۆمەڵ رێك بخرێ، یارمەتیدەر بێ بۆ بەگژاچوونەوەی زێدەڕۆییەکانی دەسەڵاتی ئارا بەشێوەیەکی کارا و قەڵاچۆکردنی ستەمە کۆمەڵایەتیەکان و بەدیهێنانی گۆڕانی پێویست.

دەکرێ کاری راستەوخۆی ناتوندوتیژانە یاسایی یاخۆ نایاسایی بێ، ئەویش بەگوێرەی حوکمە بەرکارەکانی یاسا کە بەسرووشت لە گۆڕاندایە. بەم شێوەیە دەشێ تەنیا دابەشکردنی بڵاوکراوەیەك لە گۆڕەپانی گشتیدا کارێکی یاسایی یان پێشێلکردنی یاسا بێ، بەڵام دەشکرێ کاری نایاسایی رەوا بێ، چونکە پێویستە داواکردنی دادپەروەری لە ناچارکردنی یاسا بەهێزتر بێ.

# توندوتیژی

مرۆڤ تەنیا تاڵاوی ئەو توندوتیژییە ناچێژێ کە دژی خۆی یان کەسانی تر ئەنجام دەدرێ، بگرە ئەو خۆیشی توانای هەیە توندوتیژی دژ بە کەسانی تر ئەنجام بدا. مرۆڤ کە ورد دەبێتەوە هەست دەکا خۆیشی توندوتیژە. مرۆڤ کاتێ لاوازی و لەرزۆکی و سنووردارییی خۆی بۆ دەردەکەوێ مەیلی بەلای ئەوەدا دەچێ توندوتیژی بەرامبەر مرۆڤەکەی تر بەکار بێنێ. هەروەها لەبەرئەوەی لە ناخی خۆیدا هەست دەکا ئەو بوونەوەرێکی دوابڕاوە، بۆیە زۆر نابا دەبێتە بکوژ. حەزکردنی مرۆڤ لە نەمری وای لێدەکا لە مەرگ بترسێ، ئەوەیش ئیرادەی کوشتنی لەلا برەو پێدەدا. هەروەها لەبەرئەوەی تاك لە هەموو ساتێکدا هەست دەکا مەترسیی لەسەر بوونی هەیە، زۆرجار کەڵکەڵەی ئەوەی دەکەوێتە مێشك بسرەوێنێتە ئەوانی تر، چونکە بەخەیاڵی ئەو مردنی مرۆڤەکەی تر مانەوەی ئەو مسۆگەر دەکا.

بووەتە باو وەك پاساوپێدانی توندوتیژی دەوترێ "توندوتیژی بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیان". بەدڵنیاییەوە بەدەر لە ژیان شتێك نییە بەناوی توندوتیژی! چونکە مرۆڤ هێندەی بوونەوەرێکی ژیرە هێندەیش بوونەوەرێکی ئارەزووبازە. ئەو مرۆڤەیش ملکەچی ئارەزووەکانی بێ مرۆڤێکی توندوتیژە. لە هەموو ساتێکدا دەشێ هەستگەلێکی نامرۆڤانە ختوکەی بدەن و هەڵی بنێن بۆ برینداركردنی مرۆڤایەتیی مرۆڤەکەی تر. لەبەرئەوە، بۆ ئەوەی بەسەر توندوتیژییەکەیدا زاڵ بێ، لەسەری پێویستە فێر بێ چۆن چۆنی ژیر بێ، واتە بتوانێ ژیرانە بیر بکاتەوە.

ئەگەر توندوتیژی دروستکراوی ژیان بێ، ئەوا دروستکراوی توندوتیژی مەرگە. وزەی توندوتیژی کاتێ قبووڵ و رام دەکرێ، دەخرێتە کار و بەیاسایی و جڵەو دەکرێ، لادەبرێ و دەگۆڕدرێ و زیاد دەکرێ، ئەوکاتە دەبێتە بزاوتی بنیاتنەری ژیان، نەك توندوتیژیی سەرشێت و بەربەری و دڵڕەقانە. ئەمەی دوایی جگە لە خزانی وزەی دوژمنکاری لە رەوتی دروستی خۆی هیچی تر نییە. دوژمنکاری دەرفەت بۆ خۆ سەلماندن لە بەرامبەری ئەوی تر دەڕەخسێنێ، بەڵام توندوتیژی دەبێتە هۆی نکوڵیکردن لەوی تر و لە هەمان کاتیشدا ژیانی قوربانییەکە دەخاتە مەترسی. لە دەرەنجامیشدا، لەم جۆرە توندوتیژییە هەڵەشەیەدا هیچ جێیەك بۆ ژیان نییە، بگرە زەوتکردن هەیە: زەوتکردنی ژیان، واتە مەرگ.

هەر توندوتیژییەك بەرامبەر مرۆڤ زەوتکردنە، زەوتکردنی ناسنامە و کەسایەتی و ماف و کەرامەت و مرۆڤایەتیەکەیەتی. کاری توندوتیژ بە وردترین واتا، کاری " زەوتکردن"ـە. وێنەی مرۆڤێکی روومەت شێوێنراو بەدەستی مرۆڤێکی تر رووی ترسناکی توندوتیژی دەردەخا. توندوتیژی شێواندنی روومەتی مرۆڤە. ئەو شێواندنەیش مەرگەساتی مرۆڤایەتی بەرجەستە دەکا، چونکە بوون لە واتا بەتاڵ دەکاتەوە و ئومێد تێك دەشکێنێ. توندوتیژی هەر بەڕاستی نائومێدی دەبەخشێتەوە !

مەرگەساتبوونی بوون لەوەدا نییە مرۆڤ بوونەوەرێکی فانییە و لەناو دەچێ، بگرە لەوەدایە دەتوانێ بکوژ بێ.

توندوتیژی، وەك زەوتکردن، پێشێلکردنی یاسایە، بەڵام نەك یاسای نووسراو بەڵکو ئەو یاسا بنچینەییە نەنووسراوەی کوشتن حەرام دەکا تا بوار بۆ زمان و ژیانێکی هاوبەش برەخسێنێ. توندوتیژی وەك جۆرێك لە زەوتکردن شکاندنی ئەو حەرامکردنە بنچینەییەیە. بەم پێشێلکارییە توندوتیژی سرێشی کۆمەڵایەتی تێك دەشکێنێ و وا دەکا ژیانی بەکۆمەڵ مەحاڵ بێ.

توندوتیژی لێبڕانی ئارامییە، هەڵەشەیی و رەقییە. لەگەڵ ریتم و جووڵەکانی کاتدا هاوئاهەنگ نییە. لەو رووەوە رەگەزە پێکهێنەکانی زەمەنیش ناناسێ، ئەو سرێشە دەتەقێنێتەوە کە رابردوو و ئایندە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و پەلە لە ئێستە دەکا و زەبری لێدەدا چونکە هیچ دواخستنێکی قبووڵ نییە، هەربۆیە بوار بۆ پەرەسەندن نامێنێتەوە. توندوتیژی کات بە پێگەیشتن نادا. بەکورتی قۆناغەکان دەسووتێنێ. واقیعیش لەبارێکدا نەتوانێ لە تانوپۆی رۆژگاردا رابکشێ، لەنێو دەچێ. لە روانگەی بیروردیی مرۆڤەوە کە بناغەی دانایی کرداریی مرۆڤی ژیرە توندوتیژی وەك هەڵەشەییەك دەردەکەوێ، واتە نەبوونی بەرچاورۆشنی لەبارەی ئەو ئاکامانەی لە توندوتیژی دەکەونەوە.

ئەو نیەتە ژیرانەیەی رەنگە لە چاوگی توندوتیژییەکەدا هەبێ بەهۆی گێژاوی توندوتیژییەکەوە لەبەرچاوان ون دەبێ.
میکانیزمی توندوتیژی بەهۆی درپیەکەیەوە کوێرانەیە و خەریکە بڵێین هەمیشە ئەوانەی بە پاڵنەری توندوتیژی کار دەکەن بۆ زۆر دوورتر لە سنووری ئەو "زەرورەت"ـە دەبا، کە گوایە لە روانگەی عەقڵانیەتەوە بەکارهێنانی توندوتیژییان تێدا بەپێویست زانیوە، چونکە سرووشتی توندوتیژی وایە هەموو ئەو کایەیەی کاری تێدا دەکا داگیر دەکا و بەوەیش زیان بە هەموو ئەو شتانە دەگەیەنێ کە لەو کایەیەدا هەن و خەیاڵپڵاوییە پێمان وابێ تەنیا خراپە لەنێو دەبا.
گرینگە پێناسەی توندوتیژی بکەین بەشێوەیەك نەکرێ باس لە بوونی " توندوتیژییەکی باش" بکرێ. مادەم دەڵێین ئێمە جیاوازی لەنێوان توندوتیژییەکی "باش" و توندوتیژییەکی "خراپ"دا دەکەین، ناتوانین توندوتیژی دیاری بکەین و سەرمان لێ تێك دەچێ، نەخاسمە کاتێ باس لەوە دەکەین گوایە پێوەر بۆ دیاریکردنی "توندوتیژیی باش" دادەنێین، هەربۆیە هەریەکە و لای خۆیەوە زوو پەلاماری ئەو پێوەرانە دەدا تا بیانکاتە پاساو بۆ توندوتیژییەکەی خۆی.
توندوتیژی لە کرۆکدا نەهێشتنە. هەموو پیشاندانێکی توندوتیژی، پلە و نیازی پشتەوەی هەرچی بێ، تەنانەت ئەگەر نەگاتە ئەوپەڕەکەیشی، هەر بەشداری لە کردەی کوشتن و بڕیاردانی مردندا دەکا. دەشێ دەست بە جێبەجێکردنی نەکرێ، بەڵام کۆتا ئامانج لە توندوتیژی مراندنی ئەوی تر و دوورخستنەوە و سڕینەوە و لەناوبردنیەتی. هەموو توندوتیژییەك دەستدرێژییەکە بۆ سەر مرۆڤایەتیی مرۆڤێکی تر.
بێدەنگکردن لە بنەڕەتدا ئەنجامدانی توندوتیژییە، بێبەشکردنی مرۆڤ لە قسەکردن واتای پێشوەخت بێبەشکردنیەتی لە بوون. توندوتیژی واتای ئەزیەتدان، بەدکاری، ئێش پێگەیاندن و هەروەها واتای ئەشکەنجەدانە. شێوەکانی توندوتیژی و شێوەکانی مراندن زۆرن: لە زەبونکردن تا جەزرەبەدان، لە سووکایەتی پێکردن تا کوشتن. پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆڤ پێشوەخت لەناوبردنی ژیانیەتی. توندوتیژی هەروەها واتای بریندارکردنی خۆیەتی، چونکە یەکەم شت مرۆڤایەتیی ئەو کەسە بریندار دەکا و ئازاری پێدەگەیەنێ کە ئەنجامی دەدا و وردتر بڵێین دەیسڕێتەوە. توندوتیژی پێش هەموو شت ئەزیەتدانی مرۆڤ خۆیەتی. (ئەوە تاکە واتایە کە دەکرێ دەستەواژەی "خۆی ئەزیەت دا" هەڵی بگرێ، ئەوەیش شتێکی رەتکراوەیە کاتێ مرۆڤ خۆی ناچار بە سەرکوتکردنی ئارەزووەکانی بکا، چونکە پێویستە ئەو جڵەوکردنە بەبێ ئەنجامدانی هیچ توندوتیژییەك دژ بە خۆ بکرێ). رزگارکردنی مرۆڤایەتی لە توندوتیژی لە هەمان کاتدا رزگارکردنی توندوتیژەکان و توندوتیژی لەگەڵکراوەکانیشە لە توندوتیژییەکەیان، واتە رزگارکردنی ستەمکار و ستەمبارەکان پێکەوە، چونکە توندتیژەکانیش توندوتیژییەکەیان ستەمیان لێدەکا.
ئەو هەڵوێستە ستەمکارییانەیش کۆمەڵە مرۆڤێك لە هەلومەرجێکی بەیدەستی و ستەمکاریدا دەهێڵێتەوە، ئەوانیش کاری توندوتیژیی تایبەتن و پێیان دەوترێ کاری توندوتیژیی بنیاتی violences structurelles.
نابێ قسە لەسەر "توندوتیژی" بکرێ وەك ئەوەی خۆی شتێکی سەربەخۆیە لەنێو مرۆڤەکاندا و بەجۆرێ لە جۆرەکان "لە دەرەوەیانە"، وەك ئەوەی بە پاڵنەری خۆیی کار بکا. لەڕاستیدا توندوتیژی بوونی نییە و لەڕێگەی مرۆڤەوە نەبێ کار ناکا، مرۆڤ هەمیشە لە توندوتیژی بەرپرسە. راستە مردن لە هەموو جێیەکی سرووشت هەیە، بەڵام کوشتن تەنیا تایبەتی مرۆڤە، سرووشت وێران دەکا و دەکوژێ، بەڵام نازانێ چی دەکا و بەواتایەك لە واتاکان بێتاوانە لەو مردنەی دەیهێنێ. لەوانەیە بەردێك بەربێتەوە و کەسێك بکوژێ، بەڵام بەردەکە ئەوەی نەویستووە و لە نیازیدا نەبووە و ناشزانێ چی دەکا. کارەساتە سرووشتیەکان لەناوبەرن، بەڵام تاوانبار نین. دەکرێ باس لە هێزی وێرانکەری زەوی لەرزەیەك بکەین، بەڵام نەك لە "توندوتیژی"یە بکوژەکەی. شێر پڕ دەداتە مامزێك و دەیکوژێ، بەڵام ئەو لە کوشتنی بەرپرس نییە و تەنیا مرۆڤە —کە بە جۆری بیرکردنەوەی سەرپێچیی یاسای سرووشت دەکا– بە "توندوتیژ" وەسفی دەکا. تەنانەت ئاو کە یەکێك لە سەرچاوە

سەرەکیەکانی ژیانە و زۆربەی جار بۆ مرۆڤ بەکەڵکە، چ لە ئاسمانەوە بێ یان لە دەریاوە، دەکرێ مرۆڤ بکوژێ، بەڵام گەمژەییە وابزانرێ ئاو دەکرێ "خراپکار" و لەوێشەوە توندوتیژ بێ. ئاگریش بەهەمان شێوە.
هەربۆیە باس لە "توندوتیژیی سرووشت" ناکەین و واز لەو وڕێنەیە دێنین کە دەیەوێ جەخت لەوە بکا توندوتیژی لە مرۆڤدا هەیە وەك چۆن لە هەموو جێیەکی سرووشتدا هەیە. ئەم جۆرە داوەریکردنە ئەقڵییە هیچ ئاکامێکی لێ ناکەوێتەوە جگە لە بەسووك سەیرکردن و بەحەتمی کردنی توندوتیژی و لە حاڵەتێکی چەپەڵیدا دەکەینە ئەو بۆچوونەی کە "توندوتیژی یاسای سرووشتە" و بەوەیش دەبێتە قەدەرێکی سەپاو.
تەنیا مرۆڤە کە ئاژەڵێکی بکوژە، چونکە هەر ئەو بوونەوەرێکی ژیرە. هەر ئەوە هاوڕەگەزەکەی بەدەستی ئەنقەست دەکوژێ. توندوتیژی خەسڵەتێکی تایبەتە تەنیا بە ویستی مرۆڤ: تەنیا مرۆڤە بە ویستی خۆی دەکوژێ، هەر ئەوە توانای شاردنەوەی ئامانجی کوشتنی بەئەنقەستی هەیە. زیاد لەوەیش مرۆڤ تاکە جۆری ئاژەڵە کە ئەندامەکانی سڵ ناکەنەوە لەوەی دەست بدەنە قەتلوعامی بەکۆمەڵی یەکتر.
کاتێ مرۆڤی هۆشیار لە توندوتیژییەك ورد ەبێتەوە کە تووشی بووە، هەست دەکات ئەو توندوتیژییە بێپاساوە. کارە توندوتیژییەکان هەن بەڵام مرۆڤی چاوکراوە بە مکوڕییەوە جەخت لەوە دەکا کە نابێ بن، تەنانەت پێش ئەوەیش کە بزانێ دەبێ لەجێی ئەوان چی هەبێ. ئەم کارانە بە شێوەیەك ئەنجام دەدرێن کە پێوەرە ئەخلاقییە ئاراکان بە گشتی پێشێل دەکەن، توندوتیژی هەستیاریی مرۆڤ لێڵ دەکا، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت دژییەکیەکی ریشەدارتری تێدایە کە کەمتر بواری چارەسەری هەیە. ئەو کارانە شایەتی لێکدابڕانێکی یەکجارەکی نێوان ئەرکە ڕۆحیەکانی مرۆڤ و داڕوخانی جیهانن.
هەستکردنی مرۆڤ بەبێ پاساویی ئەو خراپکارییانەی مرۆڤایەتیی مرۆڤەکەی تر بریندار دەکا، هەر ئائەوەیە کە حەقیقەت و هێزی ئەرکە ڕۆحییەکانی بۆ ئاشکرا دەکا. ناسینی توندوتیژی واتای داننانە پێیدا وەك تاوانێکی دژی مرۆڤایەتی، ناسینی توندوتیژی تەنیا بۆ خۆلێلادانی نییە، بگرە واتای رق لێ بوونیشیەتی.
مرۆڤی دانا بڕیار دەدا هاوپەیمانی لەگەڵ توندوتیژی نەکا کە روومەتی مرۆڤەکەی تر دەشێوێنێ، کە سەرەتا بە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو پاساوە دەست پێدەکا کە لافی ڕەوابوونی لێدەدەن. ئەم "نا"یەی ئەقڵ "نا"ی ویژدان و دڵە کە مرۆڤ لە ڕێیانەوە رووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە، بناغەی بژارەی ناتوندوتیژی دادەمەزرێنێ کە پێداگری لەسەر دەکا.
ئەوەی لە توندوتیژی دزێوتر و ڕەتکراوەترە شەرعییەت پێدانییەتی. ئایدیۆلۆژیای توندوتیژی بە ئەندازەی ئەوەی پێش لە هەموو شت بایەخ بەوە دەدا توندوتیژی بکاتە مافێکی سروشتیی مرۆڤ، نەهامەتییەکانی مرۆڤی قوربانی توندوتیژی و سووکایەتی کردن بە مرۆڤایەتییەکەی لەبەرچاو ناگرێ. ئەگەر پێویست بێ ئەو هەموو کۆشش و زەحمەتە بکەین بۆ ئەوەی پاساو بە توندوتیژی بدەین ئەوە لەبەر ئەوەیە پاساو هەڵناگرێ، چونکە کەس بیر لە پێویستیی پاساودانی باشکاری ناکاتەوە.
ئەگەر ئەو دوژمنکاری و هێزەی لە ململانەدا بەکار دێن ڕێگە بۆ چارەسەری کێشەکە خۆش دەکەن، ئەوا توندوتیژی بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی تێکچوونی کێشەکە. توندوتیژی ڕێڕەوی ململانەکە پەك دەخا و بوار نادا لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی خۆی، کە چەسپاندنی پێوەندیگەلێکی دادپەروەرانەیە لەنێوان دژبەراندا، بەردەوام بێ. سەرەنجام، توندوتیژی چارەسەر نییە، بەڵکو کێشەیە. بەڵام خەمی سووککردنی نەهامەتیەکانی ئەوانی تر و بەپێی توانا ڕاگرتنیان، لەوانەیە پێویست بکا لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراودا بەئەسپایی و بەوردی و دیاریکراوی ئامرازەکانی توندوتیژی "وەك سووکترین دوو خراپە" بەکار بێن. بەڵام ئەمە توندوتیژی ناکاتە شتێکی باش، چونکە زەرورەت یەکسان نییە بە شەرعیەت.
نابێ توندوتیژی وەك دەربڕی جۆرە حەتمیەتێك سەیر نەکرێ، ئەگەر وا ڕێك کەوت مرۆڤەکان بۆ بەرگریکردن لە ڕژێمی ئارا کاتێ دەستەبەری ئازادی دەکا، یان بۆ بەگژاچوونەوەی ئەو پشێویەی لەئارادایە کاتێ ئەو دۆخە درێژە بە تاکڕەوی و

ستەمکاری دەدا، جار دوای جار پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، لەبەرئەوە بووە هەستیان کردووە هیچ ئامرازێکی تریان لەبەردەستدا نییە.
لەبارێکیشدا توندوتیژی بۆ کاریگەربوونی کارەکە بەپێویست بزانرێ، ئەوا ئەرکی ئەخلاقی کە دژایەتیی توندوتیژی دەکا، بەختی تەواوی دەبێ لەوەی پەراوێز بخرێ. لێرەوە نابێ توندوتیژی تەنیا سەرکۆنە بکرێ، بگرە دەبێ جێگرەوەیشی بۆ دابنرێ، بۆیە پێویستە بەدوای "هاوتایەکی وەزیفی" بۆ توندوتیژی بگەڕێین. ئەرکی ئەخلاقیش لێرەدا دەچێتە پاڵ واقیعیەتی سیاسی بۆ گەڕان بەدوای ئامرازگەلێك بۆ چارەسەرکردنی کێشە دەستەویەخەکانی مرۆڤایەتی، بەشێوەیەکی مرۆییانە و دوور لە ئامرازەکانی توندوتیژیی وێرانکەر و بکوژ. گڕبەریی راستەقینەی ناتوندوتیژیش ئالێرەدایە.

*** راستی**
*** سیاسەت**
*** زەرورەت**
*** کارایی**
*** فەلسەفە**
*** ناتوندوتیژی**

# جیهانگەرایی

ئەو توندوتیژییەی ئازادیی مرۆڤ سەرکوت دەکا و کەرامەتی بریندار دەکا سیاسی یان پۆلیسی یان سەربازی نییە بەتەنیا، لەوانەیە ئابووریش بێ. ستەمی سیستمی ئابووریی جیهانی و لێرەشەوە توندوتیژییەکەی، زۆر بەڕوونی دەردەکەوێ کاتێ هەژاریی نووتەکی هەندێ خەڵك لەگەڵ دەوڵەمەندیی بێئەندازەی هەندێکی تر بەراورد دەکەین.

گەڵاڵەبوونی جیهانگەرایی ئابووری شتێکی نوێ نییە، لە دێرزەمانەوە مرۆڤ هەوڵی داوە ئاڵوویر لەگەڵ خەڵکی تردا بکا، سەرەتا لەگەڵ نێزیکەکان و ئەنجا لەگەڵ دوورەکان، هەندێکیشیان برەویان بەو بیرۆکەیە داوە کە رێکخستنی بازرگانی وا دەکا پشت بکرێتە جەنگ و لە ژیانی نێودەوڵەتیدا ئاشتی بچەسپێ، چونکە دەشێ بازرگانی وا بکا خەڵك بێنیاز بن لە بەرپاکردنی جەنگ و ئەوانی تریش کە لەو دۆخەدا دەبنە شەریك، چی تر دژبەرمان نابن. بەڵام دەرکەوت ئومێدێکی لەم جۆرە زۆربەی خەیاڵپڵاوییە. ئەوەی لە چالاکییە ئابوورییەکاندا گرەوی لەسەر دەکرێ بەرژەوەندییە تایبەتەکانە، ئەوەیش بەحەتمی لەنێو خۆیدا ناکۆکە، زۆربەی جار بازرگانی کێشەی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەت کاتێ هەر لایەك هەوڵ دەدا بەرگری لە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی بکا و کەس گوێ بە دادپەروەری نادا. زیاد لەوەیش، چالاکییەکانی بازرگانی چەندە پێویستیش بن هەر بە نامۆیی بەو بەهایانە دەمێننەوە کە واتایەك بە ژیان دەبەخشن. شارستانێتییەك لە بنچینەدا لەسەر بازرگانی دامەزرابێ، بەدڵنیاییەوە واتا پاشەکشە پێ دەکا و ئاکامی ئەوەیش داڕوخانە.

لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوە جیهانگەرایی نییە کە خۆی لەخۆیدا پێویستە تۆمەتبار و سەرکۆنە بکرێ. بۆیە گرینگە بزاڤی بەرەنگاریکردنی خراپییەکانی جیهانگەرایی تەنیا لە رەتکردنەوەیدا قەتیس نەکرێ، بگرە پێویستە جیهانگەراییەکی "جێگرەوە" alter-mondialisation بخرێتە روو. بەڵگەنەویستیشە وەڵامدانەوەی ئەو کێشانەی جیهانگەرایی دروستیان دەکا هەر لەنێو خودی جیهانگەراییدایە. لە رووی نموونەییەوە، دەشێ ئەمڕۆ جیهانگەرایی هەلێك پێشکێشی مرۆڤایەتی بکا بۆ ئەوەی خۆی رێك بخات بەمەبەستی لێك نێزیککردنەوەی مرۆڤ و گەل و نەتەوەکان و خڕکردنەوەیان.

داڕشتنی دەربڕینی رەوانبێژانە و بەهێز بۆ ستایشکردنی جیهانگەرایی و نیشاندانی ئەوەی گەشەسەندنی وڵاتە دەوڵەمەندەکان دەبێ گەشەی وڵاتە هەژارەکانیش ئاسان بکا تارادەیەك کارێکی ئاسانە، بەڵام کێشەکە لەوەوە دێ سیاسەتی جیهانگەرایی لەگەڵ ئەو رەوانبێژییەی ستایشی دەکا رێك نایەتەوە. پێویستە ئەو وەهمەمان پەسەند بێ کە گەشبینیی لیبرالی بانگەشەی بۆ دەکا، تا باوەڕ بەوە بکەین نەمانی بەربەستە گومرگیەکان دەتوانێ چارەنووسی هەژاران باش بکا! کۆستەکە لەوەدایە هیچ لەمانە راست نییە. جگە لە هەموو ئەو گوتارانەی بەرگری لە جیهانگەرایی "خاوەن سیمای مرۆڤانە" دەکەن –کە ئەوە گەڵاڵەیەکە کۆدەنگی لەسەر– و ستایشی ئەرێنییە شاراوەکانی دەکەن، ئەوا لەڕاستیدا سیستمی ئابووریی جیهانی، لەقووڵاییدا نادادپەروەر و بێ ویژدان و ستەمکار و لێرەشەوە ناپەسەندە.

ئەمڕۆ جووڵەی ئابووریی جیهانگەرایی، رێبازی لیبرالیی نوێ ئاراستەی دەکا کە داوای ئازادکردنی بازرگانیی نێودەوڵەتی و سووککردنی ئەو یاسایانەی بەسەریدا سەپاون و تایبەتاندنی تا ئەوپەڕی پلە، دەکا. کۆمپانیا فرە رەگەزەکان داوا دەکەن مافیان هەبێ ئاڵوێرە بازرگانی و داراییەکان لە بازاڕی جیهاندا بە کەیفی خۆیان رێك بخەن، بۆ ئەوەیش داوای ئازادیی جووڵەی کاڵا و وەبەرهێنان و سەرمایەکان دەکەن. ئەو رێکەوتنە نێودەوڵەتییە جۆراوجۆرانەی تایبەت بە ئاڵوویری ئازاد کە گرینگترین سەرکردە سیاسییەکان لەسەریان رازی بوون، لەڕاستیدا ئامانج لێیان رەواییدانە بە سەرمافەکانی گرووپە پیشەسازییەکان –هەر بەڕاستیش دەبنە مایەی ئەو شەرعیەت پێدانە– ئەویش بە رێگەپێدانیان بە وەبەرهێنانی ئازاد لەکوێ بیانەوێ، بە بەرهەمهێنانی هەرچی دەیانەوێ و کڕین و فرۆشتن لە هەرکوێ و بە هەر کێ بیانەوێ. هاوگۆیانی سەرکردە ئابوورییەکان هاووڵاتیان نین، بگرە خاوەن پشکەکانن، چونکە ئەوانە سەرمایەکانیان وەبەر هێناوە تەنیا بەئامانجی ئەوەی قازانج بکەن و داوای داهاتی وەبەرهێنانەکەیان دەکەن.

کۆمپانیا فره ڕەگەزەکان کە جڵەوی ئابووریی جیهانیاند لەدەستدایە لەسەر حسابی هاووڵاتیان و گەلان و حکوومەتەکان، دەستیان بەسەر ناوەندەکانی بڕیار و دەسەڵاتدا گرتووە.

جیهانگەرایی لیبرالیی نوێ هەوڵ دەدەن دەسەڵاتی ڕێکخەری دەوڵەت–نەتەوەکان لە بواری ئابووریدا لەنێو ببا، بەوەیش دیموکراسیی بەخشکەیی ڕۆ دەچێ، چونکە دەسەڵاتی سیاسی، لەڕێی پرۆسەی جیهانگەرایی لیبرالیی نوێ و خێراکردنیەوە، دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت–نەتەوەکان کەنار دەخا و هەوڵ دەدا هەڵی بوەشێنێتەوە و خۆی لەجێی دابنیشێ. هەروەك بازاڕە داراییەکان هەوڵ دەدەن خۆ بکوتنە نێو کایە سیاسییەکە: لیبرالیەتی نوێ دەیەوێ "هەمەگیریی ئابووری" بسەپێنێ و بەو پێیە هەر تاکێك –بەپێی لۆجیکی ئەو– دەبێتە ئامرازێك کە یاسای بازاڕ نرخەکەی دیاری دەکا، بەوەیش تاك کتومت دەبێتە کالایەك، چونکە سیستمی ئابووری گوێ بە دادپەروەری نادا، بگرە تەنیا گوێ بە دەسکەوت دەدا، بەڵام نابێ داهاتی ئابووری بکرێتە پێوەری یەکلاکەرەوە بۆ بژارەکانی کۆمەڵگەیەك کە ژیانی مرۆڤەکانی لەسەر وەستاوە. لەبەرئەوە گژبەریی ڕاستەقینە لەبەرامبەر جووڵەی ئەمڕۆی جیهانگەرایی ئەوەیە کاروباری ئابووری هەریەك لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکاتە شوێنکەوتەی خۆی، چ لەسەر ئاستی ناوخۆ بێ یان نیشتمانی یان نێودەوڵەتی.

دەبێ دان بەوەیشدا بنرێ کە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتانی پیشەسازی زیاتر بەرژەوەندییە ئابووریەکانیان دیاری دەکا تا خواستەکانی هاوخەمیی نێودەوڵەتی بەرامبەر گەلانی ناوچەیی، قوربانییانی ئەو ڕژێمانەی سووکایەتی بە مافەکانی مرۆڤ دەکەن. لەو ڕوانگەوە پێویستە بەجیهانیکردنی دەوڵەتی یاسا کاری لەپێشینەی هەموو دیموکراتخوازەکان بێ، کە ناخۆشبەختانە ئەوەی دەگوزەرێ ئەمە نییە، چونکە جیهانگەرایی لیبرالیی نوێ بەتەواوی ویستی ڕژێمە تۆتالیتارییەکان لەبەرچاو دەگرێ: بۆ ئەوەی دەوڵەتانی دیموکراسی بتوانن گرێبەستی بازرگانی ئیمزا بکەن، دەبینی ئامادەن چاوپۆشی لەو پێشێلکردنەکانی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە بکەن.

سەروەریی گەل لەڕووی سیاسی و هەروەها لەڕووی ئابوورییەوە پێوەندیی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە: کاتێ لاوازی ڕوو دەکاتە یەکێکیان ئەوی تریشیان مەترسیی هەرەسهێنانی ڕاستەقینەی دەکەوێتە سەر. بەمەیش ئەنجامی حەتمیی جیهانگەرایی لیبرالیی نوێ بەرتەسککردنەوەی سەربەخۆیی چەندان وڵاتە لە سەروکاریکردنی ئابوورییەکەیاندا، بەشێوەیەك ئەو وڵاتانە بەتایبەت دەکەونە ژێر باری شوێنکەوتەییەکی خۆراکی بە لەدەستدانی دەسەڵاتیان بەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییان. ئەوەی مێشکی وەبەرهێنەکانی سەرقاڵ کردووە هەڵوەشاندنەوەی زۆرترین کۆت و بەندە لەسەر یاساکانی کار، ئەوەیش زیانی گەورە بە سیاسەتەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ چ لە وڵاتانی هەژار و چ لە وڵاتانی دەوڵەمەند. زیاد لەمەیش کاتێ چالاکییە ئابوورییەکان لە هەر یاسابەندییەك قوتار دەبن، ئەوا زیان بە ژینگە دەگەیەنن: ئاو و خاك و دارستان و هەموو سەرچاوە سرووشتیەکان بەکار دێنن و دەقۆزنەوە بەبێ هیچ گوێدانێك بە ڕێزگرتنی هاوسەنگییە سرووشتیەکان.

یەکێك لە سەرکێشییەکانی جیهانگەرایی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سیاسیی ڕێکخەرە کە بتوانێ دەرفەت بۆ دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی دەسکەوتەکانی ئابووریی جیهانی لەنێوان وڵاتە دەوڵەمەند و هەژارەکاندا بڕەخسێنێ، بگرە تەنانەت لەنێوان دەوڵەمەند و هەژارەکانی ناو هەر وڵاتێکیش. بەڵام ئەوە زیاتر قسەیەکی بریق و باقە، چونکە ئەوەی گرینگە ڕێکخستنێکی بەرچاوی ئەو دابەشکردنەیە، لێرەدا پێویستە هاووڵاتیان دەسەڵاتی خۆیان بەکار بێنن تا، لەڕێی بەرەنگاریکردنی جۆراوجۆری مەدەنییەوە، بەئاشکرا بە سەرکردە سیاسیەکان ڕابگەیەنن کە عەزمیان جەزمە شان بەشان کار بکەن تا ڕێ لەوە بگرن هەندێکیان هەموو سوودەکانی جیهانگەرایی بۆ خۆیان ببەن، بەڵکو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بۆ کەڵکی گشتی دابەش بکرێ.

بۆ ڕێکخستنی ئەو بەرەنگارییە هەڵبژاردنی ئامرازەکان بەپلەی دووەم دێ، بەڵام لاوەکی نییە. دەبێ لەنێوان توندوتیژی و ناتوندوتیژیدا یەکێك بێتە هەڵبژاردن، چونکە شتێکی ناواقیعییە گومان ببرێ مادەم ئامانجەکان بەڕوونی دیاریکراون دەکرێ هاوڕێکییان لەنێواندا بکرێ. لەڕاستیدا ئەوانەی بەپێویستی دەزانن پەنا بۆ توندوتیژی ببرێ ئەخلاق و وریایی سیاسییان لاوازە، چونکە پەنابردن بۆ توندوتیژی جگە لە دزێوکردنی کۆی بزاڤەکە لای رای گشتی –کە پێویستە قایلی بکەین پاڵپشتمان بێ– هیچی لێ ناکەوێتەوە. دەسەڵاتدارانیش کات بەفیڕۆ نادەن لە قۆستنەوەی ئەو توندوتیژییە وەك پاساو بۆ پشتگوێخستنی داواکارییەکان.

جگە لەمەیش هاووڵاتییان، بەپشت بەستن بەو دەسەڵاتەی هەیانە وەك بەکاربەری کاڵاکان، دەتوانن ئەخلاق ئاوێزانی ئابووری بکەن، بەوەیش گەشەکردنێکی بەردەوام و هاوئاهەنگ ئاسان بکەن، بەوەی پێشوەخت شوێنی کڕینی شتومەکی خۆیان دیاری بکەن و بڕیار بدەن پاڵپشتی لەم کۆمپانیایە بکەن و بایکۆتی ئەوی تر بکەن (هەروەك پێویستە جیاوازیکردنەکە ئەرێنی بێ نەك نەرێنی، بۆ ئەوەی پەسنی ئەو بەرهەمانە بکەن کە لە رووی ئەخلاقییەوە ساغ و دروستن)، بەوەیش دەشێ بەجیهانیکردنی بەرەنگاریکردنەکانی هاووڵاتیان، ئومێدی ئەوە ببوژێنێتەوە کە سەرلەنوێ واتایەك بە ئایندەی جیهان ببەخشێ.

# کارایی

بۆ ئەوەی ئەو ئامرازانەی لە کارێکی تایبەتدا بەکار دێن ئەو ئامانجە بێننە دی کە کاری بۆ دەکرێ، تەنیا ئەوە بەس نییە ئەو ئامرازانە ناتوندوتیژانە بن، بگرە پێویستە کاریگەریش بن. بەڵام ئاخۆ کارایی خۆی چییە و "کاریگەر" لە کاراییدا چییە؟ ئەگەر کارایی پێوەری بەهای کارکردن بێ، ئەی پێوەری کارایی چییە؟ چەندان سەدەیە ئێمە کاتێ پێویست بێ لەنێو مێژوودا کار بکەین، وا دەقمان گرتووە، کە کاریگەربوون بەتایبەت بە بەرهەمی توندوتیژی بزانین. بابەتەکە گەیشتووەتە رادەیەک —لە هۆشیاریەکی فرە تا کەمەوە— کە هێزی کاریگەربوون و کاریگەریی توندوتیژی بەیەک بزانین. لەگەڵ ئەوەیشدا توندوتیژی چەندان جار دەستەپاچەیی خۆی دەرخستووە لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی مرۆییانە بۆ کێشەکانی مرۆڤایەتی. زیاد لەوەیش، ئەزموونی چەندان ململانە کاریگەریی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانەی دەرخستووە لە رەخساندنی بوار بۆ مرۆڤ و گەلان بۆ گێڕانەوەی کەرامەت و ئازادییان. بەدڵنیاییەوە ئەو کاریگەرییە هەمیشە مەرجدار و نامسۆگەر و سنووردار و رێژەییە و شکستیش هەردەم لەپێدایە، بەڵام کاری ناتوندوتیژانە یارمەتیی مرۆڤ دەدا هەڵوێستێکی بەهێز و بەرپرسانە لەبەرامبەر توندوتیژیی مرۆڤەکانی تر بگرێتە بەر.

رەنگە ئەوەی بەناوی واقیعیوونەوە لافی ئەو لێدەدا "کارایی" پێوەری یەکلاکەرەوەی بەهای کارەکانی مرۆڤە، جۆرێک بێ لە تێکوپێکدانی خودی بنەماکانی ئەخلاق، چونکە لە لێژگاییەکی لەو جۆرەدا، هەر هێندە وا بێتە پێش چاو کە توندوتیژی تاکە ئامرازە بتوانێ کاریگەریی کارەکە مسۆگەر بکا، هەر زوو دۆخەکە وا زوو تێک دەچێ کە جەخت لە شەرعیەتی ئەخلاقیی توندوتیژی بکا. ئایدیۆلۆجیاکان بەناوی —گوایە— "واقیعیەتی سیاسی" جەخت لەوە دەکەن بۆ کارکردن لە مێژوودا تەنیا توندوتیژی کاریگەرە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەزموون دەریدەخا کە ئەگەر بکرێ مرۆڤ بەدوای بەدەستهێنانی کاریگەریدا بەهەر نرخێک بێ، خۆ لە هەموو ئەخلاقێک نەبان بکا، ئەوا ئەگەری رووداني هەموو لادانێک دەکرێ: ئایدیۆلۆجیاکانی کاریگەری، هەمیشە و لە هەموو جێیەک، پاساویان بە هەموو شێوەکانی هەڵەشەیی داوە. عەودالبوون بەدوای کاریگەربووندا بەهەر نرخێک بێ، بەتەواوی پشت لە واقیعیەت دەکا، چونکە ئەوکاتە کارەکە دەبێتە دیلی لۆجیکێکی کوشندە و دەستەپاچە لەئاست دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسییانە بۆ کێشەکان.

بۆ قەناعەتکردن بە خەڵک تا واز لە توندوتیژی بێنن، ئەوە بەس نییە کە وا نیشان بدرێ رەنگە ناتوندوتیژی کاریگەر بێ، چونکە زۆربەی جار توندوتیژی هەر لەبەر خۆی دێتە هەڵبژاردن نەک لەبەرئەوەی ئامرازێکی کاریگەرە. ئەوەی لە توندوتیژیدا جێی سەرسامیی خەڵکە توندوتیژی خۆیەتی، چونکە توندوتیژی دەسەڵاتێکی ترسناکی هەڵفریواندنی بەسەر تاکدا هەیە، نەخاسمە کاتێ توندوتیژییەکە بەکۆمەڵ بێ و مەبەست خزمەتکردن بێ بە پرسێکی رەوا. بۆیە دەگمەن نییە خەڵک توندوتیژی هەڵبژێرن نەک لەبەرئەوەی کاریگەرە، بگرە وێڕای ناکاریگەربوونیشی هەر هەڵی بژێرن.

بەبێهوودە نموونە خڕ دەکەینەوە لەسەر کاریگەریی کاری ناتوندوتیژانە، چونکە ئەوە بەس نییە بۆ روونکردنەوەی راستیی ناتوندوتیژ— چونکە ئەو راستییە لە پایەیەکی تردایە. بۆ ئەوەی وا لە مرۆڤ بکرێ توندوتیژ نەبن، پێویستە لەسەریان بڕیار بدەن ناتوندوتیژی هەڵبژێرن— ئەم هەڵبژاردنە وجودییەیش جەوهەرێکی رۆحی هەیە. هەروەک پێویستە لەسەریان لەهەمان کاتدا ئایدیۆلۆجیای توندوتیژی لەبەریەک هەڵوەشێنن، کە چەکدارکردنی هەست و ویست و ئەقڵیان پشتئەستوور دەکا.

هەر کارێک "جموجووڵ"ێکی نوێ لە چوارچێوەی تۆڕێک لە پێوەندیی مرۆڤانەدا دەست پێدەکا. کاریگەریی کارێکی دیاریکراو تەنیا کردەوەیەک قۆرخی ناکا، بگرە لە چواردەورە مرۆییەکەدا کە دەستی تێ وەردەدا بڵاو دەبێتەوە و پەرچیش دەبێتەوە بەرووی‌دا. هەر کردارێک چەندان کاردانەوە لەسەر کەسانی تر دەوروژێنێ و کارلێکێکی زنجیرەیی دەخاتە گەڕ. ئەو جموجووڵە زۆرجار لە جڵەوی دەست پێکارەکەی دەردەچێ. ئاکامەکانی کار و ئاکامەکانی ئاکامەکان هەیە، هەروەها ئاکامەکانی ئاکامەکانی ئاکەمەکان و بەم شێوەیە دەڕوا تا بێکۆتا... زۆر ئاستەمە بکەر بتوانێ پێشبینیی ئاکامی کارەکەی بکا، چونکە

لەڕاستیدا پێشوەخت کاریگەریی ڕەفتارەکەی نازانیٚ. ئەو کاریگەرییە تەنیا لەو ئەنجامەدا کورت نابێتەوە کە ڕاستەوخۆ بەدەستی دێنیٚ، چونکە لە مەودای دووردا نەبیٚ ناتوانریٚ مەزەندەی ئەو کاریگەرییە بکریٚ. هەر کارێك کاریگەرییەکی "درم"ی هەیە کە لەگەڵ کاتدا پێچەوانە دەبێتەوە. دڵەخورپەیش لەبارەی ئەنجامەکانی کارەکە، بکەرەکە ناچار دەکا هەمیشە لەئاست توندوتیژیدا بەوریایی مامەڵە بکا. ئەو جموجووڵەی کاری توندوتیژی دروستی دەکا زۆر سەرکێشی دەکا، بەوەی کە دەبێتە مایەی کاردانەوەی یەکسان لەلایەن ئەوانی ترەوە و بەوەیش ئاسەواری وێرانکەری توندوتیژی لە گێژاوێکی بێکوتادا درێژ دەکاتەوە. یەقینی تەواومان هەن ئامرازەکانی توندوتیژی دوورن لە دادپەروەری، لەکاتێکدا گەورەترین گومانمان هەیە لە نێزیککردنەوەمان لەو ئامانجە دادپەروەرانەیەی کە هانمان دەدا بۆ بەدیهێنانیان ئەو ئامرازانە بگرینەبەر. پێشبینی نەکرانی ئاکامەکانی کارێکە لە بەرژەوەندیی ناتوندوتیژیدایە.

لەوانەیە هەڵەیەکی مەنهەجی بیٚ بەپێی ئەو پێوەرانەی کاریگەریی توندوتیژییان پیٚ مەزەندە دەکەین، بڕیار لەبارەی کاریگەریی ناتوندوتیژیش بدەین. پێویستە خۆ بەتەواوی لە چەمکی رووت ئامرازییانە و رووت ئامێری و تەکنیکییانە و بەکورتی چەمکە ماددییەکەی "کاریگەری" دابڕین. حوکمدان لەبارەی کاریگەریی کارێك پێویستە بەپێی رادەی کارتێکردنی بیٚ لەسەر پێوەندیی ویژدانەکان نەك تەنیا بەپێی کارتێکردنی لە پێوەندیی هێزەکان. پێوەرێکی جەوهەری هەیە بۆ کارایی کارێکی دیاریکراو، ئەویش رادەی کەڵك و زیانیەتی بۆ ویژدانەکانی تر. پێویستە چاوەڕوانی ئەوە بکەین کردارەکانمان کار لە جموجوڵی ویژدانی ئەوانی تریش بکا. دڵنیابوون لەوەی دژبەرەکەمان پێش ئەوەی دوژمن بیٚ مرۆڤێکە، لە جەرگەی بژارەی ناتوندوتیژیدایە. ئەرکی رێزگرتنی مرۆڤبوونی دژبەریش دەخوازیٚ ویژدانی بریندار نەکریٚ و زەبوون نەکریٚ، بگرە زیاد لەوە، دەخوازیٚ ویژدانی بێدار بکرێتەوە.

لەوانەیە کاری ناتوندوتیژانە لە رێنیشاندان یان ناچارکردنی دژبەردا شکست بێنیٚ، لەوکاتەدا دەبیٚ لەو سات و هەلومەرجەدا دان بە کاریگەرنەبوونیدا بنریٚ، بەڵام شکستی کاری ناتوندوتیژانە لە مەودای کورتدا واتاکەی لیٚ ناسەنێتەوە. بەهای ناتوندوتیژی لە جەوهەردا ئەو بەهایەیە کە لە روانگەی خواستی ئەخلاقییەوە پێی دەدریٚ، بەهاکەی لە خۆیدایە نەك لە کاریگەرییە هەنوکەییەکەیدا، چونکە ئەو تۆو بۆ ئایندە دەچێنیٚ. ئەگەر ئامانجی مرۆڤیش ئەوە بیٚ واتایەك بە بوون و مێژووی خۆی بدا، ئەوا کاری کاریگەر ئەو کارەیە دەرفەتی بەدیهێنانی ئەو واتایەی بۆ دەڕەخسێنیٚ. کاریگەریی یەکەمی ناتوندوتیژی ئەوەیە واتایەك بە کاری مرۆڤ بدریٚ.

بەڵام ناتوندوتیژی هەروەك دژە توندوتیژی لەتوانایدا نییە هەموو خراپەیەك، "خراپە هەمووی" لەڕیشە بێنیٚ. ئەوە خەیاڵپڵاوییە چاوەڕوان بکەین ناتوندوتیژی مەرگەساتی مردنی حەتمیی مرۆڤ بسڕێتەوە. لە هەموو هەڵوێستێکی کێشەئامێزدا "بەشێك" لە توندوتیژی هەیە کە لە توانای ناتوندوتیژیدا نییە چارەسەری بکا. بەڵام کاتیٚ ناتوندوتیژی دەگاتە سنوورەکانی، ئایدیۆلۆجیاکانی توندوتیژی هەڵەیەکی گەورە دەکەن کە پۆز بە سەرکەوتنەوەوە لیٚ دەدەن و جەخت لەوە دەکەن چارە هەر لای ئەوانە ! چونکە لەکاتێکدا ناتوندوتیژی نەیتوانیبیٚ خراپە لەنێو ببا، ئەوە دژە توندوتیژیش لەو رووەوە بەختی باشتر نابیٚ بۆ سەرکەوتن. کاریگەرنەبوونی ناتوندوتیژی بەڵگە نییە لەسەر کاریگەریی توندوتیژی. بەڵام کاتیٚ وا دێتە پێش چاو کە هەموو بەرەنگارییەکی ناتوندوتیژانە بە شکست کۆتای دیٚ، ئەگەر وا دیار بوو پەنابردنی سنووردار بۆ ئامرازە توندوتیژەکان بۆ دوورخستنەوەی کۆمەڵیٚ چەکدار کە هەڕەشە لە خەڵکی تر دەکەن کاریگەرە، ئەوا دەشیٚ بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە –وەك سووکترینی دوو خراپە– پێویست بکا.

*** زەرورەت**

***ئامرازەکان**

# قسەخۆشی

وشەی قسەخۆشی یاخود خۆش مەشرەبی humour لە فرەنسیدا لە "خولك" یان "میزاج" humeur ەوە هاتووە و بنچینەکەی وشەی humorی لاتینییە کە ئاماژەیە بۆ توخمێکی شل. کەواتە "خولك" یان "میزاج" یەکەم جار ئاماژە بووە بۆ شلەیەکی ئەندامی لە شلەکانی جەستەی مرۆڤ، ئەنجا وای لێهات ئاماژە بێ بۆ خولك، چونکە خەڵك لە کۆندا خولك (میزاج)ی مرۆڤیان دەدایە پاڵ تێکەڵکردنی ئەو "تێکەڵ" یان "خولك"انە (کە سەرەکیەکانیان چوارن: خوێن و زەرداو و رەشاو و بەڵغەم). لەوێشەوە خولك دوو بەکارهێنانی هەبوو: جارێکیان ئاماژەیە بۆ "حەزکردن لە شۆخیکردن و گاڵتەوگەپ" (خولکی باش) و جارێکیش بۆ "حەزکردن لە بێزاری و تووڕەبوون" (خولکی خراپ). وشەی humourی ئینگلیزی واتای یەکەمی ئەم دووانەی لە زمانی فرەنسی وەرگرتووە، دواتریش گەڕاوەتەوە و بەو واتایە چووەتەوە نێو زمانی فرەنسیش.
دانایی گەلان دەڵێ "واباشە بۆمان لەکاتی کۆست و بەڵادا پێ بکەنین تا ئەوەی بگرین"، ئەم قسەیش راستە. گرتنەبەری هەڵوێستی قسەخۆشی بەرامبەر رووداوەکان واتای ئەوەیە خۆی لە هەڵوێستێکدا ببینێتەوە کە هەموو شتێك تێیدا ئامادەیە بۆ تووڕەبوون، ئەویش رێڕەوی سرووشتیی شتەکان پێچەوانە بکاتەوە بەوەی بڕیار بدا پەنا بۆ شۆخیکردن (سوعبەتکردن) ببا، چونکە شۆخیکردن رێگەیەکە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کۆستەکانی ژیان، رێگەیەکە بۆ بەرگری لەخۆ کردن دژ بە ناخۆشی، بەوەیش قسەخۆشی بەدرۆخستنەوەی واقیعە و بەوەیش دەبێتە ورەبەرزییەك.
لەبەردەم بارودۆخەکاندا واچاوەڕوان دەکرێ مرۆڤی خۆش مەشرەب خولکی خراپ بێ، بەڵام ئەو بڕیار دەدا خولکی باش بێ، چونکە لە رووبەڕووبوونەوەی سەختیەکانی ژیاندا مکوڕ دەبێ لەسەر ئەوەی رەشبین نەبێ و بەسەر خوێنی رەشیدا زاڵ نەبێ، بەپێچەوانەوە پارێزگاری لە خوێنساردیی خۆی (ورەبەرزی) بکا و بەڵغەمەکەی (هێمنییەکەی) لەدەست نەدا و بە دامەزراوی بەرگەی پێشهاتەکانی رۆژگار بگرێ.
قسەخۆشی سەیرکردنی بەخەندەیە بۆ خود و ئەوانی تر و جیهان. هەربۆیە لە رووی مەجازەوە نییە کە بە مرۆڤی رووخۆش دەگوترێ "رۆحانی" spiritual چونکە قسەخۆشی فەزیلەتە. سەرکۆنەکردنی کەسێك لەسەر ئەوەی هەستی گاڵتەچێتی نییە بەباشی ئەوە روون دەکاتەوە کە رووتاڵی ناتەواوییە.
دەم بەخەندەیی لەکاتێکدا یارمەتیی مرۆڤ دەدا تا پەستی و ترس و رق و تووڕەیی لەخۆی دوور بخاتەوە، توانای ئەوەیشی دەداتێ خۆی لە کینە و توندوتیژی بپارێزێ. جگە لەوەیش زمان شیرینی توانایەکی گەورەی هەیە بۆ کارتێکردن و قایلکردن، چونکە بینەر یان بیسەر کە بابای قسەخۆش دەبینێ و گوێی لێدەگرێ هەست دەکا ئامادەیی تێدایە بۆ شوێنکەوتنی و بە خۆشحاڵییەوە بەدەم بانگەوازەکەیەوە بچێ، تا ئەویش لەو رۆح سووکییەی بەهرەمەند بێ.
هەروەها مرۆڤ دەتوانێ نەك تەنیا لەسەر خۆی، بگرە لەسەر کەسانیتریش قسەی خۆش بکا، ئەگەر قسەخۆشی سۆز و نەرمی بێ، ئەوا کەسانی تریش دەتوانن بەخۆیان پێ بکەنن. بەڵام ئەگەر بوو بە گاڵتەپێکردن، ئەوا مەترسی ئەوە هەیە بەهیچ شێوەیەك پێنەکەنن، لەو بارەیشدا لەوانەیە قسەخۆشییەکە خوار ببێتەوە و بگۆڕێ بۆ گاڵتەپێکردن و ئەو کەسە بریندار بکا کە رەخنەی لێدەگیرێ، بگرە ببێتە سووکایەتی پێکردن و بەدکاری، کە ئەوانەیش توندوتیژین.
زۆر گونجاوە لەکاتی خۆپیشاندانە میللییە ناتوندتیژانەکاندا مرۆڤ بەپەنابردن بۆ هێزی قسەخۆشی، خۆی دەربخا، چونکە قسەخۆشی خۆی لەخۆیدا هێزێکی بەرەنگاری و گژبەریکردنی دژبەرە کە دەشێ هەست بکا لەپڕ بەسەریدا دراوە، چونکە قسەخۆشی دێ و گرینگترین بەڵگەکانی لەنێو دەبا. قسەخۆشی دەتوانێ مرۆڤ چەك بکا، کە ئەوەیش "چەك"ێکە گاڵتەی پێ ناکرێ، لەو رووەوە کە سووکایەتیەکی ریشەییە بە هێزی دەسەڵاتداران.
جگە لەوەیش، دەکرێ قسەخۆشی ببێتە کارتێکی براوەی گرینگ لە شەڕی رای گشتیدا، چونکە دەشێ کاردانەوەیەکی خۆشی و هاوسۆزی لەگەڵ ئەوانەی کار دەکەن لای گەل دروست بکا، هەمیشە گرینگیشە سۆزی ئەوانەی پێدەکەنن بەدەست

بێ. بەهێنانە پێکەنین بەدەستهێنانی پاڵپشتییان ئاسانتر دەبێ. دەربڕینی وشەیەك کە زەردەخەنەیەك لە ڕووی بەرامبەردا دروست بکا، لەوانەیە زۆر کاریگەرتر بێ لە گفتوگۆ و مشتومڕێکی دوور و درێژ کە پێویستی بە بیرکردنەوەی زۆرە. بەڵام لێرەشدا پێویستە خۆ لە گاڵتەپێکردن لابدەین کە دەبێتە سووکایەتیکردن بە دژبەر.

*** قسە**

# ئاژاوەگەرایی

ڕێبازی ئاژاوەگەری anarchismeی سیاسی بەناوی ئازادیی تاکەوە سەرکۆنەی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییەی دەوڵەت دەیسەپێنێ، دەکا و بەگژیدا دەچێتەوە. ئەو ڕێبازە هەموو ئەو پاساوانە ڕەت دەکاتەوە کە دەوڵەت پەنای بۆ دەبا بۆ سەلماندنی ڕەوایی ئەو توندوتیژییەی بۆ ناچارکردنی هاووڵاتیان بۆ ملکەچکردن بۆ یاساکانی دەوڵەت ئەنجامی دەدا و تانەیان لێ دەدا.

ناتوندوتیژی لەگەڵ ڕێبازی ئاژاوەگەریدا ناتەبایە و ڕەخنەگرتنی لە دەوڵەت بەئەندازەی ڕادەی پەنابردنیەتی بۆ توندوتیژی وەك ئامرازی جۆرایەتیی خۆی بۆ دەستوەردان، ئەمە ئەگەر تاکە ئامرازییش نەبێ کە دەوڵەت بۆ جێگیرکردنی سیستمی کۆمەڵایەتی، یان گێڕانەوەی بۆ دۆخی ئاسایی خۆی پەنای بۆ دەبا. زۆرجار دەوڵەت لەو ڕووەوەی پێی وایە بەکارهێنانی توندوتیژیی ڕەوا مافی تایبەتی ئەوە، دەگاتە ئاستێك لۆجیکی خۆی دەسەپێنێ و ڕازی نییە گوێ لەو هۆیانە بگرێ کە وا لە هاووڵاتیان دەکەن بەرەنگاریی دەسەڵاتە هەمەگیرەکەی بکەن، بەمەیش —مێژوویش دەریدەخا ئەمە تەنیا گریمانەیەکی ڕووت نییە— دەوڵەت لەسەر حسابی هاووڵاتیان دیموکراسی زەوت دەکا.

بەڵام ئاژاوەگەری لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەر وەك دیلی بیرۆکەی ڕەتکردنەوەی دەوڵەت ماوەتەوە وەك چۆن ڕێبازی ئاشتیگەرایی وەك دیلی ڕەتکردنەوەی سوپا ماوەتەوە، لەکاتێکدا دەوڵەت و سوپا "دوو وەحشی دڕندەن" و گوێ بە بڵەبڵمی ئاژاوەگەرا و ئاشتیگەراکان نادەن کە سوێند دەخۆن ئەو دووانە لەبەین ببەن. بەم شێوەیە لە دەرەنجامدا ئەمانە و ئەوانە هەموویان بەهۆی ئەوەی جێگرەوەیەکی جێمتمانەیان پێشکێش نەکردووە، دەستەپاچەن لەئاست گۆڕینی ڕێڕەوی مێژووی کۆمەڵگەکان و ڕزگارکردنیان لە دەستی توندوتیژی.

دەریش کەوتووە بێکەڵکیی ئەو یاخیبوونەی لە ڕێبازی ئاژاوەگەراییەوە سەرچاوە دەگرێ، زۆربەی جار ڕاستەوانە دەگونجێ لەگەڵ خ دەربڕینی لەڕێی توندوتیژییەوە. ئاژاوەگەری بەو کردارەیشی، بە خۆبەندکردنی لە چوارچێوەی دژیەکییەکی بێ چارەسەردا دەسەڵات و کاریگەیی خۆی کەم دەکاتەوە، چونکە ناتوانین توندوتیژیی دەوڵەت بەباشی دزێو بکەین لەکاتێکدا ڕێگە بەخۆمان بدەین پەنا بۆ توندوتیژی ببەین. توندوتیژیی ئاژاوەگەرا لە ئاکامدا توندوتیژیی دەوڵەت بەهێزتر دەکا و هانی پەنابردن بۆ سەرکوتکردن دەدا. سەرەنجام ئەوە ئامرازەکانی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانەیە کە لەگەڵ ئەو ئامانجەی ئاژاوەگەری هەوڵی بۆ دەدا، دەگونجێ.

فەلسەفەی ناتوندوتیژیی سیاسی بەرهەڵستیی خەیاڵگەرایی و ناواقیعیبوونی ئاژاوەگەرایی دەکا، کە بوونەتە مایەی ئەوەی گوێ بە بەربەستەکانی واقیع نەدا و ببنە ڕێگر لەبەردەم خستنەڕووی جێگرەوەی بنیاتنەردا. لە هەمان کاتدا ناتوندوتیژی خۆی لەوە نابوێرێ کە لەسەریەتی پرۆژیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی تۆکمە پێشکێش بکا، چونکە پێویستە ئەم گژبەرییە قبووڵ بکا، ئەویش بە سەلماندنی ئەوەی بنەما و ڕێگەکانی یارمەتیی بەڕێوەبردنێکی ئەرێنییانەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان بەشێوەیەکی دروست دەکا. تەنیا بەم نرخە دەتوانین کۆمەڵگە لەدەست توندوتیژی دەربێنین.

خەیاڵگەرایی (میسالیەت)ی کۆمەڵگەی ناتوندوتیژ بەتەواوی لەگەڵ ئامانجەکانی ئاژاوەگەراییدا جووتە، چونکە سیستمی کۆمەڵایەتی بە توندوتیژی زۆردارانەی دەوڵەت مسۆگەر نابێ، بەڵکو بە سەربەخۆیی هاووڵاتیان کە ڕەفتاریان شانبەشانی ئەرکەکانی ناتوندوتیژی دەڕوا، دێتە دی. بەڵام فەلسەفەی ناتوندوتیژیی سیاسی پێشوەخت گریمانەی هەڵوەشاندنەوەی کێشەکان ناکا، بگرە باوەڕی بە جڵەوکردنیانە بە ڕێگەیلی ناتوندوتیژانە. ئەو داوای هەڵوەشاندنەوەی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی ناکا، بگرە ئاسانکاری دەکا بۆ سەروکاریکردنی دەسەڵاتێکی کرداری بەبێ پەنابردن بۆ ئامرازەکانی ناچارکردن، وەك کە باوە.

بەدڵنیاییەوە شتەکە تەنیا نموونەیەکە، بەڵام پێویستە هەموو شتێك بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە تا لەو نموونەیە نێزیك بینەوە، چونکە مادەم ئایدیۆلۆجیای توندوتیژی بەسەر کولتووری کۆمەڵگەیەکدا زاڵ بێ، ئەوا ئەم کۆمەڵگەیە تەنیا لۆجیکی توندوتیژی هەڵی دەسووڕێنێ. جا بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەپێی دینامیەتی ناتوندوتیژی حوکمڕانی بکرێ، پێویستە کولتوورەکەی بە فەلسەفەی ناتوندوتیژی ئاو بدرێ. کەواتە ئەو بازدانەی بەئامانجی دەست پێکردنی پرۆسەی پووکانەوەی دەوڵەت خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێ، تەنیا بە پەڕینەوە لە کولتووری توندوتیژییەوە بۆ کولتووری ناتوندوتیژی دێتە دی.

*** دەوڵەت**

*** دەسەڵات**

*** هێز**

*** کاری راستەوخۆ**

## فەلسەفە

فەیلەسوف philo-sophe (کە لە هەردوو وشەی یۆنانی فیلۆ philo بەواتای "دۆستایەتی" یان "خۆشەویستی" + سۆفیا - sophia بەواتای دانایی "حیکمەت" هاتووە) ئەو مرۆڤەیە حیکمەتی خۆش دەوێ بۆ گەڕان بەدوای راستیی ژیان و واتای بوون و ئەقڵی جیهاندا. فێر بووە کەس مافی ئەوەی نییە خۆی بە خاوەنی حیکمەت دابنێ، لێکۆڵینەوە و گەڕانیشی کۆتای نییە.

ئامانجی مرۆڤی فەیلەسوف –واتە هەر مرۆڤێك بەدوای واتادا بگەڕێ– لە بیرکردنەوەی لە بوون، ئەوەیە بۆی دەربکەوێ دروستکردنی مرۆڤ لە پێوەندیگرتندا نییە لەگەڵ شتە رەهاکان –گەردوون، چاکەی رەها، خودایی– بەئەندازەی ئەوەی لە پێوەندیگرتندایە لەگەڵ مرۆڤەکەی تر. چییەتی کۆتای مرۆڤ لە "بوونیدا نییە لە جیهاندا" etre-au-monde، بگرە "بوونیەتی لەوانی تردا" etre-aux-autress. فەلسەفە روونی دەکاتەوە مرۆڤ لەڕێی پێوەندی بە مرۆڤەکەی ترەوە دەتوانێ بەرەو بڵندبوونەوە trancedance هەنگاو بنێ. لێرەوە لە تێڕوانینی فەیلەسوفدا توندوتیژی کە پێوەندیی ئەو لەگەڵ مرۆڤەکەی تر بەشێوەیەکی ریشەیی تێك دەدا، دەربڕینێکی بنچینەیی خراپە و بێبەختییە. فەیلەسوف لە توندوتیژی دەترسێ: نەك ئەو توندوتیژییەی خۆی دەیچێژێ، بگرە ئەو توندوتیژیەیش کە رەنگە خۆی ئەنجامی بدا. فەیلەسوف لە رامانی خۆیدا لە فەنابوونی مرۆڤ، دەگاتە ئەو هزرەی کە سەمەرەی راستەقینەی بوون لەوەدا نییە مرۆڤ بوونەوەرێکی دوابڕاوە، بگرە لە ئەگەری بوونی مرۆڤدایە بە بکوژ. ئەو دەیەوێ لەگەڵ مردن ببێتە ئاشنا، بەڵام کوشتن رەت دەکاتەوە. دانایی لەوەدایە زیاتر لە کوشتن بترسی تا مردن.

ناتوندوتیژی تەنیا فەلسەفەیەکی (مومکین) نییە، هەروەك ئەگەرێك لە ئەگەرەکانی فەلسەفە نییە، بگرە ئەو سەرەتایەیە کە کایەی بیرکردنەوەی فەلسەفی پەیکەربەند دەکا. هیچ فەلسەفەیەك ناتوانێ سەر بە حیکمەت بێ ئەگەر دان بەوەدا نەنێ کە ئەرکی ناتوندوتیژی دەربڕێکی بنبڕە بۆ مرۆڤایەتیی مرۆڤ و یەکێکە لە پێکهێنەرە مرۆییەکانی نێو ناخی مرۆڤ. گوێ نەدان بەم ئەرکە، یان لەوە خراپتر، رەتکرنەوەی، واتای دەستبەردانە لە بیرکردنەوە لە کارکردنی مرۆڤ و بەرەڵاکردنیەتی تا لە قوڕاوی دڵەڕاوکێکانی مێژوودا بگەوزێ، واتە حوکمدان لەسەر فیکر بە خەیاڵگەراییەکی دەستەپاچە یاخۆ بە واقیعیەتێکی خۆسەپاندن. واتە رازیبوون بە لێك جیابوونەوەی بێ گەڕانەوەی نێوان هزر و کار. بەداخەوە فەلسەفە بەدرێژایی چەندان سەدە لەبەردەم ئەو ئایدیۆلۆجیایەدا شکستی هێناوە، کە شکۆ بە ئازایەتیی قارەمانەکان دەدا کە سەرکێشی بەخۆیان دەکەن و بۆ شەڕکردن دژی هەموو جۆر لە دوژمنان و کافران و خراپکاران پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن. بەوەیش چەندان فەلسەفەی گوناهبار هەن کە پاساو بە کوشتن دەدەن.

گوێ نەدان بە ئەرکی ناتوندوتیژی واتای بێئومێدبوونە لە پێوەندیی ئەخلاق بە رەفتارەوە، واتە رەتکردنەوەی ئەوەی کە مرۆڤ دەکرێ، بە هزر و بە کردار، لە ستەمی "زەرورەتی حەتمی" رزگاری ببێ، واتە بە مرۆڤ رەوا نەبینرێ بتوانێ جووڵەیەکی ئازادانە بکا کە لە حەتمیەتگەرایی رزگاری بکا و وای لێ بکا ببێتە بوونەوەرێکی ژیر. ئەمەیە ئەو شتەی فەلسەفەیەك کە بنچینەکەی ناتوندتیژییە لێی رادەمێنێ. ئەم بنچینەیە پێشوەخت نەخراوەتە روو، بەڵام خراوەتە روو بۆ بیر لێکردنەوە، لە بیر لێکردنەوەیشیدا دەردەکەوێ کە جیهانییە.

هەروەك بیرکردنەوەش لە پێوەندیی مرۆڤ بە توندوتیژییەوە بەبێ وێناکردنی ئەرکی ناتوندوتیژی و جەخت لێکردنی، جۆرێکە لە وەدەرنانی ئەقڵ. لەبەرئەوەی توندوتیژی سەلبکردنی مرۆڤایەتیی مرۆڤە، بژارەی ناتوندوتیژی وەك رووداوێکی سەرەکی دەردەکەوێ کە دەروازەی مەعریفەی فەلسەفی دەکاتەوە. لەبەرامبەر مەیلی بەهێز و بەردەوامدا بۆ توندوتیژی، مرۆڤ هیچ شتێك نازانێ مادەم هەستکردن بە سرووشتی نامرۆڤانەی توندوتیژی لە هزر و هەڵوێستیدا جۆش نەدابێ. هەروەها

لەبەرامبەر هەڵفریواندن بۆ کوشتن کە هەمیشە هەڕەشە دەکا، ئەرکی ناتوندوتیژی ئومێدی واتا و بڵندبوونەوە بە مرۆڤ دەبەخشێ.

ئەوە کە دەڵێین بنەمای ناتوندوتیژی بنچینەی فەلسەفەیە واتای ئەوە نییە تەنیا یەك فەلسەفە بۆ ناتوندوتیژی هەیە، بەڵکو واتای ئەوەیە بنەمای ناتوندوتیژی لە جەرگەی هەموو فەلسەفەیەکدا ئامادەیە کە سەر بە حیکمەت بێ. ئەمەیش، بە دەربڕینێکی تر، واتای ئەوەیە ناتوندوتیژی لە دووڕیانی بەیەك گەیشتنی هەموو فەلسەفەکاندا ئامادەیە. چەندان هەوڵ بۆ وردبوونەوەی فەلسەفی لە بنەمای ناتوندوتیژی هەن. هزری فەلسەفی دەکرێ بەپێی چەندان تیشکۆ (بۆرە)ی بیرکردنەوە پەرە بسێنێ: تیشکۆی مەعریفەی راستەقینە، تیشکۆی کاری دروست، تیشکۆی ئومێدی بەردەست.. ئەمە جگە لەوەی ئەو فەیلەسوفەی لە کانیاوی کەلەپوورێکی رۆشنبیریی رۆهەڵاتیی دیاریکراوەوە ئیلهام وەردەگرێ، هەمان لێکدانەوەی فەیلەسوفێکی تری نابێ کە بە کەلەپووری رۆشنبیریی رۆژئاوایی گۆش کراوە، لەگەڵ ئەوەیشدا لە بابەتە جەوهەرییەکاندا کۆك دەبن: هەمان حیکمەت دەڵێن و لەگەڵی دەژین، دیالۆگەکەیان زۆرانبازی duel نابێ، بگرە هاوئاهەنگییەکی دووسەرە دەبێ .dou

هەر فەلسەفەیەك رەوایی لە توندوتیژی نەسەنێتەوە و ناتوندوتیژی هەڵنەبژێرێ ئامانجەکەی گوم دەکا و خۆی دەشێوێنێ، بگرە خۆی وێران دەکا. سەیرم پێ دێ هەندێ فەیلەسوف وتاری زۆر و زەبەندەیان پڕ دەکەن لە هزری ورد و نایاب لەبارەی واتای بوونی مرۆڤ بەبێ ئەوەی خۆیان لە قەرەی ئەو پرسیارە بەراییە بدەن کە توندوتیژی لە ئەقڵ و ویژدانی دەکا، هەروەها بەبێ دۆزینەوەی ئەو راستییە روونەی کە ئەو توندوتیژییەی دژ بە مرۆڤ ئەنجام دەدرێ، مۆری بێواتایی بە نێوچاوانی مێژووی مرۆڤەوە دەنێ!

توندوتیژی و هەر کردەیەکی تری مرۆڤکرد کە مێژوو پڕ دەکەن لە وێرانە و ئێش و ئازار و کارەسات و مەرگ، بەڕاستی ریسوایی ئەم جیهانەن، هەر فەلسەفەیەکیش بەشێوەیەکی ریشەیی سەرکۆنەی نەکا و نەیکوتێتەوە، ئەوا سەرەنجام جڵەوی بۆ شل دەکا تا لە مێژوودا بتەقێتەوە، چونکە لانی کەم بەو کارە بەناڕاستەوخۆ دەست لەگەڵ ئەو ئایدیۆلۆجیایانە تێکەڵ دەکا کە بانگەشە بۆ کوشتن دەکەن بۆ بەرگریکردن لە پرسگەلی رەوا. ئەوکاتە سەرکێشی دەکا بەوەی درێو ببێ: باوەڕ بەو پروپاگەندەیە دەکا کە پاسا و بە کوشتن دەدا و بە داڕشتنی زمانێکی وتاربێژانە و لەرێی ساختەکردنی ئەوەی پێی بکرێ لە راستیەکان، بەهانەی قایلکار بۆ خراپترین رەفتارەکان پێشکێش دەکا و زەمینە بۆ روودانی قەسابخانەکاریی بێشومار ساز دەکا، کە بەبەردەوامی سەرزەوی بە خوێن سوور دەکەن.

فەلسەفە لاپەڕەی سەردەمێکی نوێ هەڵدەداتەوە بە جەختکردنی ئاشکرای لەسەر باڵایی فەزیڵەتی ناتوندوتیژی.

*** حەقیقەت**

*** پێوەندی**

*** ناتوندوتیژی**

**سەرکردە**

ئەزموون دەری دەخا ئەو بزووتنەوانەی بەرەنگاری کە توانیویانە گەلێك یان رەوەندێك یان کەمینەیەك بخەنە سەر پێ هەمیشە کەسێك بزوێنەریان بووە کە بە لای هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکە، یان لانی کەم زۆرینەیانەوە هێما بووە بۆ نموونەی خەبات و ئومێدی سەرکەوتن. بە داخەوەین بۆ ئەم شتە، چونکە لە روانگەی یەکسانییەوە پێویستە هەر ئافرەت و پیاوێکی ئەو کۆمەڵگە( نەك تەنیا کەسێکی تاکانە و تایبەت) جڵەوی چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست و بەبێ ئەوەی پێویست بکا بۆ ئەو مەبەستە بۆ سەرکردەیەك بگەڕێتەوە، بڕیار لە ئایندەی خۆی بدا. بەڵام زۆر وەستان بە دیار ئەم خەونەوە لەوانەیە واتای ئەوە بگەیەنێ گوایە کێشەکان چارەسەر بوون و ئیتر هەوڵی چارەسەرکردنیان نەدرێ، لەبەر ئەوەی هێشتا ئەوە راستە کە متمانەی گرووپەکە بە پاکی و ئازایەتیی کەسێك و بتوانێ لەگەڵ کارلێك بکا، دەشێ یارمەتی بدا بە شێوەیەکی تۆکمە و رێك و لێبڕاوانە کار بکا، کە بەبێ ئەو کەسە ناتوانێ ئەو کارانە بکا.

هەر هێندەی سەرکردەکە متمانەی گرووپەکەی بەدەست هێنا ئیتر دەبێتە زمانحاڵی شەرعی و دەتوانێ داواکانی بگەیەنێ، چ لەلای رای گشتی نیشتمانی یان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی. هەروەها دەبێتە هاوگۆی پەسەندکراوی بڕیار بەدەستانی لایەنی دژبەر کاتێ قۆناغی دانوستاندن دێتە پێش.

دەرکەوتنی سەرکردەیەك لە نێو گرووپێکدا دیاردەیەکی تا رادەیەك ئاڵۆزە. جارێ وەك سەرەتا مرۆڤ خۆی وەك سەرکردە دانامەزرێنێ، بگرە ئەوە ئەندامانی کۆمەڵەکەن کە بەهۆی سیفەتە کەسیەکانییەوە دان بەو کەسەدا دەنێن کە شایستەترینە بۆ ئەوەی سەرکردایەتییان بکا. دەسەڵاتی سەرکردە دەبێ لەسەر بناغەی متمانەی ئەندامانی کۆمەڵەکە بە گشتی دابمەزرێ، بەتایبەت لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی ناتوندوتیژانەدا کە تێیدا سەرکردە هیچ ئامرازێکی ناچارکردنی بەدەستەوە نییە. وا باشترە سەرکردە بێتە هەڵبژاردن بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکەی بە لای هەمووانەوە شەرعی بێ. بەڵام بەگشتی هەڵبژاردن سەرکردە دروست ناکا، بگرە تەنیا پشتگیری و جێگیری دەکا.

بەڵام لەوانەیە زیانبەخش بێ کە یەکێتی و هێزی بزووتنەوەکە تا رادەیەکی زۆر پشت بە سام و شکۆی نائاسایی سەرکردەیەکی کاریزمایی " خاوەن کەرامەت" charismatique ببەستێ، چونکە ئەو کاتە لەوانەیە مەترسیی چەسپاندنی تا رادەیەك هۆشیارانەی "کەسپەرستی"، بە ئاسەوارە جۆراوجۆرە خراپەکانیەوە، ببێتە مەترسییەکی راستەقینە. کاتێ سەرکردە رۆڵێکی زیاد لە سنووری خۆی گەمە دەکا، ئەوا سەرکێشی بە قۆرخکردنی دەسەڵاتی بڕیاردان لەنێو بزووتنەوەکەدا دەکا. ئەوەیش لەوانەیە زیانی بۆ دیموکراسییەتی هاوبەشی هەبێ کە پێویستە لە نێو بزووتنەوەکەدا هەبێ. سەرکردە پیاوێکی دەسەڵاتدارە (دەسەڵاتی مەعنەوی)، بەڵام نابێ ببێتە پیاوی دەسەڵات. پێویستە لەسەری "دانا" بێ نەك "میر" . ئەمە جگە لەوەی سەرکردە هەرگیز بێخەوش (مەعسوم) نییە، جا ئەگەر وا رێك کەوت لە هەڵوێستێکدا باش نەپێکا، ئەوا بزووتنەوەکە هەمووی لە ئەنجامی ئەوەدا لاواز دەبێ. جگە لەمەیش ئەگەر وا رێك کەوت سەرکردەکە بزر بوو، ئەوا بزووتنەوەکە تووشی سەرگەردانی دەبێ، یان ئەگەر مرد ئەوا بزووتنەوەکە ناتوانێ درێژە بە خەبات بدا. مەترسیی ئەوەی خەڵکە خەباتکارەکە لە پڕ خۆیان بە سەرگەردان ببینن و بەوەش سیستمی بزووتنەوەکە وردە وردە تێك بچێ، مەترسییەکی گەورەیە.

هەر بزووتنەوەیەکی ناتوندوتیژ دەبێ خۆی لە بەرامبەر دوو خواستی دژیەکدا ببینێ کە پێویستە لە جووڵەیەکی جەدەلیدا پێکەوە بن: لەلایەکەوە وا باشە سەرکردە ئەو گوڕە بە بزووتنەوەکە بدا کە پێویستی پێیەتی، لەلایەکی تریشەوە وا باشە رۆڵی سەرکردە سنووردار بێ. هەروەها پێویستە سەرکردەی بزووتنەوەی ناتوندوتیژ هەوڵ بدا لە نێو هاوەڵەکانیدا "یەکەمینی کۆمەڵە خەڵکێکی یەکسان بێ". هەر بۆیە گرینگە بەڕێوەبەرایەتیەکی بە کۆمەڵ بەدەوری سەرکردەکەدا دروست بکرێ تا چەند بەرپرسێك بەشداری لە داڕشتنی ئەو بڕیارانەدا بکەن کە دەبێ بزووتنەوەکە پێیانەوە پابەند بێ.

کەواتە وا باشە چەند سەرکردەیەك هەبن، تەنانەت ئەگەر بشخوازێ یەکێکیان لەوانی تر "سەرکردەتر" بێ، جگە لەوەیش نابێ روودانی رکابەریی کەسی لە نێو بزووتنەوەکەدا لەبارەی بابەتی بەڕێوەبردنییەوە بە دوور بزانرێ، با ناتوندوتیژانەش بێ. تەنیا رێکخستنی دیموکراسییانەی بزووتنەوەکەشە دەتوانێ فریای ئەم مەترسییە شاراوانە بکەوێ، کە دەشێ ببنە راستەقینە.

بۆ بەدەستهێنانی باشترین هاوسەنگی، پێویستە لایەنی هەست و سۆز لە پێوەندی نێوان بزووتنەوە و سەرکردەکەیدا بە پێی توانا بەرتەسك بکرێتەوە و لایەنە ئەقڵانی و سیاسییەکەی ئەو پێوەندییە زاڵ بکرێ، بەڵام پێویستە بزووتنەوەکە چەندە بکرێ خۆی لە چۆنییەتی رێکخستن و کاری دیموکراسیدا قاڵ بکا، بە شێوەیەك هەموو ئەندامانی بەشدارییەکی کاریگەر لە دروستکردنی بڕیارەکاندا بکەن. بەڵێ راستە هەلومەرجی تێکۆشان بە شێوەیەکی گشتی بوار بەوە نادا بە رێگا پێچاوپێچەکاندا بڕوا و ئەو پشوودرێژییەی پێ بکرێ کە دیموکراسییەتی راستەوخۆ دەیخوازێ، چونکە لە ساتە یەکلاکەرەوەکانی ململانەدا لەوانەیە باری نائاسایی کارەکە وا بخوازێ بەوپەڕی خێرایی بڕیار بدرێ، بۆیە پێویستە بزووتنەوەکە ئامرازی رێکخستنی ئەوتۆی هەبێ کە یارمەتی بدا بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە رووبەڕووی ئەو جۆرە هەڵوێستانە ببێتەوە. تایبەتمەندیی دیمەکراسیانەی رێکخستنی هەر بزووتنەوەیەك دواجار باشترین دەستەبەرە دژ بە دەسەڵاتی رەهای سەرکردە و ئەنجامە خراپەکانی.

لە هەڵمەتی کارێکی ناتوندوتیژانەدا گرینگە سەرکردە یاخۆ سەرکردەکان بروای پتەویان بە ناتوندوتیژی هەبێ، چونکە پێویستە لەپێناو کاریگەریی کارەکە خۆیدا بژارەی ناتوندوتیژی بەهیچ شێوەیەك قابیلی چاو پێداگێڕانەوە نەبێ، بگرە بە پێچەوانەوە هەمیش وەك مەرجێك لە مەرجەکانی سەرکەوتن جەختی لێ بکرێتەوە. ئەم جەختکردنەوە بەردەوامە گرینگ دەبێ، بەتایبەت لە کاتی ئەو تەنگژانەی لەوانەیە رووبەڕووی بزووتنەوەکە ببنەوە، چونکە بەتایبەت لەم ساتانەدا پێویستە لە هەرکات زیاتر رێزی فەرمانەکانی پابەندبوون بە ناتوندوتیژی بگیرێ، لەکاتێکدا لەوانەیە هەندێکیان تانە لە راستیی بژارەی ناتوندوتیژی بدەن. هەر دوودڵی یاخۆ سرتەسرتێك لەم بارەیەوە بەدڵنیاییەوە زیان بە رێڕەوی کارەکە دەگەیەنێ.

لە کۆتاییدا دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە سەرکردەکان بە گشتی پیاو بوون تەنانەت ئەگەر هەندێ هەڵاوێرانیش هەبووبێ کە شایەنی باسن. بەڵکو ئەمە خوایە کولتووری ناتوندوتیژی هانی گەیشتنی ئافرەتان بە رۆڵی سەرکردایەتی بدا.

***رێکخستن**

*** دەسەڵات**

# هێز

بەدەر لە جیاکردنەوەی روونی هەریەك لە "هێز" و "توندوتیژی"، بەکارهێنانی هەریەك لەو دوو زاراوەیە یان هەردووکیان مەترسی زۆری تێدایە ئەو واتایە نەدا بەدەستەوە کە مەبەستە. ئەگەر مەبەستمان لە هێز ئەو توانایە بێ خەڵکان زەبوون دەکا و ملهوڕی دەکا و ئەشکەنجە دەدا و دەکوژێ، ئەوا وشەیەکمان دەست ناکەوێ ئاماژە بێ بۆ هێزێك کە زەبوون ناکا و ملهوڕی ناکا و ئەشکەنجە نادا و ناکوژێ. هەر هێندەی چەمکی هێز و توندوتیژی تێکەڵ بوون ئیدی زمانمان دەگیرێ و قسەمان بۆ نایە و ناتوانین بپرسین ئاخۆ هێزێك هەیە توندوتیژ نەبێ.

هێز، بەواتا ئەخلاقیەکەی، فەزیلەتی ئەو مرۆڤەیە ئازایەتیی ئەوەی هەیە ملکەچی دەسەڵاتی توندوتیژی نەبێ. مرۆڤی بەهێز ئامرازەکانی توانا و توندوتیژی بەرز ناکاتەوە، بگرە حیکمەتی ناتوندوتیژی هەیە. ئەوەی هێزی هەبێ بەسەر ئارەزووەکانیدا زاڵ دەبێ و بەرەنگاریی هەڵفریواندنی ئارەزووە بەکۆمەڵەکان دەکا و دەتوانێ جڵەوی چارەنووسی خۆی بکا. دژی هێز لێرەدا، لاوازییە لە بەرەنگاری نەکردنی مەستیی توندوتیژیدا.

ئەم "هێزی دەروون" یان هێزە رۆحییە ناتوانێ لافی ئەوە لێ بدا کە دەتوانێ بەتەنیا بەرەنگارییەکی کاریگەری هێزی ئەو ستەمە بکا کە ئەزیەتی ستەمباران دەدا، چونکە هەردووکیان هەمان بواریان نییە. لەڕاستیدا تەنیا هێزی رێکخراوی کارکردن کە پشت بە ژمارە دەبەستێ دەتوانێ لە بەگژاچوونەوەی ستەم و گێڕانەوەی مافدا کاریگەر بێ. کەواتە هەڵەیە بەناوی هەق و راستییەوە لە بایەخی هێز کەم بکرێتەوە، لەبەرئەوەی لەڕاستیدا ناکرێ هەق هیچ بناغە و گەرەنتییەکی هەبێ جگە لە هێز. خاسیەتی خەیاڵگەرایی (میسالیەت) لەوەدایە هێزێکی تایبەت بە هەق دەبەخشێ و کاریگەری لەسەر مێژوو دەبێ و دەبێتە بنچینەی راستەقینەی پێشکەوتن. بەڵام بەپێچەوانەوە هەموو شت ئەوە دەردەخا کە هێزێکی لەم شێوەیە بوونی نییە.

بەهەمان شێوە زۆر خەیاڵپڵاوییە باوەڕ وابێ کە شتێك هەیە بەناوی "هێزی دادپەروەری" و "هێزی حەقیقەت" و "هێزی خۆشەویستی" کە دەتوانێ بەتەنیا لە گۆڕی دەسەڵاتدارەکان بێ تا ناچاریان بکا دان بە مافی ستەمبارەکاندا بنێن. ئەوان بۆ ئەوەی ئازادی بەدەست بێنن، پێویستە لەسەریان خۆیان گورج و گۆڵ بکەنەوە و وزەکانیان یەك بخەن و خۆیان رێك بخەن و کار بکەن.

هەموو ململانەیەك تاقیکردنەوەی هێزە. لە جێبەندێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی دیاریکراویشدا هەموو پێوەندییەك لەگەڵ ئەوانی تردا دەچێتە خانەی پێوەندیی هێزەوە. ستەم بەرەنجامی تێکچوونی پارسەنگی هێزە، تێیدا بەهێزەکان بەسەر لاوازەکاندا زاڵ دەبن و دەیانپلیشێننەوە. ئەوکاتە ئەرکی ململانە هێنانەکایەی پێوەندییەکی نوێی هێزە بەمەبەستی هێنانەکایەی هاوسەنگی بەشێوەیەك رێزی مافەکانی هەموو تاکێك بگیرێ. ئەوکاتە کارکردن لەپێناو دادپەروەریدا بریتی دەبێ لە گێڕانەوە هاوسەنگیی هێز بۆ جێی خۆی. ئەوەیش تەنیا کاتێ دێتە دی هێزێکی ئەوتۆ بەکار بهێنرێ سنوورێك بۆ ئەو هێزە دابنێ کە بووەتە بایسی تێکچوونی هاوسەنگییەکە.

ناتوانرێ توندوتیژی بێنرخ بکرێ تا سەرەتا بایەخ بۆ هێز نەگەڕێتەوە، ئەویش بەوەی شوێنی تەواوی خۆی پێ بدرێ و بەتەواوی دانی پێدا بنرێ. گرینگیشە لە هەمان کاتدا تانە لەو بەناو "واقیعیەت"ە سیاسییە بدرێ کە پاساو دەداتە توندوتیژی وەك بنچینەی کاری سیاسی و هەروەها لەو بەناو "رێبازە رۆحی"یەیش بدرێ کە نایەوێ دان بنێ بەوەی "هێز" وابەستەی کاری سیاسییە. لەبارێکیشدا لە کاردا نەبێ هێز بوونی نییە، ئەوە بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێ سەرکۆنە و دژایەتیی توندوتیژی بکرێ بەبێ پێشکێشکردنی میتۆدێکی کارکردن کە هیچ پێوەندییەکی بە توندوتیژیی خوێناوییەوە نەبێ، بگرە لەتوانایدا بێ پێوەندیگەلێکی هێزی ئەوتۆ دابمەزرێنێ کە ماف مسۆگەر بکا. ئەمە ئەو گژبەرییەیە کە ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژی دەیەوێ سینگی پێوە بنێ.

*** زۆرلێکردن**

## سەرکوتکردن

هەموو کارێکی راستەوخۆی ناتوندوتیژانە گژبەریکردنی دەسەڵاتدارانی ئارایە. بەوەیش زۆربەی کات دەبێتە مایەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتدا. هەروەها لە چوارچێوەی لۆجیکی ئەو دەسەڵاتەدایە کە هەرکات هەستی کرد ئێسکی لای خەڵك گران بووە، بەو ئامرازانە بەرگری لەخۆی دەکا کە تایبەتە بەخۆی، واتە بە ئامرازەکانی زۆرلێکردن کە یاسا رێگەی پێ داوە بۆ سزادانی هاووڵاتییانی یاخی بەکاریان بێنێ، بۆیە سڵ ناکاتەوە لەوەی هەر کات بە پێویستی زانی، بۆ گێڕانەوەی سیستم بۆ جێی خۆی، پەنا بۆ توندوتیژی ببا. کەواتە پێویستە بزووتنەوەی بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانە رووبەڕووی ئەو سەرکوتکردنە ببێتەوە کە ئەو دەسەڵاتەی بزووتنەوەکە بەرهەڵستی دەکا هەوڵ دەدا لەڕێیەوە بەرکەناری بکا و تێکی بشکێنێ.

بەپێچەوانەی ئەو هزرە پێشوەخت ئامادە و باوانەی هەن، بزووتنەوەی ناتوندوتیژی لە بزووتنەوەی توندوتیژی باشتر "چەکدارە" بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو سەرکوتکردنە. جا ئەگەر بەرەنگاریکاران توندوتیژییان بەکار هێنا، ئەوا سەرکێشیەکی گەورە دەکەن بەوەی مشتومڕێك لەنێو رای گشتیدا دروست بکەن کە زیاتر لەوەی روو بکاتە ئەو ستەمەی بەرەنگاری دەکەن، روو دەکاتە ئەو توندوتیژییەی ئەوان بەکاری دێنن، چونکە میدیاکان هێندەی باس لە رێگەکانی کارکردنیان دەکەن، بەو ئەندازەیە باس لەو پاڵنەرە سیاسییانەی لەپشت کارەکەیانەوەن ناکەن. ئەگەریش زۆرە باسکردنەکەیان لە چالاکییە بۆ سەرکۆنەکردنی بێ. لەبەرامبەریشدا، سەرکوتکردن، لە چوارچێوەی تێکۆشانێکی ناتوندوتیژانەدا، دراو و رەهەندە راستەقینەکانی کێشەکە دەردەخا.

پەنابردن بۆ توندوتیژی ئەوە بەهانانە بەدەستەوە دەدا کە دژبەران بۆ پاساودانی توندوتیژیەکەیان پێویستیانە، چونکە ئەوانەی توندوتیژی بەکار دێنن دەخزێنرێنە هەڵوێستێکی بەرگریکارانەوە کە ناچاریان دەکا لە بەردەم لێپرسینەوەی رای گشتیدا پاساو بۆ خۆیان بێننەوە. لێرەوە، سەرکوتکردنی ئەوانەی بە ئامرازی دادپەروەرانە و بە رێگەی ناتوندوتیژی بەرگری لە پرسێکی رەوا دەکەن، بێ پاساو و دڕندەییەکەی زەق دیار دەبێ، هەروەها ئەگەری ئەوە زۆرە ئەو سەرکوتکردنە لە شانی ئەنجامدەرانی لە بەرچاوی رای گشتی کەم بکاتەوە و  ژمارەیەکی زیاتر خەڵك گوێ بۆ سەرکوتکراوان بگرن. پەنابردن بۆ رێگەکانی کاری ناتوندوتیژی رۆڵەکان پێچەوانە دەکاتەوە: ئەم جارە دەسەڵاتداران دەکەونە هەڵوێستی بەرگری و پێویستە پاساو بۆ توندوتیژیەکەیان بێننەوە.

کاری ناتوندوتیژی دەیەوێ دەسەڵاتی دژبەر بخاتە تەنگەبەریەکەوە، بە شێوەیەك هیچکام لە بژارەکانی بەردەستی لە بەرژەوەندیی ئەودا نەبن: یان ئەوەتا بەر بۆ بەرەنگاریکاران شل بکا کار بکەن، یان بڕیار بدا بۆ رێ لێ گرتنیان پەنا بۆ توندوتیژی ببا. لە خراپییەکانی بژارەی یەکەم ئەوەیە رێگە بۆ بەرەنگاریکاران ئاچوخ دەکا تا گۆڕەپانەکە بۆ سوودی خۆیان داگیر بکەن، بەڵام خراپەی بژارەی دووەم ئەوەیە خراپکاریەکانی دەسەڵات لە بەرچاوی رای گشتی ریسوا دەکا و یارمەتیی بزووتنەوەکە دەدا تا هەڵوێستی خۆی بەهێز بکا.

بۆ دەسەڵاتداران سەرکوتکردنی کاری توندوتیژ لە رووبەڕووبوونەوەی کاری ناتوندوتیژ ئاسانترە. تەنانەت دەسەڵات خۆی زۆر جار سڵ ناکاتەوە لەوەی بۆ رێگە خۆشکردن بۆ توندوتیژی، کەسانێکی شەڕەنگێز بۆ ئاڵۆسکاندنی خەڵکەکە بنێرێ تا کاردانەوەی توندوتیژیان هەبێ، بۆیە پێویستە بەرەنگاریکاران وەڵامی ئەوانە نەدەنەوە و هەوڵ بدەن شپرزیان بکەن تا دەستپێشخەرییەکەی دەسەڵات بەسەر خۆیدا بشکێتەوە، بەوەیش سەرکوتکردنەکە دەچێتە چوارچێوەی لۆجیکی فراوانکردنی کاری ناتوندوتیژانە. کەواتە پێویستە خۆی بۆ ئامادە بکرێ و لەبەرچاو بگیرێ.

هەروەها پێویستە ئەوە بەتەواوی روون بێ کە سەرکوتکردن —کە لەوانەیە توندوتیژترینیش بێ— واتای کۆتاهاتنی بەرەنگاری نییە. کاتێ کێشمەکێشەکە گرەوێکی گەورەی تێدا بێ، بزووتنەوەی بەرەنگاریی ناتوندوتیژانە ناتوانێ بەئەرکی

خۆی نەزانێ ژمارەی قوربانیەکانی بژمێرێ، پێویستە زۆر بەوردی مەزەندەی رادەی ئەو سەرکوتکردنەی بکا کە لەوانەیە لەکاتی کارکردندا دووچاری ببێ، خۆپارێزی لەسەری پێویست دەکا خۆی لە قەرەی سەرکێشییەکی هەڵەشانە نەدا و تەنیا هێندە دەست بە قورگی دەسەڵاتدا بکا کە بزانێ دەتوانێ بەرگەی کاردانەوەکەی بگرێ. پێویستی جڵەوی دەستپێشخەری لەدەستی خۆیدا بهێڵێتەوە، ئەویش بەوەی ئەو جۆری ئەو سەرکوتکردنە دەستنیشان بکا کە پێویستە لەسەری رووبەڕووی ببێتەوە.

پێویستە بزاڤەکە بەرگەی زەبری سەرکوتکردن بگرێ بەبێ ئەوەی ئەو زەبرانە تێکی بشکێنن. هەروەك چۆن لە شەڕی دەستەویەخەدا روو دەدا، شتی سەرەکی لە بزاڤی ناتوندوتیژانەدا ئەوەیە لەژێر زەبری سەختی دژبەردا هاوسەنگیی خۆی لەدەست نەدا و خۆی لەو زەبرانە دوور بگرێ و بتوانێ خۆیان لێ لابدا و لەکاتی پێویستیشدا بەباشی بەرگەیان بگرێ، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە دەست پێکردنەوەی هێرش.

چەندە ژمارەی ئەوانەی سیستمی ئارا دەبەزێنن زیاتر بێ بزووتنەوەکە باشتر دەتوانێ بەرگەی سەرکوتکردن بگرێ.

سەرکوتکردن بە ئەندازەی زیادبوونی ژمارەی ئەو بەرەنگاریکارانەی پێویستە رژێم لێیان بدا، هێزی کەم دەکا. ئەگەر ژمارەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتیانی ژن و پیاو، بەسەر هەموو جۆرە ترسێکدا زاڵ ببن و ئامادە بن بچنە بەندیخانە –هەرچەند نابێ ئومێد گرێ بدرێ بە بوونی زۆرینەیەك لەوانە– ئەوا سەرکوتکردن زیاتر وەك کارێکی بێهوودە دەردەکەوێ و دەکرێ بزووتنەوەی بەرەنگاری چاوەڕوانی سەرکەوتن بکا. لەوانەیە کۆمەڵگەکە چەندە زیاتر دیموکراسی بێ ئەم رێژەیە بە رێژەیەکی لاواز بێتە بەر چاو، چونکە پێوەندی بە توانای رای گشتییەوە هەیە بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆیەکی راستەقینە بخاتە سەر رای گشتی.

پێویستە ئەو خەباتکارانەی تووشی سزای دارایی دەبن یان کارەکەیان لەدەست دەدەن یاخۆ بەند دەکرێن، بتوانن پشت بە هاوهەڵوێستیی پتەوی نێو تێکڕای بزووتنەوەکە ببەستن. هەروەها گرینگە ئەو خەباتکارانە و خێزانەکانیان بتوانن دەستبەجێ لە یارمەتییەك سوودمەند ببن کە لەگەڵ پێویستیەکانیاندا بگونجێ. ئەرکی رێکخستنی ئەو هاوهەڵوێستییە دەکەوێتە سەر شانی بزووتنەوەکە.

پێویستە بزووتنەوەی بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانە تەنیا رووبەڕووی سەرکوتکردنی یاسا نەبێتەوە، بگرە رووبەڕووی ئەو کارە تۆڵەسەندنەوانەیش ببێتەوە کە لەوانەیە لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسادا ئەنجام بدرێ، چونکە دژبەرانی بزووتنەوەکە هەمیشە تەنیا بەو رێوشوێنانە واز ناهێنن کە حکوومەت دەیانگرێتە بەر و لەوانەیە خۆیان راستەوخۆ بۆ قەڵاچۆکردنی بزووتەوەکە ساز بکەن. لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراویشدا لەوانەیە هەر حکوومەت خۆی، یان هەندێ کەس و گرووپی نێزیك لەو، هانی ئەو تۆڵەسەندنەوانە بدا یان تەنانەت خۆی رێکیشیان بخا. ئەگەر "باشی"ی توندوتیژی لەوەدایە بە رۆژی نیوەڕۆ و بەئاشکرا ئەنجام دەدرێ، ئەوا "خراپی"ی کارە تۆڵەسێنەکان ئەوەیە لە سێبەر و بەدەمامکەوە ئەنجام دەدرێن، هەربۆیە ئەم کارانە لەوانەیە بۆ بزووتنەوەکە مەترسیدارتر بن و توانای لێبڕان و بەرەنگاریکردنی دەکەوێتە بەر مەحەك.

ئەو ساتەی تێیدا سەرکوتکردن دەگاتە لوتکەی دڵڕەقی، ساتێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ ئایندەی ململانەکە. ئەگەر بزووتنەوەکە نەیتوانی بەسەریدا زاڵ بێ، ئەگەر هەناسەبڕکێی پێ کەوت و نەیتوانی هەناسەدانی سروشتی خۆی بگێڕێتەوە، ئەوا لەوانەیە بخنکێ. بۆیە پێویستە ئەوە بزانین توندوتیژی سەرکوتکردن لەوانەیە ناتوندوتیژبوونی بەرەنگارییەکە لەبار ببا. لەبەرامبەردا ئەگەر بزووتنەوەکە توانی خۆی رابگرێ، ئەوا زۆر لە سەرکەوتن نێزیك دەکەوێتەوە، چونکە ئەگەر سەرکوتکردن نەتوانێ بەرەنگارییەکە تێك بشکێنێ، ئیتر هیچ دەرچەیەك بۆ دەسەڵاتداران نامێنێتەوە جگە لە دانوستاندن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

بەڵام هەندێ حاڵەتی نائاسایی هەن تێیاندا هاوسەنگی هێزی نێوان یاخییان و دەوڵەت توانایەکی سەرکوتکردنی پۆلیسی و سەربازی دەبەخشێتە ئەمەی دواییان، کە دەشێ سڵەمێنی هەر کارێکی بەرەنگاریی کراوە بێ. لەم حاڵەتەدا لەوانەیە پەراوێزی بەردەم بەرهەڵستکاران بە شێوەیەك تەسك ببێتەوە کە چی تر نەتوانن هیچ بزووتنەوەیەکی بەرەنگاریکردن لە گۆڕەپانە گشتیەکەدا رێك بخەن. ئەو کاتە ئۆپۆزسیۆن هیچ بژارەیەکی تری لەبەردەمدا نابێ جگە لەوەی خۆی بەشێوەیەکی نهێنی رێك بخا، بەئومێدی ئەوەی جارێکی تر هێزی خۆی کۆ بکاتەوە، تا بتوانێ دەستپێشخەری بۆ هێرش بکاتەوە.

*** ئەشکەنجەدان**

*** نهێنیبوون**

*** پۆلیس**

# قسە

مرۆڤ ئەوکاتە مرۆڤێکی تر دەناسێ کە وتووێژی لەگەڵ دەکا. ناسینی ئەوی تر واتە قسە لەگەڵ کردنی. زمان کرداری مرۆڤی ژیرە کە خۆی لە توندوتیژی لادەدا تا پێوەندی لەگەڵ ئەوی تر دروست بکا. جەوهەری قسەکردن گەرموگوڕی و نەرمی و میوانداری و باشکارییە. بەڵام کاتێ قسەکردن دەبێتە دوژمنایەتی و توندوتیژی، ئەوا خۆی خۆی نەرێ دەکا. جەوهەری زمان ناتوندوتیژییە. بەکارهێنانی توندوتیژیش هەمیشە واتای بێدەنگکردنی مرۆڤە، بێبەشکردنی لە قسەکردن پێشوەخت بێبەشکردنیەتی لە ژیانی.

لەو رووەوە کە ملکەچکردن بێدەنگبوونە و رەنگە یەکەمین تێوەگلان لەگەڵ درۆ و ستەم بێدەنگبوون بێ لێیان، ئەوا یەکەمین کاری هاوکاری نەکارانە بریتی دەبێ لە شکاندنی بەو بێدەنگییە و دەنگ هەڵبڕینە بەئاشکرا بۆ خستنەڕووی پێداویستیەکانی راستی و داواکانی دادپەروەری، یەکەمین بەرەنگاریکردنی ستەمیش ریسواکردنیەتی لە گۆڕانی گشتیدا. گێڕانەوەی مافی قسەکردن پێشوەخت گێڕانەوەی دەسەڵاتە: تێیدا قۆرخکردنی قسەکردن دەشکێ، کە دەسەڵاتداران بە مافی خۆیانی دەزانن و هێزی خۆیان لەسەر ملکەچکردنی "زۆرینە بێدەنگەکە" دامەزراندووە.

بەڵام ئەوکاتەی تاك بۆ سەرکۆنەکردنی سیستمی باڵادەست و ناڕەزایی دەربڕین دژی ستەمەکەی، سەرکێشی بەوەوە دەکا کە لەوانەیە توندوتیژی بەسەریدا بداتەوە. رێك لەبەرئەوەی قسەی توندوتیژ بەئەنقەست پێوەرەکانی گوتاری کلاسیکی دەبەزێنێ کە لافی پاساودانی ستەم لێ دەدا، لەوانەیە قسەکردن لە نەزەری مرۆڤی یاخیدا سەرکۆنەکردنێکی ریشەیی رژێمی ئارا بێ. مرۆڤی یاخی بۆ ئەوەی باشتر رەتکردنەوەکەی دەربڕێ، هەوڵ دەدا بە زمانێکی جیاواز لە زمانی ئەو رژێمەی سەرکۆنەی دەکا، گوزارشت لەخۆی بکا. بەبڕوای ئەو رەچاوکردنی ئەو رووپاماییە زمانەوانییانەی کۆمەڵگە دایناون، واتای ملکەچ کردنیشە بۆ یاساکانی. ئەوکاتە هاواری مرۆڤە یاخییەکە دەبێتە هەڵگەڕانەوە و پێشێلکردنی بەئەنقەستی سنووری پیرۆز. کاتێ بە هەرا و هۆریا گوزارشت لە تووڕەییەکەی و لە بەسووك سەیرکردن و رق لە کۆمەڵگەکەی دەکا، هەست بە ئازادبوون دەکا لەو کۆتانەی دەیانویست ناچاری بێدەنگی بکەن.

توندوتیژیی چەوساوە و دوورخراوان بەزۆری ئامرازی دەربڕینن تا ئەوەی ئامرازی کار بن و زیاتر داواکردنی ناسنامەیە تا ئەوەی گەڕان بێ بەدوای کاریگەربووندا "من توندوتیژم، کەواتە من هەم". توندوتیژی ئامرازی ئەو کەسانەیە نە تەنیا بوونیان بەنەزانراوی نەماوەتەوە، بگرە پشتگوێ خراوە، تا دان پێدانان بەدەست بێنن. لەو بارەیشدا توندوتیژی ئامرازێکە بۆ یاخیبوون لەو پشتگوێ خستنە. لەبەرئەوەی دەرفەتیان نەبووە گوزارشت لە خۆیان بکەن و لەڕێی قسەکردنەوە پێوەندی ببەستن، هەوڵ دەدەن لەڕێی توندوتیژییەوە گوزارشت لە خۆیان بکەن و ئەو توندوتیژییە شوێنی ئەو قسەکردنە دەگرێتەوە کە لێیان زەوت کراوە. توندوتیژی دەیەوێ زمانێك بێ و یەکەم شت گوزارشتە لە نەهامەتی و بانگەوازە بۆ فریاکەوتن و پێویستە بەو شێوەیە لێك بدرێتەوە.

بەڵام ئەوە خەیاڵپڵاوییە گومان وابێ هێزی قسە راستەوانە لەگەڵ توندوتیژییەکەیدا دەگونجێ، لەڕاستیدا دژیەکییەکی ریشەیی لەنێوان قسە و توندوتیژیدا هەیە: چونکە یەکەمیان دەوەستێ کاتێ دووەمیان دەست پێدەکا. قسەیەك کە ببێتە توندوتیژی خۆی وەك قسە رەت دەکاتەوە. کەواتە بۆ سەرکۆنەکردنی ئەو بەهانە درۆزنانەی بەهێزەکان وەك هەوڵێك بۆ پەردەپۆشکردنی ستەمەکانی رژێمی ئارا پەنایان بۆ دەبەن، هەڵەیەکی گەورەیە ئەرکەکانی ئەقڵ فەرامۆش بکەین. کاتێ زمانی یاخیبوون رێگە بە جوێن و داشۆرینی دژبەر دەدا، ئەوە تەنیا گوزراشتە لە قیڕەیەك، واتە قسەیەکی ناڕۆشن و لێرەشەوە نەبیستراو و لێ حاڵی نەبوو. تەنیا گوتاری ژیرانە دەتوانێ درۆ و دەلەسەکانی گوتارە رەسمیەکان و دژیەکی و درۆکانی ریسوا بکا، کە داوا لە هاووڵاتیان دەکا بەبێدەنگی پشتگیری بکەن.

رێکخستنی خۆپیشاندانێکی جەماوەری لە شەقامدا رێك قسەکردنێکی دەستەجەمییە کە ئەو هاوولاتیانەی دەیانەوێ کەڵك لە مافی خۆیان لە قسەکردندا وەربگرن، پەنای بۆ دەبەن. دەشکرێ بەرێگەیەکی بەرهەستەوە، لەرێی بڵاوکراوە و پۆستەرات و نووسینی دیواری "هێنانە گۆی دیوار" و لافیتەی قوماش و دروشم و سروودەوە، گوزارشت لەم قسەکردنە ئاشکرایە بکرێ. تەنانەت لەپێناو کاریگەریی خودی خۆپیشاندانەکەیشدا پێویستە ئەو قسەی تێیدا دەکرێ ناتوندوتیژانە بێ. هەروەك ئامانج لە خۆپیشاندانەکە بانگهێشتکردنی دەزگاکانی راگەیاندنە (رۆژنامە و ئێزگەی و کەناڵی تەلەڤزیۆنی) تا "قسە ببەخشرێتە" خۆپیشاندەران. بۆ ئەو مەبەستەیش دەکرێ کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی یاخۆ زیاتر رێك بخرێ.

زبرنەبوونی قسە یەکێکە لە ئەرکەکانی ناتوندوتیژی، چونکە هەر قسەیەك دژ بە ستەم و توندوتیژی و جەنگ بۆ ئەوەی کرداری بێ، پێویستە قسەی ئاشتی بێ، چونکە توندوتیژیی قسە بەشداری لە جەنگدا دەکا. پەروەردەکردن لەسەر قسەکردنی ناتوندوتیژانە پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزترە لە پەروەردەکردن لەسەر قیرەیەکی توندوتیژ. دەسەڵاتی وشە لە راستیی وشەکەوە سەرچاوە دەگرێ، نەك لە توندوتیژبوونیەوە. لەبەرئەوە رای گشتی بەدەمەوەهاتنی بۆ قسەی ئاشتیخوازانە زیاترە تا قسەی توندوتیژی کە ئەزیەتی دەدا. قسەی ژیرانە و کاری ناتوندوتیژانە هەریەکەیان ئەوی تریان پشت ئەستوور دەکا، چونکە قسە پێداگری لەسەر واتای کارکردن دەکا و بەپێچەوانەیشەوە، بەشێوەیەك قسە لە گەرمەی تێکۆشاندا کارە و کاریش قسەیە.

بەم شێوەیە رێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە لەئاست ئەو جەماوەرەی دەبینێ و دەبیستێ، توانایەکی پەروەردەیی زۆر بەهێزتری هەیە لە هێزی رێگەکانی کاری توندوتیژ. ئەوەتا لەکاتێکدا خۆپیشاندانی توندوتیژ زۆرجار مەترسیی ئەوەی لەسەرە تەنیا مۆنۆلۆجێکی جەنجاڵ و شپرز بێ لەبەردەم جەماوەرێکدا کە نامۆیە بەو کارەی —بەبێ ئەو— لەبەردەمیدا دەگوزەرێ، دەکرێ خۆپیشاندانی ناتوندوتیژانە ببێتە دیالۆگێکی راستەقینە لەگەڵ جەماوەر، کە خۆی پێشوەخت لە کارەکەدا بەشدارە.

لە رژێمێکی دیکتاتۆریدا تەنیا قسەکردن خۆی لە گۆرەپانی گشتیدا بۆ سەرکۆنەکردنی ئەو پاشاگەردانیەی لەئارادایە، کارێکی زۆر مەترسیدارە و پێویستە ئەوەی ئازایەتیی ئەنجامدانی ئەو سەرکێشیەی هەیە چاوەروانی رووبەرووبوونەوەی خراپترین جۆری چەوساندنەوە بکا. دیارە قسەی دروست، بەتەنیا توانای راگرتنی ستەمی نییە، بەڵام قسەی هەق خۆی بەتەنیا توانای ئەوەی هەیە سنوورێك بۆ ئەو درۆیە دابنێ کە ستەمەکەی داپۆشیوە. بەم واتایەیش پێشوەخت سەرکەوتووە.

*** دیالۆگ**

## هاوكاری نەكردن

بنەمای بنچینەییی ستراتیجیەتی كاری ناتوندوتیژانە بریتییە لە بنەمای هاوكاری نەكردن، ئەویش لەسەر ئەم شیكردنەوەیە دامەزراوە: ئەوەی هێزی ئەو ستەمكارییانە دروست دەكا كە لە ئەنجامی ئەو پاشاگەردانیەی لە كۆمەلگەیەكدا لەئارادایە دێنەكایە، بریتییە لە تێوەگلان، واتە هاوكاری كردنی نەرێنیی زۆرینەی بێدەنگی هاوولاتیان، جا بەویست بێ یان بەزۆر. بەرەنگاریكردنی ناتوندوتیژانە دەیەوێ ئەو تێوەگلانە تێك بشكێنی، ئەویش لەرێی رێكخستنی زنجیرە كارێكی هاوكاری نەكردنی بەكۆمەڵ لە گەڵ ئەو بنیاتە كۆمەلایەتی یان ئابووری یاخۆ سیاسییانەی دەبنە مایەی ئەو ستەمكاریانە و هێشتنەوەیان.

ئەو دەسترۆیشتووانەی دەیانەوێ چییان دەوێ بەسەر گرووپێكی كۆمەلایەتی یان دەستەیەكی سیاسیی دیاریكراودا بسەپێنن، هێزی خۆیان بەشێوەیەكی سەرەكی لەو دەسەلاتەوە وەردەگرن كە ئەو كەسانەی –بەخۆشی بێ یاخۆ بەترشی– هاوكارییان لەگەڵدا دەكەن. بۆیە دەبێ بەرەنگارییەك رێك بخرێ، ئەویش بە بانگێهشتی هەموو ئەندامانی ئەو گرووپ یان دەستەیە بكرێ بۆ راگرتنی هەر هاوكەریەكیان لەگەڵ ئەو دەسترۆیشتووانە و بەوەیش دەستیان ببڕن لە هەر پالپشتییەك كە بۆ مسۆگەركردنی بالادەستییان پێویستیانە. ئیدی هەر لەوكاتەی كارەكانی هاوكاری نەكردن دەتوانن سەرچاوەكانی هێزی دەسەلاتدارانی ئارا وشك بكەن و بەوەیش هیچ ئامرازێكیان بەدەستەوە نامێنێ بۆ سەپاندنی سام و گوێرایەلییان، پالەپەستۆ و زۆرلێكردنیش دەست پێدەكا. بەو هاوكاری نەكردنە دەشێ هاوسەنگییەكی نوێی هێز بێتە كایە كە دەرفەت بداتە بەرەنگاریكاران دەسەلاتی خۆیان بەكار بێنن و دان بە مافەكانیاندا بنرێ.

لەم روانگەوە، ستراتیجیەتی كاری ناتوندوتیژانە هەوڵ دەدا كۆمەڵێ چالاكیی هاوكاری نەكردن لەگەڵ دامەزراوە و یاسا و ئایدیۆلۆجیا و رژێمە سیاسیەكان و ئەو دەولەتانە رێك بخا، كە ماف و ئازادییەكانی مرۆڤ پێشێل دەكەن. ئامانجیش لەوە پەكخستنی میكانیزمە سەرەكیەكانی دەزگا جۆراوجۆرەكانی چەوساندنەوە و سەركوتكردنە، بەمەبەستی سەرلەنوێ چەسپاندنەوەی دەولەتی یاسا.

لەڕاستیدا خەلك لەبەردەم ستەمدا، زیاتر پەنا بۆ ملدان بە هاوكاریكردن (تێوەگلان) دەبەن تا پەنابردنیان بۆ توندوتیژی. وشەی "مامەلەكردن" (تێوەگلان) collaboration بەگشتی هەلۆێستی ئەوانە پیشان دەدا كە پەیمان لەگەڵ دوژمن دەبەستن، بەلام جێی خۆیەتی واتایەكی زۆر فراوانتری پێ بدرێ، چونكە "مامەلەكردن" (تێوەگلان) هەلۆێستی هەموو ئەوانەیە كە بە ستەمی ئەو پاشاگەردانیەی لەئارادایە رازین. هەربۆیە هێندەی دروستە ناتوندوتیژی بە مامەلەی زۆرینە لەگەڵ دوژمن بەراورد بكرێ، هێندە دروست نییە بەراورد لەنێوان ناتوندوتیژی و توندوتیژیی كەمینەدا بكرێ.

دەكرێ لە چوارچێوەی هەمان شەرعیەتدا دەست بە رێكخستنی هاوكاری نەكردن بكرێ، ئامانجیش خستنەگەڕی تەواوی ئەو هێزەیە كە ئامرازە شەرعیەكان لە رەوتی كاری سرووشتیی دامەزراوە دیموكراسییەكانی كۆمەلگەدا پێشكێشی دەكەن، بەلام كاتێ ئەم هاوكاری نەكردنە نەتوانێ ئامرازی ئەوتۆ پێشكێش بكا كە بەهۆیانەوە بتوانرێ بەرەنگارییەكی كاریگەری ستەمەكە بكرێ، ئەوكاتە پێویستە بەرەنگارییە ناتوندوتیژانەكە بگۆڕێ بۆ یاخیبوونی مەدەنی.

زۆرجار روو دەدا خەلك هاوكاریی لەگەڵ ئەو ستەمە دەكەن كە خۆیان قوربانیی ئەون، بەوەیش خۆیان دەبنە بایسی ئەو خراپانەی بەرۆكیان دەگرێ، واتە سەركوتكراوان لە بەرپرسیاریەتیی سەركوتكردنەدا بەشدارن. لێرەشەوە سەركوتكراون لە پرۆسەی "گۆڕان بۆ قوربانی" victimisation دا كلۆم دەدرێن و وا هەست دەكەن سەركوتكردنەكەیان چارەنووسە و لەنێوچاویان نووسراوە و لەئاستیدا هەست بە دەستەپاچەییەكی تەواو دەكەن.

كاری یەكەمی بەرەنگاری ئەوەیە مرۆڤ رازی نەبێ بەوەی قوربانی بێ و بە "نا"یەك بەگژ ستەمدا بچێتەوە كە بتوانێ گژبەریی حەتمیەتی چارەنووس بكا.

## ناسەربازگەرایی

وشەی ناسەربازگەرایی antimilitarisme هەر بە واتا حەرفیەکەی وەرگیراوە کە نەیارییە بۆ سەربازگەرایی militarisme. سەربازگەراییش بریتییە لە زاڵبوونی دامەزراوەی سەربازی بەسەر ژیانی کۆمەڵگەدا، بەشێوەیەك هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ سەر دیموکراسی دروست بکا. مێژوو نموونەی چەندان گەلمان پێشکێش دەکا کە تێیاندا سوپا بەسەر کاروباری کۆمەڵگەدا زاڵ بووە و ناکۆکیی سروشتی ڕژێمی سەربازی و ڕژێمی دیموکراسی پێشان داوە. کاتێ سوپا بڕیار دەدا بە بەکارهێنانی ڕێگە تایبەتەکانی خۆی لە حوکمڕانیکردنی شاردا هاووڵاتیان "تەمبێ" بکا، بەدڵنیاییەوە مەترسی بۆ سەر ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ دروست دەبێ. بەسەربازگەکردنی کۆمەڵگەکان سەرکێشییەکی بەهێز و مەترسیدارە بۆ سەر دەسکەوتەکانی شارستانێتی. بەم واتایەش، هەموو دیموکراتخوازەکان چاریان ناچارە کە بە ورەبەرزییەوە نەك پشتیوانیی خۆیان بۆ ناسەربازگەرایی رابگەیەنن، بگرە خەباتیشی لەپێناودا بکەن. با ئەوەیش بڵێین کە ئەو سەربازییانەی بەقووڵی وابەستەن بە بەهاکانی دیموکراسییەوە و تەنیا بۆ ئەو مەبەستەیش چوونەتە کەرتی سەربازی، ئەوانیش بەم واتایە ناسەربازگەران.
هەروەها ناسەربازگەرایی دژ بە ئایدیۆلۆجیای سەربازگەرایە کە بە شان و باڵی جەنگدا هەڵدەڵێ وەك گۆڕەپانی بەهێزترین بەرجەستەبوونی مەردایەتیی گەلێکی دیاریکراو و وا دادەنێ نەتەوە تەنیا بە چەك دەتوانێ چارەنووسی خۆی لە مێژوودا رەنگڕێژ بکا. لێرەشدا دەبێ هەموو دیموکراتخوازەکان بچنە ریزی ئەو نەیارییە بۆ سەربازگەرایی. هەروەك رەتکردنەوەی ئایدیۆلۆجیای سەربازگەرا یەکێکە لەو هۆیانەی وا لە خەباتکارانی ناتوندوتیژی بەگشتی دەکا، کە لەئاست سوپادا "بەرهەڵستیی ویژدان" تۆمار بکەن.
بەڵام دەبێ ئەوەیش روون بکرێتەوە کە ناسەربازگەرایی بەگشتی واتایەکی تری هەیە، چونکە چەمکەکە تەنیا وەك سەرکۆنەکردنی سوپا دەرناکەوێ، بگرە سەرکۆنەی ئەو سەرباز و ئەفسەرانەیشە کە بەهەڵە وا گومان دەبرێ هەموویان بە بوونی هێزەکی، "بکوژ" و "تاوانباری جەنگ"ن. بەدڵنیاییەوە هەموو کردە سەربازییەکان ئامانجیان پاراستنی دیموکراسی نییە لە هەڕەشەیەکی تۆتالیتاری، یان بەرگریکردن لە ئازادی دژ بە شێوەکانی ستەم و زۆرداری. زۆرن ئەو هەلومەرجە مێژووییانەی تێیاندا سەربازییەکان —زۆر بەداخەوە— لە چەندان تاوان گلاون کە زەبری ترسناکیان لە مافەکانی مرۆڤ داوە و پێویستە بە "تاوانی جەنگ" دابنرێن. بەڵام نابێ پەنجەی تۆمەتبارکردن بۆ هەموو ئەو کەسانە درێژ بکرێ کە لەنێو سوپادان. لەڕاستیدا "رەگەزپەستی"ی ناسەربازگەرا رێك لەم گشتاندنە زێدەڕۆ و ستەمکارانەدایە.
جەنگ هەمیشە قڕکەری مرۆڤە، هەربۆیەشە ناتوندوتیژی مل نادا بەوەی رەوایی بە ئامرازەکانی بدا، بەڵام ئەمە پاساو نییە بۆ ئەوەی هەموو کەسانی سەربازی بە بکوژ تۆمەتبار بکرێن. ناتوندوتیژی ناسەربازگەراییەك رەت دەکاتەوە کە لەسەر تۆمەتبارکردنێکی لەم جۆرە دامەزرابێ. ئەوانەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرن خۆیان دوور دەگرن لەوەی خۆ بکەنە دادوەر بۆ لێپرسینەوە لە نیەتی ئەوانەی دەڵێن پێویستە خۆ بۆ بەکارهێنانی چەك ئامادە بکرێ بۆ بەرگریکردن لە ئازادییە بنچینەییەکانی مرۆڤ و گەلان دژ بە ئەگەری هەر دەستدرێژییەك. بگرە ئەوان پێشنیازی ئەنجامدانی گفتوگۆیەك دەکەن لەگەڵ سەربازییەکان، کە لە هەمان کاتدا دژ و بنیاتنەر بێ و هاوکات ئەگەرەکانی داخزان بەرەو سەربازگەرایی و ئەو دەرفەتانەی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە پێشکێشیان دەکا، تاوتوێ بکەن.

*** بەرهەڵستیی ویژدان**
*** جەنگ**
*** بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە**

# ناتوندوتیژی

کاتێ باسی "ناتوندوتیژی" دەکرێ، پێویستە جیاوازییەك هەیە بکرێ کە خافڵکردنی زۆر تێکەڵ و پێکەڵی دروست دەکا و پێداگری لەسەر بکرێ، ئەویش جیاوازیکردنە لەنێوان ئەرکی ناتوندوتیژیی فەلسەفی و ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە، چونکە ئەم دووانە هەریەکەیان لە دوو ئاستی جیاوازدا کار دەکەن کە جێی خۆیەتی بۆ روونەدانی تێکەڵبوون، جیاوازی لەنێوانیاندا بکرێ نەك لێك جیا بکرێنەوە. ناتوندوتیژی وەك بنەمایەکی فەلسەفی داواکردنی واتایە لەکاتێکدا رێبازی کارکردن گەڕانە بەدوای کارابیدا.

مەهاتما گاندی بوو کە وشەی "ناتوندوتیژی" nonviolence پێشکێشی رۆئاوا کرد و زاراوەی ahismaی سنسکریتی کە لە دەقەکانی ئەدەبیاتی هیندۆسی و جەینی و بووزیدا باوە، بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕا. کە لە پێشگری a و ناوی hisma – کە واتای ئارەزووی ئازاردانی بوونەوەرێکی زیندوو دەگەیەنێ، پێك دێ. ئەهیمشا داننانە بە بوونی ئارەزووی توندوتیژی لەنێو مرۆڤدا –کە پەلی دەگرێ بەرەو ویستی دوورخستنەوە و و پەراوێزخستن و سڕینەوەی ئەوی تر و ئازار پێگەیاندنی– و ئەنجا هەوڵدان بۆ رامکردنی ئەو ئارەزووە و کۆنترۆڵکردن و گۆڕینی.

ئەگەر داتاشینی وشەکە وەربگرین ئەوا دەکرێ وەری بگێڕین بە "بێتاوانی" in-nocence. هەردوو داتاشراوەکەی ئەو دوو وشەیە وەك یەکن: وشەی innocent لە وشەی in-nocensی لاتینی داتاشراوە. فەرمانی nocere (ئازاری دا) خۆیشی لە وشەی nex یان necis داتاشراوە بەواتای "مردنی توندوتیژ" یان "کوشتن". هەروەها "بێتاوانی"ش بەواتای وردی وشەکە فەزیلەتی ئەو کەسەیە خۆی بە هیچ توندوتیژییەکی بکوژ دژ بە کەسانی تر گوناهبار ناکا. بەڵام لەم رۆژانەی خۆماندا چەمکی بێتاوانی زیاتر ئەو پاکییە جێگومانەی کەسانێك وەبیر دێنێتەوە کە لە نەزانی یان نەتوانیدا خراپە ناکەن، نەك لەچاکیدا. بۆیە نابێ هەڵوێستی ناتوندوتیژانە لەگەڵ ئەو جۆرە "بێتاوانی"ەدا تێکەڵ بکرێ. بەڵام ئەم خوار و خێچییەیش لە واتاکەدا ئاماژەی خۆی هەیە: وەك ئەوەی خراپە نەکردن جۆرە نەتوانییەکی تێدایە! ناتوندوتیژی بایەخ بۆ "بێتاوانی" دەگێڕێتەوە وەك فەزیلەتی مرۆڤی بەهێز و دانایی مرۆڤی دادپەروەر.

کاتێ مرۆڤ توندوتیژی تاقی دەکاتەوە و خۆی لە هەڵچوونەکانی دوور دەخاتەوە تا بتوانێ بیر بکاتەوە، ئەوا دان بەوەدا دەنێ کە توندوتیژی پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆڤایەتییە، لە خۆی و لە مرۆڤەکەیتریشدا و لە هەمان کاتیشدا خواستی ناتوندوتیژی لە ناخی خۆیدا دەدۆزێتەوە. من–ی ئەزموونی خۆی بە توندوتیژ دەبینێ و خۆیشی بەوە ناو دەنێ، لەبەرئەوەی بۆ منێکی ناوخۆیی دەگەڕێتەوە کە ناتوندوتیژی دەخوازێ. ئەم خواستەی ویژدان لە مرۆڤدا ریشەدارە بەر لەوەی رێی لە توندوتیژی بکەوێ، چونکە ئەرکی ناتوندوتیژی پێش ئارەزووی توندوتیژی دەکەوێ و لە بانیەوەیە، ئەو رەسەن و بنچینەییە.

لەگەڵ ئەوەیشدا مرۆڤ تا ئەزموونی نەکا هەست بە نادروستی و نامرۆڤایەتیی توندوتیژی ناکا. ئەوکاتە لەوە تێدەگا کە ناتوانێ مرۆڤایەتیی خۆی دروست بکا تا بە "نا"یەکی بنبڕ بەرامبەر توندوتیژی نەوەستێ و هیچ رەواییەکی پێ نەدا. کاتێ مرۆڤ بەپێداگرتنی لەسەر ئەوەی ناتوندوتیژی مرۆڤایەتیی مرۆڤ دادەمەزرێنێ و رەنگرێژی دەکا دەڵێ "نا بۆ توندوتیژی"، ئەوە واتای رەتکردنەوەی ئەو لابەندی (ولاء)ەیە کە توندوتیژی لە هەموو مرۆڤێکی دەخوازێ. خۆ نەبانکردن لەم ئەرکە واتای نکوڵیکردنە لە توانای مرۆڤ بۆ شکاندنی یاسای "زەرورەت"، واتای ئەوەیە بەڕەوای مرۆڤی نابینین لە قەدەری حەتمی رزگاری بێ و ببێتە مرۆڤێکی ژیر. خواستی ناتوندوتیژی بەمەدەنیکردنی ژیانە.

ئەو کەسەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ مرۆڤێکی مەدهۆشە، توندوتیژی ئەبلەقی دەکا، جا چ توندوتیژیی خۆی بێ یان هی خەڵکی تر. واتە ئەوەی سوورە لەسەر ناتوندوتیژی کەسێکە توندوتیژی بریندار دەکا. شێواندنی رووت بە توندوتیژی بە

لوتکەی چەپەڵی دادەنێ و یاخیبوونی تێدا دەوروژێنێ. ئەو لە دەقگرتنەکانی توندوتیژی دەردەچێ کە باڵی بەسەر دنیادا کێشاوە. بەلای ئەوەوە کوشتن بێڕەوشتانەیە نەك مردن. ئەو لە ریسوایی توندوتیژیدا بەڵگەنەویستیی ناتوندوتیژی دەبینێ.
زۆرجار وتراوە وشەی "ناتوندوتیژی"، لەو رووەوە لە شێوەی نەرێکردن (نەفی)دا هاتووە، بەخراپی هەڵبژێردراوە و زۆر ناڕوون و تێکەڵیی تێدایە، بەڵام پێویستە یەکەم شت پێداگری لەوە بکەین کە نەرێکردن تاك نییە بەڵکو جووتە مادەم توندوتیژی بە پێشێلکردنی حورمەتی ژیان دادەنێین، ئەمەیش جەختکردنەوەیەك بەو وشەیە دەدا، بەتایبەت کە وشەی "ناتوندوتیژی" بەخودی نەرێنییەکەی سرووشتێکی یەکلاکەرەوە وەردەگرێ، چونکە هەر بەوە بوار بۆ کێشانەوەی رەوایی لە توندوتیژی دەڕەخسێنێ. ئەوە زاراوەیەکی راسترە بۆ دەربڕینی مەبەست: واتە رەتکردنەوەی هەموو پرۆسەکانی شەرعیەت پێدان و پاساودان کە توندوتیژی دەکاتە مافێك لە مافەکانی مرۆڤ.
ئەگەر وشەی "ناتوندوتیژی" لە داڕشتنیدا نەرێنکردنێکی راشکاوانەی تێدایە، واتای ئەوە نییە کە ناتوندوتیژیی نەرێنکردنی توندوتیژییە، بگرە واتای ئەوەیە هەڵوێستی بەرەنگاریکردنێکی راستەقینەی توندوتیژی وەردەگرێ، واتە ئامانجی بنبڕکردنی هۆ و ئەنجامەکانیەتی. ئەو "نا"ی نەرێنکردنەی ناتوندوتیژی بەهۆیەوە رووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە "نا"ی بەرەنگاریکردنە. لە دەرەنجامیشدا ناتوندوتیژی هێندەی تێکۆشانە دژی توندوتیژی، ئەوەندە رەتکردنەوەی توندوتیژی نییە. ئەو بەدڵنیاییەوە گتکردنە، بەڵام گتکردنێکە کە خۆی لەخۆیدا کارکردن دەخوازێ.
ئەگەر وێنای لێك نێزیکی دوو وشەکە "توندوتیژی/ناتوندوتیژی" بکەین، بەڕوونی دەبینین پێکهاتەی وشەی ناتوندوتیژی خۆی هەر جۆرە لێکچوون و ئاڵوگۆڕ و شوێن هەڵگرییەك لەگەڵ توندوتیژی تێك دەشکێنێ. ئەگەر توندوتیژی هەمیشە لە حاڵەتی دووسەرەدا لەگەڵ دژبەر بەکار دێ، ئەوا ناتوندوتیژی هەمیشە بە یەکسەرە بەکار دێ.
بژارەی ناتوندوتیژی بەگەڕخستنی ئەرکی ویژدانی ئەقڵانیی گەردوونییە لە ژیانماندا، ئەو ویژدانەی کە ئەویش بە شێوەی فەرمانکردنی نەرێنکراو دێتە دەربڕین و دەگوترێ "مەکوژە". ئەم حەرامکردنی کوشتنە حەرامکردنێکی جیهانیی سەرتاپاگیرە، هەروەها جەوهەرییە، چونکە ئارەزوو بۆ کوشتن لە هەمووماندا هەیە. کوشتن حەرامکراوە لەبەرئەوەی هەر کاتێ ئەگەر هەیە روو بدا، ئەو ئەگەرەیش سەر بۆ نامرۆڤایەتی دەکێشێ. حەرامکردن پابەندییە لەبەرئەوەی هەڵفریواندن (اغراء) بۆ کوشتن بەهێزە. چەندەیش هەڵفریواندن بەهێزتر بێ حەرامکردنەکەیش زیاتر پابەندکارە.
کەواتە ناتوندوتیژی یەکەم جار ئەرکێکی نەرێنییە و داوا لە مرۆڤ دەکا چەکی هەڵچوون و ئارەزوو و هەستەکان و زرنگی و هەردوو باڵی دابماڵێ تا بتوانێ خۆی لە هەر "بەدنیاز"ییەك دەرهەق بە مرۆڤەکەی تر قوتار بکا. ئەوکاتە ئازاد دەبێ لە نیشاندانی "نیازپاکی"ی خۆی و دەربڕینی "چاکەویستی"ی خۆی بۆی.
کەواتە ناتوندوتیژی پێش لەوەی رێبازی کارکردن بێ، یەکەم شت و لە بنچینەدا هەڵوێستێکە. هەڵوێستی ئەخلاقی و رۆحیی مرۆڤی سینەفراوانە کە دان بەوەدا دەنێ توندوتیژی نەرێنکردنی مرۆڤایەتییە —مرۆڤایەتیی خۆی و ئەوی تر لە هەمان کاتدا— و رەتی دەکاتەوە ملکەچی یاساکەی بێ. ناتوندوتیژی رێزگرتنی شکۆی مرۆڤایەتیی مرۆڤە، لەودا و لە هەموو مرۆڤێکی تریشدا. ئەم جۆرە هەڵوێستە لەسەر بناغەی قەناعەتێکی وجودی دامەزراوە کە بریتییە لەوەی "لە بەرەنگاریکردنی توندوتیژیدا، ناتوندوتیژی لە دژە—توندوتیژی بەهێزترە". لە تایبەتمەندییەکانی توندوتیژی ئەوەیە دەبێتە مایەی هاندانی توندوتیژیەکی تر، واتە توندوتیژی زنجیرەیە و ناتوندوتیژی دەیەوێ ئەو زنجیرەیە بپچڕێنێ، چونکە توندوتیژی دواجار رێگە بۆ لەناوبردنی سیستمی توندوتیژی خۆش ناکا، لەبەرئەوەی خۆیشی بەشێکە لەو سیستمە و بێپەروا بەهێزی دەکا.
توندوتیژی وا گومان دەبا کە خراپە لەنێو دەبا، بەڵام ئەو خۆی خراپەیە، وادەزانێ دنیا پاك دەکاتەوە بەڵام ئەو خۆی پیسییە. دژە توندوتیژیش بەدڵنیاییەوە "توندوتیژیی پێچەوانەیە"، بەڵام "پێچەوانەی توندوتیژی" نییە. هەمان توندوتیژی نییە بەڵام ئەویش خۆی توندوتیژییە. جۆرە توندوتیژییەکی ترە بەڵام ئەویش توندوتیژییە. هەڵبژاردنی ناتوندوتیژی

لەبەردەم ئەو توندوتیژییەی سەپاوەدا، رەتکردنەوەی کاردانەوەیە کە واتای بەرەنگاریکردنی توندوتیژییە بە توندوتیژی، بەوەیش هەمان خراپە دووبارە دەکرێتەوە. بەپێچەوانەوە، بڕیاردانی ئازادە بۆ پچڕینی زنجیرەی تۆڵەسەندنەوە.
گرەوەکە لێرەدا لەسەر ئازادییە و لەوە کەمتر نییە– ئازادیی بکەرێکە کە بە هێز و ئازایەتی رووبەڕووی سەختیی بارودۆخ دەبێتەوە. ئامانجیش بڕیاردانە. بەڵام ئەی چییە رێمان لێدەگرێ بۆ هەڵبژاردنی سەربازگەکەمان و پێداگرتن لەسەر ناتوندوتیژی؟ ئاخۆ لەبەرئەوە نییە ئێمە بەئاسانی خۆ بەدەست باوەڕهێنانی ساویلکانە بە پاساوی "زەرورەت" دەدەین و ئامادە نین بڕوا بە ئازادیی مرۆڤ بێنین؟ ئاخۆ لەبەر ئەوە نییە چێژ لەو بیرۆکەیە وەردەگرین کە لە پێشینانمانەوە بۆمان ماوەتەوە و پێی وایە توندوتیژی شەریف و رێزدار و بەواتایەك لە واتاکان لە ناوچاوی چارەنووسی مرۆڤایەتی نووسراوە؟ ئایا لەبەرئەوە نییە بە میرات یان نەریتی دادەنێین؟ ئاخۆ ئەم ئامانجە شاراوانە لەخشتەمان نابەن و بەوە توانای ئیرادەمان پەك بخەن؟ ئاخۆ ئەم نیازە شاراوانە زەوییی بڕیاردانمان مینڕێژ ناکەن؟ تەنانەت پێش لەوەی هەڵیش بژێرین، شتەکە بڕیاری لەسەر دەدرێ و کۆتایی دێ و خۆمان لەسەر بیرۆکەی زەرورەت جێگیر دەکەین.
ئەرکی ناتوندوتیژی بانگەوازە بۆ کودەتا conversion، کودەتا لە دڵ و لە تێڕوانین و لە زرنگیدا. هەموو کودەتایەکیش دابڕان و لەتبوون و تێپەڕاندن و وەلاخستن و بێزارکردن و شپرزکردن و گۆڕان و لادان و کۆچکردنە. هەموو کودەتایەك دەستکردنە بە گەشت، بەڵام هەموو "گەشت"ێك داهێنانێکی نوێیە. مرۆڤ بۆ ئەوەی بۆ ناتوندوتیژی لێ بڕێ، پێویستە لەو خەوە وجودییە بێدار بێتەوە کە تێیدا مرۆڤایەتییەکەی خەواڵو بووە. لەو خەوەدا بەشێوەیەکی نەرێنی تاك ملکەچی نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگە دەبێ کە وزەی ئەوەی نییە گومانیان بخاتە سەر. کەواتە پێویستە دواجار چ بڕیارێك بدا؟ پێویستە سنوورەکانی زەرورەت دوور بخاتەوە، ئەویش بە رۆشنبیرکردنی خۆی بە ناتوندوتیژی.
ناتوندوتیژی وەك هەر ئەرکێکی ئەخلاقی، دوانە روویەك پیشان دەدا: یەکەمیان داوای نەگلان لە توندوتیژی و دووەمیشیان داوای کارکردن لەپێناو دادپەروەری دەکا. هەر هێندەی مرۆڤ تانەی لە دروستیی توندوتیژی دا ئیدی دەتوانێ کاری ئەرێنیی ناتوندوتیژی بەئەنجام بگەیەنێ و نیازپاکی و باشکاری بەرامبەر ئەوی تر پیشان بدا. فەزیلەتی ناتوندوتیژی یەکەمین ئەرکی فەلسەفەیە: ئەو خۆی بنەمای ئازادی و داناییە. ناتوندوتیژی ئەو ئەرکەیە کە هەر ئەو ساتەی مرۆڤ مەیلێك لەخۆیدا بۆ ئازاردان دەبینێ، خۆی بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێ. ئەو وا گریمانە دەکا مرۆڤ باشکاری تێدایە. هەربۆیە فەلسەفە وەك باڵاترین سەرچاوەی مرۆڤایەتیی مرۆڤ دان بە ئەرکی ناتوندوتیژیدا دەنێ.
ناتوندوتیژی لە بنەڕەتدا مرۆڤ ناچار دەکا بەباشی رەفتار لەگەڵ دوژمنان، واتە لەگەڵ توندوتیژان بکا، تەنیا ئەوکاتەیش واتای راستەقینەی وەردەگرێ. ئای چەندە بەرتەسکە ئەگەر ناتوندوتیژی تەنیا بەرامبەر دۆستان بکرێتە ئەرك! ناتوندوتیژی ئەو دەرگایەیە مرۆڤ دەخاتە سەر رێگەی رێزگرتن و میهرەبانی و باشکاری و خۆشەویستی، دوورتر لەوەیش بۆ رێگەی بڵندبوونەوە. بەڵێ، ناتوندوتیژی جۆرە بڵندبوونەوەیەك پێشکەش دەکا، بەڵام هیچ "رەها"یەك ناسەپێنێ، ئەوەیش لە هەر ڤایرۆسێکی ئایدیۆلۆجی دەیپارێزێ.
رێزگرتن و میهرەبانی و باشکاری و خۆشەویستی لە مرۆڤ ناخوازن لە ماڵەکەی خۆیدا خەڵوەت بکێشێ، بگرە ناچاری دەکەن بەرەو دەرەوە کار بکا. جا ئەگەر جێی خۆی بێ، جەخت لە مۆرکی سەرتاپاگیرییانەی ناتوندوتیژی وەك ئەرکێکی رۆحی بکرێ، ئەوا پێویستە دان بە سرووشتی رێژەییانەی ناتوندوتیژیدا بنرێ وەك کارێکی سیاسی. ئەرکی ناتوندوتیژی لەخۆیەوە وەڵامێکی راستەوخۆ و بەدەستوبرد لەبارەی پرسی چۆنیەتیی رەفتارکردن بەکردەوە لە دۆخی مێژوویی کارت و شوێنێکی دیاریکراودا پێشکێش ناکا. کاتێ وەختی کارکردن دێ، یەقین جێگە بۆ نایەقین چۆڵ دەکا: ئێمە هەرگیز نازانین گونجاوترین کار کامەیە تا کارێکی باش بکەین، هەرگیز لە ئاکامی کارەکەمان دڵنیا نین. هیچ هەڵوێستێکی بەرهەست نییە کە بەڕوونی بیسەپێنێ دەبێ چی بکرێ لەپێناو ئەنجامدانی کارەکە بەباشی، چونکە هیچ کارێك نییە تەمومژی تێدا نەبێ، هەموو کارێك

ئەزموونە و ئەنجامەکانی کتوپڕ و شیمانەیین. پێویستە هەموودەم کار دابهێنرێ، بەبێ ئەوەی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دڵنیا بین لە دۆزینەوەی باشترین ڕێبازی کار. کارکردن قوتابخانەی لەخۆبوردەییە.

زۆرجار پلار دەگیرێتە ناتوندوتیژی وەك شتێکی پڕوپوچ، بەبەڵگەی ئەوەی "ناتوندوتیژیی ڕەها" مەحاڵە. بەڵام بەدحاڵیبوونێك هەیە، چونکە ناتوندوتیژی قەت لافی ئەوەی لێ نەداوە کە ڕەهایە. بێگومان حاڵەتی ناتوندوتیژی خۆی لەخۆیدا یۆتۆپیایە، واتە لە هیچ جێیەکدا نییە و لە هیچ شوێنێکیشدا بەدی نایە. بەدڵنیاییەوە ئەوەی هەیە بەکارهێنانی دروستی یۆتۆپیایە بۆ بەرجەستەکردنی (میسالیەت)ێك کە داهاتوو ڕوناك بکاتەوە. بەڵام بزووتنەوەی بەدیهێنانی ناتوندوتیژی لە کۆمەڵگە و مێژوودا لە یۆتۆپیاوە دەست پێ ناکا تا لێیەوە بچێتە نێو واقیع، بگرە لە واقیعەوە دەست بە جووڵە دەکا بۆ بەدیهێنانی ئەوەی لەتوانادایە.

بژارەی ناتوندوتیژی لە خەیاڵگەرایی کۆمەڵگەیەکی تەواو ناتوندوتیژدا ڕیشەی دانەکوتاوە تا هەوڵ بدرێ لە واقیعدا بخرێتە کار، بگرە پرۆسەکە تەواو پێچەوانەی ئەمەیە. بگرە ناتوندوتیژی لەسەر چوارچێوەدانی ئەو کارە توندوتیژییە زۆر و زەبەندانەی لە کۆمەڵگەدا هەن و ئیرادەی گۆڕینی ئەو واقیعە لە چوارچێوەی تواناد وەستاوە. نەخێر، ناتوندوتیژی داوای ڕەها ناکا، بەڵکو بەسادەیی داوای ئەوە دەکا کە لەتوانادایە بکرێ. دەستەواژەی "هەموو شت یان هیچ" بەو نامۆیە، چونکە دەیەوێ لەنێوان "هەموو" و "هیچ"دا لێرە و هەر ئێستە ئەوەی "دەکرێ" جیا بکرێتەوە و جگە لەوەی دەکرێ (یاخۆ مومکینە) داوای هیچی تر ناکا، بەڵام "هەموو" ئەوەی دەکرێ بکرێ، ئەو (مومکین)ەی خەڵك پشتی تێ دەکەن، ئەمە ئەگەر سووکایەتی پێ نەکەن. بەم شێوەیە ناتوندوتیژی نە تەنیا ڕێبازێکی خەیاڵگەرا (میسالی) نییە، بگرە لە بابەتی توندوتیژیدا داوای واقیعیەتێکی گەورەتر دەکا.

لە دەرەنجامدا، ئەوە توندوتیژییە کە یۆتۆپیایە. ڕاستە توندوتیژی لە هەموو جێیەك هەیە، بەڵام لە هیچ جێیەکدا بەو ئامانجە ناگا گوایە بەو هۆیەوە پاساوی توندوتیژیەکە دەدا و قەت لە هیچ شوێنێك دادپەروەری لەنێوان مرۆڤەکاندا بەدی ناهێنێ. توندوتیژی هەرگیز لە هیچ جێیەك چارەسەرێکی مرۆییانە بۆ ئەو کێشە حەتمیانەی تانوپۆی مێژووی مرۆڤایەتییان چنیوە، پێشکێش ناکا.

بەدەر لە ئەفسانەکانی گەشبینیخوازی و خەیاڵپڵاویەکانی و سەرکزکردنەکانی ڕەشبینیخوازی و پاشەکشەکانی، ناتوندوتیژی ئومێد لای مرۆڤ دروست دەکا بەوەی دەتوانێ فەزیڵەتی مرۆڤایەتی لە خۆی و کەسانی تریشدا گەشە پێبدا، ئەوەیش واتا بە بوون و مێژووی دەبەخشێ: بە ژیان و تەنانەت بە مردنیشی.

*** خۆشەویستی**

*** حەقیقەت**

*** باشکاری**

*** توندوتیژی**

*** فەلسەفە**

## ڕۆڵ بینین

ڕۆڵ بینین یاخۆ درامای کۆمەڵایەتی sociodrama یەکێکە لە مەشقەکان بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ کاری ڕاستەوخۆی ناتوندوتیژانە و خۆ ڕاهێنان لەسەری. ئەویش بریتییە لە نواندنی دەستەجەمیی هەڵوێستێکی بەکێشەی چاوەڕوانکراو لە چوارچێوەی جێبەندێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی دیاریکراودا. ئەکتەرەکان ڕۆڵی کەسایەتییە جیاوازەکانی نێو کێشەکە دەبینن و هەوڵ دەدەن بەگیان بچنە نێو ئەو ڕۆڵەی دەیبینن وەك ئەوەی ڕاستی بێ.

ئامانجیش لەم کارە ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ هەریەکەیان تا هەمان هەڵچوون و هەستکردن بەخۆوە ببینێ کە دەشێ ئەگەر هاتوو لە واقیعدا خۆی لەبەرامبەر هەڵوێستێکی هاوشێوەدا بینییەوە، بەو دۆخە دەروونییەدا تێ بپەڕێ. بەمەیش دەتوانن جۆری ڕەفتاری خۆیان لەو هەڵوێستەدا باشتر بزانن، ئەویش لەڕێی سەرنجدان لە کاردانەوە و هەڵوێستیان لە پێوەندییان لەگەڵ ئەوانی تردا. پێویستە ئەوەیش متمانە بەخۆبوونێکی زیاتریان پێ ببەخشێ.

ڕۆڵ بینین هەروەها وا دەکا ڕاستتر و تەواوتر ئەو هەڵوێستە نمایشکراوە بناسن. ڕۆڵ بینین یارمەتیی خۆئامادەکردنی دەروونییش دەدا بۆ ڕووبەڕوو وەستانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دژبەران و جەماوەر و پۆلیس لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا. هەروەك یارمەتیی خۆپیشاندەران بەتایبەت دەدا تا بەباشی بێزاری و ترسی خۆیان جڵەو بکەن و بەسەریاندا زاڵ بن. ئەم مەشقکردنە دەرفەت بۆ بەشداران دەڕەخسێنێ تا باشتر یەکتر بناسن و متمانەیەکی بەهێزتری دووسەرە لەنێوانیاندا دروست ببێ.

لەوکاتەی ئەکتەرەکان ڕۆڵی کەسایەتییە جیاوازە کارلێك کردووەکانی نێو دراماکە دەبینن، کۆمەڵە چاودێرێك تەماشایان دەکەن و تێبینی لەسەر هەڵوێستەکانیان تۆمار دەکەن تا بتوانن پاشتر یارمەتییان بدەن باشتر لەو هەڵوێستانەیان تێبگەن.

بۆ بەباشی بەڕێوەچوونی ڕۆڵ بینینەکان پێویست بە بوونی کەسێکی بزوێنەر animatuer دەکا کە زانیارییەکی قووڵ و ئەزموونێکی دوور و درێژی لە ئەنجامدانی ئەو ڕێگەیەدا هەبێ. پێویستە ئەو کەسە، ساتی گونجاو بۆ ڕاگرتنی گەمەکە دیاری بکا. کەمێك پاش ئەوەیش ئەرکی ئەو کەسە سازکردنی گفتوگۆیەك دەبێ لەنێوان هەموو بەشداراندا بەمەبەستی شیکردنەوەی گەمەکە و ڕەخنە لێگرتن و هەڵسەنگاندنی.

## قوتابخانە

قوتابخانە کایەیەکی ناوەندە، شوێنێکی راگوزەرە لەنێوان چوارچێوەی خێزان و جیهانی فراواندا. کاتێ خێزان بەپێی توانا ئارامییەکی سۆزباوی بۆ منداڵ دەستەبەر دەکا، ئەرکی قوتابخانە ئەوە دەبێ وا لەو منداڵە بکا کۆمەڵگەی ئەوانی تر بدۆزێتەوە و فێری "ژیانی هاوبەش" بکرێ. بەوەیش قوتابخانە دەبێتە نموونەییترین شوێن بۆ راهێنانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هاووڵاتییانە. قوتابخانە جیهان نییە، دەبێ پەروەردە منداڵ لە جیهان بپارێزێ، ئەویش تەنیا و تەنیا بۆ ئەوەی بۆ ژیان لەگەڵ جیهان ئامادە بکرێ.

لە یۆنانی کۆن "پەروەردکار" pedagogue ئەو کۆیلەیە بوو کە منداڵی لە ماڵەوە دەبرد بۆ قوتابخانە (وشەی pedagogueی فرەنسی لە وشەی paidogogosی یۆنانی داتاشراوە، کە لە هەردوو وشەی pais یان pedos بەواتای (منداڵ) و agein بەواتای "رێبەری کرد")، ئەم هەنگاوە فێرکارییە و ئەو گەشتە پەروەردەییە کە دەستی منداڵ دەگرێ بۆ دەرەوەی خێزانەکەی تا بیباتە قوتابخانە، بەباشی ئەوە نیشان دەدا کە ئامانجی پەروەردە گواستنەوەی بەها ئەخلاقیەکانە بۆ قوتابی، کە دەیکاتە هاووڵاتییەکی چاک.

ئەوە پیاوچاکان و ژنچاکانن کە کۆماری فەزیڵەت دروست دەکەن، بەڵام کێ منداڵانی کۆمارەکە لەسەر فەزیڵەت پەروەردە دەکا؟ کێ فێری ئەو ئەرکە فەلسەفی و ئەخلاقیانەیان دەکا کە بناغەی هاووڵاتیبوونن؟ ئەوە لە بنچینەدا قوتابخانەیە.

کۆمەڵگەی دیموکراسی هەر دەبێ عەلمانی بێ، بەڵام نابێ عەلمانیەت بەنەرێنی و تەنیا لە وەلانانی کاریگەرییە ئاینی و ئایدیۆلۆجیەکاندا کورت بکرێتەوە، بگرە پێویستە بەشێوەیەکی ئەرێنی وێنا بکرێ، نەك تەنیا لەرێی رێزگرتنی قەناعەتە ئاینیەکانی هەر تاکێك و بەس، بگرە لەرێی فێرکردنی فەلسەفەیەکی ئەخلاقی و سیاسی کە بناغە بۆ ئەرك و مافەکانی هەموو مرۆڤ و هاووڵاتیەك دابمەزرێنێ. ئەو تێزە عەلمانییەی بۆ دارشتنی پەروەردە پەنای بۆ دەبرێ، زۆربەی جار بەدەست کەمایەسیەکی فەلسەفیی ترسناکەوە دەناڵێنێ. بەپێی وێناکردنی دیموکراسییانە بۆ عەلمانیەت، هەموو هزرەکان "شایانی رێزگرتن نین"، چونکە نابێ رێزی ئەو هزرانە بگیرێ کە دژ بەو بەهایانەن بناغەی "جاری گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ" پێك دێنن، بگرە پێویستە رەت بکرێنەوە و شەریان لەتەك بکرێ.

قوتابیانی پۆل پێکەوە ژیانیان هەڵنەبژاردگە، ئەوان خۆبەخشانە نەهاتوون، بەڵکو رێکەوت کۆی کردوونەتەوە، هەروەها ئەوان ملکەچکردنیان بۆ دەسەڵاتی مامۆستایان هەڵنەبژاردووە، قوتابخانە تایفەیەك نییە، بگرە کۆمەڵگەیەکە، وردتر بڵێین کۆمەڵگەیەکە لە باری دروستبووندایە. کەواتە پێویستە لە یەکەم رۆژی سەرەتای ساڵی خوێندنەوە ئامادەسازی بۆ "پێکەوەژیان"ی قوتابی و مامۆستایان بکرێ. کاتێ تاکەکان لە گرووپێکدا پێکەوە دەژین، ناچار دەبن کۆمەڵە رێسایەك دابنێن و رێزیان بگرن تابتوانن پێکەوە بژین. لێرەوە یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی مامۆستایان ئەوەیە لە قوتابخانە برەو بە کولتووری رێزگرتن بدەن، کە تەنیا بەوە دەتوانرێ سنوور بۆ مەترسیی زاڵبوونی کولتووری توندوتیژی دابنرێ.

ئەم رێسایانە کە پێشوەخت یاساکانی کۆمەڵگە بەرجەستە دەکەن، مافی هەر تاکێك و هەروەها ئەرکەکانی بەرامبەر ئەوانی تر دیاری دەکا بەمەبەستی سەندنەوەی رەوایی لە توندوتیژی. یاساکان وردبینیی مەرجەکانی "گرێبەست"ێك دەکا کە ئەندامانی کۆمەڵگەی قوتابخانە پێکەوە دەبەستێ، چونکە پێویستە کۆمەڵێ (بکە و مەکە) بسەپێنێ کە سنوور بۆ منداڵان دابنێ. منداڵ پێویستی بەوەیە بەرهەڵستیی کۆت و بەندەکانی یاسا بکا تا خۆی پێ بگەیەنێ.

بەمەیش "قەدەغەکردن" نەك رەوایە بگرە "پێویستە". یەکەم قەدەغەکردن، قەدەغەکردنی بنەرەتی، ئەو قەدەغەکردنە بنچینەی کولتوور و شارستانێتییە، قەدەغەکردنی توندوتیژییە، کە ئەرکی ناتوندوتیژی دیاری دەکا.

ئەوەی لێی دەترسین ئەوەیە قوتابی ژیانی لە قوتابخانە وەك چەشتنی "توندوتیژی"یەك، وەك رژێمێك كە پێویستە ملكەچی بێ، بگوزەرێنی. قوتابی لێرەیە تا فێر ببێ **apprendre**، واتە ئەو زانیارییە "وەربگرێ" **prendre** كە پێی دەدرێ. منداڵیش بۆ ئەوەی "قوتابیەكی باش" بێ، پێویستە "وانەكانی فێر ببێ" و "ئەركەكانی جێبەجێ بكا".

قوتابی بۆ ئەوەی ئەنجامەلێك بەدەست بێنێ كۆمەڵێ ئەركی بەسەردا دەسەپێنرێ، كە بەكەمی شتی وا بەسەر گەورەكاندا دەسەپێنرێ. منداڵ بۆ ئەوەی "دەربچێ" پێویستە "رەنج" بدا، واتە "كۆشش بكا" و "ناڕەحەتی بچێژێ". واتە دەبێ "بێچارە" ببێ. دەشزانێ ئەگەر ئەنجامی باش بەدەست نەهێنێ سزا دەدرێ. كەواتە منداڵ نەك هەر ناچارە فێر ببێ و رەنج بدا، بگرە دەبێ دەربچێ. ئەی مامۆستاكان نایانەوێ كۆمەڵێ زانیاری كە پێیان دەڵێین "مادە" بخەنە مێشكیەوە؟. خستنە مێشك (تەلقین) **inculquer**یش واتای "تێخزاندن"ـە، بە دەربڕینێكی وردتر "خستنە نێو بە پێلەقە بە پاژنەی پێ" (لە فەرمانی **inculcare**ی لاتینی كە لە **calx, calcis** داتاشراوە، بەواتای "پاژنەی پێ"). منداڵ لە بەشێكی دانەبڕاوی ئەم فێركردنەدا لە حاڵەتی زۆرلێكردندا دەژی.

بەم شێوەیە لە چاوی قوتابیی لاوازەوە كە بەدەست شكستی لە قوتابخانەدا دەناڵێنێ، پاڵەپەستۆی قوتابخانە بەشێوەیەكی خراپ دەگوزەرێ، ئەوەیش هەستێكی قووڵ بە ستەمی لەلا بەهێز دەكا. وەسفكردنی قوتابییەك بە "قوتابیی لاواز" واتای ئاماژە بۆ كردنیەتی وەك "منداڵی خراپ"، واتە دەركردنی حوكمێكی بەهایی بەسەریدا كە لە وێنەیەكی نێگەتیڤدا لەبارەی خۆی بەندی دەكا، كە ئێشی پێدەگەیەنێ و سەركزی دەكا.

بەهەمان شێوە پێویستە بەهیچ شێوەیەك "هەڵەی بەنەزانی" و "هەڵەی بەئەنقەست" تێكەڵ نەكرێن. كەواتە بۆچی باس لە "هەڵەی چاپ" دەكەن، لەكاتێكدا مەبەست تەنیا هەڵەیەكی تەكنیكییە كە هیچ ئەنجامێكی لێ ناكەوێتەوە؟ ئەو منداڵەی فێر نەبووە وشەیەك بنووسێ بەو شێوەیەی گەورەكان دەیانەوێ بنووسرێ، هیچ "هەڵە"یەكی نەكردووە! ئەو هیچی نەكردووە تەنیا سەرپێچیكردنی یاساكانی رێزمان نەبێ و هیچ یاسایەكی ئەخلاقی پێشێل نەكردووە. دەكرێ هەڵەكە راست بكرێتەوە، بەڵام پێویستە لۆمەی قوتابیەكە نەكرێ. ئەگەر جێیەك هەبێ تێیدا دان بە "مافی هەڵەكردن"دا بنرێ، ئەو جێیە قوتابخانەیە. فێربوون راستكردنەوەی هەڵەی فێرخوازە. هەڵەكردن لە سرووشتی مرۆڤە، بەڵام تەنیا واتای ئەوە نییە هەڵەكردن سرووشتییە، بگرە "مرۆڤسازیشە"، چونكە مرۆڤ بە راستكردنەوەی هەڵەكانی دەبێتە مرۆڤ. تێگەیشتن لە هەڵە مرۆڤ بەرچاو روونتر دەكا و پێی دەگەیەنێ.

سزادان لەسەر هەڵەكردن دەستدرێژیكردنە بۆ سەر راستی و پشتكردنە دادپەروەرییە، بەتایبەت كاتێ لە بەرچاو و گوێی هەموو قوتابیەكانی تر تۆڵە لە قوتابی بكرێتەوە. بەهەمان شێوە منداڵ مافی خۆیەتی تێ نەگا. تێنەگەیشتنی قوتابی ئاماژەیە بەوەیە پێویستە باشتر بۆی روون بكرێتەوە. ئەو قوتابخانەیەی كە چاوەڕوان دەكرێ شوێنی باشترین راهێنانی كۆمەڵایەتی بێ، خۆی –لەڕێی شكستی قوتابخانەوە– بەشداری لە دوورخستنەوەی كۆمەڵایەتیدا دەكا. ئەو هەڵبڕینەی زیرەكەكان لە قوتابخانەدا روو دەدا یەكێكە لە بەهێزترین هۆكارەكانی هەڵتەكاندنی كۆمەڵایەتی.

ئەو گژبەرییەی مامۆستا خۆی لەبەردەمیدا دەبینێتەوە ئەوەیە منداڵ تێ بگەیەنێ لەوەی كارێكی دیاریكراو "شایستەی ئەوەیە زەحمەتی بۆ بكێشێ" و "ئارەزووی فێربوون"ی لەلا ببزوێنێ تا بتوانێ ئەوەی پێی دەدرێ وەری بگرێ و لە دەرەنجامدا "چێژی تێگەیشتن" ئەزموون بكا و هەست بە خۆشییەكی گەرم بكا كە ببێتە كەسێكی "زرنگ". دەكرێ منداڵ بەباشی دەرك بەوە بكا گواستنەوەی زانیاری بۆی لەلایەن گەورەكانەوە قۆناغێكی بنچینەییە لە دروستكردنی كەسایەتیدا. بەوەیش دەكرێ لە رادەی "توندوتیژیی دامەزراوەیی" كەم بكرێتەوە، كە قوتابخانە بەسەر قوتابیدا دەسەپێنێ.

پێویسته پەروەردە خەڵك فێری گوێڕایەڵیکردنی یاسا بکا، بەڵام نابێ ئەم گوێڕایەڵییە زادەی پێوەندیی باڵادەستی/ملکەچیی نێوان گەورە و منداڵ بێ. ئەگەر مامۆستا تەنیا ملکەچی soumission لە قوتابییەوە چاوەڕوان بکا، ئەوا قوتابیش هیچ ئامرازێکی تری نییە بۆ خۆ دەربڕین جگە لە یاخیبوون insoumission.

پێویسته دەسەڵاتی کەسانی پێگەیشتوو باڵادەست بێ، بەڵام لەڕێی پرۆسەی هاوپێوەندی و دیالۆگەوە. هەروەها پێویسته دەرفەت بدرێتە منداڵ تا قوتابخانە بکاتە کایەیەك کە تێیدا مافی قسەکردنی هەیە، شوێنێك قسەی تێدا بیستراو بێ و حسابی بۆ بکرێ.

پێویسته پەروەردکارەکان خۆیان فێر بن چۆن چۆنی "وانەگەلێکی ژیانی" بڵێنەوە، ئەویش لە روانگەی ئەو کێشە حەتمییانەی منداڵان تێیاندا رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، تا منداڵان دەرك بەکەن بەوەی پێویستە ئەو ساتانەی تێیاندا رووبەڕووی ئەوانی تر دەبنەوە، ببێتە بەشێك لە پرۆسەی گەشەسەندنی کەسایەتییان. فێرکردنی منداڵان کە چۆن لەگەڵ کێشەدا بژین، واتای ئەوەیە فێر بکرێن لە کێشە هەڵنەیەن، تێ بگەیەنرێن لەوەی دەتوانن لەگەڵی بژین و بەشێوەیەکی بنیاتنەرانە لێی رابمێنن. رەنگە لێرەدا رێگەکانی "چوونەنێو" کەڵکی زۆری هەبێ.

*** پەروەردە**

*** کولتووری ناتوندوتیژی**

*** منداڵێتی**

## یاوەریکردن

یاوەریکردن شێوەیەکە لە شێوەکانی "چوونە نێو"ی ناتوندوتیژانە لە ناوچە کێشەدارەکاندا. ئامانجیش لەمە مسۆگەرکردنی ئامادەبوونێکی جەستەییە لە کاتی هەندێ کۆبوونەوە یاخۆ خۆپیشاندان کە لە لایەن بزووتنەوە مافپارێزەکانەوە رێك دەخرێن و دابینکردنی یاوەری بۆ کەسانێك کە بەهۆی خەباتکردنیان لەپێناو دادپەروەری و دیموکراسیدا، ژیانیان هەڕەشەی لەسەرە، بەوەیش خۆبەخشانی" کاروانەکانی ئاشتی" —کە پڕاوپڕی واتای وشەکەن— دەبنە"پاسەوانی کەسی"ی خەباتکارە هەڕەشە لێکراوەکان. ئامانجیش لەم یاوەریکردنە نێزیکە ئەوەیە لەسەر خودی گۆڕەپانی کێشەکە رووبەری سیاسیی پێویست بدرێتە ئەو کەس و رێکخراوانەی چوونەتە نێو پرۆسەی ئاشتی. مەبەست لەم ئامادەبوونە بەردەوامەیش سڵەماندنەوەی ئەو بکەرە چەکدارانەیە کە دەیانەوێ دەستدرێژی بکەنە سەر ئەو خەباتکارانە، جا ئاخۆ لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ئاراستە بکرێن یان هەندێ گرووپی تر کۆمەکیان بکەن.

هەموو کارەکتەرێکی سیاسی — تەنانەت ئەگەر زۆر خۆپارێزیش نەبێ— لە خەمی ناوبانگی نێودەوڵەتیی خۆیدایە و ناتوانێ کاریگەریی کوژرانی یەکێك لەو خۆبەخشانە چ لەسەر رای گشتیی وڵاتەکەی خۆیان یان رای گشتیی جیهانی لەبەرچاو نەگرن. هەر تیمێکی ئاشتی هەوڵ دەدا بارێکی یاسایی بەدەست بێنێ، واتە "کەسایەتیەکی یاسایی" لەو وڵاتەی دەستی تێ وەردەدا بەدەست بێنێ، بۆیە گرینگە کارێکی گەورە لەسەر ئاستی "پێوەندییە گشتیەکان" ئەنجام بدرێ. مەبەستیش ئەوەیە پرۆژەی چالاکیەکانی تیمی ئاشتی پێکێشی بکەرانی جیاجیای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و سەربازی و دیبلۆماسیی وڵاتەکە بکرێ. هەروەها پێویستە هەر خۆبەخشێك بەجیا لە پێوەندیی کەسیدا بێ لەگەڵ باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی.

هەروەها ئەندامانی کاروانەکانی ئاشتی ئەرکەکانی چاودێر و شایەت جێبەجێ دەکەن: ئەوانەی بەئامادەبوونی چاودێرانی نێودەوڵەتی پەنا بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دەبەن، دەزانن کارەکەیان بە پەناپسکێ ئەنجام نادرێ و ئەگەر زۆر کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لێ بکەوێتەوە. لە مەرجەکانی سەرکەوتنی ئەم جۆرە سڵەمێنە ئەوەیە لە وڵاتی کاروانەکانی ئاشتیدا تۆڕێکی "ئاگەدارکردنەوە" رێك بخرێ، کە بتوانێ راستەوخۆ زانیارییەکانی پێوەندار بە هەڕەشەکان لەسەر ئاساشی هاوبەشکان یاخۆ خۆبەخشەکان خۆیان بە دەزگاکانی راگەیاندن و بەرپرسانی سیاسیی ناوخۆ بگەیەنێ. پێویستە لە ماوەی ٢٤ سەعات لە رووداني ئاگەدارکردنەوەکە، سەدان نامەی ئەلیکترۆنی بگاتە نووسینگەی بەرپرسە ناوخۆییەکە کە وەك هاوگۆیەکی پەسەند دەستنیشان کراوە.

هەروەها دەکرێ بیر لە شێوەیەکی تر لە شێوەکانی ئامادەبوون لە شوێنەکانی کێشمەکێش بکرێتەوە وەك "یاوەریکردنی گوندێك". مەبەستیش لەوە ئامادەبوونی چەند خۆبەخشێکی نێودەوڵەتییە لە گوندێکدا تا راستەوخۆ لەبەردەم رای گشتیدا شایەتی لەسەر دەستدرێژیەکان دژ بە دانیشتوان بدەن، بەوەیش خۆبەخشەکان دەچنە نێو مەدەنیەکان و چەکداران.

ئەم جۆرە کارانە پڕ مەترسین، چونکە بەشداران هەر بەڕاستی سەرکێشی بەژیانی خۆیان دەکەن. بۆ بەرگەگرتنی ئەم جۆرە مەترسیانەیش، لەکاتێکدا چەندان مانگ لە لێواری توندوتیژی و مەرگدا بەسەر دەبەن، پێویستە بەباشی ئامادەسازی بۆ بکرێ. ئەو کەسانە پێویستیان بە خولی شیاندن هەیە لە دەستوەردانی مەدەنی و بەدەستهێنانی ئەزموونی راستەقینەی پێشوەخت لە بواری کاری ناتوندوتیژانەدا.

*** دەستوەردانی مەدەنی**

*** چوونە نێو**

# ئافرەت

بەدڵنیاییەوە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان لەلایەن پیاوانەوە یەکێکە لە بەربڵاوترین و مەرگەساتترین کاری توندوتیژی لە سەرتاسەری دنیادا. رەفتاری توندوتیژی پیاو بەرامبەر ئافرەت خۆی وەك یەکێك لە دیارترین تایبەتمەندیەکانی ئەو کولتووری توندوتیژییە دەسەپێنێ کە لە کۆمەڵگەکانماندا باوە. بەدرێژایی سەدەکان پیاوان، چ لە ژیانی ناوماڵ و چ لە ژیانی سیاسیدا، بەچاوی سووك سەیری ئافرەتیان کردووە و دووریان خستوونەتەوە و دەستیان بەسەردا گرتوون و چەوساندونیانەتەوە، زۆربەی جار ئەوانیش ملکەچیان بوون. لە سەدەی بیستەمدا "بزووتنەوەیەکی ژنانە" سەری هەڵدا کە تا رادەیەك بواری رەخساند بۆ ئافرەتان تا پێداگری لەسەر ناسنامەی تایبەتی خۆیان بکەن و دانیان پێدا بنرێ. لەگەڵ ئەوەیشدا نابێ لافی ئەوە لێبدەین کە هەموو شێوەکانی جیاکاری یان وەلانان دژیان کۆتای هاتووە. بگرە هەی هوو! بەپێی ئایدیۆلۆجیای باو ئەو سیفەتە جەنگیانەی پاڵەوانان دروست دەکەن تایبەتن بە پیاوان و پێدەچێ ئافرەت لەوانەدا هیچ بەشێکیان نەبێ، وەك ئەوەی توانای شمشێر هەڵکێشان و بەگژاچوونەوەی مەرگیان لە گۆڕەپانی جەنگدا نییە، وەك ئەوەی لە شکۆمەندیی جەنگاوەراندا هاوپشکی پیاو بن، بگرە پێویستە کاریان حەواندنەوە و خۆشی بەخشین بێ بە پیاوان. بێگومان بایەخی جەنگ لە کۆمەڵگەکاندا یەکێك بووە لە هۆکارەکانی باڵادەستیی نێرینە. جەنگ "ئیشی پیاوانە". بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە ئافرەتان پێوەندییان بە جەنگەوە نییە، بگرە بەپێچەوانەوە راستەوخۆ پێوەندی بەوانیشەوە هەیە، بەڵام لەپشتی جەنگەوە وەستاون، یان وردتر بڵێین لەپشتی جەنگەوە دەهێڵرانەوە و زۆربەی جاران لەبەر چاوان نەبوون رێك وەك چۆن لەپشتی پیاوانەوە دەهێڵرانەوە.

ئافرەتان تاڵاوی زۆریان بەدەست مەینەتیەکانی جەنگەوە چەشتووە بەڵام ئازار و فرمێسکەکانیان، هەروەك ژیانیان، کز و بێدەنگ بووە. تەنانەت کاتێ نەفرەتیشیان لە جەنگ دەکرد، بەگشتی ناڕەزاییان لەدژی دەرنەدەبڕی. وەك چۆن یاساکانی پیاوانیان قبووڵ کرد یاساکانی جەنگیشیان قبووڵ کرد. ئاخۆ زۆربەی کات ئافرەتانیش ستایشی جەنگیان نەکردووە بە دەربڕینی سەرسامییان بە جەنگاوەرە قارەمانەکان؟ ئاخۆ ئەوانیش دەستی باڵایان نەبووە لە بەشداریکردن لەو پێگەیەی بە جلوبەرگی سەربازی دراوە و پارێزگاری لێکردنی؟ ئەوان ئەمڕۆ کە دەیانەوێ شوێنی تەواوی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بگرن و رازی نین ملکەچی دەسەڵاتی پیاوان بن، ئاخۆ ناگەنە ئەوەی لاسایی توندوتیژیی پیاوان بکەنەوە؟ هیچ لەوە خراپتر نییە بەناوی یەکسانییەوە داوا بکەن ئەوانیش شوێنێکیان لە جەنگدا هەبێ!

لەو رووەوە ئافرەتان ژیان بە مرۆڤ دەبەخشن، ئاخۆ هەست بە بێزارییەکی "سرووشتی" ناکەن لەوەی مەرگ ببەخشن؟ ئایا بەحوکمی دۆخی بایۆلۆجییان، ئامادەییەکی "سرووشتی"یان تێدا نییە بۆ رەتکردنەوەی توندوتیژی و هەڵبژاردنی ناتوندوتیژی؟ ئافرەتانیش دەتوانن خراپترین توندوتیژی ئەنجام بدەن، بۆیە دەبێ واز لە ئەفسانەی ئافرەتی بەسروشت نەرم و نیان و بێوەی بێنین. هەروەها توندوتیژی چۆنیەتیی دەربڕینی سروشتی و بایۆلۆجیی پیاوانە نییە. پێویستە سەرلەنوێ شوێنی رەفتاری توندوتیژیی پیاو لە چوارچێوەی ژینگە کولتووریەکەی و پێش هەموو شت لە جێبەندی ئەو پرۆسەی گونجاندنە کۆمەڵایەتییەی پەروەردە دروستی دەکا، دیاری بکەینەوە. ئاخۆ پەروەردە هانی پیاو نادا هەستیارییەکەی سەرکوت بکا کە پێویستە بەجۆرە لاوازییەکی دابنێ؟!

نابێ جیاوازیی رەگەز لەگەڵ هزرگەلی کۆمەڵایەتیی لەقاڵبدراو و بەستوو تێکەڵ ببێ. پێویستە واز لەو بیرکردنەوەیە بهێنرێ کە پێشوەخت گریمانەی ئەوە دەکا توندوتیژی لە بنەڕەتدا نێر و ناتوندوتیژیش لە بنەڕەتدا مێیە. بگرە وا باشتر بڵێین ناتوندوتیژی لە بنەڕەتدا نێریش و مێیشە. هەموو مرۆڤێك جووت ڕەگەزە: هەر تاکێك جەمسەرێکی مێ و جەمسەرێکی نێری تێدایە، کەواتە دەتوانێ لە هەمان کاتدا نێرییەکەی و مێییەکەی بێ. هەر لەبەر ئەمەیشە نابێ داواکردنی یەکسانیی پیاو و ئافرەت لەسەر بنچینەی نەبوونی جیاوازی و لێکچوونی هەردوو ناسنامەی نێر و مێ بێ. بۆیە دەبێ ئافرەت رەگەزە

نێرینەکەی ناوی ئازاد بکا و بەوەیش ببێتە خاوەنی هێزی مومارەسەکردنی دەسەڵاتی خۆی. هەروەك پێویستە —لە هەمان کاتدا— پیاو ئەو رەگەزە مێینەیەی کە بەشێکی بنچینەییە لە بوونی، بەخۆیەوە جۆش بدا، بەوەیش دەتوانێ باشتر بەسەر زبریی خۆیدا زاڵ ببێ کە زۆرجار لەکاتی توندبوونی پیاوەتییەکەیدا خۆی پێوە هەڵدەکێشێ. کاتێکیش سیفەتە باشە مێینە و نێرینەکان دەبنە بەها، ئەوکاتە ئەو سیفەتانە نابنە تایبەتمەندیی رەگەزێك جیا لە رەگەزەکی تر. لێرەدا قسە لەسەر نکوڵیکردن لە بوونی جیاوازی یان تێپەڕاندنی ناکەین، بگرە باس لە بەرجەستەکردنی مرۆڤایەتیی مرۆڤ دەکەین بەشێوەیەکی جیاواز. جا ئاخۆ ئەوکاتە پیاو و ئافرەت —کە هەریەکەیان پارێزگاری لە ناسنامە تایبەتەکەی دەکا و دەوڵەمەندە بە ناسنامەی ئەوی تریش— دەتوانن پێکەوە بەشداری لە داهێنانی کولتوورێکی ناتوندوتیژانەدا بکەن؟

## شانۆی- کراوە

شانۆی–کراوە theatre-tract بریتییە لە نواندنی دیمەنێکی زۆر کورت (لە ٣ تا ٤ خولەك) لە شەقامدا، بۆ گەیاندنی پەیامێکی کورت و روون و سادە بە رێبواران، کە لە کورتی و وردیی دەق و سادەیی و روونیدا لەو نامەیە دەچێ کە لە کارتێکی پڕوپاگەندەدا tract بڵاو دەکرێتەوە.

تەواوی دیمەنەکە بەدەوری یەك بیرۆکەی بەهێزدا دەخولێتەوە کە لەباریدا هەیە رێبواران–بینەران ببزوێنێ تا کارلێك لەگەڵ هەڵوێستێکی دیاریکراودا بکەن کە پێوەندی پێیانەوە هەیە. دیمەنەکە بەپێی هەڵکشانێکی درامی بەرێوە دەچێ، تا بە لوتکەیەك کۆتای دێ کە دەتوانێ راچڵەکاندنێکی هەڵچوون ئامێز لای ئەوانەی سەیر دەکەن و گوێ دەگرن دروست بکا. دەشکرێ کۆتاکەی لە شێوەی پرسیارێك بێ کە راستەوخۆ ئاراستەی جەماوەر دەکرێ بە مەبەستی بەستنی وتووێژێك بە جیا.

لە شانۆی کراوەدا ژمارەیەکی دیاریکراو ئەکتەر رۆڵ دەبینن لە شوێنێکی گشتیدا کە خەڵکی زۆر گوزەری پێدا دەکەن. هەروەها دەکرێ بڵاوکراوە بەسەر رێبوارانادا دابەش بکرێ بە مەبەستی ئەوەی زانیاریی زیاتریان بدرێتێ لەبارەی ئەو دۆخەی دیمەنە شانۆییەکە دەیەوێ ئاگادارییان بکاتەوە لێی.

# ڕێپێوان

ئەوەی بەگشتی پێی دەگوترێ "خۆپیشاندان" ئەوەیە کۆمەڵە کەسێك کەژاوەیەك پێك دێنن و بەپێ بە شارێکدا دەگەڕێن و لە شوێنێکی ڕەمزییەوە بۆ یەکێکی تر دەگوێزنەوە. ئامانجیش کۆکردنەوەی هەموو خەباتکاران و لایەنگرانی پرسێکی دیاریکراوە بەمەبەستی ئەوەی بەو کارە خەڵك خڕ بکرێتەوە و ڕای گشتی بێتە وروژاندن. خۆپیشاندانەکە ئەگەر بێدەنگیش بێ دەبێ "گۆیا" بێ و پێویستە کۆمەڵێ لافیتە و بەیداخی تێدا بێ کە هەندێ دروشم و دەستەواژەی سانایان لەسەر نووسرابێ، لەگەڵ هەندێ بڵاوکراوە کە زانیاریی زیاتر بخەنە ڕوو و جەماوەر بە هۆ و ئامانجەکانی کارەکە ئاشنا بکرێ. مەرجیش نییە خۆپیشاندانێکی لەو جۆرە ناتوندوتیژانە بێ. بۆیە پێویستە دروشمەکان جوێن و سووکایەتی بەرامبەر دژبەر تێدا نەبێ. هەروەك پێویستە کەسانی "شت شکێن" خۆپیشاندانەکە ئاڵۆز نەکەن، هەربۆیە دەبێ ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە وریا بن و کەسانێك بۆ پاراستنی سیستم دەستنیشان بکەن.

هەرچی ڕێپێوانە بریتییە لە بڕینی ماوەیەکی درێژ بەپێ لە شارێکەوە بۆ شارێکی تری وڵاتێك یان لەنێو چەند وڵاتێکدا لەپێناو هۆشیارکردنەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی پێیاندا گوزەر دەکەن لە ستەمێکی دیاریکراو، هەروەها لەپێناو هەڵنانی ڕای گشتی و دەسەڵاتداران.

پێش دەستکردن بە ڕێپێوانەکە گرینگە لە هەر شارێك لەو شارانەی پێیدا گوزەر دەکەن، پێوەندی بەو بزووتنەوە و کۆمەڵە و کەسایەتییانەوە بکرێ کە دەتوانن هەڵوێستێك لە بەرژەوەندیی ڕێ پێوان وەربگرن و پێکهێنانی لیژنەیەکی پاڵپشتی بۆ ئامادەسازیکردن بۆ تێپەڕینیان. هەروەك دەکرێ چەند لیژنەیەکی پاڵپشتی لە هەندێ شار پێك بێن کە ناکەونە سەر ڕێی ڕێپێوانەکە، ئەویش بەمەبەستی ڕێکخستنی جموجوولێکی پاڵپشتیکردن، بۆ فراوانکردنی جەماوەرییبوونی کارەکە و بەهێزکردنی پاڵەپەستۆی ڕای گشتی.

بۆ ئەوەی ڕێپێوانەکە کاریگەر بێ درێژی و ماوەکەی دوو هۆکاری بنچینەیین، بگرە لە فاکتەری ژمارەی بەشدارانیش گرینگترن. پێشکەوتنی لەسەرخۆ بەڵام پشوودرێژیان لە ڕێگەکەدا، کە هەموو ڕۆژێ بەهێزێکی زیاتر گوزارشت لە لێبڕان و ورەبەرزییان بکا بۆ بەردەوامبوون لە پێشڕەویکردن تا کۆتایی، یارمەتییان دەدا پێشکەوتنێکی لەسەرخۆ بەڵام بەردەوام لە هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی و سازکردنیدا بەدی بێنن.

دەشکرێ لە هەر شار–وێستگەیەکدا بەمەبەستی ئاگەدارکردنەوەی دانیشتوان کۆبوونەوەی گشتی ساز بکەن و گفتوگۆیەکی جەماوەری لەبارەی داواکانی ڕێپێوانەکە ئەنجام بدرێ. هەروەها دەکرێ هەندێ شاندی ئەوانە داوا لە دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی بکەن پێشوازییان لێ بکەن بەمەبەستی خستنەڕووی بۆچوونی خۆپیشاندەران. پێویستە گەیشتنی ڕێپێوانەکە بەو شارەی کراوەتە کۆتایی گێمەکە بکرێتە بۆنەیەك بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانێکی نیشتمانیی گەورە و تەنانەت نێودەوڵەتی. هەروەها پێویستە بەپێی حاڵەتەکە بڕیار بدرێ مۆرکێکی ئاهەنگ ئامێزی پێ بدرێ، یان بەپێچەوانەوە، پێداگری لەسەر مۆرکی درامیی هەڵوێستەکە بکرێ.

سەرکەوتنی ڕێپێوانەکە بەزۆری بەندە بە سەرکەوتنی ئەم دوایین خۆپیشاندانەوە، ئەوکاتە "ڕێ پێو"ان دەتوانن داوا لە بەرپرسانی دەسەڵاتدار بکەن بۆ قسەکردن لەبارەی داواکانیانەوە پێشوازییان بکەن. جا ئەگەر داواکەیان ڕەت کرایەوە، دەتوانن لەڕێی میدیاکانەوە کەڵك لە جێکەوتی ڕێپێوانەکە وەربگرن بۆ ئەنجامدانی چالاکی تر تا دەرگای دانوستاندن دەکرێتەوە. ئەم چالاکییانەیش دەکرێ لەنێوان پەناگیری لەبەردەم بارەگای بڕیاربەدەستان و مانگرتنی سنووردار یاخۆ بێسنوور لە خواردندا بێ. تەنانەت ئەگەر ڕێ پێوانیش هەستیان کرد پێویستیان بە پشوودانێك هەیە، ئەوا گرینگە کاریگەریی ڕێپێوانەکە سارد نەبێتەوە و لە کارکردن بەردەوام بن.

خۆپیشاندەران دەتوانن ئامرازی گواستنەوەی تریش بەکار بێنن جگە لە پێ–ڕۆ و دەکرێ باس لە هەموویان بکرێ هەر لە پایسکیلەوە تا ماتۆرسکیل و ئۆتۆمبێل، بەڵام مەترسی هەیە چەندە ئامرازەکانی گواستنەوە خێراتر و ئاسوودانەتر بن جێکەوتی "ڕێپێوان"ەکە کەمتر بێ. بەبێ شك ڕەمزیەتی بەپێ ڕۆیشتن بەهێزتر و بێ وێنەیە.

*** پاراستنی سیستم**

*** ڕای گشتی**

*** قسە**

# ئاشتەوایی

ئاشتەوایی ئەو دیدارە برایانە و دۆستانەیە کە لەنێوان کەسانێکدا دەکرێ، کە پاش لێك تۆران و دابڕانێك دەتوانن بەسەر ناکۆکیەکەیاندا زاڵ بن و مرخێش مرخێشەکانیان بوەستێنن تا بتوانن پێوەندییەکی دۆستانە لەنێوانیاندا دروست بکەن. واتە دەکرێ خەون بە مرۆڤایەتییەکی ئاشت لەگەڵ خۆیدا ببینین، لە جیهانێکدا بژی بەسەر هەموو ئەو کێشە و دژایەتییانەدا زاڵ دەبێ کە دەبنە لەمپەر لەبەردەم دیداری برایانە لەنێوان مرۆڤ و گەلاندا. ئەم خەونە دەنگدانەوەی قووڵی لە ناخی هەموو کەسێکدا هەیە، بەڵام ئەمە تەنیا یۆتۆپیایە. رەنگە کارێکی بێهوودەیش بێ و کاتێکی زۆری پێوە بەفیڕۆ بدەین کاتێ واقیع –بەنێزیکەیی– لە سەرتاسەری جیهاندا پیشانمان دەدا کە چۆن خەڵکانێك توندوتیژی دژ خەڵکانێکی تر بەکار دێنن. جا لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستانەی ستەم و سەرکوتکردن و جەنگدا بەکەمی ئاواتخواستن بۆ ئاشتەوایی مرۆڤ کەڵکی دەبێ. ئەرکی هەموو تاکێکە دژ بەو ستەم و توندوتیژییانەی لەبەردەستیدان و دەسەڵاتی بەسەریاندا دەشکێ، تێبکۆشێ و هەر ئێستەش. ئامانجی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە لە هەر کێشەیەکی ئاشکرادا ئەوەیە پێوەندییەکی دادپەروەرانە لەنێوان دژبەرەکاندا بێنێتە کایە کە لەسەر بنچینەی داننانی دووسەرە بە مافەکانیان و رێزگرتنیان دامەزرابێ. بەڵام ناتوانێ لافی ئەوە لێبدا دەتوانێ پێوەندیی دۆستانە و برایانە لەنێوانیاندا دروست بکا. لەوانەیە جۆرە رۆچوونێك بێ لە خەیاڵگەراییدا کە باس لەوە بکرێ پێویستە تێکۆشانی ناتوندوتیژانە ببێتە مایەی ئاشتەوایی لەنێو دژبەرەکاندا، چونکە کاری ناتوندوتیژانە زیاتر هەوڵ دەدا هاوڕێکی و هاوسەنگی لەنێوان ماف و بەرژەوەندییەکانی تاك و کۆمەڵەکاندا بکا تا ئەوەی هەوڵ بدا ئاشتەوایی لەنێو کەسەکاندا بکا. لێرەشەوە، سەرکەوتنی مانگرتنێکی کرێکاران دەرفەت بۆ دادپەروەریی زیاتر لەنێوان کرێکاران و خاوەنکارەکاندا دەڕەخسێنێ، ئەویش بە هێنانەکایەی هاوڕێکییەك لەنێوان بەرژەوەندیی هەمواندا. بەڵام لەوانەیە زێدەڕۆیی بێ لافی ئەوە لێبدەین ئەو کارە ئاشتەوایی لەنێوانیاندا دێنێتە کایە.

بەم شێوەیەش ئامانجی راستەوخۆی تێکۆشانی ناتوندوتیژانە نەهێشتنی دوژمنایەتییە نەك دروستکردنی پردی دۆستایەتی. بەڵام رێگە ناتوندوتیژانەکان بەبەراورد بە ئامرازە توندوتیژانەکان، تایبەتمەندییەکی یەکلاکەرەوەیان هەیە، ئەویش ئەوەیە ناکۆکییەکانی نێوان دژبەرەکان لەڕێی کەڵەکەکردنی برینەکان لای هەردوولا فراوان ناکا بەشێوەیەك ئەو برینانە تا ماوەیەکی زۆر سارێژ نەبن. چارەسەری ناتوندوتیژانەی کێشەکان دەرگا بەکراوەیی دەهێڵێتەوە –بەڵام بۆ ماوەیەك– بۆ ئەگەری ئاشتەواییکردن لەنێوان کەسەکاندا و لانی کەم وادەکا بەدوور نەزانرێ و زۆر بەباشی رەچاوی ئایندە دەکا. بەڵام ئەوەی چارەسەری ناتوندوتیژانە دەیەوێ بەدەستی بێنێ بریتییە لە دادپەروەری، هەموو دادپەروەری و هیچی تر نا جگە لە دادپەروەری.

دەکرێ چاوەڕوانی ئەوە لە تێکۆشان لەپێناو دادپەروەری بکەین کە دەرفەت بۆ ئاشتەوایی بڕەخسێنێ، بەڵام چاوەڕوان ناکەین بەدەستی بێنێ، چونکە ئاشتەوایی پرۆسەیەکی تووڵانییە لە سارێژبوونی ئەو برینانەی کەوتوون و چاکبوونەوە لەو ئازارانەی بەدرێژایی ماوەی کێشەکە بە هەردوولا گەیشتوون.

رەنگە خەیاڵپڵاوی بێ خوازیار بین رۆژێك بێ پێکەوە لە جیهانێکی بێ کێشە و ململانەدا بژین، جیهانێك کە پێوەندیی نێوان کەس و گرووپەکان تەنیا لەسەر متمانە دامەزرابێ، چونکە هەموو پێوەندییەك گژبەرییەك defiی تێدایە و یەکەم دیدارمان لەگەڵی جۆرە گومانێکی تێدایە. کۆڵەکەی سیاسەت بەتایبەت، پێداگری لەسەر خۆشویستنی کەسانی نێزیك ناکا بەئەندازەی ئەوەی پێداگری لەسەر رێزگرتنی کەسانی دوور دەکا. تاکە خەونی بەردەستمان –کە ئەویش هەر دوورەدەستە– رێکخستنی کۆمەڵگەیەکی سیاسییە کە پێوەندیی نێوان هاووڵاتیان لەسەر بنچینەی دادپەروەری، واتە لەسەر ئازادی و یەکسانی، دامەزرابێ.

دەشێ پێکهاتگەلێکی دادپەروەر و دامەزراوەگەلێکی دیموکراسییانە پێگەی دادپەروەری لەنێو مرۆڤەکاندا بەرز بکەنەوە، بەڵام چاوەڕوانکردنی بەدیهێنانی برایەتی ئەوەیان بۆ ئەنجامە، چونکە برایەتی ئاستێکی ترە.

* **دادپەروەری**
* **لێبوردن**

# دانوستاندن

لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یاخۆ سیاسیدا دوو لایەنی ناکۆک بەتوندی لەسەر بەرژوەندیی دژبەیەک لە ململانەدان، ئەو لایەنەی لەو بڕوایەدایە ئەو بووەتە قوربانیی ستەمێکی دیاریکراو، دەشێ پێی وابێ تەنیا بە بەکارهێنانی هێز دەتوانی وابکا دان بە مافەکانیدا بنرێ، لەگەڵ ئەوەیشدا بەرژەوەندیی هەردوو لایەنی ناکۆک لەوەدایە لە هەوڵێکدا بۆ گفتوگۆ بەیەک بکەن بەمەبەستی ئەوەی لەڕێی دانوستاندنەوە بگەنە چارەسەرێك بۆ ئەو بابەتەی ناکۆکییان لەسەری هەیە. هەربۆیە تەگبیرێکی ستراتیجیی باشە کە پێش لەوەی کێشەکە ئاشکرا ببێ و دەست بدرێتە یەخەی یەکتر، پێشنیازی کردنەوەی دەرگای دانوستاندن بکرێ، لەوانەیشە لایەنی دژبەر دەستبەجێ هەر دانوستاندنێك رەت بکاتەوە. بەڵام ئەگەر رازی بوو لەسەر دیدارێك، ئەوکاتە پێویستە داوکارییەکانی بزووتنەوەکە بە نوێنەرانی لایەنی دژبەر رابگەیەنرێ لەگەڵ دیاریکردنی ئەو ئامانجەی بڕیارە بەدەست بێ. جا ئەگەر پێویست بێ خۆ لابدرێ لە هەر هەڵوێستێك کە رەنگبێ بەبێ سوود ببێتە مایەی توندکردنی کێشەکە و کۆسپەکان بەهێزتر بکا و گەیشتن بە هەر چارەسەرێکی بەردەست ئاستەم بکا، ئەوا وا گونجاوە ئەوپەڕی سووربوون و پێداگری پیشان بدرێ. هەر هێندەیش دانوستاندنەکە لەنێو هاوسەنگییەکی دژبەیەکی هێزدا کە بەڕوونی بڕیار دراوە، گەرم دەبێ، ئیتر دانوستاندنەکە زیاتر بەرەو رکابەری دەچێ تا هاوکاری.

هەروەك پێویستە دانوستاندن لەسەر بنچینەی کۆمەڵێ پێوەری بابەتی بێ، لەوانە جەختکردن لەسەر نیازپاکی، نەك لەسەر دراوە کەسییەکان. تەنیا دەربڕینی "لێ تێگەیشتن" و جەختکردن لەسەر "تاوتوێکردنی دۆسیەکە بەجدی" و "هەرچی لەتوانادا بێ دەکرێ" کە لەوانەیە لایەنی دژبەر ئەم دەستەواژانە دابرێژێ، بەس نییە، چونکە تەنیا بڕیارەکان دەتوانن چارەسەرێك بۆ کێشەکە پێشکێش بکەن. بۆیە پێویستە لایەنە دانوستانکارەکان پێکەوە هەوڵ بدەن چارەسەرێك گەڵاڵە بکەن کە بە باشترین شێوە مافی هەر لایەك مسۆگەر بکا. چارەسەری باش ئەوەیە هیچکام لە لایەنەکانی کێشەکە تێیدا دۆڕاو نابێ، بگرە هەموو براوە دەبن.

لەگەڵ ئەوەیشدا دەگمەنە بتوانن دەستبەجێ بگەنە رێکەوتنێك. جا ئەگەر دانوستاندنە بەراییەکان گەیشتنە بنبەست، پێویستە بێنە هەڵپەساردن نەك بەیەکجاری پچڕاندن، ئەویش لەبەرئەوەی ئامانجی کاری راستەوخۆ دەست پێکردنەوەی دانوستاندن دەبێ. هەروەها لەوانەیە چەندە بکرێ، وا باش بێ بەدرێژایی ماوەی کێشەکە پەتێکی پێوەندی لەگەڵ دژبەر هەر هەبێ و رەنگە ئاسان بێ داوای میانگیریی لایەنێکی سێیەم بکرێ، ئەگینا تەنیا ململانەکە خۆی دەرفەت بۆ گەیشتن بە رێگەچارەیەك لەڕێی دانوستاندنەوە دەڕەخسێنێ، ئەگەرچی ئەو دانوستاندنە بەراییانە دەشێ یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی هەردوو لایەن باشتر یەکتر بناسن و لە نیازەکانیان تێ بگەن. هەروەك پێویستە ئەم کاتە یارمەتیی ئامادەکاریکردنیش بدا بۆ ئەزموونکردنی هێز.

کاتێ گفتووگۆکان شکست دێنن، پێویستە دەست بە ململانە بکرێ بە مەبەستی دۆزینەوەی هاوسەنگیەکی نویی هێز کە دژبەر ناچار بکا بۆ دەست کردنەوە بە دانوستانەکان لەسەر بنچینەیەکی نوێ، بەڵام مەترسی لەوە هەیە ئەم تاقیکردنەوەی هێز درێژە بکێشێ، لەبەر ئەوەی کاتێ بڕیار بەدەستان هەر چارەسەرێك لەرێگەی دانوستاندنەوە رەت دەکەنەوە، رازی نابن دەست لە هەڵوێستەکەیان هەڵبگرن، مەگەر بگەنە ئەو باوەڕەی کە درێژەدان بە دەستدرێژکاری زیانی گەورە بە بەرژەوەندیەکانیان دەگەیەنێ. کاتێ دانوستاندنی نوێ دەست پێدەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر بشتوانێ بەبێ زێدەڕەوی ئومێدمان هەبێ بەوەی سەردەکێشێ بۆ رێکەوتنێك، ئەوە ئەم دانوستاندنانە هێشتا ئەزموونکردنی هێزن لەنێوان دوو دژبەردا، نەوەك دیالۆگێك لەنێوان دوو شەریکدا.

کەواتە پێویستە" وریا "بین بەر لەکاتی خۆی کارەکە هەڵنەپەسێرین. هەروەها شتێك نەکەین و نەڵێین کە ببێتە مایەی خاوبوونەوەی گەرموگوڕیی خەباتکاران و رای گشتی، چونکە سەرلەنوێ گەرمکردنەوەیان زۆر زەحمەتە. هیچ شتێك هێندەی

"هەلهەلە لێدان بۆ سەرکەوتن" بەر لەکاتی خۆی زیانبەخشتر نییە. لەوانەیە پێشنیازی دانوستاندن تەڵەیەك بێ بۆ بزاڤەکە بنرێتەوە بەمەبەستی شکاندنی ورەی کارکردن. کەواتە پێویستە چاوکراوە بن.

لە هەلومەرجێکی تایبەتدا لەوانەیە پێویست بێ بە قبووڵکردنی چارەسەرێك رازی بین کە دەرفەت دەداتە دژبەر "ئابڕووی بپارێزێ"، بەڵام پێویستە بە بیانووی گەیشتن بە رێکەوتنێکی لەو شێوەیە دەستبەرداری شتە بنچینەییەکان نەبین. نابێ ئەم رێکەوتنە خۆی ببوێرێ لە بڕیاردان لەبارەی قوربانییانی ستەم و بەرپرسانی ئەو ستەمە وەك یەك. کەواتە پێویستە سەرکەوتن بەرچاو و حاشاهەڵنەگر بێ. ئەوکاتە دەکرێ جەژن دەست پێبکا..

*** دیالۆگ**

*** کێشە**

*** میانگیری**

# بایکۆت

وشەی بایکۆت boycott (بە فرەنسی و ئینگلیزی، بەواتای "دابڕین" دێ) لە بنچینەدا ناوی هاووڵاتیەکی بەریتانیایی بووە کە ناوی چارلز کنکهام بویکوت بووە، سەرکاری رووبەرێکی بەرفراوانی زەوی بووە لە ئێرلەندا. زۆر بەڕەقی مامەڵەی لەگەڵ وردە جووتیارەکان دەکرد. ساڵی ١٨٧٩ ئەو جووتیارانە بڕیاریان دا چەند کارێك بۆ پەکخستنی کێڵگەکانی بایکوت ئەنجام بدەن.

بایکۆت le boycott (فەرهەنگە فرەنسیەکان زیاتر boycottage بەکار دێنن) یەکێکە لە رێگەکانی جێبەجێکردنی بنەمای هاوکاری نەکردنی ستراتیجی. لە کەرتی ئابووریدا بایکۆتکردن لەسەر ئەم لێکدانەوەیە دادەمەزرێ: خاوەن دامەزراوە بازرگانیەکان بەبێ هاوکاریکردنی خۆویستانەی کڕیارەکانیان و کڕینی بەرهەمەکانیان و پەنابردن بۆ خزمەتگوزارییەکانیان، ناتوانن قازانج بەدەست بێنن. جا بە گرتنەوەی ئەم هاوکاریکردنە لەلایەن مەعمیلەکانەوە پاڵەپەستۆیەکی ئابووری و داراییان دەخەنە سەر، کە ئەگەر درێژە بکێشێ، ناچاریان دەکا بەدەم داواکارییەکانی رێکخەرانی کارەکەوە بێن. گونجاوی و کاریگەریی بایکۆتکردنەکە راستەوانە دەگونجێ لەگەڵ ئەوەی ئەو دامەزراوە لە رکابەریدا بێ لەگەڵ هەندێ دامەزراوەی تر کە رووبەڕووی هەمان رەخنە نەبووبێتەوە.

دەکرێ چەند ئامانجێك بۆ بایکۆتکردن دیاری بکرێن:

– چاککردنی جۆری بەرهەمێکی پیشەسازی کە کەموکوڕیی مەترسیداری تێدایە، یان بەرهەمێکی خۆراکی کە دەرکەوتووە زیانی بۆ تەندروستی هەیە، یاخۆ کێشانەوەی بەرهەمەکە لە بازاڕ.

– ناچارکردنی بەڕێوەبەرانی دامەزراوەیەکی پیشەسازی بۆ دانان بە مافەکانی ئەو کرێکارانەی بەکاریان دێنن (چ لە رووی کرێ یان هەلومەرجی کارکردنەوە) یان گۆڕینی هەندێ هەڵسوکەوت (وەك جیاکاریی رەگەزی یان کارکردنی منداڵان)

– وەرگرتنی گفت لە بەرپرسانی کارگەیەك بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ راگرتنی ئەو پیسکردنەی کارگەکە ئەنجامی دەدا و زیانی گەورە بە ژینگە دەگەیەنێ.

ئامانجی بایکۆتکردن ئەوەیە رێژەی فرۆش کەم بکاتەوە بەشێوەیەك دامەزراوەکە تووشی لەدەستدانی قازانجی گەورە ببێ، بەشێوەیەك بەڕێوەبەرەکانی ناچار بن مل بۆ ئەو گوشارەی دەخرێتە سەریان کەچ بکەن. مەرجیش نییە بایکۆتکردن بەتەواوی بێ تا کاریگەرییەکەی دەربکەوێ، کاتێ دابەزینی فرۆش دەگاتە رێژەیەکی دیاریکراو، دامەزراوەکە هێندە پارەی لەکیس دەچێ کە بەڕێوەبەرکانی قایل بکا داواکانی رێکخەرانی کارەکە لەبەرچاو بگرن. بەم شێوەیەش توانای کڕینی بەکاربەران دەبێتە توانایەکی راستەقینە لە بەرامبەر توانای بەرهەمهێنان، چونکە ئەمانەی دوایی ناتوانن خواستی ئەوانەی یەکەم نادیدە بگرن بەبێ ئەوەی زیان بە بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان بگا. زیاد لەوەیش، بایکۆتکردنەکە لە روانگەی دامەزراوە تۆمەتبارەکەوە هەڵمەتێکی دژە پڕوپاگەندەیە کە دەشێ زیانێکی گەورە لە وێنە و ناوبانگی ئەو لە ناوەندەکەدا بدا، ئەمەیش مەترسییەکە ناتوانێ حسێبی بۆ نەکا.

سەرکەوتنی بایکۆتکردنەکە پێویستی بە گشتاندنێکی جەماوەری راستەقینەی ململانەکە هەیە. تەنیا ئەوە بەس نییە رێنوێنییەکانی کار لە رێی راگەیاندنێکی رۆژنامەوانی و هەندێ داکوتراوەوە بڵاو بکرێتەوە، گرینگە بڵاوکراوە لە شەقامەکاندا دابەش بکرێ و "تیمی ناوچە" –لە شێوەی تیمەکانی مانگرتن– لە نێزیك خاڵە سەرەکییەکانی فرۆشتن بڵاو بکرێنەوە تا بەکاربەران ئاگادار بکرێن و بۆ نەکڕینی بەرهەمێکی تایبەت یاخۆ بەرهەمەکانی مارکەیەکی دیاریکراو هان بدرێن.

بۆ ئەوەی کارەکە تۆکمەتر بێ، دەکرێ بڕیار بدرێ بایکۆتی ئەو دوکانانەش بکرێ کە سوورن لەسەر فرۆشتنی بەرهەمە تۆمەتبارەکە. بۆ ئەوەیش دەکرێ تیمێك لەبەردەم ئەو دوکانانەدا بڵاو ببنەوە نەك تەنیا بۆ هەوڵی قایلکردنی کڕیاران بە نەچوونە نێو ئەو دوکانانە، بکرێ بە ئامانجی رێ لێ گرتنیان بۆ چوونە ژوورەوە. بۆ سەرکەوتنی کارەکە بەردەوامی زۆر

گرینگە، ئەمەیش دەکرێ لەبارێکدا ئامانجەکە بە ئەندازەی پێویست روون و دیاریکراو بێ، ئەویش لەبەر ئەوەی بایکۆتکردن بەگشتی نابێتە هۆی ئاکامی ترسناك بۆ سەر بەکاربەران. ترسی ئەوانە لە درێژبوونەوەی ماوەی کارەکە کەمترە لە ترسی بەهەمهێنەکان خۆیان، ئەوەیش دەشێ ئەوانە بۆ ملکەچکردن بۆ راستی هان بدا.

دەشێ یاسای وڵات بایکۆتکردن قەدەغە بکا، لەم بارەشدا ئەنجامدانی دەبێتە یاخیبوونی مەدەنی و ئەو دامەزراوانە سڵ ناکەنەوە لەوەی سکاڵا دژ بە رێکخەرانی بایکۆتکردنەکە بەرز بکەنەوە کە پێویستە سنووری خۆیان بزانن، دەشێ سکاڵا و تاوانبارکردنەکان گشتاندنی کارەکە لە رووی جەماوەرییەوە ئاسان بکا، بەڵام دەشگونجێ بزوتنەووەکە فەلەج بکا. وەك هەر کارێکی تری راستەوخۆی ناتوندوتیژانە دەبێ پێداگری لەسەر جڵەوکردنی سەرکوتکردن بکرێ تا بتوانرێ بۆ پتەوکردنی دینامییەتی بزووتنەوەکە کەڵکی لێ وەربگیرێ.

هەروەها دەکرێ بەرهەمهێنەکان خۆیان رێگەی بایکۆتردن جێبەجێ بکەن، ئەویش بە نەفرۆشتنی بەرهەمەکانیان بەم یان بەو کڕیار.

وشەی"بایکۆت" هەروەها لە دەرەوەی چوارچێوەی ئابووریش بەکاردێ وەك ئاماژە بۆ رەتکردەنەوەی بەشداریکردن لە رووداوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان کولتووری یان وەرزشی. بەمەیش کاتێ باس لە بایکۆتکردن دەکرێ کە حزبێکی سیاسی یان چەند حزبێك، رەتی دەکەنەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن بە پاساوی ئەوەی هیچ گرەنتییەکیان نییە ئەو هەڵبژاردنانە بە راستی دیموکراسی دەبن.

هەروەها دەوڵەتان یان رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ سزادانی دەوڵەتێك کە سیاسەتەکەی یاسای نێودەوڵەتی پێشێل دەکا، پەنا بۆ بایکۆتکردنی دەدەن. مەبەست لەوەیش رەتکردنەوەی هاوردەکردنی هەندێ کاڵای دیاریکراوە کە سەرچاوەکەیان ئەو وڵاتەیە، لەگەڵ رێگەنەدانە بە هەناردەکردنی هەندێ کاڵای دیاریکراوی تر بۆ ئەو وڵاتە. لێرەدا باس لە " سزای ئابووری"یە.

*** سزای ئابووری**

*** هاوکاری نەکردن**

## بەرەنگاری

تا ئێستەیش بۆ ئاماژەدان بۆ بەرەنگاریی ناتوندوتیژانە بەزۆری دەستەواژەی "بەرەنگاریی نەرێنی" بەکار دێ، بەتایبەت لە دەزگاکانی راگەیاندندا،. لەگەڵ ئەوەیشدا، چەمکی "بەرەنگاریی نەرێنی" خۆی دژیەکییەکی جەوهەری تێدایە کە هەموو بەهایەکی لێ دادەماڵێ. بەرەنگاری ناکرێ نەرێنی بێ، چونکە نەرێنی بەوردی واتای ئەوەیە بەرەنگاریی هیچ ناکا.

دەستەواژەی "بەرەنگاریی نەرێنی" هەڵگری مۆرکی ئایدیۆلۆجیا باوەکانە کە دەڵێ ناکرێ هیچ کارێکی تر هەبێ جگە لە کاری توندوتیژی. لێرەشەوە رەتکردنەوەی توندوتیژی گریمانەی رەتکردنەوەی کارکردن دەکا و هەر دەبێ گوزارشت بێ لە نەرێنی. بەمەیش زۆرجار ناتوندوتیژی قورسایی خۆی پێ نەدراوە بەبیانووی ئەوەی ئامادە نییە بەرەنگاریی خراپە بکا، مرۆڤ چاکەکان لە چەك دادەماڵێ و گەمەی خراپکاران دەکا.

بەڵام لەڕاستیدا رەتکردنەوەی وەڵامدانەوەی توندوتیژی بە توندوتیژی بەوردی واتای رەتکردنەوەی ملکەچکردنە بۆ لۆجیکی توندوتیژی کە دەستدرێژکار دەیەوێ بەسەرمانیدا بسەپێنێ و رووبەڕوو بوونەوەیەتی بەبەهێزترین شێوە. وەڵامنەدانەوەی زللە بە زللە واتای نواندنی هێز و وزە و ئازایەتییە بۆ بەرەنگابوونەوە لەپێناو سەیرکردنی نێوچاوانی دژبەر و گژبەریکردنی هەڕەشەکەی، هەروەها واتای رێ خۆش نەکردنە بۆ ئەوەی توندوتیژیی ئێمە بکاتە پاساو بۆ توندوتیژییەکەی خۆی، چونکە ئەو چاوەڕوانی تۆڵەی ئێمە دەکا، تەنانەت باوەڕی وایە شایستەی ئەو تۆڵە لێکردنەوەیشە، هەروەها بەوەی بەواتایەك لە واتاکان ئەو مافەی هەیە. هەربۆیە تەنیا وەڵامنەدانەوەی شپرز و نیگەرانی دەکا.

ناکرێ دژە توندوتیژی وەك "خراپەیەکی سووکتر" دەربکەوێ تەنیا لەنێو سیستمی توندوتیژیی خۆیدا نەبێ، بەڵام دەبێ ئامانج دەرچوون بێ لەو سیستمە. هەربۆیە دژە توندوتیژی ناتوانێ لە بەگژاچوونەوەی سیستمی توندوتیژیدا کاریگەر بێ، چونکە خۆی بەشێکە لە سیستمەکە و یەکبین بەهێزی دەکا و درێژەی پێدەدا. تەنانەت ئەو کاتەیش بەپێی دراوەکانی سیستمی توندوتیژی، دژە توندوتیژی "خراپەیەکی سووکتر"ە، ئەوە لەڕاستیدا خراپەیەکە سەرەمڕ لە ئایندەدا پەتا بڵاو دەکاتەوە.

بەرەنگاریکردنی راستەقینەی توندوتیژی شوێنپێ هەڵنەگرتنی توندوتیژیی توندوتیژە، ئەویش بەمەبەستی پچڕاندنی زنجیرەی توندوتیژی. ئەوە زەبردانە لە یاسای تۆڵەسەندنەوە "چاو بەچاو و دان بەدان و گیان بەگیان" کە تا بێکۆتا زنجیرەی تۆڵە و تۆڵەکاری درێژ دەکاتەوە.  کەواتە بەرەنگاریکردنی توندوتیژی بە توندوتیژی واتای گەمەکردنی یاریی توندوتیژییە، واتە مل بۆ کەچکردنی و چۆك بۆ دادانی و شکستهێنانە لەبەردەمیدا. بەوەیش ناتوندوتیژی دەبێتە بەرەنگاری و بەرەگیری و تێکۆشان و ململانە، هەربۆیە زیاتر لە توندوتیژیی لە ترسنۆکی و نەرێنی و سەرکزکردنەوە دوورە. پێڕۆکردنی بژارەی ناتوندوتیژی واتای ئیرادەی هەستانە بەڕووی توندوتیژیدا بە کاراترین بەرەنگاریکردنی بەردەست، لەگەڵ باوەڕ بەوەی لە بەرەنگاریکردنی توندوتیژیدا، ناتوندوتیژی لە دژە توندوتیژی بەهێزترە.

*** دوژمنکاری**

*** ململانە**

# مەرگ

ژیانی مرۆڤ نهێنیەکی گەورەیە، مردنیشی نهێنیەکی گەورەترە. حەتمیەتی مردنی مرۆڤ سەردەمی بوونی لەقاڵب دەدا. مرۆڤ هەموو کات لەبەردەم "کۆتی مەرگ"دایە. دوابڕاوەیی مرۆڤ کۆتابوون و فشۆڵی و لاوازیی ئەو پیشان دەدا. بەڵام مرۆڤ لەبەرئەوەی "بوونەوەرێکە لەخۆیدا" etre-pour-soi، ئەوا لە جەوهەردا بوونەوەرێکی دوابڕاوە و پێوەندی لەگەڵ مرۆڤەکەی تر دێ و ئەم کۆتاهاتنە دەشکێنێ.

خۆی دەبێ دوابڕاوەیی مرۆڤ وا لە مرۆڤەکان بکا هەست بە برایەتییە جەوهەریەکەیان بکەن، ئەویش لەو رووەوە مادەم مرۆڤ بوونەوەری دوابڕاوەن، ئەوا پێویستە هەست بە هاوسۆزییەکی وجودی بکەن لەگەڵ یەکتر و لە هاوهەڵوێستییەکی قووڵدا یەك بگرن، کەچی لەبری ئەوە پێش هەموو شت بە مانەوەوە سەرقاڵ دەبن و هەندێکیان دژی هەندێکی تریان دەکەونە شەڕی خوێناویی بێ کۆتا. بەمەیش مەترسیی مەرگ لەبری ئەوەی هەستی برایەتی لەنێو مرۆڤەکاندا بخولقێنێ، بەپێچەوانەوە ئارەزووی کوشتنی براکانیان لە مرۆڤایەتیدا تێدا دەبزوێنێ.

مرۆڤ لە قووڵترین قووڵایی خۆیدا هەست بە ترس دەکا: ترس لە مرۆڤەکەی تر نەخاسمە مرۆڤی جیاواز: ئەو نەناسە، ئەو بێگانەیە، ئەو ئێسك گرانە، ئەو نامۆیە کە هەڵگری هەڕەشە و مەترسییە. ترسی مرۆڤ هەمیشە ریشەی لەنێو ترس لە مەرگدایە. لێرەشەوە ئەوی تر بە دوژمن دادەنێین کە پێمان وایە نیازی ئازار پێگەیاندن و دوور نییە کوشتنیشمانی هەبێ. ئێمە لە دیتنی ئەوی تر دەترسین لەو رووەوە دەشێ بکوژمان بێ تەنانەت ئەگەر هیچ دوژمنایەتیەکیش بەرامبەرمان پیشان نەدا. لەڕاستیدا ترس زیاتر مەترسی دروست دەکا تا ئەوەی مەترسی ترس دروست بکا.

گوتەزا فەلسەفییە جیاوازەکان باس لەوە دەکەن فەزیلەتی مرۆڤی بەهێز کە دەتوانێ بەسەر ترسی خۆیدا زاڵ بێ لەبەرامبەر مەترسی و ئێش و مەرگدا، بریتییە لە ئازایەتی. لە دێرزەمانەوە وا دەقمان گرتووە کە بڕوامان وابێ مرۆڤی ئازا ئەو کەسەیە بەسەر ترسیدا زاڵ ببێ و بە پەنابردن بۆ توندوتیژی بۆ بەرگریکردن لە پرسێکی دادپەروەرانە سەرکێشی بە ژیانی خۆیەوە بکا. ئاهەنگ گێڕان بۆ جەنگ ستایشکردنی ئازایەتیی ئەو سەربازەیە کە بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان لە گژبەریی مەرگ لە گۆڕەپانی جەنگدا بێباکە.

بەڵام ئاخۆ لەڕاستیدا گرەوی ئەو کەسەی توندوتیژی بەکار دێنێ ئەوە نییە کە پێش لەوەی بکوژرێ، ئەو بکوژێ؟ ئەو پیاوەی توندوتیژی هەڵدەبژێرێ ناتوانێ خۆی لەوە نەبان بکا کە ئەو سەرکێشی دەکا بە کوشتنی ئەوانی تر. دەکرێ پێش لەوەی ئەو هەنگاوە بنێ ئەوەی لەتوانایدا بێ بیکا بۆ خۆلادان لەو سەرکێشییە، بەڵام لە "گەرمەی کار"دا هەوڵ دەدا بیر لەوە نەکاتەوە، چونکە لەوکاتەی بەهەموو گیانی بە ئیرادەی کوشتنەوە سەرقاڵە، دەیەوێ خۆی قایل بکا بەوەی کە بە سەرکەوتوویی لەو ململانەیەی لەگەڵ دوژمنەکەی بەسەرکەوتوویی دەردەچێ. بەوەیش مەترسیی ئەوەی ئەو پیاوەی توندوتیژیی هەڵبژاردووە بکوژرێ، ئومێدی بە سەرکەوتن لەبەر چاوانی پەردەپۆشی دەکا. بێگومان مادەم بنچینەی بابەتەکە رووبەڕووبوونەوەی دژبەرێکە کە ئەویش لەم بۆ کوشتن سوورترە تا خۆی نەمرێ و لەمیش ئومێدی بە سەرکەوتن زیاترە، ئەوا ئەم سەرکێشییە بەکردەوە هەیە. بەڵام هەردووکیان خۆیان وەك بێئاگا لە شتەکە پیشان دەدەن.

مرۆڤ دەکوژێ نەك تەنیا لەبەرئەوەی نایەوێ بکوژرێ، بگرە لەبەرئەوەی نایەوێ بمرێ: ئەو دەکوژێ تا مردن ببەزێنێ. لە دەرەنجامدا ئەوەی توندوتیژی لای مرۆڤ دەکاتە ئەرك و پاساوی پێ دەدا ئەوەیە وای دەبینێ تاکە ئامرازە بۆ لادانی مردن لە خۆی، چونکە ئەوی تر هەڕەشەی ئەو مەرگە بەرجەستە دەکا کە باری سەر شانمان قورس دەکا. بەوەیش بە کوشتنی ئەوی تر وەهمی هەڵاتن لە مردن لە خۆمان دوور دەخەینەوە.

ئەو مرۆڤەی توندوتیژی هەڵدەبژێرێ بەتەواوی دەرك بەوە دەکا ئەگەر نەکوژێ، سەرکێشی بە ژیانی خۆی دەکا و دەکوژرێ، هەربۆیە راستەوخۆ خۆی بەسەر مەترسیی مردندا دەدا بەبێ ئەوەی دەرفەتی هەبێ پەنا بۆ پەناگەیەك ببا. ئەویش ترسی

مردن دەزانێ،. چۆنیش دەبێ وا نەبێ؟ بەڵام کاتێ بڕیاری دا ناتوندوتیژی هەڵبژێرێ ئەوا بڕیاری داوە رووبەڕووی مەرگ ببێتەوە و هەوڵ بدا بەبێ گزی بەسەریدا زاڵ ببێ. تەنیا ئەو کەسەی ترس لە مردن ڕام دەکا سەرکێشی دەکا بەوەی بکوژرێ بەبێ ئەوەی هەڕەشەی کوشتن لە کەس بکا. کاتێ مرۆڤ بەرامبەر مردن ئازاد دەبێ، بەرامبەر توندوتیژیش ئازاد دەبێ. بەزاڵبوونی بەسەر سامی مردندا ئازادیی ناتوندوتیژی بەدەست دێنێ. ئەو کەسەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ و هیچ چەکێکی نییە، ئەوە تەنیا لاوازییەکەی دەیپارێزێ.

ئەخلاقی ناتوندوتیژی ئەخلاقی سەرکێشییە، بەڵام قبووڵکردنی مردن لێرەدا ملکەچکردن نییە، بەپێچەوانەوە: ئەوەی رازی نابێ بکوژێ تەنیا ئەوە کە بەکردەوە ناڕەزایی دژی مردن دەردەبڕێ.

لە روانگەی ئەخلاقییەوە، بەهای ژیانی مرۆڤایەتی بەهای باڵای بوون نییە. بەهای کەرامەتی رۆحیی مرۆڤ لە بەهای ژیان باڵاترە، بەو واتایەی لەوانەیە من وام لێ بێ سەرکێشی بەژیانم بکەم لەپێناو کەرامەتم یان کەرامەتی مرۆڤێکی تردا.

مەرگەساتی مرۆڤ لەوەدا نییە هەر دەبێ بمرێ، بگرە لە ئەگەری بوونیدایە بە بکوژ. بەڵام لای دانا ئیرادەی نەکوشتن لە ئیرادەی نەمردن بەهێزترە، هەروەها ترسی کوشتن لای ئەو لە ترسی مردن زیاترە. باڵایی مرۆڤ لەوەدایە لەبری ئەوەی سەرکێشی بە کوشتنی کەسانی ترەوە بکا تا خۆی نەمرێ، دەتوانێ سەرکێشی بە مردنی خۆیەوە بکا تا نەکوژێ.

*** قوربانیدان**

*** ئازایەتی**

*** توندوتیژی**

*** ناتوندوتیژی**

# کێشە

سەرەتا کێشە هەبوو. پێوەندیی من بە کەسانی ترەوە کەسایەتیم دروست دەکەن. بوونی من "بوونم نییە بۆ جیهان" بەڵکو "بوونمە بۆ ئەوانی تر". من بەبێ پێوەندی لەگەڵ کەسانی تر بوونم نییە. بەڵام زۆربەی جار سەرەتا دیدارم لەگەڵ ئەوی تر بە مەینەتیەك، بە رووبەڕووبوونەوەیەك دەبینم، چونکە ئەوی تر ئەوەیە کە ئارەزووەکانی لەگەڵ ئارەزووی مندا ناکۆکە، بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانم لێك دەدا، خواستەکانی لەڕووی خواستەکانمدا دەوەستن، پرۆژەکانی دژایەتیی پرۆژەکانم دەکەن، ئازادیی ئەو هەڕەشە لە ئازادیم دەکا، مافەکانی بەسەر مافەکانمدا زاڵ دەبن.

هاتنی ئەوی تر بۆ کایەکەی من بەبێ ئەوەی خۆم بانگهێشتی بکەم بێزارم دەکا، ئەوی تر بەزاندنی بازنەی ئارامیمە و مێشك سافیم تێك دەدا. پەلکێشانی ئەوی تر بۆ سەر ئەو رووبەرەی من پێشتر گرتوومە وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر بوونی خۆمی دەزانم. رکابەریکردن لەسەر بردنەوەی هەمان شوێن کێشەیەکی حەتمی دروست دەکا. هەموو کەس قەناعەتی وایە ئەوی تر دەیەوێ "شوێنەکەی لێ بسەنێ". لێرەشەوە ناتوانرێ کێشەکە جڵەو بکرێ تا هەدوو دژبەرەکە —پاش دەرککردن بەوەی "جێ بۆ هەردووکیان هەیە"— بڕیار نەدەن پێکەوە جێیەکە بەشێوەیەك رێك بخەن وای لێبێ هەریەکەیان بتوانێ "جێی خۆی بگرێ".

تاك ئیرەیی بەو کەسە دەبا شتێکی هەیە ئەم نییەتی، هەربۆیە هەستکردن بە ئیرەیی کە وا لە مرۆڤ دەکا حەزی لەو شتە بێ ئەوی تر هەیەتی، یەکێکە لە بەهێزترین پاڵنەرەکانی کێشەکان کە وا دەکا تاکەکان دژایەتیی یەکتر بکەن

وشەی کێشە conflictی فرەنسی لە وشەی conflictusی لاتینیەوە هاتووە کە لە فرمانی configereیەوە هاتووە بەواتای "بەریەك کەوت". کێشەیەك بەریەککەوتنی نێوان دوو کەس، دوو گرووپ، دوو گەل، دوو نەتەوەیە. کەوتنە کێشە لەگەڵ مرۆڤێکی تر واتای "بەریەك کەوتن"ـە وەك چۆن بەر بەربەرستێك دەکەوین لە رێگەدا. کاتێ شتێك لە رێگەماندا دەبینین بەرەو رووی ناچین، بگرە بەپێچەوانەوە بەپێی توانا هەوڵ دەدەین بەر لەوەی کار لە کار بترازێ بوەستین تا زرمەمان لێ هەڵنەستێ. هەوڵ دەدەین "دانوستاندن" لەگەڵ کۆسپەکە بکەین بۆ بەسەردا زاڵبوون و تێپەڕاندنی. بەهەمان شێوە کاتێ لەگەڵ مرۆڤێکی تردا بەریەك دەکەوین، با هەوڵ بدەین خۆ لە بەرکەوتنی توندوتیژ لابدەین و هەوڵ بدەین لەگەڵی بکەوینە دانوستاندن، تا پێکەوە بگەینە رێکەوتنێك رێگە بۆ هەریەکەمان بکاتەوە بەرێی خۆماندا برۆین.

تاك ناتوانێ لە هەڵوێستێکی کێشەئامێز خۆی بدزێتەوە بەبێ ئەوەی دەستبەرداری مافەکانی ببێ، بۆیە دەبێ قبووڵی بکا. لەڕێی کێشەوە هەر کەسێك دەتوانێ دانپێدانی ئەوانی تر بەدەست بێنێ. هەروەها لەڕێی قبووڵکردنی "ئازادی"ی مرۆڤەکەی ترەوە تاك خۆی وەك کەسێك دروست دەکا. کێشە رەگەزێکی بنیاتییە بۆ هەر پێوەندییەك لەگەڵ ئەوی تر. دەبێ هەر دۆستایەتی و تەنانەت خۆشەویستیەکیش چاوکراوە بمێننەوە بۆ بنبڕکردنی هەر کێشەیەك هەڕەشەی تێکدانی پێوەندییەکە بکا.

دەشێ کێشە وێرانکەر و بکوژ بێ و ببێتە هۆی مردن هەروەك دەشێ بینیاتنەر بێ و ژیان رێك بخا. ئەرکی کێشە هێنانەکایەی گرێبەستێکە لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان کە دەستەبەری مافی هەر یەکەیان بکا، هەروەها دەبێ ئەو بەڵگەنامەیە دەستەبەری گەیشتن بە دروستکردنی پێوەندیی ویژدان و دادپەروەری لە نێوان تاکەکانی نێو کۆمەڵێکی دیاریکراو یاخۆ نێوان کۆمەڵە جیاوازەکان بکا، مەبەستیش "گۆڕین"ی کێشەکەیە بەشێوەیەك بازنەی رووبەڕووبوونەوەی نێوان دوو دژبەر — کە کێشەکەی تێدا دروست بووە— بەجێ بێڵێ بۆ بازنەی هاوکاریی نێوان دوو هاوبەش بگوێزێتەوە کە پێویستە لەوێدا چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە.

زۆرجار گەڕان بە دوای چارەسەردا چارەسەرێکی بنیاتنەری بۆ کێشەکە لێ دەکەوێتەوە، ئەم گەڕانە توندوتیژی لەو جێیەی دەرکەوتووە رادەگرێ و جارێکی تر پێوەندی لە نێوان دوو دژبەرەکەدا دروست دەکاتەوە. وشەی "رێککەوتن" گوزارشتە لە بیرۆکەی گفت و پەیمان بە یەکدان لەسەر رێزگرتنی رێکەوتنێك لە پێناو چارەسەری کێشەکەدا.

لە شیکردنەوەی کۆتاییدا پێویست نییە کێشە بە پێوەری پێوەندی لەگەڵ ئەوی تر دابنرێ. یەکەم جار کێشە دێ. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ئەوی تر لە پێش هەموو شتەکانی ترەوە دێ. لە بنەڕەتدا کێشە بۆ ئەوە کراوە بەسەریدا زاڵ بین. پێویستە مرۆڤ کاتێ رووبەڕوووی دەبێتەوە لەسەر پێوەندی " دوژمنایەتی" hostilit**e** جێگیر نەبێ کە تێیدا هەر یەکەیان دوژمنی ئەوی تریانە، بگرە پێوبستە پێوەندی "میوانداری" hospitalit**e** لەگەڵ ببەستێ کە تێیدا هەریەکەیان دەبێتە میوانی ئەوی تر. هەردوو وشەی hostilit**e** و hospitalit**e** هەمان ریشەی داتاشراویان هەیە کە hostes و hospesی لاتینین بەواتای "غەریب".

هەموو دۆخێکی سیاسی دۆخێکی کێشەدارە لانی کەم بە بوونی هێزەکی. پێویستە پێکەوەژیانی مرۆڤ و گەلان ببێتە پێکەوەژیانی ئاشتییانە، بەڵام هەمیشە سەر بە کێشە دەمێنێتەوە. بۆیە ئەرکە یەکەمەکانی کاری سیاسی گەڕانە بەدوای چارەسەری ناتوندوتیژییانەی کێشەکان. توندوتیژی گرێی کێشەکە "دەقرتێنێ"، لە کاتێکدا ناتوندوتیژی هەوڵ دەدا "بیکاتەوە".

*** دەسەڵات**

*** ململانە**

*** دوژمنکاری**

*** توندوتیژی**

## چەك داماڵین

خێرابوونی پێشبڕکێی خۆ پڕچەککردن، بە بڕ و جۆرەوە، چەندان دەرەنجامی زۆر ترسناکی لە ژیانی گەل و نەتەوەکاندا لێ دەکەوێتەوە. ئەو سەرمایەگوزارییەی دەوڵەتان بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنان و کڕینی چەکی جەنگ تەرخانی دەکەن، بارێکی زۆر گرانە لەسەر شانی کۆمەڵگەکان. هەروەك خەرجییە سەربازیەکان بودجەی وڵاتان بەشێوەیەکی زۆر خراپ شپرز دەکەن، ئەوەیش لەسەر حسابی خەرجی بوارە کۆمەڵایەتییە بەکەڵکەکان دەبێ.

لە دەوڵەتانی پیشەسازی زیاتر تواناکانی زانست پاڵیان پێوە دەنێ بۆ بەرهەمهێنانی چەك تا پێویستییەکانی بەرگریکردنە. لەو رووەیشە پەرەسەندنی زانست کۆتای نییە، بەهەمان شێوە پێشبڕکێی خۆ پڕچەککردنیش کۆتای نییە. توێژینەوەی تەکنەلۆجی پێش تێڕوانینی ستراتیجی و بڕیاری سیاسی دەکەوێ و جێیان دەگرێتەوە و سەر بۆ دوورخستنەوەیان دەکێشێ. بڕیاربەدەستانی راستەقینە لە بواری چەکسازیدا شارەزا ستراتیجی و سیاسەتوانەکان نین، بگرە توێژەران و ئەندازیاران و پیشەسازان و پارەنێر (ممول)ەکانن، کە کۆششەکانیان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی سەربازی–پیشەسازیی دیاریکراودا یەك دەخەن. دیارە یەکێك لە چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵگەیەش دۆزینەوەی کڕیارە بۆ بەرهەمەکانی، بۆ ئەو مەبەستەیش روو لە وڵاتە روو لە گەشەکان دەکەن. بەڵام بەگشتی بەرهەمهێنان و فرۆشەکانی چەك کاریگەرییەکی لەقکەری لەسەر پێوەندییەکانی نێوان وڵاتان هەیە، چونکە ئەگەر راستەوخۆ نەبنە هۆی تەنگژەی لەپڕ، ئەوا بەحەتمی مەترسیی تێکچوونی ئەو پێوەندییانە و سەرکێشانیان بۆ کێشەی چەکدارانە زیاد دەکەن.

لە بەرامبەر ئاکامە زیانبەخشەکانی پێشبڕکێی پڕچەککردن، دەردەکەوێ سیاسەتی چەکداماڵینێکی راستەقینە زۆر پێویستە. بەڵام ئاخۆ ئەم سیاسەتە چەندە ئەگەری بەدیهاتنی هەیە؟ لای خۆیەوە رێبازی ئاشیخوازی لەکاتێکدا بینی بوونی چەك هۆی سەرەکیی جەنگەکانە، پێشنیازی چەکداماڵینی یەکلایەنەی نەتەوەیەکی کرد وەك بەشدارییەکی یەکلاکەرەوە لەپێناو ئاشتیدا. بەڵام پرۆژەیەکی لەم شێوەیە بەدڵنیاییەوە ئاکامەکەی شکستە، چونکە لەڕاستیدا کێشەکان –نەك چەکەکان– هۆی یەکەمی تەنگژەکان و ئەو جەنگانەن دەکرێ لێیان بکەونەوە.

کەواتە بۆ هەڵوەشاندنەوەی جەنگەکان، پێشنیازکردنی دەستکردن بە تێکشکاندنی چەکەکان بێ سوودە.

هەروەها خەیاڵکردن لە بوونی دنیایەکی بێ کێشە جۆرە وەهمێکە، چونکە کێشەکان ماددەی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە و گەلەکانن. بۆ نەهێشتنی جەنگەکان دەخوازێ کێشەکان بە ئامرازی تری جگە لە چەك چارەسەر بکرێن. تاکە رێگە کە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی سیستمێکی نێودەوڵەتی کە لەسەر بناغەی هەڕەشە یان بەکارهێنانی چەك دانەمەزرابێ، هەوڵدانە بۆ بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی کێشەکان بەپێی توانا لە رێگەی ئامرازی تری جیاواز لە ئامرازەکانی توندوتیژی.

ئاسایش پێویستییەکی بنەڕەتییە لە پێویستییەکانی هەموو کۆمەڵە مرۆییەکان. تا ئەو کاتەی ئەندامانی کۆمەڵگەیەك هەست بکەن نەتەوەکەیان پێویستی بە بوونی چەکەیلێك هەیە کە بتوانێ بەرەنگاری هەر دەسترێژییەك بۆ سەر خاکەکەیان بکا، ئەوا پێدەچێ بیرۆکەی چەکداماڵینی یەکلایەنە جگە لە هەستکردنێکی قووڵ بە لە دەستدانی ئاسایش هیچی لێ نەکەوێتەوە. لەبەر ئەم هۆیەش مەحاڵە سەرکردە سیاسییەکان رێوشوێنێکی لەم شێوەیە بگرنە بەر، لەوانەیشە سەرەنجام ئەوان دوایین کەس بن قەناعەت بەوە بێنن کە پێویستە بڕیارێکی لەو شێوە بدرێ.

جگە لەمەیش پێناچێ پێشنیازەکانی چەکداماڵینی گشتی و چاودێریکراو زیاتر بەکەڵك بێ، چونکە ئەم پێشنیازانە وا گریمانە دەکەن کە زۆر لە کێشە جۆراوجۆرەکان پێشوەخت چارەسەر بوون، لە کاتێکدا ئەوان خۆیان هیچ چارەسەرێك بۆ ئەم کێشانە دەستەبەر ناکەن. لەبەرئەوە پێویستە سەرەتا ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن و هەلومەرجی پێویست بۆ شیمانەی چەکداماڵینێکی لەو جۆرە بێتە دی.

کەواتە نابێ وەك ڕێبازی ئاشتیخوازی داوای چەك داماڵین بکرێ، بگرە پێویستە وا بکرێ ئەو چەك داماڵینە (مومکین) بێ. لەم ڕوانگەوە ئەرکی سەرەکی بریتییە لە وێنا و ئامادەکردنی هاوتای وەزیفی بۆ جەنگ، کە یارمەتیی گەلان و نەتەوەکان بدا بە چەکی تری جیاواز لە چەکی توندوتیژی ئاسایشیان مسۆگەر بکەن. ئێمەیش چەمکی چەکگۆڕی لەو پرۆژەیە دەنێین کە هەوڵ دەدا سیاسەتێکی بەرگریکاری جێگرەوە پلەبەپلە بگرێتەبەر کە لەسەر ستراتیجییەتی کاری ناتوندوتیژانە دامەزراوە.

*** ڕێبازی ئاشتی**

*** بەرگری مەدەنی ناتوندوتیژانە**

*** چەکگۆڕی**

## ئامانج

پێویستە بەپێی شیکردنەوەی هەڵوێستە بەکێشەکە کە بڕیارە لەبارەیەوە ڕەفتار بکرێ، ئەو ئامانجە دیاری بکرێ کە پێویستە پێی بگەین. بۆ دەستکردنێکی سەرکەوتوو بە هەڵمەتێکی کارکردنی راستەوخۆ، دیاریکردنی ئامانج زۆر پێویستە، چونکە سەرکەوتن و ژێرکەوتن لەسەر ئەوە دەوەستێ. ئەوە پێویستیەکی ستراتیجییە کە ئامانجێکی روون و ورد و دیاریکراو و ڕێتێچوو دەستنیشان بکرێ. وا گونجاوە بڕیارێك بدرێ کە چی بکرێ بەشێوەیەك لەکاتی دانوستاندنەکانی داهاتوودا هیچ دەستبەردانێك نەکرێ. کەواتە مەبەست داواکردنی مەحاڵ نییە تا بەردەست (مومکین) بەدەست بێ، بگرە مەبەست داواکردن و بەدەستهێنانی بەردەست و ئەنجا بەبێ شلگیری دەست پێوەگرتنیەتی. بۆ ئەوەیش، پێویستە جیاوازی لەنێوان ئەوەی خوازراوە و ئەوەی بەردەستە، بکرێ.

ئەو کەسەی ئامانجێك هەڵدەبژێرێ کە بایەخەکەی لەگەڵ قەبارەی ئەو هێزانەی دەتوانێ بەشێوەیەکی ماقووڵ بۆ کارکردن لە پرۆژەکەدا ساز و ئامادەیان بکا ناگونجێ، شکست دێنێ. گرینگە ئەو ئامانجەی هەڵدەبژێردرێ دەرفەتی سەرکەوتن بڕەخسێنێ. هەربۆیە هەڵمەتێکی کار بۆ ئەوەی بەڕاستی کاریگەر بێ، پێویست ناکا تەنیا لە جموجوڵێکی ناڕەزایی و هۆشیارکردنەوەدا کورت بکرێتەوە، بگرە دەبێ شەڕەکە ببرێتەوە و سەرکەوتن بەدەست بێ. کاتێ سیستمی کۆمەڵایەتی و/یان ئابووری و/یان سیاسی لەڕووی بنیاتەوە ستەمکارانە بێ، دەکرێ بەردەوام جەخت لەسەر ئیرادەی "تێکشکاندن" یان "خستن"ی بکرێ. لەگەڵ ئەوەیشدا واقیعیەت دەخوازێ خاڵێکی دیاریکراوی ڕێژیم وەربگیرێ کە بوار بدا سێرەی لێ بگیرێ و بتوانرێ نوێڵی لێ توند بکرێ، لەق بکرێ و بخرێ. لەو خاڵە دیاریکراوەوە دەگیرێ. بۆیە پێویستە ئەوپەڕی وردی بەخەرج بدرێ تا ئەوە مسۆگەر بکرێ کە شوێنی گرتنەکە دروستە. هەروەك پێویستە ئەو دەسکە توند بگیرێ و بەر نەدرێ.

هەروەها پێویستە داواکانی واقیعی و شایانی ئەوە بن لەلایەن دژبەرەوە پەسەند بکرێن. هەروەك پێویستە مافەکانی ئەویش لە بەرچاو بگیرێن و بەپێی توانا ئابڕووی بێتە پاراستن. پێویستیشە ئامانجەکە لە چوارچێوەیەکدا دابندرێ کە لانیکەم گونجانێك بێنێتەکایە کە هەردوولا بتوانن بەئاشتی پێکەوە بژین، ئەمە ئەگەر نەبێتە مایەی ئاشتەواییەکی ڕاستەقینە، کە ئەمە لەوانەیە پاشتر و دوای ئەوەی کات کاری خۆی دەکا بێتە دی. ئامانجی ستراتیجیی کاری ناتوندوتیژانە ئەوەیە دژبەر بگۆڕێ بۆ هاوبەش.

سەرکەوتن بەشەکی و سنووردار دەبێ، بەڵام متمانە بە خەباتکاران و بەشێوەیەکی فراوانتر سەرجەم ئەوانەی کەڵکی لێ وەردەگرن دەبەخشێ. ئەوکاتە دەکرێ هەڵمەتی تری خاوەن ئامانجی زیاتر و خواستی زیاتر ئەنجام بدرێ.

*** ستراتیج**

*** دانوستاندن**

# ئامرازەکان

پەندەکە دەڵێ "ئامانج ئامراز پاساو دەدا". ئەمەیش واتای ئەوەیە ئامانجی ڕەوا پاساوی بەکارهێنانی ئامرازی ناڕەوا دەدا. بەو پێیەش "هەموو ئامرازێك ڕەوایە" بۆ گەیشتنی مرۆڤ بە ئامانجی خۆی، بە ئامرازە توندوتیژەکانیشەوە. بێگومان بایەخی هەڵبژاردنی ئامراز هیچی لە هەڵبژاردنی ئامانج کەمتر نییە، بەڵام ئامرازەکان دادپەروەرانە نابن ئەگەر سەرەتا ئامانجەکان دادپەروەرانە نەبن، چونکە دەکرێ بە ئامرازی ناتوندوتیژانە –وەك مانگرتن و بایکۆتکردن– کار بۆ ئامانجی نادادپەروەرانە بکرێ، بەڵام ناتوندوتیژبوونی ئەو ئامرازانە پاساو ناداتە ئەو کارە، هەربۆیە ناتوندوتیژانە نییە.

تەنیا ڕەوایی ئامانج بەس نییە بۆ ئەوەی ئامرازەکانیش ڕەوا بن، پێویستە ئامرازەکان لەگەڵ ئامانجەکەدا تەبا و گونجاو بن، ئامرازی توندوتیژی ئەگەر بۆ ئامانجێکی ڕەوایش بەکار بێ، بەشێکی بەرچاو ستەمی تێدایە کە لە کۆتایدا دەردەکەوێ.

ئامانجی ڕەوا پاساو ناداتە ئامرازی ناڕەوا. بەڵام ئەوەی لە واقیعدا ڕوو دەدا تەواو پێچەوانەی ئەمەیە: ئامرازە ناڕەواکان پرسی ڕەوا دەکەنە ناڕەوا. جا ئەگەر ژیرەکان لەبەر پرسێکی دروست پاساو بدەنە توندوتیژی، ئاخۆ بەو کارە دەرفەت نادەنە ناژیرەکانیش تا بۆ ئامانجێکی نادروست پاساو بدەنە توندوتیژی؟

ئەوە کە هەڵبژاردنی ئامراز پاش هەڵبژاردنی ئامانج دیاری دەکرێ، بەو واتایە نییە کە شتێکی لاوەکییە، بگرە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە شتێکی سەرەکییە. پێویستە ئەو بایەخەی بە هەڵبژاردنی ئامانجی کارەکە دەدرێ، ئەنجامدەری کارەکە وا لێبکا هەڵبژاردنی ئامرازەکان بە کارێکی جەوهەری دابنێ. مرۆڤ چی بچێنێ هەر ئەوە دەدرویتەوە. ئەوەی توندوتیژی بچێنێ بەتوندی سەرکێشی بەوە دەکا کە سەرکوتکردن و کۆیلایەتی و سەرەنجام مەرگ بدرویتەوە. ئامرازەکانی توندوتیژی تەنیا ئامانجەکە بۆگەن ناکەن، بگرە مەترسی هەیە جێی بگرنەوە. زۆربەی جاریش ئەو مرۆڤەی توندوتیژی بەکار دێنێ وای لێدێ ئەو ئامانجە لەبیر دەکا کە سەرەتا کردبووی بە بیانوو و چی تر بایەخ بە ئامانجەکە نادا، چونکە ئەوەی مێشکی سەرقاڵ کردووە تەنیا ئامرازەکانە. بەدڵنیاییەوە لە پڕوپاگەندەکانیدا هەر باسی ئامانجەکە دەکا، بەڵام ئەوە تەنیا بۆ پاساودانی ئامرازەکان دەبێ و هیچی تر.

پاساودانی ئامرازەکان بە ئامانج، وا دەکا توندوتیژی تەنیا ئامرازێکی تەکنیکی بێ، کەرەستەیەك، ئامێرێك، کە پێویستە تەنیا بەپێی پێوەری کاریگەربوون حوکمی بۆ، یان لەسەر بدرێ. بەپێی ئەم بۆچوونە، توندوتیژی نە چاکە و نە خراپە، بگرە تەنیا زیاتر یاخۆ کەمتر کاریگەرە. بەوەیش لە بازنەی ئەخلاق دەردەچێ و دەچێتە بازنە و گۆڕەپانی براگماتیزم. هەر بەپێی ئەم رایە، توندوتیژی لەڕووی ئەخلاقیەوە بێلایەن دەبێ و تەنیا ئەگەری سەرکەوتن و شکستی دەرفەت بۆ مەزەندەکردنی سوودەکەی دەڕەخسێنێ. بەوەیش  ئەو بڕیارەی فەرمانی بە کارەکە کردووە بژارە نابێ، بگرە تەنیا کردەیەکی ژمێریاری دەبێ و بەس.

پەندێکی تر دەڵێ "ئەوەی ئامانجی بوێ، بەدوای ئامرازەکانی بەدیهێنانیدا دەگەڕێ". ئەم پەندەیە کە حیکمەتی نەتەوەکان بەرجەستە دەکا، بەو مەرجەی وەك پێویست ڕاڤەی بکەن ئەو کەسەی بە دوای دادپەروەرییەوە بێ بەشوێن ئامرازی دادپەروەرانەوە دەگەڕێ، ئەوەی بە دوای ئاشتییەوە بێ بە شوێن ئامرازی ئاشتییانەدا دەگەڕێ، هەر بۆیە ناتوندوتیژی دەیەوێ ئامرازەکانی زۆرلێکردنی پەتی توندوتیژ بگۆڕێ بە ئامرازی توندگیر لە دادپەروەریدا.

کارکردن گرینگە نەك نیەتی بکەرەکە. ئامانج لە ڕەگەزی نیەتە، لەکاتێکدا تەنیا ئامرازەکان لە ڕەگەزی کارەکەن.

جەختکردن لەسەر ئەوەی ئامرازەکان پێویستە لەگەڵ ئامانجەکەدا تەبا بن تەنیا واتای گۆکردنی بنەمایەکی ئەخلاقی و فەلسەفی نییە، بگرە واتای گوزارشتکردنە لە بنەمایەکی ستراتیجی کە کاریگەری کاری سیاسی خۆی لەسەری وەستاوە، چونکە مەبەست خۆ بەندکردن نییە لە هەندێ ئەخلاقییاتدا، بگرە بەڵگەهێنانەوەیە لە ڕوانگەی هەستێکی واقیعییەوە.

لە بەرەنجامدا هەڵەیە پێمان وابێ دەبێ کارکردنی مرۆڤ تەنیا ئامرازێك بێ بۆ ئامانجێك لە دەرەوەی خۆی. واتای کاری مرۆڤ لە بنەڕەتدا لە خودی کارەکەدایە نەك تەنیا لە ئەنجامەکەیدا. نابێ " بەهەر نرخێك بێ" بەدوای ئەو ئەنجامەدا رابکەین. ئەنجامی یەکەمی کارکردن کارەکە خۆیەتی، بەمەیش پێویستە وا سەیری کار بکەین کە خۆی ئامانجە. بکەری سیاسی بە کۆمەڵە کەرەستەیەك کار ناکا تا ئامانجێك دروست بکا، بگرە هەوڵ دەدا پێوندییەلێکی دادپەروەرانە لەنێو خەڵکدا دروست بکا. لەبەرئەوە مانای کارکردن یەکەم شت لە کارەکە خۆیدایە، واتە لە ئامرازەکانیدا نەك لە ئامانجەکانیدا. کاری چاکە خۆی لە خۆیدا چاکەیە بە چاوپۆشین لە سەرکەوتن یان شکستی کارەکە. ئەمەیش بەو واتایە نایە کە بایەخ بە سەرکەوتن یان بنکەوتنی کارەکە نەدرێ، بەپێچەوانەوە پێویستە هەرچی لە توانادا بێ بکرێ بۆ سەرکەوتنی، بگرە بەو مانایە دێ نابێ کارایی پێوەری یەکلاکەرەوە بێ بۆ بڕیاردان، چونکە کارایی هەمیش شتێکی نادڵنیایە و تەنیا دواتر دەتوانرێ بێتە هەڵسەنگاندن.

لە کاتی کارکردندا تەنیا ئامرازە بەکارهاتووەکان لە جڵەوی ئێمەدان نەك ئامانجە خوازراوەکە، یان بە دەڕبڕینێکی وردتر ئێمە لە رێی ئامرازەکانەوە دەتوانین کار لە ئامانجەکە بکەین، چونکە ئامانج پێوەندی بە ئایندەوەیە لە کاتێکدا تەنیا ئامرازەکان پێوەندییان بە ئێستەوە هەیە. کەواتە پێویستە ئامرازەکان سەرەتای ئامانجەکە بن. ئێمە هەمیشە حەزمان لەوەیە ئێستە واز لێ بێنین و هەوڵ بۆ ئایندە بدەین، هەر بۆیە پیاوی توندوتیژی لە ئایندەدا وێڵ دەبێ، ئەو هەمیشە پەیمانی ئاشتی و دادپەروەری دەدا، بەڵام هەمیشە لە سبەیدا. هەموو رۆژێکیش هەمان بەڵێن دووپات دەکاتەوە، بەڵام جێبەجێکردنی بۆ سبەی دوا دەخا. بەم شێوەیە تا کۆتایی مێژوو. هەموو رۆژێکیش پڕە لە کاری توندوتیژی و ئێش و ئازار و مەرگ و وێرانکاری. ناکرێ ئێستەی مرۆڤ تەنیا ئامرازێك بێ بۆ گەیشتن بە ئایندەیەك کە ئامانجی ئەوە، بگرە ئەو خۆی لە خۆیدا ئامانجی خۆیەتی.

مرۆڤی توندوتیژ ئێستە دەکا بە قوربانی لەپێناو ئایندەیەکی نادڵنیادا و خۆی لە پشت ئایدۆلۆژیایەکەوە دەشارێتەوە کە وای لێدەکا سبەیەکی پەتی بەسەر واقیعی ئەمڕۆدا هەڵبڕێ. بەمەیش رازی دەبێ پەنا بۆ ئامرازگەلێك ببا کە دژیەکیەکی ریشەیی لەگەڵ ئەو ئامانجەدا هەیە کە لافی کار بۆ کردنی لێدەدا و بەبەردەوامی بۆ ئایندەیەکی گریمانەیی دوای دەخا. بەڵام ئەو کەسەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ هەست دەکا ئەو بەرپرسیاریەتیی تەواوەتی هەیە بەرامبەر ئێستە و بایەخی تەواوی پێدەدا، هەر بۆیە بەدوای ئەو ئامرازانەدا دەگەڕێ کە هەر لەمڕۆوە ئەو ئامانجە بەرجەستە دەکەن کە کاری بۆ دەکا.

* **تاکتیك**
* **کارایی**

# میانگیری

میانگیری دەستێوەردانی لایەنێکی سێیەمە، کەسێکی سێیەمە لەنێوان دوو لایەنی ناکۆکدا. ئەو سێیەمە خۆی دەخاتە نێوان دوو دژبەر —چ دوو کەس بن یان دوو گرووپ یاخۆ دوو گەل—ەوە کە بەرامبەر وەستاون و دژایەتیی یەکتر دەکەن. میانگیری دەیەوێ هەردوو جەمسەرەکە لە حاڵەتی "دژبەری" ad-vertis**e**یەوە (لە وشەی ad-versari ی لاتینییەوە بەواتای "دژی سەیری کرد") بۆ حاڵەتی "گفتوگۆ" con-versation (لە وشەی con-versai ی لاتینیەوە بەواتای "رووی تێکرد") بگوێزنەوە. واتە دەیەوێ وایان لێ بکا هەریەکەیان روو بکاتە ئەوی تر تا قسە بکەن و لێك بگەن و چارەسەرێك بدۆزنەوە، ئەگەر کرا رێگە بۆ تەبایی بگرنەبەر، یان ئەگەر ئەوە نەکرا بۆ ئاشتەوایی. میانگیر دەیەوێ هەوڵ بدا لایەنێکی سێیەمی بێوەی بێ.

ئەو بە میانگیریکردنەکەی پێوەندییە "دووقۆڵی"یەکە دەپچڕێ —کە پێوەندیی نێوان دوو دژبەری رووبەڕووە— تا پێوەندییەکی سێقۆڵی دروست بکا کە بتوانن لەڕێی ئەو پێوەندییەوە لەڕێی میانگیرێکەوە پێوەندی بەیەکەوە بکەن. لەو پێوەندییە دووقۆڵییەی هەردوو دژبەر درێژەی پێ دەدەن، دوو گوتار، دوو بەڵگە، دوو لۆجیك بەیەکدا دەدەن بەبێ ئەوەی هیچ بەیەك گەیشتنێك هەبێ کە زەمینە بۆ یەکتر ناسین و لێك تێگەیشتنی دووسەرە لەنێوانیاندا بڕەخسێنێ. پرسەکە لە گواستنەوەدایە لە لۆجیکی کێبەرکێی دووسەرەوە بۆ دینامیەتی هاوکاریی دووسەرە.

ناتوانرێ دەست بە میانگیری بکرێ تا هەردوو لایەنی دژبەر بە ئەنجامدانی ئەو هەنگاوی رێك خستنەوە رازی نەبن. بێگومان دەکرێ پێشنیازی ئەنجامدانی ئەو میانگیرییەیان بۆ بکرێ و ئامۆژگاری بکرێن و هان بدرێن بۆی، بەڵام ناتوانرێ بەسەریاندا بسەپێنرێ. بۆ هەردوو دژبەرەکەیش هەڵبژاردنی میانگیری واتای ئەوەیە توندبوونی دوژمنایەتیەکەیان جگە لە زیانگەیاندن بە هەردووکیان هیچی لێ ناکەوێتەوە و بەرژەوەندییان لەوەدایە لەڕێی رێکەوتنێکی دۆستانەوە هەوڵ بدەن دەروازەیەکی ئەرێنی بۆ کێشەی نێوانیان بدۆزنەوە. چوونە نێو میانگیریەکەیش دەخوازێ هەردوولا لەسەر ئاگربەستێ armistice رێك بکەون (لە هەردوو وشەی لاتینی: arma "چەك" و sistere "رای گرت"ەوە هاتووە). هەر لایەك بەڵێن دەدا لە ماوەی میانگیریەکەدا دەست لە هەر کارێکی دوژمنکارانە بەرامبەر لایەنەکەی تر هەڵبگرێ.

میانگیریش "بێلایەن" نییە، وشەی بێلایەن neutre بەپێی داتاشینە لاتینیەکەی (**ne**: "نا" + uter "یەکێکیان")، "نە ئەمیان و نە ئەویان" یان "هیچکامیان". بەهەمان شێوە وڵاتی بێلایەنیش لە حاڵەتی کێشەیەکی نێودەوڵەتیدا ئەو وڵاتەیە لایەنگریی هیچکام لە دوو لایەنی دژبەر ناکا و پشتیوانی لە هیچکامیان ناکا و ناچێتە پاڵ هیچکامیان، بگرە لە دەرەوەی کێشەکە دەمێنێتەوە. لێرەشەوە میانگیر ئەوە نییە بەلای هیچ "یەکێکیان"دا بانادا، بگرە ئەوەیە لای "هەردووکیان" دەگرێ.

میانگیر پاڵپشتیی هەردوو لایەنی رووبەڕوو دەکا و هەوڵ دەدا یارمەتییان بدا، جارێك لای ئەمیان و جارێك لای ئەویان دەگرێ، دوو جار پابەندە، دوو جار تێوە دەگلێ، دوو جار لاگیری دەکا. بەڵام لاگیرییە دووسەرەکەی هەرگیز بەبێ مەرج نییە، بگرە هەموو جار لایەنگرییەکەی جیاکردنەوە و ویژدانە. بەم واتایەش میانگیر بێلایەن نییە، بگرە بەویژدانە. هەوڵ دەدا مافی هەموو خاوەن مافێك بدا. بەوەیش دەتوانێ متمانەی هەردوو دژبەر بەدەست بێنێ و دایالۆگ لەنێوانیاندا ئاسان بکا.

ئەرکی میانگیر نییە حوکم بدا یان لایەنێك سەرکۆنە بکا، چونکە ئەو دادوەر نییە بڕیار لە بەرژەوەندیی ئەم یان ئەو لایەن بدا، ناوبژیوان نییە کەسێك لەسەر هەڵەیەك سزا بدا و لایەکی تر نا. بگرە ئەو میانگیرێکە هەوڵ دەدا دوو لایەنەکە بەیەك بگەیەنێتەوە تا بگەنە رێکەوتنێك. میانگیر هیچ دەسەڵاتێکی ناچارکردنی نییە کە بەهۆیەوە بتوانێ چارەسەرێك بەسەر هەردوو لایەنە ناکۆکەکەدا بسەپێنێ.

ئەو بەڵگەنەویستە مەزنەی کە میانگیری لەسەر وەستاوە ئەوەیە چارەسەری کێشەکە دەبێ بەشێوەیەکی سەرەکی بەدەستی دوو جەمسەرە ناکۆکەکە خۆی بێتە دی، چونکە میانگیری دەیەوێ هەل بۆ هەردوو لایەنی دژبەر بڕەخسێنێ تا "کێشەکەیان" جڵەو بکەن تا بتوانن پێکەوە هاوکاریی یەکتر بکەن بۆ بەڕێوەبردن و بەسەرا زاڵبوون و چارەسەرکردنی.

میانگیر "ئاسانکار"ە، بەیەك گەیشتنی هەردوو دژبەرەکە ئاسان دەکا تا بتوانن قسەی دڵی خۆیان بکەن و هەریەکەیان گوێ بۆ ئەوی تر شل بکا و لەیەکتر تێ بگەن و بگەنە ڕێکەوتنێك.

ئامانجی میانگیری یەکەم شت ئەوەیە دوو دژبەرە بەشەڕهاتووەکە لێك جیا بکاتەوە، ئەنجا کۆیان بکاتەوە بۆ ئەوەی وتووێژ بکەن. هەروەها دەیەوێ هەلیان بۆ بڕەخسێنی تا لە دۆخی "جەستە بە جەستە"وە بگوێزنەوە بۆ دۆخی "ڕوو بە ڕوو".

سێیەم شتیش میانگیر دەیەوێ "کایەیەکی ناوەند" بێنێتە کایە بە شێوەیەك مەودایەك بخاتە نێوان هەردوو دژبەر تا هەریەکەیان بتوانێ دوورابییەك بخاتە نێوان خۆی و ئەوی تر و کێشەکەی نێوانیان، کە بریندار و ماندوویان دەکا.

دروستکردنی ئەم کایەیە دەرفەت بۆ هاوپێوەندی (التواصل) دەڕەخسێنێ. کایەی ناوەند کایەی "پشوودانی دەروونە"، ڕێك بەواتای "دروستکردنێکی نوێ" recrétion، تێیدا هەردوو دژبەر لەدەست کێشەکەیان بحەوێنەوە و پێوەندیەکانیان لە هەنگاوێکی بێوەی و بنیاتنەردا "سەرلەنوێ دروست بکەنەوە" re-creer.

میانگیری بەگشتی سەرەتا بە وتووێژی بەرایی بەجیا لەگەڵ هەر لایەنێك دەست پێدەکا. ئەم دانوستاندنە دەرفەت دەداتە کەسانی نێو کێشەکە تا لە کەشوهەوایەکی متمانەدا قسەی دڵی خۆیان بکەن. میانگیر لێپرسینەوەیەکی خانەگومانانە لەگەڵیان بەڕێوە نابا بگرە پرسیارکردنێکی ڕێزدارانە بەڕێوە دەبا. ئامانجی تەنیا ئەوە نییە لە هاوگۆکەی تێبگا، بەڵکو بەتایبەت دەشیەوێ دەرفەتی بداتێ تا باشتر لە خۆی تێبگا، یارمەتیشی بدا کە بیر لە خۆی و هەڵوێستی لە کێشەکە بکاتەوە. میانگیر بە شێوەیەك لە شێوەکان هونەری بەرهەمهێنان maieutique (لە وشەی maieutikeی یۆنانیەوە بەواتای هونەری بەرهەمهێنان یاخۆ دروستکردن) واتە یارمەتی هاوگۆکانی دەدا تا حەقیقەتی تایبەتی خۆیان دروست بکەن.

جۆری گوێ شلکردنی میانگیر لێرەدا بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکەی یەکلاکەرەوە دیارە، چونکە ئەوەی هەست بکا گوێ لێگیراوە هەست دەگا لێشی تێدەگەن. ئەو کاتە دەتوانێ ئەوەی لەناو دڵیدایە بیڵێ نەك تەنیا ڕووداو بگێڕێتەوە (یان لانی کەم گێڕانەوەکەی ئەو)، بگرە —لەوەیش گرینگتر— "ئەزموونی ژیاو"ی خۆی دەربڕێ.

بۆ کردنەوەی گرێی کێشەکە، تەنیا سەلماندنی ڕاستیی بابەتییانەی ڕووداوەکان بەس نییە، هەروەها دەبێ ڕاستیی خودیی کەسەکانیش بناسێ، هەڵچوونەکانیان و ئارەزووەکانیان و شکستەکانیان و کینەکانیان و ئازارەکانیان. ئەوکاتە هەموو کەس دەتوانێ ئەو هەستانە بناسێ کە دەیبزوێنێ. بنەڕەتیش وایە گوێ شلکردنی میانگیر خۆی لەخۆیدا ڕۆڵی چارەسەری دەبێ و هاوگۆکەی بەرەو چاکبوونەوە لە خەم و ترس و تووڕەیی و کارە توندوتیژە شاراوەکانی دەبا. ئەوکاتە دەتوانێ فتیلەی دوژمنایەتی هەرلایەك دژ بەوی تر بکوژێنێتەوە.

ئەرکی ئەم وتووێژە بەراییانە ئامادەکردنی هەردوو لایە بۆ ڕازیبوون بە چوونە نێو دینامیەتی میانگیری. جا کاتێ بنەما و ڕێساکانی میانگەری تێدەگەن و قبووڵیان دەکەن، ئەوکاتە میانگیر یاخۆ میانگیرەکان بەگشتی دەتوانن بانگهێشتیان بکەن بۆ ئەو دیدارە و دەشێ سەرکەوتنی میانگیرییەکە لە ڕێکەوتنێکی نووسراو و بەئیمزاکردنی هەردوولا بەرجەستە ببێ. ئەم "پەیماننامەی ئاشتی"یەیش بەهای بەڵگەنامەیەکی هەیە کە هەردوولا بە بەرپرسیاریەتیەکەیان پابەند دەکا. هەروەها دەکرێ میانگیرەکە لەوە دڵنیا ببێ کە هەردوولا بە ڕێکەوتنەکەوە پابەندن.

دەکرێ میانگیریکردن لە کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا —قوتابخانە، خێزان، گەڕەك، دامەزراوە...— ببێتە ڕێگەیەکی سەرەکی بۆ چارەسەری ناتوندوتیژانەی ئەو کێشانەی لە نێوان تاك و کۆمەڵەکان سەر هەڵدەدەن. میانگیری لە کاتێکدا خۆی دوور دەگرێ لە پەنابردن بۆ ڕێگە سەرکوتکارییەکانی دەوڵەت، یارمەتیی هاوڵاتییان دەدا ڕاستەوخۆ دەست بدەنە

بەڕێوەبردنی ئەو کێشانەی لە نێوان هاووڵاتییانی تردا سەر هەڵدەدەن، ڕێکخستنی خودیی توندوتیژیی نێو کۆمەڵگە ئاسان دەکا.

هەروەك دەکرێ بنەما و ڕێساکانی میانگیری بۆ چارەسەری کێشە سیاسییەکان بەتایبەت جێبەجێ بکرێ چ لەسەر ئاستی نیشتمانی یان نێودەوڵەتی. بەوەیش دەکرێ کێشە و تەنگژە و جەنگەکان لە ڕێی میانگیری وڵاتێکی سێیەم یان دەستەیەك لە دەستەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە — کە هەوڵە میانگیرییەکانی بخەنە روو— رابگیرێن. میانگیری دەشێ ببێتە یەکێك لە کاریگەرترین "چەکەکان" لە دیبلۆماسییەتی ئاشتیدا.

*** دەستوەردانی مەدەنی**

*** کێشە**

## وەستانی ناڕەزایی

کاری وەستانی ناڕەزایی vigilance بریتییە لە وەستان بەبێدەنگی لە شوێنێکی گشتیدا وەك ناڕەزایی دەربڕین لەسەر دۆخێکی ستەمکارانە و ورپاکردنەوەی رای گشتی و دەسەلاتداران لەو دۆخە (١٠). مەبەستیش لە هەلۆێستی جەستەیی خۆپیشاندەران، کە بەگشتی بەپێوە، بەبێدەنگی، بەبێ جوولە دەوەستن، ئەوەیە لێبڕانی تەواویان نیشان بدەن بۆ شەهیدبوون لەسەر راستی و دادپەروەری. دەکرێ کارەکە یەك کەس یان کۆمەلە کەسێك پێی هەستن، پێویستیشە هەلبژاردنی شوێنی وەستانەکە بەپێی پێوەندیی رەمزی ئەو شوێنە بێ بەو ستەمەی دەویسترێ سەرکۆنە بکرێ. دەبێ حسێب بۆ بایەخی گوزەرکردنی خەلکی زۆر بەو شوێنەدا بکرێ، بەلام مەرج نییە ئەمە هۆکارێکی یەکلاکەرەوە بێ. بۆ نموونە لەپێناو دەربڕینی ناڕەزایی لەدژی گرتنی زۆردارانەی بەرهەلستکاران، لەوانەیە ئەوە کاریگەرتر بێ کە وەستانی ناڕەزایی لەبەردەم گرتووخانەکەدا رێك بخرێ نەك لە رێکخستنی لە شوێنێکی قەرەبالغتر بەلام کەم رەمزیتردا.

فاکتەری کاتە کە هێزی تەواو بە کاری وەستانی ناڕەزایی دەبەخشێ، چونکە کاریگەریی وەستانی کڕ و بێدەنگ لە شوێنێکی گشتیدا لە هەمان کاتدا لەسەر ماوە و رێکوپێکیی کارەکە دەوەستێ. بۆیە دەبێ ماوە و رێکوپێکییەکەی بەپێی مەترسیی ئەو ستەمەی سەرکۆنە دەکرێ و پێداگری لەسەر بەخێرایی گێڕانەوەی مافی قوربانیەکانی، بڕیاری لەسەر بدرێ.

لەنێو خەلکێکی بەپەلە و سەرقالٚ لە شەقامەکاندا شتی چاوەڕواننەکراو روو دەدا کە یەکەم شت سەرسامی و لەپڕیی لایان دەوروژێنێ: ئافرەتان و پیاوانێك بڕیاریان داوە بەشێك لە کاتیان بپچڕن تێیدا دەست لە پەلەپەل و رۆیشتن و قسەکردن هەلبگرن. لەم بێدەنگییە چاوەڕوان نەکراوەوە دەشێ بێدەنگیی پرسیارکەر لەدایك ببێ کە داوای بیرکردنەوە دەکا. ئەم بێدەنگییە کە لە ویژدانەوە هەلدەقولێ و ویژدان دەدوێنێ، کرانەوەیە بەڕووی مرۆڤایەتیی مرۆڤدا.

ئەگەر هەلومەرجەکە خواستی، دەکرێ بە بەردەوامی، شەو و رۆژ، کاری وەستانی ناڕەزایی ئەنجام بدرێ، ئەویش بەنۆبەت لەنێو بەشداراندا. لە هەندێ هەلومەرجی تردا دەکرێ هەفتانە و بەدرێژایی سالٚ لە هەمان کات و شوێندا ئەنجام بدرێ، هەروەك دەکرێ لەیەك کاتدا لە چەندان شار "سەعاتی بێدەنگی" رێك بخرێ.

بۆ ئاگەدارکردنەوەی خەلکیش، خۆپیشاندەران دەتوانن بەیداخ و لافیتە هەلبگرن یان جلوبەرگی بێ قۆلٚ لەبەر بکەن و بە سادەترین شێوە و باشترین شێوەی پەروەردەیی هۆ و ئامانجەکانی کارەکە روون بکرێنەوە. دەکرێ هەندێ لە خۆپیشاندەرانی تر بلاوکراوە بلاو بکەنەوە و هەندی بەلگەنامە لە ناوەندی میدیاییدا بخەنە روو کە بەوردتر بابەتەکە شی بکەنەوە و خۆ بۆ گفتوگۆ لەگەلٚ جەماوەر ئامادە بکەن. بەلام پێویستە ئەم قسەکردنانە لەگەلٚ رێبواران بەهێمنی بەڕێوە بچێ، کە شانبەشانی کاری ئەوانە بێ کە وەستانی ناڕەزایی ئەنجام دەدەن بەبێ ئەوەی جێی بگرێتەوە، چونکە بۆ بەرهەلستیکردنی ستەمێك هەندێ جار ناڕەزایی دەربڕین زۆر بەبێدەنگی لە قسەکردن یان دەقەکان کاریگەرترە. دەکرێ خۆپیشاندەران مۆمی داگیرساو هەلبگرن یان لە دەوری شوێنەکە دای بنێن، چونکە گڕی کز و لاوازی مۆم هێمایەکی بەهێزە و ئومێدی ئەوە دەگەیەنێ کە روناکی دەتوانێ بەرەنگاریی تاریکی بکا.

هەروەها وەستان لە گۆڕەپانی گشتیدا بۆ شایەتیدان مەترسیدارە و گوزارشتکردن لە خواستەکانی دادپەروەری کارێکی سادەیە، بەلام ئەمە وا ناکا کارێکی ئاسان بێ و پێویستی بە لێبڕانی زۆرە لەلایەن ئەوانەی پێی هەلدەستن، چونکە دوور نییە لەلایەن هەندێ لە رێبوارانەوە رووبەڕووی کاردانەوەی دوژمنکارانە ببن. بۆیە ئەوانەی هەلۆێستی بێدەنگییان هەلبژاردووە پێویستە پەرۆش بن بۆ ئەوەی وەلامی گێچەلەکان نەدەنەوە. رەنگە ئەوانەیشیان ئەرکی پێوەندیکردن بە جەماوەریان لەئەستۆدایە ناچار ببن بەهێمنی بێنە نێو بۆ رێگرتن لە هەر رووبەڕووبوونەوەیەك. لەوانەیشە خۆپیشاندەران رووبەڕووی پۆلیس ببنەوە کە فەرمانیان پێدەکرێ کارەکە رابگرن. ئەوکاتە جێی خۆیەتی درێژترین ماوە خۆیان رابگرن و بەناچاری و بەزۆر نەبێ شوێنەکە بەجێ نەهێلن.

له هەمان روانگەوە دەکرێ "ماڵی وەستانی ناڕەزایی" لەنێزیك شوێنێك کە هێمایە بۆ دۆخێکی نەویستراو و دەویسترێ رای گشتی لێ ئاگەدار بکرێتەوە، بێتە دامەراندن. ئەوکاتە دەکرێ ئەوانەی تێیدا دەژین تۆوی بەرەنگاریکردنێکی ناتوندوتیژانە بچێنن، ئەویش بەشایەتیدانی رۆژانە وەك ئاماژە بۆ ئەوەی ئومێد لە چارەنووسی حەتمی بەهێزترە.

## پەراوێز

(*) وەلید سلێبی، دکتۆر لە ئابووریی سیاسی، لە پێشڕەوانی ناتوندوتیژییە لە ناوچەی عەرەبیدا. نووسەر و خەباتکارێکی ناتوندوتیژە. ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ ئۆگاریت یۆنان لە لبنان پرۆژەی ناتوندوتیژی و مافەکانی خەڵکی دەست پێکرد، کە زیاتر لە کۆمەڵە و بزاڤی مەدەنی و هەڵمەت لە چوارچێوەیدا دروست بوون، لەوانە "بزاڤی مافەکانی خەڵك" و "دەستەی لبنانی بۆ مافە مەدەنیەکان" و "ماڵەکانی ناتوندوتیژیی ناتایفییانەی دیموکراسی".

خەڵاتی کۆماری فرەنسی بۆ مافەکانی لە ساڵی ٢٠٠٥ پێ بەخشراوە لەبەر رۆڵی پێشڕەوانەی لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی سزای لەداردان لە لبنان. پرۆژەی زنجیرەی وەرگێڕانەکانی ناتوندوتیژی دەست پێکرد و سەرپەرشتیی دەرکردنی ١٤ کتێبی جیهانی لەبارەی ناتوندوتیژی بە زمانی عەرەبی کردووە و بەشێکیشی لێ وەرگێڕاون (بڵاوکراوەی "بزووتنەوەی مافەکانی خەڵك").

دواین کتێبی لەم بوارەدا کتێبی "بەڵێ بۆ بەرەنگاری، نا بۆ توندوتیژی"یە (٢٠٠٥)

(١) بول کروکر، فلسفه الاراده، المجلد الاول، الارادی و اللاارادی، باریس، ١٩٨٨، لا ١٨٧.

(٢) مەبەست لە "ئەخلاقی قەناعەت" لێرەدا بەرزکردنەوەی ئەو بنەما ئەخلاقیانەیە کە لە بیروباوەڕی کەسیی قووڵەوە سەرچاوە دەگرن کە لەسەروو ئەخلاقی کۆدەنگیەوەیە و مۆرکێکی کۆمەڵایەتیی گۆڕاوی هەیە.

(٣) ئاماژەیە بۆ کۆنگرەی یاڵتا لە ٤ی شوباتی ١٩٤٥ کە چەرچڵ و رۆزفەڵت و ستالینی تێدا بوو و تێیدا هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو پرسە هەڵواسراوانەیان دەدا کە لە کەوتنی چاوەڕوانکراوی ئەڵمانیا دەکەونەوە.

(٤) ئیکۆلۆجیا لە کۆتای سەدەی نۆزدەیەمدا لە جێبەندی پەلوپۆ لێبوونەوەی روو لەزیادی پسپۆڕییە زانستیەکاندا سەری هەڵدا. زاراوەکە لە وشەی oikosی یۆنانییەوە هاتووە بەواتای (ماڵی خێزان) بەشێوەیەك ئەمڕۆ ئاماژەیە بۆ گۆی زەوی وەك "ماڵ"ی ئێمەی مرۆڤ.

(٥) زانستگەرایی scientism بیروباوەڕێکی فەلسەفییە جەخت لەوە دەکا زانست دەرفەتمان دەداتێ هەمەکی (كلية)ی شتەکان بزانین و ئەو زانینەیش بەسەر بۆ بەدیهێنانی تەواوی خواستەکانی مرۆڤایەتی. (شێوەیەکە لە شێوەکانی رێبازی پۆزەتیڤیزمی ئۆگەست کۆنت).

(٦) یان میسیائی messianism لە کتێبەکەدا چاوەڕوانکردنی هاتنی مەسیح و بەئومێد خواستنیەتی، بەگشتی باوەڕە بەوەی رزگارکەر یاخۆ فریادڕەسێك دێ و سنوورێك بۆ سیستەمی ئێستە وەك سیستەمێکی گەندەڵ دادەنێ و سیستەمێکی نوێ لەسەر بناغەی بەختەوەری دادەنێ.

(٧) یان "نشوريات" eschatologie کۆی ئەو رێباز و باوەڕانەن بەدەوری چارەنووسی کۆتای مرۆڤ و گەردووندا دەخولێنەوە.

(٨) کەلبی cynique یەکێك لە شوێنکەوتوانی رێبازی کەلبیزمە cynism، قوتابخانەیەکی فەلسەفیی یۆنانییە ئەنتیستینس Antisthene (٤٤٤–٣٦٥ پ ز) دایمەزراندووە و نوێنەری دیاری ئەو رێبازە دیوجێس (٤١٠–٣٢٣ پ ز) بوو. کەلبیزم رێبازێکی فەلسەفییە لەسەر رەتکردنەوەی نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و دابونەریت و بنەما ئەخلاقییە شوێنکەوتەییەکان و ژیان بەپێی سرووشت دامەزراوە. مەبەست لە کەلبیزم لێرەدا هاوسۆزنەبوون لەگەڵ مرۆڤ و بێموبالاتی بە چارەنووسیان و وەرگرتنی هەڵوێستێکی پووچگەراییە لە بوون.

(٩) ئاماژەیە بۆ ئاژاوەگێڕییەکانی شۆڕشی ئایاری ١٩٦٨ی قوتابیان دژ بە دەسەڵاتی دەوڵەت و کۆمەڵگە لە پاریس و شارەکانی تری فرەنسا، کە تێیدا قوتابییان بەردی قیرتاوی شەقامەکانیان هەڵکەند بۆ دروستکردنی بەربەست و بەردبارانکردنی پۆلیسی بەگژاچوونەوەی ئاژاوە.

(١٠) بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەزموونی ناتوندوتیژانەی وەستانی ناڕەزایی سەیری کتێبی ژنە چالاکی ئیسرائیلی دژ بە داگیرکەر گیلا سفیرسکی بەناونیشانی "ژنانی رەشپۆش" بکە.